# فەلسەفە و قەیران

## خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ کێشەکانی کورد

# فەلسەفە و قەیران

## خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ کێشەکانی کورد

نووسینی

نەوزاد جەمال

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● فەلسەفە و قەیران

خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ کێشەکانی کورد

● نووسینی: نەوزاد جەمال
● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
● پیتچنین: نووسەر
● بەرگ: حەمیدە یوسفی
● چاپی یەکەم ٢٠٠٩
● ژمارەی سپاردن: ٢٥٩٨
● نرخ: ٤٠٠٠ دینار
● تیراژ: ١٠٠٠
● چاپخانە: چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٤٢٣)



MUKIRYANI

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




"ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە هەموو قوتابییەك و خوێنەرێك کە بە جدی پرسیار و سۆراخی وەڵامەکان دەکات "

نەوزاد جەمال

# ناوەرۆك

**پێشەکی** ........ ٩

**تەوەری یەکەم: تراجیدیای بوون** ........ ١٣

١-١ تراجیدیای مرۆڤبوون لەم سەردەمەدا ........ ١٣

١-٢ تراجیدیای ماڵێکی بچووك کە پڕە لە شتگەلێکی گەورەتر لەخۆی! ........ ١٦

١-٣ گەورەیی خەمەکان و بچووکی ئێمە ........ ١٩

١-٤ برایەتی نموونەیەك لە تراجیدیای سیاسی ........ ٢٠

**تەوەری دووەم: ئایین و جیهانبینی کورد لەسەر ئایین** ........ ٢٧

٢-١ بەکێشەکردنی ئایین لە مەسەلەیەکی تیۆرییەوە بۆ واقیع ........ ٢٧

٢-٢ تێکەڵاوبوونی دوو دونیای جیاواز: سیاسەت و ئایین ........ ٣٨

٢-٣ چەند تەوەرەیەك لەسەر ئیسلامیزەکردنی گوتاری مافی مرۆڤ و زانست و .. ........ ٤٤

٢-٤ فەلسەفە یا هەڵوێستگەرایی: فەلسەفەی ئیسلامی بەنموونە ........ ٦٥

**تەوەری سێیەم: فەلسەفە و کۆچکردن** ........ ٧٥

١ .٥ کۆچ وەك پرسیارێکی فەلسەفی لە داهاتوو و هەڵاتن لەرابردوو ........ ٧٥

٢. ٥. دوالیزمی تاراوگە و ناسنامەی کەرتبوو ........ ٨٥

**تەوەری چوارەم: سیاسەت و تەوتەمی ئایدۆلۆجیا و حزبایەتی** ........ ٩٥

١. ٤. دووڕیانی فەلسەفە و ئایدۆلۆجیا لە کوردستان دا ........ ٩٥

٢. ٤. دروشماندنی چەمك و تێزەکان لە دونیای رووناکبیرماندا ........ ١١٢

٣. ٤. ئازادی لە دروشمێکی سیاسییەوە بۆ چەمکێکی فەلسەفی ........ ١١٧

٤. ٤. بۆچی گوتارێکی نەتەوەیی نیشتمانی لەمڕۆدا پێویستە؟ ........ ١٢٩

٥. ٤. تەندەری خۆدۆڕاندن : کەرکوك و پووکانەوەی حزب ........ ١٤٧

٦ .٤ ئاڵۆزییەکانی نێوان سیاسەت و مۆراڵ ........ ١٥٠

**تەوەری پێنجەم: میدیا و دەسەڵات** ........ ١٥٧

٥-١ ئایا یاسای رۆژنامەوانی لەگەڵ پرەنسیپی دیموکراسیدا دێتەوە؟ ........ ١٥٧



٥-٢ کێبەرکێی میدیا و سیاسەت لە فەلسەفەی سیاسیدا ........ ١٧١

**تەوەری شەشەم: کێشەی خوێندن و ئەکادیمیا و زانکۆ** ........ ١٨١

٦-١ ئازادی ئەکادیمی و زانکۆ ........ ١٨١

٦-٢ زانکۆکان و هەژموونی حیزب لەباتی دەوڵەت ........ ١٨٧

٦-٣ فێرکردن و تێگەیشتن وەك کێشەی خوێندن ........ ١٩١

٦-٤ رەهەندەکانی پرسیار و وەڵام لە بیرکردنەوە و فێربووندا ........ ١٩٣

٦-٥ قەیرانی نەخوێندنی فەلسەفە لەوڵاتێکی پڕ لەزانکۆدا ........ ٢٠٠

**تەوەری حەوتەم: قەیرانی رۆشنبیر و کولتووری ئێمە** ........ ٢٠٧

٧-١ ئێمە و ئەویتر خاڵی لێکدابڕان یان بەریەککەوتن؟ خۆداخستن یان کرانەوە ........ ٢٠٧

٧-٢ ئیلیتەی کورد و پێگەی کۆمەڵایەتی: لەنێوان خەونی گۆڕان و دابڕاندا ........ ٢٣٣

٧-٣ رۆشنبیر، ئەقڵ، دەسەڵات ........ ٢٥١

٧-٤ سیاسەتمەدار و رۆشنبیری بت ........ ٢٥٩

**تەوەری هەشتەم: هزر و بیری کۆمەڵایەتی** ........ ٢٦١

٨-١ دەرفەتی مێژوویی هەڵکەوتن یا وەدەستخستن؟ ........ ٢٦١

٨-٢ کێشەی دواکەوتن و دواکەوتوویی ........ ٢٦٦

٨-٣ پەندی پێشینان فەلسەفەی ژیانی کوردەوارییە ........ ٢٧٠

**تەوەری نۆیەم: رەخنە و تیۆری رەخنەیی** ........ ٢٧٩

٩-١ رەخنەسازی و تیۆری رەخنەیی ........ ٢٧٩

٩-٢ رەخنە لە دەمەتەقێوە بۆ دەمەقاڵێ و تیرۆرکردنی کەسێتی مشتومڕەکەی .... ٢٩٥

٩-٣ رەخنەی هونەر وەك بەشێك لە رەخنەی کولتووری ........ ٣٠٧

**تەوەری دەیەم: هونەر و خوێندنەوەی جیدی بۆ هونەری کوردی** ........ ٣٢٣

١٠-١ هونەرو گۆڕان: کراوەیی لەکاری هونەریدا ........ ٣٢٣

١٠-٢ ئاستەنگەکانی بەردەم کرانەوەی هونەری کوردی ........ ٣٢٩

١٠-٣ جیهانبینی و دەسەڵاتی حەرامکردن لە فیلمی مانگەشەودا ........ ٣٤٢

**تەوەری یازدەیەم: شار و شارستانییەت لە فەلسەفەدا ........................................ ٣٤٩**
١١-١ پارادۆکسی چەمکی شار لەفەلسەفەدا ........................................ ٣٤٩
١١-٢ دەمامکەکانی مرۆڤی شار........................................ ٣٦٠
**تەوەری دوازدەیەم: تراجیدیای مەرگەساتی ئەنفال و هەڵەبجە........................................ ٣٦٥**
١٢-١ فەلسەفە و تراجیدیا ........................................ ٣٦٥
**تەوەری سێزدەیەم: دیکتاتۆر و شۆڕشگێڕ........................................ ٣٨١**
١٣-١ شۆڕشگێڕ کێشەیە یا دیکتاتۆر؟........................................ ٣٨١
١٣-٢ جوانییەکانی دیکتاتۆر: کاریزما ........................................ ٣٨٣
١٣-٣ دیکتاتۆر و زۆردار و کێشەیەکی کۆن بۆ پرسێکی ترسناک........................................ ٣٨٥
١٣-٤ کێ دیکتاتۆر درووستدەکات: زەرورەت و گەڕەلاوژێ؟........................................ ٣٨٧
١٣-٥ لابۆتی و تیۆریزەکردنی ستەمکار........................................ ٣٨٩
١٣-٦ دیکتاتۆرییەتی چاکەخواز (The benevolent dictator) .............. ٣٩٢

سەرچاوە ئینگلیزی و هۆڵەندییەکان........................................ ٣٩٥
سەرچاوە کوردیەکان........................................ ٣٩٩
سەرچاوە عەرەبییەکان........................................ ٤٠٠

## پێشەکی:

ئەم بەرهەمە تێکڕا ئەو نوسینانە دەگرێتەوە کە لە ساڵانێکی دوورودرێژە وەك پرۆژەیەك کاریان لەسەردەکەم و دواجار هەندێکیانم لەرابردو و تا ئەمساڵیش لە گۆڤارو هەفتەنامەو رۆژنامەکانی ناوخۆو دەرەوەی نیشتماندا بلاوکردونەتەوە. وەلێ لێرەدا بەدەستکاری و سەرباری ئەوەی چەند تەوەرێکی نوێم بۆزیادکردووە کە پێشتر بلاونەکراونەتەوە. گەرچی هەریەك لەو تەوەرانە بۆخۆی بابەتی سەربەخۆو جیاوازە، بەلام رایەڵێك ناوەکی بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە: ئەویش خویندنەوەیەکی رەخنەیی فەلسەفییە بۆ مرۆڤی کوردو کێشەکانی ئێستای.

هەڵبەت من نەهاتووم هەر کێشەو قەیرانەکانی مرۆڤی کورد بژمێرم و باسیان بکەم، بەڵکو من خودی ئەو مرۆڤەو بوونی وەك قەیرانێك سەیرکردووە. مەبەستیشم لەمە ئەوەیە کە کورد نەك هەر خۆی بەتەنها لەو قەیرانانەدا نابینێتەوە، بەڵکو لەسەروو هەموو شتێکەوە پەییان پێ نابات و وەك تەنگەژەو رێگرێك لەبەردەم بەرەوپێشچوون و باشبوونی ژیانی دا نابینێت. ئیدی بەم مانایە قەیران ئەو حاڵەتە راگوزرە نییە کە مرۆڤی کورد لە مێژوودا دوچاری بووە، بەڵکو قەیران ئەو دۆخە هزری و کولتوریە کە بە هەمیشەیی ئامادەیە. سەرتاپاگیری ئەم ئامادەبوونەش وەك هەلومەرجێکی میتافیزکی و بۆتە ئۆنتۆلۆجیای کۆمەڵگاو مرۆڤی کورد. ئاخر چی لەوە ترسناکترو خەوزڕێنترە کە مرۆڤێ لەم سەردەمە بزۆزو پڕ ئاڵۆزیەدا نەتوانێت بە شێوەیەکی سیسیتماتیك بیر لە کێشەوگرفتەکانی بکاتەوەو دورکەوێتەوە لە گلەیی و پرتەوبۆڵەی رۆژانە کە باسوخواس و هزری داگیرکردووە؟

دەبێت هەوڵی فەلسەفە وەك پرۆژیەکی داهاتووی مرۆڤی ئێمە، دەرکردنی هزرو هۆشی مرۆڤی کورد بێ لەو دونیابینییە بیینکورت و رۆژانەییەی کە بەدەستیەوە گیرۆدەیە. مرۆڤێك کە دیلی بیرو هزرێکی ناڕوون و ئایندەنەناس بێت، بەردەوام و هەموو ساتێکی پڕ قەیران و تەنگەژەی کوشندەیە. کۆسپ و تەگەرەکانی رۆژانەی دونیای سیاسی و ئابوری تەنگی بەبیرکردنەوەمان هەڵچنیوە، بۆیە کارێك کە فەلسەفە لە کوردستان وە لە هزرو کولتوری کوردییدا بیکات، رزگارکردنی بیروهۆشی مرۆڤی کوردە لەو کێشانەی بەدەستییەوە دەناڵێنێت و وەفێرکردن و راهێنانێتی لەسەر بیرکردنەوەی قوڵ و ستراتیجی. ئەم بەرهەمەش لەو روانگەوە هەوڵی خۆی ئەدات.



دیارە سەرەتا پرۆژەی نوسینی یەك پەرتوکی یەکجارییم لەو بارەوە هەبوو، بەلام زانیم لە توانامدا نیە چ لەرووی کاتەوە، لەبەرئەوەی بەدرێژایی ئەو ساڵانەی خوێندکاری باچلەر و ماستەر بووم دەستم نەدەپەرژایە سەر بەرهەمێکی وەها. پاشان لەتواناشمدا نەبوو بیگەیەنمە چاپ و پەخش، لەبەرئەوەی لە تاراوگە دەژیام. بۆیە رێوشوێنێکی دیکەم گرتەبەر، ئەویش نوسنیەتی بە بەش بەش و ناردنی بۆ بلاوکراوەکان لە کوردستان و دوایی خۆم لە دەرفەتێکدا بەهەندێك گۆڕانکاریەوە لەدووتوێی پەرتوکێکدا کۆیان بکەمەوە.

دیارە وەك پرۆژیەکی تایبەت و گرنگ لە ژیانی نوسینم دا، لەمێژەوە لەخولیای بەرهەمێکی وەهابووم. پرۆژەکەش لای خۆم دەچووە خانەی خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆخودی کورد و تەنگەژە کولتوری و هەنووکەیەیەکانی. ئاشکرایە "پرۆژیەکی" وەهاش ئاسان نییە، بەتایبەت بۆ کەسێك کە بەتەنها بیەوێت لەیەك بەرهەمدا کاری لەسەر بکات. هەر بۆیە سراتیجیەتی بەش بەش نوسیین، بەرهەمدارترو بەکەڵك بوو کەمن بەیەکجار پڕنەدەمە بابەتگەلێکی شان تەپێن، بەڵکو جار جار لەپاڵ خوێندنەکەمدا بەردەوامی بدەم بە لێتوێژینەوە.

ئەگەرچی بەدیوێکی کەشدا، کۆششێکی وا سەرلێشوێنەرە، چونکی منێك لەلایەك خەریکی خوێندنی فەلسەفە بەزمان و ئەقڵێکی بیانی بم کە تەواو دوورو جیاوازە لە دونیای قەیراناوی کوردی، بۆیە هەمیشە ئەمپەڕو ئەوپەڕم دەکرد لە نێوان خویندنی فەلسەفەی کولتورێکی ترو کێشەکانی مرۆڤی کولتورێکی کە. ئەمەش بۆخۆی ریسکێکی ئەکادیمی و ماندووکەرە لەسەر هزرو نوسین. چونکە ئەگەری تێکەلاوبوون و هەروەها ئەنجامدانی دووشتی جیاواز لەیەك کاتدا ترسناکە. هاوکات ئەگەری ئەوەش هەیە کە هەردوو کارەکە خراپ دەربچن و ئامانجی چاوەڕوانکراو نەپێکن. هەڵبەت کۆڵم نەدا و نەشم توانی هزری خۆم ساغ بکەمەوەو کاری نوسین بەلایەکدابخەم، بۆیە بڕیارم دا لەهەردوو سەنگەرەکەدا خەبات بکەم و بجەنگێم، وەك دەڵێن.

پێم وایە هەر نوسەرو روناکبیرێکی دوورەوڵات دوو پاشخانی بۆ بیرکردنەوە نوسین هەیە تا ئەو رادەی کە نەتوانێ خۆی بەلایەکدا بخات. منێك کە بەجەستە لەکوردستان نەبووم، بەلام کێشەکان بەزیندوویی دەهاتنە بەرچاوم و دەشمویست لەرێی نوسینەوە بەشداریەکی خاکی تێدابکەم. ئەمەش مانای ئەوە نیە کەمن چەند دڵسۆزو دەروەستی کێشەکە دێم بەپلەی یەکەم، بەڵکو من مەحکومم بەوەی چی لێرە دەگوزەرێت بیری لێبکەمەوە لە کاتێکیشدا

کەخۆمی لێ نیم. بەهەرحاڵ بەردەوامی لە تاوتوێکردنی کۆمەڵێ کێشەو باس کە هەریەکان بواری تایبەتن، کۆمەڵێك پرسیارو دەرگا دەخاتە سەرپشت کە من بەشێوەیەك لەشێوەکان بە نیشتمانەوە گرێدەداتەوە. هاوکات بەنوسیین دەربارەیان نزیك دەبوومەوە لە هەندێ زانستی مرۆیی و کۆمەڵایەتی کە ئەوەش بەربەرەکانییەکی ترە بۆ من.

لە کاتێکدا خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ ئەو کێشەو قەیرانانەی کە دونیای ئێستای کوردیان تەنیوە، تەواو جیایە لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی یا گێڕانەوەیەکی مێژووی بۆیان. چونکە فەلسەفە بەسروشتی یەکانگیرو هاوکات گشتگیر ناسراوە لە نوسیین و شرۆڤەکردن. واتە قسە لەسەر زۆر تەوەری جیاواز دەکات کە پەیوەستە بە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە بۆیە ئاڵۆز و گرانە. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەمەندی فەلسەفەش لەوێدایە کە چەند لق و بەشێکی جیاوازی وەك فەلسەفەی سیاسی، میتافیزیکا، ئێستەتیکاو رەوشت و فەلسەفەی زمان و هەندێکی دیکە لێدەبێتەوەو دەیبەستێتەوە بە بوارە جیاکانی ژیانەوە.

هەرچی ئەو تەوەرانەی لەم نووسینەشدا هاتوون کەم تا زۆر دەچنە ژێر یەکێك یا زیاتر لەو لقانەی فەلسەفەوە. پاشان خەسڵەتێکی تری فەلسەفە ئەوەیە کە باس لە هەموو بابەتێك دەکات و شەنوکەوی ووردیان دەکات، بێئەوەی هەموو باس و بابەتێك فەلسەفە بێت. ئەمەش بەرفراوانی و گشتگیری فەلسەفە دەردەخات، لەکاتێکیشدا لەفەلسەفەدا رێزی بوارو کایە جیاوازو سەربەخۆکانی زانست و ماریفە گیراوە. بەڵام تایبتمەندی لێکدانەوەی فەلسەفی بۆ ئەو کێشەو بابەتانەی کە دەچنە خانەی کایەکی ترەوە، کە فەلسەفە پرسیارو مشتومڕی لەسەر دادەمەزرێنێت و دەشێت لەخودی ئەو بوارەدا بەو شێوە مامەڵەی لەتەکدا نەکرێت. ئیدی منیش ویستم لە خوێندنەوەیەکی فەلسەفیەوە رۆشنایەك بخەمە سەر تاریکایی و سێبەرەکانی نێو هزرو بیرکردنەوەی ئێمەی کورد.

بۆیە دەشبێت بڵێم: کاتێ باسی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی دەکەم نە کۆمەڵناس و نە سیاسیم، بەڵکو لە دیدێکی فەلسەفیەوە دەڕوانمە کێشەکان. واتە ئامانجی من لەم نوسینە ئەوەی ئاخۆ تاچەندو فەلسەفە(سیاسی وکۆمەڵایەتی) توانای پێشکەشکردنی پرسیارو بەرچاوروونی هەیە لەگرفت و قەیرانەکانی کورد. واتە تا چەند توانای فەلسەفاندن ئامادەیە بۆئەوەی ئێمە کێشەوگرفتەکانمان لەچێوەیەکی تایبەتی تێورییەوە بگوێزینەوە بۆ زەمینەیەکی گشتی  کۆمەڵایەتی و کولتوری؟



بێگومان ئەو کایە ماریفیانەی وەك کۆمەڵناسی و سیاسیی هەریەك بۆخۆی بوارێکی تایبەت و شێوازی کارکردنی خۆی هەیە لە توێژینەوەو بەدواچوون. دیارە من یەکەم کەس و دواهەمین کەسیش نیم کە ئەم بابەتە کێشەییانەم وروژاندبێت، بەڵام بەدڵنیایەوە دەڵێم شێوازی کارو رەوتی بیرکردنەوەم جیاوازترە لەو نوسەرە بەسەلیقەو کارزانانەی لەمەڕ ئەم گرفتانەیان نوسیووە. هاوکات ئەم کێشانە پێویستیان بەنووسینی ووردترو چڕترو کارگیەرتر هەیە، بۆیە خۆشبەختانە نەبەم نوسینە یا ئەوانی تر دەرگای وتوێژو بیرکردنەوە داناخرێت. لەلایەکی ترەوە خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت پرسیارو گرفتەکانیش لەو زمانە گشتی و ناپسپۆڕیە باوە دەربهێنرێت کە تائێستا کراوە. کاری سیستامیتکی و پسپۆڕی و توێژیینەوەی ئەکادیمی و زانستیانە گرەنتی وەڵامن بۆ گرفتەکانمان.

جارێکی کەش دەیلێمەوە: راستە ئەم بابەتانە باسکراون و زۆر لەبارەیانەوە نوسراوە، وەلێ وەك رەسول هەمزەتۆڤ دەڵێت:" بابەت هەیە وەك نوێژ تا دووبارە بکرێتەوە، بەرزترو بەنرخترو دەوڵەمەندتر دەبێ. بابەت نوێژە، بابەت نیشتمانە "(هەمزەتۆڤ: داغستانی من: ١١٤- ١٩٧٩). لەڕاستیدا من ووتەکەی هەمزەتۆڤم زۆرشیاو دێتە بەرچاو، چونکە دوو ئامانج دەپێکێت: یەکەم زێتر باسکردن و وروژاندنی کێشەکانمان مایەی دەوڵەندکردنی هزرو هۆشیاریمانە. لەلایەکی دیکەوە ئەم بابەتانە باسکردنە لە نیشتمانی ئێمەو گرفتەکانی. بۆیە بەردەوام نوسیین لەبارەیانەوە زێدەنیە، گەر زێدەڕەویی یا کەمڕەویی نەکەین و هەقی خۆیان بدەینێ. چونکە دواجار ئەو کێشانە ئێمە دەگرێتەوە بەشێکە لەپێکهاتەو ناسنامەمان.

هیوادارم تاڕادەیەك لەم هەوڵەدا توانیبێتم لەدیگایەکی فەلسەفیەوە تێشکم خستبێتە سەر هەندێك گرێ کوێرەو تەنگەژەکانی ئەمڕۆی مرۆڤی کوردو لەباتی وەڵامی سادە کۆمەڵێك پرسیارم وروژاندبێت کە خوێنەر بخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بۆ تەنگەژەکانی ژیانی، بێئەوەی لافی سوارچاکی مەیدانەکە لێبدەم. بۆیە دوا ووتەم ئەمەیە: "ئەم پەرتوکە ئەوەنیە کە من ویستوومە، بەڵکو ئەوەیە کە توانیومە"

نەوزاد جەمال

ئەمستردام- سلێمانی- ٢٠٠٨/٠٩/١١

# تەوەری یەکەم

# تراجیدیای بوون

### ١-١ تراجیدیای مرۆڤبوون لەم سەردەمەدا:

راستەخۆ و بێ پێشەکی دەمەوێت لە گوزارەیەکەوە دەست پێبکەم، بوونی مرۆڤی کورد بوونێکی تراجیدییە. واتە بوونێکە لێوانلێوە لە قەیران و تەنگەژەی هەڵپەسێراو کە مێژینەی درێژی هەیە. تراجیدیا بەمانای ئەوە نا ئێمەی کورد بوونی خۆمان وەك پرسە و شیوەنێك بگێڕین، بەڵکو بەمانای ئەوەی ناسنامەی بوونی ئەم مرۆڤە سەرلەبەر تراجیدیایەکە کە پێوستی بەهۆشیاری و ئاگامەندی هەیە. قوربانی بوونی کورد دەشێت رەنگە زەقەکەی ئەو تراجیدیایە بێت، وەلێ من پێم وایە شتێك نییە ناوی قوربانی بوونی بێت گەر ئامادەگی ئەومرۆڤی تێدا نەبێت بۆ ئەوەی ببێتە قوربانی. مرۆڤێك قوربانییە کە قوربانی دابێت بۆ بوونی خۆی بێ ئەوەی هۆشی و ئاگاداری هەبێت. واتە لەوەدا هۆشیار و بەرەورووی ئەو ئاستەنگە بووبێتەوە و خۆی دەربازکردبێت لەو بازنەی کە تێدا قوربانی کراوە.

ئەگەر راستەوخۆتریش بە پرسیارێکی فەلسەفی دەستپێبکەین: ئایا لەمەترسیدا بوون یا بوونێك کە لە مەترسیدایە، بەبوونێکی سروشتی و ئاسایی دەژمێرێت؟ بەواتایەکی تر: بوونێك هەیە بێ مەترسی و هەڕەشەلێنەکراوبێت؟ ئەگەر بەڵێ ئەوا ئەو بوونە، بوونی مرۆڤی کورد دەگرێتەوە لەم سەردەمەدا. مەبەست لەم سەردەمە هەر دەموەختی ئێستای جیهان نییە، بەڵکو ئێستایەکە کە بارگاوی و ئاوسە بە پێشهات و مەترسی و هەڕەشە لەسەر چارەنووس و بوونی ئەو مرۆڤە. هەروەها هەرەشەیشە لە نیهادی سەردەمێکی پرشنگدارتر بۆ کورد.



با بگەڕێنەوە بۆ چەقی پرسیارەکە: ئایا هەموو بوونێك، بوونێکی تراجیدییە؟ ئەگەر وایە، ئەوا بوون چیدیکە و جگەلە تراجیدیایەکی گەورە هیچی دیکە نەگەیەنێت. دەی باشە تراجیدیا بە چ مانایەك؟

گەر بوون تراجیدیایەکی گەورە بێت، ئەوا چ واتایەکی هەیە وەك لەوی باوە. ئایا تراجیدیا رووداوێکە یاخود دۆخێکە کە بەسەرداداێت (incidental being) نەك شتێکی بنەڕەتی واتە لەخودی پێکهاتەی بوونەوە بێت بەڵکو حاڵەتێکی توشهاتوو لە ژیاندا. چونکە گەر وابێت بوون شایستەی هاتنەبوون نییە (ئەمیش بەواتای هاتنەبوون شتێکی سەرپشکبێت لای مرۆڤ)، یاخود دەبێتە دۆخێکی ئاسایی هەبوون. پاشان ئەوسا واتای بوون دەبێتە هاوتا و هاوواتای تراجیدیا. سەرەڕای ئەم راستییە کە هەیە نکوڵی لەوە ناکرێ لە بووندا تراجیدیا هەبێ. زۆرکات لە ژیانیدا مرۆڤ دەستەوەیەخەبۆتەوە لەگەڵ تراجیدیای ترسناك و باری سەرشانی تاڕادەیەك تێداچوون قورسکردووە. جا گوشار و هەڕەشەکان سروشتی بووبن یا دۆخێکی ناهەمواری سیاسی.

مرۆڤی کورد هەمیشە دیلی تراجیدیایە کە سیاسییە و بریتییە لە چەوسانەوە، وەلێ ئەمەش بۆتە پێکهاتەی ناسنامەی بوون و هۆشیاریشی. هاوکات تراجیدیا سیاسییەکەش جۆرە داگیرکردنێکی ناوخۆیی ئەم مرۆڤە بووە. مرۆڤێك کە ناچارکراوە و دەشکرێت سازش لە بوونی خۆی و مافەکانی بکات لە کاتێکدا قابلیش نەبێت بە بڕیارە سەختە نامرۆییەکانی هاومرۆڤەکانی! لە هەموو تراجیدیتر ئەوەیە ئەم مرۆڤە خۆی بەداما و دەزانێت کە داگیرکراوەو بێ ئەوەی ریشەکانی داگیرکەر لە خۆی داماڵێت. گومانی تێدا نییە، دەشێت زانینی بارودۆخی خۆی هەماهەنگ بێت بۆ رزگاری بوون لەو دۆخە نالەبارە. مەرج نییە هەموو زانینێك هەنگاوی پراکتیکی بەدواوە بێت . چونکە خۆ رزگارکردن پێویستی نەك هەر بە زانینە تەنها، بەڵکو بە ویست و خواستێك کە لە ئەنجامی باوەڕبوون بەگۆڕینەوە بێت.

ئایا تراجیدیا بۆ کورد چیە بەدیویکی فەلسەفیدا لێکی بدەینەوە؟ هەڵبەت لەو زەمەنەوە دەست پێدەکات کە بە ئامادەنەبوونی چەمك و تیۆرییە مەزنەکانی وەك مافی مرۆڤ و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کورد دەگەیەنێ. ئەزانین کە دۆخی پۆستمۆدێرنە دۆخێکی تراجیدیایە گەرچی خۆشی وا نیشان بدات پاش ئاکام تراجیدیاکانی سەردەمی مۆدێرنەش هاتبێت. چونکە ئاوابوونی چیرۆك و هیوا مەزنەکان یاخود یۆتۆپیاکان داهێزران و داڕمانی ویستی گۆڕان و چاکسازییە بۆ هیچ کەس نا بەڵکو بۆ ئێمەی کورد.

ئیدی کورد جارێکی دی ئەزموونی تراجیدیای کردەوە نەك هەر لەبەر ئەوەی بۆتە قوربانی سیاسەتی مۆدێرنی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، بەڵکو لەبەرئەوەش کە هیچ ئاسۆیەکی ئەوتۆ نەما لێوەی بڕوانێتە ژیانێکی باشتر و جیهانێکی بە ئینسافتر دەرهەق بە ماف و ئازادییەکانی. بۆیە دۆخی پۆستمۆدێرنە سەرلەنوێ نۆشینی تراجیدیایەکە کە ئایدیاکانی سەربەخۆیی ئازادی بێفەڕبوون. هەرئەم ئەزموونکردنەش هاوشانە بەو تەنگەژە و ناسۆرەی لە کۆمەڵ و ناخی مرۆڤی کورددا پەنگدەخواتەوە. کولتوورێکی بێ ئاسۆ و نادەرگیری وەبەرهێناوە. تاکێکی سەقەت لەدایك بووە کە ئازادی و سەبەربستی تاکەکەسی خۆی لە بازنەیەکی تەسکی ماددی ببینێتەوە.

بۆیە دەشێت ئەم هەستی تراجیدیایە لە ئەزموونکردنی ماناکانی ژیان و بێهیوایی و بێهودەیی و ناشادی دەربخات. کە دواجار دەبێتە دۆخی بوونی مرۆڤ کە شکستەیی مەڵاسداوە لە جیاتی بڕوابوون بە ژیان. گەرچی تراجیدیا دۆخێکی ژیان و دەلالەتی تەواوی هەیە، بەڵام لە میتافیزیکاشەوە باسدەکریت بەشێوەیەکی ئەبستراکتر. ئەوەتا لە هزری کلاسیکدا لای گریکەکان تراجیدیا هاوشان و تەریب بووە بەوکارەساتە ماڵوێرانییە سروشتی و مرۆڤکردەوە کەبەسەر مرۆڤدا دێت. بەڵام بەرگی ئەفسانەدا گوزارشی لێوەکراوە. وەلێ نووسەرێکی وەك (لاکان) جیاوازی دەکات لەنێوان تراجیدیای مۆدێرن و کۆندا. بەڵام وەك کێرکەگارد دەڵێت، تراجیدیا هەر تراجیدیایە، چ کۆن بێ یا نوێ.

یەکێك لەو پرس و تەنگەژانەی تراجیدیا دەبێت لەتەك خۆیدا بهێنێت ورووژاندنی پرسیاری قەیراناوی و تەنگەژەییە واتە دایلەما کە مرۆڤ بیر لە ڕێچارەی ئیتیکی نوێ بکاتەوە. ئەمەش ئەو وانەیە کە دەبێت لە تراجیدیا فێربین و ببێتە ماخۆلانی فەلسەفیمان. بۆیە تراجیدیاکان نەك هەر پرسیارە، بەڵکو ڕۆشنایی دەخەنە سەر هەندێك بابەتی قسەلەسەر نەکراو کە تاڕادەیەك پەردە لەسەر تابوو قسەلەسەر نەکراوە کات هەڵماڵین.پاشان تراجیدیا پەیوەستە بە سەردەم و کاتەوە کەپرسیارە داخۆ بەسەرچوون و کات چوون سەرچاوەی هەست بە تراجیدیا نییە؟

بۆنموونە گەر کەسێك بیەوێت مافی خۆی وەربگرێت بەڵام وادەی مەرگ و ڕێگرە، ئەوا کات نەهامەتییە. چونکە ئەو نەگەیشت بە مافی خۆی. یەکێك لە تراجیدیای بوونی مرۆڤی کورد چەوساندنەوەیەکی مێژووییە کە بێبەری کردبوو لەخۆی، واتە مافی بوونی خۆی وەك مرۆڤێکی سەرپشك و بڕیاردەر. لێرەوە مرۆڤی کورد هەردەم لەبوونی خۆی بەگومان و ترس و زۆریشی لە بوونی خۆی کرد. ئاکامی ئەمە ئەوەیە کە شوێنی ژیان، خاك و نیشتمان کراوتە زیندانێك و



شوێنی خوێنڕشتن و لەمرۆڤخستنی کە دواجار ئەم مرۆڤە لە خاك و زێدی خۆی رابکات تائەو رادەی نکوڵی لە بوونی نەسەلمێنراوی بکات.

ئیدی تاڕادەیەك راستە وەك دەووترێت هیچ کەس هێندەی کورد خۆی رقی لەخۆی نابێتەوە و نیشتمانی فەرامۆش ناکات. ئەوەتا هەست و ویستی هەڵهاتن و بەجێهێلانی نیشتمان شەپۆلێکی جەماوەری و بەتایبەت چینی لاو کەنجی گرتۆتەوە. واتە هیچ نەتەوەیەك ئەوندەی کوردێك حەز نەکات بڵێت خەڵکی وڵاتێکی ترم و حەز بکات خەڵکی ئینتمای هەر شوێنێك بێت جگەلە کوردستان. چونکە مۆرکی چەوسانەوە کاراکتەری ئەوی داگیرکردووە. نیشتمان ئەوێکە کە مرۆڤێتی کوردی خستۆتە ژێر پرسیارو گومانەوەو خوێنی تێدا حەڵاڵکراوە.  ئەوەی بوونی ئەم مرۆڤە خزێنراوەتە چێوەیەکەوە کە لەدەستی چەوسێنەران کێشراوە لە مێژەوە.

**٢-١- تراجیدیای ماڵێکی بچووك کە پڕە لە شتگەلێکی گەورەتر لەخۆی !**

با راستەوخۆ لەو دەستنیشانکردنە بدوێن کە دونیای ئێمە ماڵێکی بچووکە کەچی پڕە لە شتگەلێك کە زۆر لەخۆمان گەورەترە! باشە چۆن شتە قەبەکان لە دونیایەکی بچووکی وەك ئەوەی ئێمەدا جێیان ئەبێتەوە؟ چ ماڵێك بەرگەی هندە قەرەباڵغی و بێ سەروبەری ئەگرێت؟ کام دیوارهەرچەندە ئەستووریش بێت، هێندە کەلوپەلی زۆر دروشم و ناو لەخۆ ئەگرێت؟ مەگەر ئەوە تەنها ماڵی ئێمەبێ کە سەرەڕای بەرتەسکیی ئەو پانتاییە سنووردارەی تێیدا ئەژین، مرۆڤەکانی دەڤەرەکەمان هەر سەرقاڵ و خەریکی قەرەباڵغکردن و پڕکردنی ژوورەکانن. تەنانەت بۆشاییەکان و کەلەبەرە چۆڵ و بەجێماوەکانی دیوار و ژوورەکان و مێشکیشمان ئاخنراون بەپاتاڵی وشەی پرشنگردار و پینەوپەڕۆی سیاسەتی چەوتوچەوێل بە ناوی قەبە و دروشمئامێز. بەئەندازەی قەبەیی نازناو و وشەکانیش، هێندەش بێ ناوەڕۆك و پووچەڵن. چونکە پڕن لە بێواتایی، پڕن لە ڕۆتین و تەوس و هیچگەراییەکی کوشندە.

ئیدی تراجیدیای بوون خۆی لە بێسەوادیدا دەبینێتەوە. خۆی لە بێڕێزی توانست و هەوڵەکانی خۆیدا دەبینێتەوە. تەنانەت هەوای هەناسەش پڕ کراوە لە ڕێژنەی وشەی  رازاوە و جوانە بێ باکەکان کە لە گوڵی لاستیك دەچن. ئەوەندەی وشەکان جوان و دڵڕفێنن، هێندەش   هۆکارن بۆ بەرەو ساینزم چوون (Cynisme). ساینیزمك نا کە باك و خەمی نییە، بەڵکو ئەوەی قێزوبێز لەخۆی دەکاتەوە، رقی لە بوونی خۆی دەبێتەوە. واتە بوونێك کەدەبێت بە ژان و ئێشێکی بەردەوام.

ئەوەتا دونیایەکی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی باس لە یەکبوون دەکات وەك تەنها ئاسۆیەکی روون بۆ رزگاری و ئازادی، کەچی پیشەی هەردابەشبوون و هەڵوەشانە. قەبووڵنەکردنی خود و ئەویترە و رەتکردنەوەی هەموو لێکجیاوازییەکە. تەنانەت گۆشە تەسکەکانی بیرکردنەوە تێڕوانینیش دوورنین لەچەندان جارە دابەشکردن و بەشینەوەی دەخەزاری دابەشبوون. لەمەش زیاتر، دابەشبوون چۆتە خانەی لەش و چۆڕاوەتە نێو خوێن و هەناسەوکانەوە و لەگەڵ هەوای ناچاریی بووندا وەردەگیرێت و پەیتاپەیتا ئەدرێتەوە بەگوێی خۆماندا. ئیدی سوورێك هەیە کە سووڕی دابەشبوونە لەخۆینی جەستەی هە مرۆڤێکی کوردا! هەروەك چۆن هەوا بەش ئەکرێت ئاوەهاش دابەشکردن و لێکدابڕانیش ئەبەشرێتەوە.

باشە ئەبێت مرۆڤی ئێمە فێری چیبێت و بیر لە چی بکاتەوە، هەر لە سەرەتاییترینەوە وەك مافی ئازادی و نان تا گەورەترین خواستی؟ لێرەدا ئەوەی ئەبینرێ و پێی لەسەر دادەگیرێ سەربەستی و سەربەخۆیی نییە. لەڕاستیدا بەڵکو بیستن و باسکردنی وشەکانی ئازادییە لە بڵندگۆکانەوە. ئەمەش تەلیسمی رۆژگاری ئێمەیە کە هەرگیز ماندوو نابین لە ریزکردن و هەڵدان بە باڵای وشەکاندا تا ئەوپەڕی پەرستن و بەس! ئەمە تەنیا سەلماندنی راستییەکە کە ئەویش نەبوونی خودی بەهاکانە لە کایەی بیرکردنەوەی رۆژگاردا!

لێرەدا وشەکان دەگمەن و گرانبەهانین، بەڵکو هێندە زۆرن، هێندەش بێ گیان و بێکارن. ئەتککراون، سواون لەسەر زمان و کاغەز، کورتکراونەتەوە بۆ چەند پیتپکی موزیکی نەشاز. تەنانەت بوون بە گۆرانیی هەڵپەڕکێ و شایی لۆغان. وشەکانی ئەمرۆ بوونەتە ژەمی تێرکردنی گیرفانەکان. ناوناو ئەکرێن بە قورگ و چوی بەرخەلدا بێ تام و بێرەنگ و بۆنن. رۆژانە چەندین رستەی نوێ دێنە بەرهەم هێندەش توڕئەدرێنە تەنەکە خۆڵەکانی مێژووەوە!

باس لە کام سەربەستی و یەککرتن و ئازادی ئەکرێ؟ ئەو وشەیەی تا هەنووکەش واتاکەی تام نەکراوە؟ یان تەنیا سەربەستیی باسکردنی سەربەستی و ئازادییەکان؟!

ماڵێکی بچووك و خنجیلانە، ئەوپەری بێسەروبەری و پەرتوبڵاوی. مرۆڤەکانی ئەم ماڵە سەرقاڵی هەوڵی گۆڕین و چوونە دەرەوەن لە بازنەی داخراوی هۆش و بیێکی ئابلۆقەدراو، بەڵام لە راستیدا وەك دەرئەکەوێ ئەم گەلەبرایە تەنیا خەریکی هێنانە ژوورەوەی کەلوپەلێکی سەیروسەمەرەیە بۆ رازاندنەوەی دیوارەکانی ماڵەکەیان. پڕکردنی بۆشاییەکان بە شتی گەورە و پڕکردنەوەی سووچەکان بە شتی بێگیان. ئەمە ماڵە یا ئەمبارە کۆنەیە بۆ ئاخنین و کۆکردنەوەی هەرچییەك بێت گەر بۆنی دەرەوەی لێبێت؟ هەر لە کاڵاوە تا وشەی باڵا هاوردەن!



ئەمە گۆڕانە، نوێخوازییە یان بۆچوونێکی ئەفسانەیی بەرانبەر گۆڕان؟ گوایا گۆڕانکاری و نوێکاری تەنیا بۆیاخکردنی دەموچاو و دیکۆرەکانە و هێنانی کەلوپەلی ترە. یاخود تەنیا گونجاندنی دۆخی ناوەوەیە لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی ئەودیو دیوارەکان؟! یان تەنها گوێزانەوەی شمەکی ناقۆڵایە و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیان بەناوکۆیی؟

یان چوونە دەرەوەی راستەقینە و ئازایانە لەو بازنە خەیاڵاوییە، لەو چێوە تەسکەی کەناوی "حیزبە" یا خێڵ و ئایین، کە هەر تۆخ ئەکرێنەوە، هەزاران ساڵیش بەسەریاندا تێپەڕیوە ژەنگیان هێناوە! ئەمڕۆکە هەواری ئێمە هیچی کەم نییە لە دروشم و نازناو و رستەی جوان، و بڕێکی باشیان لەسەر کاغەز تاقی کراونەتەوە، بەڵام ئایا ئەمە چ گۆڕانکارییەکی ریشەیی هێنایە ئاراوە؟ کام ئەقڵییەت و هۆشیاری دەهێنێتە گۆڕێ؟ گەر زیاتر وردبینەوە لە دونیای نووسینی کوردی کە زەقترین نموونەیە لەو رووەوە. ئەوە هەر لە رۆژنامەوە تا گۆڤار و بڵاوکراوەکان کە بێئەندازە دەرئەچن بەرەورووی پرسیارێکی رەوا ئەبینەوە و تا ئێستا چ کارێکیان لە هۆشیاری و ڕۆشنبیریی خوێنەری کورد کردووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لای خوێنەرە، چونکە ئەم شایەدحاڵی راستییەکەیە. وەك چۆن لە بازاڕی ئازاددا، سەتەلایت و ئەنتەرنێت و مۆبایل دەکڕدرێن و ئەفرۆشرێن، ئاوەهاش وشەگەلی زەرکەفتی (سیکولاریزم) کۆمەڵگای مەدەنی، دیموکراسی هتد هەراج ئەکرێن لە دووکانەکانی سیاسەتدا و دەستاودەست ئەکات. ئەمڕو ئەم دروشمانە مودێلە.

باشە ئەمە جگەلە تراجیدیایەك چیتر نییە کە داخۆ چ ئاسۆیەکی روونی بۆ مان پێیە؟ ئاخۆ مرۆڤی کورد لەم سەردەمەدا چ ئاسۆیەکی هەبێ جگەلە دەرچوون لەو کلاورۆژنە چاوکوێرکەرە و ئەو قاڵبە تەسکەی تێیدا راهاتووە و لێبووە بە واقیعێکی بەڵگەنەویست کە بۆ چەندین سەدەیە بۆتە ستروکتوری کۆمەڵ و کولتوور، بۆتە برگەی ژیان. ئایا چیتر وشەگەلەکان تینوێتیمان دەشکێنن، برسێتی و هەژاری ئەرەوێنن؟ یان دەبێت کارگەی وشە و دروشم هەر لەگەڕدا بێت، بێ ئەوەی دادمان بدات؟

ئەوە تەنیا دونیای وشە ژەنگینەکان نییە کە مرۆڤی ئێمە چاوروانێتی و خەونی پێوە ئەبینێ. پێداویستیی مرۆڤی ئێمە کاری گۆڕانە، دروستکردن و پێشخستنە. بەڵام ئەمیشیان بۆتە قەوانێکی بێتام لە رۆژگارێکدا کە تەنها دەنگ و رەنگی وشەکان زاڵە بەسەر بووندا، مرۆڤ ئەگاتە ئەوپەری بێ باوەری بەرانبەر هەر جوانی و بەهایەك کە بە وشە و واژە دەرئەبردرێت و دەرهەقییان، وەك نووسەری ئیتاڵی بەناوبانگ (Clauudio Maris) کلاودیۆ مارس ئەڵێت: "ئەوەی ئایرۆنیك

نەبێ، ئەدۆرێ" لەم دونیایەدا. نەك هەرئەوە بەڵکو تێك ئەشکێ وەك شکانی ئاوێنەکان و بەهاکان و دواجار خۆی لەدەست ئەدات. لەوانەیە ئێمە لەسەردەمی ژێردەستەیی و چەوسانەوەدا تاڕادەیەك ئازادبووین، بەڵام لەسەردەمی بێ مانایی و زەبوونی خۆماندابین. سەردەمێك تراجیدی کەمرۆڤ بیرناکاتەوە لەبوونی.

لەوانەیە هێندەی ئەمرۆ بێباوەر نەبووبین بەخۆمان و ئەوخەباتە خوێناوییەی کە دروێنە کیانی هەزارەهای مرۆڤی کوردی کردووە. تەنانەت لەسەختترین کاتدا جۆرە هیوایەك دنەی دڵ و وورەکانی داوە، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە تەنها مێژوویەکی چۆراوەی سەدەکانی نەهامەتی خۆمانین. ئاوێنەی مێژوویەکی ئاوەژوکراو و هیچی تر نەبین؟!

## ١-٣- گەورەیی خەمەکان و بچووکی ئێمە :

بێئەوەی بە زمانێکی کلۆڵ و پێشخواردوو گلەییی ئامێز دەست پێبکەین، دەبێت دان بەڕاستییەکدا بنێین کە یەکێکی تر لە تراجیدیای ئێمەی مرۆڤی کورد ئەوەیە کە لە ئاست رووداو و تەنگەژەکانی خۆماندا نین. نەك هەر بەو واتایەی کە کێشەکان لەباری ئێمەدا نییە، لەبەرئەوی لە خۆمان گەورەتر و سامناکترن، بەڵکو بیرکردنەوە و تێهزرین لێیان لە هێزی تێگەیشتنی ئێمە دەرچووە. ئیدی هەردەم پرسیارێکی چارەنووسساز و ناسنامەیی یەخەمان بەرنادات: بۆ ئێمە وامان لێهات و بۆچی وەهاین لەم جیهانەدا؟

دیارە ئەمە پرسیارێکە لە بوونی خۆمان پێشئەوەی بگەڕێین بۆ پاساو لێکدانەوەی سیاسی بۆی. بۆیە ئەم پرسیارە هەردەم بە وشیاری و نائاگایی لەناخی ئێمەدا پەنگیخواردووە و و هەر بێوەڵامە. لێرەوە تێکشکانی کاراکتەری مرۆڤی کورد لەم بێوەڵامی و خۆخواردنەوە دێت بە پلەی یەك. نەسەلماندنی مافەکان چەند ئازاراوی و خەمناك بن، هێندەش تێکشکێنەر و وێرانکەرن. دیارە "مافی سەلماندن" هەر پێداویستی ماددیەکان نییە، بەڵکو پێداویستییەکی رۆحی و کولتوورییە کەتاچەند خەڵکی فەرهەنگی تۆ بەهەند وەربگرن و بیخەنە ریزی ئەوانی دیکەوە و وەك هاوشانێك تێبڕوانن نەك ئەوەی بەچاوی شۆڕ و بەزەییەوە سەیربکرێت.

کەواتە بچووکی ئێمە لە نەزانی و بێتوانی فەلسەفییەوە هاتووە کە تاچەند لەبارتەقای تێگەیشتن و رامانین لە خۆمان و لە ئاستی چارەسەرکردن و رێگای دەربازبوونەوە لەسەری بدوێین. ئیدی کە تێگەیشتن و تێهزرین نەبوو، نەزانین دەبێتە مایەی خەم و لە بوونی مرۆڤ خۆی گەورەتر دەبێت. هەموو گەورە بوونێکی خەمیش لەسەر حسابی بوونی مرۆڤ دەکەوێتە و دواجار دەبێتە تراجیدیای بوونایەتی.



## ١-٤- برایەتی نموونەیەك لە تراجیدیای سیاسی:

### برایەتی تراجیدیای سیاسی کورد:

ئەوەبوو لە سەردێڕی سەرەوەدا تراجیدیای بوونی کورد لە گۆشەنیگای هەلومەرجی بوونیەوە خرایە بەرباس و پرسیار. لەم نووسینەشدا دەمەوێت برایەتی وەك مۆدێلکی سیاسی بە جۆرە تراجیدیایەکی واقعی لێکبدەمەوە و "راستییەك"بەدرۆ بخەمەوە کە ئەویش چەمکی برایەتییە وەك باشترین مۆدێلی پێکەوە ژیان و دانوستان بۆ دەوڵەتێکی هەولۆەشاوەی وەك ئێراق.

دەوڵەتی ئێراق هەر لە قوتکردنەوەی فەرمانڕەوایەتییەك (من بەئەنقەست سیفەتی قوتکردنەوە لەباتی دامەزراندن دائەنێم، چونکە هەر لە ئیمپراتۆرییەتی ئینگلیزەوە ئەم قەوارە شلۆقە لەپێناوی یەك ستراتیجیەت بووە: دۆشینی خێر و سامانی نەوتی بووە بێ لەبەرچاوگرتنی مافی گرووپە نەژادییەکان) کە هیچ بنەمایەکی دامەزراندنی تێدا نەبووە بۆ دانیشتوانەکەی. ئەوەی بەناوی گرێبەست و رێککەوتنی نێوان فەرمانڕەوای ئینگلیز و نوێنەری ئێراقیش بووە، شتێکە لەسەر کاغەزبووە کە زێتر لە گرێبەستی نەوت چووە لە ژوورە تاریکەکاندا.

دیارە کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی یەکێك بووە لەپەڕپوترین، بەڵام بێویژدانترین داگیرکەر دەرهەق بە نەژادەکانی وەك کورد ئێستاشی لەگەڵدا بێت. ئینگلیز هەردەم خەریکی پەرتکردنی ناوچەکە بووە لەڕێی دروستکردنی دەوڵەتی بچووك و گەورە بۆ نەژادەکانی تر بێجگەلە کورد. کەچی سەردار و سەرکردە کوردەکان بەشێوەیەکی هۆشیارانە لاوزبوون و نەیانتوانیوە هاوسۆزی زلهێزەکان بۆخۆیان رابکێشن. دیارە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردیش لە بەرژەوەندی کورد خۆی نەبووە.

### برایەتی دژ بەجیاوازی:

برایەتی وەك مۆدێلێکی سیاسی بۆ پێکەوە ژیان، جێگرەوەی بنەمای هاووڵاتی بوون و هاوبەشییە لە قەوارەیەکی دەستکرددا. هەروەها نموونەیەکە لە مۆراڵیزمی سیاسەتگەرایی رەها (واتە ئەو مۆراڵ و سیاسەتی مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە). کە مۆراڵ بە پێوەری رەفتاری سیاسی دەزانێت و رەوایەتی بوونی خۆی لەوێوە وەردەگرێت.

دیاره گەر دیاردەیەکی سیاسی کە هەر لە دامەزراندنی ئێراقەوە بەشێوەیەکی سیستماتیکی کاری کردبێت، دەتوانین ناوی " فاشیزمی ئێراقگەری" لێبنێین کە چارەسەری بۆ جیاوازییەکان تواندنەوەیە نەك دانان پێیاندا. لەلایەکەوە دەوڵەتی ئێراق بەفەرمی کوردی وەك بەشدارێك لە قەوارەکەیدا ژماردووە، لە هەمان کاتدا برایەتی کردۆتە دەمامکێك بۆ دەمکوتکردنی کورد لەبەرامبەر داواکانیدا.

باشە بابپرسین داوای کورد لەو سەردەمەدا کە ژێرچەپۆکەی ئینگلیزبووە چی بووە؟ گەر سەیری ئەو سکالانامەیەی کە نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر ئەمین زەکی بۆ شای ئێراقی نووسیوە بەناوی "دوو تەقەلای بێسوود"لە ساڵی ۱۹۳۰ دا، دەبینیت مافەکانی کورد لەچوار شتدا کۆدەبنەوە کە تائێستاش ئەو مافانە پاش ئەوەندە ساڵان نەهاتوونەتەدی کە ئەمانەن: وەرگرتنی پۆستی ئیداری لە دەوڵەتی عێراقدا، خوێندن بەزمانی کوردی، دادگاکان بە زمانی کوردی کێشەکان وەلابخەن، دانان بەزمانی کوردی بەشێوەیەکی فەرمی (ئەمین زەکی: ۲۰۰۵). دیارە ئەو داوکارییانە هەر لە دوو شتی گرنگدا چڕ دەبنەوە: بەشداری سیاسی لە پۆستی دەوڵەتدا و کێشەی زمان.

بۆچی کورد ترێنجرایە قەوارەیەکی وەك ئێراقەوە؟ داخۆ بۆ راگیرکردنی هاوسەنگی و هاوکێشەی پێکهاتە جیاوازەکان بوو؟ من وەلامی ئەم پرسیارە نادەمەوە، چونکە ئەوە بابەتێکی ترە. بەڵام شتێکی بەڵگە نەویستە کە دانان بەمافی کورد مەرجە بۆ دیموکراسی بوونی ئێراق لە ئەمڕۆدا. وەلێ ئایا دیموکراسی دەبێتە شێوە ژیانی سیاسی لە ناوچەکەدا بێ فەرامۆشکردنی چەمکی برایەتی؟ ئایا "ئێراقی بوون" دەبێت لەسەر بنەمای هاوولاتی بوون، یا هاوبەشی سیاسی هاونەژادی یا هاومافی و هاوبەرژەوەندییە؟ گەر ئەمەی دواییان مەرجێك بێت بۆ پێکەوە ژیان، ئەوا دەتوانین جۆرێك لە ئینتمایەکی بێلایەن بۆ ئەو دەوڵەتە بەرجەستە بێت.

لەکاتێکدا بەبنکۆڵکردنی چەمکی برایەتی، دەردەکەوێت کە ئەو چەمکە ئاینییە لەبنەڕەتدا، کەواتە بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن دەست نادات لەداهاتوو ئێستاشدا. سەرەڕای ئەوەی چەمکێکی ئیلاستیکییە: واتە چەمکێکە بە ویست و تاکتیکی سیاسی دەکشێت: کاتێك سەردەست دەڵێت تۆ برای، ئیدی لەوەدا کە ئەرکت دەخاتە سەرشان و چاو لەمافەکانت دەنوقێنێ. بەڵام دەشتکاتە دوژمن لەوەدا کە تۆ داوای مافەکانت دەکەیت. تۆ برای ئێمەی هیچ جیاوازیت نییە لەئێمە، ئیدی بۆ مافی تایبەتت هەبێت! وەلێ کاتێکی تر تۆدەبیتە



دوژمن گەر لەسەر ئەو مافانە سووربی. ئەمە رەوشی بیرکردنەوەی سیاسی و فەرمی حکومەتەکانی ئێراق بووە. ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆپێکهاتەیەکی سیاسی و کولتووری کە ریشەیەکی هەیە بۆیە هەموو سیاسەتی دەوڵەت کە لەوێداکۆبۆتەوە.

شایانی باسە تا ئێستاش لەسەر ئاستی جەماوەری و سیاسیش هەمیشە دووفاقەیی مرۆڤی ئێراقیتی بۆ دەردەکەوێت. لەهەموو ئێراقییەك دەپرسیت تۆ چیت (واتە بیروباوەڕی مەزهەبی و ئیتنیکی) یەکسەر دەڵێت براین جیاوازی نیە. بەڵام ئەم وتەیە هەرچەند سادەیە هەڵگری رەهەندێکی ترسناکە لە مێنتاڵیتی خەڵکی ئێراقدا کە جیاوازی نەژادەکان پەردەپۆشدەکات، چونکە دیدی جیاوازی کولتووری و زمانەوانی بە درزێك دادەنێت لە جەستەی ئێراقدا. ئەو دەیەوێت بڵێت کە هەموو پێکهاتەکان وەك گەلێ برایەك دەژین. تاکە مەرجی پێکەوەژیانیش نەمانی جیاوازییەکانە! ئەمەش چەوساندنەوە و توانەوەی ئەویتری جودای لەخۆدا هەڵگرتووە. واتە شۆڤینیزمێکی ئاوێتەیە لەپان عەرەبیسم و پان ئیسلامگەرا کە برایەتی دەکەنە دەسکەنەی جیاوازییەکان.

پاشان تێزێ لە مۆراڵەوە سەرچاوە بکرێ، نابێت ببێتە بنەمایەکی سیاسی بۆ پێکەوەژیان و بکرێتە پرۆتۆکۆلی سیاسی. دەشێت مۆراڵ پشتیگری بێت لەسەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام مۆراڵ دەقێکی فەرمی نییە تا لەپرۆسە و ململانێی سیاسیدا بۆی بگەڕێنەوە و پشتی پێ ببەستین. ئەمە کێشەیەکی تیۆرییە و هەروەك کێشەیەکی پراکتیکیشە. چونکە هەریەکێك لە مرۆڤەکان بۆچوون و لێکدانەوەی جودای بۆ دەکات لە یەك کاتدا بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خۆی. هەمان ئەنجامگیریش راستە بۆ تێزی ئایینگەرا دەربارەی برایەتی وەك مۆدێلی پێکەوەژیان.

دیارە گەرچی گوتاری برایەتی ریشەیەکی ئایینی ناوچەکەی هەیە وەك مۆدێلێکی سیاسی، وەلێ لەچەند ئایدۆلۆجییەکی سیاسی جیاوازا بەکارهاتووە.

- ئایدۆلۆجیای ئایینی: ئەم بۆچوونە خەمی سیاسی نییە بەپلەی یەك، بەڵکو پێکەوەژیانی نێو ئاین و باوەڕدارەکانە و هاوکات دەستەبەرکردنی مافی کەمینە ئایینییەکانە. گەرچی ئیسلامگەرا گوتاری سیاسی دەوڵەتێکە و توانەوەی هەموو جیاوازییەکانە لەبۆتەی برایەتیدا.

- ئایدیای ئایینی گەرچی لەسەر بنەمای یەکخستن و یەکبوونە بەئەندازەی ئەوەش دابەشبوون لەخۆدەگرێ. وەك "هۆبز" بۆچوونی وایە کە دەبێت ئایین لەدەرەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بێت، ئەگینا هاودەنگی سیاسی ئەستەمە.
- ئایدۆلۆجیای سیاسی مارکسیزمی، ئەمەش نەیتوانیوە ناسنامەیەکی گشت و هەمەگیر بۆ هەریەکێك لە پێکهاتەکانی عێراقدا بکات چونکە لە پشت بیرۆکەیەکی جیهانیەوە دەڕوانێت.
- ئایدیای بنیاتنانەوەی دەوڵەت لەسەردەستی نیوە لیبراڵی ئەمریکی دا. هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی دەوڵەتێکی تر کە تاڕادەیەك ئازادی هەبێت، بەڵام لەسەر حسابی قەوارەکە نا ئەمەش چەند ساڵی رابردوو ئێستا بۆ بوبزوتنەوەی کورد سیاسیەکان دەرکەوتن.

### هاووڵاتی بوون گرێبەستە:

چەمکی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" وەك بنەمایەك بۆ هاووڵاتی بوون، پەیوەستە بە ماف و بەرژەوەندییەکان و ئەرکەکانیشەوە. پێم وانییە (هیوادارم هەڵەبم) تائێستاش کورد وەك گرێبەست بەشداری سیاسی لە دەوڵەتەی عێراق دا کردبێت، ئەوەی کە هەبووە بەشداری نەبووە، بەڵکو هەندێك بەڵێن و گفت بووە بەسەرکردەی سیاسی کورد بە شێوەیەکی کاتی. دواجاریش ئەمە رێگەیەك بووە کە دەسەڵاتی ناوەندیی وەك گەمەیەك دژ بەویستە سەرەکییەکان بەکاریهێناوە و ناوبەناو خۆی پەشیمان بۆتەوە. بۆ مێژووش ئێمە دوو دوکیومێنتی واژۆکراوی نێوان کورد و هاوپەیمانەکان و دەوڵەتی دراوسێ و حکوومەتی ناوەندی نابینینەوە تاکو لەسەری پێداگیری یاخود هەڵسەنگاندنی لەسەر بکەین. هەمیشە ویست و ورەی سیاسی کورد بە بەڵێن و برایەتی خاوکراوەتەوە. ئێمە ناتوانین هەر گلەیی لەوەبکەین کە ئەویتر مافەکانمان ناسەلمێنێ، بەڵکو لەو روەشەوە کورد کەمتەرخەمە و پەی بە کرۆکی کاری سیاسی نەکردووە بۆ مافەکانی خۆی.

### ئایدۆلۆجیای برایەتی: مەرگی ئەویترەکانە (Assimilation ideology)

برایەتی دەربڕنێکی ترە لە بیرۆکەی "یەك بیرکدنەوە"، یا باشتر بڵێین چوونیەکی بیرکردنەوە و کۆبیریی (ئەقڵیەتی دەستەجەمعی). بۆنموونە ئێمە لە شۆڕشی فەرەنسیدا چەند دروشمێکی وەك ئازادی و یەکسانی دەبینین. دیارە ئەمە چەمکێکی مۆدێرنن بە بەروارد بە دروشمی



برایەتی. گەرچی ئەمانیش بەکێشەن، وەلێ وەك برایەتی بەگرفت نین. دیارە چەمکی برایەتی تەواو دیدێکی پاتەرنالیستی-باوکسالارییە- و گرووپ گوشاری تێدا بەدی دەکرێت.

ئەوانەشی بانگەشەیەکی لیبراڵ دەکەن تەواو ناکۆکن لەگەڵ دیدی کۆمەڵگەری ئایینی کریستیانێت-ئیسلامی- و سۆشیالیزم و کۆنسەرڤاتیڤزمی نوێ. چونکە لەوێدا دەنگی تاك وندەبێت لە پێناو برایەتی و کۆمەڵ دا. بەمەش سنوور بۆ ئازادی و گەشەسەندن و ئۆتۆنۆمی-سەربەخۆیی تاك دادەنرێت. مەترسی گوتاری برایەتی لەوێدایە کە حەزوخواستە جیاکانی تاکەکان بەلادان و دوژمنکاری کۆمەڵ بژمێردرێ. چونکە برایەتی فۆرمێك لە هاوسۆزی دەسەپێنێت بەسەر هەموودا کە پەیڕەویی نەکردنی و رەخنەگرتن لێی وەك خیانەت دەکەوێتەوە. کێ لەگەڵ ئێمە نەبێت، ئەوە دژمانە! هەر بۆیە بەڕای رۆبسپێیر و جاکوبییەکان برایەتی و تیرۆر دوو دیوی میدالیایەکن کە شۆڕگەراییە!

ئیدی چەمکی "براگەلی" گوزارەیەکی بارگاویکراوە کە پێکەوە ژیان لە بازنەی برایەتیدا نەك هاومافی و هاووڵاتی بوون دا کورتدەکاتەوە. بەمەش ئەویتر لە کۆبەندی پەیوەندی دەکاتە دەرەوە و وەك ئەندامێکی نامۆ لەجەستەیەکدا دەژمێرێت. دیارە وەرگێڕانی ئەو چەمکە وەك بنەمایەك بۆ "ئێراقی بوون" ترسناکە، چونکە جیاوازییەکان کە ئایینی بێت یا نەژادی یاخود هەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی تر بۆ ژیان، بە دژایەتی و نا هەماهەنگ دەزانێت، لە کاتێکدا لە دیموکراسیدا جیاوازی هۆکارێکە بۆ پێکەوە ژیان. چونکە دیموکراسی لەسەر بنەمای جیاوازیی دادەمەزرێت و بەجۆرێ کە مشتومڕ و پێشبڕکێی و ململانێی ئاشتییانە تێدا بەکارە. بۆیە بە هیچ شێویك دیموکراسی یەك رەنگی و یەك بیری و یەك بۆچوون نییە. ژیانی چاك ژیانێکی پڕە لەو جیاوازییانە. سیاسەتی دیموکراسیش ئەوەیە کە ئەو پەیوەندیانە بەجیاوازیەکانەوە رێکبخات و هەماهەنگی پێکەوەژیان فەراهەم بهێنێت.

ئیدی مەرج نییە بۆئەوەی دیموکراسییەکی باش و گونجاومان هەبێت، هەموو وەك برا و خزم سەیری یەك بکات! رێز و شارستانی بوون وەك مامەڵکردن مەرجە نەك ئەوەی هەموو ئەویترێك "تۆیەکی گشت" بێت یاخود هەموو بەچاوی برا سەیر بکەیت بەڵکو وەك هاووڵاتییەکی کە هاومافتە تێبیڕوانی!

## له نکوڵی لێکردنەوە بۆ دان پێدانان:

داواکردن یاخود پێداگرتن له "کورد عێراق" دابەزاندنی مافی ئەویتری جیاوازە هەروەها داکۆکی کردن لە مافی جیاوازی کەمکردنەوەیەکە لە سوپریۆریتی-کولتووربالآیی- نەژادێکی وەك ئارەب. واتە چیدیکە ئەو دیدەی کەهەیەتی بۆ مێژووی زمان و نەژادیی، نەکاتە رێگر لەبەردەم مافەکانی کورددا. "پلورالیزم سیاسی" واتە بوونی نەژادی جیاواز و فرەکولتووری و ناسنامەیی. عێراق لە باشترین حاڵەتدا وڵاتێکی فرەکولتوورییە، بەڵام بێ گومان فرەنەژاد و نەتەوە ئایین و ئایینزایە.

شایانی باسە هەرگیزا و هەرگیز "عێراقێتی" ناسنامەیەکی گشتگیر نەبووە بۆ کورد. چونکە کوردی وەلاناوە و مافی خۆیەتیی پێشێلکردووە. ئیدی "یەك عێراق" وەك پرۆژەیەکی "ماس کوولتور" و نەژاد بەزێن، شۆفینیزمێکی خۆمەڵاسدەرە. ناکرێ کاتێك کە کورد داوای مافی خۆی بکات، پێی بوترێت تۆ برای ئێمەی، کەچی هیچی وەرنەگرتبێت، بەڵکو وەك میوان یا هاووڵاتی پلەدوو رەفتاری لەتەکدا بکرێت.



## ئەنجام:

چیدیکە برایەتی گرەنتی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی عێراق ناکات. ئەمەش بەئەزموونی مێژوویی سەلمێنراوە کە برایەتی بیرۆکەیەکی نەزۆکە. لەبەرئەوە دەوڵەتێکی هاوچەرخی سەردەمییانەیی کە ئاوێزەیەك بێت لە رەنگە جیاکان، پێویستی بە مۆدێلێکی نوێ هەیە کە دووربێت لەو بۆچوونە بە ئایین باربوکراوەی دەیەها ساڵە برایەتیی کردۆتە مۆدێلێك بۆ چەوساندنەوەی کورد. چونکە کاتێك برایەتی هەبوو، برا گەورەیی و بچووکی هەیە. برابچووکی کە لەسەر بنەمای هاوئایینی و هاو زمانی دامەزراوە، هۆکارێکی سەرەکی ستەمی نەتەوەییە بۆ کورد. چونکە کورد کراوتە پەراوێز و لە چەقی دەسەڵاتی بڕیاردان و بەڕێوەبردنیش وەدەرنراوە.

هەمان شت رەنگی داوەتەوە لە ناخی مرۆڤی کورددا کە خۆی وەك برابچووکێك بژمێرێت. ئەوەتانێ رووناکبیرێکی وەك ئەمین زەکی کە خاوەنی سکاڵانامەکەیە بۆ شای عێراق و سیاسەتمەدارێکیشە، بەزمانی پاڕانەوە و کوڕوزانەوە داکۆکی لەمافەکانی کورد دەکات! ئەمە نموونەی ئەو مرۆڤە بچووکەیە کە بەزمانێك لەگەڵ ئەویتردا ئەدوێت کە "ئیگۆی کوولتووری" نییە و تێکشکاوە (هەڵبەت ئەمین زەکی یەکێکە لە خوێندەوارە دانسقەکانی سەردەمی خۆی و خزمەتی گەورەی کردووە).

زمانی وتووێژی سیاسی کوردی زۆربەی کات هەڵگری رۆحی کۆیلەیە کە دیالۆگ ناکات، بەڵکو زمانێکی پڕ پێچ و پەنا و ناروون داخوازییەکانی شەرمننانەیە و پڕ مینگە مینگە. ئەمە بۆیە دەڵێم، چونکە ناکرێ سیاسەتمەداری کورد پاش ئەوندە سەدە بگەڕێتەوە بۆ چەمکێك کە هەر لە بنەماوە تواندنەوەی خۆی تێدایە. باشترین نموونەش بۆ برایەتی هەرەس کێشەی ناوچە ململانێکانی کەرکوك و خانەقینە. سیناریۆکانی عێراقیبوون یا رژێمێکی سێمی دیموکراتە، یا دیکتاتۆرییەکی بەدەسەڵات، یا هەڵوەشانەوەی ئەو قەوارەیە. چونکە عێراق خۆی هەلوەشاوە و ناپێکهاتە یەك جۆر. ئەم سێ سیناریۆشە لە ئێستاو داهاتوودا مەرجە بۆ چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە.

## تەوەری دووەم

## ئایین و جیهانبینی کورد لەسەر ئایین

### ١-٢- بەکێشەکردنی ئایین لە مەسەلەیەکی تیۆرییەوە بۆ واقیع:

ئەگەر باسەکە بە پرسیارێکی ڕاستەوخۆ بکەینەوە: ئایا ئایین کێشەیە یان دەبێت بە کێشە بکرێت؟ کاتێك لێرەدا دەڵێین ئایین کێشەیە، مەبەستمان وتنەوە و جوییەوەی ئەو وتە کلێشەییانە نییە کەباون لە نووسینەکانادا، کە بە هەموو شێوەیەك ((ئایین بەواتا فراوانەکەی بە ئاستەنگ دەبینن لە بەردەم گۆڕاندا. بەڵکو مەبەست لە ((ئایین وەك کێشەیەك)) ئەوەیە کە بیری ئایینی نەبۆتە کێشەیەکی ماریفی و مەراقێکی فەلسەفی. هێندەی ئایین ئامادەیە لە سروشتی ڕۆژانەماناندا، هێندەش نائامادەیە لە هزری فەلسەفی و لێکۆڵینەوەدا. دیارە گەر ئایین کێشەش بێت وەك ئەو بۆ چوونە باوەی کە پێی وایە ئایین گەورەترین ئاستەنگە، هیچ نەبێت دەبێت ئایین بکرێتە کێشەیەکی تیۆری و توانای توێژینەوە و پرسیارمان لێی هەبێت، ئەگەر ئەمە نەکرێت ئەوا ئێمە هەرگیز ناتوانین بەسەر ئەو شتەی ناوی "کێشەی ئایین" زاڵ بین.

لەلایەکی ترەوە، دوان لەسەر باوەڕی ئایینی و شرۆڤەکردنی شوێنەواری لەسەر جواگرافیای هزرو هۆش و بیرمان بۆخۆی کارێکی ئەقڵانی و زەرورەتێکی ئەکادیمییە. چونکو هێندەی ئایین بۆتە کۆنەستی مرۆڤ کورد، نەبۆتە پرسێکی تیۆری و فەلسەفی. هەربۆیە دەرکەوتی ئایینی و دیاردەکانی باوەڕ کە خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەدا نیشان دەدەن، ئاماژەیەکن بەو ڕاستییە کە ئایین وەك ڕەگێکی مێژووی خۆی لە کۆنەست و هەستی ئێمەدا(کوردا) بە دەیەها شێوەی جیاواز مانڤێست دەکات. هەربۆیە مشتومالکردنی تیۆری بۆخۆی هەڵهێنانەوەی ئەو کارتێکەرە مەتەڵ ئاسایەیە لەسەر دونیابینی و تێڕوانینمان بۆ خۆمان و دەوروبەر. ئا لێرەوە دەبێت جارێکی دیکە ڕۆبچینە ئەو پاشخانە مێژووییەوە و تاوتوێ ڕەهەندو دەرکەوتەکانی بکەین.



### هەڵەی میتۆدی و یەکالاکردنەوەی ئایین:

بێگومان هەڵەیەکی میتۆدییە گەر بڵێین مۆدێرنە توانیویەتی کێشەی ئایین و باوەڕ چارەسەر بکات و یەکالایکردبێتەوە و بەوەی خۆی جێی گرتبێتەوە، بەڵکو وەك ڤێبەر دەڵێت "مۆدێرنە تەنها توانی زاڵ بێت بەسەر دام و دەزگای ئاییندا و توانی فۆرمێکی تری پێبدات"[١]. دیارە ئەم فۆرمە ئەوەیە ئایین لە کۆمەڵگای مەدەنیشدا جێگای خۆی دەکات و دەبێتە کایەکی تایبەتی، واتە دۆماینی تاکەکەسی (private domain)، لە لایەکی ترەوە هەرگیز مۆدێرنە ئەو دابڕانە تەواوە نییە کە سەردەمی پێش مودێرنە لە مۆدێرنە جیا دەکاتەوە. فەیلەسوفێکی فەرەنسی وەك برونۆ لاتور لە پەرتووکە ناودارەکەیدا ((ئێمە هەرگیز مۆدێرن نەبووین)) دەیەوێت تیشکێك بخاتە سەر چەمکی کولتوور و سروشت و جیاوازیی نێوان کۆمەڵگای مۆدێرن و نا مۆدێرن.

بەڕای ئەو ئەم چەمکانە پوخت نین، بەڵکو ئاوێتەن، هایبرایدن (Hyberid) لە چەند ڕەگەز و توخمێکی جیاواز، واتە هێترۆجینین. چونکە گەرچی زاناکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەسەردەمی مۆدێرنەدا زانست ئۆبجێکتیڤە و پشت بە فاکتەکان دەبەستێ نەك باوەڕ، وەلێ هەمیشە واقع و فاکتەکان لەگەڵ بەهاکان، و زانست لەگەڵ دەسەلات و هێزدا پێکەوە گرێ دراون کە بە تەواوەتی پوخت نین و لێك جیا نەکراونەتەوە. گەرچی زانست بانگەشەی ئۆبجێکتیڤی دەکات، بەلام ئەم بانگەشەیە باوەڕێکە بۆ خۆی و لە بیریان دەچێت کە ئەم بۆ چوونەش شێوازێکی ترە لە پێناسەکردنی جیهان. واتە گەیشتنە بەو دۆخەی کە هەڵهێنانی مەتەڵی جیهان و گەردوون و ژیانە کە بۆخۆشی باوەڕێکە[٢].

### گەڕانەوەی ئایین بۆ سەر شانۆی ڕووداوەکان:

لەسەردەمێکی وەك ئەمڕۆدا کە بە پاش مۆدێرنە و یا باشتر بڵێین پاش پۆست مۆدێرنە ناو دەبرێت، گەڕانەوە بۆ ئایین و پرۆسەی لە سێکۆلاریزەخستن و شۆڕشی کۆنسەرڤاتیفەکان یان ڕادیکالیستەکان دژ بە مۆدێرنە، بەگشتی بۆ خۆیان فۆرمێکن لە مۆدێرنەدا، ئەمە ئەگەر بەزمانی چارلس تایلەر بدوێین. وەك لیۆشتراوس دەڵێت "مۆدێرنە ئەو برستەی لە دەستداوە کە چیتر کێشمەکێشی نێوان دەسەلاتی ئایینی و پیادەکردنی ژیانێکی گونجاو لە ژێر ڕێنمایی ئەقڵانیدا بگرێتە خۆ". ئەم نەتوانینەی مۆدێرنە ڕێخۆشکەرێکی باشە بۆ ئەوترس و بیمەی لە کۆمەڵگاکاندا هەیە سەبارەت بەو دیوە ماتەریالیستە وێرانکەرەی مۆدێرنە لە لایەك و لە

لاکەیتریش ترسی توندتیژیی ئایینی کە پەرچەکردارێکە هاتۆتە ئاراوە. لێرەوە ئایین لە فۆرمی جیاوازدا لەژیانی تاکەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە ئەمەش هێندەی تر ئەم گەڕانەوەیە بەهێز دەکاتەوە.

بەهەرحاڵ ئەمە لێرەدا جێگەی باسمان نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوخاڵەیە کە تایلەر ئاماژەی پێدادات لە میانەی پەیوەندیی سێکولاریزم و ئاییندا ئەوەیە: کە چیرۆکی سێکۆلاریزم بۆ خۆی بەرهەمی گۆڕانکارییە (Transformation) لە ئاییندا، وەك زیاتر بەرهەم و دەستکەوتی بزوتنەوەیەکی رادیکاڵی مۆدێرنەی دژە ئایین بێت. ئەمە گەرچی سێکۆلاریزم خۆی لەسەر داننان بەمافی مرۆڤ، یەکسانیی ژن و پیاو، کرانەوەی کۆمەڵگا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنیات دەنێت. بەڕای ئەومرۆڤی مۆدێرن لەناو ئایینەوە لەدایك بووە، راستە لە مۆدێرنەدا ئایین بەهۆی سێکولاریزمەوە دەبێتە کایەکی تایبەتی تاکەکەسی بەڵام لای تایلەر ئایین هەر جێ بایەخی کۆمەڵگەیە و هەر لەوێشدا جارێکی تر خۆی ئاشکرا دەکاتەوە(٣). دیارە ئەو باس لە پایە و جێگای ئایین دەکات لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، بەڵام با بزانین ئایین چییە لە روانگەی فەیلەسووفێکی مۆدێرنی وەك کانت.

### دیدی کانت بۆ ئایین:

بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەی کانت لە سێ پرسیاردا کۆ دەبێتەوە، یەکەم: چی ئەتوانم بزانم؟ دووەم: ئەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەم و چی بکەم و پرسیارەکان سێهەمیش، دەشێت هیوا بە چی ببەستم؟ دیارە پرسیاری یەکەم و دووەم نزیکە لە فەلسەفی زانستی و توانستی ئاوەز، فەلسەفەی ئاکار و ڕەوشت هی سێهەمیان باس لە فەلسەفەی ئایین دەکات. کەواتە پرسی هیوا پرسێکی ئایینیی لە پشتەوەیە. ئەم پرسەش کانت لە پەرتووکێکی تایبەتدا کە ساڵی ١٧٩٣ دەرچووە بەناوی ( Die Rrligion innerhalb der Grenzen der Vernuft) بە تێروتەسەلی باسیکردووە. واتە ئایین لە سنوری ئەقڵ دا:

ئایین بەلای کانتەوە لەهەمان پێداویستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە مۆرال (ئەخلاق) دێتە کایەوە. بەڵام تەنها ئایینێك کە هەماهەنگ بێ لەگەڵ ئەقلی پراکتیکدا ( Praktische Vernuft) واتە چۆن رەفتار و هەڵسوکەوت بکەین کە ئەمەش سەرچاوەی کاتێگۆرییە رەوشتییەکەی کانتە. لێرەدا کانت دەیەوێت رۆڵی ئایین دیاری بکات بەوەی لە پشت پابەندبوون و جێبەجێ کردنی کۆدە رەوشتییەکانەوە هەمیشە مەبەستێکی دەرەکی هەیە کە هاندەرە



بزوێنەوە لە جێبەجێ کردنیاندا. چونکە بە تەنها بە پشت بەستن بە ئەقڵی پراکتیك مرۆڤ لە توانایدا نییە کۆدە رەوشت ئامێزەکان جێبەجێ بکات و پێیانەوە پەیویست بێت.

مرۆڤ ئایینی پێویستە وەك پاڵپشتێك بۆ ئەم ئەقڵە پراکتیکە. بەڵام لای کانت فەلسەفەی ئیتیك، رەوشت لە بنیاتنانی بنەماکانیدا هیچ پێویستی بە ئایین نییە، بەڵکو ئایین دەبێت ملکەچ بێت بۆ ئەقڵی پراکتیك. واتە ئایین ژێردەستەی ئیتیك بکرێت، بەڵام ئایین پێویستە بۆ پشتگیری کردنی مۆراڵ و هاندانی مرۆڤ لە پەیڕەوکردنیدا. لەلایەکی ترەوە کانت دەیەوێت پلەوپایە و واتای ئایین دیاری بکات لە چارەسەرکردنی و بنەبڕ کردنی کۆمەڵێك کێشەی تر وەك خراپە و بەدکاری (بەواتا فەلسەفییەکەی). لە باسکردنی ئاییندا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە دەبێ لەبیری نەکەین ئەویش باوەڕە. با بزانین باوەڕ چۆن لە مێژووی فەلسەفەدا بەرامبەر بە ئەقڵی بیرکردنەوە دانراوە کە دواجار ئەمە لە رۆشنگەریدا دەبێتە شادەماری پرۆژەکە. گەر بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفەی کۆنی گریك، دەبینین بیرکردنەوەی فەلسەفی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە زانست/ ماریفە، ژیان و جڤات لەسەر ئەم ئەقڵە رەسیوە. لێرەوە دەبێت زانست لە هەموو بریارێکی پێشوەخت و نائەقلانی پاکژبکرێتەوە، یاخود لە رێکەوتە مێژووییەکان دوور بخرێتەوە. چونکە زانست لەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوە دامەزراوە، بیرکردنەوەیەك کە نا مێژووییە (Ahistorcal)، چونکە ئەوەی ئەقلانی نییە، واقیعێکی مێژوویی رووتە، واتە دروستکراوە.

بەڵام راستیی ماریفی/ زانستی راستییەکە لەسەروو مێژوو و رووداوەکانەوەیە و هەرگیز رێکەوت نین، بەڵکو راستییەکی نەگۆڕن. کەواتە بنەماکانی زانست لە ئەقڵدان. هەڵبەت ئەم رۆشنگەرییە ئەقلانییە لە گریکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەقڵ، نەك باوەڕ دەکاتە سەرچاوە و بنەمای زانست، بەڵام هەر لەناو رۆشنگەریدا ئەزموونی ئیمپریزم هەیە کە فەیلەسووفە ئینگلیزییەکانی وەك دەیڤید هیوم، لۆك و هۆبز دەگرێتەوە. ئەمانە بە پێچەوانەی ئایدیالیازمەکانەوە پێیان وایە کە بنەمای زانین لە راستییە ئەقلانییەکاندا نییە، بەڵکو لە تاقیکردنەوەکانی رۆژانەماندایە. بەڵام لۆك پێی وانییە کە راستی لە ئاییندایە، هێشتا ئەم باوەڕی بەو بۆ چوونە پلاتۆنییە هەیە کە مرۆڤ لە توانایدایە بگاتە راستییە جەبرییەکان.

گرنگیی ئەو بۆ چوونەی رۆشنگەری لەوێدایە کە ئایین چیتر نابێتە بنەمای زانست و ئاکار و زانین و هەڵسوکەوتی مرۆڤ. مرۆڤ دەبێت بیرکردنەوەی لەسەر هەندێك راستیی نەگۆڕی نامێژوویی دابمەزرێنێت. جێی خۆیەتی بزانین کە باوەڕی ئایینی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر رەهەندێکی نەگۆڕ و ناسروشتی واتە ترانسێندێنت (باڵا) دادەمەزرێنێت. باوەڕبوون بە کردگار،

به خودا، باوەڕ کردنە بە کەسێك کە لەدەرەوەی سنووری سروشت و ماتێرییە. هەر لێرەوە دەکرێت بزانین هەڵوێستی باوەڕی ئایینی بەرامبەر گۆڕان لەم دەروازەیەوە چۆن خۆی ئاشکرا دەکات، کەچی کاتێك باوەڕ دەنووسرێتەوە و لە دەقدا بەرجەستە دەکرێت، ئیتر مەبەستێکی دیاریکراو لە پشتییەوە ئامادەیە: ئەویش پاراستنی باوەڕە لە گۆڕان. وەلێ خودی دەق گەرچی پارێزگاریشی لێ بکرێت، هەمیشە ملکەچی گۆڕانێکە کە بەرهەمی راڤەکردن و لێکدانەوەی نوێیە ئەمەش پارادۆکسێکە کە دووچاری هەموو دەقێك دەبێت.

## ملکەچ بوونی باوەڕ بۆ دەق:

ئەو دەمەی ئایین و باوەڕ دەبێت بە نووسراو و دواجار دەبێتە پەرتووکێکی هەمەگیر، باوەڕ لە ئازاد و لەسەربەخۆیی خۆی دەردەچێت و دەبێتە ملکەچی دەق. لێرەوە باوەڕ دەبێتە دیل و زیندانی لەناو نووسراوەکاندا و وابەستە دەبێت بە لێکدانەوە و راڤە کردنەوە. بەڵام وەك وتمان گەرچی تێکست خۆی داخراو بێت و نەیەوێت چیتر دەستکاری بکرێت، ناتوانێت لە پێداویستیی راڤەکردنی جودا دەربچێت. چونکە گەرچی ئێمە لەبەردەم یەك دەقدا بین، بەڵام چەندین راڤەکردن و لێکدانەوەمان هەیە. هەرگیز ناکرێت یەك رێ و شوێن و یەك لێکدانەوە بسەپێنرێت بەسەر دەقدا، چونکە ئەو ساتە ئەوتۆرێتی، واتە دەسەڵات لە دەق دەسینینەوە بەوەی دەق خۆی هەڵگری واتا نییە، بەڵکو دەبێت لەیەك واتا باربکرێت کە ئێمەی راڤەکەر دەیخوازین، ئەمەش ئەستەمە. چونکە مێژوو و کات و شوێنی ئەو ئاوەزانەی لێکدانەوە دەکەن، لەیەك جودان و جیاوازیی بێ ئەندازەش بەرهەم دەهێنێت.

کە دەشڵێم باوەڕ لە ئامادەبوونی نووسراو و دەقدا چیتر سەربەخۆ و نەگۆڕنییە، مەبەستم لەوەیە کە ئەو کەسەی شوێنی دەق دەکەوێت، ئیدی باوەڕ بەشتێك، راستییەك، یان ((خودا)) کەلە ئەنجامی تێڕامانی تایبەتی و سەربەخۆوە دەبێت، پابەند دەکرێت بە باوەڕ کردن بەدەقەوە. بە واتایەکی تر باوەڕ تەنها دۆخ و ئاستی هزری و زەینی نییە، بەڵکو رستێکی کۆنکرێت و دارێژراوە لە نووسراودا. گەرچی لێرەدا رەهەندێکی سەربەخۆی باوەڕ وندەبێت بەهۆی نووسینی ئایینەوە، دەبێت خودی دەق پابەند و ملکەچی لێکدانەوەو راڤەکردن بێت. لێرەوە گۆڕان دەبێتە پرسێکی گرنگ کە ناکرێت چاوی لێ بپۆشرێت. چونکە گۆڕانی رۆژگارو پێداویستە نوێکان فشار دەخەنە سەر دەق و چاوەڕێی وەڵام دەکەن. دیارە هەر دەقێکیش خۆی



داخست بەڕووی گۆڕان و لێکدانەوەی نوێدا، ئیدی کۆتایی بە تەمەنی خۆی دەهێنێت، لەبەر ئەوەی دەق بە راڤەکردن دەژی.

لێکدانەوە و راڤەکردنیشی بۆخۆی وابەستەی ئەو گۆڕانکارییانەن کە لە زەماندا هەن. چونکە زەمانیش رەهەندێکی گرنگ و زیندووە لە راڤەکردندا. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین رێزمان و بنەماکانی زمان دیاری بکەین، بەڵام هەرگیز ناتوانین شێوازی بەکارهێنان و پێك هێنانی رستە و دارشتنی بەیەك شێوە دیاری بکەین، چونکە ئەمە بۆ خۆی شتێکی رەها و بێ کۆتایە لە زەماندا.

## ئاوەز بەرامبەر بەدەق:

پرسیارێکی تر کە لێرەدا گرنگە رۆڵی ئاوەزە، واتە رۆڵی ئەقڵ چییە لە بەرامبەر دەقدا، دیارە ئەمە پرسیارێکی کلاسیکییە کە لە لایەن زانا و تیۆلۆژیستەکانەوە وەڵامی جیاوازی دراوەتەوە. بۆ نموونە لە ترادیسیۆنی راڤەکردنی دەقی پیرۆز لە ئیسلامدا لای قوتابخانەی ((ئەهلی حەدیس)) یان بابڵێین "دەقگەراکان"، ئەقڵ دەبێت لە ژێر قەڵەمرەوی دەقدا بێت، ئەوە ئەقڵ نییە سنوور و واتای دەق دیاری دەکات، بەڵکو دەقە سنوور و دەسەڵاتی ئەقڵ دیاری دەکات، لێرەوە و دواجار پرسیارێکی تر دێت: چۆن و بەچی لە دەق بگەین؟

دەزانین دەق خۆی بەدەستی خۆی (گەرچی روون و ئاشکراشبێت) خۆی بەیان ناکات، بەڵکو پێویستی بە ئاوەزێك هەیە لە تەك توانای ماریفی و زانیاریدا توانای لێکدانەوەو تێگەیشتنی هەبێت. کەواتە لێرەدا ململانێی دوو دەسەڵات دێتە ئاراوە، دەسەڵاتی ئەقڵ و لێکدانەوە، دەسەڵاتی دەق. هەڵبەتە گەر ئەقڵ هەمیشە لەژێر هەژمونگەری دەقدا بێت، ئەوسا دەق توانای بەرهەم هێنان و واتا بەخشینی نامێنێت. دیارە زانایەکی رادیکاڵی وەك "ئیبن تەیمییە" کە سەرمەشقی ئەهلی حەدیسە، پەی بەمە بردووە لە وتەیەکی بەناوبانگیدا: "ئەقڵ بناغەو بنەمای سەرەکیی وەرگرتنە (نەقڵە)". بەڵام تا چەند ئەم رایە سەبارەت بە ئەقڵ ئەو بۆچوونە ناگرێتەوە کە ئەو رۆڵەی ئەقڵ تەنها وەك ئامێرێکی ماتماتیکی دەبینێت و سەربەخۆیی تەنها ئەوەندەیە ئامرازیانە کاربکات (واتە ئەقڵی ئێنسترۆمێنتاڵ)؟

دەگەڕێینەوە سەر "باوەڕ"، کەلە قۆناغێکدا دەبێتە ژیانێکی ناخەکی و پەنهان و چیتر باوەڕ خۆی لە فورمی سادە و ئاکاری رۆژانەدا بەرجەستە ناکات. باوەڕ دەبێتە هەست و کەشێکی ناخی مرۆڤ و پەیوەندی لەگەڵ رۆژگاردا وندەکات. هاوکات دەشێت ونکردنی

ئاسەوارەکانی خودا و پەروەردگار بێت کە دەقی پیرۆز و کردەی پەرستش نەمێنێتەوە. لێرەوە باوەڕ تەنها ژیانێکی رۆحییە کە لە هەندێك ترادسیۆنی سۆفیگەریدا دەبینرێت.

مەسەلەی پەروەردگار، خودا، کردگار، لە بنەڕەتدا کێشەیەکی فەلسەفی سەرەتاییە، واتە کێشەیەکی بوونییێتی (existentialist) یە لە ناخی مرۆڤی باوەڕداردا کە پاڵی پێوەدەنێت و بوونی خۆی راستەوخۆ دەبەستێتەوە بە بوونی خوداوە، چونکە دەبێت ئەفراندن تەنها خسڵەتی کەسێکی تری باڵا بێت کە خۆی هەماهەنگ (identiek) و هاوچەشن نییە لەگەڵ ماتێری و ئەو شتانەی کە هەن. بەڵام بەمە لێرەدا مەسەلەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو پرسیارگەلی تر سەرهەڵئەدەن وەك: چۆن پەی بەو راستییە ببەین، چۆن ئەو کردگارە بناسین؟ تا چەند توانا و وزەی ئەقڵیمان هەیە بیناسین؟

دیارە لێرەدا تواناو کاتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەمان نییە، چونکە لە لایەك پەلکێشمان دەکات بۆ ناو جەرگی تیۆلۆژیا و لە لایەکی ترەوە دەبێت پرسی گەیشتن و ناسینی خودا، لە فەلسەفەدا بگۆڕین بە مەسەلەیەکی ماریفی کە ئەویش گەیشتن بەڕاستی و توانای ئەقڵی مرۆڤە کە بگات بەو ئاستە بەرزە کە سنوور و ئاکار و بنەمای بیرکردنەوە دیاری دەکات. بۆیە فەیلەسوفی مەزن کانت لە نوسینەکانیدا لە دابەشکردنی جۆرەکانی ئاوەز بەسەر ئەقڵی پراکتیك و ئەقڵی پوخت (Reine vernuft) یاخود ئەقڵی تیۆریدا بەشێوەیەکی سیستماتیك هەوڵیداوە لە سنوور و توانای ئەقڵ بتوێژێتەوە.

لای کانت ئەقڵی پراکتیك سەروکاری رەوشت و ئاکار و ئەدگاری مرۆڤ دەکات، تەنها ئەو پێوەرەیە کە ئایین پەسەند دەکات. وەك لە پێشەوە وتمان ئایین بەلای کانتەوە پێویستە، چونکە مرۆڤ تەنها بە ئەو ئەقڵە ساغ و پوختەیە ملکەچی رێنومایەکان و سنوورەکانی رەوشت نابێت، بەڵکو پێویستی بە مەبەست و ئامانجێکی دەرەکی (ترانسدێنتاڵ) هەیە کە مرۆڤ شەتەك بدات بە ئەقڵی پراکتیکەوە و شوێنی بکەوێت. لێرەدا کانت وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، "ئێمە دەتوانێن بیر لە خودا بکەینەوە و لێی رابمێنین، بەڵام ناتوانین تێبگەین و بیناسین". چونکە خودا خۆی لە دەرەوەی سنووری ئەقڵ و ماتێریدایە، لە کاتێکدا ئەقڵ سنووری خۆی هەیە ناتوانێت بە ئەزموونی ئەقڵانی و تاقیکردنەوە بیگاتێ.

لێرەوە کێشەی ناسینی خودا بۆ سۆفییەکان و عارفەکان هیچ مەسەلەیەکی هزری نییە، بەڵکو بەڕای ئەوان رێگەیەکی تری هەیە کە وەرزشی رۆحییە. شایانی سەرنجە کە لەنووسین و پەرتووکە ئایینییەکاندا پرسی باوەڕ لە روانگەیەکی فەلسەفیەوە نەخراوەتە بەرباس و



توێژینەوە کە باوەڕ چۆن و لە چییەوە دێتە ئاراوە. واتە باوەڕ لە پرسیاری بوونەوە گۆڕدراوە، لە قایل بوونێکی ئەقڵی و توێژینەوە و بەڵگەییەوە بۆتە پرسیارێکی سادە کە تۆ باوەڕ بەچی بهێنیت.

ئیدی بۆتە کێشەی باوەڕهێنان، تەسلیم بوون و لە کۆڵ خۆکردنەوەی چەندین پرسیاری پەیوەستدار بە باوەڕ و خرۆشانی ئەقڵی و ئەستەمیی وەڵامەکانەوە. بەواتایەکی تر باوەڕ بۆتە مەسەلەیەکی پراکتیکی رۆژانە نەك کێشەیەکی ئالۆزی تیۆری. دیارە هەمان شت راستە سەبارەت بە ئایین، کۆی ئایین نەبۆتە کێشەیەکی ماریفی، بەڵکو ئەوەی لەسەری دەنووسرێت مەسەلەی ئاییندارییە، چۆنییەتی رەفتار و ئاکار و بڕوای ئایینییە. لێرەوە ئایین و باوەڕ شوێنێکی نادیار و شاراوەی هەیە لە ژیانی ئێمەدا. ئایین نەك ئەو تابویەیە کە دوان لە سەری قەدەغەیە، بەڵکو ئەو پانتاییە شاراوەیە کە هەمیشە لەناو ئێمە و لە هزرو مێژووماندا هەبووە.

هەڵبەت کە سانێك ویستوویانە ئایین بە شێوەیەك لە شێوەکان بکەن بە کێشەیەکی ماریفی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بوێرییەکی تەواوی دەوێت بۆ توێژینەوە لە ئایین، نەك لەبەر ئەوەی ئەم کارە مانای دەم وەردانە لە مەسەلەگەلی پیرۆز و باڵا، بەڵکو هەندێك کەس ویستویانە ناو و ناتۆرەی ئایین لە خۆیان دوور بخەنەوە و نووسینەکانیان نەبێت بەماڵ لەسەر نوسینێکی ئاییندار. دیارە ئەمەش رێگایەکی باشی بۆ ئیسلامگەرا خۆشکردووە کە بەویستی خۆی ئایین تاپۆ بکات و بیکات بە موڵکی خۆی و خۆشی وەك تەنها نماینده و بڵندگۆی ئایین پێشان بدات.

### ئایین هەڕەشەیە لەسەر خۆی:

وەك باوە کە ئایین هەرەشە و مەترسییە لەسەر ژیان و ئازادی تاك و ئاسایش کە خۆی لە هەرەشەی دۆگما و تیرۆر ئایینی دا بەرجەستە دەکات. بەڵام بیری ئایینی بۆ خودی خۆشی جێی مەترسی و هەڕەشەیە. واتە دیاردەیەك هەیە کە دەتوانین بە خود- وێرانکردن و لەناوبردن پێناسە بکەین. ئەم دیاردەیەش زۆر بەباشی لای فەیلەسووفی فەرەنسی دێریدا کراوەتە تەوەرێکی گرنگ بۆ توێژینەوە لە ئایین لە ناوەوە. واتە نەك ئایین لە رێی ئەوەی لێی دەوەشێتەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر دەوروپشتی خۆی، بەڵکو بۆ خودی خۆشی گرفت و هەڕەشەیە. ئەمەش لەسەرنجدانی مێژووی ئایینەکاندا دەردەکەوێت کە ئایین وەك دیاردەیەك

دوو ڕۆڵ و ئەگەر لە خۆیدا هەڵدەگرێت. پەیوەستی مرۆیی، هەم دابڕان و لەیەکردنی مرۆڤەکان. شایانی باسە نووسەرێکی وەك (James R Mensch) جەیمس مێنش لە نووسینێکدا قسەی لەسەر دیاردەی مێژوویی دووئەگەرێتی کە بە (**double potential**) ناودەبات کردووە(١).

ئەوپێی وایە مێژوو مانڤێستی ئەو دوو ڕۆڵە دەکات لە ئاییندا بەگشتی. چونکە ئایین لەلایەکەوە بانگەشەی خۆشەویستی و جوانی و لێبوردەیی دەکات. وەلێ لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی رق و دەغەزاری و شەڕوشۆڕە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەتایەی کە دێریدا بە 'autoimmune reaction' (زاراوەیەکی بایۆلۆجییە کە سیستمی بەرگری جەستە دژ بەخۆی نەك بە ڤایرۆس و میکرۆبی دەرەکی دەوەستێتەوە ). واتە ئایین قوربانی ئەو کاردانەوەو بەرچەکردارەی سیستمی بەرگرییە. بۆیە ئایین دەناڵێنێت بەدەست ئەم جۆرە دیاردەوە لە پێناو پارێزگاریکردن لەخۆی. و بەمەش چیتر ناتوانێت ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە لەبەرامبەر ئەویتردا و دەکەوێتە هەڕەشە و ویژەی خۆی. واتە خۆی وەك ئەویترێ دەبینێت و لەوەشەوە هەوڵی کۆنترۆڵ و چەپاندن دەدات. ئەمەش بێ زەبر و توندوتیژی بەڕێوە ناچێت. ئیدی پەیامی خۆشەویستی و لێبوردەیی و سینەفراوانی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ کینەدۆزی و تۆڵەکردنەوە و ڕامالێنی ئەویتر یا هەرلایەنێك کە ئەویتر بێت. ئیدی توندوتیژی ئایینی بەرئەنجامی ئەو خودەی ترە یا ئەویترە کە هەمیشە ئایینەکان پەراوێز و وەدەریان ناوە لە بیرکردنەوەدا (٢).

بۆیە دەشێت دیاردەی توندوتیژی ئایینی و ئیسلامگەرا وەك نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو دیاردەیە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. دیارە مەرج نییە توندوتیژییەکە تەنها کاری دەستدرێژی گیانی بێت، بەڵکو توندوتیژی دەرهەق بە ئەقڵ و بیرکردنەوە و باوەڕی مرۆڤ. بە تایبەت تر باوەڕی ئایینی خۆی.

هەڵبەت لێرەدا دەرفەتی زۆرم نییە لەسەر کێشەکانی ئیسلامیزم بدوێم، بەڵام ڕێ گوزەرێك دەکەین بە یەکێك لە کێشەکاندا و ئەوانیتریش هەڵدەگرین بۆ ئەو تەوەرەی کە لەلاپەرەکانی دواییدا بە ناوی "ئیسلامیزەکردنی مافی مرۆڤ و زانست" تیشکی خراوەتە سەر. یەکێك لە کێشەکانی ئیسلامیزم ئەوەیە کە ئایین دەکاتە ئایدیۆلۆجیایەکی نەگۆڕ و دەیخزێنێتە چێوەیەکی سیاسییەوە. بەمە دەیەوێت ئایین وەك دۆگمایەك بەیەك جۆر خوێندنەوەی سادەوە بۆ هەموو سەردەم و کات و شوێنێك بەکار بهێنێت. دەزانین لێکدانەوەی تایبەتی خۆیشی هەیە بۆ تێکستە ئایینییەکان، هاوکات ئایین هەمیشە خۆی گونجاندووە لەگەڵ ڕۆژگار و دونیای



گۆڕاودا. بانگەشە کردن بۆ ئایین هەمیشە دەبێت لەگەڵ جۆرێك لە خۆگونجاندن و خۆنزیك کردنەوە لەگەڵ واقیعدا بێت، بە تایبەت ئیسلامیزم کە خۆی وەك هێزێکی سیاسی دەبینێت.

لەبەر ئەوە ئیسلامیزم هەمیشە پێیەکی لە واقیعی نوێدایە و پێکەی تری دەگەڕێتەوە بۆ ئایین، هەرگیز ئیسلامیزم ڕەوتێکی پوختی ئایین نییە، بەڵکو ئامانج و ئایدیۆلۆجیاکانی بە ئایین بۆیاخکراوە. هەر ئەمەش وا لە مرۆڤی ئیسلامگەرا دەکات لە دڵەڕاوکە و بەگژداچوون بە تێکست و پێداویستییەکانی رۆژگاردا راکەڕاکەی بێت. لە لایەکەوە دەبێت بە دروشمی خۆی ئایین نەگۆڕ بێت، لە لایەکی تر دەبێت خۆی بگۆڕێت، چونکە پێداویستیەکان و داواکاری و شێوازی ژیانیش دەگۆردرێن. ئەگەر بە تەواوەتی خۆی بگۆڕێ ئەوا ئایین لەدەست دەدات، ئەگەر لە دۆگماشدا بمێنێتەوە بڕیاری مەرگ بەسەر خۆی و باوەڕەکەیدا دەدات، چونکە لە رۆژگارێکی خێرا و گۆڕاودا جێیان نابێتەوە.

## چۆن باس لە ئایین بکەین؟

دیارە باسکردنی ئایین بە چاك یا خراپ، ناچێتە چوارچێوەیەکی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لێی. پاشان باسکردنی ئایین لە نووسینی کوردیدا نەبۆتە کێشەیەکی فەلسەفی، بەڵکو نووسراوەکان لەمەڕ ئایینەوە بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن: جۆرێك کەلە ڕوانگەی باوەڕداری و ئایینداریییەوە باس لە ئایین دەکات، واتە ئایین وەك سرووتی ڕۆژانە بەرجەستە دەکات. دیارە بۆ ئەم بۆچوونە ئایین کێشە نییە، بەڵکو دورکەوتنەوە و پرسیارکردن لەسەر ئایین و توێژینەوە لە ئایین بۆی کێشەیەکی ترسناکە. لای ئەم ئایین بوونێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی هەیە، لە کاتێکدا باس لە مەترسیی گۆڕان دەکات، چونکە چیتر ئایین وەك ڕەهەندێکی سەرەکیی ژیان نامێنێت و بۆچوونەکان لەسەر ئایین دەگۆڕێن.

جۆری دووهەم: ئەو نووسینانەن کە ئایین لە چاویلکەیەکی ئایدیۆلۆجییەوە دەبینێت. لێرەوە باسکردنی ئایین تەنها هەڵوێستەکردنە، بەگژا چوونەوە و ڕەتکردنەوەیە. دیارە ئەم جۆرە نووسینانەش هیچ پەیامێکی زانستیی پێ نییە. هەربۆیە هیچ کامیان خرۆشانێکی فیکری و ماریفیمان بۆ دروست ناکەن. خاڵێکی تر کە نابێت لە بیرمان بچێت ئەوەیە کە باسکردنی ئایین لە دەرەوەی باوەڕداری و مەڵبەند و سەنتەری ئایینەکانەوە کارێکی ترسناکە، چونکە ئەوان خۆیان بە تەنها دەمڕاستی ئایین دەزانن و هێشتا لەوە نەگەیشتوون کە دەکرێت ئایین لە دەزگایەکی ئەکادیمیدا، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. کەواتە کام مێتۆدی زانستی دەتوانێت

ئەم کۆسپانە تەخت بکات و دەرگایەکی بێ لایەن ئاوەڵا بکاتەوە لەبەردەم رەهەندێکی گرنگی بیرو هزری کوردەواریدا!

چیتر ناکرێت و ناشبێت بێدەنگ بین بەرامبەر نەبوونی توێژینەوە و بەدوادا چوونی زانستی لەسەر ئایین. شتێکی سەیر لێرەدا ئەوەیە کاتێ دەبینین ئەو داخراوییە و دۆگماییەی کە ئەمڕۆ لە باس و خواسی ئایینیدا هەیە، لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا نەبووە و زانایانی ئیسلام زۆر بە کراوەیی و راستکاری لێکۆڵینەوەی بابەتیی بە نرخیان ئەنجام داوە، گەرچی ئەوان لەڕووی مێژووییەوە نزیکتربوون لەسەر چاوەکان و رووداوەکان و ئەو کارانەیان ئەنجام داوە پێشکەوتووتر بوون لە ئیسلامیزمەکانی ئەمڕۆ، لەبەر ئەوە ئێمەش پاش چەندین سەدە پێویستمان بە ئاوردانەوەو توێژینەوەی زانستی هەیە لە کێشەی ئایین.

**ژێدەر:**

١. سەیری وتارەکەی جەیمس لە رۆژی لە ٢٨-٠٨ — ٢٠٠٨ لە ژێر ناوی "The neighbor in the self" لە سایتی: www. Opendemocracy.net

٢. هـ.س.پ. وە سەیری" www.europhilosophie.eu

**سەرچاوەکان:**


- G. Vattimo; De Transparante Samen levins p.58 .Boom.1998
- Bruno Lutour; We zijn nooit modern geweest. Van Gennep Amsterdam. 1994
- Charles Taylor; Wat betekent religie vandaag? uitgeverij klement. 2003
- I. Kant; De religie binnen de grenzen van de rede. Boom. 2004




## ٢-٢ تێکەڵاوبوونی دوو دونیای جیاواز: سیاسەت و ئایین:

لێرەدا دەمەوێ کێشەی بەسیاسەتکردنی ئایین و بەئایینکردنی سیاسەت بخەمە ژێر پرسیار و توێژینەوە وە، کە تا چ رادەیەك ئەم دیاردەیە "نوێیە" لەبواری سیاسی و بەڕێوەبردندا لەم چەند ساڵانەی دواییدا وەك دیاردەیەکی زەق و سەرنج راکێشەر چەندین گرفتی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ناو سیاسەتی کوردی و بیرکردنەوە بەگشتی. لەلایەکیترەوە چۆن ئەم رەوشە بۆتە هۆی بارگرانکردنی ئاستی رۆشنبیری ئێمە بەتایبەتی لەم ساتە وەختەدا!

ئەمڕۆکە چ لە دونیای سیاسەت و چ لەئاییندا ئاشکرا تێکەڵاوخوازییەکی بێسەروبەر دەبینرێت لەنێوان دیدی سیاسی و ئایینیدا و، ئەم دووکایەیە بۆخۆیان بوونەتە تەمومژێکی رەش و بەرچاو لەبەردەم هەموو ئاسۆیەکی جیهانبینیدا. کاتێك بابایەکی سیاسی کار و هەڵسوکەوتەکانی (سیاسی) بەرگی ئایین و پیرۆزی لەبەردەکات و رەفتار و گوتارە سیاسییەکانیشی پێ رووکەش دەکات، چیتر هەڵگرانی ئەم شێوازە بیرکردنەوە، یان جەماوەری خەڵك توانای جیاکردنەوە و تێگەیشتن لەئامانج و بەرنامە سیاسییەکانیاندا نامێنێت. بەهەمان شێوەش ئایینداڕێك شێوان و تێکەڵکردنێك لەنێوان ئەرکی پەرستش و سیاسییەکاندا دەکات، ئیتر سنوورێك نامێنێتەوە کە لێوەی بزانرێت ئایا کە ئەم رەوتە سیاسییە یان ئایینییە یاخود ئەم مرۆڤە ئاسمانییە، لە لیتاوی سیاسەتبازیدا گیری خواردووە!؟

گەربێت و سەرنجی خێرایی سیکۆلاریزم بدەین، کە گوتاری ئایدیۆلۆژی پێشکەوتنخواز و نوێخوازە، دەبینین پێداگرتن لەسەر جیاوازی خستنە نێوان دەوڵەت-ئایین سەرەکیترین بنەمای سیاسی بەرجەستە دەکات لەتەك بنەماکانی تردا، کە هاوشان و بەهەمان پلە گرنگ و بایەخداران بۆ دەوڵەتێکی نوێ، بەڵام ئەم شێوازە بیرکردنەوە و تیۆرە لە دونیای سیاسی کورددا زۆر بەپێچەوانەوە پراکتیزە دەکرێ و هەڵگرانی ئەم تەرز و نەریتە دروشم و گوتارەکانیان بێپەروا لەگەڵ ئایین و نەریت و باوەکاندا تێکەڵ دەکەن، نەك ئەوەندەش، بەڵکو خۆیان دەبنە بڵندگۆیەکی ئایینی-سیاسی یاخود گوتاری سیکۆلاریزمیش دەکرێتە ئایینێکی نوێ، ئەمەش بۆخۆی گرفتێکی ترە.

گەربێت و مەسەلەی ئاوێتەکردنی ئایین-سیاسەت وەك شێوازێکی ساکار و سەرلێشێواو بەمۆدێلێکی سیاسی دابنرێت کە زۆر تا کەم لەخۆرهەڵاتدا (وڵاتانی هەرێمی و نزیك) باوە، چونکە سیاسەت (دەوڵەت) لەم ناوچانەدا تۆتالیزمییانەیە لەبیرکردنەوەدا و پەلدەهاوێژێت بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆڵ و هەوڵی کۆنترۆڵی سەرتاسەری و، هەر پانتاییەك دەدات

له دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی. دەبێت هەموو بیرکردنەوە و دیدێك (هەر چۆن بێت رەنگ و بەشی) لەکارگەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی خۆیەوە سەرچاوە ببەستێت، لەبەرئەوە ئایینیش گەرچی کایەکی کۆمەڵایەتی جەماوەرییە و، لەم هەڵمەت و شاڵاوە بەدوورنابێت. پەلکێشی سیاسەت و دەوڵەت درێژ دەبێتەوە بۆناو هەناوی کۆمەڵ و ناخی مرۆڤەکان، تەنانەت تاکەکانی کۆمەڵیش دەبنە قوربانی ئەم رەوش و ستراتیژیەتە و دەخرێنە ناو پاوانەی چاودێری و رکێفییەوە.

یەکێك لەهۆکارەکانی تێکەڵخوازی گەر لە دەم و زوبانی سیاسەتمەدارەکانەوە وەربگیرێت تەنیا بیانوویەکی جوانە" ئەویش لەبەر چاوگرتنی بیر و باوەڕی جەماوەر و کۆمەڵگایە و رێزگرتنە لەو سامانە کولتووری و ئایینییە!؟ لێرەدا دەرفەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەم قسەلۆکە نییە، تەنیا ئەوەندە بووترێ کە سیاسەتی کوردی (پارتەکان) هێندەی بڵێیت کۆنفۆرمیستن (خۆ گونجێنەر) لەهەموو رووەیەکەوە بەتایبەت ئایین. بێگومان جەماوەر و رای گشتی بۆ خۆی تابلۆیەکی سپی پڕنەکراوەیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی پێکهێنان و ئاراستەکردنی دەدرێت و، لەلایەکیترەوە زۆر تەلیسماوی و ئەبستراکت لێك دەدرێتەوە. وامان حاڵی دەکەن بەشێکی رێزی رای گشتییە لەڕێی ئەم تێکەڵاوخوازییەوە، کە بۆ خۆی لەسەروو هەموو بنەما و بیرێکی پێشکەوتنخوازانەوە دەوەستێت!

بەڵام خودی ئەم لەبەر چاوگرتن و رێزدارییە بۆ (جەماوەر) کەبوونی نییە، لە واقیعدا رەفتار و کردەوەی رۆژانە و سیاسەتی ئێمە هەڵتەکێنەری ئەم رستە پیرۆزەن، مەگەر تەنیا مەسەلەکە کێشکردنی هەست و سۆزی زۆرینەبێ لەپێناوی دەسەڵاتخوازیدا. گرفتەکە لەوەدایە کە لاف بەباڵای مۆدێرنییەت و ناوەکانی تردا لێدەدرێت و کاری پێناکرێت لەهەمانکاتدا داوا یان چاوەڕوان دەکرێن لەدەرەوەی ئەم پارت و رێکخراوانەوە کە بەهیچ جۆرێك مامەڵەی سیاسی بەئایینەوە نەکرێت. لەکاتێکدا خۆی پێشەنگی تێکەڵاوخوازییەتی چەواشەیە: شایەنی باسە ئەم دیاردەیە دونیای سیاسی ئێمەی نەتەنیوە، بەڵکو پەراوێزێکی پان و بەرینی هەیە لەهەرێمەکانی دەوروپشتمان. ئەمەش بۆ خۆی هۆیەکی ترە لە تەنینەوەی ئەم درمە بۆ ناو بیری سیاسی کوردی. بێگومان جیاکردنەوەی ئایین-سیاسەت لەمڕۆدا هەروا کارێکی سانا نییە، چونکە دیاردەکە هۆکاری مێژوویی و کولتووری دەوروپشتمان لەپشتەوەی دەوەستێ و دەستبەرداربوونیشی هێندە ئاسان نییە، بەڵام گرنگ هەنگاوێکی نوێ دەبێت لەمێژووی بیریسیاسی و حوکمڕانیدا.



ئاشکرایە دۆخی سیاسی ئێمە درێژبوونەوەیەکی مێژوویی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی باڵادەستبوونی ئایین و حوکمڕانی ئایینی. پاشان بانگهێشتن بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات و باوەڕ. گەر بناخەیەکی یاسایی و زانستی داڕێژراو نەبێت و دەسەڵاتە لۆکاڵەکانیش بۆ خۆیان جوداکردنەوەی کایەکان پێشێل بکەن، ئەوسا هەر بانگەوازێك کە دەکرێت مایەپووچی بۆ دەمێنێتەوە، گەر هەر پارتێك لەڕاست بۆ چەپ بەدەستێك دەست نوێژ بشوات و شایەتمان دەهێنن و بەدەستێکی تر هەڵگری ئاڵای مۆدێرنییەت و... هتد بێت، بۆ دەبێت پارتەکان دەزگای فتوای ئایینی و پیاوانی خۆیان هەبێت بەو کارانە هەڵبستن؟ لێرەدا کێ باوەڕ بەکێ بهێنێت؟ ئەمە جگە لە کۆمیدیای سیاسی نەبێت، چیدیکە ناگەیەنێت، کاتێك سەرکردەیەکی سیاسی، نەك سەرکردەی پارت و ناوچەیەك بێت، بەڵکو خۆشی وەك پێشەوایەکی ئایینی و ئیمام ئاسا بنوێنێت!

لەبەرئەمە جارێکیتر گومان لەسەرکردەی سیاسی دەکرێت، کە تائەم ساتەش لەبەرگە کلاسیکی و کۆنەکان دەرنەچووە و توانای خۆ گۆڕانی نییە. گومانی تێدانییە سەرکردەی کوردی سەردەمی رابردوو یان نیوسەدەش لەمەوبەر کەسانێك بوون. یاخود ئاوێتەیەك بوون لەسیاسەت و ئایین، کەئەوەش وەك باسکرا هۆکاری مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی لەپشتەوە هەبوون. لەمڕۆدا ناکرێت چاو لەم راستییە بپۆشرێت کە تێکەڵاوکردن و نەبوونی ستراتیژیەتی روونی سیاسی و کارکردن و وشیارێتی سەرکردە و سیاسەتمەدار کەمدەکاتەوە. هەمان تێکەڵخواز بۆ هەڵگرانی ئایین راستە کە تەنیا بە پۆستی پێشەوایەتی رۆحی و ئایینی قایل نابن، بەڵکو بەهەموو رێگایەك هەوڵدەدەن ببنە سەرکردەیەکی سیاسی و دەوڵەت! نەك تەنیا دوارۆژ مسۆگەربکەن، بەڵکو لەپێشدا دونیاش قوتبدرێت.

چەمکی کۆمەڵگا - دەوڵەتی نوێ لەم سەردەمەدا بەئاشکرا و روونی توانیوێتی سنوورێکی جیا لەنێوان پەرستگا/دەوڵەت دا دابنێت، کە نەدەوڵەت توخنی کاروباری ئایینی بکەوێت و بەکاربهێنرێت لەسیاسەت و بەرژەوەندییەکاندا و نە ئایینیش نوێنەرانی خۆیان لەکاروباری دەوڵەت و یاسا هەڵبقۆرتێنێت. ئەم سنوورە یاساییە نەك تەنیا دەوڵەت وەك دەزگایەکی سیاسی لێجیتم (ڕەوا) لەدەستتێوەردان دەپارێزرێن و دەچێتە کایەی ژیانی تاکە کەسەوە.

ئەم خاڵە گرنگە کاتێك باس لە دەوڵەتی سێکۆلاریزم دەکرێ، کەچی لەبیردەکرێ لە باس و لێکۆڵینەوەکاندا. هەروەها وەك رەوشێك لە یاساناسی و رۆشنبیری سیاسی کۆمەڵگای

مۆدێرندا رسکاوە. ئاوێتەکردنی ئایین بەسیاسەت چ وەك تاکتیك بێت یان شێواندنی سیاسی و ئایینی سەرگەردانی سیاسەت و ئایین دەگەیەنێت لەپێش هەموو شتێکدا.

خۆساغ نەکردنەوە لەو نێوانەدا جگەلە گەمەیەکی دێماگۆجی و دەمامکدار، چیتر نادات بەدەستەوە لەبەردەم رای گشتیدا. کاتێ بانگەشەی ئازادی و سەربەستی بیروڕا دەکرێت دەبێت ئەو ئازادییە ئەوپەڕی روونی و هەڵمالینی رووخسار و کات بکات و کەشێکی سیاسی بێ پەردە و پێیچاوپێچ بێت، مسۆگەری ئەوەبدات کەهەموو بیرەکان بە جیاوازییانەوە بتوانن و بوێرن خۆیان نیشانبدەن و، چیتر مرۆڤ یان بیروڕایەك هەست لە بیرۆکە و خواستە سیاسییەکانی نەکات و، بسڵەمێتەوە لە بەردەم ئەو دادگایەی، کە ناوی رای گشتییە و، لە لایەن دوو دەسەڵاتەوە پیادە دەکرێن و، پەنا بەرێتە بەر رووکەشکردنی بەرنامەکانی بە باوەڕی ئایینی. مەترسی لەوەدانییە، کە هەموو پارت و رێکخراوێك ناسنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بخاتە بەردەم و هەوڵی خزمەتکردن بدات لە رێوەی. پێم وایە کۆمەڵگا هیچ ئایدییایەك رەت ناکاتەوە لەبەر هۆکاری بیروباوەڕ، چونکە رای کۆمەڵ هیچ کاتێك  بڕیاردەر و خاوەنی بڕیاری سیاسی مانەوە و هەڵوەشاندنەوەی نەبووە لە مێژووی ئێمەدا.

پاشان خواست و داخوازییەکانی کۆمەڵ لە پێشدا داواکاری ئایدیۆلۆژی نین و، ئەوەی چاوی کۆمەڵ بەدی دەکات و، سەیری دەکات خودی ئەو ئایدیۆلۆژیا و، دروستانە نین، کە لەپشت کارەکانەوە وەستاون. وەك زۆرکەس تێدەگات، بەڵکو چاوی جەماوەر لە خزمەتگوزاری و کارکردنە، هەمیشە پرسیاری کۆمەڵ لە سیاسەت و پارتەکان لە چی نەکەن و، یان چییان بەجێهێناوە کۆدەبێتەوە، نەك لەریزکردنی رستە جوان و بڵند ئامێزەکان. گەر پارتێك، یان سیاسییەك خۆی یەکلابکاتەوە و، بە ئاشکرا باس لەوە بکات، کە کاری ئەم باوەڕی و ئایینییە، بەڵکو سیاسەت و ئەو دونیایە، کە بەندە پێوەی. هیچ ئاکامێکی ترسناك نابێت، هەروەها ئایندارێك ئەوە بخاتە بەرچاوی خۆی و خەڵکی، کە ئەو بە ئاشکرا خەریکی سیاسەتە و، چالاکی پارتایەتی هەیە. یا خۆشی وەك هەرکەسێکی ئاسایی خاوەن بڕوایەکی ئایینیش مافی خۆیەتی، بەڵام وەك کەسێکی سیاسی و دەزگا و فەرمانگەکاندا کارێکی تری لەسەر شانە و، پەیوەست نییە، بە باوەڕ و ئایین و پارتەوە. لادانی پەردە و دەمامك لە روخسارەکان و تێکەڵاونەکردنی دروشم و باوەڕ و بەکار نەهێنانی هەست و سۆزی ئایینی کۆمەڵانی خەڵك ئەو پەڕی راستگۆیی و جەربەزەییە لەکاری سیاسیدا.

سەرەڕای ئەوەش تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت هۆیەکە بۆ دابەشکردنی خودی کەسی ئاییندار و دروستکردنی هەندێك کێشەی دەروونی بۆی. ئەستەمە مرۆڤ لە یەك کاتدا هەڵگری



پەیامی ئایینی بێت و پابەند بێت بەڕێوڕەسمەکانی، کە بۆ دونیایەکی تر بێت، خۆی لە ناو دونیای سیاسەت و تاکتیدا بگەوزێنێت. پرەنسیپەکانی سیاسەت بە هیچ شێوەیەك لە ئایین نزیك ناکەونەوە. لە پاش بڕینی چەندین سەدە لە دەست ململانێی نێوانیان و، پاشان جەنگی خوێناوی درك داماڵین لە یەکتری. ئەم جیاکردنەوەیەش لەسەر بناخەی چەمك و واتای (ئایین-سیاسەت) لە شێواز و ئەنجامدان و پاشان ئامانج و مەبەستەکانیاندا دێتە دی.

بەپێی ئەم سێ تەوەرەیە دەتوانین ئایین\سیاسەت لە یەکتری جیابکرێتەوە و ئاوێتەکردنی هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هەردوو کایەکە دوو توخم یان رەگەزی جیاواز و سەربەخۆن، لە بنەڕەتدا  تێڕوانینیان تەواو دوورە لە یەکەوە. چەمکی ئایین لە دەرەوەی کات (زەمەن) و شوێن دا دەوەستێت و کاری پەرستیش و پتەوکردنی پەیوەندی خودە بە دەرەوە لەرێی ئەنجامدانی پەرستن و بەڕاستگۆیی و ئامانجیش تێیدا رەزامەندی بەرستراوە تێرکردنی پێداویستییە رۆحییەکانی مرۆڤە لە پاکژی و ساف و ..هتد. بەڵام سیاسەت بەهیچ شێوەیەك لەم رێوڕەسمەدا بەشدار نابێت و، کار بەم پرەنسپ و واتایانە ناکات. سیاسەت تا ئەوپەڕی توانای دونیایی و ، هەنووکەییە، لەسەر بەرژەوەندی و قازانج راوەستاوە. لە کاتێکدا ئایین چاو لەم بەرژەوەندی و قازانجە کورت و کاتییانە دەپۆشێت بۆ دوارۆژێکی هەتایی.

ئایین ترانسێندێنتاڵە، لەبەر ئەوەش دەبینین رەفتار و کارە سیاسییەکان پشت بەهیچ پێودانگێکی ئایینی نابەستن و، سەرچاوەش نابن بۆیان. جیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە، تەریککردنی ئایین لە کۆمەڵگای مرۆڤ ناگەیەنێت. وەك ئاماژەم پێدا ئایین بۆ خۆی ترانسێندێنتاڵە، لەبەر ئەوە هیچ ئەلتەرناتیڤ و جێگرێکی تر نییە لە ژیاندا بۆی، چونکە باوەڕی ئایینی راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ویژدان و نەستی مرۆڤەوە، هەمیشە مرۆڤە بە درێژایی مێژووی هەڵگری هەستێکی خۆرسکی ئایینی و باوەڕەوە لەچەندین فۆرم و، شێوازی جیاوازدا ئەم هەست و دیدەی بەرجەستەی کردووە. چەندین قۆناخی تێپەڕاندووە. وەك پێداویستییەکی دەروونی، کە بۆخۆی مافێکی سروشتی مرۆڤە بەگشتی.

کاتێك ئایین دەکرێتە ئەلتەرناتیڤی سیاسەت یان بە پێچەوانەوەشەوە ئایین لە بەرگی راستەقینەی خۆی دادەماڵرێت و دەبێتە کەرەستەیەکی بازرگانی بۆ ململانێ و، رامکردنی لە پێناو بەرژەوەندییەکاندا. لێرەدا ئایین لە کار و فەرمانە سروشتییەکانی دەکەوێت وەك ئایینێك و، چیتر توانای وەڵام و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئێستای نابێت و، خۆشی دەبێتە بەشێك لە گرفتەکان، لە بەرئەوەی ئایین لە دەرەوەی زەمەن بە رەهایی و سەربەخۆییەکی باڵاوە

هەڵدەسوڕێت، ناتوانێت لە بەرامبەر پێداویستییەکانی ئەمڕۆدا خۆ بگرێ و، لە بەرامبەر ئەو هەمموو ئەلتەرناتیڤ و ئەزموونانەی، کە دەخرێتە بەردەم بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرسەختەکانی رۆژگار بووەستێت و، خۆی بکاتە یاسا و، لە دەقێکی ئاشکرادا بۆ ساتێکی دیاریکراو کاری پێبکرێت.

هەر هەوڵێك لەمڕووەوە، تەنیا خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیە بۆ تێکستەکان، کە دەیەوێت ئایین بخزێنێتە ناو چوارچێوەیەکی تەسك و بیکاتە وەڵامێکی خێرا بۆ کێشەکان. وەك ئەلتەرناتیڤ لە کاتێکدا خودی تێکستەکان نووسراوێکن پەیوەندییان بە گرفت و، کێشەکانی رۆژگارەوە نییە، بۆیە ئەم هەوڵدانە بۆ خۆ نزیك خستنەوە و، لێکچواندن و راڤەکردنێکی ئایدیۆلۆژییە لە پێناو گەڕان بەدوای چارەسەردا. ئەم کارە دژ بە ئایین دەوەستێتەوە لەلایەك و، دژ بە سیاسەتە لەهەموو روویەکەوە و، لە دەستدانی کێشەکانی ئێستایە و، لەبیرچوونەوە و بایەخ نەدانە پێیان. پاشان کوشتنی ئەم دوو جیهانەیە لە ژێر لێکدانەوەیەکی دۆگمایی و، بەرژەوەندییە سەرسەختەکانی ئەمڕۆدا.

پێویستە پرسیارێك بکرێت ئەویش ئەوەیە“ لە جیاتی ئەوەی رووناکبیری کوردی لە گێژاوی ئەم باسانەدا بخولێتەوە، کە بەهیچ شێوەیەك سەر بە کێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە نییە و گرفتی سەرەکیمان نییە. گەرچی بەم شێوە دەکرێتە کێشەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، سەرقاڵی بابەتی گرنگتر و، چارەنووسساز بێت، کە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، داهاتووی مرۆڤی کوردی پێوە بەندە.

--------------------

تێبینی:

١- جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوەیەك بەتایبەتی لەمەڕ مۆدێلی سیاسی کوردی بەو ئەنجام بدرێت، کە لەکام سەرچاوە وە هەڵدەقوولێن و لەژێر کارتێکردنی کام مۆدێلی سیاسی دایە.

٢- تۆماس هۆبز لەتیۆری دەسەڵاتدا لە پەرتوکە بەناوبانگەکەیدا (Leviathan) باس لە لێکدانەوەی تێکستی ئایینی دەکات، کە چۆن دەچێتە ژێر جۆرە دەسەڵاتێکی تر، کە بەدەسەڵاتی لێکدانەوە و راڤەکردن ناو دەبات. ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆیەك بۆ راڤەکردنی ئەو تۆریتاتێکە، کە لەدەرەوە دەسەڵاتی رەوا و یاسایی هەڵدەستێت بە دانانی یاسا و داوای ملکەچ کردن و، گوێڕایەلی دەکات و، بۆیە لەم حاڵەتەدا دووجۆرە دەسەڵات دێتە کایەوە، دەبێتە هۆکارێك بۆ ململانێ و جەنگ.



## ٣-٢- چەند تەوەرەیەك لەسەر ئیسلامیزەکردنی گوتاری مافی مرۆڤ و زانست و کۆمەڵگای کوردی:

**دەسپێك:**

دیارە ئەم ناونیشانە زۆر فراوان و چەندین رەهەندی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئایینی دەگرێتە خۆی کە لە روویەکەوە دەوڵەمەندی بابەتەکە دەگەیەنێت ، بەڵام لە رووی توێژینەوەیەکی قوڵەوە دەکرێت ئەم نووسینە تارادەیەك هەژار بێت ، گەر بابەتێکی فراوان وەك ئەمە بەتێر و تەسەلی و بێندرێژییەوە نەنووسرێت .

مەبەست لەم نووسینە بەدواداچوونێکە ، یاخود پێداچوونەوە بە پرۆژەیەك کە لێرەدا بە "ئیسلامیزم" ناوزەد دەکرێت . دەکرێت ئیسلامیزم بە ئیسلامگەریش ناو ببرێت کە دۆگما و چەقبەستن ، رادیکالێتی بیرکردنەوە و کردار لە تێڕوانینێکی ئیسلامەوە دەگەیەنێت . پێش ئەوەی بچمە باسەکەوە گونجاوە هەڵوێستەیەك بکەین لەبەردەم چەمکی ئایین و جیاوازی لەگەڵ فەلسەفە و زانست بەو مەبەستەی ئەم جیاوازییە بەرچاو روونی بێت و پلەی ئایین لە ژیان و بیرکردنەوەدا تێبگەین .

ئاشکرایە هەستی ئایینی هێندەی تەمەنی مرۆڤ کۆنە و "ئایین" لێرەدا بە واتا گشتی و فراوانەکەی ، نەك ئایینێك بە تایبەت . خولیای ئایین هەردەم هاوەڵێکی نزیکی مرۆڤ بووە، یاخود باشتر بڵێین کە مرۆڤ هەمیشە سەرگەرمی ئایینداری بووە لە میانەی سروش و کەشی ئایینی وەك تێڕوانینێك بۆ دونیایەکی نەناسراو و نادیار ویستوویەتی گوزارش لە پەنهانی، لە بوونەوەر، لەسروشت، لە تارمایی بکات و بیانخاتە فۆرمێکی پیرۆزەوە و پلە و پایەیەکی دیاری بۆ دابنێت لە ژیانی رۆژانەیدا. کەواتە مۆتیڤی (پاڵنەری) ئایینی هەڵماڵینی پەردەیە لەسەر نەناسراو، نەووتراو و نەزانراوەکانی ئەم دیو و ئەودیوی سروشت .

واباشە لێرەدا بابدەینەوە سەر فەلسەفە و بەتایبەتریش میتافیزیکا کە ناوەڕۆکی فەلسەفەیە، لەبەرامبەر ئایین دا دابنێین بۆئەوەی بتوانین پایەی ئایین لەڕوویەکی فەلسەفییەوە بخوێنینەوە. چونکە کاتێ باس لە ئایین دەکرێت، کەسانێك وای بۆدەچن گەر ئایین باس لە نادیار بکات ئەوا لەگەڵ میتافیزیکاش هەماهەنگە و لەم رووەوە هەردووکیان یەکسان دەبن . بەڵام پرسیارێك کە گرنگە، ئەوەیە ئایا تا چەند میتافیزیکا لە ئایینەوە نزیکە؟ دیارە ئەو

ستێریۆتایپەی کە باوە سەبارەت بە میتافیزیکا و بەتایبەتتر میتافیزیکای کلاسیك ئەوەیە کە میتافیزیکا هەردەم سەرگەرمی باسوخواسی خوا و بوونەوەرە .

میتافیزکا لای " ئەرەستۆ " بە فەلسەفەی یەکەم ناسراوە کە باس لە چەند سەرەتایەك بۆ دۆزینەوەی هۆ و هۆکارەکان لە واقیعدا، لەکاتێکدا بەلای هایدگەرەوە میتافیزکا ئۆنتۆلۆجی دەگەیەنێت . ئەمەش ئەوە دەدات بەدەستەوە کە میتافیزیکا تەواو جیاوازە لەگەڵ ئاییندا گەرچی ئایین وەکو زانست و میتافیزیکا ڕێفلێکتە تێڕامانە (Reflect) جیهانی نادیار، بەڵام گەورەترین جیاوازی ئەوەیە کە ئایین گەرچی دید و رامانە بەڵام هیچ بنەمایەکی بۆ رەخنە لەخۆگرتن (Self-critic) و رەخنەش رەتدەکاتەوە. چونکە هەرچی دید و رامانی ئایینی بووە بووەتە بڕوا و باوەڕێك بۆ خۆی لەکاتێکدا میتافیزیکا رەخنە لە هەموو شتێك و لەخودی خۆشی دەگرێت و هیچ شتێك لەودیو پرسیار و رەخنە دانانێت گەرچی بەڵگەشی سەبارەت بە بۆچوونێك و رایەك نەبێت نابێتە باوەڕێکی چەسپاو و دەسەڵاتدار . هەر لەبەر ئەوەشە فەلسەفە زۆر تیژ و بڕەڕە لەئاست هەموو رایەك و بڕوا و بیرکردنەوەیەك هەڵوێستەی توندە. وەك سانتایان ( 1863-1952 " Santayan )" کە میتافیزیکناسێکە دەڵێت: دانایی "فەلسەفە " لە مەرگ تیژ ترە تەنها نەبەرد و چاونەترس دەتوانێت خوازیار و خۆشەویستی بێت.(١)

**کێشەی ئیسلامیزەکردن:**

پرۆژەی بەئیسلامکردن هەڵمەتێکی سەرتاپاگیرە کەپەل بۆ هەموو رەهەندەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ درێژ دەکاتەوە، بەواتایەك پانتاییەك ناهێڵێتەوە لە دەرەوەی پرۆسەکەی. ئەم رەوتە دروست کردنی جیهانێکە و گۆڕینی ستروکتۆری کۆمەڵ و دارشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی و ئابورییەکانیشە، لەبەر رۆشنایی راڤەکردنێکی تر بۆ دەق و پەیڕەو کردنی فەرمانە ئایینییەکان. هەربۆیە راستە گەر بڵێین ئێمە لەبەردەم دیاردەیەکدا نین، لەبەردەم کەشێکی ئایینیدا نین بەواتا باوەکەی کەباس لە پەیوەندی مرۆڤ و خوادەکات. بەڵکە لەبەردەم لێشاوێکداین کە سەرجەم خانەکانی مرۆڤ و شانەکانی کۆمەڵ، و بونیادی ئاوەز دەخاتە ژێر دەسەڵاتی دەقەوە.

لەو دیدە باوەدا خوا چاودێرنییە بەڵکو نوێنەراتی و خەلیفەکانی دیسپلینەکردنی مرۆڤن. لەبەردەم دامەزراندنی دەزگایەکی دەوڵەتدانین، بەڵکو لەبەردەم دامەزراندنی مەملەکەتی



خوادایین و ئێمە لەبەردەم رێژنەی دەلاڵچی ئایینی داین بەچەندە قۆرتو ئاڵۆزی هەزاران لێکدانەوەی جوداوە. کەواتە ئەم شێوازە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە هەموو روویەکەوە دەجولێت جیاوازییەکی نییە لەگەڵ رژێمێکی بیرکردنەوەی تۆتالیتاریزمی کە هەمان میکانیزمی دیسپلین و سزا بەکاردەهێنێت.

لێرەوە چەمکەکان، دروشمەکانیش بەدوورنابن لەدەستکێشی ئیسلامیزەکردن جا مافی مرۆڤ بێت یان چەندین چەمکی باو لە ژیانی رۆشنبیریدا. کە لەم نووسینەدا سێ تەوەرەی سەرەکی پەیکەری بابەتەکەم هەڵدەگرێت و هەندێك بابەتگەلی وەك بزوتنەوەی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگا و رۆشنبیری کوردی، مەسەلەی تیرۆریزم و بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی دێنە بەردەممان. تەوەرەی یەکەم باس لە چەمکی مافی مرۆڤ وجاڕنامەی ئیسلامی بۆمافی مرۆڤ. تەوەرەی دووەم باس لە زانست و ئایین و ئیسلامیزە کردنی زانستەکان دەکات.

پرسیارێك لێرەدا پێش ئەوەی بچمە قولایی باسەکەوە ئەوەیە بۆچی من بابەتێکی وەها پۆپیلێرە populair هەڵدەبژێرم، بۆچی من لەسەر دیاردەیەکی زەق و بەناوبانگ بنووسم لەکاتێکدا لە رۆشنبیری کوردیدا سەدان بابەتی تر هەن سەبارەت بە بیرکردنەوەی کۆمەڵگا و کێشەکانی مرۆڤ کەمترنین بۆ لێکۆڵینەوە. لە لایەکی ترەوە هێندە لەسەر ئیسلامگەری بەزمانە جیاجیاکان نووسراوە و لەنووسینی کوردیشدا وابزانم گەلێك هاتۆتە بەر باس و گفتوگۆ، من پێم وایە ئەم بابەتانە بەیەك نووسین و لێکۆڵینەوە کۆتاییان پێنایەت لە کاتێکدا پرۆسەکە بەردەوام هەر لەتیندایە و پاشان ناکرێت بەیەك دوو لێکۆڵینەوە سەروبەری کێشەکە لە هەموو ڕویەکەوە بخرێنە ژێر پرسیارەوە چونکە وەکوچۆن پرۆسەکە سەرتاپاگیرە ئاوەهاش کاردانەوە و هۆکارەکانیش فرەڕەهەندو فرەلایەنە .

هەربۆیە دەبێت بزانین لەمیتۆدی نووسیندا چ پرسیارێك، چ کێشەیەك دەبێتە جێگای لێکۆڵینەوەمان، ئایا ئێمە لێرە باس لە چ کێشەیەك دەکەین و چۆن بتوانین دایبڕێژین گەرچی پێناسە کردن بۆخۆی دژوارییەکی تری فەلسەفەمان بۆ قوتدەکاتەوە، ئەوەیە ئێمە لێرەدا پێناسەی کێشەکە ناکەین بەئەندازەی دەستنیشانکردنی رەگ و ریشاڵی کێشەکە . دەبێت بپرسین ئایا کێشەکەمان کێشەی ئیسلام و ئایینە؟ نەخێر .

ئەمڕۆکە "ئیسلام "ئیشویەکی، دەرەتانێکی جیهانییە وەکو لە میدیا و کۆڕە زانیارییەکاندا بەرجەستە دەکرێت. ئەم هەوڵە باوە بۆخۆی هێندەی تر قەیراناوی کردنی تێزی لێکۆڵینەوە و نووسینەکان، لەباتی باسکردنی دیاردەیەك "ئیسلامگەری" وەك ئایدۆلۆجیایەك

بزافێکی سیاسی، کولتووری دەقگەرا. باس لە ئیسلامێکی گشت، ئیسلامێك کەئەستەمە لە چەند رستەیەکدا پێناسەبکرێت. لەبەرئەوە دەبێت بپرسین ئەم چەشنە توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە لە توانایاندایە بچنە بنج و بنەوانی دیاردەکە و کێشەکەوە ئیسلامگەرای بەشێوەیەکی گونجاو (Relevant ) ئۆبجێکتیڤ؟ نەخێر. چونکە کاتێك خودی ئیسلام دەبێتە مشتومڕ و جێی پرسیار ئەوسا ئێمە دەردەچین لە قەیرانەکە کە ئیسلامگەرییە کاتێك باس لە تیرۆر دەکەین باسی ئیسلام دێتەوە بەردەم، کاتێك باسی دواکەوتن، دیموکراسی و ئازادی و گۆڕانکاری لەجیهانی ئیسلامی دا، ئیسلام دەکرێتە ئیشو ) .(Issue

بۆیە دەبێت وەك گراهام فوولەر[٣] جەختی لەسەر دەکات ئەوەیە، کە ئێمە دەبێت یەك پرسیار بکەین، ئایا موسڵمانان بۆ خۆیان چییان دەوێت، خوازیاری چین لە بەرامبەر گۆڕانی دیموکراسی و مەسەلەی تیرۆردا و چۆن دەڕواننە ئەم دیاردانە و هەڵوێستیان چییە؟ بۆچی؟ نەك ئایا ئیسلام تیرۆرە، ئیسلام مۆدێرنە، ئیسلام زانستە؟ لەبەرئەوەی شارەزایان هەمیشە بە چەندین شێوەی جیاواز لێکدانەوەی دەقەکان دەکەن و بەراوردی ئەم بابەتگەلانە لەگەڵ ئیسلامدا بێسودە. بۆیە پرسیاری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و گۆڕان زیاتر بەستراوەتەوە بە خودی موسڵمان و هەڵگرانی باوەڕی ئاینییەوە نەك بە خودی ئیسلامەوە. ئایا موسڵمانان ئێستا چۆن دەڕواننە رووداوەکان و لێکدانەوەیان چییە؟

کەواتە ئیشووەکە خودی موسڵمانان دەگرێتەوە کە کۆمەڵگا و نەریت و سیستەمی سیاسی و خوێندن و پەروەردە، تا چەند هەڵگری توانای گۆڕان و ژیانەوەیە، تا چەند ئامادەی بووژاندنەوەیە، تا چەند دەتوانێت لە کارتێکردنی دۆگما بەدوور بیت. هەروەها گەڕان بەدوای هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تەشەنە سەندنی ئیسلامگەری لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە. بەتایبەت گەر بمانەوێت لە مەسەلەی توندوتیژیی ئاینی بدوێین. هەر لەبەر ئەمە بۆ پسپۆڕێکی وەکو بینجامین باربەر ((Benjiamin Barber سەرهەڵدانی تیرۆر " ناگەڕێنێتەوە بۆ ئاین و نەبۆ خودی جیاوازی شارستانی وەکو ( هانگتینتۆن بۆدەڵێت، بەڵکو بۆ هەژاری، ( کۆمەلایەتی، ئابووری، زانیاری، نووسەر ) نەبونی ئازادی و ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی سیاسی کە رژێمەکانی وڵاتانی ئیسلامی رۆژانە هەزران کەس بەند دەکەن و ئازار و بکوژ دەکەن لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتدا "[٢] کە ئەمە دەکرێت بە هۆکارێکی ناوخۆیی دابنێین، هەروەها نەبوونی دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهان، نایەکسانی ئابووری و



بەهێزی هەندێك زلهێز هۆکارێکی تری لەبارە بۆ بلاوبوونەوەی تیرۆری جیهانی. کە دەبنە زەمینە خۆشکردن بۆ رادیکالتر و توندوتیژبن بەرپەرچدانەوە.

دیارە گرنگی ئەم بابەتە و مەترسی ئەم دیاردەیە کە بەنوێترین میکانیزمی تەکنۆلۆژیا کار دەکات جیا ناکرێتەوە لە رەهەندە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان ئیدی. تێگەیشتن و وردبوونەوە لەم بابەتە بۆ ئێمەی کورد تێگەیشتنە لە هەندێ رەهەندی کلتووریمان، لە ئاست شارستانی کورد کە لە تەوەرەی سێهەمدا باس لەم لایەنە دەکەم. لە هەمان کاتدا دەبێت بزانین ئێمە لەبەردەم بزاڤێکی جیهانی سنووربڕداین، بزاڤێك کە تێڕوانینێکی سەراپاگیرە بۆ ژیان. واتە ئێمە لەبەردەم تەوژمێکی ئاینزا کراو بۆ کۆلۆنیالیزمە کردنی داهاتوو، بە گەڕانەوەیەکی خێرا و توند و تیژ بۆ رەسەنە، رابردوو، بۆ دەق. دیارە ئیسلامیزەکردن تەنها رواڵەتەکانی ژیان و شێوازی هەڵسان و دانیشتنمان ناگرێتەوە تەنانەت پانتاییە شاراوەکانی ناوەوەمان، دەروون و خواست و حەزەکانیشمان پاوان دەکات. هەر لەبەر ئەوە من بە رەوتێکی تۆتالیتێری دادەنێم .

### تەوەری یەکەم: مافی مرۆڤ:

گرنگە کە ئێمە “ جاڕنامەی مافی مرۆڤ “ وەك جاڕنامەیەکی جیهانی، وەك پرنسیپ، وەك سەرچاوەیەکی نێودەوڵەتی تێبگەین. پاشان دەبێت ئاگاداربین گەرچی ئەم "جاڕنامەیە" ئەم دۆکیومێنتە هەروا فەراهەم نەکراوە بەڵکو بەرەنجامی چەندین کارەساتی مێژوویی و جەنگی گەردونییە. بەرەنجامی تاقیکردنەوەی مرۆڤ و چەشتنی ئازارو وێرانی جەنگ و شەڕوشۆڕەکانی مرۆڤە. ئەنجامی بیرکردنەوە لە ئاشتی وەك پرنسیپی سیاسی، رێزی مرۆڤ، ئازادی وەك دەستکەوتێکی گرنگ و پێویست بۆ ژیانی هەموو مرۆڤێك. سەرچاوەی یاسایی ئەم جاڕنامەیە لەڕووی جوگرافی و یاساییەوە پرۆتۆکۆلێکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئامادەکراوە. کە ئەمە بۆ ئیسلامیستێك جێی گومان و پرسیار بێت و هەر لەبەر ئەمەش مەسەلەی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ خاڵێکی بنەڕەتییە کە "جاڕنامەی ئیسلامی مافی مرۆڤ " بێتەوە ئاراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەقی پیرۆز نەك ئەزموون و زانست و فەلسەفەی سیاسی .

هەڵبەتە هەرچۆنبێت خاڵێکی پۆزەتیڤە کە ئێمە هەمیشە گوێمان لەیەك دەنگی ئیسلامگەری نەبێت، تەنها یەك روخسار نەبێت بەتەنها باس لە ئاکاری ئاینی و تەنها زمانی توندوتیژی بەکاربێنێت. ئیسلامگەرێك بێت باس لە مافی مرۆڤ بکات گەرچی ناوەڕۆکی ئەم مافی مرۆڤە بە خوێندنەوەیەکی ئیسلامییانە کراوە و جێی پرسیارە و لەبەر ئەوە دەبێت

ئاگادار بین کە ئیسلامیزم و مافی مرۆڤ دوو ڕەهەندی جیان لەیەکتر. هەر لەبەر ئەوەشە ئەو ئیسلامگەرەی ( مافی مرۆڤ ) وەك رەهەندێکی رەوشتی سیاسی فەرامۆشدەکات دەبێتە تیرۆر، زەبروزەنگ، و بە پێچەوانەشەوە ئەمە راستە.

خاڵێکیتر کە گرنگە بیزانین ئەوەیە کە گوتاری گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی پیرۆز کە لە جاڕنامەی ئیسلامی مافی مرۆڤدا هاتووە بە تەنها ناتوانێت ببێت بە پێکهێنەری پرنسیپێکی تەواو بۆ مافی مرۆڤ بە گشتی. تەنها گەڕانەوە و خوێندنەوە بۆ ئیسلام لە بەرجەستە کردنی بنەماکانی مافی مرۆڤدا کورتدەهێنێت. لەلایەکی ترەوە " جاڕنامەی ئیسلامی مافی مرۆڤ " هەڵگری جیاوازی و تایبەتمەندییەکە کە تەنها بۆ مافی موسڵمان بشێت. چونکە دەقی ئایینی باوەڕی ئیسلامی سەرچاوە و دیکۆر و ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە دیاری دەکات کە کورتدەهێنێت لەوەی کە جاڕنامەیەك نییە بۆ مرۆڤگەل، بەڵکو بۆ ئوممەی ئیسلامی. لە هەمان کاتدا ئەم جاڕنامەیە خۆی بەرامبەر جاڕنامەی جیهانی دادەنێت کە جاڕنامەیەکە سنووری ئایینی و رەچەڵەك، ناوچەگەری دەبەزێنێت. کێشەی مافی مرۆڤ لێرەوە دەبێتە کێشەی گەڕانەوە بۆ دەق، چۆنێتی خوێندنەوە و لێکدانەوەی تێکست و پەرتووکە ئایینییەکان. ئەمەش بۆ خۆی دوچاری گێچەڵێکی تر، کە گێچەڵی زمان، لێکدانەوە و راڤەکردن و چەندین قۆرتی تر کە چەندین سەدە بیری ئیسلامی پیێ گیرۆدەیە.

وەکو وتم لەبەر ئەوەی ئایین و باوەڕ دەبێتە تەوەرەیەکی سەرەکی و چەقی چەمکی جاڕنامەی ئیسلامی وابکات کە مرۆڤگەلێك لەدەرەوەی ئەم باوەڕە ئایینییە مافی مرۆڤایەتییان دەستەبەر نەکرێت و جیاوازی ئایین باوەڕ ببێتە هۆکارێك لەهەڵگیرسانی ململانیێ و دەستدرێژی کردنە سەر ئەوی تر. لێرەوە گەر سەرنجێکی خێرا لە رووداوەکانی ئەم چەند ساڵە بدەین دەبینین ئیسلامگەرایی توندوتیژ روداو و کارەساتەکانیش بەرگێکی ئیسلامییان لەبەر دەکات و زوڵلەیەك لەموسڵمانێك، زوڵلەیە لە ئیسلام و ئەو کەسانەی بەناوی ئیسلامەوە دەدوێن خۆیان لە بەرەیەکی تری دیموکراسی و مۆدێرندا دەبینن هەر بۆیە دژایەتی کردن و لێدانی ئەم بەرە "نائیسلامییە" کارێکی پیرۆز و فەرمانی خودایە. لەکاتێکدا میدیای جیهانی کەوتۆتە هەڵەیەکی کوشندەوە لە بەگشتاندن و ناوزەد کردنی رووداو و گرفتەکان بە گرفتێکی ئیسلامی و موسڵمان بۆتە جەنگاوەر و هیچی تر!

دیارە چ لەلایەن ئیسلامگەری و چ لەلایەن میدیای جیهانی بەشێوەیەکی گشتی رووداو و کارەساتەکان و کێشەکان و ئیشەکان ئیسلامیزە دەکەن، ئەمەش بۆ خۆی قەیرانی میدیایە



بەگشتی کە زۆر خێرا و بازرگانی کردن بە هەواڵەکان بۆ جۆشدان، بۆ وروژاندن رای جیهانییە. لەلایەکی ترەوە ئیسلامگەرانیش پێیان باشە کە بە هۆی ئەم میدیا سەیر و سەمەرە و هەڵیقۆزنەوە و ببنە سەرتۆپی باس و هەواڵەکان. ئەمەش گرفتێکە زۆر هەڵدەگرێت و جێی باسەکەمان نییە. دەگەڕێمەوە سەر چەمکی مافی مرۆڤ لە روانگەی جاڕنامەی ئیسلامییەوە. ئایا مەبەست لەکام مرۆڤ ؟ مرۆڤ کێیە بەپێی ئەو پێناسەیەی جاڕنامەکە دەیکات چەمکی "مافی مرۆڤ "چەمکێکی نوێیە باس لە ماف و خواست و ویستەکانی مرۆڤەکان لە روانگە و دیدێکی سەربەخۆ و بێلایەنەوە. مروڤ و پێداویستییەکان (جەستە، ماددی، رۆحی ) هەل و دەرفەت ژیان و پێشکەوتن. ئاسایش و ئاسودەیی، کلتوور ، خواستە هونەری و وەرزشییەکان و هتد دەگرێتەوە.

دیارە "مافی مرۆڤ" باس لە پەیوەندی مرۆڤ و مرۆڤ دەکات. مرۆڤ لەگەڵ خۆی، مرۆڤ و سروشت و دەوروبەر، باوەڕ. باوەڕ دەبێتە یەکێك لە مافەکان لەکاتێکدا جاڕنامەی ئیسلامی باوەڕ دەکاتە رەهەندێکی گرنگ دەبێتە چەترێك کە مافەکانی مرۆڤ لە ژێریدا شرۆڤە دەکرێت. هەر لێرەوە چەمکی "مرۆڤ" دەگۆڕێت بۆ کەسی باوەڕدار، بۆ بەندەی خودا. پەیوەندی خودا — مرۆڤ دەبێتە چەق و خاڵێك کە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دەبەستێتەوە. مرۆڤ لەسەر بنەمای باوەڕ دابەش دەکرێتەوە و چەمکی "مرۆڤ" لە واتا گشتی و رەهەندە جوگرافی و کلتوورییەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ رەهەندێکی ئایینی.

چەمکی "مرۆڤ" وەك دەستکەوتی نوێی مرۆڤ لە ئیسلامگەریدا نییە. هەر بۆیە ئیسلامگەراکان دێن هەرچی ناو و سیفەتە کە لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا هاتووە وەردەگرن و وەك چەمك پێشکەشی دەکەن. ئێمە پرسیارمان لەسەر ئەوە نییە داخۆ ناوی مرۆڤ — سیفەتی مرۆڤ یان زانست لە قورئاندا هاتووە، بەڵکو چەمك و بنەماکانی مرۆڤ بوون چییە. کاتێك "مرۆڤ" پێناسە دەکرێتەوە بەدیدی ئیسلامگەری، کورتدەکرێتەوە بۆ چەند فەرمان و ئامۆژگاری و ئاکاری ئایینی. جاڕنامەیەك بەزمانی نەفی و نەکردن و نابێت باس لە مرۆڤ دەکات، چونکە ئەم جاڕنامەیە باس لە ئازادی بەشێوەیەکی دیاری نەکراو و نەچەسپاو ناکات، بەڵکو بۆ هەموو ئازادییەك گرێیەك بەڵگەیەکی ئایینی رێبەندییەك قوت دەکاتەوە. لەبەر ئەوە تۆ لەبەردەم جاڕنامەیەکدا نیت باس لە ئازادی، لە مافی مرۆڤ بکات. بەڵکو لەبەردەم گەلاڵەنامەیەکدایت کە ژیانت پێدەدات، لە بەردەم لیستێك لە فەرمان، رێنومایی، رەچەتەی ژیاندایین، ئەمەش خاڵێکی سەرەکی جیاکەرەوەی هەردوو جاڕنامەکەیە لە یەکتری.

کاتێك مافەکان بۆ ئەرك کورتدەکرێنەوە، ئەوسا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا ئەم بەڵگەنامەیە تاچەند مرۆڤ وەك بونەوەرێکی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی دەق و باوەڕ لە سنووری قەدەغە کردن پارێزدراوە؟ باشە گەر مرۆڤێك سنوورەکانی ئەم دەقەی بەزاند چۆن و لەسەر چی سزادەدرێت؟ بۆ نموونە هەڵبژاردنی بیروباوەڕ و ئایین تاچەند، تاکوێ بڕ دەکات لەکاتێکدا کەسێك دەستبەرداری ئایینی خۆی دەبێت لە وڵاتێکی ئیسلامیدا؟ یان ئەو سنوور و سزایانەی کە بەناوی رەوشتەوە ئەنجام دەدرێت تاچەند لەگەڵ مافی مرۆڤ و ویست و خواستی خۆیدا دەگونجێت. هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ نموونە کە بەستراوەتەوە بەباوەڕەوە، تۆ وەکو موسڵمانێك بۆت نییە کەسێکی بێباوەڕ بخوازیت، پیاوی موسڵمان بۆی هەیە ژنێکی فەلە بهێنێت کەچی ژنێکی موسڵمان بۆی نییە بە پیاوێکی فەلە شو بکات، چەندین نموونەی تر کە پێویست ناکات باس بکرێن، لەکاتێکدا گەر سەیری بەندەکانی "جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ" بکەین هیچ لەم نموونانەی سەرەوە بەربەست نین و مرۆڤ بەتەواوی ئازادە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕ، هاوسەر، شوێنی نیشتەجێبون. سەیری بەندی (٤) بکە.

بەدگومانی من لەلایەکی ترەوە سەرچاوە دەگرێت"مافی مرۆڤ" هەروەکو چۆن لای زۆربەی دەسەڵات و رژێمەکانی ناوچەکە و پارتە کوردییەکان، ئاوەهاش لای ئیسلامگەری دروشمی سیاسی روتیبێت. سەرچاوەی دەسەڵات بۆ مافی مرۆڤ کێیە؟ بێگومان مرۆڤ خۆی بڕیاردەرە خۆی رێسا و بەندەکانی مافەکانی دەستنیشان کردووە و ژیانی کۆمەڵگای پێبەڕێوە دەبات لەکاتێکدا جاڕنامەی ئیسلامی دەسەڵاتی یاسایی دەخاتە سنووری دەق و خودا. بێگومان خودا بەشێوەیەکی راستەوخۆ حوکم ناکات لە کێشە یاساییەکاندا بەڵکو نوێنەرانی، کەسانێك بەناوی خوداوە دێن و یاساکانی بەڕێوەدەبەن. مەسەلەی ژیان و مەرگ مەسەلەی رێز و ئازادی تاکەکەس هەموویان دەبرێن بۆلای تێکستەکان و زاناکانیش هەمیشە خەریکی کۆلاج و دۆبلاژ و دەرهێنانی حوکمی ئایینین کە مافی ژیان و مان دیاری دەکەن لەکاتێکدا ژیان- مرۆڤ دەبێتە سەرچاوەی رەوای جاڕنامەی گەردوونی.

کاتێك ئایین — خودا دەبێتە سەرچاوەی دەقێکی یاسایی مافی مرۆڤ ئەوسا ئێمە لەبەردەم دەقێکی زەمینیدانین، لەبەردەم دەقێکی میتافیزیکیدان باس لە خودا — مرۆڤ — دەوروبەر دەکات. کاتێك دەڵێین هەموو شتێك لە زەوی تا ئاسمان و بەمرۆڤیشەوە موڵکی خودایە، ئەوساکە ئێمە چۆن دەتوانین ئەمە پراکتیزە بکەین و بیگوێزینەوە بۆ واقیع. چۆن دەکرێت دەقێکی میتافیزیکی ببێتە مۆدێلێکی سیاسی و کێشەکانی ئەمڕۆمان. تۆ لە کاتێکدا لەبەردەم دەقێکدایت باس لە ئازاد بوونی مرۆڤ دەکات لەکاتێکدا رێگا بە کۆیلەیش دەدات.



باس لە باوەڕ دەکات بەڵام جۆری باوەڕیشی هەڵبژاردووە و دیاری کردووە ئازادی بیروباوەڕی هەیە تا ئەو شوێنە سنووری دەق، پیرۆز، هەقیقەت نەشکێنێت تەنانەت گومانێکیش سەرت بە قەنارە دەدات و هەزار و یەك بەڵگەی ئایینی و ناو و ناتۆرەی بۆ دادەتاشرێت.

ئەوەی لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دووبارەی دەکەمەوە ئەوەیە جاڕنامەی ئیسلامی کارێکی باشە و هەنگاوێکی ئازایانەیە، بەڵام هێشتا نەڕسکاوە و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە و ئەو زمانەی پێی نووسراوە زمانێکی رەسمییە. زمانێکە دەوڵەتە ئیسلامییەکان کە زۆربەیان بەشدار بوون لە رێی نۆێنەرەکانیانەوە لەو کۆنگرە ئیسلامییەدا کە بێگومان خۆیان پاڵپشتی جاڕنامەکە ناکەن و پەسەندیشی ناکەن گەر تۆزقاڵێك لە سنووری دەسەلاتی تاکڕەویان کەمبکاتەوە و لەلایەکی ترەوە و ئەمە بەهانەیەکە دژە بە دەستێخستنی وڵاتانی تری وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کاروباری دیار و دۆخی سیاسی ناوچەکە بەوەی کە وڵاتانی ئیسلامی بۆخۆیان خاوەنی پڕۆتۆکۆلێکن کە لەگەڵ دابونەریت و ناسنامەی کلتووریدا ئەگونجێن.

گەرچی ئەم پۆزشانە هاندەرن بۆ دەسەڵاتی سیاسی رەسمی لە وڵاتانی ئیسلامی، ئیسلامگەراکانیش کە خودی خۆیان قوربانی ئەو سیستمانەن و سیستماتیکی دەچەوسێنەوە وەك نەیارێك جاڕنامەی جیهانی رەتدەکاتەوە بەوەی ئەمە کردەیەکی رۆژئاواییە کەچی زۆربەشیان هەڵدێن پاش زیندان و راوەدونان بۆ وڵاتانی ئەوروپا تا لە ژێر ئەو ئازادییەی کە هەیە ئەمانیش جێی خۆیان بکەنەوە و بانگەواز بۆ ئیسلامیزەکردن و رادیکاڵییەت لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بەرپەرچدانەوە و نەفی کردنی خودی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە رێی ئەو دستەبەرە یاسایی و مرۆڤییانەی کە جاڕنامەکە دەیبەخشێت بە هەموو کەسێك کە مافی دەربڕینی رای جیاوازی هەبێت. جێی داخە ئیسلامگەری دۆگما بگاتە ئەو رایەی کە هێندە هەلپەرستبێت کە ئازادی بەئازادی رەتبکاتەوە. سەربەستی بەکاربهێنێت بۆئەوەی سەربەستی مرۆڤ کورت بکاتەوە. ئەوەش تاکتیکێکی سەیرنییە کە تۆ هێندە باوەڕت بە ئازادی نییە، سەربەخۆیی نییە، مافی مرۆڤ نییە کە بۆخۆت باوەڕەکەت باشە لە پاشان هەر هەموویان لەناو دەبەیت.

### تەوەری دووەم زانست:

ئبسلامیزەکردنی زانست بە زانستکردنی ئیسلام نییە لەهەمانکاتدا زانست، ماریفە لەواتا ئەپیستمێۆلۆژی و تیۆرییەکەی خۆی دابڕدرێت و هەڵدەگۆزێت بۆ بەڵگە و شایەتی دووەمی دەقە پیرۆزەکان. واتە زانست دەبێتە (second orde) پلە دوو، لە هێرارکیەتی ئایین

و زانست و زانیندا. لێرەوە زانست بەرکێکی پیرۆز دەپۆشێت تیۆر و بیردۆزەکان لەژێر ڕۆشنایی ئایەت و سۆنگەی هەڵسوکەتی ئاینییەوە لێکدەدرێتەوە زانست چەکێکە وەك چەکەکانی تر. لەسۆنگەی زانستەوە بەواتایەکی تەسك، لێکدانەوەی دەقێك دەکرێت بەتێرم و زاراوەی زانست. بەمەش زانست لەزانستێتی خۆی دادەبەزێت و دەکەوێتە ژێر رکێفی بڕیاری پێشوەختی ئایینەوە. بۆچوونە زانستیەکان لە هیپۆتەزێکی —گریمانە- ئەقلانی و ئەندێشەیەکی زانستەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو ئایەت و فەرمودە دەستنیشانیان دەکەن. لەهەمان کاتدا ئەو بابەتانە دەوروژێنرێت و باسدەکرێت کە جەماوەری باشیان دەبێت سەرنجڕاکێشە و ساکارئامێز و دوور لە ئاڵۆزییە .

ئەوانی باس لە گەردوون هەسارە — کردگار، داروین، فروێد، هۆکاری یەکەم زیندەوەر و گیانلەبەران، وەك هەنگ و نەهەنگ و مێرولە، هتد. دیارە ئەم بابەتانە زیاترپرسیاری تیۆلۆجین نەك زانستی. زانست ئەمڕۆ ناگەڕێ بەدوای هۆکاری یەکەم، کردگار دروستکەر. ناپرستێت کێ خانەی دروست کرد بەڵکو خانە چۆن دروست دەبێت، گەشە دەکات، دەمرێت. زانست هەوڵنادات مەتەڵی ژیان هڵبهێنێت و بەڵکو گەڕانە بەدوای ئەو شتانەی لەژیاندان و "ئیسلامگەری زانستی" ناچێت لەڕوانگەی زانستەوە سەیری دەق بکات بەڵکو لە دەقەوە سەیری زانست و ئەرکی زانست دەکات چونکە گەر وابێت دەکرێت زانست جێ بە باوەڕبوون لەقبکات. هەرلەبەر ئەمەشە چ شتێك هەماهەنگینییە ناکۆکە بە ئایین وەلادەنرێت .

دیارە راڤەکردنێکی "زانستی" تاڕادەیەك دیاری کراو دەگەڕێتەوە بۆ کەسانێکی وەك ئەفغانی و محەممەد عەبدە و رەشید رەزا. کەسانێك کە ئاوارە بوون لە ئەوروپا لە پاریس ئاشنا بوون بە بەرەنجامەکانی شۆڕشی فەڕەنسی ڕێنسانسی زانستی ملدانی ئاین و چۆڵ کردنی مەیدان بۆ زانست. پاشان ئەوان لە دڵسۆزی خۆیان هەستیان بەپەژارەیی دواکەوتوویی و هەژاری کولتوور و ماددی وڵاتانی ئیسلامی کردووە هەر بۆیە بەو خەونەوە ویستیان لەڕێی ڕێکخستنی ئایین و زانست بتوانن گۆڕانکاری لە هۆشیاری گەلانی ئیسلامی بکەن .لە کوردستانیش کەسێکی وەك نەورەسی لەمڕووەوە هەوڵی زۆری داوە و هەروەها پیاوێکی وەك شێخ محەممەدی خاڵ هەوڵیدا هەمان ڕێچکەی ئەفغانی و عەبدەی گرتە بەر لە راڤە کردنی قورئاندا.

لێکدانەوەی قورئان بە هۆی داهێنانی زانستی و دۆزینەوەی نوێو گەیشتە رادەیەکی ئەفسانەیی. وەك ئەفسانەیەکی جیهانی زانستی لێهات. چەندین نوسەر خەریکی ئەم بابەتە



بوون چەندین وتار و نووسینی سەیر و سەمەرەیان بلاّوکردەوە لەژێر ناوی زانست و ئاییندا. لەهەر داهێنان و دۆزینەوەیەکدا یەکسەر ئایەتێك هەڵدەدەن بەبالاّی ئەو دۆزینەوە نوێیەدا کە تۆ دەگەیتە ئەو رادەیەی بلێت چەندە ئەم ئایینە نوێیە کە چەندین سەدەیە هەیە هەرچی ئەمڕۆش دەدۆدزرێتەوە هەزاران ساڵە نووسراوە و باسکراوە کەچی هەمان دینیش داهێنانێکی زانستی کەسێك لە ڕێ ئەوە دەکاتەوە بتوانێت دەسپێشکەری بکات نهێنییەکی زانستیمان پێببەخشێت. هەر مەلایەك هەستا و باسی ئەم مەسەلانەی کرد تەنانەت وەك شتێکی قۆشمە دەیگێڕێتەوە کە لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزدا لەشاری سلێمانی "سیر برسی کوك" لەگەڵ مەلایەك دەبێتە دەمەتەقێی باس لە زانست و ئایین دەکرێت. مەلاکەش رادەپەرموێت و دەلێت کاکە ئەوەی ئێوە باسی دەکەن هەمووی لە قورئاندا هەیە و باسکراوە. کوکیش دەڵێت تەنانەت ئەم ڕاوەستانەیش لێرەدا. مەلاکە دەلێت بەڵێ دەقی قورئانەکە دەفەرموێت (وتر-کوك- قائما) باس دەکات کە کوك وەستاوە* !

قورئان لەو پەرتووکەی کە رەهەندی کات و شوین ڕووداوەکانی، کاتتێپەڕە و کە زۆر شت بە بەجێهێڵراوی دەهێلێتەوە بۆ ئەقڵی مرۆڤ. واتە کاتێك قورئان سەبارەت بە ڕووداوێك هیچمان پێنالێت ئەوەی زۆر شتی گوتووە، بەوەی بەجێهێشتووە بۆ لێکدانەوە و بیرکردنەوەی مرۆڤ. بەلاّم کاتێك زۆر لە دەقێ دەکرێت کە شتێك بلێت کە نەیگوتووە ئەوسا خودی قورئان هیچمان پێناڵێت. کاتێك کە دەووترێت قورئان هەمووشتێکی تێدایە ئەوجا چ پێویستییەکیان بەزانستە؟ کەسێك شارەزایی لە قورئان دا هەبێت دەزانێت ئەم دەقە زۆر شتی گوتووە پێمان بەشێوەیەکی گشتی لەڕێی ئاماژە، زمانی سیمبول. و هەموو شتێکی تەنانەت زۆر حوکمی ئایینیشی بە ورد و داخراوی باسنەکردووە، بۆ نموونە رەکەتەکانی نوێژ کە زەقترین نموونەیە. ئیتر چۆن باسی ئەتۆم و بۆمب و نازانم ئەو هەموو شاخ و باڵەی بەناوی قورئانەوە باسدەکرێت چۆنە ؟

لەلایەکی ترەوە مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت لە بارتەقای ئەو هەموو لێکدانەوە جیاجیانەی کە کراون بە درێژایی سەرهەڵدانی زانستی راڤە کردن و لێکدانەوەی دەق کە ئەمە بۆخۆی داهێنانێکی بەنرخە، ئەقڵێك کە بتوانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقێکی وەها دەوڵەمەند بکات، لەگەڵ زمانێکی گشت و شاراوەدا. و بتوانێت بگاتە واتایەك. ئەز وادەبینم ئەمە جێی تێڕامانە کە چۆن زانستی لێکدانەوە لای زانایانی ئیسلام زۆر لە پێش فەیلەسووفەکانی زمان و تیۆری واتاوە بتوانن لەگەڵ دەقدا بکەونە گفتوگۆ بتوانن بنەمایەك بۆ بەرهەم هێنانی واتا و هەڵهێنجانی بڕیار و ئامۆژگاری و هەڵگۆزینی پەند و ڕێنومایی لەو دەقەوە بەئەنجام بگەیەنن.

دیارە بێدەنگی قورئان لەمەڕ هەندێ بڕیاری ڕۆژانەوە بەهێزی و تۆکمەییە بۆ خودی تێکستەکە. لەلایەکی ترەوە ئەم بێدەنگییە سام و شکۆیەك، بوارێك بۆ لێکدانەوە و گونجاندنی فلیکسیبڵێتی (نەرمی) تێکستەکەیە. کە هەمیشە مەودایەك هەبێت بۆ مرۆڤ خۆی بەتوانای خۆی بتوانێت جیهانبینی، ژیان و گوزەرانی یەك بخات بە پاڵپشتی دەقێك. بۆیە کورتکردنەوەی واتاکانی دەقی قورئان خزاندنە میتۆدێکی زانست ئامێز کوشتنی ڕەهایی دەقە، کردەیەکە لە ئەستەمەوە نزیکترە وەك لە مومکین .

پێموایە ئیسلامیزەکردنی زانست وەڵامێکە بۆ سیکۆلاریزم و ڕەتکردنەوەی نوێخوازی، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین هەڵمەتی نوچگرتوی ئیسلامیزەکردن مراندنی دەقە، دەرهێنانی دەقە لە ڕەهەندە مێژوویی و کورتکردنەوەیەتی بۆ گوتاری ئایدۆلۆجی و هەڵوەستە کردن لەبەرامبەر گۆڕان و داهێناندا. دیارە کێشەی گۆڕان زیاتر کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کێشەی کەسانێکە کە بەناوی ئایینەوە دەدوێن نەك خودی ئایین، کێشەی کەسانێکە کە لە ژێرفشاری گۆڕانی ژیان و بیر و مرۆڤ دا دوچاری دوالیزمی ئایین — گۆڕان، ئایین — مۆدیرنە، ڕەسەن — هاوچەرخ دەبن. کەسانێك کە بە گۆڕان هەست بەوە دەکەن کە ئیتر دەستبەرداری بڕوا و ئایین دەبن. ئەوە بۆخۆی تەنگژەیەکە کە باوەڕی ئایینی دوچاری هاتووە.

لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی ئەم جۆرە گوتارەدا ئەوانەی باس لە سیکۆلاریزم دەکەن خۆیان لەم پەرچەکردارەدا دەبیننەوە چۆن دژایەتی ئیسلامگەری بکەن. دیارە ئەم چەند ساڵانەی ڕابووردن مشتێکمان لەم ڕاستییە دەخاتە بەردەم کە میدیای کوردی و ڕۆشنبیری ئێمە چۆن دوچاری ئەوە بوون بچنە ململانێی ئاین و سیکۆلاریزمەوە و ئیشکالییەتێکیان بۆ ڕۆشنبیر و خوێنەواری کورد دروست کرد کە دەرچون لێی چەندین ساڵی دەوێت. پاشان ئەم دۆخە دەقاودەق وەرگێڕان و خواستنی ئەو قەیرانە ڕووناکبیرییەیە کە هەرسێ زمان و ئەقڵیەتی فارسی و تورکی و عەرەبی بەدەستیەوە گیرۆدەیە. هەر لەبەر ئەوە من هێندە زەمینەی ئەم قەیرانە لەناو کولتووری کوردیا بە حاڵەتێکی سروشتی نازانم و لەئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی و ڕۆشنبیری تەواوەوە هەڵنەقوڵاوە.

خوێندنەوەی زانستی یاخود ڕادیکاڵییانە بۆ زانست بۆیاخ کردنێکی ترە بۆدەقەکان و زانستە ئیتر زانست نییە. ئامێرە، بەڵگەدەر لەسەر ڕاستی بۆچوونەکانی دەق و پاشان ئەمە وادەگەیەنێت کە ئایین/ زانست دژ بە یەك نین. ئەمەش پەرچەکردارێکی نادانایە کە لەلایەن ئیسلامگەراوە دەکرێت. باشە با بپرسین کام زانست بانگەشەی بۆ دەکرێت؟ ئەوی جێی سەرنجە



زانستە ئیمپریەکان پشکێکی گەورەیان هەیە لەم پرۆسەیەدا لەلایەکی ترەوە زۆرینەی ئیسلامییەکان لە بەشەکانی خوێندنی باڵا زانستەکانی وەك پزیشکی، دەرمان، پەرستاری، هتد هەڵدەبژێرن. بۆ ئەوان گرنگ نییە ئابووری چیدەڵێت کۆمەڵناسی چۆن لێکۆڵینەوە دەکات، فەلسەفە چۆن ڕەخنە دەگرێت. بەڵکو گرنگە چۆن بتوانن باوەڕی خۆیان لە گومان و لە گۆڕان بپارێزن، بەڵگە دروست بکەن. زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان دەبنە سەرچاوەیەك بۆ بێباوەڕی و باوەڕ لەتکردن چونکە ئەم زانستانە پرسیار و گومان بەرهەم دەهێنن لەسەر خودی ئایین. بەڵام زانستە سروشتییەکان باس لەم بابەتانە ناکەن و پاشان نیشانی دەدەن کە چەند ئیسلامگەرا ئالودە و سەرقاڵی زانستە!

کەواتە ئیسلامگەری وەکو ئایدۆلۆجیاکانی تر و وەکو مارکسیزمی سۆشیالیزمی زانستی کە چەندین ساڵە باس لە نەخشەیەك دەکات بەناوی زانستەوە ئاوەهاش ئەوان هەموو ڕێگایەك دەگرنە بەر لە ململانێی سیاسی دا کەدەکرێت گوتاری مافی مرۆڤ بێت یان زانست یان بابەتگەلی ڕۆشنبیری. مەسەلەی سیکۆلاریزم و ئایین بابەتێکی سەربەخۆیە، گرنگە بزانین کە چۆن هەردووکیان بوونەتە گوتارێکی ئایدۆلۆجی ڕوت، تەنها باس لە ململانێی سیاسی و دەسەڵات دەکەن ڕوونکردنەوەش لە هەموو ڕەهەندێکی مێژوویی و فەلسەفی و کولتووری دەکەن لە باسێکی تردا ئەم خاڵەم تارادەیەك ڕوونکردۆتەوە.

## ئیسلامیزم و کۆمەڵگای کوردی:

ئایا کێشەیك هەیە ناوی (ئیسلام) بێت لە کۆمەڵگای کوردیدا؟ مەبەست لە وروژاندنی ئەم پرسیارە، پەردەهەڵماڵینە لەسەر ئەو گوتارەی لە پشت ئیسلامەوە سیاسەت دەکات. هەروەها چۆن ڕووناکبیری کورد لەمەڕ ئیسلام و ئیسلامگەری هەڵوەستە دەکات، بانگەشەی هەر دەستەیەك دەکاتە ناوەوەی ئیسلام. نکولی لەوە ناکرێت کە لەسەرانسەری میدیاکانی جیهاندا، لە دەزگا ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکاندا سەرتۆپی باسەکان ئیسلامە. هەربۆیە زیادەڕەوی نییە گەربڵێین ئەم چەرخە چەرخی ئیسلامە، بەواتایەك کە دەنگوباسی ئیسلام و موسڵمانان پلەی یەکەمی بایەخ و سەرنجەکانە. نەك بەو واتایەی ئیسلامگەری سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و توانیبێتی کارێکی وەهابکات جێی سەرنج بێت وەك لەسەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەی پێدرا. "ئیسلام" کراوەتە ئیشو، قەیران لەبەردەم ئاسایش و ئاڵوگۆڕییەکانی جیهاندا. لەکاتێکدا ئێمە لەڕووی ئەکادیمی و تیۆرییەوە ئەو

بۆچوونەی ئیسلام وەك خودی کێشەکە سەیر دەکات بۆچوونێکی پەلە و تەنکە، هەرلەبەر ئەوە دەبێت The Real Issue)) کێشەی ڕاستەقینە دەستنیشان بکەین کە خودی ئیسلامگەرا و موسڵمانان و بارودۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دونیای ئیسلامە.

جێی پێکەنینە لەلایەك کە چۆن ئیسلام دەبێتە هایپی (Hyp) میدیا و ڕۆژنامەکان. بە هەزاران هەزار نووسین و ڕاپۆرت و پەرتووك و لێکۆڵینەوە بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی لەسەر ئیسلام کراوە قورئان و مێژووی ئیسلام و پەیامبەری ئیسلام بۆ چەندین جاری تر لە بازاڕی کتێبدا پلەی بەرزی هێنا و چاپکران و فرۆشران. ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە، ئیسلام تەنها لای ڕۆشنبیران و دەزگا ئەکادیمی و ڕەسمییەکان نەبووە خاڵێکی سوری بایەخدار، بەڵکو لای جەماوەر و خەڵکی گشتی کە تینوون بزانن ئەم ئیسلامە ئەفسانەیە چییە. واتە ڕۆژنییە هەواڵێك باس لە ئیسلام و موسڵمانان نەکات. هەربۆیە خەڵکێکی زۆر کەوتنە کڕینی پەرتووکی زانیاری سەبارەت بە ئیسلام. دیارە ئیسلام بە درێژایی مێژووی خۆی هێندەی ئەمڕۆ جێی سەرنج و بایەخ و پرسیار نەبووە هێندە "بەناز" نەبووە بەم هەموو سەرنج و پرسیار و ڕەخنە و بەرگرییانەی لێدەکرێت. هەر لەبەر ئەوەش وتم ئەم چەرخە و چەرخی داهاتووش چەرخی ئیسلامە بەس بەومانایە.

چونکە هێندە لەجیهانی نائیسلامی پرسیار، تینوێتی زانین و ترسی ئیسلام هەیە وادەکات ئەو ناشارەزاییەی سەبارەت بەئیسلام هەبووە نزیکەی دەیەیەك بخایەنێت. سەدان کۆڕ و سیمینار بۆ ئەم بابەتە ساز بکرێت و مۆزەخانە و فیلمی تایبەت سەبارەت بەئیسلام و موسڵمانان بڵاوببنەوە. جگە لەوەی ئەمە لێشاوە سوود و قازانجی ماددی ئەوتۆی بۆ میدیا و شارەزایانو پەخشی تەلەفزیۆنی هەیە کە لە ژماردن نایەت. بگەڕێینەوە بۆ ڕۆشنبیری کوردی کە پشکێکی زۆری بەرکەوت لەو مشتومڕە زۆرەدا لەسەر ئیسلام و لای ئێمەش "ئیسلام" بووە هایپ و ڕووناکبیری کورد بوون بە دوو بەشەوە بەرەیەك دژ بە ئیسلام و ئیسلامگەری بدوێن بەرەیەك بەرگری لە ئیسلامگەری بکات. لەبەر ئەوە دەبێت پرسیارێك لە خۆمان بکەین ئێمە لەمڕۆی ژیانی سیاسیو ترسی داهاتوومان دوچاری چ جۆرە گرفتێکی تر بووین. کوا بایەخ و لێکۆڵینەوەکانمان لەسەر کێشەی کورد، کوا باسی یەکگرتنەوە و ڕێکخستنی ماڵی کورد؟ دیارە پارتە کوردییەکان لەهەموو کەس زیاتر سوود لەم بارودۆخە نادیار و ئاڵۆزکا و نادیارە بینی کە سەرنج و پرسیارەك دەکرا یەخەی خۆیان و لێپرسراوەکانیان کە بە نیازی چین ئیتر؟ خەریکی چین و کوا ستراتیژیەت و پلانەکانتان؟



پرسیارەکان و خەمەکان کران بەبەری ئیسلامدا بە کێشەی ئیسلامگەریدا. لەبەر ئەوە سەنگەرێکی تریان بۆ کردینەوە کە ئێمە دەکرا بەشێوەیەکی تر مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردە ئیسلامگەرایەدا بکەین و تێیبڕوانین. من نکولی لەوە ناکەم کە دیاردەی ئیسلامگەرا بۆتە کێشەیەکی سیاسی ڕۆژانەی سیاسەتی کوردی و کولتووری کوردی. لەباتی ئەوەی ئیسلامگەری وەك گرفتێکی سیاسی و دەرەتانێك لە دەرەتانەکانی کۆمەڵی کوردەواری دابنرێت خودی ئیسلام بووە کێشەکە، وەك ڕێگر و کۆسپ سەیردەکرێت کە ئەمەش هێندەی تر گوڕ و تین دەدات بە ئیسلامگەری کە تابتوانن توندوتیژ تر و داپڵۆسێنەر پەرچەکردارەکانی بەرجەستە بکات. بۆ ڕۆشنبیری کوردی و کۆمەڵی کوردی پرسیارێك ڕێك و ڕەوان دبێت بکرێت: ئایا ئیسلام کێشەیە؟ گەر کێشەیە چۆن؟ کێشەکە خودی ئیسلامە یان کۆمەڵی کوردەواری کە ناسنامەی ئایینداری پاڵدەداتە ئیسلام و خۆی وەك ئیسلام و موسڵمان پێناسە دەکات. کەواتە پرسیارێکە لەسەر ناسنامەی کولتووری و شارستانی ئێمە.

پاشان کە باس لە ئیسلام دەکرێت وەك ئەوەی ئێمە لەبیرمان چوبێت چواردە سەدە لەناو ئیسلام و کولتووری ئیسلامدا دەژین، بیرو هزر و نەریتمان بەم ئایینە هەڵشێلراوە. کە ئێمە باس لە کۆمەلی کوردەواری دەکەین دەبێت ئەم ڕەهەندەمان لەبیر نەچێت، کەچی لای هەندێ نووسەر وا باس دەکرێت وەك ئەوەی باس لە کورد بکەن لەسەر مەریخ و چۆن کۆمەڵی کوردەواری بگاتە مۆدێرنە. دیارە من زۆر بەدگومانم لە وتاری ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی، کە ئەم گوتارە گەر دەستکردی سیاسەتی کوردی نەبێت ئەوا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و لەژێر فشار و کارتێکردنی سیاسەتی کوردیدایە. سیاسەتێك لە مەسەلە ڕاستەقینەکان و کێشە گرنگەکانمان نزیك ناکاتەوە، سیاسەتێك تەنها ئەقلی کوردی، ڕۆشنبیری کوردی، ڕووناکبیری کورد ئالودە بکات بەکێشەگەلێکەوە کە پڕۆژەی یەك ساڵ و دوونییە. مەسەلەیەکە لەوانەیە سەدەیەك بخایەنێت. لەکاتێکدا دەبوو ڕووناکبیری کوردی زۆر لابەلای مەسەلە و پرسیارە نەتەوەییەکاندا بکردایەتەوە نەك ئەو دابەشبوونە سەیرەی کە بەرهەمی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردوو ڕووناکبیرو ڕۆشنبیری ئێمەی دابەش کردبوو بۆ کۆنەپەرست و کۆنەپارێز و پێشکەوتنخواز، کە بە زمانێك ئەدوێن هی ئەمڕۆمان نییە.

گەر ئێمە کێشەمان لەگەڵ موسڵمان بوونی خۆمان (بەو واتایەی کۆمەڵی کورد بەگشتی خۆیان بە موسڵمان دادەنێن) هەیە بۆ لانەکرێتەوە بەلای چەند لایەنێکی وەك چۆن کورد لە خێڵ و حیزب و سەرکردە و ببێتە نەتەوە، چۆن شار و شارستانی کورد پتەو بکرێت، هۆشیاری

نەتەوەیی نەخوێندەواری چارەسەر بکرێت. چۆن ئێمە بگەینە دارشتنی ناسنامەیەکی گشتی، چوارچێوەیەك بۆ کورد بوونمان کە هەموو جێمان تێدا بێتەوە لەسەرو هەموو باوەڕ و ئینتمای حیزبی و خێلاێەتییەوە بێت چۆن بتوانین مامەلە لەگەلّ ئازادی بیروڕادا بکەین. هەلّبژاردن بیری سیاسی و ئاینیدا بکەین؟

چەندین پرسیارگەلێکیتر کە لە هەموو شتێك گرنگ ترە لای من بۆ رۆشنبیر و رووناکبیری کورد. گەر کورد بیەوێت پرۆژەیەکی تەواوی هەبێت بۆ دابڕان لە رابردوویەك کە تەنها بە چەوساندنەوەی ئەم کۆتاییی پێهاتووە ئەوە تەنها ناوەستێ بە رووناکبیر هێرش بکاتە سەر ئیسلام و وابزانێت ئیتر ئەمە پرۆژەیەکی شارستانی و گۆڕانە . لە کاتێکدا هیچ بنەمایك، روانینێك نییە کە چۆن کورد لەگەلّ یەکتری دا، کۆمەلّی کوردەواری هەلّسوڕێنێت. ئەو رەخنانەی کەتا ئەمڕۆش بەگشتی دەبیسترێت جۆرێکن لە رەخنەی ساغ و دروست کراو، رەخنەیەکن کێشەی ئیسلامگەری کورتدەکاتەوە بۆ ئیسلام ئەو "میتۆدەی" کاری پێدەکرێت و رەخنەی پێدەگیرێت رەخنەیەکی رێدێکشیونیستە (Redectionist) کە هەموو کێشە، هۆکارەکان و فاکتەرەکان ئیسلامییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ یەك رووداو، کەس ، تێکست دەگێرێتەوە. بێگومان نەك تەنها لای رووناکبیری کورد ئەم هەلّە میتۆدیە هەیە، بەلّکو بەگشتی لە زانستە کۆمەلاّیەتی و ئەنترۆپۆلۆجییەکانیشدا بەدوای جەوهەرێکدا، پنتێکدا دەگەڕێن تاکو کێشەکە پێناسە بکرێت کە بە کێشەی ئێکستنشیالیزم و سوبستانشیالیزم (Substancialism) ناودەبرێن. کە لەپشت رووداوەکانەوە هەمیشە بەدوای گوتارێکی نادیار و پەنهاندا بگەرێن.

ناسراو بە باری(Bary) رەخنەیەکی توند لەم رەوتە چەوتە دەگرێت کاتێك خۆپیشاندانەکان و رێپێوانی جەماوەر و نمایشە گشتییەکان بەپێی هێندێك کۆمەلّناسی دەبێت تەنها گوزارش دەربڕین بێت لە ئایدۆلۆجیایەك. لەکاتێکدا دەکرێت چەندین گرووپی جیاواز، بەرژەوەندی جیاواز لە پشت رێپێوان و خۆپیشاندانەوە بێت و بۆ تەنها ئایدۆلۆجیایەك نەگەرێتەوە. بۆیە کاتێك نووسەرێك، سیاسەتمەدارێکی لای خۆمان دیاردەی ئیسلامگەری تەنها بەیەك چاو سەیر دەکات، بەچاوی لادەر نامۆ بزێو و هێزێکی دزێو دیارە بۆ هێزێکی سیاسی، پارتێك ئەمە تاڕادەیەك جێی پرسیار نییە کاتێك هێزێکی تر بە ناوێکی ترەوە دێتە کایەی ململانێی دەسەلاّتەوە، بەلاّم بۆ رووناکبیرێك تاڕادەیەك جێی گومانە. نابینایییە گەر دیاردەیەك لە زەمینە و پێگەی خۆیدا سەیر نەکات وەك ئەوەی کورد هەرگیز موسلّمان



نەبووبێت. جیاوازی نەکردن لەنێوان ئیسلامێکی گشت خۆمالّی، خەلّکی و ئیسلامێك کە دیاردەی ئیسلامگەرانەکە. گرنگە بۆ رۆشنبیری کورد کەچۆن لە ئیسلامگەری بکات و لە خانەی زانستی و سیاسییدا دابنێت.

ئەمرۆ ئێمە لەبەردەم پرسی ئیسلامگەریدان کەدەیەوێت کورد بگات بەئیسلامگەرەوە چۆن بتوانێن بەردەهەلّمالّێت لە گوتاری ئایدۆلۆجی ئیسلام ئایا ئەمڕەوتە چیدەوێت لە کۆمەلّگای کوردی کەبانگەشە بۆ ئیسلام دەکات لەرێی زاراوە و دارشتەی سیاسی خۆیەوە لە کاتێکدا کورد وەکو نەتەوەیەك باوەرداره؟ فۆکۆ لەدوای هەلّگیرسانی شۆڕشی " ئیسلامی ئێران لەنووسینێکدا باس لەنیگەرانی و پرسیارەکانی دەکات سەبارەت بەم رەوتە نوێیە بەو رووداوانەی لەئێراندا روویدان. داخۆ چەمکی "شۆڕش " و حکوومەتی ئیسلامی چییە کە بوونەتە دروشمی ئەم خۆپیشاندانە خوێناوییە. ئایا ئەم چەمکانەی کە بەرز دەکرێنە ناو زەوکردنێکی شیاوی رووداوەکانن؟ چونکە فۆکۆ پێیوایە ئەم چەمك و دروشمانە نەبیرۆکەیەکی دیاری و روونن، نەئایدیایەکی بەرجەستەکراون لەلایەن خودی خۆپیشاندەران و سەرانیەوە، تاکو بەدوای واتاکانیدا بگەڕێن و بزانین چییە و چۆنە. بەلّکو ئەم رووداوەی ئێران لەو سالاّنەدا گوزارش لە هاتنی دۆخێکی تری سیاسی دەکات، لە ویستێکی سیاسی (political wil لەویستی بە سیاسەتکردنی بونیادی کۆمەلّ و ئایین.

هەروەها ویستێکن، هەلّوێستێکە بەرامبەر گۆڕانکاری و رووداوەکانی دەرەوە و ناوەوە. کەبەلای فۆکۆوە رەهەندێکی نوێی لە خۆیدا هەلّگرتووە ،رەهەندی " بەرۆمانسیکردنی، سپیرتوالیزەکردنی سیاسەت. بۆ رۆشنبیری کورد گرنگە ئەمرۆ بتوانین لەرەهەند و هۆکارەکانی سەرهەلّدانی ئیسلامگەری بکۆلّێنەوە، گوتاری ئایدۆلۆجی ئەم رەوتە شی بکاتەوە ئامانج و ویستەکانی تێبگات و دیالۆگێکی تێوری لەگەلّ ئەم بابەتەدا بکات. کە ئەمەش بەدووربێ لە بڕیاری سیاسی و بڕیاری پێش وەخت و وتنەوەی قسەلۆکی کەسانێك لەدەرەوەی کۆمەلّگا و ئیسلام دەژین. دەکرێت بۆ رووناکبیری کورد باشتر لەکەسێکی ئەوروپی لەم دیاردەیە تێ بگات و بتوانن لەتێور و لێکۆلّینەوەی زانستی فەراهەمی بکات. گەر بمانەوێت هۆکارەکانی ئیسلامگەری بزانین دەبێت سەرنجی رەوشی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و کولتووری و ئابووری و چەندین هۆکاری تر لەبەرچاو بگرین.

هەر بۆیە ئاسان نییە ئێمە بەیەك رستە کێشەکە باس بکەین. کەدەتوانین سوود لەنووسەران و لێکۆلّەر و ئۆبجێکتیڤەکانی جیهان بیینین و ئاگاداربین کە چۆن لە دەرەوەی

جیهانی ئیسلام باس لە کێشەکان دەکرێت، پرۆفیسۆرێکی وەك بنجامین باربەر لە دوای یانزەی سێپتەمبەر لە نووسینێکدا باس لە هۆکارەکانی تیرۆر و توندوتیژی دەکات لە سەر ئاستی جیهان کە هۆکارەکانیشیان تەنها ناگێڕدرێتەوە بۆ بارودۆخی ناوچەیی، بەڵکو باری سیاسی و ئابووری جیهانی ناعەدالەتی دبێتە گەورەترین فاکتەر لەپشت تیرۆرەوە. یاخود چۆن ئاماژەمان دا بە رای گراهامفوللەر کە ئەو کێشەکە لە خودی ئیسلامدا نابینێتەوە بەڵکو موسڵمانان، بارودۆخی ناوخۆ چەندە پرسیارمان لادروست دەکات کە ئایا موسڵمانان چییان دەوێت و خوازیاری چین و کام گۆڕانن.

بۆ ئێمە وەك کۆمەڵگەیەکی کورد کە لە هەموو لایەکەوە چەند کێشە بەرەو رومان بخرێتەوە. دەبێت بزانین سەرچاوەکان چین و ئاگاداربین کە ئیسلامگەری وردە وردە بەرەو توندوتیژییەکی فیکری ( بیرکردنەوە ، گوتار و ڕەتکردنەوە) و هێزی چەکدار و تیرۆر دەبێت. دیارە "زمانی" توندوتیژی دەبێتە هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشو گیانی مرۆڤ. تیرۆر دیاردەیەکە باس لە مردنی سیاسەت دەکات لە نەمانی دیالۆگ و دانوستان. بەلای نووسەرێکی وەك ئیگناتیف (Ignatief) تیرۆر جۆرێکە لە سیاسەت و لەهەمان کاتدا هێرشکردنە سەر سیاسەتە. سیاسەت کە بە مانای دانوستان، کارلێکردنێکی ئەقلانی کە بتوانی سیاسەتی خۆت بسەلمێنیو بەڵگەی بەرامبەر هەڵبوەشێنیتەوە لە ڕێگای دیالۆگەوە. لەبەر ئەوە کاتێك تیرۆر ڕێگای توندوتیژی بەکار دەهێنێت سیاسەت دەکوژێت، سیاسەت کورت دەکاتەوە بۆ بەکارهێنانی هێز.

لەبەرئەوە کردەی تیرۆر کردەیەك نییە کە بە کارێکی سیاسییانە بەو مانایەی سەرەوە پێناسە بکرێت. توندوتیژی کاتێك دێتە ئاراوە کە زمان کۆتایی پێدێت، دیالۆگ نامێنێت. نەتوانینی دەربڕین دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ توندوتیژی. واتای سیاسەت بەپێی هانا ئارندت کە دەیەوێت وەڵامی ئەوە بداتەوە کە سیاسەت چییە. هەروەك چۆن کارڵ پۆپەر لەدایك بوون و سەرهەڵدانی سیاسەت کە لەسەر بنەمای دوان و گفتوگۆ و دانوستان دامەزراوە، دەبەستێتەوە بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی کراوە Open society)) کاتێك لە ئەنجامی رۆشنگەرییەوە مرۆڤ توانی خۆی رزگار لە دەسەلاتی خێلایەتی و کۆمەڵگایەکی داخراوەوە بکات. کە ئەفسانە جێگا بۆ لێکۆڵینەوەی ئازاد چۆڵ دەکات. کرانەوە لە هەموو روویەکەوە دەبێتە پێوانەی هەموو شتێك.(٧)



ئیگناتیف تیرۆر و توندڕەوی بەجۆرێك لەنیهلیزم دادەنێت نیهلیزم بەو واتایە نا کەهیچ باوەڕێك نییە و پابەندی مۆراڵ نەبێت. بەڵکو بەو واتایەی ئایدۆلۆجیای رەها و سەرەڕۆ بڕوانەبوونە بە سیاسەت وەك دیالۆگ و دانوستان، دانیشتن لەسەر مێژووی وتووێژ و خۆشاردنەوە لە ژێرەوە کارکردن. خراپ بەکارهێنانی سیاسەت و ئامێرەکان دەگرێتەوە. کەواتە تیرۆر لەبەر ئەوە مەترسییە کە سیاسەتێکە بەدوای مەرگی سیاسەتدا، بەدوای لەناوبردنی دانوستاندا دەگەڕێت، ناچێت نارەزایی، خۆپیشاندان بکات بەڵکو خراپترین و ترسناکترین ڕێگا هەڵدەبژێرێت، تەقینەوە، نائارامی خستنەوە. لەبەر ئەوەی تیرۆر مەرگی مرۆڤ، مەرگی سیاسەتە. نیهیلزمێکە کە باوەڕی بەهیچ فۆڕمێکی دیموکراسی سیاسی نەبێت، بەوتووێژ نەبێت تەنها هێز، توندوتیژ دەجولێنێتەوە بۆیە ئیتر زمانی دیالۆگ هیچ رۆلێکی نامێنێت.

## ئەنجام:

ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەست بوو خستنەڕووی ئیسلامگەری بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەوەی باس لە مافی مرۆڤ دەکات، ئەوەی باس لە زانست دەکات ئەوەشی توندوتیژ تەنها زمانێکی بێزمانێتی. هەرسێ جۆرەکان لە کاراکتەرێکدا یەکدەگرنەوە، ئەویش ئیسلامیزەکردنە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموویان بەتیرۆریست و دوژمنی مرۆڤ و ئاسایش دابنێت. ئیسلامگەرێك هەر باس لە مافی مرۆڤ دەکات و هەوڵی بۆ دەدات، باس لە زانست دەکات دەکرێت داهاتووی هەبێت، جیایە لە ئیسلامگەرێك کە تەنها یەك دروشمی هەیە ئەویش لەناوبردنی نەیاران و جیاوازانی بیروباوەڕەکان. پاشان دەبێت بزانین ئێمە چۆن گوزارش لە خودی کێشەکە دەکەین بۆ چ هۆکارێك دەیگێڕینەوە. لێرەدا هەوڵی ئەوەماندا ئەوە بسەلمێنین کە خودی ئیسلام کێشە نییە، بەڵکو ئەوانەی بەناوی ئیسلامەوە گوتار دەدەن.

ئەوانن کە ئیسلام کورت دەکەنەوە بۆ ئایدۆلۆجیا، بۆ دروشمی سیاسی و ململانێی دەسەلآت. پێویستە دیالۆگ و دانوستان زیاترین بایەخی پێبدرێت و بە هەموو شێوەیەك هەوڵبدرێت قەیرانەکە، کێشەکان و زۆرانبازییەکان بخرێنە گەمەیەکی سیاسی ناو چێوەیەکی دیالۆگەوە کە نزیکبوونەوە و دانیشتن و گوێگرتنە لە یەکتری. دەبێت سیاسەتی تەریککردن و داشۆرین، داپلۆسینی یەکتری چیتر هەل و دەرفەتی نەبێت لەم کێشانەدا. لە کۆتاییدا حەزدەکەم جارێکتر ئاماژە بەوتەیەکی بنجامین باربەر بدەم " گەر داوەری بە یەکسانی دابەش نەکرێت، ئەوا ناعەدالەتی بە یەکسانی خۆی دابەش دەکات، گەر هەموو کەسێك نەتوانێت خۆشبگوزەرێت لەڕووی ماددی و رۆحییەوە، ئەوا هەموو دەکەوینە هەژارییەکی قوڵەوە. ئەوەش وانەیەکی رەقە کە هەردووکمان فێردەکات".

## سەرچاوەکان:


- Metaphysics. Acontemporary Inttroduction” NewYork 1991 “John Post
- Benjamin Barbar . In 11 september het keerpunt . Atlas . 2001
- April -32002 “The Future of Political Islam". Foreign Affairs March : Graham Fuller





- Het International Status van de Recht van demens . Verenigde Naties. Newyork ،1978
- Barry .A. (2001) “Demonstration; Sites and Sights; in” Political Mechines. The Athlone press. London ،pp. 175-196.
- Michel Focoualt ،“What are the Iranians dreaming? Translated by Michiel Leezenberg vanuit Le Nourel obser vateur no 727. October. 16-22. 1978
- Michael Ignatieff “Mensenrechten en terreur” Damon 2002

بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی جاڕنامەی ئیسلامی سەیری

١. مدخل الى حقوق الانسان فى كوردستان العراق، د . صلاح محمد عزيز . ٢٠٠٠.

٢. خوێندنەوەیەك بۆ مافی مرۆڤ لە دەقە ئیسلامی و مرۆڤییەکانەوە، بەکر حەمە سدیق. ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی ٢٠٠٢.

### ٤-٢- فەلسەفە یا هەڵوێستگەرایی: فەلسەفەی ئیسلامی بەنموونە:

تا ئەمڕۆش کە جیهان لە گەرەلاوژێی و قەرەباڵغیەکی بێسەروبەردایە، فەلەسەفە لە پاش چەندین سەدەی دژوار هەر لەبرەودایە، بە تایبەت لەسەر ئاستی ئەکادیمی. لەوانەیە زێدەڕەوی نەبێت گەر بڵێین: رەوتی مێژوویی فەلەسەفە وەك کایەکی ماریفی، هێندەی فەلسەفە و تێزەکانی پڕئاڵۆزی و قەیران بووە. چونکە فەلسەفە وەك هەر کایەکی دیکە بەردەوام لەو سوڕە شارستانییەتە بەدەر نەبووە کە هەندێك بەگوڕ و تین بووە، هەندێك جاریش سست و گەیشتۆتە لێواری کۆتایی و پوکانەوە.

ئیدی گەرچی هەندێك تێزی فەلسەفی میتافیزیکی لەدەرەوەی مێژوو و کاتدا خراوەتە بەر باس، ئەوا فەلسەفە بەگشتی دوورونزیك لە کۆنتێکستی مێژوودا کەوتۆتە بەر گۆڕانکاری و کێشەکانەوە. لێرەوە کاتێك فەلەسەفە کەوتۆتە قەیرانێکەوە یاخود قەیرانێکی کولتووری و فەرهەنگی رویدابێت کەسانێك هاتوون باسیان لە رۆڵی فەلسەفە لە تێگەیشتن لە ژیان باسکردۆتەوە. ئەم هەوڵەش بۆخۆی باشە لەبۆ پێشخستنی هەندێك تێزی فەلەسەفی و سەرلەنوێ خوێندنەوەیان، بەڵام زۆر جاریش کەوتۆتە جوغزێکی تەسکەوە ئەویش هەڵوێستگەرایی لەفەلسەفە و هەڵسڵەمینەوە لێی.

گەر وردتر ئەم هەڵوێستگەراییە روونبکەینەوە، دەتوانین ئاماژە بەهەوڵ و تەقەللایە بدەین لە جیهانی ئیسلامی و هەم لەدەرەوەی کراوە لەسەر کێشەی فەلەسەفەی ئیسلامی. لێرەوە هەڵوێستگەرایی ئەو بۆچوونە باوە دەگرێتەوە کە جیهانی ئیسلامی بەگشتی و بەتایبەت لە جیهانی عەرەبیدا لە ئاست مێژووی قەیرانی فەلسەفەی ئیسلامی کراوە. تا ئەمرۆکەش ئەم جیهانە بەرینە لە ئیشکالیەت و دوالیزمی بێ ئاسۆدا دەژی. بەتایبەت ئیشکالیەتی رەسەنایەتی و هاوچەرخیەت، یا دوفاقەی گەڕانەوە بۆ رابردوو یا بەرەوپێشچوون!

ئیدی ئەم ئیشکالیەتە لە بیرکردنەوە و بریاڕدان لەسەرچارەنووسی بابەتگەلێکی فەلەسەفە و سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆتە چاوگە یاخود سەنگەرێك بۆ هەڵوێستکردن لەسەر پرسیارگەلێکی گرنگ وەك ئاقاری فەلسەفە و زانست و مافی مرۆڤ و کێشەی دیموکراسی و چی و چی لە جیهانێکی بێ سەروبەری وەك جیهانی سێهەمدا.

لێرەوە دەتوانین هەڵوێستەکان بەگشتی لەمەڕ ئەو پرسانە بکەین بە دوو بەشەوە:



١. هەڵوێستێکی ئایینی یاخود شێوە ئایینی و کولتووری.
٢. هەڵوێستێکی ئایدۆلۆجیانە ئەمیش دابەشدەبێت بۆ دوو تایپی تر: ئایدۆلۆجیەتی پێشکەوتنگەرا و مۆدێرنخواز کە خۆی لە رەتکردنەوەی ترادسیۆنەکاندا دەبینێتەوە. ئەوی دیکەش، ئایدۆلۆجیەتێکی ترادسیۆنالیست و کۆنەپارێزە کە گەڕانەوە بۆ مێژوو- رابردوو دەکاتە تەوەری هەڵوێستکردن لە هەموو دیاردەیەکی نوێ.

دەتوانین بۆ هەر جۆرێك لەو هەڵوێستانە کۆمەڵێك نووسەر و ناو ریزبکەین، بەڵام من لە دووتوێی باسەکەدا تەنها ئاماژە بە چەند ناوێکی دیار ئەدەم، چونکە باسێکی وەها درێژەدان هەڵناگرێت. پاشان گەرچی جیاوازی هەبێت لە شێواز و بۆچوونی زۆربەی رووناکبیراندا، بەڵام زۆربەیان هەماهەنگن لە دید و هەڵوێستەکانیدا بەرامبەر بەفەلسەفەی ئیسلامی. چونکە کۆمەڵێك دیدوبۆچوون هەن کە زێتر هەڵوێستەیەکن لەسەر فەلەسەفەی ئیسلامی و زۆربەشیان لە ئایدیۆلۆجیەتێکەوە پایە و شوێنی فەلەسەفە دیاریدەکەن. هەر یەکەشیان پابەندن بەجۆرێك میتۆدی خوێندنەوە بۆ فەلسەفەی ئیسلامی و لەو روانگەیەشەوە هەڵوێست دەکەن.

من لێرەدا هەوڵ دەدەم سێ جۆر میتۆدی خوێندنەوە و هەڵوێستکردن لەسەر فەلەسەفەی ئیسلامی لەلایەن نووسەر و رووناکبیرەکانی وڵاتانی ئیسلامی دەستنیشان بکەم:

١. میتۆدی (پرۆژەی) خۆماڵیکردن و بەئیسلامکردنی فەلەسەفە بە"المنهج التأصلی للفلسفه" دەناسرێن.
٢. میتۆدی وێکخستن و گونجاندن لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا[1].
٣. میتۆدی بەراوردکاری و جیاوازیکردن.

دیارە مەبەستی من بیرکردنەوە و رێخۆشکردنە بۆ میتۆدی چوارەم کە تائێستاش قسەی لەسەرنەکراوە، ئەویش بەڕای من هیچ یەکێك لەو سێ میتۆدەی تر ناگرێتەوە، بەڵکو جۆرێك پرد و متوربەیك بکات لە هەموو فەلسەفەکانی دونیا و سوودمەند بێت لێیان تاوەکو خزمەتێك بە کولتووری کوردی بکات. لەلایەکی دیکەوە گەرچی هەندێك نزیکایەتی لە نێوان ئەم میتۆدانەدا هەیە، بەڵام جیاوازی لە ئامانج و شێوازی کارکردندیاندا هەیە.

سەرەتا دەمەوێت لە میتۆدی یەکەمەوە دەستپێبکەم. دەبێت بزانین کە کارکردن بەم میتۆدە هەڵوێستگەرایە لە پرۆژەی بە ئیسلامکردنی فەلسەفەوە هەڵدەقوڵێت. لێرەوە ئەم

میتۆدە دەرکەوتێکی نوێیە بۆ کارکردن لەسەر رابردووی فەلسەفی و سەرلەنوێ خوێندنەوەی مێژوو و فەرهەنگ بە ئامانجی دروستکردنی رایەڵێك لە نێوان رابردوو و ئێستادا. بۆیە خۆماڵیکردنی ئەو رابردووە و زیندووکردنەوەی چەند بڕگەیەك وەك سەرەداوێکە بۆ رزگاربوون لەو تەنگەژە ترسناکەی جیهانی ئیسلامی تێکەوتووە. هەروەها دروستکردنی ئەڵقەیەك بۆ گرێدانی ناسنامەی کولتووری "بەشارستانییەتێکی گەورەوە" لە بەرامبەر شارستانییەت و هەژموونی سیاسی گەلانی تردا. ئیدی "ئیسلامیزەکردنی فەلسەفە" بەرچەکردارێکە بەرامبەر بەو رەوتە باوەی کە فەلسەفە بە داهێنراوێکی زۆڵی بێڕیشە و دەستنێژو نائیسلامی ناساندووە!

کێشەکە لەوەدایە کاتێك ئەمانە دەڵێین فەلسەفەی ئیسلامی هەیە، بەواتای رەسەنە و لەسەرچاوە ئیسلامییە پوختەکەوە هاتووە. لێرەوە فەلسەفە واتا و پێناسەیەکی ئایینی وەردەگرێت و دەچێتە نێو پرۆژەیەکی پانئیسلامیزمی ئایینگەراوە کە ئامانج لەمە جیاکردنەوەی فەلسەفی ئیسلامییە لەکاریگەری فەلسەفی کلاسیکی گریکی و مۆدێرن و سەلماندنی ئەوەی گوایا فەلسەفەی ئیسلامی جیاوازە لەڕووی باوەڕی ئایینی و ئیتنیکییەوە. گەرچی باوەشکردن بە فەلسەفەدا وەك کوڕێکی رەسەنی نێو جیهانی ئیسلامی، دەشێت باش بکەوێتەوە بەوەی فەلسەفە لە ئایین نزیکبخاتەوە و پردێك لە نێوانیاندا دروستکات. هەروەها ئاشناکردنی جیهانی ئیسلامی بەو ترادسیۆنە وەك هەنگاوێك بۆ کۆتایی هێنان بەو ململانێ هەردەمیەی نێوان ئایین- فەلسەفە. بەکورتی: حەڵاڵکردنی فەلسەفە لە پاش وەدەرنانی لە جیهانی ئیسلامیدا!

بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە جارێکی دیکەش فەلسەفە بەگشتی و فەلسەفەی ئیسلامی دەکرێتەوە بە دیلی دەق و دەبێتە ئینسترومێنت و پاشکۆی بیری ئایینی. پاشان بەهۆیەوە دروستکردنی ئاوێتەیەك یا تێکەڵێك لە فەلسەفە و ئایین، باوەر و بیرکردنەوە و دەقی فەلسەفی \میتۆلۆجیا، کە ئاکامەکەی تەواو پێچەوانەی ئەو رەوتە مێژووییە کە لە فەلسەفە بڕیویەتی. واتە فەلسەفە وەك قۆناغێ لە بیروهزری مرۆڤایەتیدا کە پاش-ئایین و باوەر و — میتۆلۆجی ناسراوە. هەروەها گەرچی لێرە و لەوێ و لە نێوەندە فەلسەفییەکاندا شتێك لە دووتوێی بابەتگەلی میتافیزیکدا لەمەڕ ئایین و ترادسیۆن وترابێت، بەڵام هەردەم فەلسەفە قسەی لەسەر ئایین کردووە (وەك لێکۆڵینەوە) نەك ئایین لەسەر فەلسەفە. ئەوەی ئایین هەیبووە لەسەر فەلسەفە هەڵوێستەکردنە و بەرگرتن بووە لێی بە حەڵاڵ وحەرامکردنی، نەك تاوتوێی بابەتی!



میتۆدی دووەمیش ناسراو و کۆنە لە مێژوودا هەر لە ئیبن روشد و ئیبن حەزمەوە کاری لەسەر کراوە. ئەم میتۆدە جۆرێکە لە تێکەڵێك لە رای گشتی باوەڕداران و دەسەڵاتی شەرعی. لە پێناو پراکتیزەکردنی فەلسەفەدا زۆرێك لە زاناکان ویستیان تێکهەڵکێش و گونجاندنێك لە نێوان فەلسەفە و باوەڕی ئایینیدا بهێننە ئاراوە. کاتێك فەلسەفە لەلایەن زۆرێك لە زاناکان بۆنموونە وەك غەزالی و پاشان ئەهلی حەدیس و ترادسیۆنالیستەکان حەرامکرا رێگەخۆش بوو بۆ چەندین زانا کە تەواو تۆڵەی خۆیان لە فەیلەسووفەکان بکەنەوە و بەتەواوەتی قاویان بدەن لە مەملەکەتی ئیسلامدا. کەسانی وەك ئیبن تەیمیە و چەند زانای تر بەشێوەیەکی "ناوکۆیی" بریاری یاساغکردنی فەلسەفە چ وەك خوێندن چ خەریکبوون پێوەی دا لەپاڵ ئەو هێرشەی کە کرایە سەر ئەوانەی بە "ئەهلی کەلام و الرأی" ناسراون کە مرۆڤ بەرەو وێڵێتی و سەرلێشێوان و گومڕایی و بێباوەڕی دەبەن.

ئیدی بۆیە فەیلەسووفەکانی جیهانی ئیسلامی ناچاربوون ئەم میتۆدە بگرنەبەر، بۆئەوەی پارێزگاری لە خۆیان و فەلەسەفە بکەن. هاوکات ئامادەشبوون سازش لەزۆر بابەتی فەلسەفی بکەن لە پێناو هارمۆنی کایەکە لەگەڵ باوەڕ و دەقی پیرۆزدا. تا ئەمڕۆش ئەم میتۆدە تەنها رێگاچارەیەکە بۆ هەندێك کە بەدزییەوە شتێکی فەلسەفی بنووسن و نەکەونە بەرهێرشی گوتاری "پێشینەگەرایە-سەلەفی". شایانی باسیشە فەلسەفە نەیتوانی ئازادبێت لە هەژموونی باوەڕ لە جیهانی ئیسلامیدا و پێشبکەوێت.

هەرئەمەش وایکردووە کە فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامیدا بەبنبەست بگات و نەتوانێت وەك کایەکی ماریفی سەربەخۆ و خاوەن دیسکۆرسی کولتووری جێی خۆی بکاتەوە. چونکە باسوخواسی فەلسەفی لەودەمەوە لە نێوان دیالێکتیکی ئەقڵ\دەق، باوەڕ و پرسیارکردن گیری خوارد. لێرەوە ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییە بۆتە قۆزاخەیەکی بچووك کە نەهێڵێ فەلسەفە گەشە بکات و فەیلەسووفیش بەردەوام خۆی بەڕێکخستن و گونجاندنی باوەڕ بەفەلسەفەوە خەریکبکات!

سەبارەت بەمیتۆدی سێهەمیش، دەبێت بڵێین کە ئەمڕۆکە و لەڕابردووشدا ئەم میتۆدە بەکارهاتووە و زۆر باوە چ لای رۆژهەڵاتناسەکان چ لەلای نووسەر و بیرمەندەکانی جیهانی ئیسلامی. بۆنموونە لەسەدەی هەژدە و نۆزدەدا کۆمەڵێك خۆرهەڵاتناس لە رێی زیندووکردنەوەی هەندێك تێکستی فەلسەفی ئیسلامی کەوتنە دەستنیشانکردنی خسڵەت و پێکهاتەی فەلسەفەکە و گەیشتنە ئەنجامگیرییەك کە فەلسەفەی ئیسلامی وتنەوە و تەنها

وەرگێڕانی فەلسەفەی گریکە. لەگەڵ ئەوەشدا کە فەیلەسووفەکانی جیهانی ئیسلامی رۆڵی بەرچاویان هەبووە لەوەرگێڕان و زیندووکردنەوەی دەقەگریکییەکاندا و هەر ئەمانیش تا رادەیەکی باش ئەو دەقانەیان لە لەناوچوون رزگارکرد و سەرلەنوێ ئەوروپایان ناساندەوە بەمیراتەکەیانەوە.

گەرچی هەندێك لەبۆچوون و رای شۆڤێنیستی و نەژادپەرستی لەلای خۆرهەڵاتناسەکان بەدی دەکرێت لەوەدا فەلسەفە تەنها لە گریکەوە سەرچاوەگرتووە و لەوانەوە داکەوتووە. دیارە ئەمە تائیستاش بۆتە هۆی ئەوەی چەندین نووسەر و لێکۆڵەر لە جیهانی ئیسلامی بکەونە بەرچەکردار و هەڵوێستەکردن بۆ سەلماندنی پێچەوانەی ئەو رایانە. زۆرێکیان ئەو بۆچوونە خۆرهەڵاتناسییە بە بەشێك لەو پرۆژە ئیمپریالیزمە دادەنێ کە لەسەر ئاستی جیاواز هەوڵی سڕینەوەی رۆڵی گەلانی دیکە دەدات لە پێشخستنی فەلسەفە و زانستدا.

لەمڕووەوە دەتوانین چەندین ناو ریزبکەین بۆنموونە وەك ئەحمەد ئەمین، عەبدولڕەحمان بەدەوەی، جابری و چەندانی دیکەیش وەك تەرابیشی. لێرەدا من تەرابیشی وەك نموونە وەردەگرم، چونکە ئەم هەوڵی داوە رەخنە ئاراستەی ئەو سێ ناوەی پێشەوەش بکات و هەوڵەکانیان لە میتۆدی لێکۆڵینەوە و لەبنەچە و ریشەی فەلسەفەی ئیسلامیدا دەربخات. تەرابیشی هەوڵێکی چاکی داوە لە رێی میتۆدی بەراوردکارییەکەی بەوەی هەندێك پەیوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە چ لە جیهانی کریستیانی و چ لە جیهانی ئیسلامیدا بکات. لەپەرتووکی" چارەنووسی فەلسەفە لە نێوان ئایینی ئیسلام و کریستیانییەتدا" هەستاوە بە بەراوردکردنی هەردوو ئایینەکە و لەرووە هەڵوێستسان دەربارەی بیری فەلەسەفی(٢).

بەڕای من تەرابیشی نموونەی هەڵوێستگەرایەکە کە لەرێی جیاوازی و بەراوردەوە بۆچوونی هەندێك نووسەر و خۆرهەڵاتناس رەتدەکاتەوە بیسەلمێنێت کە تێزەکانیان نازانستی و راستگۆنین. ئەمیش جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە چارەنووسی فەلسەفە لە جیهانی کریستیانیدا بەهەمان دەردی جیهانی ئیسلامی چووە. تەرابیشیش لە رێی بنکۆڵکردنێکی مێژووییەوە ئاشکرای دەکات کە فەلسەفە موڵك و داهێنانی گریك نییە، بەڵکو گەلانی دیکەش بەشداربوون لە پێگەیاندنی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا. ئیدی لە ترادسیۆنی ئیسلامیشدا هەوڵی فەلسەفی هەبووە لەپاڵ ئەوەی فەلسەفە لەمەترسیدا بووە وەك نەیارێکی ئایینیش بووە.



راستە کە فەلسەفە لەلایەن ئایینە جۆربەجۆر و بڕواکانەوە دژایەتی کراوە، بەڵام قەیرانی فەلسەفەی ئیسلامی نابێت راستییەك بشارێتەوە کە هەڵوێستی بەناو شەرعی و ناکۆکی خستنە نێوان بڕوا و فەلسەفەوە کە تارادەیەکی زۆریش بووەتە دیسکورسی سیاسی و شەڕی بەرامبەر رەوایەتی چارەنووسی فەلسەفە کردووە. راستە فەلسەفەش لەکۆیی ئەو هەموو قوتابخانە راڤییانەدا بۆ قورئان و سەرهەڵدانی بیروڕای جیاواز جۆرێك لە سڵکردنە و ترسی لای زانایانی ئیسلام دروستکردووە. هەروەها پێیان وابووە کە قەیرانی سیاسی و یان نائاسایی خەلافەت بەهۆی هاتنەناوەوەی چەندین گەل و نەتەوە و بیری جیاوازەوە، رووی لە هەڵوەشانەوە کرد. بەڵام داهێزرانی سیاسی و جیاوازییەکان هۆکارێکن لە قەدەغەکردنی فەلسەفە .

ئیدی پێویستی نووسینەوە و ئەرشیفکردنی (فەرموودە و سوننەت) لەژێر ناوی پاراستنی میرات و فەرهەنگی ئایینیشدا بووە. پاشان گێڕانەوەی دەسەڵاتی تێگەیشتن بۆ دەق نەك ئەقڵ، گورزێك بوو لەبیرکردنەوەی فەلسەفی. چونکە بەبیانوی ئەوەی راوبۆچوونی جیاوازی دەنێتەوە و دووبەرەکی دەخاتە نێو مسوڵمانانەوە، زۆر دەرگاداخران بەڕووی بیرکردنەوەی ئازادا. ناهەقیەکەش لەوەدایە کە ئەو سەردەمە فەلسەفە وەك راوبۆچوون و زانستی ئاخاوتن سەیرکراوە پاشان دەرفەت بۆ جیاوازی بیروڕا قەدەغەکراوە.

هەروەها نەبوونی شارەزایی لەبنەڕەتییەکانی فەلسەفەش بۆتە هۆکارێکی یاریدەدەر لە قەبوڵنەکردنی فەلسەفە خۆی. گەربمانەوێت بەراوردێك لە نێوان دۆخی سیاسی و کولتووری ئەسینا و جیهانی ئیسلامی بکەین، دەبینین لە ئەسینا دیموکراسی بەرەو بێهێزی و داهێزران و سەرهەڵدانی گرووپی جیاوازی وەك سۆفیستەکان کە مەترسییان لەسەر بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی هەبوو. لەکاتێکدا ئەمە مەترسیی هەبوو بۆ فەلسەفە و نەیتوانی کۆتایی بەرۆڵی ئەم گرووپە بهێنێت و فەلسەفە بڕسکێت و ببێتە قەڵغانێك بۆ بیرکردنەوەی گریکی. بەڵام ئەوەبوو گەرەلاوژێی جیاجیاکان لەجیهانی ئیسلامیدا کردیان نەبووە هۆی لەدایکبوونی فەلسەفە، بەڵکو ئاڵۆزکردنی ژیانی سیاسی و رووناکبیری و فەلسەفی.

کەسانێکی وەك سۆکرات و پلاتۆ و ئەرەستۆ توانییان بینای فەلسەفە قایم بکەن و فەلسەفە بکەنە دەزگایەکی ماریفی و سیستماتیکی بۆ بیرکردنەوەی زانستی. لەکاتێکدا ئەو مقۆمقۆیەی کە بەناوی جیاوازەوە لە جیهانی ئیسلامیدا رووی دا نەبووە هۆی بەرهەمهێنانی رێچکە و رێبازی فەلسەفی، بەڵکو هۆکارێکیش بوو بۆ حەرامکردنی فەلسەفە. زۆربەی زانایانی ئیسلام گەرچی هەندێکیان ئاشنابوون بە هونەری ئاخاوتن و لۆجیك، بەڵام

فەلسەفەیان وەك ریتۆریکا و شێوازی دەربڕینی راوبۆچوون دەزانی. دەشێت خەڵکانێك هەبووبن مامەڵەیان لەتەك فەلسەفەدا وەك زانستی ئاخاوتن (کەلام) بووبێت، وەك تەرابیشی دەڵێت:" کەلام هاوتای فەلسەفەیە، بەڵکو جێگرەوەی فەلەسەفەیە، کاتێك کە فەلسەفە نائامادەیە... کەلام و گوتاری فەلسەفی کولتوورێکە کە **بێ فەلسەفە** بێت"(٣). کەواتە زانستی کەلام جێگای فەلسەفەی گرتەوە و چونکە تەنها دەنگێك بووە کە بەناوی ئەقڵەوە دوابێت لەو سەردەمەدا!

## گرفتی پێناسەکردن:

بێگومان لەو ئیشکالییەتانەی کە دەبێت باسبکرێن گرفتی پێناسە و پۆلێنکردنی فەلسەفەی ئیسلامییە. دەشێت نەبوونی پێناسەیەکی شیاو و گونجاو هۆکارێك بێت بۆ تێنەگەیشتن لەو فەلسەفەیە. لەوانەیە پێناسەیەکی تەواو و پڕاوپڕ ئەستەم بێت، بەڵام بەلانی کەمەوە پێویستمان بە هێڵێکی گشتی هەیە بۆئەوەی فەلسەفەی ئیسلامی تێکەڵ بە هەندێك بابەتی تری وەك زانستە ئایینییەکای تر نەکرێت، بەڵکو وەك کایەکی سەربەخۆ بناسرێت.

لێرەوە پێویستمان بەهەندێك پێوەر هەیە بۆئەوەی بتوانین لە فەلسەفەی ئیسلامی بدوێین. گرنگترینیان بەڕای من ئەم چەند خاڵەیە:

**یەکەم:** جیاکردنەوەی فەلسەفەی پوخت لە لەبیروبۆچونی ئایینی و باسوخواسی تیۆلۆجی و هەندێك هەوڵی راڤەکاری بۆ دەقی ئایینی.

**دووەم:** دەرچوون لەو پێوەرە زمانەوانی و ئیتنیکی و نەژادی و ئایینییە بۆ فەلسەفەی ئیسلامی. بەواتایەکی تر، دەبێت ئێمە لەژێر واژەی فەلسەفەی"ئیسلامیدا" واتایەك، پێناسەیەك تێبگەین کە لەرەهەندە جوگرافییەکەوە هەڵدەقوڵێت. ئیدی واژەی عەرەبی تەنها بەو واتایەی کە بەزمانی عەرەبی نووسراوە، نەك لەبەرئەوەی فەیلەسووفەکان هەموویان عەرەب نەژادن، یاخود فەلسەفەکە لەخزمەت نەتەوەی عەرەبدا بووبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فەلسەفەی ئیسلامی، فەلسەفەی ئەو هەموو گەلانەبێت کە لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا بەزمانێکی هاوبەش زانستی و نووسینیان بەرهەمهێناوە و فەلەسەفە کاریان پێکردووە.

لێرەدا وەك نموونەیەك ئاماژە بە کێشەی پێناسە ئەدەم کە لە ئینسکلۆپیدیای فەلەسەفی کە بەزمانی هۆڵەندی لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە. ئەم ئینسکلۆپێدیایە پشکێکی باشی بۆ



فەلسەفەی ئیسلامی تەرخانکردبوو، بەڵام لەوێدا هەڵەیەکی میتۆدی و تێوری کرابوو بەتایبەت لە هەڵبژاردنی ئەو تێکستانەی کە بەفەلسەفەی ئیسلامی دەژمێردرێن، چونکە کۆمەڵێك ناو و کاری هەندێك بیرمەندی ئیسلامی لەو ئینسکلۆپێدیایەدا هاتوون کە باسوخواسی تیۆلۆجی پوخت و ئایدۆلۆجیای ئیسلامگەرایی دەکەن کە بەهیچ کلۆجێك ناچنەوە سەر فەلسەفە. بۆنموونە کەسانیکی وەك ئیبن تەیمیە، ئەبوعەلای مەودودی، سەیدقوتب کرابوونە نێو ئەو ئینسکلۆپێدایەوە. پێم وایە ئەم هەڵبژاردنە هەر لەو روانگە هەڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایا ئێمە چ تێکستێك بەفەلسەفەی ئیسلامی بژمێرین؟ ئایا باسوخواسی تیۆلۆجی و کێشەی راڤەکردنی قورئان و ئیجتیهاد بەکرۆکی فەلسەفەی ئیسلامی بژمێرین؟

لەلایەکی دیکەوە من پێم وایە هەمان هەڵە لەبۆچوونی ئیسلام و سیاسەت، ئیسلام و دەوڵەت دووبارە دەبنەوە. کەسێك تا ئێستاش چ لە ئیسلامگەراکان چ لە لە هەندێك ئەکادیمیستی ئەورووپی رایەکیان هەیە: لەبەرئەوەی لە مێژووی بەڕێوەبردنی ئیسلامدا جیاوازییەك نییە لە نێوان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی شەرعی وەك دوو دەزگای جیاواز و سەربەخۆ کە لە ئایینی کریستیانیدا کراوە. ئیدی لە ئیسلامدا جیاوازی کایەی سیاسەت و ئایینیش نییە. بۆیە هەمان بۆچوون سەپێنراوە بەسەر فەلسەفەی ئیسلامیشدا. دیارە ئەم بۆچوونە گشتگیرە لەسەر ئیسلام لە میتۆدی یەکەمەوە نزیکە کە دەیەوێت لە هەموو روویەکەوە بۆ هەموو کایەکی ماریفی و زانستی رەگ و ریشەیەکی ئیسلامی بدۆزێتەوە!

## کورد و فەلسەفەی ئیسلامی:

وەك لە پێشەوە ئاماژەم پێدا چەمکی فەلسەفەی ئیسلامی-عەرەب سنوورێکی بەرفراوانی جوگرافی دەگرێتەوە و ئیدی بەو واتایەش کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی بەشداری هەبووە تێیدا. بەڵام ئایا کورد لەبەرئەوەی مێژوویەکی دوورودرێژی لەگەڵ ئیسلامدایە و بەدرێژایی ئەو چەند سەدەیەش کۆمەڵێك زانستی جیاواز خوێندراوە و باسکراوە لەلایەن زانایانی کوردەوە، تاچەند پشکێکی دیاریان هەبووە لەفەلسەفەی ئیسلامیدا؟

وەك باوە لای هەندێك لە رووناکبیرانی کورد کە هەمان میتۆد پەیڕەو دەکەن بۆ خوێندنەوەی رابردوو وەك چۆن لای نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورکیش ئامادەیە. بۆنموونە کەسانێك دەیانەوێت لە رێی پرۆژەی ئیسلامی و یاخود بۆچوونێکی ترادسیۆنالیستی بۆ

دەرخستنی پشکی کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا کەوەك رەهەندێکی گرنگی کولتووری — ئایینی و ناسنامەی کورد دیاربکەن. لێرەوە ئەمانیش دەیانەوێت سەرەتایەك بدۆزنەوە بۆ گرێدانەوەی کورد بە ئیسلامەوە لە رێی بەشداری فەلسەفییەوە. دیارە رۆڵی کورد لەو شارستانییەتدا گەر زۆر نەبێت، ئەوا نکوڵی لیناکرێت بە تایبەتی لە بابەتگەلی شەرعی و زمانەوانی دا.

چەندین سەرچاوە باسی ناودارانی کورد دەکەن کە توانای باشیان هەبووە لە بواری فەلسەفە و لۆجیك. وەك کاتب چەلەبی لە کتێبی "کەشفوزنوندا" دەڵێت: " گەر مەلا و فەقێی کورد نەبان لەسەروبەندی سولتان **محەممەد** خوێندەواری و زانست و فەلسەفەی بڵاوکردەوە بەسەرانسەری رۆژهەڵاتـی ناویندا، ئەوا ئاسەواری نەدەما "!(٤). هەروەها شێخی خاڵ لەسەرگوزەشتەیەکدا باسی مەولاناخالید دەکات لە کاتی سەرداندێکدا بۆ پرسەیەك لە بەغدا، کە لەوێ شێخ عەلی وەعز ئەدات، کاتێك مەولانا دێتە ژوورەوە خەڵکی رێزی زۆری دەگرن، شێخ بەمە سەخڵەت دەبێت و پێی ناخۆشە بۆیە دەڵێت: " زانایانی کورد هەر خەریکی فەلسەفە و لۆجیکن نەك شەرع، بەپێچەوانەی زانایانی عەرەب کە خەریکی قورئان و سوننەن"! دیارە مامۆستا خاڵ ئەم سەرگوزەشتەیە لە مەحموود ئالوسی خاوەنی پەرتووکی "روح المعانی"یەوە وەرگرتووە(٥).

گەر ئەم توانجە لە زانایانی کورد بەهەند وەربگرین ئەوا دەبێت دڵخۆشبین کە زانایانی کورد زێتر خەریکی فەلسەفە بوون تاکو فیقهو و شەرع. وەلێ بەداخەوە کە زۆر لەنووسەرەکان وەك ئەمین زەکی، سەجادی و خاڵ و مەلاعەبدولکەریمی مودەریس و شوکر مستەفا و مەسعود **محەممەد** و کێ و کێ ناوی چەندین زانا و دانایان لە بواری فەلسەفەدا بردووە، بەڵام تا ئێستاش تاقە دەستنووسێکی وەها نییە کە بڵێین بەڕاستی کورد خەریکی فەلسەفە بووە و پشکێکی باشی لە نووسینی دەقی فەلسەفیدا هەبووە. من نکوڵی لەوە ناکەم کە دەبێت دەستنووس و رەشنووسی کۆن هەبن لەناو نامەخانەکان و ئەرشیفەکاندا، بەڵام بۆ تاکو ئێستاکێ زیندوو نەکراوەتەوە؟

ئیدی لە باتی ئەوەی کەسێك ناوی زانایانی کورد بدات لە بابەتێکدا، بابێت کار و بەرهەمەکەی بخاتە بەردەم. چونکە بایەخی دەرخستنی ئەو نووسراوانە ئەوەیە کە ئێمە بزانین دەستینشانی سەرەتای فەلسەفی لەبیری کورددا بکەین و لەوێوە بتوانین پردێك لە نێوان دونیای فەلسەفەی کلاسیك و رۆڵی کورد لە تێگەیشتن تێیدا دروست بکەین بۆئەوەی سوودیان بۆ ئەمڕۆکە چەندە دەربخەین.



## ئەنجام:

ئەوەی من ویستم لەم بەشەدا بیخەمە روو: کێشەی هەڵویستگەرایی لە بەرامبەر بە فەلسەفەی ئیسلامی. ئەوەی ئیمڕۆ سەبارەت بە فەلسەفەی ئیسلامی دەنووسرێن گەرچی نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژووی باشی تێدایە، بەڵام لە هەڵوێستگەراییەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەیەوێت شتێك بسەلمێنین نەك لێتوێژینەوەی فەلسەفی. پاشان ئەم جۆرە هەڵوێستە نەیتوانیوە دەستنیشانی بەبندەستگەیشتنی فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامیدا دیاری بکات و هۆکار و ئەنجامەکانی لێکبداتەوە. لێرەوە من پێم وایە جیهانی ئیسلامی لە سیستمێکی ئایدۆلۆجی پەرچەکردار و کۆنەپارێزەوە رێدەکات و هەر خەریکی بەهانە داتاشین و پاکانەیە بۆ شکستی فەلسەفی زانستی خۆی.!

ئیدی ئێمە لەبەردەم جیهانێکداین کە دەیەوێت تاریکی ئێستای بە شکۆمەندی و پرشنگداری چاخەکانی ناوەڕاستی رۆشنبکاتەوە. دەکرێت هێنان و دەرکردنی رابردوو لەکۆنتێکستی سەردەمی خۆی بۆ ئێستا وەك سیمبولێك بۆ پێشکەوتن و پرشنگداری و شکۆمەندی شارستانییەتێك بدات بەدەستەوە، بەڵام ئامانجی فەلسەفی ناپێکێت . دیارە لەمڕوەوە هەرسێ میتۆدەکە جۆرێك لە خوێندنەوە بەرهەمدەهێنێت کە باکی بەچارەنووسی فەلسەفە خۆی نییە، بەئەندازەی ئەوەی بیسەلمێنێت کە لەو شارستانییەتە ئیسلامییەدا فەلسەفەش هەبوو!

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١ . جێی وەبیرهێنانەوەیە کە دکتۆر حسین مروە لە پەرتووکی "النزعات المادیە فی الفلسفە العربیە الاسلامیە" بابەتێکی تەرخانکردووە بۆ ئەم میتۆدە کە بە "المنهج التوفیقی" ناوزەدکردووە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەم نووسەرە مارکسیستە لە دیدێکی مێژووگەراییەوە (هیستۆریسیزم) و فەلسەفەی ئیسلامی عەرەبی شەنوکەو کردووە و دەیەوێت ململانێی چینایەتی و ئایدۆلۆجی لەودەمەدا بەو دیدە دەربخات. و هۆکار و ئەنجامەکانی لێکبداتەوە . پاشان خۆی نموونەی ئایدۆلۆجیستیکە کە دیدێکی هەڵوێستگەرای هەیە!

٢ . جورج الطرابیشی: "مصائر الفلسفە بین الاسلام و المسیحیە"، دار الساقی ١٩٩٨.

٣ . ه. س. پ. ل ١٥٤.

٤ . شوکر مستەفا: "سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری" چاپکراوەکانی، رامان- هەولێر ٢٠٠٦.

٥. چەند یادداشتێکی شێخ محەممەدی خاڵ، زنجیرەی کتێبی تیشك ٢٠٠٦.

# تەوەری سێیەم

# فەلسەفە و کۆچکردن

# ئێمە هەموومان نامۆین: (ژولیا کریستڤا)

## ١ –٣– کۆچ وەك پرسیارێکی فەلسەفی لە داهاتوو و هەڵاتن لەرابردوو:

### ١- کۆچ و راکردن لە واقیع:

سەرەتایەك کە پێویستە لێوەی دەستپێبکەین ئەوەیە ئەم نووسینە دیاردەی کۆچکردن و کێشەی کۆچ وەك پرسارگەلێکی سۆسیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجیی کە باس لە هۆکارە سیاسی و کۆمەلآیەتی و کولتوورییەکانی کۆچکردن دەکەن لێناتوێژێتەوە، بەڵکو چەمکی کۆچ لە رەهەندیکی فەلسەفییەوە وەردەگرێت. هەڵبەتە مەبەستیشمان لەوەنیە کە بە "فەلسەفەی کۆچەری" ناو دەبرێت لای دۆلۆز و کەسانی تر لە فەیلەسووفەکانی پۆستمۆدێرنە. لەبەرئەوە لێرەدا کۆچکردن بەو واتا فەلسەفییە تەوەرەی سەرەکی باسەکەیە بەلآم کۆبەندی هەیە لەگەڵ هەندێك رەهەندی سیستەمی نوێی جیهانی و بەتایبەت کاریگەریی میدیای نوێ و هۆکارەکانی پەیوەندی و گواستنەوە کەدەبنە خاڵێکی گرنگ بۆ ئەوەی لە دیاردەکە تێبگەین.

گەر کۆچکردن ناوێکی شیاو بێت بۆ دیاردەیەك کە رۆیشتن، چۆڵکردن، بارکردن و گواستنەوە دەگرێتەوە، ئەوا خودی کۆچ پرسیارێکە و هەڵگری کۆمەڵێك کێشەیە و کۆچبەر (کۆچەر) بوونەوەرێکە کە چیدیکە وابەستەی جێگا و شوێنێك نییە و لە جوگرافیای داخراودا نامێنێتەوە، بەڵکو بوونەوەرێکە بەدوای بوونێکی تردا دەگەڕێت، بەدوای ژیانێکیتر. هەر لێرەوە کۆچبەر پرسێکی ئاڵۆزە و ناسنامەی چەسپاوی کە بەندە بەشوێن و کاتێکی دیاریکراو دەکەوێتە جێ لەقە. چونکە کۆچ پرسیاری بوون و دەرچوونە لە مێژوویەکی درێژکراو و سەپێنراو لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا. دیارە ئەم دەربەدەر بوونەش دەستبەردار بوونە لەمێژوو و جوگرافیا.

بەلآم دەشێت بپرسین ئایا دەرچوون لە مێژوو و جۆگرافیا بۆ؟ لەبیرمان نەچێت کە کۆچکردن هەرگیز یەك ئاراستەی هۆشیاری و زەینیی نییە، هەر بۆیە هێندەی کۆچکردن و رۆیشتن و دەرچوونە، هێندەش گەڕانەوەیە بۆ خود. واتە گەڕانەوەیەکی ریشەیی بۆ رەچەڵەکی ناسنامە و



مێژووی خودە کەشفکردنێکی ترە لە دەروازەیەکی ترەوە. واتە هاتنەوەیە بۆ ناو مێژوو لە شوێنێکی ترەوە. ئەمەش بۆ خۆی سەرەڕای ئەوەی گۆڕانە لە دید و هۆشیاری و بیرکردنەوەدا، نوێکردنەوەی بیروبۆچوونەکان و بەخۆدا چوونەوەشە.

دەزانین کە کۆچکردن بەئەندازەی خودی مرۆڤ کۆنە، گەر کۆچکردن تەنها بە خسڵەتێکی سروشتی مرۆڤ دابنێین، دیارە کۆچ و ژیانی رەوەندی، پیشەی گەلێك لە گیانەوەرەکانی دیکەشە. بەلآم ئەوەی مرۆڤ لەوان جیادەکاتەوە خەیاڵ و بیرکردنەوە و یادەوەرییە، ئەو بڕیارە ئەقڵییەیە کە مرۆڤ لێوەی دەگاتە کۆچکردن، واتە بە هەڵبژاردنی خۆیەتی. چونکە مرۆڤ بەتایبەت و گیانەوەران بەگشتی زۆر کات لەژێر گوشاری نالەباری سروشت و دەوروبەردا ناچار بوون شوێنگۆڕکێ بکەن و باروبارۆچکەیان بگوازنەوە بۆ جێگایەکی لەبارتر کە چارەنووس دروستی نەکردووە، بەڵکو چارەنووس تێیدا لەدایك دەبێت و ئەو جێگایەش (تاراوگە) دەبێتە چارەنووس. هەر بۆیە کۆچکردن پرسی چارەنووس هەڵدەگرێت و لێرەشەوە خۆشی دەبێتە چارەنووسسازێك بۆ کۆچبەر.

شتێکی باوە کە نامۆبوون و کۆچکردن دوانەیەکن، بەلآم نامۆبوون تەنها خسڵەتێکی تایبەت نییە بە کۆچکردنەوە، بەڵکو نامۆیی حاڵەتێکی دەروونی و فەلسەفی و رۆشنبیرییە لەپێش هەموو شتێکەوە (گەرچی لە مارکسیزمدا نامۆیی بەستراوە بە ئیشی کرێکار و وزەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنراوەوە) کە دەکرێت نامۆیی زۆرجار لە هزر و دەروونی کەسی نیشتەجێیشدا هەبێت. پاشان نامۆیی کورد و کۆچکردن بۆنموونە پابەندە بەو پرۆسەیەی کە نامۆکردنە کە دەمانگەیەنێتە کۆچکردنێکی فیزیکی و ناچارمان دەکات زێد بەجێبهێڵین. دیارە ئەمەش بەرئەنجامی پەراوێزکردن و پاوانەکردنی کوردە لەو شوێنانەی کورد بەکەمینە دادەنرێن و دەکرێنە جەستەیەکی نامۆ و ناسروشتی لە قەوارەیەکدا کە زۆرینەی نەتەوەیەکی سەردەست بڕیاردەرە.

هەر بۆیە دەکرێت بووترێت نامۆبوون و کۆچکردن تا رادەیەك پێداویستییەکی هۆشیاری و رۆشنبیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و خۆشی دەبێتە جۆرە پێویستییەکی هۆشەکی و زەینی. چونکە نامۆیی، کۆچکردن، ئەو دۆخەیە کە پرسیار چەکەرە دەکات، بەخۆداچوونەوە تیژ دەکاتەوە و گیانی گەڕانەوە بە مێژوو و نیشتمان سەر لە نوێ، بەدیدێکیترەوە شەتەك ئەداتەوە. دواجار دەمانگەیەنێتە حاڵەتێکی فەلسەفیی دژوار کە بێ بیرکردنەوەی سیستماتیك نەتوانین لێی قورتار بین. پاشان نامۆ بوون لەزێد و نیشتمان خسڵەتی کەسێکە کە بەرەوڕووی بیرکردنەوە باوەکان بوەستێننەوە و سنوورەکانی بیرکردنەوەی داخراو تێکبشکێنێت و کرانەوە بکاتە ئاسۆ. ئەمەش بۆخۆی بەرهەمهێنەری گۆڕانێکی هۆشەکییە کە پرسیار پێشوەخت ئامادەیی هەیە، هاوکات گەر

ئەم نامۆ بوونەش لە کۆچکردندا ئاوێزە بێت تەنها بە جێهێلانی شوێن نییە، بەڵکو بەجێهلانی بیرکردنەوەو هزرە باوەکانیشە.

لەلایەکی دیکەوە کۆچکردن و نامۆبوون ناتەباییە لەگەڵ خودێکی دیلدا، هەڵنەکردنە لەگەڵ دەوروبەرێکی باو و پاوانەکراودا. ئەمەش بۆخۆی ئەودیوە یاخییەیەکە لە نامۆ بوون و کۆچکردندا بەرجەستە دەبێت، بەوەی مرۆڤ لە قەڵەمڕەوی دۆگمای ئایدۆلۆجیی دەسەلاّت و ئاستەنگە کۆمەلاّیەتییەکان خۆی رزگار دەکات. کە واتە ناتەباییەکە لەگەڵ بیر لێنەکراو و پرسیار لێ نەکراودایە. شکاندنی ئابلۆقەی بێدەنگییە کە ئامادەییەکی داگیرکەرانەی لەسەر ئەقڵ و هۆش هەیە. بە واتایەکی‌تر کۆچبەر هەڵگری نیشتمانێکی گەڕۆکە لە خۆیدا، نیشتمانێك کە بیری لێ نەکراوتەوە نەك دەبێتە شوێنێك بیری تێدا بکرێتەوە، بەڵکو دەبێتە بەشێك لە بیرکردنەوە. ئیدی ئەم نیشتمانە رووبەرێکە، پانتاییەکە کە خودی کۆچبەر بزوێنەر و داهێنەریەتی.

لێرەوە دەکرێت بووترێت وێنەی نیشتمان و ئایندە و چارەنووس لای کەسی کۆچکردوو ئامادەترە لە هۆشدا وەك لە کەسێکی نیشتەجێدا کە رۆژانە خۆی لە نیشتماندا دەبینێتەوە و بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆی گونجاندووە لەتەکیدا و بەم پرسیارەوە خەریك نییە. واتە ئەو مرۆڤەی لە نیشتماندا نیشتەجێیە خۆی نابینێتەوە تێیدا، لەکاتێکدا کۆچبەر لە نیشتماندا نییە. بەڵکو هەردەم نیشتمان تێدایە!

## ٢- میدیای نوێ و کۆچکردن:

هەڵبەتە تەکنۆلۆژیای گلۆباڵ و میدیای نوێ جووڵە و بزاوتێکی داوە بە گێتی و مرۆڤ لە دۆخێکدا کە جووڵەی بەردەوام و نەسرەوتنە ببێتە حاڵەتێکی ئاسایی بوون. نەك تەنها مرۆڤەکان و شتومەك لە جووڵە و کۆچدان، بەڵکو بابەتەکانی مرۆڤ و کێشەکان و قەیرانەکانیش لە جووڵەدان و کاریگەرییان لەسەر شوێنەکانی‌تر هەیە، بۆنموونە تیرۆر زەقترین دیاردەیە لەم رووەوە کە چیتر قەیرانێکی ناوچەیی نییە، بەڵکو سەرتاپا جیهانگیرە. لێرەوە ئێمە ئەو جیهانە باوەی باپیرانمان بەجێ دەهێڵین بۆ جیهانێکی گەڕۆك و جووڵە ئامێز کە دواجار وێنەی ئێمەش بۆ جیهان و رووداوەکان دەگۆڕدرێن و چەمکەکانیش دەکەونە بەر تەوژمی جووڵە و ئەگەری گۆڕان و لەناو چوونەوە.

بەهۆی تەکنۆلۆژیای میدیای نوێ و تۆڕەکانی پەیوەندییەوە بابەتەکانی رۆژگار و کێشەکان لە جووڵەیەکی بەردەوامدان ئەمەش بۆ خۆی گۆڕانێکە لە دونیابینیدا، واتە گۆڕانێکی ئۆنتۆلۆجییە و



دواجار تێکشکانی ئەو چەمك و وێنە و تیۆرە مودێرنانەن سەبارەت بە مێژووی مرۆڤایەتی کە پێی وایە مێژوو یەك رەهەندی جیهانگیریی هەیە و یەك فاکتەر دەیجووڵێنێت. هاودەم ئەم گۆڕانە ئۆنتۆلۆجییە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەی کە بە کۆمەڵگەی جیهانی ناودەبرێت. دیارە ئەم کۆمەڵگەیە تەنها لە تەونی ماس-میدیاکاندا بوونی هەیە.

لێرەوە لەوێبوونەکەی (Dasein) هایدەگەر تەنها لە میدیاکاندا هەیە. ئیدی بوون، هەبوون دەستکردی میدیاکانە. هەبوونێك کە لە هەمانکاتدا لە هەموو شوێنێکە [1]. لە لایەکی ترەوە گەر ئێمە نەجووڵێین و شوێنگوڕکێ نەکەین بە نیشتەجێیی خۆمان ئەوا شوێنی خۆمان لەدەست دەدەین، چونکە وێنەکان (وێنەکانی) بۆ خۆیان لە گۆڕانێکی بەردەوامدان. واتە شوێنەکان شوێنگۆڕکێ دەکەن لە وێنەکاندا، لە هەواڵ و دەنگوباس و لێشاوی زانیارییەکاندا، لەو تۆڕە مەزنەدا هەموو دێن و دەچن. لێرەوە ئەو جیهانەی کە دەبینرێت و دەبیسترێت کتومت ئەو جیهانە (راستەقینەیە) نییە کە هەیە، بەڵکو ئەم جیهانە ئەو واقیعە ڤێرچوەڵەیە (Virtual) کە دەبینرێت و پیشاندەدرێت. ئەو جیهانەیە کە مانوپۆلێر قورفدەکرێت لە رێی ماس- میدیاکانەوە.

هەڵبەت ماس-کولتوور بەرهەمی سەرەکیی ماس-میدیاکانە کە بۆ خۆی لە بەردەم پرسیارێکی فەلسەفیدایە کە ئایا وێنە و چەمك و دیدەکان کە لە میانەی پەخشی میدیاکانەوە گوزارش دەکرێن، تا چەند راست و دروستن و سەنگێکی ماریفییان هەیە؟ ئێدی ماس-میدیا نەك تەنها هۆکار و ئامێرێکە بۆ گواستنەوەی چەمك و گەیاندنی زانیارییەکان لەسەر جیهان، بەڵکو بۆ خۆیان (ماس-میدیا) دروستکەری جیهانبینییەکن کە بەرهەمی تەونی خەیاڵ و ئەندێشەی دروستکراوە لە تاقیگەکانی میدیاکاندا و قازانج و بەرژەوەندی بازرگانی و سیاسی لە پشتیەوە ئامادەن. لەبەر ئەمە ئەو جیهانەی ماس-میدیا باسی لێوە دەکات کتومت ئەو جیهانە واقیعە نییە وەك خۆی هەیە.

شایانی باسە خۆهەڵخەڵەتاندنە گەر وای بۆ بچین کە لە ئەنجامی ماس-میدیاوە مرۆڤ زیاتر ئاگادارە و زانیاریی زیاتر (باشتر)ی هەیە سەبارەت بە دونیا و، دواجار ئەمەش بەرەو کۆمەڵگایەکی ترانسپێرانت (روون و شەفاف)مان دەبات [2]. بەڵکو ئەو جیهانە دەستکردی میدیایە و تەواو راستەقینە نییە، تا بیکەینە سەرچاوەی زانست و زانیاری.

### ٣– کۆچ و ڕۆشنگەریی:

بێینەوە سەر تەوەرە سەرەکییەکەمان کۆچکردن و پەیوەندیی بە مەسەلەیەکی گرنگەوە لەڕووی مێژوویییەوە، ئەویش ڕۆشنگەرییە. زیادەڕەوی نییە گەر بوترێت (لەڕووی تیۆرییەوە) ڕۆشنگەریی کوردی و تاراوگە، ڕۆشنبیر و کۆچ، هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی لەگەڵ تاراوگەدا هاوشانن، گەر سەرنجێك لە سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری لەلای کورد بدەین کە وەك هەندێك نووسەر پێیان وایە بۆ حاجی قادری کۆیی دەگەڕێتەوە [٣]. دەبینین ڕۆشنگەری و تاراوگە هاوتەریبن و دەست لەملانێ یەکدی بوون. پاشان تۆوی ڕۆشنگەری لە خاکی خۆیدا، لەزێدا هاتۆتە دونیاوە بەڵام لەناشوێن، لە تاراوگە چەکەرەی کردووە و دواجار گەیەندراوەتەوە بە نیشتمان.

ئاشکرایە بڕێکی زۆری ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیرانمان هەتا ئەم دەمەش لە تاراوگەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەبەرهەمهێنانی هۆشیاری، پرۆسەی بەخۆدا چوونەوەی ڕەخنەیی کە ڕەهەندیکی گرنگی ڕۆشنگەرین. ئیدی تاراوگە ژانرێك لە نووسین و داهێنانە و دەبێتە جۆرە کولتوورێك. لێرەشەوە دەکرێت کولتووری تاراوگە نامۆ بێت بەو تەرزە باوەی هەیە لەنووسین و بیرکردنەوەدا. لەبەر ئەمەش کەسی دەربەدەر دووجار نامۆیە، "دووجار کۆچەرە" جارێك کە زێدی بەجێهێلاوە و جارێکیش نامۆیە بە کولتووری نیشتمان. چونکە ئەم تەنها لەڕووی جۆگرافییەوە دوور نەکەوتۆتەوە لەزێد و نیشتمان، بەڵکو لەڕووی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەشەوە دوور کەوتۆتەوە لە کارتێکردنی دەوروبەرەکەی.

دیارە گەر پەیوەندیی کۆچ و ڕۆشنگەری هێندە توندوتۆڵ بێت لەڕووی مێژوویییەوە، ئەوا دەگەینە ئەنجامێك کە تاراوگە زەمینەی ڕەخساوی ڕۆشنگەریی کورد بووە. چونکە ئێمە پاش یەك دوو سەدە لە تەمەنی ڕۆشنگەریی کوردی ئەو پەیوەندییە قووڵتر دەبینین و زیاتر بەردەوام دەبێت. هەڵبەتە سەرەتای ڕۆژنامەگەریی کوردیش سەرەتایەکی گرنگە لەکۆی ڕۆشنگەریی کوردیدا، گەرچی ئەم سەرەتایەش هەر لە تاراوگە دێتە ئاراوە، بەڵام سەرباری ئەو گرنگییەش لەسەر هەڵدانی سەرەتایی ڕۆشنگەریدا هەیەتی، ڕۆژنامەگەری بە بەرەباب و بناغەی ڕۆشنگەریی کوردی نازانم وەك لای زۆر کەس باوە کە ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنگەری یەك شتن. نەخێر، ڕۆژنامەگەری هۆکارێکی گرنگە لە موتوربە کردنی ڕۆشنگەریی کورددا چ لە خاکی خۆیدا یا خود لە تاراوگە. چونکە ڕۆژنامە یەکەم شێوازی نووسینی بڵاوکراوەیە کە فۆرمێکی هاوبەشی بە ڕۆشنبیری کوردی بەخشی. پاشان ڕۆژنامەگەری هەر وەك ڕۆشنگەری لە تاراوگەدا هاتۆتە کایەوە.

دیارە ناچار بوونی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و زانای کورد بۆ کۆچکردن ڕاستییەك بەرجەستە دەکات: ئەویش ئەوەیە کە ڕۆشنبیری کورد و زانا و خوێندەوار لە هەموو کەسێك زیاتر و لە هەموو



لایەکەوە چەوساوەتەوە، گەر وا دابنێین چەوساندنەوە تەنها هۆکاری سیاسی و دەسەڵات نەبووە، بەڵکو ئەقڵیەتی شەختەی ناوخۆی کوردەواریش ڕۆڵیان هەبووە لە وەدەرنانیان و بەربەستەکردنی ڕۆڵیان. واتە خوێندەوار و زانای کورد هیچ کاتێك کوڕی سەردەمی کۆمەڵگەی خۆیان نەبوون.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی نووسین و بەرهەمی تاراوگە لە نیشتمان جیادەکاتەوە ناوەڕۆکە، دید و بۆچوونەکانە کە ئاسەواری نامۆیی، دووری، پرسی چارەنووس و ئێشەکانی ژیان و بوون هەڵدەگرێت [٤]. لێرەوە دەردەکەوێت کە لە نێوان ڕۆشنگەریی کوردی و تاراوگەدا، لە نێوان کۆچ و ڕۆشنبیریدا ئەڵقەیەکی نەپساو هەیە و ئەویش ئەو باس و خواسانەیە کە ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و کۆچبەر دەجوولێنێت و لە قولاییەکی ترەوە چەکەرە دەکەن و دەبنە سەرچاوەی بیرکردنەوە و بەخۆدا چوونەوەیەکی تر و سەر لە نوێ دروستکردنەوەی ناسنامەیەك کە تەنها پردێکە لەگەڵ نیشتماندا.

ئەگەر سەرنجی ئەو نووسین و دەقانە بدەین کە لە تاراوگەدا بەرهەم هاتوون، کە دەکرێت لە هەمان کاتدا بە «بەدەقبوونی تاراوگە» ناوی ببەین. گەرچی دەشزانین ئەو بەرهەمانە هێشتا سەرەتان و نەیانتوانیوە لایەنە نەدۆزراوەکانی تاراوگە بوون بخەنە ژێر پرسیار و ڕووبەرێکی تر لە بیرکردنەوەی نووسیندا بکاتەوە. هەڵبەتە من ناڵێم نانووسرێت لەسەر تاراوگە، بەڵکو ئەم بەدەقبوونە لە هەموو ئاستێکی جیاوازدا هەر لە فیلمەوە تا شانۆ، هەر لە شیعرەوە تا چیرۆك و ڕۆمان و گۆرانی و هونەری شێوەکاری بەرکولن.

بێگومان سەفەر بۆ تاراوگە نەك تەنها درێژکردنەوەی نیشتمانێکی خەیاڵییە لەیادەوریی ڕۆشنبیری کورددا، بەڵکو درێژە و بەردەوامیدانە بەشوێنێك، بە بیرکردنەوەیەك لەسەر ڕووبەرێکی ئازاد کە ئەندێشەی نیشتمان و ئازادی دەڕسکێنێت. دیارە مەترسییەك کە لە ئارادایە ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە و تەنها لە یادەوەریدا بژین، تەنها یادکردنەوەمان درێژەدان بە خەونێکی بزڕکاو بێت کە لە نیشتماندا تێکشکاوە و دواجار نیشتمان، زێتر ببێتە خەوێك و هیچی تر.

لەلایەکی ترەوە جیاوازییەکی زۆر بۆ نموونە لەنێوان ئیسپانییەکی کۆچەر و کوردێکدا هەیە. چونکە کۆچی کورد تەنها ڕاکردن و هەڵاتن نییە لە تراجیدیایەك کە لە پێشییەوەیەتی و کە ئەویش تراجیدیای بوون و مرۆڤێتییە. بەڵکو ئەم کۆچکردنە بۆخۆشی گەیشتنە بە حاڵەتێکی تراجیکی تر کە لە تاراوگەدا دروست دەبێت لە پەرتەوازەیی هۆش و بیروخەمی نیشتمان و پێداویستەکانی ژیانی نوێ، پچڕ پچڕی ژیان دەخاتەوە. لەبەر ئەوە تاراوگە ناشوێنە. چونکە ئەمە قۆناغێکە دەمانگەیەنێتەوە و ناچارمان دەکاتەوە بۆ نیشتمان.

واتە دەمانخاتە سەر کەڵکەڵەی نیشتمانێك و هەمیشە دنەمان دەدات بۆ ئەو بیرۆکەیە. ئەمەش بەرەورِوو بوونەوەیەکە لەگەڵ چارەنووس و چارەنووسسازدا. لێرەوە پیرۆزکردنی بیرۆکەی نیشتمان دەبێتە فاکتەری بیرکردنەوە، دەبێتە هەستێکی داگیرکەر و دەمانخاتە دڵەڕاوکێ و کێشمەکێشی دەروونییەوە. واتە ئەو حاڵە پارادۆکسەی (کە نیشتمان پیرۆزە چونکە زێدە، چاوگەی یادەوەرییەکانە) بەڵام چارەنووسەکە دەبێت دەستی لێ هەڵبگیرێت و بەجێ بهێڵرێت. ئەمەش هەستی ئاوات، ئازاری ویژدان و گیانی بەرپرسیارییە کە رۆژانە نیشتمان دەکاتە پرسیارێکی سەخت و لە هەمان کاتدا پرسێکی رەوشتی و سیاسی کەسەر دەکێشێت بۆ قەیرانی تاکەکەس.

دیارە یادەوەری رەهەندیکی سەرەکی و گرنگە لە تاراوگەدا نەك تەنها سەرچاوەی نیگا و خەیاڵی داهێنانە، بەڵکو تاقە ئەڵقەیەك بوو لە چەرخەکانی رابردوودا، بابڵێین بۆ کەسانی وەك نالی و حاجی قادر و مەولانا خالید و چەندین رووناکبیری تر کە نیشتمان بە تاراوگە و تاراوگە بە نیشتمان بگەیەنێت، بەوەی نیشتمان وەك یادەوەرییەك ئامادەیە و پارێزراوە لە ژیانی تاراوگە و لە نووسیندا. بێگومان لە تاراوگەدا نیشتمان ئامادەییەکی هۆشەکیی هەیە، چونکە گەر خودی کۆچبەر بە جەستە لەوێ نەبێت ئەوا لە هۆشیدا نیشتمان هەیە.

بەڵام ئەمەش لە سەردەمی میدیای نوێدا پەیوەندی نیشتمان و تاراوگە سەر لەبەر گۆڕا. واتە تەنها مەودایی جوگرافی نیە، چونکە لەبری ئەوەی نیشتمان لە هۆش و یادەوریدا ئامادە بێت وەك ئامادەییەکی ترانسدێنتاڵ، ئێستا نیشتمان لە تاراوگەدا ئامادەییەکی میدیایی هەیە. واتە نیشتمان لە کەناڵی سەتەلایت، تۆڕی ئینتەرنێتەوە لەبەردەوامیدایە، بەڵام ئەم نیشتمانە ئامادەیە تەواوی ئەو نیشتمانە نییە، کە نالی و حاجی و رووناکبیرەکانی تر خواستویانە. بەڵکو ئەو نیشتمانەیە کە دەزگاکانی راگەیاندنی حیزب و دەسەڵاتەکان بەرهەمەهێنەرین. نیشتمانێکە کە فابریکە کراوە و هەڵبژێردراوە بۆمان و لەڕێی ئەو وێنە و بەرنامە و هەواڵانەوە پەخش دەکرێن. ئەمەش گورز وەشاندنێکە لە خود، لە هۆشیاری و بیرکردنەوەی ئازادیی رووناکبیر، لەو چەمك و تێزانەی کە بیریان لێ کراونەتەوە و بەرئەنجامی توێژینەوە مەراقی فەلسەفی بوون.

ئێستاکە نیشتمانێکی ئامادەکراو خراوەتە بەردەم هەموو بینەر و خوێنەر و بیسەرێکەوە، بێ پرسیار لێکردن خۆی دەکات بە ژوورەکانی دانیشتن و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا. ئێستا کۆچبەر بەرخۆرێکی پاسیڤە هەواڵەکان وەك چالاکییەکی رۆژانە بەکار دەهێنێت و بە لایاندا تێدەپەڕێت. کە واتە نیشتمان و بیرۆکەکەی لە خودی هۆش و بیری کۆچەردا لەدایك نابێت، بەڵکو دەخرێتە هەست



و هۆشیەوە. پاشان پەیوەندی کۆچبەر و نیشتمان دەبێتە پەیوەندییەکی هەستەکیی راستەوخۆ کە لە وێنە (بینین) و دەنگە (بیستن)وە ئەزموون دەکرێت.

لێرەوە گەرچی کۆچبەر زۆرترین هەواڵ و دەنگوباس و زانیاریی دەست دەکەوت، بەڵام بەرئەنجامی پشکنین و ماندووبوون نییە. چونکە ئەم زانیارییە وێنانە لە دەرەوەی ویستی خۆی بەرهەم هاتوون، ئەم زانیاری و دیتن و چەمکانە کەرەسەیەکی میدیایین و لە هەمان کاتدا بابەتگەلێکی راستەوخۆ و سەرەتاییشن. لێرەوە کۆچبەری ئەمڕۆ وابەستەی میدیاکانە و خۆی لەبەردەم دونیایەك دەبینێت کە میدیا دروستکەریەتی. کەواتە نیشتمان لە ئامادە بوونێکی ئۆنتۆلۆژی و هزرییەوە بۆتە کردەیەکی میدیایی و کۆچەر بە ئاسانی گوزەر دەکات بەناو بابەتەکان و بەناو کیشوەرەکاندا هەروەك چۆن میدیا دەجووڵێنێ بەناو ئەو جیهانە ڤیرچوەڵەوە.

پرسیارێك کە من لە سەرەتای نووسینەکەوە خۆم لێ لادا ئەوەیە کە بۆچی کۆچ بۆ ئێمە زۆرجار تاکە دەرویەك بووە و کام فەلسەفە لەپشت ئەم دیاردەوە کار دەکات و چ هۆکارێك لە پاڵ ئەم رەوشەدا بەکارە؟ لە کاتێکدا مرۆڤی کورد لە مێژویدا لەژێر دەستەیی و چەوسانەوە و ناسۆردا ئەوپەڕی گیانی خۆڕاگری و لەخو بردوویی نواندووە و لەبەردەم ئەشکەنجەی دیلێتی و مەرگدا چۆکی دانەداوە، بەڵام لەبەردەم ئازاری ژیان، لە واتاکان دەگاتە دەستەو سانی؟ کە تۆ لەمەرگی چاوەڕوانکراو نەترسی لە کۆڕی خەباتدا، بەڵام لە ژیانی ئازاد و واتا قورسەکانتی بترسیت؟ هەڵبەتە ئەم پرسیارە زێتر ئاراستەی کوردەکانی کوردستانی باشوور دەکرێتەوە کە پاش راپەرین لێشاوی کۆچکردنیان دەستی پێکرد. بەهەر حاڵ وەڵام و بەدواداچوونی ئەم پرسیارانە پەلکێشمان دەکات بەرەو هەندێك بڕیاری سیاسی و جەنگی ناوخۆ و هەندێك فاکتەری تر کە جێگای ئەم نووسینە نەبووە(٥).

لە کۆتاییدا دەمەوێت بەم دووخاڵە باسەکەم کۆتایی پێبهێنم. کە مەبەستی ئەم نووسینە هەوڵی تاوتوێ کردنی سەرەداوەکانی کۆچکردن و رۆشنگەری و تاراوگە و رۆڵی میدیای نوێیە. خاڵی دووەم کە گرنگە ئەوەیە کە بزانین دڵڕەنجاوی و تۆرانی بڕێك لە رووناکبیر و نووسەر و شاعیر و ناوداری کورد لە نیشتمانی خۆیان زیانێکی گەورەیە کە ئەمانە لەناو هاونیشتمانیانی خۆیاندا پایە و رێزی تەواویان بۆ دانەنراوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم کۆچکردنەیان دەرفەتێکی باش بووە بۆ گۆڕان و بیرکردنەوە و دەوڵەمەند کردنی هۆشیاری و زانیارییان، لێرەشەوە من ئەو پێویستییەی نێوان کۆچکردن و تاراوگە بوون و رۆشنگەری دەبینم.

## ژێدەر:

1- Peter Sloterdijk; Media Tijd. p.41،87. Boom Essay ،Amsterdam. 1999

٢- بڕوانە گیانی ڤاتیمۆ ل. ٢٢

3- Giani Vattimo : La Socitea transparance; De transparante Samenleving. Boo. Amsterdam [ 1998 ﴿

دیارە لێرەدا ڤاتیمۆ لەسەر تێزێك کاردەکات کە دۆخی پۆستمۆدێرنە، کە وابەستەی گۆڕانکارییەکانی ماس میدیا و پەیوەندییەکانی سیستەمی کۆمۆنیکەیشنە. لەپاڵ ئەمەدا ڤاتیمۆ وادەبینێت کە ئەم گۆڕانکارییانەی ناو کۆمەڵگای هاوچەرخ بە هاتنی میدیا و تەکنۆلۆجیای نوی نەك بەرەو کۆمەڵگایەکی ترانسپرانت و هۆشیارتر و ڕۆشنبیرترمان دەبات، بەڵکو زێتر ئەم گۆڕانکارییانە هاوشانن لەگەڵ فرەیی دیدوبۆچوونەکاندا و نەمانی یەك دید و بۆچوونی هەژمونگەر. لێرەوە ئەم کۆمەڵگایانە (مودێرن) بەرەو ئاڵۆزی و کائیۆس دەچن. بەلاّم ڤاتیمۆ بە پێچەوانەی هەندێك ڕەخنەگرەوە پێی وایە ماس-میدیا هۆکارێکە و ڕۆڵی باش دەگێڕێت لەوێدا کە مودێرنە و چیرۆکە مەزنەکانی (پێشکەوتن، ئەقڵ، مرۆڤ و ڕۆشنگەری) سەر لەبەریەك هەڵوەشاندەوە. چونکە چیتر یەك دید و بۆچوون و بیرکردنەوە نامێنێت. لێرەشەوە ئەم وا دەبینێت کە هونەر کلیلێکی گرنگە بۆ ئەوەی دەرگای تێگەیشتن لەسەر دۆخی پۆستمۆدێرن بخاتە سەر پشت، نەك لەبەر ئەوەی هونەر ڕۆڵی ئەوە بێت کە هەڵگری یەك ڕاستیی هەتا هەتاییە بۆ مرۆڤ، بەڵکو لەبەر ئەوەی هونەر ئەزمونی ڕاچەنین (Shock effect) بەرخورد دەکات و دەبێتە جۆرێك لە هونەری ژیان لە دونیایەکی بزواو و نەسرەوتی مۆدێرندا.



٣- سەیری بۆچوونەکەی د. ئیحسان فوئاد بکە لە پێشەکیی دیوانی حاجی قادر لەلێکدانەوە و پێداچونەوەی محەمەد مەلاکەریم. بەغدا ١٩٨٩ . لەبلاّوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی.

٤- بڕوانە ڕۆژنامەی الاتحاد ژمارە ٤٧٣ ساڵی ٢٠٠٢/٥/١٧ د. جەمشید حەیدەری لەسەر ئەدەبی تاراوگە.

٥- دیارە لە نووسینێکی تردا لە (ڕۆژنامەی کورد ژمارە ٢٦ ساڵی ٢٠٠٢) هەوڵم داوە تیشکێك بخەمە سەر ئەم لایەنە. بڕوانە ڕۆژنامەی ناوبراو کە لە ئوسترالیا دەردەچێت.

## ٢-٢- دوالیزمی تاراوگە و ناسنامەی کەرتبوو:

ژیانی تاراوگە بە هەموو واتایەك سوك و ئاسان نییە، بەڵکو سەرباری ئاڵۆزی دونیایەکە لە دوالیزم و پارادۆکس . دوالیزمێك کە لە دووبارەکردنەوەی رابردوو پەرچەکرداری ژیانی هەنووکەییدا خۆی دەنوێنێت. جێی خۆیەتی بپرسین چ دوالیزمێك و چ پارادۆکسێك لە ژیانی کەسێکی پەراگەندە و دوورە وڵاتدا سەرهەڵدەدات؟

زۆرێك لە فەیلەسووفەکان ژیانی مرۆڤی مۆدێرن لە روانگەی نامۆیی، پەراگەندەیی و کۆچەریدا کاراکتیزە دەکەن. هەروەها بزۆزی و جوڵە وەك دۆخێکی هەنووکەیی مرۆڤی ئەمڕۆکە دەبینین، چونکە مرۆڤی هەنووکە و مۆدێرن هاووڵاتییەکی جیهانی (کۆسسمۆپۆلیستی) گەردوونییە. لەبەرئەوە فەیلەسووفی ئینگلیزی بەرەچەڵەك پۆڵەندی کۆلا کۆڤیسکی دەڵێت: "تاراوگە دۆخێکی بەردەوام و نەگۆڕی مرۆڤی ئەمڕۆکەیە" [١].

گەر مرۆڤی مۆدێرن لە بنەچەوە پەراگەندەبێت، لە ئێکسایلدا (دوورخراوە بێت)، واتە لەدەرەوەی ترادسیۆن بێت چونکە دابڕاوە لێی. ئایا سەبارەت بە پەنابەرێکی ئاوارە بوو لە تاراوگەدا لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن یاباشتر بڵێین هاوچەرخدا چی بڵێین؟ گومانی تێدا نییە کە کۆلا کۆڤسکی خۆشی پەنابەرێك بووە لە دەست رژێمی کۆمۆنیزم هەڵهاتبوو، بۆیە ئەو دەزانێت چی دەڵێت مەبەستی چییە، بەتایبەت لەم سەردەمە بزۆزەدا ئاسان نییە مرۆڤ لە شوێنێکدا ریشە دابکوتێت و هەست بە ماڵی خۆیبکات. بەلای ئەوەوە گرنگە بۆ پەنابەر کە بزانێت نیشتمانی دایکی کوێیە: "ئەگەر بزانیت نیشتمانت چییە، ئەوا هەست بە ئارامی دەکەیت" [٢]. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کەسێکی دوورە وڵات دەتوانێت خۆی لە هۆگری نیشتمان رزگاربکات؟ پاشان لای پەنابەر تەنها رەهەندی هۆگری و سۆز بۆ نیشتمان ئامادەنییە، بەڵکو گێڕانەوەی رابردوو، سوڕخواردنەوەی یادەوەری لە ئێستادا دەبێتە مۆتەیەکی هەمیشە ئامادە.

لێرەوە دۆخی گشتی کەسی پەنابەر ئاڵۆزکا و تێك چڕژاوە بە کۆمەڵێك پرس. بێگومان باری ژیانی کۆچبەرێك، پەنابەرێك، یاخود کەسێکی دوورخراوە شایەتحاڵی بزۆزی و بێ ئۆقرەیی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە، بەڵام کاریگەری رۆژگاری ئەمڕۆکە لەسەر پەنابەر جیاوازترە لە کەسێکی کۆچبەر، چونکە کاتێك پەنابەر وڵاتی باوکی بەجێدەهێڵێت، خولیای گەڕانەوە رووبەرێکی زۆری ژیانی داگیر دەکات. لێرەوە کەسی پەنابەر و دوورخراوە لەبەردەم چەند تەنگەژەیەکدایە (دایلێما): تەنگەژەی هەست و سۆز، کولتووری و تەنگەژەی بوون.



### جیاکردنەوەیەکی سەخت:

هەرچەندە لێکچوونێك لەنێوان پەنابەر، کۆچبەر و دوورخراوەدا هەیە، لەوەدا کە هەرسێکیان نیشتمانیان بەجێهێشتووە، بەڵام جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوانیاندا. کاتێك ئێمە باسی پەنابەر دەکەین، زیاتر لە روانگەی ئەوەی کەسێکی "هەڵبڕاو، راوەدونراو" تێدەگەین. لەکاتێکدا کەسی کۆچبەر لە دیدی کۆچکردن و رۆشتنێکی سەرپشکدار، واتە جۆرێك لە هەڵبژاردنی لە بڕیاری کۆچکردندا هەیە. لێرەوە هۆکاری رۆیشتن جیاوازە و بۆیە ئێمە لەبەردەم چەند کاتێگۆرییەکدان بۆ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی شێواز و هۆکاری رۆیشتن.

لە پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکاندا، لە رووی یاساییەوە جیاوازییەك کراوە لەنێوان کۆچبەر و پەنابەر، هەروەها لەنێوان پەنابەرانیشدا جیاوازییەکی سەیر هەیە لەنێوان هۆکاری سیاسی بۆ پەنابەر و هۆکاری ئابووری. بەڵام ئەم جۆرە دابەشکردنە لە وێژەدا زۆر گرنگ نییە بە ئەندازەی ئەوەی لە رۆمانێکدا باسی دۆخی نالەبار و ناهەموواری کەسێکی کۆچبەر یاخود پەنابەر دەکرێت. نووسەرگەلێك هەن کە لە ئەنجامی ژیانی تایبەتی خۆیانەوە ژیانی کەسی کۆچبەر یاخود پەنابەر دەکەنە سیناریۆ و تەوەرەی خەیاڵی ئەدەبی، بۆ نموونە رۆماننووسی فەرەنسی بە رەگەز چیکی میلان کۆندێرا لەنێوڤلێنی "نەزانین" دا هەروەها سەلمان روشدی لە "ئایەتە شەیتانییەکاندا" و نووسەری فەرەنسی مەراکیشی تاهیر کوری جەلون لە "بەجێ هێشتندا" ژیانی هەندەرانیان کردۆتە تێزێکی رۆمانەکەیان. ئەم سێ نووسەرە لە یەك شتدا بەلایەنی کەمەوە یەکدەگرنەوە: ژیانی دوورە وڵاتی سەختە، تاڵە.

روشدی بۆ خۆی جیاوازییەك دەکات لەنێوان پەنابەر، کۆچبەر و دوور خراوەدا. بۆیە دەڵێت: "دوورگە (من مەبەستم بەمانای دوورگەی ئاو نییە، بەڵکو ئەو شوێنەی مرۆڤی بۆ دووردەخرێتەوە) ئەو خەونە رێزمەندەیە سەبارەت بە گەڕانەوە" [٣]. بەواتایەکی خەونی گەڕانەوە زادەی دوورگەیەکە مرۆڤ تێیدا ناچار دەبێت ژیان بەسەر ببات و لەوێشەوە نیشتمان ئایدیایەکە، خەونێکە و هیچی تر. دووری ئەندێشەی شۆڕشێکە بۆ خۆڕزگارکردن لەو دۆخە ئاسنینە: دووری نیشتمان!

هەروەها جەلونیش زیاتر رووناکی دەخاتە سەر ئەم رەهەندە بەوەی "رۆیشتن بۆ شوێنێك، گەشت نییە، بەواتای سەیران و گەران، چونکە گەشت و گەڕان هەمیشە گەڕانەوەی لە دوایە" [٤]. پاشان ئەم پێی وایە پەنابەر ترسێکی قوڵ لە خودی خۆیدا هەڵدەگرێت بەوەی رۆژێك بە ناکامی و لە خاکی بیانیدا سەربنێتەوە. ئەم ترسەش لەوێوە هاتووە کە کەسی

پەنابەر جۆرێك لە پەیمان و بەڵێنی کردووە لەگەڵ زێدی خۆیدا، کە زێد بەجێبهێڵێت لەبەر ژیان و پاشانیش بگەڕێتەوە لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی تێیدا بنێژدرێت" (٥).

بە پێچەوانەی کەسی دوورخراوە و پەنابەرەوە، مرۆڤی کۆچبەر بەشێوەیەکی هۆشیار ئاگادارە کە گەڕانەوە بۆ زێدەکەی هەڵنەبژێرێت، لەبەرئەوەی "ئەو کە دەڕوات بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە زێد، و هەر لەوێش سەربنێتەوە..." (٦). دەشێت کۆچکردن لەم گۆشە نیگاوە "حەز و خولیایەك بێت بۆ جولاّن و گەڕان، کاردۆزینەوە لە جێگەیەکی دیکە. واتە کۆچکردن زۆرجار زەرورەتێکی سیاسی و فشاری چەوساندنەوە لە پشتەوە نییە" (٧). ئیدی کۆچکردن گەشتێك نییە لە پێناو دیتن و گیانبازی (ئەدڤێنچەر) و سەرکەشیدا، بەڵکو لە پێناو ژیانێکی باشتردایە. جەلون پێی وایە "ئەوروپییەکان ئەم راستییە نازانن، کە کۆچبەر رۆشتنی بۆ وڵاتێکی دیکە بە جەژن ناگێرێت" (٨).

کەواتە کۆمەڵێك جیاوازی سەرەکی هەن لەنێو ئەو سێ کاتیگۆریەدا، هەر بۆیە کردەی گەڕانەوە بۆ زێد دەشێت گەڕانەوەیەکی فیزیکی نەبێت، بەڵکو گەڕانەوە یادەوەری و بیرەوەری بێت. واتە گەڕانەوەیەکە بەهاتنەوەی یادەکان و خەونەکان، لە هەمان کاتدا گەڕانەوەیە لەنێو خولیا و هزرکردنەوەی یادەکان. ئیتر ئەم مرۆڤە دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ رابردوو بە بانگکردنەوەی یادەوەرییەکان یاخود بڕیارێکی کوشندە بدات بە گەڕانەوەیەکی جەستەیی بۆ زێدی خۆی ئەنجام بدات. کە ئەم جۆرە گەڕانەوەیە زیاتر چاوەڕوانکراوە لە کەسی کۆچبەر نەك پەنابەر، لێرەوە پەنابەر دەیەوێت ئەو گرفتی گەڕانەوەیە لەڕێی یادەوەری و بە خەیاڵکردنی رابردووەوە پڕبکاتەوە.

**شوێنەوارەکانی هەڵهاتن:**

هۆکارەکانی هەڵهاتن و رەوکردن جیاوازە. گومانی تێدانییە هۆکارە دەرەکییەکان و نامرۆڤییەکان مرۆڤ ناچار دەکەن کە رابکات، بۆ نموونە نەبوونی ئاسایش و ئازادی هۆکارێکی زۆر گرنگن. دواجار هەڵهاتن ژیانێکی خۆش نییە چونکە بە هەڵهاتن کۆتایی نەهامەتییەکان نییە، بەڵکو لەوێشەوە چەندین گرفتی نوێ سەرهەڵدەدات.

پاشان ئاوارەیی هەستی بێ هێزی و بێ دەسەڵاتی دەگەیەنێت، کە بێ ریشەیی و ناسەقامگیری و دەرکەوتێکی زەقی دەروونین. لە کاتێکدا وا چاوەڕوان دەکرێت کە هەڵهاتن و گەیشتن بە مەنزڵی نوی ئاشتی، ئازادی و ئارامی دەگەڕێتەوە، بەڵام زۆرێك لە پەنابەران بەم



شێوەیە گوزەران بەسەر نابەن، لەبەرئەوە پەنابەرەکان بۆچوونێکی تەواو جیاوازیان هەیە لەسەر ژیانی ئاوارەیی تاوەکو خەڵکانی تر. شاعیری ئاوارەی کورد ئیبراهیم سەلمان ژیانی ئاوارەیی بەم چەشنە وێنا دەکات:

دوورگە
پێکەنینم تاڵە
من دەمزانی
کە هەردەم زیندانم
لەناو خۆمدا (٩)

گەرچی ئاوارە هەڵدێت لە شتێك، بەڵام رابردووی خۆی شوێنی دەکەوێت، ئەوەی دوای دەکەوێت یادەوەرییەکانە یا خود هۆگری گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان. بەڕای کوندێرا کەسانێکی وەك ئیرێنا (کەسایەتی ناو رۆمانەکەی) و ئۆدیسا کە هەرگیز کۆنتاکیان بە هاونیشتمانیانی خۆیانەوە نەماوە، دووچاری جۆرێك لە دەستچوونی یادەوەری بوون، تا چەند هۆگری نیشتمان و نۆستالۆجیا بەهێز بێت ئەوەندەش یادەوەرییەکان دەنیشن. (١٠)

لێرەوە هۆگری کردەی یادەوەری کز دەکات، چونکە "هۆگری بانگی یادەوەرییەکان ناکات، بەڵکو هەستەکە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ پێوەی بتلێتەوە" (١١). ئیدی ژیانی پەنابەر یاخود لەلایەنی یادەوەرییەکانەوە یاخود لە ڕێی هۆگرییەوە داگیر دەبێت و لە هەردوو حاڵدا رابردوو، شوێنێکی دیکە کە خەیاڵ ژیانی دەرەوێنێتەوە، چەپۆکی بەسەردا دەکێشێت. کەواتە هەموو هیوایەك بۆ ژیانێکی باشتر لە دووریدا لە تەك سێبەری ژەنگاوی رابردوودا درێژ دەبێتەوە.

**چەندبارەبوونەوەی پارادزگسیٚ:**

هەڵهاتن جۆرێکە لە داهێنان و هۆنینەوەی چیرۆکێك: کە چیرۆکی هەڵهاتنە. لێرەوە پەنابەر وەك چیرۆکێکی هەڵهاتوو سەیر دەکرێت و مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت. وەك ئاشکرایە ئەو دەمەی پەنابەر پێ دەنێتە خاکی وڵاتی نوێ، یەکسەر وەك کەسێکی نایاسایی لێ دەپشکنرێت و پرسیاری ئاراستە دەکرێت. چیرۆك و هۆکاری هەڵهاتنی دەبنە مۆرکێك بۆ ناسینەوەی ئەو. پەنابەر ناسنامەیەکە لە راکردن و هەڵهاتن و شپرزەیی، و ناسنامەی بە زۆری لەوێوە هەڵدەقوڵێت. ئیدی پەنابەریش بەردەوام خۆی وەك چیرۆکێکی هەڵهاتوو پێشکەش

دەكات. لێرەوە روشدی راستە كە دەڵێت "پەنابەر كەسێكە كە خۆی دەهۆنێتەوە لە پێناو سەلماندنی خۆی وەك كەسێك كە ئەوانی تر بڕوای پێ بكەن كە ئەمیش گرینگە وەكو ئەوان!"[١٢].

بەڵام ئەم كەسێتییە دروستكراوە لە ژێر چەقۆی كۆمەڵێك پارادۆكسدایە. یەكێك لەو پارادۆكسانە ئەوەیە كە ئەو لە مەترسییەك هەڵدێت بەڵام دەكەوێتە دوای چارەنووسێكی نادیارەوە. لە كاتێكدا ئەم لە دۆزەخێك هەڵدێت و دەكەوێتە دۆزەخێكی دیكەوە: دۆزەخی ئاوارەیی! دۆزەخێك كە پێكدادانێك لەنێوان رابردووی بەجێهێلراو ژیانی نوێ دا گەرمدەبێت. كەواتە پارادۆكسێكی ناكۆتا: "بەرەو پێشەوە و سەیركردنی بەردەم خۆ لەتەك ئاوردانەوەیەك بۆ دواوە. ئیدی ئاوارە تۆپێكە كەتێهەڵدراوەو لە هەوادا دەخولێتەوە" [١٣]. كەواتە ئەم بۆ هەتاهەتایی بە رابردووی خۆی مۆركراوە و بەردەوام وەك كەسێكی هەڵهاتوو دەناسرێت.

سەر لەنوێ سەرهەڵدانەوەی رابردوو لە ئێستادا لە میانەی یادەوەرییەكاندا دەبێتە فشارێك لەسەر ئێستا. لێرەوە گەرچی هەڵهاتن كردەیەكە بەرەو پێشەوە و ئاراستەی داهاتوو، لەهەمان كاتدا گەشتێكە بەرەو دواوە، بەرەو رەگ و ریشە. بەرەو پێشچوونیش هەردەم هاوتای بیركردنەوەیە لە رابردوو، تەنانەت بە ئاسانترین شت مرۆڤ هەڵدەدرێتە نێو یادەوەری و فڕێدەدرێتەوە بۆ رابردووی گەر بە پرسیارێكی زۆر سادەیش بێت: تۆ خەڵكی كوێ و بۆ هاتوویت؟

دەشێت ئەم پرسیارانە بێ تاوان و بێ نیاز بن، بەڵام كاردانەوەیەكیان هەیە لە چۆنیەتی ویژدانی پەنابەردا و وەڵامی پرسیارەكەش جگە لە گەشتێكی بەردەوام بۆ ناسنامە و رەگوریشەی مرۆڤ چیتر نابێت. كەواتە پرسیاری: تۆ كێیت و لەكوێوە هاتوویت، دەبێتە پرسیارێك كە "منی پەنابەر كێم"؟ لێرەوە پەنابەر ناتوانێت ناسنامەی خۆی بخوازێت یاخود وەربگرێت لە شتێكەوە كە یادەوەری لەگەڵدا نییە. ئیدی ئەم ناسنامەیەی خۆی لە رابردووەوە وەردەگرێت و پاشان بەهۆی ئەو پرسیارەی من كێم، لایەنێك لە ناسنامەی خۆی دەدۆزێتەوە، لایەنێك كە شاراوە و نادیار بوو تا ئەو دەمەی ئەم بەرەورووی هەواری نوێ دەبێتەوە و لوتی بە چەند پرسیارێكی سادە ئاسا بەڵام ئازاردەردا دەتەقێتەوە.

كاتێك ناسنامە تەنها لەسەر رابردوویەك بنیاد دەنرێت، ئەوا هەنووكە دەبێتە "ڤاكیوم" بۆشاییەك كە لە دەستچوون، كەمێتی دەگەیەنێت لە ئێستادا و كە زۆرجار ئیشی هۆگری رابردوو دەبێتە هۆیەك بۆ دەربازبوون لە ناسنامە. چونكە قورتاربوون لەو رابردووە، لە



ناسنامە وەك جۆرە چارەسەر دەبێت بۆ لە كۆڵكردنەوەی یادوەری و رابردوو! لە كاتێكدا ئەم لەیادكردنە ئەستەمە. چونكە بەردەوام (پەنابەر) پرسیار لە ناسنامە و رابردووی دەكرێت. ئەگەرچی خۆرزگاركردن لە كۆتی ناسنامە، جۆرە ئاهێك ببەخشێت، بەڵام ئەمە چارەسەرێكی تەواو نییە بۆ ئەوەی تۆ وەك نامۆیەك، بێگانەیەك سەیر نەكرێت و بەو شێوەیەش مامەڵەت لە تەكدا نەكرێت.

بێگومان پرسیاركردن لە ناسنامەی پەنابەرێك زۆرجار دەبێتە مایەی سەرئێشە و ئازار، چونكە دەبێت پەنابەرەكە هەموو جارێك سەرلەنوێ خۆی پێناسەبكات و بناسێنێت. ئەمەش ئەوەی لادروست دەكات كە ئەم نامۆیە لە نێوەندێكدا دەژی نەناس و نائاشنایە پێی. سەرەڕای ئەوەی جیگای نیشتەجێبوون، هەوارگەی نوێ ناسنامەیەكی دیكەشی دەسەپێنێت بەسەر پەنابەردا و ناسنامە و ژیانی دووكەرت دەكات، كە ناچاری دەكات یان ناسنامەی رابردووی بپارێزێت یاخود ئەم ناسنامە نوێیە وەربگرێت بێ چەندوچوون. ئەم دابەش بووە لەنێوان خەیاڵ و واقعدا، كە لەكەسێتی "جبرائیلی" نێو رۆمانەكەی روشدی دەچێت كە بەئاسانی ناتوانێت واقع و خەیاڵ لە یەكتری جوادا بكاتەوە، بەهۆی ئەو دابەشبوونەوە [١٤]. لێرەوە پچرانێك، دابەشبوونێك روودەدات لەگەڵ رابردوودا. ئەمەش حاڵەتێكی زەقە بۆ ناسنامەیەك كە رابردوو وەك راستییەكی نەگۆڕ و هەنووكەش وەك خەیاڵێك سەیربكات. بە واتایەكی دی ژیانێكی رێك و گونجاو ناسنامەیەكی ساغ شتێكی بەڵگەنەویست نییە، چونكە داڕشتنی ناسنامە، بەندە بە زنجیرەیەك پچران و دابەشبوون لە خودی مرۆڤدا خۆیدا.

### ئێستا بەرامبەر بە رابردوو:

هەرچەندە رابردوو سەردەمێكی بەسەرچووە، دەشێت بۆ هەندێك بەشێوەیەكی تەواو بەسەرنەچووبێت و مرۆڤ هەر دیلی ئەو رابردووە بێت. بەتایبەتی لای پەنابەر هەنووكە جگە لە درێژكردنەوەی رابردوو هیچی دیكە ناگەیەنێت. ململانێی نێوان رابردوو ئێستا نۆستالۆجیا و یادەوەری كار لە ئەزموونكردن و هەستكردن بەكات دەكەن. پرسیارەكە ئەمەیە: ئایا مرۆڤ دەتوانیت شوێنی نیشتەجێ و بەسەرچوونی كات هەڵبژێرێت و دیاری بكات؟

كەواتە ساتێك كە "ئێستا" تێدا دەبێتە دیلی یادكردنەوەی رابردوو، ئەوا هەر لەو رابردووەشەوە كراوە یاخود دیاری دەكرێت. پاشان زیندووبوونەوەی رابردوو وەك ئەندێشە و خەیاڵێك، دەبێتە رێگر لەبەردەم دوارۆژبینی. "رەگەكانی" رابردوو مۆركی ژیانی هەنووكە

دەکەن و ئێستاش دەکەوێتە پشت خەیاڵکردن بە رابردووەوە. پاشان هەستکردن بە لەدەستچوونی شتێك کێشەیەکە، چونکە ئەستەمە هەلێکی لەدەستچوو جارێکی تر بگەڕێتەوە. لەلایەکی دیکەوە پەڕاگەندەیی هەستێك دەگەیەنێت کە تۆ بێ شوێنیت. ئیدی چیدیکە خەونەکانیش داڵدە و دڵنەوانین و مرۆڤ تەواو هەست بە بێدەسەڵاتی دەکات. لەوانەیە ئەمەش ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بداتە دەست رابردوو، چونکە رابردوو لە تاکە بەندەری ئەمان دەچێت کە واتایەك بە ژیان ببەخشێت. لێرەوە ئەوەی نازدار و بایەخدارە شایەنی هەڵگرتن و پارێزگاری کردنە لێی. هەربۆیە هەڵگرتنی یادەوەرییەکان دەروویەکە بۆ رزگاری و لەهەمانکاتیشدا لە دەستچوونێکی ئیکزستنسێلە. لەبەرئەوە پەنابەر وا دەزانێت کە ئەو تەنها خاوەنی رابردووە، وەك ئەندێشەیەکی ڕووت داهاتووش شتێکە لە دەستدا نییە و دوورە لە ئەزموونکردنیەوە لە ئێستادا.

یادەوەرییەکان لەلایەکەوە چاوگەی نۆستالۆجی و شانازییە، لە لایەکی دیکەوە مایەی ئێش و ئەشکن. "لێرەبوون"، واتە لە ئێستادا بوون واتایەکی ئەوتۆی نییە لە کاتێکدا کە بیروخەیاڵ لەوێ بێت و لە ڕابردوودا بژێت. تاکو ئادەمیزاد نەتوانێت رابردوو بخاتە پشت خۆیەوە، ئەستەمە بتوانێت بگۆڕێت و پێشوازی لە ئێستا بکات. دەبێت رابردوو لە هۆش و بیردا جێگا بۆ ئێستا چۆڵبکات. هەر بۆیە یادەوەری رابردوو چەند تەنگەژەیەك بەرهەم دەهێنێت:

یەکەم تەنگەژەی هەست و سۆز کە مرۆڤ بەڕادەیەك نەتوانێت هەڵبژاردن لەنێوان رابردوو لە ئێستادا. لەمەش خراپتر ئەوە رابردوو ئەوە نییە بەسەرچوبێت و کۆتایی پێبێت: واتە رابردوو لە رەهەندی مێژووی دەردەچێت و دەبێتە شتێك کە هەمیشە کاتە و بەسەر ناچێت. ئیدی ئەوە رابردوونییە کە تەواو بووە، بەڵکو ئەوە ئێستایە کە کاتی نەهاتووە. لێرەوە رابردوو لە شتێکی نەگۆڕی زیندوو دەچێت کە باکی بە ئەمڕۆکە نییە!

هەروەها تەنگەژەیەکی کەلتووریشی دەگرێتەوە، کاتێك پەنابەر دەستەوەسانە لە خۆگونجاندن و خۆسازاندن لەتەك دەوروبەرە نوێکەدا. هاوکات باش نەتوانێت ناسنامەی رابردووی خۆی بهێڵێتەوە وەك خۆی. لێرەوە چارەسەرێك نییە بۆ ئەمە، چونکە کێشەی هەڵبژاردن لە نێوان ئەم و ئەودا(ئێستا و رابردوو) لە دەستی خاوەنەکەیدا نییە. ئیدی هەر لایەك هەڵبژێردرێت لەسەر ئەوەی تر دەکەوێت.



دواجار تەنگەژەیەکی ئیکزیستیسڵ دێتە ئاراوە، چونکە ئاوارە لە "نێو شوێنێکدا" واتە هیچ شوێنێك کە نە "ئێرە" و نە"ئەوێ" یە دەژی. ئەو لە نێوان بوون و گەڕان (گۆڕیندا) دەژی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیهانبینی کورتدەهێنێت لەو رووەوە کە مەرجەکانی ژیانی نوێ ، وەك بۆنموونە خۆگونجاندن تەواو ناکات. "بوون" دەبێتە کایەیەکی نەبڕاوە و بێ سنوور و کەلێنێك لەنێوان ئەوەی "بوو" یاخوود هەبوو و ئەوەی "دەبێت" یاخوود هەیە دروستدەکات. لەهەمان کاتدا بوون سنووردار دەبێت، چونکە توانای رزگاربوون لە رابردوو دیاریکراوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناسنامە و رەوتی ژیان وابەستەی پرۆسەی گۆڕان و گونجانە. لێرەوە ژیان سەخت و ئاڵۆز دەبێت و ئەو رەهەندە رەوان و سانایەش ون دەکات.

ئەگەر ناسنامەی ئەم جۆرە بوونە لە زاراوەی نیتشەوە فۆرمەلە بکەین، دەتوانین بڵێین: کە پەنابەر دەبێت ببێتە کەسێك کە ئەو نەبووە و ئەویش نییە. لێرەوە دید و جیهانبینی مرۆڤی پەنابەر ئاوێتەیەکە لە قەتیسمان لە یادەوەری و پرۆسەی گۆڕان! کەواتە پێکەوە ژیانێك (کوئێکزیستێنس) لەنێوان رابردوو وئێستا مەحاڵە و هاوکات جیاوازییەکانی نێوان واقیع و رابردوو دوالیزمێك پێکدەهێنێت. چونکە ژیان لەنێو جیهانێکی "هیترۆجین" واتە رابردوو\ئێستا نادیار و بێ ئاسۆیە و لە ئاکامدا ناسنامە دەبێتە بەردەوامیەتی رابردوو ئەوەشی لە رابردوو بڕیاردراوە بۆ هەتا هەتایە نەگۆڕە. کەواتە گەڕانەوەیەکی شاقوڵی بۆ رابردوو هۆیەکە بۆ سەر لێشێوان، بەتایبەت کاتێك پەنابەر رابردوو وەك ئێستا ئەزموون بکات.

**تاراوگە وەك سەرچاوەی داهێنان:**

گەرچی پەنابەر لە دوالیزمێکی سەیردا دەژی و جیهانبینییەکی دابەشکراوی هەیە، بەڵام ئازاری ئەم دۆخە هەموو جارێك بەشێوەیەکی هۆشیارانە دەرناکەوێ، بەڵکو وەك کردەیەکی ناوخۆی و بێ دەنگ روودەدات. ململانییەك لەنێوان بەرەو پێشچوون و خۆسازاندن و گۆڕان لەگەڵ پارێزگاریکردن لە رابردوو. ئەم چەشنە زۆرانبازییە رۆحییە زۆر گشتگیر و پەڕگیرە و دەبێتە دۆزەخێك، تەلبەندێکی بەرین. لێرەوە ئەم دۆخە دۆزەخ نییە بە تەنها، بەڵکو دۆزەخێکی گەریدەییە لە تەك پەنابەردا دەجولێت، لە هەڵسان و دانیشتنی دا لە تەکیدایە و دەیەوێت تەواو داگیری بکات.

بێ لەوە دەشێت ژیانی تاراوگە بێتە چاوگەیەك بۆ داهێنانی هونەری و وێژەیی و رۆشنبیری، و دێوەزمەکان ببنە خولیای داهێنان و بیرکردنەوە. نووسەرگەلی وەك روشدی،

کوندێرا و جەللون پەنابەر و کۆچبەربوون و کارەکانیشیان ڕەنگدانەوەی ئەم شێوە ژیانە. ئیدی دوالیزم مایەی ئێش و ئۆقرەییە و هاوکات ڕێگایەکە بۆ داهێنانی هونەری! هونەر و وێژە و میوزیك ڕووبەرێکن کە تێیدا پەنابەر و کۆچبەر ناسنامە و بەهرەی خۆیان تاو دەدەن و سەرلەنوێ پێناسەی دەکەنەوە.

یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی کە لە وێژەدا بەتایبەت لای کوندێرا ئاخاوتنی لەسەر کراوە، "مەسەلەی گەڕانەوەیە" ئەم شێوازە لەگەڕانەوە هەولێکە لەلایەن کەسایەتی ڕۆمانەکە و خودی کوندێراوە بۆ ئاشتبوونەوە لە تەك ڕابردوودا، لە تەك خزم و کەس و کار و نیشتمانێکی تۆرا و ڕەنجاودا. ئیدی ئەم هەولە لەناو هونەر و وێژەدا جۆرێکە لە گەردن ئازادی لە خاکی بەجێهێڵراو بە چاکەیەك، و ژماردنەوە و قەرەبووکردنی زیانەکە (بەجێهێڵانەکە) بەهەموو شێوەیەك، بەڵام قەرەبووکردنەوەکە بەشێوەیەکی خەیاڵییە: خەیاڵی ئەدەبی، هونەری. ئیدی ئەمە خەیاڵێکە لە چەند فۆرمێکی جیاجیادا بەرجەستە دەبێت.

**ئەنجام:**

تەنگەژەی ژیان لە نێوان لێوارەکانی ڕابردوو و ئێستادا ژیانی پەنابەر دەخاتە نێو دوالیزمێك کە جیهان بە دوو چاو سەیر بکات و ئەم شێوە بۆچوونەش ببێتە واقعێکی خۆسەپێنەر. ئیدی ژیان لەنێوانەکاندا خۆی نادات بە دەست شیکردنەوەی فەلسەفی و دەروونناسییەوە، چونکە ئەو دۆخە حاڵەتێکە کە خۆی لە دەرەوەی کات و شوێنەوە دەبینێتەوە. سارتەر دەڵێت "دۆزەخ ئەوانی ترە، کەسانێکی ترە" گەر ساتەر ڕاستبکات، ئەوا ئەویتری پەنابەر کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو ڕابردووی خۆیەتی، دۆزەخێك کە خودی خۆی بەرهەمی دەهێنێت و نامۆی دەکات لە ئەمڕۆ و ڕابردووشی. کەواتە ئەو پارادۆکسە بەردەوام و دوالیزمە وا دەکەن نۆستالۆجیا ببێتە ڕاستی و مرۆڤ هەوڵی گەڕانەوە بدات بۆ زێدی. دۆزەخی پەنابەر جگە لەخۆی کەسی دیکەی نییە، بێگومان هەڵهاتن و ڕاکردن لە ڕابردوو، نیشتمان و هەنووکەش شێوازێکی بێ ڕوخسارە لە ژیاندا کە مرۆڤ لە ڕابردوودا دەچەقێت و لە ئێستاشیدا دەخنکێنێت. بەکورتی: هەڵهاتن و ڕاکردن لە گەشتێکی یەك سەری، یەکجاری دەچێت، وەلێ هەڵهاتن چارەنووسێکە کە مرۆڤ تێیدا دەکەوێتە بەر هێرشی ڕابردووەکان!



**سەرچاوەکان بە زمانی هۆڵەندی:**


1-Lezek Kolakowski: een interview in *Filosofie magazine*،Nr. 6/2006 ،door Patrik van ijzendoorn

٢- هـ.س.ب

3- Salman Rushdie: De duivelsverzen ،p. 191 ،1998

4- Tahir ben Jelloun: *Weggaan*.vert. Truus Boot en Rosalien van Witsen. de bezig Bij. Amsterdam 2006.

5- Een interview met Jalloun: *Filosofie magazine*.nr. 10 / 2006

٦- هـ.س.ب

٧- هـ.س.ب

٨- هـ.س.ب

9- Ibrahim Selman: *Dapper hart gezocht* ،meulenhof bv.Amesterdam 2007

10- Milan Kundera: *Ontwetenhaid* ،ambo ،P.25.2002

11- Milan Kundera: *Ontwetenhaid* ،ambo. P.25.2002

12- Milan Kundera: *Ontwetenhaid* ،ambo ،p. 25.2002

13- S. Rushdie ،p.51

14- S. Rushdie ،p.6

15- Marianne boenink: *Schipperen met traditi*; Salman Rushdie ، De duivelsverzen ،krisis ،nr.43 pp. 5-19-1991.

## تەوەری چوارەم

## سیاسەت و تەوتەمی ئایدۆلۆجیا و حزبایەتی

### ١-٤- دووڕیانی فەلسەفە و ئایدۆلۆجیا لە کوردستان دا:

" I would never die for my Blevens. Because I might be rowng".B. Russel

من هەرگیز نامرن لەپێناو باوەڕەکانما، چونکە دەکرێت هەڵەبم، رەسڵ

هەمموو کەشێکی ئازاد بوار بۆ سەرهەڵدانی بیروباوەڕی جیاواز دەڕەخسێنێ. گەر سەرنجێکی خێرای دیرۆك و ئەمرۆی رەوشی سیاسی و رۆشنبیری لە کوردستان بدەین، دەبینین پرۆسەیەکی ئایدۆلۆجی لەپشت سیاسەتەوە کار دەکات، لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر هۆش و بیرکردنەوەش هەیە لەرێی راگەیاندن و چالاکییە گشتییەکانەوە.

لێرەوە دەکرێ باس لە دەمەتەقێ ئایدۆلۆجیش بکرێ کە لەم چەند ساڵەی دوایدا باڵی بەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیاندا کێشاوە، کە زۆر جار بوونەتە جێ ململانێ و کێشمەکێشی ترسناك. بێگومان ئەم ململانێیە، مەبەستم ململانێیەکی ئاشتییانە نییە لە فۆرمێکی فەلسەفی بە واتا گشتییەکەی، لەهەمانکاتدا لەبەرگی بیرکردنەوەیەکی چارەنووسساز و ئەلتەرناتیف دا خۆی دەنوێنێت. دیارە ئەمەش بۆتە هۆی ئاڵۆزکردنی سیاسی و رۆشنبیری لە هەندێك جار لە ململانێی سەخت و سەرلێشوێنەرانەدا بەرجەستە دەکات و ڕووداوەکان بەئاقارێکی تردا دەبەن بە رادەیەك لێکدانەوە و باس کردن لەمەڕ کێشە سەرەکییەکان (بیر، رۆشنبیری و سیاسی) دەچێتە دۆخێکی داخراوی ئایدۆلۆجی و نەگەیشتنە ئەنجام و داخرانی دەرگای وتووێژ و دانوستان.

'ڕۆشنبیری کوردی' لەم حاڵەتەدا پشکێکی گەورەی بەردەکەوێت و بەتایبەتی رۆشنبیر و ڕووناکبیران بەبابەتگەلێکی ئایدۆلۆجی و بەفەلسەفی کراوە گیرۆدە دەکرێت و هەندێ راستی ساکار و روون ون دەبن لەم میانەیەدا. کە گرنگترینیان مەسەلە چارەنووسییەکانە و لەپێش هەمموو دەمەقاڵێیەك و دروشمێکی جوانەوە دێن.

مەبەست لەم نووسینە زیاتر تیشکخستنە سەر ئەم لایەنەیە کە چۆن ئایدۆلۆجیا کاری خۆی دەکات لەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوە، لەهەمانکاتدا رۆڵی فەلسەفە چەندە



لەبیرکردنەوەکاندا و تا چەند دەتوانێت گوتارە ئایدۆلۆجییەکان شێ بکاتەوە ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی لەم بوارەدا. گرنگی فەلسەفە لە خوێندنەوەی ئەمرۆمان و گەڕانەوە بۆ فەلسەفە وەك دوا هەنگاوێك و رزگار بوونمان لە بیری ئایدۆلۆجی وەك تاکە شێوازێك لە بیرکردنەوە و جیهان بینی. سەردەمی پاش جەنگی سارد بەکۆتایی هاتنی سەردەمی بیری ئایدولۆژی دادەنرێت لە پاش داڕمانی بەرەی رۆژهەڵات- رۆژئاواو دابەش بوونی جیهان بۆ دوو سەربازگای دژ بەیەك، بیری سۆسیالیزم- کومونیزم هەرەسی هێنا لەبەردەم لیبرالیزمی رۆژئاوا کە ئەمە بۆ کەسێکی وەك (فۆکۆیاما) بەسەرکەوتنێکی مێژوویی لیبرالیزم دادەنێت و سەرەتای کۆتایی هاتنی مێژوو دەگەنێت[1].

هەرچەند ئەمە راستە گەر سەرنجی رووداوەکان بدەین، کە چۆن ئایدولۆژیای کۆمینزم توانای درێژە پێدانی نەما، بەڵام ئەم ڕاستییە ئەوە ناگەیەنێ کە ئایدولۆژیا بە گشتی نەك تەنیا کۆمینزم و مارکیسزم کۆتاییان پێ هاتبێت و چوبێتە ئەرشیفی مێژووە و چی دیکە لەبوارەکانی ژیاندا باسی لێوە ناکرێت. گەر سەرنج بدەین فەلسەفەش لەژێر زەبری ڕۆژگار و تەکنولۆژیا و سیاسەتدا پاشەکشەی کرد و چیدیکە نەیتوانی بەربەرەکانی و پێشبڕکێ بکات لەگەڵ داخوازییەکانی ئابووری و تەکنۆلۆژیادا و رۆڵی کاریگەر بگێڕێت لە ژیانی مرۆڤی پاش جەنگی سارد و پاش پیشەسازییدا. کەواتە مەبەست لەکۆتایی چەرخی کۆنترۆلی ئایدولۆژی و ئیمپرالیزمیەتی بیرکردنەوەیە لەسەر بوارە جیا جیاکانی ژیان و هزری مرۆڤی ئەم سەردەمە، واتە کۆتایی ئەو هەژموونە ئایدولۆژیانە نەك خودی ئایدولۆژیا، ئازادبوونی بیری مرۆڤە لەتەونی خەونە دزێو یۆتۆپییەکانی سەردەمە تاریكو سڕەکانی جەنگی سارد لای بیرکارێکی پۆست مۆدێرن (لێوتارد) ئەم سەردەمە بەسەردەمی کۆتایی هاتنی چیرۆکە مەزنەکانی رۆشنگەریە. بەڵام لای بیریارێکی مارکسیزم وەکو ئەلتوستێر (Althusser) بریاردان لەسەر ئەوە مرۆڤــــ دەتوانێ بەبێ ئایدۆلۆجیا بژیت بۆ خۆی ئایدولۆژیایەکە[2]!.

### چەمکی ئایدولۆژیا و فەلسەفە:

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم دوو چەمکە هەوڵ دەدەم دوور بکەومەوە لە مشتومڕە فەلسەفی و تیۆرییەکان و لەرێی لێکدانەوەی چەمك و واتای ئایدولۆژیا و فەلسەفەوە هەڵدەستم بە جیاوازی نێوانیان و کاریگەرییان لەبیرکرنەوەی مرۆڤـــدا. لەم روانگەوە شوێن پێی فەیلەسووفی (ئەنالیتیکی) زمان ڤیتگنشتاین (Wittgenstein) دەگرمە بەر کە

لەپەرتووکە بەناوبانگەکەیدا (لێکۆڵینەوەی فەلسەفی)[٣] دا، باس لە لێکۆڵینەوەی چەمکەکان دەکات نەك لەڕێی پێناسە کردنەوە، بەڵکو تەنها ڕێگایەك بۆ تێگەیشتن لە چەمکێك، زاراوەیەك لەڕێی بەکارهێنانەوەیە. واتە ئێمە بۆ ئەوەی بزانین و بتوانین لەواتای فەلسەفە یاخود ئایدولۆژیا بگەین دەبێت لە بواری بەکارهێنانەوە بیدۆزینەوە.

بۆیە گەر بمانەوێت لەزاراوەی فەلسەفە بگەین دەبێت سەرنج بدەین چۆن فەیلەسووفەکان لە فەلسەفە گەیشتبوون و بەکاریان هێناوە. ڕۆڵی لە ئیپیستیمۆلۆجیادا چییە؟ بۆخۆی بابەتێکی سەرەکی و ئالۆزە و جێی باسەکەم نییە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەم جیاوازی فەلسەفە و ئایدولۆژیا وەك ڕێگایەك بۆ لێکدانەوەی هەردوو چەمکەکە بکەم. زاراوەی فەلسەفە کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکان، لە کاتێکدا ئایدولۆژیا زاراوەیەکی نوێیە و یەکەم بەکار هێنانی دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسووفی فەرەنسی ( Deotutt de Tracy ) دوتراسی ١٨٧٦ لە نووسینەکانیدا بەکاریهێناوە. دوتراسی یەکێك بوو لە ڕۆناکبیرەکانی ڕۆشنگەری کە ناپلیۆنی بە ئایدۆلۆجیست ناوزەد دەکرد و خۆشی بەشدار بوو لە شۆڕشی فەرەنسیدا لەگەل (لامارك، ڤۆلتێر)و چەندانی تر کە لە ژێر کاریگەری بیری ڕۆشنگەری و فەلسەفە دابوون و دژ بە بیری ئایینو میتافیزك دەجولانەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەیان بە بیرێکی دژە زانین (مەعریفی)[*]و هەرزە دادەنا لە تەمەنی مرۆڤدا[٤].

ئەوەی لێرەدا شیاوی وتنە بۆ باسەکە گرنگی جیاکردنەوە و ڕەخنەگرتن لەو بۆچوونەی کە فەلسەفە و ئایدۆلۆجیا یەك چەمکن و تێکەڵ بەیەکتری دەکرێت. گەر بێت سەرنج بدەین لە ڕەوش و کردەی ئایدۆلۆجیا لە ژیانی ڕۆژانەدا گەورەترین خالی جیاوازییە لەگەل فەلسەفەدا. گرنگی ئەم جیاکردنەوەیەش ئەوەیە کە ئایدۆلۆجیا زۆرجار بەئەنقەست تێکەل بەفەلسەفە دەبێت و بەرگی فەلسەفی لەبەر دەکرێت، بەو پێیەی چالاکییەکی نافەلسەفی نییە. واتە بە دیسپلینێکی ئەقلانی و ژیربێژییانە بدرێتە قەلەم. ئەمەش هەولێکی سەرەکی ئایدۆلۆجیستەکانە کە دەیانەوێت بەرگی فەلسەفە بکەن بە بەریاندا بە زمانی فەلسەفە و بەناوی فەلسەفە گوتارەکانیان بدەن، بەمەبەستی ڕەوایەتی و بەرزکردنەوەی ئایدۆلۆجیا لەبەردەم زانستدا. هەندێ جار بە پێچەوانەوە فەلسەفە ئایدۆلۆجی ئاسا دێتە گۆ و دەخزێنرێتە چێوەیەکی تەسکی ئایدۆلۆجی و بانگەشەی بۆ دەکرێ و گوتاری ڕۆژانە دادەڕێژێت و دوور دەکەوێتە لە فەلسەفە بە واتا باوەکەی.

یەکێك لە هۆکارەکانی تێکەلاو بوونی فەلسەفە بە ئایدۆلۆجیا، ئەوەیە فەلسەفەکاری چالاکییەکی گشتی هزری مرۆڤی مرۆڤە، بەلام دەبینین بۆ نموونە فەلسەفە زۆر جیاوازە لە ئایین



و بیرکردنەوەی ئایینی، چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەسەر بنەمای (باوەڕ، بەلگەنەویست، ملکەچی) دامەزراوە کە ئەم ڕەوشتە زیاتر لە ئایدۆلۆجیاوە نزیکە و لێکچوون لە نێوان ئایین و ئایدۆلۆجیادا هەیە زیاتر تاوەکو لە نێوان ئایین/ فەلسەفەدا.

فەلسەفە لەسەر تێڕامان و سەرنج و گۆمانکاری و پرسیارکاری بەندە، دیارە ئەمەش پێویستی قوولبوونەوە، دابڕان و رامان هەیە، کە ئەمەش چ بۆ ئایین یان ئایدۆلۆجیا کارێکی ئەستەم و گرانە، بەلام هەندێك جار ئایین، ئایدۆلۆجیا کەرەسەکانی فەلسەفە بەکار دێنێ و فەلسەفەکاری دەکەن لە نواندن و نمایش کردنی مرۆڤ و بەرنامەکانیان و گوتارەکانیان پێ پتەودەکەن. بەلام بەهیچ شێوەیەك پەسند نییە کە ئایین یان ئایدۆلۆجیا بە بەشێك لەفەلسەفە دابنرێت. لیرەوە دەتوانین ئایدۆلۆجیا بەچەند خالێك پیناسە بکەین.

**یەکەم: ئایدۆلۆجیا وەك یۆتۆپیا:**

خودی ئایدۆلۆجیا یۆتۆپیایەکە لە هۆش و هزری هەڵگرانی ڕێبازێکدا دروست دەکرێت، بۆ نموونە وەك: دوا ڕۆژێکی ڕووناك، دەوڵەتێکی عادیلانە و بەبەهەشت کردنی سەرزەوی! دیارە یۆتۆپیا کارێکی ئەفسوناوی لە هۆشیاری مرۆڤی ئایدۆلۆجی دەکات و بەم شێوازە خەونە گۆش دەکرێت.

کارل مانهایم باوەڕ دەکات بە دوو بەشەوە بە پێی بەرگری کردن و داکۆکی لە بەرژەوەندییەکان:

١) ئەو بیرانەی داکۆکی لە بەرژەوەندی کۆمەلەی چەوساوە و ژێردەستەکان دەکەن، کە بە یۆتۆپیا ناو دەبرێن.

٢) ئەو بیرکردنەوانەی داکۆکی لە بەرژەوەندی کۆمەلە دەسەلاتدار و حوکمڕانەکان دەکات، کەبە ئایدۆلۆجیای سەردەست و دەسەلاتداران دەناسرێن[٥].

لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا (Idology and Utopia) مانهایم سیستەماتیکانە چەمکی ئایدۆلۆجیا لێکدەداتەوە بەشێوەیەك کە چ ئایدۆلۆجیا چ یۆتۆپیا هەردووکیان بەسیستەمێکی بیرکردنەوە دادەنێت. ئایدۆلۆجیا دەستەبیرۆکەیەکە کەدەمامکی ئێستا دەکات لەڕێگای تێگەیشتن لێ بەزمانی رابوردوو. بەلام یۆتۆپیا بۆخۆی بازدانە بەسەر هەنووکە و داهاتوودا.

**دووەم: ئایدۆلۆجیا پەرتکردنی (پەرت) کردنی مرۆڤەکانە:**

واتە لەتوپەتکردنی جەستە کۆمەڵایەتی و دەروونییە و دابڕین و جیاکردنەوەی دەستەیەك لە کۆمەڵگا و داتاشینی ناسنامەیەکی جیاواز و نامۆ لەسەر بناغەیەکی ئایدۆلۆجی. دیارە ئەمە ئەکرێت لە ڕوانگەی هاوکێشەی من و ئەویتر سەیر بکرێت و چۆنێتی وێناکردنی خود/ بەرامبەر دەگرێتەوە کەلە دواییدا دێمەوە سەر ئەم خاڵە.

ئایدۆلۆجیا مرۆڤ دابەش دەکات لەسەر ئاستی بروواداری بۆ لایەنگر و دۆست، ئەندام، بۆ براگەلیك کە هاوشێوەی خزم، خوێن و رەگەز. واتە ئەلقەیەکی ناوکۆیی لە ناو بازنەیەکی داخراوادا کە دەرەوەی ئەم بازنەیە بە دوژمن و دژ و نەیار دادەنرێت. واتە لەجێ پەیوەندی خزمایەتی برایەتی باوەڕداری جیدەگریتەوە. لێرەدا پڕوپاگەندەش ڕۆڵێکی دیار و خێرا دەبینێ لە تیژ کردنەوەی ئەم دابەشکردنەدا. پڕوپاگندەی دۆست/ دوژمن گوڕدانە لەلایەك بەتەوژمی کار و پێچکەی ململانێی ڕۆژانە و لەلایەکی ترەوەو، جیڕکردنەوەی ورە و هەستی هەڵگرانی جۆرە ئایدۆلۆجیایەکە. لەهەمان کاتدا چاوترسکردنی نەیارانە! دەبێ دوژمن هەبێت، گەر نا ماکینەی جەنگی ئایدۆلۆجیا لە کاردەکەون، ئەندام و ڕێکخراوەکان بێکاردەکەون. روونتر ئایدۆلۆجیای دۆست/ دوژمن کایەکە بۆ خەرجکردنی توانا و وزەکان. لێرەوە دەبینین هەمیشە دوژمنێکی ئامادەکراو هەیە لە بیری ئایدۆلۆجییەکاندا، جا ڕاست بێ یان خەیاڵی!

بۆردیو زاراوەی زەبر و زەنگی سیمبولییانە (Violenc Symboliqe) بەکاردەهینیت، بەواتای سەپاندی جۆرە بیرکردنەوەیەك بەسەر کەسانیتردا بەوپێیەی کە ڕەواترین ڕیگایە بۆ قایلکردنی ئەویتر لەڕیی توندوتیژی و زەبری نائاشکراوە. واتە لەسەر هزر و بیرکردنەوە نەك جەستە،(بۆردیۆ اسئله علم الاجتماع. ل.١٥). ئایدۆلۆجیا زەبری وشە و گوتار بەکاردەهینیت لە داشۆرینی مێشك و چاوترساندن و تۆقاندنی بەرامبەر بەهەموو جۆرە میکانیزمێك. ئەمەش لە ئەنجامی وێناکردنێکی خەیاڵی و داتاشینی پەیکەر بۆی و کردنی بە دوژمنێکی مێژوویی. لەلایەکی ترەوە ئەمە ئەرکی کەمکردنەوەی شپڕزەیی ڕیزەکان و خراپەکاری دەزگای ئایدۆلۆجی پارتێك بۆ نموونە دەگێڕن. لەتکردن و دابەشکردنەوەی کۆمەڵ ترسناکترین ئاکامی ئایدۆلۆجیاکانە.

گەر سەرنجی کوردەواری بدەین بەئاشکرا جۆرە پەرتەوازەیی دوورەپەرێزی دەبینینت کەلە جوگرافیا خێڵ و هۆز ئایینزاکانە) تاکو گرووپە ئایدۆلۆجییەکان درێژ دەبێتەوە، واتە ئایدۆلۆجیا لەم حاڵەتەدا بووە فاکتەرێك کۆمەڵگای کوردەواری بۆ لێك دابڕان و هەنجنکردنی



جەستەی شپڕزەی کورد!لە لایەکی ترەوە ئایدۆلۆجیا کۆمەڵگا بچووك (Reduction) دەکات بۆ چەند گرووپ و دەستەیەك و بەوشێوەیەش جار لەگەڵ جار کار لە ئەندامەکان دا دەکات. لەکاتێکدا ئەمرۆ کۆمەڵی کورد پێویستی زیاتری بەیەکانگیری لێك نزیك بوونە و لەیەك گەیشتن هەیە، تاکو پەرتەوازەیی کە ناوی جیاوازی بیروباوەری لێنراوە. لەلایەکی ترەوە ئەم دابەش کردنە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینرێ، واتا خزاندنی پەیوەندییەکان لەباری ئاساییەوە بۆ پەیوەندارییەکی ئایدۆلۆجی روت تایبەت بۆ چەند ئەندام و دەستەیەك جیگای پەیوەندییە مێژووییە هاوبەشەکان دەگریتەوە. کەواتە ئیمە لەم بارەدا ناتوانین باسی جڤاتی کوردی بکەین، چونکە پێکهاتەی ئەم جڤاتە تێکهەڵوەشاوە و هەر گرووپێك کۆمەڵێکی تایبەتی خۆی هەیە.

دێمەوە سەر سروشتی فەلسەفە و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ، فەلسەفە بەدەگمەن خۆی لەم بوارانەی سەرەوە دەدات و لە نەخشەی ململانێ و زۆرانبازییەکاندا بەشداری دەکات لە کۆمەڵیی کوردەواریدا کاتێ هۆشیاری سیاسی نزمە تا هەنووکەش فەلسەفە نەیتوانیوە وەك فاکتەرێکی سەرەکی ڕۆشنبیری ڕۆلی خۆی بگێڕێ، لەلایەکی ترەوە فەلسەفە وەك شێوازێکی تایبەت لەبیرکردنەوە جیهانبینی خۆی پاراستووە لەم ململانێ و شەڕانگێزانە ئاشکرایە فەلسەفە بەرگە باو کلاسیکییەکی تێپەڕاندووە کە خۆ خەریك کردنە بە هەندێك کێشەی راستەوخۆی ڕۆژانەی مرۆڤە و کە ڕۆلی چاکساز و دامەزرێنەر ببینێ.

ئاشکرایە سەردەمی (دیکارت، کانت، هۆسرل) بە دەمی گۆڕان بەسەر فەلسەفەدا دادەنرێت. دیارە ئەمرۆ فەلسەفە هێندەی تریش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کەمترە، بەلام هەوڵ دەدرێت پردێك لەنێوان ژیان و فەلسەفەدا بکرێت و هەردوو لا گرێ بدرێت پێکەوە، ئەمەش بۆخۆی کێشەیەکی ترە کەجێی باسەکەمان نییە. ئیدی هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ڕاستی و رزگارکردنی هۆشی مرۆڤە لە ڕەوتی ئایدۆلۆجی و فشارە ناژیرییەکان و سیاسییەکان، زێتر لەکاری فەلسەفە دەچێت وەك لەوەی وانەدان و ئامۆژگاری ڕەوشت بێت کە کاری فەلسەفە نییە. کاری فەیلەسووفە لە ئەندازیاری نهۆمێکی ژیریانە دەچێت، لەوانەیە فەیلەسووفێك هەستێت بە دیاری کردنی ڕاست و چەوت و چۆنیەتی بڕیاردان لەسەریان. بەلام سەرەکیترین و گرنگترین کار بەکارهێنانی ئامێری گومان و بەڵگەی دژ و هەڵوەشاندنەوەی بیری بەڵگە نەوستن پرسیار بەرهەم هێنانە. دامەزراندنی بنکەی دەسەلات کاری فەلسەفە نییە و ئامانجی فەلسەفەش نییە، بەڵکو ئەم کاری سیاسەتمەدارە کە بانگەشە

بۆ ڕێبازێك دەكات و مزگێنی چارەسەرو دوا ڕۆژ دەدات، ئەمەش گرنگترین پێكهێنەری ئایدۆلۆجیایە نەك فەلسەفە.

بە پێچەوانەوە كاتێك ئایدۆلۆجییەك یان ڕابەرێكی سیاسی چیوەیەك، پێناسەیەك بۆ بیركردنەوە ئازادی دادەڕێژێ لەڕێی وشە بریسكەدارەكانەوە ناواخن و چەمكی راستەقینەی ئەم وشانە روون دەبن بە راڤەكردنێكی سیاسی ڕووت دەشێوندرێن، لەهەمان كاتدا ئەمە بۆ خۆی كوشتن و زڕاندنی ئەو بەها مرۆڤایەتییانەیە (دیموكراسی، سەربەستی، ئازادی، بیروڕا) لە ڕێی سازشكردن و بەكارهێنانیان بەشێوەیەكی سادە لە ژیانی سیاسیدا. جگە لەوەی ئەم كارە قورخكردنی ڕاستییەكانە لەدەستی كەمایەتییەكدا كە دەسەڵاتی لێكدانەوە و پراكتیزەكردن لە دەستیان كۆ دەبێتەوە و پاوانێكی ترسناك بۆ بیركردنەوەی ئازاد و جیاواز دروست دەكرێت. ئەمەش بۆ خۆی كارێكی دژە مەعریفی و دژە زانستییە، كە بە هیچ شێوەیەك فەلسەفە توخنی ئەم رەوشە ناكەوێت و رازیش نابیت بەم شێوازە چێواشە كردنە.

دابەشكردنی ئایدۆلۆجیا بە پێی ئەو بوارانەی تێیدا بەكار دێن:

١) بواری ململانێی سیاسی، واتە ئایدۆلۆجیا دەبێتە هاوتای سیاسەتبازی و دەكرێتە دەمامكێك بۆ فریودان و سەرلێشێواندن لە پێناوی گرووپێك یان دەوڵەتێكدا بۆ زیاتر پتەوكردنی دەسەڵات.
٢) بواری سیۆسیۆلۆجی، كۆمەلایەتی، كە كۆمەڵێك بەها و فۆرم دەگرێتەوە وەك پێودانگ بەكار دێت سەبارەت بە مێژوو سیاسەت و پەیوەندییەكانی كۆمەل بەگشتی.
٣) ئیپستمۆلۆژی، ئایدۆلۆجیا خۆی وەك كارێكی مەعریفی بەرجەستە دەكات و هەم لەم بوارەشدا گوتاری دادەڕێژێت، بەڵام بەشێوەی سەرزارەكی و دوور لە پرۆسەیەكی زانستی ئۆبجێكتیف. ئەمەش بۆخۆی دژە زانستی ئایدۆلۆجیا دەگەیەنێت. چونكە زانست وەك ئاشكرایە بە پێچەوانەی ئایدۆلۆجیاوە لە میانەی توێژینەوە و لێكۆلینەوە كار دەكات و دوورە لە هەموو مەبەستێكی ئایدۆلۆجیانە لە بواری لێكۆلێنەوەدا، لەكاتێكدا ئایدۆلۆجیا دیدەكانی خۆی لەسەر بریاری پێشوەخت دادەمەزرێنێت.



**سێیەم: گوتاری ئایدۆلۆجی:**

لێرەدا پێویستە سەرنجێكی ورد لە گوتاری ئایدۆلۆجی بدرێت و بەراورد بكرێت لەگەڵ فەلسەفەدا، كە لایەنگریەتی یاخود نەبوونی بێلایەنی زەقترین نیشانەی جیاكردنەوەی ئایدۆلۆجیایە لە فەلسەفە. دەكرێ گوتارێكی ئایدۆلۆجی بیلایەن هەبێت بەڵام بوونی زیاتر تاكتیكییە. چونكە هیچ بیروڕایەك ناتوانێت بێلایەن بوەستێت لە ئاستی ڕووداوەكانی دەوروپشت لە ژیانی ململانێدا دەبێت یان چاوەڕوانی هەلوێست بكرێت.

گوتاری ئایدۆلۆجی گوتارێكی مێژوویيە و پەنا دەباتە بەر مێژوو لە داڕشتندا. بێگومان گەڕانەوە بۆ مێژوو هەولێكە بۆ بەراوردكردنی دوێنێ لەگەڵ ئەمرۆكەدا و دەستنیشان كردنی هەڵوێستە. كەچی لە فەلسەفەدا لێكدانەوەو هەڵوێستە كردن تایبەت نییە بەكات و سەردەمێكی دیاری كراوە وە بەڵكو زیاتر هەوڵدانە لە چۆنێتی كاركردن لەسەر ڕووداوەكان و شیكردنەوەیان لە هەموو ڕوویەكەوە هەڵبەتە هەڵوێستی ئایدۆلۆجی بێلایەن نییە، دیارە هەڵبژاردنی لایەك دەبێت لە ڕووداو كارەساتەكاندا، جا هەڵبژاردن بەلایەك كە دوژمنە یان دۆستە گرنگە و جیگا بۆ بەرەی سێهەم و یا كەسی سێهەم-بیلایەن نییە.

هەر بۆیە فوكۆ گوتاری ئایدۆلۆجی بە دژە مەعریفە دەناسێنێت، چونكە مەعریفە ڕێژەییە و دوورە لە حوكمی ڕەها كە ئایدۆلۆجیا بانگەشەی بۆ دەكات و پێی لەسەر راستییەكی رەها و هەقیقەتێكی موسەللەم دادەگرێت و جێ گومان ناهێلێتەوە. بەڵام لای (ئالتۆسیر) ئایدۆلۆجیا هێمایە (سیمبوولە) لەگوتاردا بەكار دێت. چونكە سیمبۆل كارتێكردنی خێراو كتوپڕی هەیە لەسەر هۆش و هزری مرۆڤ دەبێتە سەرچاوەی كاردانەوە (ریاكشن) پتەوكردن. لەلایەكی ترە سیمبولەكان خۆیان لە مێژوو مەزنایەتی ناسنامەدا رۆلێكی بەرچاو دەگێڕێت.

كەواتە ئەركی و زمانی گوتاری ئایدۆلۆجی داڕشتنی هۆشیاری تاك و كۆمەڵە بەیەك ناسنامە و پێناسێكی جیاواز و ناوازە. لە بەرجەستەكردنی ئەم ناسنامەیەدا چیرۆك و ڕووداو ئەفسوناوی دەبێتە هەوێنەی خود، بەرجەستە دەكرێت. جگە لەوەی تۆمار كردنی ڕووداوەكان لە هەستەوەریدا پێویستە بۆشانازی و توند و تۆلكردنی هەستی ئینتیما بۆ گرووپێك. لەم وێنە كردنەی خود دا تاك یان كۆمەڵ خۆی لەبەردەم وێنەیەكی مەزن و رەسەنو گیانبازیدا دەبینێتەوە. لەوانە ئەو تاڕادەیەك خالێكی پۆزەتیف بێت بۆ هەموو تاكێكێك یان كۆمەڵێك كە گیانی تاكخوازی و دێوەزمەی تەنیا باڵی بەسەر هەندێك كۆمەڵگای ئەمرۆدا كێشاوە و سەرهەڵدانی دیاردەی نامۆ بوون لەم كۆمەڵگا نوێیانەدا و، ئەنجام لاواز بوونی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکانە و دەبێت راستەوخۆ لە مرۆڤە بو مرۆڤ. دەشێت لایەنی خراپی هەستی ئینتمای ئایدۆلۆجی بۆ دەستەیەك تەسك کردنەوە بێت لەئاستی پەیوەندییەکان هەستی بۆ گشتی کۆمەڵ بچووکتر بکاتەوە و تەنها ئەو بازنەیە بگرێتەوە کە مرۆڤـــــ ئایدۆلۆجیا و باوەڕی خۆی تێیدا دەبینێتەوە و جۆرێك لە ترس و گومان لە ئەنجامی بیر و باوەڕێکەوە بێتە کایەوە.

**چوارەم: وێناکردنی خود/ بەرامبەر:**

وێنەی بەرامبەر لە ئایدۆلۆرژیادا وێنەی کەسێکی نامۆیە و لەسەر هاوکێشەیەکی پێچەوانەی من/ ئەو بەندە. پەیوەندییەکان تەنها لەرێی ناسنامەیەکی جیاواز سەیر دەکرێت و جۆرێك لە دیالیکتی من/ ئەو دورست دەبێت. "ئەویتر" جیاواز لە "من" بوونەوەرێکە سەربەخۆ و جیاواز لە من، بە واتایەکی تر بوونی "من" تەنها جیاوازی و دابرانە لەوی تر!

ئەم شێوە وێناکردنەوەی خود/ بەرامبەر لە ململانێکاندا هەڵدەستێت بە بەرهەم هێنانی پێناسەی خود لە چێوەگای راستییەکی مێژووییەوە کە ڕەوایەتی خۆی هەیە، لەکاتێکدا (ئەویتر) بە دەستکرد و نامۆ دەژمێردرێت. لێرەوە هەموو نازناوێکی شکێنەر و رەش لە جەنگی ئایدۆلۆجیدا زۆر بە توند بەکار دەهێنرێت دژ بە (ئەویتر). سەرەڕای ئەوەی وێناکردنی (ئەویتر) چەسپاو نییە لە فۆرمێکدا، بەڵکو بە پێی گۆڕانی بەرژەوەندی و گەمەی سیاسی رۆژگار گۆڕانی بەسەر دا دێت. لەکاتی لەقبونی هاوکێشەی هێزدا، دوژمنی سەرسەختی دوینێ دەبێتە دوستی شیرینی ئەمڕۆ و بەپێچەوانەشەوە وێنەکە دەگۆڕدرێت بەرامبەر (ئەویتر) دوژمنە. نەیارە واتە تەنها مەسەلەکە لە جیاوازی و جودایی من/ ئەودا نییە. بەڵکو هەندێك جار گەر کەسی تر بە دوژمن ناوزەد نەکرێت ڕەفتاری دوژمنانەی لەگەڵ دا دەکرێت. بێگومان ئەمە گرنگە بۆ هەموو ئایدۆلۆجیایەك کە خۆی (ناسنامەی) لەسەر حیسابی بەرامبەر دوژمنەکانی دروست دەکات. بەهانەی بوونی خود لەسەر بناغەیەکی یاخود خۆ دروست کردنێکی ئاسایی و بیلایەن نییە. لەلایەکی ترەوە ئەم خاڵە گرنگە بۆ داپۆشکردن و شاردنەوەی ناڕێکی و کەم و کورتییەکانی ئایدۆلۆجیا لە ژێر تۆمەت و تاوانبار کردنی بەرامبەر.

لێرەوە (complot theory ) تیۆری پیلانی دەرەوە زۆر بەکارە لای ئایدۆلۆجییەکانی کاتی هەموو کردەیەك پاڵدەدرێتە بەرەی (دوژمن) و بۆ نموونە هۆکاری دواکەوتن، ژێر



دەستەیی تەنها یگێڕدرێتەوە بۆ پلانی دەرەکی و مرۆڤ خۆی لەبەرامبەر چارەنووسی خۆدا بەرپرسیار دانەنێت.لە ئایدۆلۆجیا سەردەست و حوکمڕانەکاندا بەتایبەت رژێمە تۆتالیتارەکان هەمیشە بەهانەیەکی ساغ و ئامادەکراویان لەسەر زارە بۆ پتەو کردنی دەسەلاتی و دەم کورتکردنی هەموو دەنگێکی جیاواز و بە دوژمن و پیلانگێر لەقەڵەم دانیان. کەواتە بوونی دوژمن نەك هەر زیانبەخشە بەڵکو پێویستییەکە بۆ خۆ دروستکردن و بەهێزکردنی دەسەڵات. ئەفسانە دۆست/ دوژمن.

دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە لەهەموو پەیوەندییەکی سیاسیدا پارتێك یان کۆمەڵێك دوژمنی بۆ دروست دەبێت، بەڵکو مەبەستم بە ئەفسانەکردنی کەسایەتی دوژمن و دۆست لە هۆشیاریدا و کردنی بە تەلیسمێك بۆ چاو بەست و شاردنەوەی ڕاستییەکان بۆ خۆی شایەتن لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە سیمبولیستەکان ئایدۆلۆجیا بە میتۆلۆژیا (ئەفسانەی) نوێ دەزانن لەو سەردەمەدا. کە ئەم میتۆلۆژیا نوێیەهەمان رۆلی ئەفسانەکانی کۆن دەگێرێت لە هەستی و هۆشی مرۆڤدا.

دیارە ئەفسانەیەك کە خود خۆی تێدا بەرجەستە دەکات بوونی پێویستە لە پێك هێنانی ناسنامەی ئایدۆلۆجیادا لەکاتێکدا ئەفسانە بەشێکە لە کەلتووری کۆمەڵی مرۆڤـــــ لەهەمان کاتدا ناسنامە کولتوور دەکاتە قەلغان و خالێك بۆ جەخت خستنە سەر خوار ستەکان، دیارە ناسنامە وەك پرۆجکتێکی مۆدێرنە بۆ خۆی دەبێتە بابەتی سیاسی زۆرجار شتی بە پیرۆز دادەنرێت هەمیشە هەوڵ دەدرێت هەمیشە بەناوی رەسەنایەتی و داکۆکی کردن لەخۆ بکرێتە ئەفسانەیەکی گرنگ ئەمەش بەتەواوەتی لە دوژمنایەتی- دژایەتی ئایدۆلۆجیدا بەرجەستە دەبێت، لەکاتێکدا دژایەتی سیاسی- ئابووری بۆ نموونە هەموو رەگەزێکی دژ بەیەك (and contigent contradict ) لە خۆی دەگرێت، واتە لۆژیك بۆ بیرکردنەوە پلان لە تەك فریودان و جادووبازی دەست لەملانێیی یەك دەکەن (لۆگۆس/ بیۆس) و لێرەوە مرۆڤی هاوچەرخ دەبێتە بوونەوەرێکی کارامە و نوێخواز و جادوو باز لەیەك کاتدا.

بۆیە ئەفسانە خور یەکێك لە کارەکانی ئایدۆلۆجیا رایشنگ aaching R[٦] ئەفسانەی سیاسی و ئایدۆلۆجی بۆ چەند لقێك دابەش دەکات:

* ئایدۆلۆجیای پەیوەست بەکاری ئەفسانەی وەك باسوخواسی دیموکراسی، ئازادی و پێشکەوتن. واتە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی لە خەیاڵ و فەنتازیادا دادەنرێت.

* ئایدۆلۆجیا و ئەفسانەی بایۆلۆژی دروستکردنی وەك (نەتەوە، رەگەز، زیرەکی) ئاپارتاید لەسەر ئەم ئەفسانەیە کار دەکات بەهەمان شێوەش نازیزم و بەعسیزم و کەمالیزم بەم چەمکانە نەتەوە و کەمایەتییەکانیان دەتواندەوە جینۆسایدیان هێنایە بەرهەم.

* ئایدۆلۆجیا وەك رێچارەیەك لە بۆ بەدیهێنانی سیستەمێك لە بووندا. ئەفسانەی دەوڵەتێکی بەهێز و شۆرش بەشێکن لەم جۆرە.

### ئەرکەکانی ئایدۆلۆجیا:

* رەوایەتی دان بە سیاسەتی دەوڵەتێك، پارتێك لێرەدا ئایدۆلۆجیا هاو واتای سیاسەتە.

* کۆکردنەوەی لایەنگیر و ئەندام بۆ رێباز و باوەرێك، واتە پروپاگەندە.

* خۆ جیاکردنەوە و دابەشکردنی مرۆڤ بۆ دۆست- لایەنگر/ دوژمن- نەیار.

* ئامادەکردن و دارشتنی هەڵوێست بە شێوەیەکی سارد و سەرزارەکیانە لەرێی هەڵنان و هاندان، خۆرازاندنەوە بە وشە و کرداری بریسکەدار لەم بارەدا هەمیشە پراکتیك زاڵترە لە بابەتە تیۆرییەکان وەك فەلسەفە سەرقاڵی ئەم تیۆرانەیە، لەبەر ئەوەی لای ئایدۆلۆجیا پرۆسەی پرسیارکردن زۆر گرنگ نییە بە ئەندازەی ئامادەبوونی وەڵام و هەڵوێستی خێرا. لەم حاڵەتەدا ئایدۆلۆجیا دژ بەفەلسەفە دەوەستێت و گەرچی بچێتە بەرگی فەلسەفییەوە. کەچی فەلسەفە پرسیار بەرهەم هێنانی یان پرسیار کارییە وەك هایدگر ئاماژەی بۆ دەکات.

* هەڵاواردن و هەڵبژاردن یاخود پاکتاوکردنی دژ- دەنگی جیاواز ئایدۆلۆجیا پشت بەم پرەنسیپە دەبەستێت و هەروەها پشت بە رووداوە پۆزەتیفەکان دەبەستێت کە لە بەرژەوەندی خۆیدایە دەیکاتە مێژوویەکی راستەقینە بۆ دروست بوونی خۆی و هەرچی لەگەڵ بەرژەوەندیدا نەگونجێت فرێ دەدرێتە سەرەنگوێلکی مێژووە و لە ناو دەبرێت. دیارە بەهۆی ئەوەی کە مێژوو هەمیشە دەنگێکە ئایدۆلۆجیاکان دەخاتە ژێر پرسیار و لێپرسینەوە.

* پاکانە و رێخۆشکردن یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆجیا، پاکانە و بەهانەی ئامادەکراو هەمیشە لەبەردەم ئایدۆلۆجیادایە و خزمەتی هەڵوێست و رەفتاری ئایدۆلۆجی دەکات. دیارە بەهانە و پاکانە زۆر لە راڤەکردن و شیکردنەوە دوورە. بۆیە بەهانەکان رووسورکردن و جوانکردنی دەمامکە ئایدۆلۆجییەکانە. پاکانە بۆ هەموو رێگایەك دەکرێت لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکاندا. گەر پێچەوانەش بێت لەگەڵ بەهاکاندا. چونکە تاکتیك گرنگترین ئامێرە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکان.



فاچلەر Fachler (*) باس لەوە دەکات کە چۆن ئارەزوو بەرژەوەندی ئابووری یان سیاسی دەبێتە بەهانەیەکی رەوا و مەسەلە رەوشتییەکان زۆر دەبنە چەکێك و لە دژی نەیارەکان بەکار دێت لەرێی ریسواکردن و سوکایەتی بەکەسی رەخنەگر یان کەسانێك کە بەهەمان شێوە بیرناکەنەوە، دیارە ئەوەشەرەخنە نییە و واتای رەخنە ناگرێت کە لە فەلسەفەدا رەخنە بنامایەکی زانستی و ئاوەز (ratio ) هەیە نەك تۆمەتبارکردن و شکاندنی بەرامبەر، دیارە ئایدۆلۆجیا بەڵگەی رەوایەتی بوونی خۆی لە زۆری جەماوەر وەردەگرێت. واتا زۆرینە و جەندێتی نەك ناوەرۆك و بەرنامەکە. بەرای (ئیسیا بەرلین)(٧) سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆجیا یەك ناگەرێتەوە بۆ راستی و دروستی باوەرەکە، بەڵکو بۆ سروشتی سادە و ساکاری لە گوتار و کردەکانیدا، کە زۆر بەئاسانی دەچێتە ناو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵەوە. ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی ئایدۆلۆجیا لە ئاستێکی نزمی ژیرییدا ئەدوێ و خۆی لەقوڵ بوونەوەی فەلسەفی نادات، بۆیە گەر بووترێت کە ئایدۆلۆجیا مۆڵگەی تەنکە بیر و تێگەیشتنە تارادەیەك راستی هەڵدەگرێت.

### پێنجەم: تێروانینی ئایدۆلۆجیا بۆ مێژوو:

دیارە گەرانەوە و تێروانین لە مێژوو لەپێناوی مێژوودا نییە، بەڵکو لە خزمەتی دەستەیەکی دیاریکراودایە، وەك ئامانجێ بۆ خۆی لە پشکنینی راستییەکاندا لەلاپەرەی مێژوودا و خوێندنەوەی نوێ بۆیان. دیارە ئەم تێروانینە لە مێژوو ئاوردانەوەیەکی خێرا و بەپەلەیە لە دەروازەکانی مێژوو و مامەڵە کردن لەگەڵیان وەك رابردوویەك و هێنانی رەوایەتی لێوەی بۆ گوتارەکانی ئەمرۆ. بیری ئایدۆلۆجی رێگەیەکە، هەوڵدانێکە لە هەنوکە و ئێستاوە دەستپێدەکات و هەنگاو هەڵدەگرێ و هەر لە ئێستاشدا کۆتایی پێدێت. چونکە ئایدۆلۆجیا پەیوەستە و گرێبەندە بە پێداویستی و داواکارییەکانی ئەمرۆ. کاتێکیش پەنا دەبردرێتە بەر رابردوو لە هەولێکی پراگماتیزی زیاتر نابێت. رابردوو دەکرێتە پاشکۆو بۆ داخوازییەکانی ئەمرۆ. ئەم هەڵوێستەش وادەکات کە ئایدۆلۆجیا بەهانەگیرو رێخۆشکەرانە گولبژێری مێژوو و رووداوەکان بکات و گەردنی خۆی لەهەموو کارێك کە لەپایەی کەم دەکاتەوە ئازاد بکات و پۆزشیان بۆ بدۆزێتەوە نەك بەرەورویان بێتەوە بەدوای رێگا چارەدا بگەرێت. بەرهەم هێنانەوەی رابردوو و یادەوەرییەکان و پیرۆزکردنی بۆنەکان تا رادەیەکی زۆر لەکاری پەرستن دەچێ لە ئاین و ئاییزاکاندا و هەمیشە بۆ شوێنکەوتوانی باسدەکرێت. وەك نموونەیە بۆ

چاولێکردن و ئەم کەشانە (سێرەمۆنی) بە درێژی ساڵ نییە جیگای پروپاگندە و ڕازاندنەوەی گوتارەکان.

لێرەدا گرنگە باس لەکەسایەتی مێژووش بکەین کە چۆن ئایدۆلۆجیا کەسایەتی مێژووی خۆی هەیە کەلە کاریزما و هێما پێك دێت وە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانە یا بەم کەسایەتییە دەدرێت و تۆختر بەرجەستە دەکرێت. کەسایەتی ئامێرێکە یان بڵندگۆیەکە لێوەی چالاکی جۆراوجۆر بانگهێشت دەکرێت. کەسایەتی لەفەرهەنگی ئایدۆلۆجیدا مرۆییێکی دووسەرە، واتە دوو ئینتمای هەیە. یەکەم، ئینتمای بۆ واقیعێکی مێژووی رابردوو کە ئەو کەسە تێیدا ژیاوە و دووەم، بۆ واقیعێکی مێژوویيانەی کە لە مرۆدا ئایدۆلۆجیا تێدا دەژیت.

بۆیە پێگەی کەسایەتی لەفەرهەنگی ئایدۆلۆجیادا پلە و پایەکی بەرزی هەیە و مایەی خەیاڵ و هۆنراوو ئەفسانە و وێژەیە. بەرامبەر ئەم کەسایەتییە مێژووی کەسایەتییەکی تر هەیە، کەسایەتی دژ و بەرامبەر کە خۆی لە دوژمنێکی سەرسەخت و هەمیشەییدا دەردەخات بە شێوەیەکی تەریبیانە لەگەل کەسایەتی ئایدۆلۆجی دا درێژ ئەبێتەوە و پێکەوە دوو جەمسەری گرنگی زۆرانبازی ئایدۆلۆجی پێکدەهێنن.

زمانی ئایدۆلۆجی، بە زمانێکی بەرژەوەندی ویست و نا هۆشیار دادەنرێت کە لەساتەوەختێکی دیاریکراودا دەسوڕێت و بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو ئەدوێت. بەڕای هایدگەر (ئایدۆلۆجیا بیرکردنەوەیەکی ئامادەکراو لە قاڵبدراوە بۆ راهێنانی تاك. و ئەرکی پشکنین و گەڕان لەسەر شانی هەوادارانی ئایدۆلۆجیایەك سووك دەکات، بۆیە هیچ پێویستییەك نامێنێتەوە لەبەردەم تاکدا کە خۆی پێوە خەریك بکات). چونکە "راستییەکان" لەبەردەستدان و ئاوەڵان، ئەوەی لەسەر شانی ئەندام و هەوادارانە تەنها دەربڕینی گەردنکەچی و پەیڕەوکردنە.

ئایدۆلۆجیا وەك (هایدەگەر) دەڵێت، ناوچەیەکی نادیارە. واتە جیهانێکی بیئاگایی و شەڕەنگیزییە کە تاك خۆی لەبیر دەکات وەك تاکێك، بریاری چارەنووس لەدەستی دەردێت و بڕیاردان دەکەوێتە مستی کەسانێکەوە کە کۆنترۆڵی بریار و بیرکردنەوەی دەدەن. پاشان بیرکردنەوەی ئایدۆلۆجی بیرکردنەویەکی سەخت و چەقبەستووە و وتنەوەی رستەی ئامادەکراوە و گوتارەکانی دەسەڵاتدارێکە بێ خۆماندووکردن. دەکرێ بووترێ بیرکردنەوەی ئایدۆلۆجی لە جیهانی پۆست کۆلۆنیالدا جیگای خۆی بۆ زانیاری چۆل کردووە و لێشاوی زانیارییەکان گەورەترین رووبەری ژیانی گرتۆتەوە. چیتر مرۆڤی نوێ هێندەی سەردەمی جەنگی سارد و جەنگی رزگاری سەرقاڵی ئایدۆلۆجیاکان نییە.



گەر بێینەوە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان، دەبێت سەرباری ئەو هەموو قەیرانە سیاسییە ترسناکانەی هەن، کەلە هەموویان ترسناکترین هەرەشەی تێکشکان و لەناوبردنی ئەزموونی دەسەڵاتێکی ناخۆیی و بەڕێوەبردنی دەزگاکان لەلایەن دەوڵەتە هەرێمییەکان و لاوازی ژێرخانی ئابووری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان. ئایدۆلۆجیا و بیروباوەری جیاواز بۆ خۆیان بوونەتە بەشێك لەو قەیرانە و بەشێکە لە شێواندنی و بچراندنی دانوستانی سیاسی نێوان گرووپەکان و کارکردن لەباری رۆشنبیری لەلایەکی ترەوە. دیارە لەم بارە ئاڵۆزکا و سەختەدا و لەبەردەم گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکاندا، مرۆڤی کورد و کێشە رەواکەی خۆی دەبینێتەوە. دیارە سەرقاڵ بوون بەهەندێك کێشەی لاوەکی و وەلانانی مەسەلە سەرەکییەکان ئاکامێکی ترسناکی ئەم بارودۆخەیە. هەڵبەتە ئەم بارە ئاڵۆزکاوە تەنها تایبەت نییە بە کوردستان. بەڵکو زۆرربەی وڵاتە پۆستکۆلۆنیایەکانیش دەگرێتەوە و کە پاشماوەی دەسەڵاتی کۆلۆنینەکانیان تێداماوە. بەڵام هێندەی کوردستان ئەم بارە ترسناك نابێت، چونکە ئەو بیروباوەڕانەی کە هیچ واقیع و خواستەکانی گەلی کورد لەبەر چاو ناگرن و لە دەلاقەی بیر و ئایدۆلۆجیاوە سەیری بەرژەوەندی کورد و داهاتوو دەکەن، دەبنە فاکتەرێك لە ململانێ سیاسی و هەموو وزە و تواناکان تێدا ون دەبن.

پێم وایە (مافی مرۆڤ ) کە بە بەهاترین ماف دادەنرێت لەم سەردەمەدا، لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆجی دیاریکراو بنیات نەنراوە و هیچ پەیوەست نییە بە شەڕەنگێزی ئایدۆلۆجییەکانەوە کە خەمیان قۆرخ کردنی دەسەڵات و هێزە. هەموو ئەو دورووشمە جیاوازانەی لەژێر بیرۆکەکانی چەپ تا راستدا بانگەشە بۆ ئازادی و سەربەستی و مافی چارەنووس و گێڕانەوەی مافەکانی و رزگار بوونە لە داگیرکەران لە دەمەقالێیەکی بۆش دەچێت. لەوانەیە زۆر کەس بەگشتی شارەزایی و زانیاری ئەوتۆ نەبێت لەسەر بیرورڕا جیاوازەکان. بەڵام گەلی کورد ئەمڕۆ هۆشیارە لەوەی کە رزگاری دەوێت. جا ئەم رزگارییە لەژێر چەتری چەپ یان راستڕەوەکاندا دەبێت گرنگ نییە، بەئەندازەی بەرقەرار کردنی ئاسایش و دابین کردنی ژیان. بۆیە دەکرێت بپرسین بۆچی پارت و ڕێکخراوە جیاکان خۆیان و گەلی کورد دووچاری ئەم سەرئێشەیە دەکەن کە مرۆڤی کورد هەرگیز پێویستی نییەو خوازیاریشی نابێت!

پێویستە ئێمە فێربین رێزو ئازاری مرۆڤ لەسەرو هەموو بیروباوەڕێکەوە دابنێین و سازش لەم مافە، دۆڕاندنی سەرجەمی کێشەی کوردە. کە کێشەی رزگاربوونی مرۆڤگەلێکە، نەك

کێشەیەکی ئایدۆلۆجی. لەبەر ئەوە ناماقوڵییەکی گەورەیە لە کاتێکدا خاك داگیرکراوە و لە هەموو لایەك هەوڵی لەباربردنی دەستکەوتەکانی راپەڕین دەدرێت خەریکی ململانێ نێوان بیروباوەڕەکان بیت.

ئەمڕۆ بانگەشەی ئایدۆلۆجی هیچ ناگۆڕێ لەمەسەلەکان بەئەندازەی ئاڵۆزکاندن و بردنی چارەنووس بۆ دووڕیانێکی تاریك و ترسناك. دیارە کەمکردنەوەی فشار و قورساییەکان لەسەر تاکی کورد کارێکی گرنگە لە پێناو لێلاونەکردنی ئاسۆکان لەبەرچاوی مرۆڤی کورد، لە هەموو تێزێکی ئایدۆلۆجی گرنگترە. لێرەوە بوونی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفەی کە توانای رەخنە و شێکردنەوەمان بۆ دروست بکات و ئاستی بیرکردنەوە و رۆشنبیریمان بەرز بکاتەوە یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکان. ئاشکرایە چارەسەری گرفتەکان بە خەونە ئایدۆلۆجییەکان ناهێتە دی، بۆیە ئەو خەونە قۆڵەی تێدایەن پێویستی بە پاڵنەر و گوشارێکی فەلسەفی و زانستی هەیە. نەك هێندەی تر بە تریاکی ئایدۆلۆجی سڕ بکرێن. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە رووداوەکان و کاریگەری ئایدۆلۆج لێیان، دەرکەوتین کە ئەم چەند ساڵە ئەو ئایدۆلۆجیانەی باون زیاتر لەگەمەی وشە و واتاکان زیاتر نەبوون. یاریکردن بەچەمك و بەهاکان گەورەترین کاریان بووە کە مەبەست وەك دەزانرێت فراوانکردنی دەسەلات و سەپاندنی جۆرە بیرکردنەوەیەکە بەسەر کۆمەڵدا.

مەترسی ئایدۆلۆجیا تەنها لێرەدا ناوەستێت، بەڵکو ترسەکە دەگۆڕدرێت بە توندوتیژی و جەنگی ناوخۆ، لە جیاتی بەکارهێنانی زمانی دیالۆگ و وتووێژ لەقایل کردن دا. دایلۆسین و بەکارهێنانی هێز دەبێتە رەوشتێکی ئاساییو خەلکی دەبنە سوتەمەنی جەنگێکی بێهودە. پاشان ئایدۆلۆجیاکان بەم شەڕە ناوەستن، بریار دەدەن لەسەر چارەنووس، بە زمانی هەموانە دەدوێن و مافی کەسێتی داگیر دەکەن. دیارە ئەم مافی بەخۆدانە و سەندنەوەی مافی دوان لە خەڵکی ئاسایی دەستدرێژییەکی نابەجێیە. گەمەی ئایدۆلۆجیاکان لە کوردستاندا بۆ ماوەیەکی زۆرە لەبرەو دایە، هۆکەشی ئەوەیە کە ئەم گەمەیە، گەمەیەکی نوێ و سەرنج راکێشەرە بێئەوەی هەست بە شوێنەوارە خراپەکانی بکرێت. لەلایەکی ترەوە، قۆزتنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە لە هۆشیاریماندا، کە هەوڵ دەدرێت بەگوتاری ئایدۆلۆجی پڕبکرێتەوە. لاوازی رۆشنبیری و ئاستی گوزەران ژینگەیەکی لەبارن بۆ چەکەرەکردنی ئایدۆلۆجیا و بیروباوەڕی جیاواز و پەلکێشان بۆ داگیرکردنی بوارە جیاکان، بەتایبەت لە بواری رۆشنبیری و زانییندا ئایدۆلۆجیا هەوڵدەدات دەسەلاتێکی مەعریفی هەبێت.



لەم باسەدا کەمتر باس لەڕۆڵی فەلسەفە کرا، تەنیا لە دووتۆی بەراورد و جیاوازدا لەگەڵ ئایدۆلۆجیادا. چونکە باسکردن لە رۆڵی فەلسەفە لە کۆمەڵی ئێمەدا تاڕادەیەك ئاسایی ئاسانیش نییە. لەبەر ئەوەی گەشەکردنی فەلسەفە بەستراوە بەبەرزترین پلەی رۆشنبیری، هۆشیاری و مەعریفییەوە، بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ باس لە فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفی نەکرێت بە زمانی کوردی، یاخود بەهیچ شێوەیەك باسوخواسی فەلسەفی نییەو ناکرێ. ئەوەی کە باسکراون لەدەیەی رابردوودا زێتر لە روانگەیەکی ئایدۆلۆجییەوە بووە وەك بابەتێکی فەلسەفی رووت. هەڵبەت لە تەوەری زانکۆدا باس لە نەخوێندنی فەلسەفە دەکەم و باسی ئەم لایەنە دەکەم.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەمەوێت ئاماژە بە یەك دوو خاڵ بدەم. لە تێوری ئایدۆلۆجیادا زۆر بەووردی باس لە سترۆکتۆ و دەرئەنجامەکانی لە ژیانی سیاسیدا کراوە و دان بەوەدا نراوە کە هەموو باوەڕێك کاراکتەر و پایەی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆی ئەدۆڕێنێت، کاتێك دەکەوێتە ژێر فیشاری بەرژەوەندیەکان و مەترسی لەناوچوونیان. لەوانەیە دۆڕانی کاراکتەر و پایە ئایدۆلۆجیا هێندە بۆ ئایدۆلۆجیا زیانبەخش یان گرنگ نەبێت بەئەندازەی ئەوەی کێشە و مەسەلە چارەنووسییەکان دەکەوێتە چنگی کۆمەلێکەوە و لە ژێر ئەو فیشارەدا ئامادە بێ ئامانجە ستراتیژییەکان لەدەستبدات. خالێکی تر ئەوەیە، بەشێوەیەکی گشتی و تاڕادەیەك نەگێتیڤانە لە ئایدۆلۆجیا و کاریگەری لەسەر ژیان و کۆمەڵ دوام، ئەویش ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو ئایدۆلۆجیایەك بەم شێوەیە دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە.

## سەرچاوەکان


١- فرانس فوکویاما "نهایه التاریخ والانسان الخیر ١٩٩٣

2- Karin Vinteges; De terugkeer van het engagement.Boom.2003.

3- Ludwig Wittgenstein; Filosofische onderzoekingen. Boom. R. F. Beerling 3-

4- Encyclopedie;Th.van.Kosten.Tirion . [4]

5- Gorge Ritzer; Classical Sociological Theory.5

٦- الایدولوجیا محمد سیبلا. ل٢١

٧- فوکو: نزام الخطاب و حفریات المئرفة

٨- مفهوم الایدءلوجیا: د. عبدالله عروی

٩- الفلسفة فی المعرکة الایدءلوجیة: ناصیف نصار

١٠- الایدولوجیه علی المحك، ناصیف نصار

١١- معجم علم الاجتماع ، دیکن میشیل




### ٢-٤- دروشماندنی چەمك و تیۆزەکان لە دونیای رووناکبیرماندا:

لێرەدا دەمەوێت بەتێروتەسەلی باس لە دیاردەی بەدروشم بوونی چەمکە فەلسەفی و زانستییەکان بکەم لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیری. گرفتەکە ئەوە نییە کە ئێمە لەدونیای رۆشنبیری و سیاسیدا کەمترین دروشم و نازناوی نوێ و جیاوازمان نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە زۆرترین دروشم و را و راڤەگەلی جیاواز لە ئاسمانی ئێمەدا فڕکە فڕکێیانە. هەر لە چەمکی دیموکراسی، ئازادی، مودێرنە، سێکۆلار، پێشکەوتنخواز و کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤەوە تاکو تازەترین دروشمی سەرنج راکێشەر کە هەموویان فەرهەنگێکی وشەی گەورە پێك دەهێنن، جگە لەوەی ئەم چەمکانە هێما و دروشمی بریقەداری سیاسیی رووتن، دوورن لە واتا و ناوەڕۆکی سەرەکیی خۆیان.

داخۆ ئێمە چبکەین لەبەردەم ئەم وشەگەلانەدا کە لە ژێرمەترسی بێ مانابووندان و سووکبوون لە هەموو بەهایەکی پێویست؟ ناشکرێت ئێمە درێژە بە ژیانی رووناکبیرمان بدەین بەبێ ئامادەبوونی چەمکە گرنگەکان و تاوتوێکردنیان. لێرەوە شێوازی بەکارهێنانیان تەنها ئەرکێکی زەقە بۆ روپامالێی کە لە بلٓندگۆ و گوتاری سیاسیدا گوزارشتیان لێدەکرێت بێ لێپرسینەوە. هەربۆیە پێموایە ئەم چەمکانە لە بەها و بایەخیان دەشۆرێنەوە و بێ ئەوەی مەزەندەیان بکەین، لەبیریان دەکەین. ئاشکرایە دروشمەکان تەنها هێما و سیمبول نین بۆ خۆ جیاکردنەوەی بەرەیەك لە یەکێکی دیکە، بەڵکو ئەو دروشمانە دواجار دەبنە ئاوڵناو و لۆگۆیەکی ناوازە بۆ کەسێك (رێکخراو، پارت، یان... هتد) کە پێیدەناسرێتەوە.

راستییەکی بەڵگەنەویستە کە لەدونیای سیاسی و جەنگدا رەوشی دروشم زۆر کاریگەرتر و گرنگترە لە چەمك و تیۆرییە فەلسەفییەکان. جەنگ هەر شەڕ و پێکدادانی چەك و تەقەمەنیی قورس و تەکنەلۆجی نییە، بەڵکو جەنگی وشەکان و دروشمە کتوپڕەکانیشە. چەمکەکان تەنها کار لە هۆشی جەماوەر دەکەن ئەگەر بریسکەدار، زەق و خێرا بناسرێنەوە. دیارە لە پشت ئەمەوە بەرژەوەندییەکی سیاسی و ئابووری هەیە کە رێکخراوێك دەیەوێت لەناو زۆرترین ئاپۆڕەی جەماوەردا جێگای خۆی بکاتەوە.

کەواتە ئەو دروشمانە دواجار دەبنە لۆگۆی سیاسی و مۆرکی (نیشانەی) ئابووری، هەر وەك چۆن لە بازاڕ و بازرگانیدا هەر کارگە و کۆمپانیایەك لۆگۆی خۆی هەیە تا بە ئاسانی لەوانی تر جیا بکرێتەوە و بناسرێتەوە و کاریگەریەکی تەواوی لەسەر دەروون و هۆشی کڕیار و بەکاربەر هەبێت. بە هەمان لۆجیك پارت و رێکخراوەکانیش کار دەکەن. پاشان دروشمەکان لەدونیای ئەمڕۆماندا وەك

کەرەسەیەکی بازاڕیان لێهاتووە. بازاڕ نرخیان دیاریدەکات، لێرەشەوە سازشکردن لەسەریان کارێکی ئاسانە و هیچ پێودانگێکیش نییە جگە لە بەرژەوەندی، سوود و قازانجی تایبەتی. هەڵبەت دونیای نووسینی کوردیش لەم دیاردەیە بەدەر نییە، بەم مانایە ئیدی نووسین گرینگ نییە لەبەر ناوەڕۆك و میتۆد و تیۆری و چەمکەکانی، بایەخی نووسین لەوەدا نییە کە هەڵگری چەندین پرسیاری ئەستەم و ناوەختە، بەڵکو نووسین ئەگەرێکە، پردێکە بۆ ناو دەرکردن و هەروەك چۆن هونەریش بەدەرنییە لەم کارەساتە.

لەوێوە نووسین دەبێتە لۆگۆیەك بۆ نووسەر، دواجار خودی نووسەریش دەبێتە لۆگۆیەك کە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە نووسین و ناوەڕۆکەوە نامێنێت. کەسێك کە بەیەك دوو نووسین ناوی دەرکرد و کرایە میدیاسپێکتاکڵ (واتە کردەیەکی میدیایی) ئیتر نووسەرێکی چاکە گەر هەزاران نووسینی پووت و نابووتیش بنووسێت. ئەوەی گرنگ نییە نووسینە، بەڵکو ناوی نووسەر گرنگە کە لەبەر هەر هۆیەك بێت ناوبانگی دەرکردووە دەستنیشانی بەهای نووسراو دەکات. ئیتر ئێمە چۆن بتوانین دەستنیشانی پایەی نووسەرێك بکەین گەر نووسراوەکانی بێ پێزو قوڵبوونەوەی پرسیار و بیرکردنەوەی تێدا نەبێت؟

ئەمڕۆکە لە زۆربەی رۆژنامە و میدیاکان و پێگەی ئینتەرنێت دەبینین کە خوێندنەوەی نووسین و بەرهەمەکانی نووسەرێك هێندە گرنگ نییە بەئەندازەی ئەوەی کە کێ نووسیویەتی. دیارە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان هۆشیارن بەم گەمەیە، واتە هێندەی راوی نووسەر دەکەن و لەسەر رووبەری بڵاوکراوەکانیان بڵاویان دەکەنەوە، هێندە مەراقی ناوەڕۆك و بەهای تیۆریی نووسین ناخوێننەوە. چونکوو ئەمان دەزانن خوێنەر تەنها کڕیارێکە چەند بەسۆ و عەودالە بۆ کڕینی دیوانێك، پەرتووکێك هێندەش ئالوودەی کڕینی کالآیەکە. لەبەرئەوەی شتێك فلآن ناودار نووسیوەیەتی، دەبێت بیکڕێت و بیخنێتە رەفەی پەرتووکەکانیەوە!

ئەم نووسین (خوێنەر) ناکڕێت، بەڵکو ناو کۆ دەکاتەوە ئەمە بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی خوێنەری کوردە. خوێنەرێك کە چیتر ئەویتر و کەسی بەرانبەری نووسەر نییە. ئەمەیش ئەو نەهامەتییەیە کە بەرەوڕووی نووسین دەبێتەوە، چونکە خوێنەر درۆیەکی گەورەیە لە بەرانبەر نووسیندا و لێرەوە خوێنەر دەسبڕێك و چەواشەکەرێکی سەرسەختی نووسینە، کە ئیتر نووسەر لەڕێگەی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی نووسینەکەیەوە وەرناگرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی نووسەر ناوێکە و ئەستێرەیەکی درەوشاوەی دونیای ناوبانگی میدیاکانە وەریدەگرێت. خوێنەر راستگۆ نییە لەگەڵ کەسی نووسەردا و نووسەر ناسنامەکەی لەڕێی بەرهەم و توانای نووسین و داهێنانەوە پێناسە نەکراوە.



ئەمەش ئەو دۆخەیە کە نووسەری کورد دەستخەڕۆ دەبێت بە خوێنەری و دەکەوێتە فەنتازیایەکی سەیر و سەمەرەوە کە پێیوایە بۆ خوێنەر دەنووسێت و بەرهەمەکانی بە هەند وەردەگیرێت. بەڵآم لەڕاستیدا وانییە و نووسەر چیتر نابێت دڵی بەوە خۆشبکات لەبەرئەوەی بەرهەمەکانی باش دەفرۆشرێن، ئیتر دەخوێندرێنەوە رەخنە و وەڵآمیان دەدرێتەوە. کە واتە نووسین ئەمڕۆکە بۆتە رۆتین، ئەگەرنا ئەو هەموو بابەتانەی بڵآودەکرێنەوە زۆر بە ئەسپایی بە سەرماندا تێدەپەڕن، زیاترنین لە نووسینی کڵیشەیی، وەك چۆن هونەریش بۆتە کیتش. بێشوماری، بێئەندازەیی بڵآوکراوەکان راستیەکی سەیی بەرجەستە دەکەن: بەزۆرترین نووسین و وشە کەمترین شت دەوترێت، دووبارەکردنەوەیەکی بێسوود و درێژدادڕییەکی بێتام. ئیدی نووسین داهێنان نییە بەڵکو خەرەندێکە کە ئەمسەر و ئەوسەری نییە.

وەلێ هەمیشە جەماوەرێکی تایبەت بە بەرهەم و نووسینی کلێشەیی(بۆنموونە هۆنراوە و گۆرانی) و هونەری کیتش (کاری شێوەکاری) هەیە، بۆ نموونە لاوان هەمیشە وەك چینێکی زیندوو و کەم ئەزموون بەدوای شتی ناوازە و نوێدا دەگەڕێن. دیارە ئەمە لەلایەکەوە پەیوەستە بە گەشەکردنی کەسایەتی و ناسنامەوە، لەلایەکی ترەوە لاوی ئەمڕۆ (بە شێوەیەکی گشتی) لە قەیرانی ناسنامەدان، قەیرانی رۆژگارێك کە لێوانلێوە لە پشێوی، شەڕەنگێزی و ململانێی و گەڕان بەدوای تروسکایی و پنتێکدا کە خۆیانی تێدا ببیننەوە و پێناسەیەك، واتایەك بە ژیان بدات. لەوانەیە تاڕادەیەك زیادەڕەوی بێت گەر بڵێین لاوی ئەمڕۆ لە بێ ڕیشەیی و ونبوونێکدا دەژی کە بەدوای راهێڵ و چەقێکدا دەگەڕێت کە خۆی پێوە بگرسێنێتەوە، بەدوای کەنارێکی ئاسایش بەخشدا دەگەڕێت.

وەلێ ئەم چینە لاوە زیاتر ئامادەگیی هەیە کە خۆی پاڵبداتە بەر کەسێکی ناودار، ناسراو، ئەستێرەیەك کە خۆی پێ هەماهەنگ بکات. جا گرنگ نییە ئەم کەسە سیاسەتمەدار بێت، یاریکەری فوتبۆڵ بێت، یان گۆرانیبێژ و ئەکتەر بێت. لەبەرئەوە گەر لاوێك لەسەر شەقامێکی ئەمستردامدا بلوسێکی لەبەردا بێت کە وێنەی جیگاڤارای پێوە بێت هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ئەم کەسە هەڵگری ئایدولۆجیایەکی مارکسیزمە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوەیە کەئەم کەسە حەزی لە شتی ناوازە و سەرنجڕاکێشە. دیارە هەمان ئەنالۆجی بۆ نووسین و خوێنەر راستە. لەبەر ئەوە دووپاتی دەکەمەوە کە خوێنەری کورد خوێنەرێکی راستگۆ نییە لە هەڵبژاردن و بایەخدان بەو نووسین و بەرهەمانەی دەیانخوێنێتەوە.

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کرۆکی باسەکە، ئەویش هەڵگرتن و بانگەشەکردنە بۆ چەمکە نوێیەکان، پێدەچێت ئەم چەمکانەی کە باون دروشمگەلێکی شۆڕشگێڕئامێزن تا ئەوەی چەمکێکی فەلسەفی کە

پرسیار و توێژینەوە و گەڕان دەیانەێنێتە ئاراوە. پاشان زۆر باس لە هەندێك چەمك دەكرێن بێئەوەی بارودۆخی جڤاتی كوردی دەستنیشان بكرێت. هەروەك چۆن ماركسیزم هەڵگری لۆگۆی گۆڕانكاریی سەرتاسەری بوو، ئاوهەواش ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیاواز بانگەشە بۆ كۆمەڵێك دروشم دەكرێت، بێ ئەوەی بیناسین چین و چییان بۆ ئێمە پێیە.

هەروەك ئاماژەم پێدا گرفتەكە ئەوەیە كە چەمكەگەلێكی فەلسەفی و سیاسی لە رەهەندی مێژوویی رووت دەكرێنەوە، زۆر بە سانایی و سادەیی دەخرێنە بەردەم بێئەوەی كۆمەڵێك پرسیار لای ئێمە دروست بن، دەبنە دروشمێك بۆ قۆناغێك لە قۆناغەكانی ئەمڕۆمان. وەك چۆن رۆژگارێك رۆمانسییەتی شاخ و چەك هەڵگری برێك لە دروشمی ماركسیزمی بوو، ئەمڕۆكە چەندان مۆدی ترمان هەیە لە هەموو بوارەكاندا. مەسەلەكە ئەوەیە تاوەكو كەی ئەم دروشمانە لە ئاستێكی سادەدا دەمێننەوە و دانابەزێنرێن بۆ ئاستی تێگەیشتن و مشت و مڕی تیۆری؟

چونكە ئەگەروا نەكەین ئەوا هیچ هەقمان نەداوە بەو دروشمانە و نەمانتوانیوە بە شێوەیەكی ئەقلانی هەرسیان بكەین و تێیان بگەین. لێرەوە بەكارهێنانی دروشمی فەلسەفی جیاوازە لە فەلسەفە كردن، هەر بۆیە ئێمە لەرۆشنبیریی كوردیدا دۆخێك دەبینین كە چەمكی فەلسەفی، سیاسی یان هەرچەمكێكی تر وەك باوێك تەماشا دەكرێت، هاوكات دەنگێك دەبیستین لەو تەنزەوە باس لە نەمانی شیعر و هۆنراوە دەكات، بەوەی چیتر باوی نەماوە وەك چۆن باس لەباو نەمانی كەشك و دوێنە و هاتنی ئینتەرنێت دەكات، ئەگەر چەمكە فەلسەفی و رۆشنبیرییەكان بەشێكبن لەباوەكان ئەوا بەئاسانی دەتوانین وەریان بگرین و دەستبەرداریشیان بین. پێموایە گەروا بە ئاسانی باس لە باونەمانی شیعر و هەندێك چەمك و تێگەیشتنی فەلسەفی بكەین، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی كە هەست و رۆڵی جوانییەكانیش باویان نامێنێت، بەڵام بابزانین ئاكامی ئەم رەوشە باوە كە هەر چەمك و بیركردنەوەیەك دەكاتە دروشم و لۆگۆی رۆژانە چییە؟

**یەكەم:** بەدروشم بوونی چەمكەكان لێكترازانی واتا و چەمكە، ئیدی ئەم چەمكانە راستگۆیی و قورسایی تیۆریی خۆیان لەدەست دەدەن لەبەردەم هەژمونگەریی دیماگۆجییەتی سیاسی و هەلپەرستیدا. دروشمەكان بۆ رازاندنەوەی گوتاری سیاسی و كۆڵاجكردنی كەموكوڕییەكانی رۆژانەی سیاسەتە، نەك لە پێناوی پرەنسیپی دیموكراسی یان ئازادیدا. لێرەوە زۆرجار ئەو كەسانەی بانگەشەی ئازادی دەكەن، خۆیان ئەتكی ئەم بیركردنەوەیەن. ئاشكرایە لەدونیای ئێمەدا بە شێوەیەكی تایبەتی و لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرینەی چەمكەكانی مافی مرۆڤ، ئازادی، سەربەستی و چی و چی لە پەنجەرە و دەروازەی دەسەڵاتی سیاسییەوە هاتوونەتە دونیای رۆشنبیرییەوە. لە لایەكی ترەوە ئەو دروشم و چەمكانە بەشێك لە خەباتی



دێرینی مرۆڤە لە چەسپاندنی مافەكاندا، بەڵام لەم رووەوە دەكەوێتە بەردەم تاقیكردنەوەیەكی سەختەوە ئەوە كە ئێمە چیتر نەتوانین باوەڕ بكەین بەخودی دروشم و چەمكەكان لەبەر ئەوەی لەسەر زاری كەسانێكەوە دەكرێت كە هەموو شتێكن جگە لە دیموكرات و ئازادیخواز.

لێرە و لەلای رای گشتی و هەموو چاودێرێك ئەم پێشێل كردنە دەگەڕێتەوە بۆ خودی بڕۆكەی دیموكراسی و مافی مرۆڤ ئەمەش ئەو مەترسییەیە كە دووچاری هەموو بیركردنەوە ئایدۆلۆجییەك دەبێت چ چەپ یان راستڕەو. هەر بۆیە ئاسانە بۆ كەسانێك دیموكراسی رەتبكەنەوە چونكە ئەوانەی بانگەشەی بۆ دەكەن راستگۆ نین و لەبیریان دەچێت ئەم پرەنسیپە ماڵ و دەستكردی رێكخراو و كەسێك نییە. چونكە چۆن دەكرێت كەسێكی ئازاد و مرۆڤپەروەر و دژبە مرۆڤ بێت؟ دیارە ئەم پرسیارە رەوایە بەڵام لەوێدا كورت دەهێنێت كە راستی و دروستیی ئایدۆلۆجی و بیروڕایەك بە هەڵگرانیەوە پێوانە دەكات.

**دووەم:** لە ئەنجامی ونكردنی راستگۆیی و ئیماگۆی (وێنەی) پرەنسیپە مرۆییەكان، بێ متمانەیی و ساردی و دوورەپەرێزی لەنێوان كۆمەڵانی خەڵكدا دێتە كایەوە، دواجار هەر ئەمەش لەسەر ئاستی رۆشنبیرییەكدا رووئەدا كە زۆر رووناكبیر هەڵوێستی ساینیزم، نیهیلزم وەردەگرن و یان دەستشۆردن لە هەموو یوتۆپیایەك و ئاسۆی گۆڕان و چاكسازی ون دەبێت. بەدگومانی دەبێتە رەوشتی بیركردنەوە و هەڵوێستی پەرچەكردارییانە لە هەموو بیركردنەوەیەك لە تەك خۆیدا دەهێنێت.

**سێهەم:** گەر ئاوڕێك لە رابردوو بدەینەوە، دەبینین مێژوو سەرەنگوێلكی زۆرترین دروشم و هێمای جیاوازە كە رۆژگارێك برەویان هەبووە، بەڵام دواجار تووڕدراونەتە ناو ئەوێوە. چونكە چیتر بڕست و توانای گۆڕان و گونجاندنیان نەبووە لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی رۆژگاردا. پاشان ئەو دروشمانە سەردەمانێك ئامێرێكی سیاسیی باش بوون بەدەست دەسەڵاتدارانەوە، بەڵام ئەمڕۆ چەندین هۆكار و رێگای نوێ هاتوونە كایەوە كە بتوانێت دەسەڵات زێتر سەقامگیر و پتەو كات.

چەمك و دروشمەكان بەبێ تێزێكی تیۆری و زانستی نابنە هۆی دەوڵەمەندكردنی رووناكبیریی ئێمە، بەڵكو دەبنە هۆیەك بۆ جەنجاڵكردنی بیركردنەوەی دروست. لە بەشی داهاتوودا توێژینەوەیەك لەسەر چەمكی ئازادی لە پاشخانێكی فەلسەفییەوە دەكەم، تا وەكو ئەوە نیشانبدەم كە سانایە هەر یەكێك لە ئێمە چ نووسەر یان سیاسەتمەدار بانگەشەی ئازادی و سەربەستی بیركردنەوە و نووسین و ئاخاوتن بكات، بەڵام ئاسان نییە خۆی دەرباز بكات لە پرسیاری تیۆری و كێشەی فەلسەفی كە مەبەستمان چییە لە ئازادی، كام ئازادی و بۆ كێ؟

## ٣-٤- ئازادی له دروشمێکی سیاسییەوه بۆ چەمکێکی فەلسەفی:

" Freedom is the right to be wrong, not to the wright to do wrong"

لەم نووسینەدا دەخوازم باس لە رەهەندیکی شاراوەی چەمکگەلی: ئازادی، سەربەستی و سەربەخۆیی بکەم. هەڵبەتە کەس نییە بە شێوەیەك لە شێوەکان جۆرە تێگەیشتنێکی دەربارەی واژەی ئازادی نەبێت و پێی ئاشنا نەبێت. هەرچەندە تێگەیشتنەکەیشی سادە و ساکار بێت، بەڵام ئەم ئاشنابوونە بۆ خۆی هۆکارێکیشە لە دروستکردنی جۆرێك تەمومژی دەرهەق بە واتاکانی ئەم چەمکە. لە لایەکی دیکەوە ئەم چەمکە بۆتە دروشمێکی ناسراو و ویردی سەرزمانی زۆرمان، بێئەوەی لەخۆمان بپرسین مەبەست لە ئازادی چییە و تاڕادەیەکیش تاووتوێیەکی تیۆریی بکەین.

ئیدی هێندەی مرۆڤی ئێمە فەنتازیا و ئەندێشەی هەیە لەسەر ئەم چەمکە، هێندە شیی ناکاتەوە. هێندەی دروشمە، ئەوەندە پاشخانێکی فەلسەفیی نییە، دیارە بەدروشمبوون و بەهێما بوونی ئەم چەمکە هیچ نەبێت بۆخۆیان شتێك دەڵێن لەبارەی واقیعی رووناکبیریی ئێمەوە، بەڵام کێشەکە لەو دایە کە ئێمە تەنها وەك دروشمی ساغ و کۆلاجی گوتاری رۆشنبیری بیناسین. هەلبەت پێشتر لە «بەدروشم کردنی چەمکەکان» هەوڵم دا، زێتر تیشك بخەمە سەر ئەم لایەنە. هەر لەو گۆشەنیگایەوە دەمەوێت لێرە دا ئاوڕێکی ریشەیی لە چەمکی ئازادی بدەمەوە و هەندێك رەگ و ریشاڵی مێژوویی و فەلسەفی بە شێوەیەکی ساکار بخەمە بەردەم خوێنەر.

### پێناسەی نەگێتیڤی ئازادی: نەمانی رێگر و کۆسپە:

سادەترین و خێراترین لێکدانەوە بۆ واتای ئازادی و رزگار بوون، قورتار بوون لەهەر کۆت و بەندێك دەگەیەنێت. دیارە ئەم لێکدانەوە باوەی کە هەیە زیاتر لەو پێناسە کلاسیکەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە پێناسەی نەگێتیڤ ناو دەبرێت. ئازادی لەم سۆنگەوە تەنها نەبوونی رێگر و کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم هەڵسووڕان و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا دەگەیەنێت. کەواتە پێناسەکە ئەمەمان پێدەڵێت: گەر ئێمە کۆت و زنجیر لابەرین مرۆڤ ئازاد دەبێت، هەربۆیە دەبێت مرۆڤ رزگاربکرێت لە هەر کۆت و گرێیەك کە جموجووڵی بەرتەسك دەکاتەوە. بەڵام پرسیارێکی شیاو لێرەدا بەرەوڕوی ئەم پێناسە کلاسیکییە دەبێتەوە: ئایا بە لابردن و شکاندنی



کۆت و بەندەکان، مرۆڤ ئۆتۆماتیکی رزگار دەبێت و ئیتر کەسێکی ئازادە و دەتوانێت هەڵسوکەوتی ئازاد پیادە بکات؟

ئاشکرایە ئەم جۆرە پێناسە نەگێتیڤانە، ئازادی بە چەمکێکی پەیوەستدار (Relational) دادەنێت، واتە لە پەیوەندییەکی هۆکارەکیی نێوان رێگر و رێلێگیراودایە. A ئازاد نییە، چونکە B رێگر و کۆسپە لەبەردەم هەڵسووڕانیدا، لێرەوە گەر B نەما ئیدی A ئازادە بۆخۆی. کەواتە ئازادی لەم دیدەوە دەبێتە پەیوەندی هۆکار و ئەنجام لەنێوان A و B.

لەبیرمان نەچێت ئەم پێناسەیە تەواو نییە بۆ ئازادی، بەڵکو پێناسەیەکی تەواوکەرمان هەیە بۆی کە بە پێناسەکردنی پۆزەتیڤانە ناو دەبرێت، واتە مرۆڤی ئازاد ئەوکەسەیە کە بتوانێت لەگەڵ لاچوونی رێگرەکان، ژیانێکی ئازاد پەیڕەو بکات. بە واتایەکی تر ئازاد ئەو کەسەیە کە لە خودی خۆیەوە یان لەسەر ئەو کۆت و بەندانە بیربکاتەوە. چونکە ئازادی لە پێناسەی یەکەمدا نەمانی رێگر و کۆسپەکان دەگەیەنێت، بەڵام مرۆڤ دەکەوێتە دۆخێکی کاتیەوە کە خۆی بە تەنهایی دەبینێتەوە، واتە یەکلایەنەیە.

دەتوانین لەژێر پتر رۆشنایی ئەو دوو پێناسەیەدا چەمکێکی روونترمان دەستبکەوێت و تا رادەیەکیش هەمەگیر بێت. لە پێناسەی دووهەمەوە رەهەندیکی تر دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئەویش فەلسەفەی رەوشت و کارە. بەڵام پێش ئەوەی ئەمە باسبکەین دەگەڕێمەوە بۆ پێناسەی یەکەم کە ئازادی تەنها لە سۆنگەی لابردن و نەمانی کۆسپ و تەگەرەکاندا دەبینێت. دیارە گەرچی ئەم پێناسەیە ناتەواویشە، بەڵام گرنگیی خۆی هەیە لە مێژووی فەلسەفەدا.

### ئازادی لە فەلسەفەی دێریندا:

لە فەلسەفەی دێریندا چەمکەکان زیاتر سەرەتایی و ئەبستراکتن، هەر لەبەر ئەوەش بەهای گرنگی وەکو ئازادی، چاکە و راستی دەچنە چوارچێوەی مێتاتیۆرییەوە (Meta-theory). واتە ئەو تیۆرییانەی کە لە بنەماکانی بەهاکان دەکۆڵنەوە و دەیچەسپێنن، هەربۆیە ئاسان نییە لەم قۆناغەدا چەمکەکان کورت بکرێنەوە لە پێناسەیەکی داخراودا. چونکە ئەو بەهایانە خۆیان پێناسەی بەهاکانی تر دەکەن و رەوایەتیان پێدەبەخشن. ئەم بەها گەورانەی وەك ئازادی، راستی، چاکە و چەندی تر بەدایکی بەهاکان دادەنرێن. لەبەرئەوە باشترین رێگا بۆ ئێمە کە بتوانین تا رادەیەك بەشێوەیەکی ئاسان و سانا لەواتای ئازادی بگەین، ئەوەیە وشەکە یاخود زاراوەکە ئاوەژو بکەینەوە، واتە هەڵیبگێڕینەوە. لەباتی ئەوەی بپرسین ئازادی چییە،

پرسیارەکە دەکەینە: نائازادی چییە؟ چونکە هەریەکێك لە ئێمە دەتوانێت نموونەیەك لە ژیانی خۆی و دەوروبەری بخاتە پێش چاوی خۆی تا وەکو "نائازادی بوون" بفامێت.

ئازاد نەبوون، هۆکارێکی دەرەکی یاخود ڕێگرێك لە دەرەوەی خودی ئەو کەسە نائازادەوە هەیە کە زاڵە بەسەر جوولە و بزووتنیدا، بابڵێین دەسەڵاتێك هەیە، جا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی ئەقڵ بێت یاخود کۆمەڵ، ئایین یان دەسەڵاتی سیاسی -هەروەك چۆن ڕێگرەکان جۆراوجۆرن ئاوەهاش ئازادییەکان پۆلێن دەکرێن و دابەش دەبن بەسەر ئازادیی بیرکردنەوە، ئازادیی رادەربڕین و وتووێژ، ئازادیی کار، دەنگدان و هتد.

جێی خۆیەتی ئاوڕێکی مێژوویی بدەینەوە لە واتای ئازادی. گەر بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفەی گریك و سەردەمی فەلسەفیی هیلینی، دەبینین ئازادی بەشێوەیەکی ریشەیی پێناسەکراوە مرۆڤی ئازاد لای سۆکرات ئەو کەسەیە کە هۆشیارە بەخۆی. واتە ئەوەیە کە زانینی تەواوەتیی هەبێت بە ئاکار و رەفتاری باش. ئیدی ئەوەی دەیزانێت بتوانێت بیکاتە رەفتار ئەوا مرۆڤێکی ئازادە. دیارە لای هیلینەکان بەتایبەت ستۆسیستەکان (Stocism) ئازادی گوزارش لە دۆخێکی دەروونیی ناخی مرۆڤ دەکات. مرۆڤی ئازاد کەسێکە کە لە ناخەوە لە هەموو پێداویستی و چاوەڕوانیی کەسانیتر ئازاد ببێت. واتە ژیانی هەڵنەپەسێراوبێت بە کەسان و شتەکانەوە. ئەرەستۆش پێی وایە ئازادی ئەوپەڕی سەربەخۆییە و نا پەیوەستیە بەدەوربەرەوە، بەڵام پابەند بوونیشە بەبنەما رەوشتەوە لە هەمانکاتدا.

**ئازادی لە چەرخی ناوین و رۆشنگەریدا:**

ئازادی لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا بە دیوێکی تردا تەریبە بە مەسەلەی ئایین و گرێ و گۆڵی ڕاڤەکردن و خۆ بینینەوە لەبەردەم قەڵەمڕەوی دەقی پیرۆزدا. ئازادی لێرەدا دەبێتە پرسی چارەنووس و توانای ئەقڵی مرۆڤ لە بەرامبەر ئایین، توانای جەستەی مرۆڤ لە بەرامبەر دەستنیشان کردن و هەڵبژاردن و بڕیاردان لەسەر ژیان. پرسیارەکان بەشێوەیەکی سادە خۆیان لە کێشەی ئازادیی ویست، چارەنووس (قەدەر) دەدەن. لەسەردەمی مۆدێرنەدا ئازادی بەلای فەیلەسووفێکی وەك سپیۆنۆزادا (١٦٣٢-١٦٧٧) ئەوپەڕی توانای مرۆڤە لە دەستنیشانکردنی چارەنووس و بڕیاردان لەسەر ژیان و هەڵبژاردنی باوەڕدا [1].

دیارە ئەمەش دەسەڵاتی ئەقڵ دەگەیەنێت کە وردەوردە رزگار دەبێت لە رکێفی دەقی ئایینی و ئۆتۆنۆمیی بیرکردنەوە چەکەرە دەکات. کانت بەشێوەیەکی سیستماتیکی ئازادی



تاوتوێ دەکات. مرۆڤ ئازادە تا ئەو کاتەی کە خودی خۆی توانای هەڵبژاردن و رەفتارکردنی هەبێت. واتە بەرپرسیاربێت لە هەڵسوکەوتی خۆی، ئیدی گەر مرۆڤێك بەزۆر و بێگار بەکارهێنرا چیتر ئازاد نییە. ئازادی بەلای کانتەوە ئازادیی ویست دەگرێتەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە گیانەوەرێکی وەك سەگ کە بۆخۆی بەرەڵڵایە و بە بێ سنوور و ڕێگر دەسووڕێتەوە، بە ئازاد دانانرێت. چونکە سەگ بە پێی ویست و ئاوەزێکی پوخت ناجوڵێتەوە کە هەڵسوکەوت و بزاوتی رێنومایی بکات، ئاژەڵ بەشێوەیەکی خۆڕەس (Instinct) دەجووڵێتەوە.

کەواتە مرۆڤ ئازادە بەو ئەندازەی توانای بەخۆداچوونەوەی ئاوەز و رەخنە و چاودێریکردن و توانای جیاکردنەوەی هەبێت. بەواتایەکی تر مرۆڤی ئازاد گەرخۆی خاوەنی بڕیار و دەستنیشانکەری هەڵسوکەوت و رەفتاری بێت و خاوەن ئاوەزێکی مۆراڵیانەی پێگەیشتوو بێت کە بتوانێت شیاو لە شتی ناشیاو و ناپەسەند جودا بکاتەوە. شایانی باسە ئەم چەمکە بۆ ئازادی، بەرهەمی یاخود دەستکەوتێکی دیاری رۆشنگەرییە گەر بەواتا کانتییەکەی لێیبدوێین کە لە وتارە بەناوبانگەکەیدا بەناوی «رۆشنگەری چییە؟»[2] باسیکردووە.

کانت راستەوخۆ چەمکی ئازادی بە رۆشنگەرییەوە گرێ دەدات و بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکات: «رۆشنگەری خۆ قورتارکردنە لەو دۆخ و هەلومەرجەی کە مرۆڤ خۆی هۆکارێتی و دەستی لە پێکهێنانیدا هەبووە.» کەواتە رزگاربوون، زاڵ بوون بەسەر ئەو دۆخەی مرۆڤ بەتاریکی و بێ توانایی و دەزانێ، کە نارۆشنگەرییە دەبێت تێپەڕێندرێت، ئینجا دەگەینە ئازادی. ئەوسا ئاوەزی بڕیاردەر، ئاوەز هۆشیار رادەپسکێن و دەکەوێتە بیرکردنەوە، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ رزگاربوون لەبڕیاری پێشوەخت و بەجێ هێڵانی دۆخی رەمەکی کە تێیدا بیرکردنەوە، ئاوەز رۆڵی یەکەم و سەرەکی نابینێ.

لێرەوە خۆبەخۆییەك لە هزری کەسی ئازاددا بەرجەستە دەبێت و دواجار دەبێتە ئۆتۆنۆمی یاخود با بڵێین سەربەخۆیی. لای کانت جیاوازییەکی ریشەیی نییە لەنێوان ئازادیی ویست و ئازادیی بیرکردنەوە. چونکە ئاوەزی پوخت و ئاوەزی پراکتیك، کە ئاوەزی تیۆری دەگرێتەوە سنووری ئاکاری مرۆڤ دیاری دەکات (دیارە لەمیانەی باسکردنی بە "کێشەکردنی ئاییندا" تیشکێکم خستۆتەسەر ئەقڵی تیوری و پوخت و پراکتیك لای کانت).

## تێگەی پراگماتیزمی بۆ ئازادی:

بەڵام بابزانین ئازادی لای جۆن ستوارت میل (١٨٠٦-١٨٧٣) چۆن باسکراوە، دیارە ئەم فەیلەسووفە بەرهەمێکی بەپێزی لەژێرناوی (on liberty) دا نووسیوە، کە تێیدا پەردە لەسەر هەندێك لایەنی گرنگی چەمکی ئازادی هەڵدەماڵێت. لەڕووی مێژووییەوە ئەم نووسینەی میل بایەخێکی ئێجگار گەورەی لە فەلسەفەی سیاسی و رەوشتدا هەیە [٣]. چونکە میل لەپاڵ فەیلەسووفانی وەك بێنتهام (١٧٤٨-١٨٢٣) و دەیڤید هیوم (١٧١١- ١٨٢٣) دا، بە باوکی رۆحی رێبازی ئوتولیزم (Utulism) دەژمێردرێت [٤]. ئەم قوتابخانەیە سەرەتا بەدەستی هیوم رەنگرێژکرا، بەڵام لەلایەن میل و بێنتهامەوە جێی خۆی گرت، ئەو پێی وایە کە تەندروستی و خۆشبەختیی مرۆڤ تەنها پێوەرێکە بۆ دەستنیشانکردنی چاکە و باشە لە ژیاندا. واتە بەهای چاکە و باشیش ئەوەیە کە مرۆڤ ئاسودە و شادمان دەکات، دیارە ئەم بۆچوونەش رەگێکی دەگەڕێتەوە بۆ فێرگەی ئەپیکورسی گریکی کە بەختەوەری و خۆشی و رابواردنی بەگەورەترین و گرنگترین بەها دادەنا. لەگەڵ ئەوەشدا ئۆتۆلیزم بە رەوتێکی نوێ و سەرەتایەکی گرنگ لە چەسپاندنی بنەماکانی فەلسەفەی رەوشت و ئاکار دادەنرێت.

لێرەوە ئەم رەوتە جۆرە شۆرشێکی تەواو بوو دژبە بیرکردنەوەی ئایینی و رزگاربوون لە هەژمونگەریی دەسەڵاتی دامودەزگا ئایینییەکان. چونکە ئەو دامودەزگایانە خۆشبەختی و شادومانی و ئاسوودەیی مرۆڤیان دەبەستەوە بە گوێڕایەڵی کردنی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی کڵێسا و پێشەوا ئایینییەکانەوە. لەم سۆنگەیەوە ئوتولیزم گورزێکی باشی وەشاند لەو بۆچوونە باوە وەشاندکە ئاسوودەیی مرۆڤی دەبەست بەرەهەندێکەوە کە لە دەرەوەی خودی مرۆڤەوەیە، و توانی ئاسوودەی کامەرانی و شادی راستەوخۆ بە ئازادیی تاکەوە گرێ بداتەوە و کلیلەکەشی بخاتە دەستی خودی مرۆڤەوە. ئەمەش نەك تەنها بە دیاریکردنی چارەنووسی بەختەوەریی مرۆڤە بەدەستی خۆی، بەڵکو رزگاربوونە لەدەستتێوەردانی دەرەکی. کەواتە مرۆڤ رەزامەندی و بەهای خۆشبەختی لە ئەنجامی هەڵبژاردن و بڕیاری خۆیەوە دەبێت. ئەمە وەك سەرەتایەکی مێژوویی دەریدەخات کە میل چۆن ویستوویەتی لە دەروازەیەکەوە بەرسڤی فەلسەفیی ئازادیی خۆی دابمەزرێنێت. تێگەیشتن لەواتای ئازادی وەك بەهایەکی گرنگ بۆمرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سێ گریمانە لای میل:



١- تەنها کەشی ئازاد هەل و بوار بۆ جیاوازیی بیروڕا دەڕەخسێنێت. واتە کاتێك ئازادیی بیروڕا و زانیاری بەرقەرارە، دەتوانین بزانین بۆچی کەسێك بەشێوەیەك بیردەکاتەوە یاخود هەڵگری باوەڕێکە.

٢- تەنها لە کەش و هەوای ئازاددا ململانێ و پێشبڕکێ لەنێوان را و سەرنجە جیاوازەکاندا دێتە کایەوە.

٣-راوبۆچوونی راست تەنها بەرئەنجامی جیاوازی و پێشبڕکێیە. واتە تەنها لەمیانەی ئەو ململانێیەوە دەتوانین بەڕاستی بگەین. چونکە راستی ئەوە نییە پێش بیر لێکردنەوە و جیاوازی و کیشمەکێشی فەلسەفی، خوی بسەپێنێت، بەڵکو بەرهەمی ململانییەکە کە دەمانگەیەنێتە راستی.

لێرەدا دەبینین کە ئەم بۆچوونەی میل سەرەتا و بنەماکانی لیبرالیزم دادەڕێژێت. کە ئازادی بنەمایەکی سازش لەسەر نەکراوە، بنەمایەکە کە پێناسەی رەوایەتی سیستمێکی بیرکردنەوە و سیاسی دەکات. کەواتە ئازادی بۆ میل گرنگە نەك لەبەر خودی ئازادی، بەڵکو لەبەر ئەوەی تەنیا هۆکارێکە کە لێوەی بەڕاستی دەگەین. دەشزانین لێرەدا میل چەمکێکی پراگماتیانە دادەهێنێت کە ئازادی هۆکارێکە، ناوەندێکە راستی و روخساری شتەکان دەردەخات و هیچ شتێك ژێربەژێری و شاراوەیی روونادات. مرۆڤ ئازادە چی دەڵێت و بەرپرسیاریشە لەوەی دەیکات و دوورە لە تەلبەندی زۆرداری و سەپاندنی بێدەنگیدا. لێرەوە ئێمە لە چەمکی ئازادییەوە خۆمان دەکەین بەماڵی فەلسەفەی ئاکار و رەوشتدا.

## بیرکردنەوەی ئازاد و ئازادیی بیرکردنەوە:

دیارە بیرکردنەوەی ئازاد و ئازادیی بیرکردنەوە و رادەربڕین دوومەیدانی جودان. لەژیانی روناکبیری و رۆشنبیریدا بیرکردنەوەی ئازاد کتومت ئەو بوارەیە کە فەلسەفە تێیدا لەدایك دەبێت و بیرکردنەوە دەبێتە رەوشێکی سەربەخۆ و هەمەگیر. واتە ئازادی، یا خود ئازاد بوون لە کۆت و بڕیاری پێشوەخت و بیرلێنەکراوە، ئەو دۆخەی کەمرۆڤ دەگوێزێتەوە بۆ بیرکردنەوەی چالاکی تیۆری و بابەت و پرسیارەکان بە کێشە و گرفتی لێکوڵینەوە دەکات. چونکە گەر کاتێك بڕیارمان دا کە بابەتێك راستە و گەیشتووینەتە راستی، ئیتر سوودی گەڕان و پشکنین چ راستییەك دەگەیەنێت؟ واتە فەلسەفە نییە لەو دۆخەدا کە ئارامی و پشتلێکردنەوە هەیە، ئیدی ئێمە لەم دۆخەدا دڵنیاین لەو شتانەی کەبە راستی دایان دەنێین. بەڵام «ئازادیی

بیرکردنەوە» تەواو کایەی رۆژانەی سیاسی و مافە سەرەکییەکانی دیموکراسییە. بنەمای سەرەکی لە سیستەمی لیبرالّدا و دیمۆکراسی، ئازادیی بیرکردنەوەو رادەربڕینە.

گەر دیموکراسی نەتوانێت ئەو مافە دەستەبەر بکات و ئازادیی یەکسان بۆگشت هاوولاّتییان نەڕەخسێنێت، ئەوا هەرگیزاو هەرگیز دیموکراسی نییە. لێرەوە دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ چەمکی ئازادی کە بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی ئازادە. بیرکردنەوەیەکە وابەستەی هەژمونگەری رۆژگار نییە، بەڵکو ئەو دۆخە تراسێندێنتەیە کە دەتوانرێت بە میتافیزیکای ئازادی ناوبنرێت. گەرچی لەم رەهەندەوە ئێمە چەمکی ئازادی دەگێڕینەوە بۆ میتافیزیکا و گۆڕەپانی سیاسی بەجێ دەهێڵین، دووریش دەکەوینەوە لەو چەمکە باوەی کە ئازادی و سەربەستی بەواتا سیاسییەکەی دادەنێت. واتە تەنها لابردنی کۆت و زنجیرە لەبەردەم مرۆڤدا. هەر ئەمەش وادەکات چەمکی ئازادی ئاڵۆز و ئەبستراکتتر بێت. لێرەدا دەخوازم خوێنەر کەمێك سەرنجی ورد بێت تا هەندێك لایەن بەسەرماندا تێنەپەڕێت. هەروەك لە سەرەوە مێژوویەکی ساکاری چەمکی ئازادی لە چەرخی ناوەڕاستدا باسکرا، کە بیرمەند و فەیلەسووفەکان سەرقاڵی پرسیارێکی تەواو میتافیزیکی بوون: ئایا ویستی مرۆڤ دەستنیشانکەری هەڵسوکەوتە، واتە ئازادە مرۆڤ تێیدا یاخود دیاری کراوە بۆی (ئیتر سنوورەکە بایۆلۆژی بێت یان بەهۆی باوەڕی ئایینەوە کە پێی وابێ هەموو شتێك لەپێش بوونی مرۆڤە دیاریکراوە (Determinism) قەدەرە.

دیارە ئەم پرسیارانەش لە فەلسەفەی نوێدا وەك لای بوونگەرایی و دیاردەناسی (phenomenology، existentialism) باسکراوە کە کێشەی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە کێشەی بوون و ئازادییەوە. بەڵام من لێرەدا باس لە بوونگەرایی سارتەر ناکەم، بەڵکو دەمەوێت باس لە چەمکی ئازادی لە فەلسەفەی بوونی هایدەگەردا بەشێوەیەکی سادە بکەم. ئازادی و سەربەخۆیی لای هایدەگەر، ئاوێتە نەبوون و هەماهەنگ نەبوونە لەگەڵ بوونەوەرەکانی تردا. ئازادیی بوون یاخود بوونێکی ئازاد بۆ مرۆڤ (دازاین) رەسەنی و ریشەداریی مرۆڤ دەگەیەنێت. ئەم رەسەنییەتەش بە ئەوتێنتیکتی (authentic) ناوەزد دەکرێت. مرۆڤی ئەوتێنتیك کەسێکە کە دەربەستی شتی رۆژانە و ساکار نەبێت. چونکە گەر دازاین هەبوونی خۆی وەك بوونەوەرەکانی دەوروپشتی ئەزموون بکات، ئەوا دەبێتە بەشێك لەو بوونە کە خسڵەتی نەمان، لەناوچوون و تێکشکانی هەیە [٥].



لێرەدا هایدگەر وشەی «Das Verfallen» بەکار دەهێنێت بۆئەوەی ئاماژە بەو دۆخە ترسناکە بدات کە دوچاری دازاین دەبێتەوە لە نێو بوونەوەرەکانی تردا. ئیدی لەم دۆخەدا مرۆڤ چیتر سەربەست و ئازاد نییە گەر نەتوانێت خۆی لە بوونەوەرەکانی تر جودا بکاتەوە. واتە خسڵەتێکی مرۆڤی نا ئەوتێنتیکە کە شێلگیربوونی بەژیانی رۆژانەوە، پەژارە و دەربەستبوونی بەبوونەوەرەکانی دەوروپشتیەوە هەیە. پاشان دووڕوویی و دوودیویی ئەوکەسە دەبێت کە شوێن رایگشتیی زۆرینە دەکەوێت. ئیدی ئەم کەسە چیتر هۆشیار نییە بەبوونی خۆی و سەربەخۆ نییە لە دەوروپشتی، چونکە ناتوانێت خۆی لە دەوروبەری جیا بکاتەوە، یاخود باشتر بڵێین خۆی هەڵاواردێت لە بوونەوەرەکانی تر. لەمەوە ناسنامەی خۆی لە دەستدەدات و دەبێتە یەکێك لە بوونەوەرەکانی تر و نامۆ دەبێت لە رەسەنێتی بوونی خۆی.

ئەم مرۆڤە کەسێکی نابینایە، نابەڵدە بەپایە و جێگای خۆی لەچاو بوونەوەرەکانی تر. مرۆڤێکە لە گەرمەی رۆژگارەوە دێت و تۆز و گەردی دڵەڕاوکێ و ترسی لە دەستدان وابەستەبوونە بەو شتانەوە کە ژیانی درێژە پێدەدات. کەواتە ئەم قەیرانە، قەیرانی بوونە کاتێك ناسنامەی رەسەنێتی بوونی وندەبێت لەژێر فشاری خرۆشانی ژیانی رۆژانە و تلانەوە لەنێوان ئەگەری مان و درێژەدان بە ژیان [٦].

کەواتە ئازادی خسڵەتێکی رەسەن و سەرەکیی مرۆڤبوونە، بۆیە هەموو کەسێکی بەرچاو روون راستەوخۆ لە واتای ئازادی تێدەگات، چونکە خسڵەتی بوونە بۆ هەموو مرۆڤێك، ئەگەری بۆنێتیی مرۆڤە. ئیدی ئازادی لێرەدا پەیوەست نییە بە رەفتار و کردەوەی مرۆڤەوە. چونکە خسڵەتی مرۆڤە نەك ئەوەی مرۆڤ دەیکات. هایدەگەر لەم گۆشە نیگایەوە دەیەوێت جارێکی تر کرۆك و راستێتی، «هەقیقەت» (Warheit) دەستنیشان بکات و راستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە ئازادییەوە، نەك بڕیاردان و پەسەندکردن و رەفتار. ئازادی و راستێتییەکی ئۆنتۆلۆجیە، واتە ریشەداربوونە، شێوازی بوونە لە هەبووندا.

لەم دیدەوە شوێنی شیاوی راستێتی لای مرۆڤی رەسەن بەرجەستە دەبێت، هە ر مرۆڤی ئازاد گوزارش لە ئازادبوونی خۆی دەکات. ئازادییەك کە سەرچاوەی لە هۆشیاری و بیرکردنەوەی مرۆڤێکی رەسەنەوە هەڵدقوڵێت نەك پابەند بوون بەدەوروبەر و بوونەوەرەکانی تر. لەمەوە دەردەکەوێت کە ئازادی لە میتافیزیکای هایدەگەردا خسڵەتی مرۆڤبوونە کە لە سەروو بوونەوەرەکانی ترەوەیە. ئەمەش بیرکردنەوەی ئازاد دەگەیەنێت کاتێك مرۆڤ دەتوانێت خۆی جودا بکاتەوە لەبوونەوەرەکانی تر [٧].

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەرتەوەرەی سەرەکی و میتافیزیکای ئازادی بەجێدەهێڵم. هەڵبەتە دەبێت لە یادمان نەچێت کە زاراوەی ئازادی هەڵگری بیرۆکەی سەربەست بوونە. بە واتایەکی‌تر، کەسێك ئازادە کە سەربەخۆیانە رەفتار بکات، سەربەست بێت لە هەڵبژاردن و بڕیاردانیدا، خۆی سەرپشکی خۆی بێت. لێپرسینەوەی یاسایی و رەوشتی تەنها بەرەوڕووی کەسێك دەکرێتەوە کە خۆی بەرپرسیار و خاوەنی کردەوەکانی بێت. ئەمەش ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ توانستی هزری و لێکدانەوە و زانیاریی باشی هەبێت سەبارەت بە چۆنیەتیی رەفتار و هەڵگرتنی ئاکامی هەڵسوکەوتەکانی لە بەرچاو بێت. لەم رووەوە مرۆڤ بەرەورووی ئەرکێك و فەرمانێك دەبێتەوە کە خودی خۆی بەرپرسیارە لێیان.

کەواتە مرۆڤێك خاوەنی ویست و بیر و باوەڕە، رەفتارەکانیشی رەمەکی و کوێرانە نییە. بەڵکو ئەو کەسەیە کە سنوورەکانی ئازادی تێناپەڕێنێت. وەك میل دەڵێت: "لە کوێڕا ئازادی تۆ کۆتایی دێت، لەوێدا ئازادیی من دەست پێدەکات". مرۆڤی ئازاد، ئازادی بە پڕەنسیپ و بنەمایەکی سەرەکی بۆخۆی و کەسانی‌تریشی دەزانێت، لێرەشەوە ئازادیی مرۆڤەکان ئەڵقەیەکی گرێدراون، هەموو تاکەکان ئازادن گەر نەبنە رێگر لەبەردەم ئازادیی یەکتریدا. دواجار لە یادمان نەچێت کە ئازادی گەرچی بۆخۆی چەمکێکی ئەبستراکتە، بەڵام پەیوەستە بە بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە، چونکە ئازادیی رەها بۆ تاکێك لە پێناو خۆیدا هیچ واتا و مانایەکی نییە گەر کۆك نەبێت لەگەڵ هاومرۆڤەکاندا و رێکخەری پەیوەندییەکان نەبێت. ئەمەش ئەو لایەنە کەفەلسەفەی پراگماتیسی پشتی پێ دەبەستێت.

چونکە ئازادی هەر ئەوە نییە هەرچی دڵت گرتی و خواستت بە ئەنجامی بگەیەنیت، وەك هێگل لە پارادۆکسی نێوان ئازادی و کۆمەڵدا باسی دەکات. تۆ ئازادی و ئازادیش نیت لەوەی سەرەڕۆیی و پێشیلکاریی مافەکان و ئازادیی تاکەکانی تربکەیت. چونکە ئازادی و کۆمەڵگا، پێکەوەژیان زەرورەتن. مرۆڤ دەبێت ئازاد بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەو ئازادییەوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی پیادە بکات، چونکە ئەم ئازادییە تەنها لەناو کۆمەڵدا واتا و نرخی هەیە. لێرەدا نابێت خاڵێکی گرنگ لەبیر بکەین کە کۆمەڵگا ئەو ناوەندەیە کە دەرفەتی ئازادی بڕەخسێنێت تا وەکو مرۆڤ ببێتە بەشێك لێی.

کۆمەڵناسی ئەڵمانی تۆنیس (١٩٣٥- ١٨٥٢) کاتێ دوو جۆر کۆمەڵگا لەیەك جیا دەکاتەوە، هەڵبەتە گرنگی ئەم جیاکردنەوە ئەوەیە کە بزانێت ئازاد لەکوێدایە لای ئێمە. کۆمەڵگای یەکەم بە گێمێنشافت، و ئەوێدیش گێزیلشافت ناو دەبات. یەکەمیان لای تۆنیس



ئەو کۆمەڵگایە دەگرێتەوە کە پەیوەندییەکان سروشتی و سەرەتایین، «ئەندامەکان» بە واتایەکی‌تر گەلەکۆمەیەکن کە لەسەر بنەمایەکی سروشتی پێکەوەن، بەڵام دووهەمیان ئەو جڤاتەیە کە لەسەر بنەمایەکی ئەقڵی پەیوەندییەکانیان گرێدراون.

دابەشکردنی کار و رێکخستن خسڵەتە، لەم جڤاتەدا ئازادیی هەڵسوکەوت بە پلەی یەکەم دادەنرێت، چونکە پەیوەندییەکان لەنێوان کەسانی هۆشیار و خاوەنی ئەقڵی پەیوەندییەوە بەرقەرار دەبن، کە بیرلێکردنەوە بخوازن، نەك رەومەکی و کوێرانەیی و بێ بەرنامەیی زاڵ بێت. تۆ ئەندامیت نەك لەبەر ئەوەی لەو کۆمەڵگەیەدا لەدایك بوویت، بەڵکو جێگایەکت هەیە کە لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی، ئەرك و پەیوەندییەکانت دەستنیشان دەکەن. کەواتە لە کۆمەڵگایەکی بابڵێین «سەرەتایی» (هەرچەند دەبێت وریا بین لەم پۆلێنکردنە) ئەو جێگە دیار و ناسراوەی نییە وەك لە کۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤ لە ئاکامی ئەقڵی پەیوەندی و دانوستان ژیان دەگوزەرێنین.

لەیادمان نەچێت چەمکی ئازادیی تاکەکەسی گەر بگەڕێتەوە بۆ جۆن لۆك و میل، ئەوا ئەمڕۆ لە فەلسەفەی سیاسیدا چەمك و بنەمایەکی گرنگی مافی مرۆڤ دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای ئازادە (لیبراڵە). بۆ نموونە جۆن رۆڵس (Rawls) لە شاکارە بەناوبانگەکەیدا «تیۆری عەدالەت» ئازادی دەکاتە بنەمایەکی سەرەکی و سازش لەسەر نەکراو لەتیۆرەکەیدا و بە هەموو شێوەیەکیش دەیەوێت لە چەمکی میتافیزێکی بۆ ئازادی دووربکەوێتەوە. ئەو پێی وایە سیستەمی رەوا ئەوەیە کە لەسەر بنەمای بایەخەکان (تاکەکەس و کۆمەڵ) و ئازادیی یەکسان دامەزراوە [(٨)].

واتە هاووڵاتی ئەو کەسەیە کە توانایەکی ئەقڵیی هەبێت و سەربەخۆ بێت لە بڕیاردان و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. کەسی سەربەخۆ و ئۆتۆنوم لە ئەنجامی مەزەندە کردنی بەرژەوەندیدا، بەراوردکردن و لێکدانەوەی هەبێت. لێرەوە ئەم کەسە چارەنووسی خۆی دیاری دەکات و بە ئازادی لە سیستەمێکی رەوادا بەستدار دەبێت و مافەکانی دەپارێزێت. هەڵبەت رۆڵس زیاتر لەم چەمکە لە چوارچێوەی نووسینەکەیدا بە قووڵتر باس دەکات لە بەرانبەر مافەکانی تردا. لەیادیشمان نەچێت تیۆرەکەی ئەمیش لە تێزەکانی کانتەوە سەریهەڵداوە.

**ئەنجام:**

پێش کۆتایی، دەمەوێت چەند سەرنجێك بهێنمەوە یادی خوێنەر. ئازادی لای ئێمە هەمیشە سیحرێکی سەیروسەمەرەی لەسەر هۆش و ویژدانی پشێوومان و لەنووسین و هزری سیاسیشماندا رەنگی داوەتەوە. گەرچی بە راشکاوی بانگەشەی بۆکراوە و چاوگەی گیانی خۆپاراستن بووە، بەڵام نەڕسکاوە، بێ بنەما و سەرزارەکییە. ئەمەش شایەتحاڵێکی تری مێژووی بیرکردنەوەی کوردە کە نۆبەرەی ئازادی و چەشتنی واتا و رەهەندەکانی تەنها لە خولیا و ئەندێشەدان، لەزمانی شیعر و نووسیندان، راگوزەر دەکات لە بیرکردنەوەکاندا، بەڵام تێدەپەڕین بەسەر لایەنە شاراوە و گرینگەکانیدا. هەربۆیە پێویستمان بە توێژینەوەی تایبەت هەیە دەربارەی بنەماکانی ئازادی و کێشە سیاسی و رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی.

لەم سۆنگەیەوە ویستم ئەوە دووپات بکەمەوە کە لێکترازانێکی ترسناك و هەست پێنەکراو لەنێوان چەمکی ئازادی (یاخود هەر چەمکگەلێکی تر) و ئەزموونی راستەقینەی ئازاد لەلایەك و خەیاڵی ئازادی و دروشمی سیاسی رووت لە لایەکی ترەوە هەیە. ئاشکرایە لەزمانی کوردیدا وشەگەلێکی زۆرمان هەیە کە تیشکێك دەخەنەسەر زاراوەی ئازادی. گەر واتا فەرهەنگییەکەی وەربگرین، دەبینین ئازادی رزگاری دەگەیەنێت، دەشێت لەم رووەوە ئازادی ببەستینە بە رەهەندی رزگاربوونی تاکەکەسەوە لە کۆمەڵدا واتە ئازادی تەنها ئازادی کۆمەڵ، خاك، نیشتمان و نەتەوە نەبێت، بەڵکو ئازادیی مرۆڤە، گەر مرۆڤ - تاك ئازاد نەبێت ئەوا ئێمە کۆمەڵگای ئازادیشمان نییە.

لێرەوە مرۆڤی ئازاد کەسێکی سەربەستە لە بڕیار و سەرپشك لە هەڵبژاردنەکانیدا و خودی خۆی بەرپرسیارە. هەرچی زاراوەی سەربەخۆیی «خۆیی بوون» ببەسێتەوە بەواتایەکی بەرز و جوان بۆ مرۆڤی ئازاد کە کەسێکە خۆیەتی. خۆبوون تەنها بە واتا سیاسییەکی نا، بەڵکو واتایەك کە گرنگە لە ناسنامەی تاکدا. مرۆڤ کە خۆیەتی ئیدی (هۆشیار و بیرمەندە) هەر ئەمەش پێناسەی ئەو دیاری دەکات. هەرچی سەربەخۆیی زێتر رەهەندیکی سیاسی هەیە و کۆنتێکستی بەکارهێنانی فراوانە [8].

دەشێ هەموو هاو واتاکانی ئازادی ببنە دەوڵەمەندکردنی بیرکردنەوەی ئازاد و ئەگەری گەڵاڵە کردنی تێروتەسەلی چەمکی ئازادی بێت لە هەموو روویەکەوە[9]. دواجار حەز ئەکەم بە وتەیەکی پرشنگداری کریشنامۆرتی کۆتایی بهێنم: «ئازادی ئەوە نییە کە هەرچی حەزی لێدەکەیت و دڵت دەیگرێت بیکەیت، بەڵکو ئازادی لەوەدایە کە ئەوەی کە دەیکەیت، حەزی لێبکەیت و بیخوازیت».



ژێدەر:


1- Harry Wllemseni; Woordenboek filosoie. P.466. 1992 .

2- Sassen:kerngedachten van Spionoza. P-152. 1967

3- I. Kant: Wat is de Verlichting. Boom

4- J. Stuart Mill: on Liberty; P.22. 1859.

5- The element of Moral Philosophy P.46. 1944.4- 5- J. Rachels:

6- Martin Heideger. Den Haag Pr. A. Kocleman. P.9 4; in : 1964. p.158-174. Sun1999.

7- Martin Heidegger Zijn en Tijd.

8- p.158-174.Sun ،Martin Heidegger Zijn en Tijd.

9- John Rawls: The Theory of Justice. 1990- chp 4.


زیاتر سەیری فەرهەنگی هەژار موکریان بکە لەبارەی واتای ئازادی و سەربەخۆیی و رزگاری.

## ٤-٤- بۆچی گوتارێکی نەتەوەیی نیشتمانی لەمڕۆدا پێویستە؟

### هۆکارەکان:

لەم نووسینەدا دەخوازم پێویستی گوتاری نەتەوەیی بکەمە تەوەرەی سەرەکی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئێستامان. هەڵبەت دەبێت لێرەدا زەرورەتی ئەو گوتارە لە هەموو ساتەوەختێکی تر بسەلمێنرێت لە رێگەی هێنانەوەی چەندین هۆکار کەدەبنە بەڵگە لەسەر ئەو زەرورەتە. گۆڕانی کۆمەڵگای کوردی و مەترسی لە دەستدانی ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی حوکمڕانی وەك دەستکەوتێکی مێژووی، وەك مافێکی سەرەتایی ئەمڕۆ باسگەلێکە کە ناتوانین خۆمانیان لێ لابدەین. دەشێ لەم سەردێڕەدا خوێنەر پرسیارێکی رەخنەییمان ئاڕاستەبکات: ئایا گۆڕانکارییە کتوپڕەکانی ئەمڕۆ لە کۆمەگای کوردیدا چیانداوە بەسەر مەسەلەی نەتەوەییەوە؟

سەرەڕای ئەوەش هێندێك پێیانوایە بادانەوە سەر گوتاری نەتەوە-نیشتمانی ئەفسانەیەکی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم بۆخۆشی لاپەڕەیەکی نەزۆك و وتارێکە کە هەر لەسەر هەڵدانیەوە وەك ئایدۆلۆجیایەك تەمەن کورت بووە. لەبەرئەوەیش کە ئەم ئایدولۆجییە مرۆڤ دوچاری فەلاکەت و نەهامەتی کردووە لەسەدەی رابردوودا. ئیدی باسکردنی ناسیۆنالیزم، نەتەوەگەری رابردووە و ئەمڕۆکە ئێمە لە قۆناغێکی تری مێژوودا دەژین کە جیهانگیرییە!

گەرچی ئەم بۆچوونە راستییەك لەخۆدەگرێت، بەڵام لە تیۆری زانستی و فەلسەفەی سیاسییەوە هێشتا ناتەواوە، چونکە ئەم دیدە ناسیۆنالیزم رێکاوڕێك لەتەك دەمارگیری، رەگەزپەرستی و چی و چییدا ریزدەکات. دیارە ئەمە گشتاندنێکی ناتەواوە و پێویستی بەڕاستکردنەوە هەیە.

دووەم، ئەم دیدە گۆڕانکاری قۆناغەکانی پێشکەوتن و دروستبوون لە تەمەنی نەتەوە و گەلاندا بەرچاو ناگرێت. ناسیۆنالیزم بۆخۆی قۆناغێکی گرینگی مێژووییە و گەورەترین هێزی یەکبوون و نزیکبوونەوەی نیشتمانی بووە. گەرچی گەلێك کاری ناپەسەند و نامرۆڤانە لە ژێر ئەوچەترەدا کراوە، بەڵام قۆناغێکی پێویستبووە لە گەشتنی زۆربەی گەلان بەدەوڵەتی نەتەوەیی.

سێهەم، پاشان جیاوازییەکی زۆرهەیە لە نێوان کۆمەڵگای کوردی و ئەوگەلانەی کە هەڵگری ئەوبیرە بوون. وەك دەبینین گەلان و خودی کوردیش بەدەستی ئەو ئایدۆلۆجیە



داگیرکراون و نەهامەتییان تووشهاتووە، بەڵام تەنها ئەو بیرە نیشتمانی و نەتەوەییە کە دەتوانێت پڕاوپڕ خواست و ویستەکانی کورد بەرجەستە بکات. چونکە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی نیشتیمانییە لە هەمانکاتیشدا کێشەیەکی مرۆڤانەیە، کە هێشتا هەر لە خەبات و کۆششی سەلماندنی مافە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانیدایە.

لەبەرئەوە زۆر زووە بووترێ کە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی وەك ڕەهەندی ئینتیمایەکی کوردی کۆتایی هاتووە و باوی نەماوە، وەك لە سەر زمانی گەلێك رووناکبیر و نووسەر و سیاستمەداریش و بە تایبەتی لە ئیسلامی و کۆمینستەکان دەبیسترێن. بەواتایەکیتر ئەمانە رەچاوی بارودۆخ و ناسکی و ترسناکی داهاتووی کورد ناکەن، بەڵکو زێتر بۆچوونێکی سادە کۆسمۆپۆلتیکی، جیهانگیرییان هەیە! دەشێت ئەو بۆچوونە گونجاوبێت بۆ کۆمەڵگایەك، نەتەوەیەك کە خۆی لەژێر مەترسی لەناوچوون و لەدەستدانی سەروەری نیشتمانی و مافی نەتەوایەتی نەبێت، بەڵام بۆ کورد هێشتا ئەو گوتارە بێ بناغە و سەروبەرە.

پاشان لەبەرئەوەی هەندێك کەموکورتی لە نایەکسانی و ناهەقی دەبینین لەدەسەڵاتی حوکمڕانی کوردیدا، یەکسەر دەگەنە ئەو ئەنجامە خێرایە کەناسیۆنالیزم تەنها قوڵکردنەوەی حیزبایەتی و خێڵایەتی و چەسپاندنی دەسەڵاتی کەمینەیە. ئیتر باشترە باس لە کۆتایی ئەو بیرکردنەوەیە بکەین. لەبیرمان نەچێت کە پارتە کوردییەکان گەرچی کوردایەتی و کوردستانیان دروشم و بانگەشەی خەبات بووبێ، بەڵام ئایدۆلۆجیای ناسیونالیستیان نییە، بەڵکو نیوەناسیۆنالیستن(Semi- Nationalisim) و ئەوەی تریش کە دەمێنێتەوە لەبەرنامەیاندا بیرە حیزبایەتی و خێڵایەتی و ناوچەگەرییە و تێکەڵ بە هەندێك چەمك و دروشمی مۆدێرین و چەپە، وە هیچ فەلسەفەیەك و ئایدیایەکی نەتەوەیی تا ئێستاش لەو حیزبانەدا نەبووە، بەڵکو زۆریشیان نکۆڵی لێدەکەن..

بەهەرحاڵ مەبەستی من لەو چەند دێرەدا داکۆکیکردن نییە لە ناسیۆنالیزمێکی بەرتەسك بەئەندازەی ئەوەی کەدەبێت ئێمە تێگەیشتن لەڕووی تیۆری و زانستییەوە لەسەر ئەو دیاردەیە هەبێت پێش ئەوە وەریبگرین یاخود رەتی بکەینەوە. پاشان بارودۆخی ئەمڕۆمان وامان لێدەکات بیر لە گوتارێك بکەینەوە کەتوانای نزیکخستنەوە لەبری دابڕان، بەیەکگەیشتن لەبری لێکترازان، تێگەیشتن لەباتی پشت لەیەکترکردن بێت. دەبێت ئێمە بزانین (جیاوازی) چییە و لەچیدا دەتوانین جیاواز و ناکۆك بین، بەڵام تاکوێ و لەچیدا ئەوە دەکرێت. هەربۆیە سەیرە لە ماڵێکی کوردیدا خەڵکی بێ پەروا باس لە ماف جیاوازی بکات، بی ئەوەی گوتارێکی هەبێت و بزانێت ئەو داوایەی چۆن دەکەوێتەوە.

جەختی لەسەر دەکەمەوە کە من لێرەدا دەمەوێ تیشکێك بخەمە سەر ئەو دژواری و نارەزایی و ئەم دۆخە لیلێ و پڕگلەیی و بێزارییەی ناوخۆی کوردە. بەپێچەوانەی گوتاری جیاوازییەوە من پێم وایە گوتاری (جیاوازی) قورسە لەسەرشانی مرۆڤی کورد و درێژەکێشانیشی ترسناکە لەم قۆناغەدا. چونکە بەرەو هەڵوەشان و کوتکوتکردنی کۆمەڵگای کوردی دەروات. بەڵام بابزانین لە کوێدا ئەم پشێوی و نارەزاییە زێتر خۆی بەیاندەکات.

## میدیا و پەرتوبڵاوکردنەوەی خەمەکان:

گەر خوێندنەوەیەکی وردی میدیای کوردی بکەین و لەوێوە بڕوانینە بارودۆخەکان، ئەوا بەرەوڕووی لێشاوێك لەنارەزایی دەبینەوە. ئەمەش لەوانەیە ئەوە بگەیەنێت کەهێشتا مرۆڤی کورد نەبۆتە هاووڵاتییەك، بەواتا سیاسییەکەی چ لە مافی هەڵبژاردن و بڕیاردان و بەشداری سیاسییەوە، چ لە پابەندبوون بەدەسەڵات و یاساوە، بەڵکو لەبەردەم مرۆڤێکداین کە پێخور و بەکاربەرە (کۆنسومێنت)ە. و لە جیوگرافیایەکی مۆلەق و نائارام و بێ سەروبەردا دەژی. مرۆڤێکە چاوەڕێیە پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێبکرێت. شپرزەیە بۆ بژێوی و لەپاڵ ئەمەشدا شەپۆلی گلەیی و گازەندە لە نێوان بێ ئاو و کارەبا تا دەگاتە گەندەڵی، ڕۆژانە لەسەر زاری دێتە دەرەوە.

من قسەم لەسەر ئەوەنییە کە گوزەرانێکی ڕێکوپێك و گونجاو مافە و دەبێت دەستەبەر بکرێت، بەڵام وەرە تۆ ئەو مافانە بخەرە چوارچێوەیەکی گەورەترەوە و لەپاڵ زەرورەتی دەوڵەت و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیدا دایبنێ! ئیتر من لێرەوە گرنگی گوتاری نەتەوەی-نیشتمانی دەبینم کەدەکرێت تەواو ناکام بێت لە بەرامبەر پێداویستییە سروشتی و ڕۆژانەییەکاندا، تائەو رادەیەی ببێتە هاوکێشەیەکی ترسناك و قورس بۆهەڵبژاردن لەنێوان مەسەلە نەتەوەیی و پێداویستییە ڕۆژانەییەکاندا و بواری خۆلادانیشمان زۆر تەسکە تێدا.

ئیدی کە دەبینم زۆر ئاسانە چ لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ یاخود حیزبی، مرۆڤ بەئاسانی ئامادەیی تێدابێت کە ئامانجە ستراتیجیە نەتەوەی -نیشتمانی بخاتە پشت پێداویستییەکانی ڕۆژانەوە. دیارە گەر لەناو حیزبەکاندا کارکردن بووە بەکۆمپانیا، ئیتر شتی تریش بەدوورناگیرێت، بەڵام ئەمەش بۆ خودی مرۆڤی ئاسایی کورد راستە. من ئەمە بە هەڵگەڕانەوە بۆ دواوە ناودەبەم، بە قەیرانی ناسنامەی سیاسی و کولتووری کوردی دەزانم، کاتێك ئێمە لە ئامانجە ستراتیجییەکانەوە بگوێزنەوە بۆ کارەبا و ئاو و تەلەفون و هەروەها



بۆڕییان پێبدەین. چونکە دەکرێت لەژێر سایەی رژێمێکی سەرکوتکەردا پێداویستییەکانی لە پاڵ ژیانێکی ملکەچیدا جێبەجێبکرێن.

نابێت لە بیریشمان بچێتەوە کە نەتوانینی جێبەجێکردنی پێداویستییەکان بەندیشە بە گۆڕانی ژیانی و گڵۆبالیزەشەوە، چونکە گڵۆبالیزەشین رستێکی ناکۆتا لە پێداویستی و خواستی لەتەك خۆیدا هێناوە. گەرجاران ماڵێك بە ئەمپێرێك تێردەبو ئێستا هەر ئەندام خێزانێك تەلەفون و تەلەفزیۆن و ئۆتۆمبێل و چی و چی هەیە ئیتر داخۆ چەند وزە پێویستە؟

دیارە لەخوێندنەوەی سەردێڕ و هەواڵ و راپۆرتەکان لەشکرێك سکاڵا و بێزاری هاووڵاتی کورد دێتە بەرچاو، و کەسێك نابینیت گلەیی لەبەشی و بەختی نەکات، بەڵام تا چەند گلەییەکانی لەجێی خۆیاندان و چەندیشیان خواست و هیوان؟ هاوکات هەرچی سکاڵایە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن تاوانباردەکات و بە بەپرسیاری دەزانێت لەم مەسەلەیەدا. دەکرێت بپرسین: ئایا تا چەند وایە؟ یاخود مەسەلەکە لە لایەکی ترەوە پەیوەندی بەڕۆڵی میدیاوە هەیە کە گلەیی و گازەندەکان بە چڕوپڕی و زەقی نیشاندەدات. هەڵبەت بۆ یەکەمجارە مرۆڤی کورد لەڕێی میدیای نوێوە (ئینتەرنێت و هۆکارەکانی تری پەیوەندی) بەڕاشکاوی و ئازادنە گوزارش لە ئێش و ئازار و پێداویستییەکانی بکات، چونکە ناکرێت هەمان مرۆڤ لە سەردەمی دەسەڵاتی رژێمەکانی پێشوودا بێگلەیی و رەخنە بووبێت. لەلایەکی دیکەوە گۆڕانی ژیانی کۆمەڵگا و تێکچوونی سنوورەکانی دەسەڵاتی دامودەزگاکان و زۆربوونی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکان و کۆچکردنی ناوخۆیی و هاتنی بازارێکی بەربڵاوی ئازاد، هەموویان کۆمەڵێك پرسگەل و کێشەی نوێیان هێناوەتە ئاراوە.

ئیتر ئەوەی دەبینرێت لە میدیاکاندا بەشێوەیەکی گشتی، دەنگێکی توڕە و تۆراوە، دیدێکی رەخنەیی و گیانی هەڵویستەکار و پەرچەکرداری لەسەر ئەو شتانەی رۆژانە روودەدەن تێدایە، بەڵام کەمتر باس لە کێشە سەرەکیی و ئایندەییەکان دەکرێن. بژێویی، گوزەران و پێداویستییەکان ئەوەندەی ئامانجە نەتەوەیی نیشتمانییەکانە!

دیارە میدیای دەسەڵاتی سیاسی و حیزبەکانیش بەشدارن لە دروستکردنی ئەو گلەیی و توڕەییەدا، چونکە میدیایەکی نەزۆك و یەك دیوی شتەکان دەڵێن و پڕوپاگەندە و لافی دوارۆژ دەستکەوتی گەورە و چی چی دەدەن. لە کاتێکدا هاووڵاتی ئاسایی ئەمانە نابینێت، چونکە ئەو بە گوێرەی پێداویستی و ئەو شتانەی دەوروپشتی وەرچەرخان و پرشنگداری دەسەڵاتی بۆ

دەردەکەوێت. ئیدی ئەم بێزارە و تەواو تورەیە کە کارەبای نییە، لە کاتێك بەرپرسانی حیزبییك بۆ خۆیان خاترجەمن لەو سەر ئێشانە.

هاووڵاتی کورد خۆی و داواو کێشەکانی نابینێتەوە لە میدیای حیزبەکاندا و ئیتر کەلێنێکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان خەمەکانی هاووڵاتی و ئەو بەناو دەستکەوتەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە! ئیتر نووسین و هەواڵ و ستون و چی چی میدیاکان ژهەراوێکی تاڵ دەکەن بە قورگی خوێنەردا و دەیخاتە بەردەم دووڕیانێکی تاریك: نەتەوە و نیشتمان واتە دۆزەخ! بەداخەوە ئەو نووسینانە گەرچی راستی و پرسیاریان تێدابێت، وەلێ نامانخەنە سەر ئاقاری بیرکردنەوە بەدواچوون و دەرخستنی مەترسی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. بەڵکو فێرماندەکەن رقمان لە خۆمان و نەتەوە و نیشتمان بێتەوە، لە جیاتی چارەسەرکردنی و راکردن لە جیاتی هیوا و ئاسۆبینی، رەشبینی و کورتبینی ترس و سڵەمینەوە بەرهەم دێنن. لەوانەیە ئەرکی میدیا تەنها باسکردنی شتی سەرنجڕاکێش و سەیروسەمەرە بن، چونکە زۆرترین جەماوەر کۆدەکاتەوە و ئیتر ئەمە گەورەیی ماس میدیایە!

**داخرانی ئاسۆ و پوکانەوی هیواکان:**

بەدەر لەوەی بچینە بنج و بناوانی ئەم پرسیارەوە کە ئایا داهاتووی کورد لە گۆشەنیگای ئەم واقیعە دژوارەی هەنوکەوە، هەروا لێڵ و تەماوی و نادیار دەبێت؟ دەی ئایا کێ بەرپرسیارە لەم دۆخە و چەندین پرسیاری تر کە زێتر هێنان و بردنێکی بێ سوودە و دەمانخاتە نێوان دووجەمسەری داخراوەوە: ئەویش دەستنیشانکردنی هۆکار و ئەنجام، تاوانبار و تاوانلێکراو، و گێرانەوەی کێشەکان بۆشتێك، لایەنێك و دواجار دادگاییکردنی. دیارە ئەمەش زۆر دەبینرێت لەشوێنە گشتی و ماڵپەڕ و کوێ و کوێدا، کە مرۆڤی کورد قوربانییە و لێقەوماوە.

گەر سەرنج بدەین دەزانین ئەو مرۆڤە لە مێژەوە قوربانی و پێکراوە، بەڵام ئەمرۆکە لەدوای راپەڕین ئەم مرۆڤە خۆی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختگیردا بینیوەتەوە خۆشی بە قوربانی دەسەڵاتی ناوخۆیی دەزانێت. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەرك و فەرمانی سەرشانی ئەم مرۆڤە چییە لەم دەسەڵاتەدا، لە کاتێکدا ئەم دەسەڵاتە لە خودی کورد پێکهاتووە؟ هەروەکو وتم: دەستنیشانکردنیی لایەنێك وەك تاوانبار دەمانخاتە بازنەیەکی داخراوەوە.

کەواتە هۆی چییە ئەمڕۆکە ئەم هەموو تورەیی و گلەییانە لە میدیاکاندا دەبینین؟ ئایا میدیاکانیش بەشێك نین لە دروستکردنی پشێویەکەدا؟



**هۆکاری سەرەکی لێرەدا دەگەڕێنمەوە بۆ دووشت:**

١) لەبەرئەوەی ئەمڕۆکە رێوشوێنی کورد لە باشووردا جۆرێك لە ئازادی دەربڕینی لەخۆدەگرێت و سنوورەکانی رادەربڕین، یاخود باشتر بڵێین چۆنیەتی رادەربڕین هێشتا گەڵاڵەنەبووە بەم شێوە زۆری گلەییەکان دەگەنە ئەوپەڕی هێرشکردن.

٢) سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ لە راگەیاندن و هۆکارەکانی پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ کە رۆژانە لێشاوێك زانیاری باش و خراپ و درۆ و راست لەم سەری دونیاوە بۆ ئەوسەری دونیا دەچێت.

سەبارەت بەهۆکاری یەکەم، دیارە بێ سەروبەری و نارێکی و کۆنترۆڵنەکردنی زانیاری و گلەیی و بۆچوونەکانە، کەبۆخۆیان گەواهی شتێك دەدەن: ئەویش فەراهەمبوونی کەشێکی تاڕادەیەك ئازادە، کە بوار بۆ دەربڕین دروستدەکات. لەلایەکی ترەوە سەرەتایەکیشە بۆ دروستبوون و بنیاتنانی تاکی کورد کە پیادەی مافەکانی لە دەربڕینی را و گوزارشکردن لە داخوازی و خواست و گلەییەکانی بکات. ئینجا کێ رەخسێنەری ئەم کەشەیە، ئەوە بۆخۆی باسێکی ترە.

ئیدی ئەم کەشە رەخساوە گەرچی ناکامڵ و فەریکیشبێت، دەرفەتێکی باش یان خراپی رەخساندووە بۆ ئەوەی گلەیی و راکان خۆیان مانڤیستبکەن. لە هەمانکاتدا بێ سەروبەری راوبۆچوون و رەخنەکایش دەرهاوێشتەی ئەم دۆخە تاڕادە ئازادەن، کە بۆ خۆیان گۆڕانکارییەکن لەچەندیەتی نەك چۆنیەتی و ناوەڕۆکی را و بۆچوونەکاندا. پێش راپەڕین لەرووی چەندییەتەوە ئەستەم بوو بەم ئاسانییە مرۆڤی کورد بێ پەروا راکانی خۆی دەربخات. ئەگەر کەسێك لە ریزی پارتێکی دژە دەسەڵاتیش دا بوایە، ئەوسا دوور لە چەپۆکی رژێم بۆچوونەکانی لە ئاستێکی دیاریکراودا بەیان دەکرد. سەبارەت بە هۆکاری دووهەمیش کە سەرهەڵدانی میدیای نوێ دەگرێتەوە و هات ناو خودی مرۆڤی کورد و ژیانیەوە لە ئەنجامدا سەرتاپای ژیانی ئەم مرۆڤە گۆڕڕا بۆ شتێکی تر.

ئیدی گۆڕانێك کە بازدانێکە و دوورکەوتنەوەشە لە شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتن، کەبۆخۆی ئەمە لێکدابڕانە لەو جیهانبیە باوەی کە مرۆڤی کورد پێشتر پێی ئاشنا بوو. هەروەها ئەم وەرچەرخانە روویدا بێئەوەی مرۆڤی کورد لە دەرئەنجامەکانی ئاگادار بێت. لە دۆخی (زیندانی) و نەبوونی و زەبونی لە زانیارییی و تێگەیشتن بە دونیای دەرەوە، بازێك درا بەرەو رەهایەتییەك کە تەنها لە میدیادا دەبێتە واقیع. دیارە ئەو (جیهانە رەهایە) بەرهەم

وێناکردنی میدیای گڵۆباڵە کە لە زەمینەی واقیعدا نییە. لەبەرئەوەی واقیع شتێکە و ئەو دونیایەی کە میدیاش دروستی دەکات شتێکی تەواو جیاوازە. هەر بۆیە سەرلێکشێوان و تێکەڵاوییەك لە نێوان ئەوەی مرۆڤ ڕۆژانە ئەزموونی دەکات و لەگەڵ ئەوەی لە میدیادا بەرجەستەدەکرێت دێتە کایەوە. پاشان ئەو بازدانە، بازدانیشە بەسەر ترادسیۆن و نەرێتی باو و دەسەڵاتی سیاسیشدا.

هاوکات میدیا جۆرێك ئاسانکاری هێناوەتە گۆڕێ و دیدێکی دروستکردووە بۆ ژیان کە لەگەڵ واقیعدا یەك نەگرنەوە. و لە ئەنجامی ئەو چاوەڕوانییەی مرۆڤ بۆژیانێك کەلە میدیادا دەگوزەرێت، دوچاری گلەیی و رەخنەی بکات و هەرلەرێی میدیا خۆیەوە گوزارشییان لێوە بکات. ئیدی نەوەی ئەمڕۆکە، نەوەی ئینتەرنێتە و راوبۆچوون و دیدەکانیشی لەوێوە هەڵقوڵاوە. وێناکردنی بۆ ژیان و دەوروبەری راستەوخۆ لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، نەك لە بەرئەنجامی درکردن و تاقیکردنەوەی خۆیە دروست دەبێت، بەڵکو بەرهەمی ئەو بازاڕە گەورەیەی میدیایە، کە ڕۆژانە ئەم وەك کڕیار و تەماشەکەرێك شتی باش و خراپی بەسەردا ساغ دەکرێتەوە. سەرباری ئەوەی مرۆڤی کورد جۆرێك لەڕەمەکی لە کار و بیرکردنەوەیدا دیارە، دووچاری جەنجاڵێتی ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بووە و خەمەکانی تادێن قورستر دەبن و هیوا و خواستەکانیشی بەهۆی میدیاوە درێژتر و زۆرتر دەبن!

لە هەمانکاتدا لە خەیاڵدانی ئەم مرۆڤەدا بێ هیوای وتارێکی ونبوون چەقی بەستووە و بۆتە مایەی شپرزەیی و نغرۆبوونی هیواکانی و بەرەو توڕەبوون و بێزاری بردووە. ئەمەش ئەو کەلێنە دەروونییە کە میدیا بە ئاسانی لێوەی دزە دەکاتە ناو زۆرینەی هاووڵاتییانەوە، لەبەر ئەوەی ئاسان و خێرا و کاریگەرە بۆی. کەواتە تاڕادەیەکی ئاشکرا دیموکراسی لە میدیاکاندا خۆیان لە راوبۆچوونی جیاواز و رەخنەکاندا، گەرچی هیواشیش بێت دەردەکەون.

هاوکات ناتوانین کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندنی لەبەرجەستەکردنی وێنەیەکی تەمومژاویدا لە سەر واقع بەدووربگیرێت، چونکە میدیاکان وادەکەن کە رووداو وکارەساتەکان نزیکتربن لێمانەوە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ کارمان لێبکەن، بێئەوەی زۆرینەی ئەو کارەساتانە راستەوخۆ لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەبن. لەبەرئەوەی میدیا ئەو مەوداجوگرافییەی نێوان (من) و رووداوەکانی نەهێشتۆتەوە. گەر بومەلەرزەیەك یاخود باوبۆران لەوپەڕی دونیا بێت، ئەوا راهێڵێك لە ترس و داچڵەکین لەناخ و هەستمدا دروستدەکات و دەم خرۆشێنێت تا ئەو رادەیەی دەمخاتە ئاخاوتن و هەڵویستەکردن.



کارئاسانی هاتوچۆی زانیاری و هەواڵ وایکردووە کە ئێمە بە ئاسانی خۆمان بخەینە شوێنی رووداوەکان و ترسی رووداوەکانیش بۆ لای خۆمان بهێنین. دیارە ئەمەش بەشێك لە رەشبینی و تاریکی و ترس لەتەك خۆییدا دەهێنێتە ناومانەوە. هەڵبەت ئازادی هاتوچوونی هەواڵ و زانیاری بۆ خۆیان بە سوودن، بەڵام ترسناکیشن گەرئێمە بەتەنها میدیا بکەینە سەرچاوەی زانین و بیرکردنەوە، بێئەوەی بتوانین لە راستگۆیی و دروستییان دڵنیابین.

دەبێت بزانین کە زۆرینەی هەواڵ و زانیارییەکان بە تەواوەتی بێ لایەن و پوختە نین، بەڵکو شێوازی ئامادەکردن و دەربڕینیان بە مەبەستی دروستکردنی بریار و بیرکردنەوەیە لای (بەکاربەر) سەبارەت بە پرسێك. زۆرجار ئەمەش وامان لێدەکات بە خێرایی و ئاسانی بڕیاربدەین، بۆ نموونە لەسەر بارودۆخی کورد. کەواتە واقیعی کوردستان لە میدیاکاندا لە دووشێوەدا دەبینین: واقیعێ کە مزگێنی داهاتوویەکی ڕۆشن لەسەر هەموو ئاستەکان دەدات، و واقیعێکی تر کە دژوار و رەش و بێ هیوایی لێدەچکێتەوە.

دیارە بەهۆی میدیای جیهانی نوێوە شێوازی دووهەم لە برەودایە سەبارەت بارودۆخی کوردستان، لە شێوازێکی سەیردا کە خۆی لە خوێندنەوە و بۆچوونی رەخنەییدا لەپاڵ راوبۆچوونی کرێت و ناقۆڵاترین شێوازی دەربڕیندا بەرجەستە دەکات. هەر بۆیە تاوەکو هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبینیت، دە هەواڵ و راز و گلەیی ناخۆش دێتە بەرچاو. لەبەرئەوەشە دەڵێم ئەو بۆچوونە تەمومژاویە، لە پێش هەموو شتێکدا بەرهەمێکی دروستکراوی میدیایە، ئینجا واقیعێکی تەواوە. بەواتایەکی تر: بەرجەستە و ئامادەکردنی هەواڵەکان و تاوتوێکردنیان بۆ خۆیان شتێکن، و واقیعیش شتێکی دیکەیە!

دیارە مەبەستم ئەوە نییە کەواقیعێکی ناهەموار هەیە لە کوردستان و هەڕەشە و مەترسی تێدا خۆی مەڵاسداوە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی کورددا لە هەموولایەکەوە و لەسەر هەموو ئاستێك چ لە کوردستان یاخود لەدەرەوە، بە شێوەیەکی کراوە وێنەی بارودۆخی کوردستان پەخشبکرێت. دەبێت ئەو راستییەش بزانین کە میدیاکان تەنها هۆکاری گەیاندن نین، بەڵکو بەرهەمهێنەری پەیام و بۆچوون دروستکردنن، و بەرژەوەندی خۆشیان هەیە و بەئاشکرا دەیانەوێت بێنە ناخ و هەست و نەستمانەوە. ئیتر مەسەلەکە لەوە دەرچووە کە ئەرکی میدیا هەرگەیاندنی زانیاری بێت، بەڵکو کار بۆ دروستکردنی راوبۆچەوون ئامانجە تێدا. وەلێ زۆر لە رۆژنامەنووس و ئەوانەی لە میدیاکاندا کاردەکەن، تاڕادەیەکی باش باوەڕیان بەو وتەیە کردووە کە (میدیا دەسەڵاتی چوارەمە). بەڵام

پەی بەوەنابەن کە دەسەڵاتی چوارەم بوونێکی راستەقینە و (دامەزراوەیی) نییە لە سیستەمی دیموکراسیدا. شتێك نییە ناوی دەسەڵاتی چوارەم بێت. لە باشترین حاڵەتدا میدیا ناتوانێت جێگرەوەی دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەبردن بێت، چونکە بەڕێوەبردنی کاری رۆژنامەگەری و میدیا شتێکە و لۆجیکی خۆی هەیە، و هەمان شتیش راستەبووترێت بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن.

بۆیە ناکرێت نووسەر و رۆژنامەنووس و کادرێری میدیاکان وابزانن کە ئەمان لەڕێی هەواڵ و پەیامەکانیانەوە دەسەڵاتی سیاسی تەواو شەتەك بدەن و بڕیاری سیاسی سەخت بدەن. ناوەندی بڕیار دەچێتە خانەی کارەکانی دەسەڵاتەوە. دیارە ئەمە زۆر بەزەقی لە میدیای کوردیدا، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرچاو دەکەوێت.

**ئاوابوونی حیزبی کوردی:**

کاتێك لێرەدا رەخنە ئاڕاستەی میدیای کوردی دەکەین، رەخنەشمان لە دەسەڵاتی حیزب هەیە. ئەمڕۆی دەسەڵاتی حیزبی بە پرشنگندارترین ڕۆژی سەروەری حیزبی لە کوردستانی باشوور دەبینم. ئەم قوناغە لوتکەی دەسەڵاتی ئەو حیزبە باوانەیە کە ئیتر هیچ لەپشت ئەم قۆناغەوە نییە بەڕای من، چونکە حیزب گەیشتۆتە خەونی دەسەڵاتگرتنەدەست. و ئەمەش خاڵیبوونەوەی خەیاڵ و خەونەکانی حیزبە. ئیتر دارمان و تلۆربوونەوە چاوەڕوانیانە. لەدوای گەیشتن بەلوتکە، هەمیشە کەوتنەخوارە و داکشان هەیە!

ئیدی رۆژی گەشی حیزبە دەسەڵاتدارەکان خۆی قۆناغێکی گۆڕین و گۆڕانکارییە، لەبەرئەوەی ئەو پارتانە لەسەرخوانی خەبات و تێکۆشان بۆ دەسەڵات دروستبوون، و لە قۆناغی بەرهەڵستییەوە چونەتە قۆناغی بەڕێوەبردن و تەختی حوکمڕانیی، کەئەمەشیان سەختتر و کارێکی ترە و زیاتر لە بەهرە و توانای خەبات و تێکۆشان، ئەقڵی بەرێوەبردن، سیاسەتی تێگەیشتن و وتووێژ دەخوازێت.

چونکە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ گوڕانکارییەکانی ئەمڕۆ. لەبەرئەوەی گۆڕانی قۆناغەکانی سیاسەت، فشارێکن بۆگۆڕینی خودی حیزبەکان، چونکە مانەوە و چەقبەستن دارمانە و هاوکات نوێبوونەوەش لە دەستدانی هەندێك لە دەستمایەی حیزبییە. لێرەوە گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵات هەنگاوێکیشە بەرەو دارمان. گەیشتن بەپلەوپایەکانی دەسەڵات بێمانابوون و پوچەڵبوونەوەی زەرورەتی دروستبوونی دەسەڵاتی حیزبییە. ئەمڕۆکە زۆربەی ژیانی



حیزبایەتی ئەوپەڕی بێ پێزیی و کات بەسەربردن لە رۆتینی کۆبوونەوە و هاتوچۆ و بەیاندەرکردن و شتی سەیر و سەمەرەدایە. ئیتر حیزب چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت وەك دوکاندارێك، کۆمپانیایەك بلۆك و چیمەنتۆ و کارەبا و ئاو و تەلەفون و چی و چی دابین بکات!

دیارە ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە حیزبی کوردی هەموو قۆناغەکانی خۆی تاقیکردۆتەوە، هەر لە شاخ و جەنگ و چەك هەڵگرتن و شەڕی دوژمن و ناوخۆ تا هاتنەوە بۆ شار و قۆرخکردنی دەسەڵات. گەرچی ئەمانە چەند قورس و سەخت کەوتبنەوە و باجی لە مرۆڤ و سامانی ماڵی و گیانی بۆدرابێت، فێرگە و وانەی چاکن بۆ کورد! چونکە جەنگ و شەڕ ئینجا ناوخۆییش بەتایبەت، رۆڵێکی گەورەی هەیە لە فێربوونی هزری دانوستان و رازیبوون و سەلماندنی یەکتری. جەنگ و شەڕوشۆر سەرباری شومی و ماڵوێرانییەکەی، بڕگەیەکی مێژوویی و بەشێکی گرنگە لە بیرکردنەوەی سیاسی و هزری ئاشتیخوازیدا. وەك هانگتۆن دەڵێت: ((شۆڕشی ئەمریکی و جەنگی درێژخایەنی ناوخۆ و ململانێی نێوان گرووپ و رەگەزەکان، هەموویان بوونە هۆی دروستبوونی ئەمریکا)) [(١)].

هەڵبەت مەبەستی من کێشە و (قەیرانی ناسنامەی سیاسی) حیزبەکانیشە. گۆڕەپانی سیاسی کورد ئەمڕۆ پڕە لە فرەحیزبی، بەڵام تا چەند تایبەتمەندی و سەرچاوەی بوون و مانەوەی جیاوازی خۆیانن؟ دیارە ئەمە دەبێت خۆیان وەڵامی بدەنەوە.

**دیموکراسی بەشدارەکی:**

با بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی ئێستاکێ. پێم وایە ئەم جەنجاڵی و لێشاوی رازوگلەیی و ناڕەزایی شایەتحاڵی پشێوی ماڵی کوردە لەلایەك، و لەلایەکی دیکەشەوە دەریدەخات کە چۆن میدیا وەك فاکتەرێك توانیویەتی رۆڵی کاریگەر لە بەرزکردنەوەی گرفت و کێشە و رووداوەکان ببینێت لەو دەرفەتە ئازادەی کە هەیە بۆ بەرچاوی هاووڵاتییان تائەوڕادەیەی مرۆڤ کێشەکان بە بەشێك لە خەم و پەژارەکانی دابنێت. هاوکات راستەوخۆ کار لە هۆش و نەست و ژیانیشی بکات. ئەگەر وردتر بچینە ناو ناڕەزاییەکانەوە، دەبێت ئەم راستییە بسەلمێنین: هەمووارکردنی ژیانێکی چاکتر و باشتر و لەبارتر لەڕووی ئاو و کارەبا و رێگاوبان و خوێندن و ئارامی گەلێك پرۆسێسێکە کە کاری درێژخایەنی دەوێت. چونکە بەندە بە بنیاتنانەوە ژێرخانی ئابووری هاوکات وەك چۆن رەخنەگرتن و رادەربڕین مافێکی سەرەتاییە، ئەرك و فەرمانەکانیش دیوێکی تری چەمکی (هاووڵاتییە).

لێرەدا پابەندبوون بە بنەمای دیموکراسی و یاسایی چ بۆ هاووڵاتی چ بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، مایەی درووستکردنی متمانە و باوەڕ بەیەککردنە. هەر بۆیە زۆری گلەیی و ڕەخنە لە یەکەم سەرنجدا دەری دەخەن کە ڕێژە دیموکراسی و ئازادییەك هەیە. کەواتە دەبێت هاووڵاتی داکۆکی لەو ئازادییە بکات و بیپارێزێت، چونکە ئەو دۆخە خزمەت بەخۆی دەکات و هاوکات دەبێت خزمەتیشی بکات. ئیدی (بەرەو دیموکراسی) بەشێوەیەکی شێنەیی دەڕوات، لە کاتێکدا شپرزەیی و جەنجاڵی لەتەك ئەم پرۆسەیەدا ئامادەیە.

وەلێ ئەم قۆناغە قۆناغێکی ڕاگوزەرە، شایەنی پشتگیری و باوەڕپێکردنە. ئەگەر بەراوردیبکەین بەپێش ڕاپەڕین باشتر ئەمەمان بۆدەردەکەوێت. کەواتە لە نێوان ئازادی و دیموکراسی لەلایەك، لەگەڵ جەنجاڵی و پشێویدا دیوارێکی ناسك و تەنك هەیە. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە قۆناغێکی تیژڕەو زۆر کراوەتر، کە نیهادی باش و مەترسیشی لەگەڵ خوێداهێناوە. دیارە گەر دیموکراسی و ئازادی سنوور و فۆرمی بەڕێوەبردن و بەرگریلێکردنی نەبوو، دەبێتە ماڵوێرانی، چونکە دیموکراسی کەشێکە ئازادیی تێدایە، بەڵام گەر وریای یاسای بەڕێوەبردن نەبین، لێکترازان و شیرازەپچڕانی جومگەکانی لە نێوان کۆمەڵ و تاك، و حکومەت و گەل ڕوودەدات.

ئاشکراشە دیموکراسی سیستمێکی بێ کەموکوڕی نییە، بەڵکو هەڵگری پارادۆکسە لە خۆیدا، وەك ئالاین فینکیلکراوت بە (دووفاقەیی دیموکراسی) یاخود (پارادۆکسی دیموکراسی) ناودەبات[2]. هەڵبەت پرسیار لەوەدایە: ئایا دیموکراسی سیستم و پرانسیپێکی نەگۆڕە و لەسەرو هەمووشتێکی ترەوەیە، وەك سێبەری ژیانی سیاسی و هاوژیانی و هەمووشتێك لەسایە دیموکراسیدا پێناسە بکرێت؟ ئایا دیموکراسی جێگەی ڕەتکردنەوەیە؟

ئەگەر وایە، ئەوە بۆخۆی دیموکراسی پێچەوانەی پرەنسیپەکانی ئازادی و مافی جیاوازییە، و سنووردارکردنی هەمووشتێکە جگەلە خودی دیموکراسی خۆی. بەمەش خودی دیموکراسییەت دیموکراسی نییە و دەبێتە ڕژێمێکی داخراو. بەڵام لە حاڵەتی یەکەمدا کە هەندێك سنوور و ڕێوشوێنی بەڕێوەبردن نەبێت، دیموکراسی تیادەچێت و کۆتایی پێدێت. لێرەوە فەرید زەکەریا لە پەرتووکی (داهاتووی ئازادیدا) دەیەوێت ڕێگاچارەیەك بگرێتەبەر کەهیچ لایەکیان تێدانەچن[3]. چونکە دەکرێت لە هەردوو حاڵەتدا بە قازانجی سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمیەت و پۆپیلزم تەواوبێت.



دەبێت لە دیموکراسیدا یاسای بەڕێوەبردنی پەیوەندی و ململانێکان هەبن، وە دەرهاویشتە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان پینەوپەڕۆبکرێن. کەواتە لە هەلومەرجێکی وەك کوردستان، دەبێت بواری ڕادەربڕین و ڕەخنە و ئازادی هەبێت، لە هەمانکتیشدا ڕێوڕەسمی دانوستان و تێگەیشتن لە ئارادا بێت. نەك دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بۆخۆی لەلایەك شتێك بڵێت و هاووڵاتیش لەلایەکی ترەوە و هیچ پردێك نەبێت لە نێوانیاندا.

شتێکی دیکەش کە نابێت لەیادمان بچێت: ئایا بۆچی لەسەرئاستی جەماوەریش نارەزایی و سکاڵای بێ ئەندازە هەیە؟ تۆ کەسێك نابینیتەوە داخ و گلەیی نەبێت و باس لە کەموڕییەکان نەکات. کەواتە کێ بەرپرسیارە لەم دۆخە؟ دیارە زۆربەمان دەڵێین تەنها و بەتەنها دەسەڵات. بەڵام ئایا تەنها دەسەڵات و بەرپرسەکان ئەرکی چاککردن و باشترکردنی گوزەرانیان هەیە؟! نەخێر، بەڵکو لەسەر ئاستی جەماوەر و هاووڵاتییان ئەرکی دیموکراسی هەیە، کە لێیان دەخوازێت بەشداربن لە دیموکراسیدا.

بەشداربوونی سیاسی تەنها دەنگدان و داواکردنی مافەکان نییە. بەڵکو بەشداریکردنە وەك هاووڵاتییەك، وەکو فەرمانبەرێك فەرمان و ئەرك هەیە لە سەرشانی. لەبەرئەوە ناکرێت هەموو کۆسپ و گرفتەکان بە هێجگاری بۆ ناوەندی دەسەڵات بگەڕێندرێتەوە، چونکە ئەم لێکدانەوەیە وامان پێدەڵێت کە ئێمە لە هەمووشتێکدا دەبێت وابەستەبین بە دەسەڵاتەوە. ئەمەش تەنها دەوڵەتێکی پۆلیسی سەرتاپاگیر دەگەیەنێت، کە دەوڵەتێکی باوکسالارە و بەرپرسە لەهەموو بچووك و گەورەیەك. جێبەجێکردنی یاسا بۆ هەمووە بێ سێ و دوو. پاشان ئەنجامدانی هەندێك بڕیار تەنها بەیەك لایەن ناکرێت، بەڵکو هاریکاری هاووڵاتیان دەخوازێت. هەر بۆنموونە: مەسەلەی پاك و خاوێنی وەرگرە. کەسێك نابینیتەوە باسی سستی و کەمتەرخەمی شارەوانی نەکات، لە کاتێکدا تۆ دەبینیت خەڵکی بەردەمی ماڵ و دوکان و جێگای سەیران و هەوارەکان پیسدەکات! ئیتر شارەوانییەکی دواکەوتوو چۆن فریای ئەم هەموو خاشاکە بکەوێت؟

لێرەوە دەتوانیت باس لە جۆرێك، مۆدێلێکی (دیموکراسی هەرەوەزی[1]) بکرێت (Associatve democracy) ئەمڕۆکە باس لە لایەنە پەیوەندیدار و ڕێکخراوەکان و هاووڵاتییان زۆرێك لە ئەرك و فەرمان بەجێدەهێنن، بۆئەوەی ئەرك و قورسایی لەسەردەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سیاسی کەمبکەنەوە، چونکە ناوەندێتی دەسەڵات و بڕیار، بیرۆکراسییەت و ڕۆتین دەخولقێنێت. کۆمەڵگای ئەمڕۆش بەردەوام لە جوڵە و گۆڕاندایە، پێویستی بەپلان و نەخشەی گۆڕاو هەیە.

نابێت ئەوەشمان لە یادچێت کە زۆری بێزاری و گلەییەکان هاوشان و تەریبن لەگەڵ زۆربوونی داواکاری و خواستەکانی هاووڵاتییان. و ناهاوسەنگییەك هەیە لەنێوان تێرکردنی پێداویستییەکان و داخوازییەکاندا. هەر ئەمەش دەریدەخات کە تاکی کورد دەبێتە (هاووڵاتی) و داوای ماف و پێداویستییەکانی دەکات، و لەلایەکی ترەوە ئەمە هەبوونی ئازادیش دەسەلمێنێت، کە هاووڵاتی دەبێتە بەرپرسیاری خۆی و داوای مافەکانی دەکات. ئەمە لایەنێکی دڵخۆشکەرە، گەرچی هاوتای ئێش و ئازارەکانیشە.

وەك کوردێکی دوور لە نیشتمان، منیش، رۆژانە بەرەورووی دەنگوباس و هەواڵی ناخۆش دەبوومەوە، و لەگەڵ دەوروبەرەکەمدا دەکەومە مشتومڕەوە، چونکە زۆرێکیش لێرە هەمان گلەیی و گازندەیان هەیە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان. دیارە من تێگەیشتنم بۆ ئەمانیش هەیە، لەبەرئەوەی دەزانم زۆریان ئاواتەخوازن هەموو شتێك باشبێت و شانازی پێوەبکەن لێرە.

بەڵام کاتێك ماڵپەڕ و پێگەکان بەسەردەکەیتەوە، دەبینیت لێوانلێوە لە هەمان چیرۆکی ناڕەزایی. ئەمەش وادەکات ئاوارەیەکی کورد دوچاری دارمانی دەروونی بێت لەلایەك. نامۆیی و ژیانی سەختی ئێرە کە هەمیشە تۆ وەك بێگانەیەك سەیردەکرێت، لە ئەنجامدا خولیای گەڕانەوە دروست دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەو بارودۆخەی کوردستان کە وەك باسدەکرێت ناکامی و بێهیوایی دروستدەکەن. ئیدی هێندەی تریش ژیانی ئاوارە تاڵتردەبێت و رەنگدەداتەوە لە پەروەردەی منداڵ و توانای خۆگۆڕین و پێشکەوتندا.

**گلەیی بۆڵەبۆڵ یا رەخنە؟:**

زۆر جاران خۆم لەو جۆرە باس و گلەیی و رەخنانە بوردووە، چونکە هەڵەیەکی زەقی تێدا بەدیدەکەم: ئەویش ئەوەیە زۆرێك لەو باس و رەخنانە ناهۆشیارانە بەراوردی بارودۆخی کوردستان بە ئەوروپا و جیهانی پێشکەوتوو دەکەن و لە چاوی ئێرەوە سەیری بارودۆخی کوردستان دەکەن. دیارە ئەمە خوێندنەوەیەکی ناتەواو و قوڵبونەوەی تێدابەدی ناکەم. ئیتر زۆری گلەیی و گازندە و ناڕەزاییەکان بێ سەروبەرن، لە باشترین حاڵەتدا راوبۆچوونی تایبەتی ئەو کەسانەیە کە دڵسۆزیان تێدابەدی دەکرێن، بەڵام جۆرێکیشە لەو پەتا بەربڵاوەی کە هاووڵاتی کورد لە نیشتمان و لە دەرەوە دووچاری بووە و رێگاخۆشکەریشە بۆ ناهومێدی و ئیفلیجکردنی ویستی گۆڕان و سەیرکردنی داهاتوو.



ئیتر ئەمە گەمەیەکی ترسناکیشە، چونکە خولانەوەیە لە بازنەیەکی دەروونی داخراودا کە ناڕەزایی و پەلەنگازەیی دەبێتە خویەکی ناو نووسین و رۆژنامەگەریش، کە ئێستاکێ بۆتە جۆرێکی نووسین کە خوێنەر راودەکات، رەواج دەداتە رۆژنامە و گۆڤارەکان. نووسەر رۆژنامەنووس هەقی خۆیانە رەخنەبگرن و بنووسن لەسەر کەموکوڕییەکان و پەرۆشبن بۆ کێشەکانی هاوڵاتییان، بەڵام جێگەی پرسیاریشە کە تەنها لایەنی خراپ بکرێتە ئامانجی نووسین و هەرچی کەموکورتیش هەیە بخرێتە ئەستۆی دەسەڵات و بەرپرسەکان.

ئەگەر بەمەندە کێشە و گرفتەکان تەواوبێت و یەکدوونووسین بە رازوگلەیی و وتنی راستییەکان کۆتایی بەکێشەکان بێن، ئەوا هیچیتر ناگەیەنێت جگە لەوەی کە ئەم نووسەر و نوسینانە بێباك و تەنها خەریکی ویژدان ڕازیکردنی خۆیانن، چونکە دەنگ هەڵبڕین و وتنی ڕاستی تەنها بەس نییە لێرەدا. لەبەرئەوەی کەسێك جاڕی راستییەك بدات بێباکە لە هەموو ئاکام و ئەنجامێك کە کێشەکان بە کوێدا دەکەوێتەوە. کەسێك تەنها باکی وتنی راستیەکی هەبێت وەکو ئەوە وایە هاوار بکات و بڵێت "خەڵکینە ئەمە ڕاستییەکانن، ئیتر ئێوە و چارەنووستان".

هەر بۆیە دەڵێم ئەمە بێباکییە دەروەست نەهاتنە لە خۆیدا بەرامبەر کێشەکان. ئەمڕۆ ئاسانە راپۆرتێك لەسەر واقعێك بنووسی، لە کاتێکدا هاووڵاتییانی کورد ئاگاداریشە لێیان و دەیان بینێت. پاشان بارەکە لواوە بۆ نووسەرێك کەشت بڵێت، لە کاتێکدا لە ناو دەزگا و رێکخراوە رەسمییەکاندا ئەمە بە ئاسانی ناکرێت. ئیدی وتنی راستییەکان بە تەنها جۆرێکە لەگەردن ئازادکردن و پابەند نەبوون و نەسڵمینەوە لە ئاکامی کێشەکان. کەواتە وتنی راستییەکان بۆ خۆیان بەشێکن لە کێشەکان، نەك تێکڕای گرێکوێرەکان. بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن و چی بکرێت؟! وەك ئاماژەم پێدا، دەرگای گلەیی و رەخنە لە دوای راپەرینەوە ئاوەڵابووە، بە تایبەت لەڕووی چەندێتییەوە. هەروەها زۆربەی رەخنەکانی پێش راپەرین تاوتوێکردنی کێشە سیاسی و ئایدۆلۆجییەکان بوون، بەڵام ئێستا زیاتر باسی بژێوی و گوزەرانە نەك باسکردنی مەترسی لە ناوچوون و وێرانکردنی نیشتمان و نەتەوەیەك.

دیارە باسکردنی کێشە ئابووری و ئاستی گوزەران لە لایەن خودی هاووڵاتییەوە لەوەدەمەدا نەدەبوو، چونکە میدیا ئازاد نەبوو. لەبەر ئەوە میدیای ئەمڕۆ واقعێك دەخاتە بەرچاو بە هەموو دیوەکانیەوە ترس و دوو دڵی و ورە بەردان ئاسانتر دەکات. و خودی نووسەر و رۆژنامەنووسەکانیش کەمتر باوەڕیان بە چاکبوون و گۆڕانە، هاوکات بەدگومان و تەواو دڕدۆنگد و بێهیوابوون!

## کۆسمۆپۆلیتیکی رۆشنبیری ئێمە:

سەبارەت بەکۆسمۆپۆلیتیکی رۆشنبیر و نووسەری کورد (بەچەپ و ئیسلامگەرا و و جیهانگەراکانەوە) دەبێت کۆمەڵێك سەرنج بخەینە روو. رۆشنبیری ئێمە خۆی لە چێوەی جیهانێکدا دەبینێتەوە و سەیردەکات، نەك لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی چالاکی رۆشنبیری و پێگەیەکی هەیە، بەڵکو هۆکاری دابڕانی سیاسی و کولتووری گەلی کوردی لە جیهانی دەرەوەی لەپشتەوەیە. ئیدی ئەم خۆی بە بەشێك بەو جیهانە دادەنێت لەبەرئەوەی ئەم جیهانە ئەم بە بەشێك لە خۆی نابینێت. واتە ئەم پێناسەی خۆی و ناسنامەی گەلەکەی لە چێوەی جیهاندا دەکات. سەیر لەوەدایە کە جیهان بەنیشتمانی خۆی بزانێت، زێدی خۆشی تاراوگەیەك بێت. واتە ئەو لە جیهانەوە خۆی دەخوێنێتەوە و دەڕوانێتە خۆی، نەك لە نیشتمانی دایکیەوە سەیری جیهان بکات.

راستە نووسین یا هونەر و رۆشنبیری رەگەز و جوگرافیایەکی دیارکراوی نییە، وەلێ پێگە و زەمینە گرنگن بۆئەوەی بتواتنێت تیڕوانین و دیدی بۆ جیهان بکاتەوە (دیارە من لە بەشی داهاتوودا باسم لە بێ زەمینەیی و بێ پێگەیی دەستەبژێر و ئیلیتەی کورد کردووە). هەر بەمەش ئەم مرۆڤە پێگەی خۆی وندەکات وەك چۆن ناسنامەکەشی چ وەك کوردێك، چ وەك نووسەر و مرۆڤێك. لەبەرئەوەی خوێندنەوەیەکی بۆ نیشتمان و خۆی نییە، ئیتر چۆن ببێتە مرۆڤێکی جیهانی. ئەستەمە مرۆڤ بێ ریشە و ناسنامە بتوانێت دیالۆگ لەتەك ئەویتردا بکات. هەروەها راستە کە دەبێت مرۆڤی رۆشنبیر کۆسمۆپۆلیتیکی بێت و خۆی نەخزێنێتە چێوەیەکی تەسکەوە، بەڵام وەك سۆسیۆلۆجی ئەڵمانی ئورلوش بێك کە هەردەم بانگەشەی کۆسمۆپۆلیتیکی دەکات: "کۆسمۆپۆلیت مانای ئەوەنییە کە مرۆڤ شوێن و جێی نەبێت، بەڵکو ئەوندەیە تۆ لەڕوبەرێك دا پەیوەندێکی فراوانتر سنووربڕتردا دەبزوێیت". کەواتە ریشە و زێدی نووسەر گرنگە بۆ دروستکردنی پردێك لەگەڵ دەرەوەدا. ئیدی وڵاتی نووسەر گرنگە بەهێندەی گرنگی بیرکردنەوە و نووسینی رۆشنبیری وەك هەمزەتۆڤ دەڵێت: "وڵاتەکەم بابەتی منە. پێویست ناکا بگەرێم یا هەڵی بژێرم. ئێمە وڵاتمان هەڵنابژێرین. وڵاتەکەمانە کە هەر لەسەرەتاوە ئێمەی هەڵدەبژێرێ. هەڵۆ بە بێ ئاسمان نابێ، بزنەکێوی بێ تاشەبەرد نابێ... بەهەمان شێوەش نووسەر بەبێ وڵات نابێ....و . وڵاتی خۆم لە هەموو دیاردەیەکی و لە هەموو کونجێکی دونیادا بەدی دەکەم. لەم بارەوە هەموو دونیا بابەتی منە. بەلای منەوە داغستانەکەی من بێ پەی و بێ سنوورە"(**رەسول هەمزەتۆڤ ١١٤: ١٩٧٩**)



شایانی باسە گەلێك لە هونەرمەند و نووسەر و کەسانی ئایدۆلۆجی، دونیابینییەکی سادەی کۆسمۆپۆلۆتیکیان هەیە کە جۆرێك لە ساویلکەیی و بازدان بەسەر پێداویستی و واقیعی نیشتمانیدا تێدەپەڕن، و بەکەم بایەخ و بەهەند وەریناگرن، بەڵکو زۆرجاریش بەتەوس و گاڵتەجاڕییەوە باسی لێوە دەکەن. لە کاتێکدا هەندێکی تر زۆر زیادەڕەویی کوێرانە لە بارودۆخەکە دەڕوانن، و بەهەموو شێوەیەك بە شان و باڵی نیشتماندا هەڵدەدەن!

هەروەك وتم ئامانجی من لەم نووسینە پرسیارێکی سەرەکییە: بۆچی گوتاری نەتەوەیی نیشتمانی پێویستە. وەڵامەکەیش، ناهەمواری و ناجۆری بارودۆخی کوردستانە لە هەموو روویەکەوە کە ئەو جۆرە گوتارە دەخوازێت. پێشنیارکردنی ئەو گوتارە دەبێت بەشێوەیەك تێی بگەین کە دووربێت لە رەگەزپەرستی و دەمارگیری و پەڕگیرییەوە. وەك وتم گوتاری (نەتەوەیی) لای نووسەر و خوێندەوارە کۆسمۆپۆلیتیکەکان و ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیزم و ئیسلامگەرا بە شۆڤینزم و دواکەوتووی دانراوە. وەلێ دەبێت بزانین کە دەمارگیری نەتەوەیی و رەگەزپەرستی، لە نیشتمانپەروەری و ئینتیما بۆ نیشتمان و دەوڵەتێکی رەوا جودابکەینەوە.

لە پەرتووکە ناسراوە کەیدا )لە پێناو خۆشەویستی نیشتمان( ماوریزۆ ڤیرۆلی ئەم لایەنە گرنگەی بە شێوەیەکی تیۆری و بەجوانی دەرخستووە[٤]. ڤیرۆلی لەباتی نەتەوەپەرستی چەمکی پاترۆیتیسم، نیشتمانپەروەری، واتە پابەندبوون و گوێڕایەڵی دەزگا و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، و کارکردن لە پێناو باشکردن و سەرخستنی دەزگاکاندا دادەنێت.

دیارە بۆ ئێمەش گوتارێکی نیشتمانپەروەر کەلەسنووری ناوچەگەری و حیزبایەتی و ئایینی خێڵایەتی دەربچێت پێویستە، بۆئەوەی هاووڵاتی بتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان گلەیی و رەخنەگرتن و پابەندبوون بە یاسا و پاراستنی نیشتمانی خۆیەوە. دەکرێت هاووڵاتییەك گلەیی و رەخنەی زۆرهەبن، بەڵام نابێت ئەمە ببێتە هۆی ئازار و هەڵگەڕانەوە و تێکدانی دامودەزگا و گێرەشێوێنی. چونکە گلەیی و رەخنە مافێکی سروشتی و ئازادییە، بەڵام ئەوەی لەوە دەردەچێت دەچێتە قاڵبێکی ترەوە. ئەوەیش پابەند نەبوون و رێزنەگرتنی یاسا و ئاسایشە. و بێ هودەکردنی نیشتمان رێزلێنەگرتنی و دژایەتیکردنی بە بەهانەی خراپی باری گوزەران و کەموکوڕییەکان.

ئیدی لێرەدا هەست و بیری نیشتمانپەروەری کورتدەهێنێت! گەر ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی کزبوو، مرۆڤ تەنها گلەی و رەخنە ناگرێت، بەڵکو دژی زێد و مێژوو ناسنامەی خۆشی دەوەستێتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا مرۆڤی ئێمە هەستی نیشتمانی و پابەندبوون پێوەی، بانگەشە بۆ شارچێتی و حیزبایەتی و ئایین و ئایدۆلۆجیا خێڵ، دەخاتە پێش هەموو شتێکەوە کە هەرگیز ئەمە ئاکامێکی باشی نابێت.

هەڵبەت کۆمەڵگای کوردی لە ژێر کاریگەری جیهانگیری دا گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە و کەوتۆتە بەر فشاری لاوازبوونی پابەندبوون بە (ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەییەوە). و لە جیاتی ئەوەش پەرتبوون و بچووککردنەوەی ناسنامەی (کوردبوون) هاتۆتە ئاراوە، کە مرۆڤ خۆی بەناوچە و خێڵ و حیزب و ئایینەوە پێناسە دەکات. و ئەو شتانەش لەسەروی سەروەری نیشتمانەوە دادەنێت. لەباتی جەخت لەسەر زمانێکی کوردی بکرێت، پێ لەسەر دیالێکت و ناوچەگەری دادەگیرێت. دیارە ناکرێت ئێمە جیاوازییەکان نەبینین، بەڵام بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستێك کە لێکترازان و دابڕان دروستبکات، ئەوە شتێکی دیکەیە. ئاشکرایە هەرکەسێ خۆی بە بەشێك لەشتێکی گەورەتر و فراوانتر نەزانێت کە نیشتمانە، ئامادەش دەبێت پشتی تێبکات لەپێناو شتێکی بچووکتردا!

## شاڵاوی رەخنە زۆرترە لە رۆژانی داگیرکردن:

سەیرنییە کە ئەمڕۆکە رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی زیاتر بێت لەوەی کە لە رژێمی داگیرکەر گیراوە. لەلایەکی ترەوە زۆرینەی گلەییەکان راستەوخۆ پەیوەستن بەمڕۆکەوە و تەنها کێشەکانی هەنووکە لەبەرچاو گیراوە، لە کاتێکدا زۆرینەی کێشەکان پاشخانێکی مێژووییان هەیە و بەئاسانی بنەبڕ ناکرێن. هەر بۆیە رەخنە و گلەییەکان کەمتر لە دیدێکی داهاتوو و ئاسۆبینییان تێدا بەدیدەکرێن تا ئەو رادەیەی مرۆڤ کورتهێنانی خزمەتگوزاری رۆژانەییەکان بکاتە پێوانەیەك لەسەر داهاتووی کورد و بگاتە ئەوڕادەیەی کە ئەگەر حکوومەتێك نەتوانێت ئاو دابینکات، داهاتووی نییە! گەر لەدیدی مێژووییشەوە بڕوانینە دەسەڵاتی کوردی، دەبینین یەکەمجارە لە مێژوودا بەم شێوەیە دەسەڵاتێك نیشتمانێکی بەرین بەڕێوە ببات.

ئەمە بۆخۆی قۆناغێکی ترە و گرفتیشی زۆرە. لەبەرئەوەی ئەزموونی بەڕێوەبردن هەژارە. وەك چۆن حوکمڕانی کورد نوێیە، ئاوەهاش شێوازی مامەڵەی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات و دەزگاکان نوێین. لە کاتێکدا کەمتەرخەمی و بێ متمانەیی و ترس و چاوەڕوانییەکی زۆریش هەیە، لێرەوە دەبێت ئێمە سەرلەنوێ لەواتای نیشتمانیپەروەری، هاووڵاتی بوون و مافی گلەیی و رەخنە و رادەربڕین بزانین ئەو دۆخەی ئیمڕۆکە بەرەو پەرتبوون (Fragmentization) و لێکپچڕان دوورکەوتنەوەیە، و خەڵکی و رۆشنبیری و ماڵی کوردی بەرگەی ئەو داپچڕان و لێکهەڵوەشانە ناگرێت. ئەمەش بۆ خۆی هەڕەشەیەکە لە دەسەڵاتی کوردی کەناکرێت چیدیکە دەستەوسان بێت لە ئاست دۆخەکەدا.



## ئەنجام:

کەواتە ململانێ و تێکۆشانی سەختی مرۆڤی کورد دووشتە لەیەك کاتدا: یەکەم، بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵستی لە پێناو سەپاندنی دەسەڵات و ناسنامەی نیشتمانی و کولتووری نەتەوەی، و پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی. هەروەها دەستەبەرکردنی مافی حوکمڕانی بەڕێوەبردن. دووەم، ململانێ و ناکۆکی مرۆڤە وەك هاووڵاتییەك لە کۆمەڵگای کوردیدا و لەبەردم دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیشدا بۆ چەسپاندنی ماف و داخوازییەکانی.

دیارە لەم چەند ساڵانەی دواییدا ئەمەی دووهەمیان زیاتر تەشەنەی کردووە و بەرەو زیادبوونیش دەچێت و ململانێیی سەختگیر و نائارامی هێناوەتەگۆڕێ. وەلێ ئەمەش سەیرنییە گەر بزانین کە گوتاری نیشتمانی تەواو لاواز و بێ پێزە و لەپایەی کەمکراوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە وەك ئاماژەی پێدرا، میدیای گلۆباڵ وایکردووە کە مرۆڤ سەرنج بۆ شتێك،خەونێك بچێت کە لە دەرەوەی نیشتمانی خۆی بێت، و قایل نەبێت بەوەی کە هەیەتی!

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئێمە لە ناوبەلەمێکی کونکراوداین و دەشمانەوێت لە خنکان رزگارمانبێت. بەڵام هەموو سەیری یەکتردەکەین و چاوەڕێی ئەویتردەکەین و یەکتریش تاوانباردەکەین لە باتی ئەوەی خۆمان رزگاربکەین! بارۆدۆخی ئەمڕۆ دەبێت نیهادی دوارۆژێکی چاکتر و باشتربێت، ئەگەر کاری لەسەر هەموو ئاستێك بۆبکرێت. دیارە ئێمە ناتوانین پێش پێگەیشتنی وەرزی رنین، بەروبوم و میوەکان بخوێن.

## سەرچاوەکان :

1. Samuel Huntington Wie zijn wij?´ Ambo-Amsterdam´2004´
2. Alain Finkelkraut Dubbelzinnige Democratie´. Damon´2004´
3. Fareed Zakaria The Future of Freedom. Norton. New York´2003´
4. Maurizio Viroli For Love of Country. Oxford ´1997´

## ٥-٤- تەندەری خۆدۆڕاندن: کەرکوك و پووکانەوەی حزب:

### حیزب و قەیرانی سیاسەتی کورد:

یەکێك لە ئالۆزی و ناتەواوییەکانی سیاسەتی کورد حیزبە. هێندەی حیزبی ئێمە لە مێژینەدا کە نزیکەی سەدەیەکە مایەی خەبات بووە، هێندەش ئەورۆکە ماڵوێرانی و نەگبەتی سیاسییە. حیزب لەم جۆرەی ئەمڕۆدا مە ترسییە بۆ سەر ژیانی سیاسی و نەهێشتنی پێگەیشتنی ئەقڵی دەزگایی و دامەزراوەیی دەوڵەت. حیزب ئەمڕۆ چیتر جیانییە لە تیرەگەری و ناوچەگەری و ئایینداریی نەوەك کارگوزاری سیاسی!

یەکەم مەترسی حیزبیش بۆ سەر ژیان سیاسی و کۆمەڵایەتی، پەرتوبڵاوکردن و لێکهەڵوەشانی گوتاری سیاسی و جەستەی کۆمەڵە. حیزبیش فاکتەرێکی تری لاوازکردنی یەکگرتوویی کوردە لە پاڵ ئایین و فێڵ و ناوچەگەریدا. مەبەستم لەم قسەیش دژایەتی کردنی فرەحیزبی بە بنەما و ڕێوشوێن نییە، چونکە ئەوە زەرورەتێکی سیاسییە. هەڵبەت مەبەستی من کێشە و "قەیرانی ناسنانەی حیزبییە". گۆڕەپانی سیاسی کورد ئەمڕۆ حیزب زۆرییە، بەڵام تا چەند تایبەتمەنێتییان لە جیاوازی بەرنامە و بیرکردنەوەوە سەرچاوەی گرتووە؟ واتە دەبێت ئێمە جیاوازی لە نێوان فرەحزبی و حزب زۆری دا بکەین، یەکەمیان پڕەنسپێکی دیموکراسیە، ئەویتریان بێ سەروبەری سیاسیە!

### هەڵدێری سیاسەتی حیزبایەتی:

ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆن کە حیزبی کوردی بەرەو پووکانەوە مل دەنێن (دیارە پێشتر ئەم خاڵەم وروژاندووە). دیارە بە تەنها مەبەستم لە پووکانەوەی ئابووری و کەمبوونەوەی ئەندام و لایەنگر نییە، بەڵکو دۆڕاندنی قورسایی سیاسیە لە توانای نوێنەرایەتی گەل و داخوازی و مافەکانی کورد. گەر زیادەڕەوییی نەبێت، کەرکوك ئاماژەی دۆڕاندی حیزبی کوردییە. هاوکات زەبوونی و ئیفلاسی هزری سیاسی کوردیشە. سیاسەتی کوردی لەچەندین دەهە زیاترە بۆ کەرکوك خەبات ئەکات و هەمیشە وای لەئێمەی کورد گەیاندووە کە هەموو کێشەکە لەگەل دەسەڵاتی بەغدا لەبنەڕەتەوە لەسەر ئەو مەسەلە بووە.

وەلێ سیاسەتی کوردی ئەمڕۆش کە خۆی نەیتوانیوە پاش چەندین شەڕ و ململانێی و هاوپەمانێتی گەورەترین زلهێز کە ئەمریکایە، ئەو ئامانجە یاخود بەلانی کەمەوە شتێکی



لێبهێنێتەدی. کەواتە ئەمە مایە پووچی حیزبی کوردییە، چونکە بە ئاشکرا بێدەسەڵاتی و بێتوانیی کارامەیی لە گەمەی سیاسی دا دەردەخات. لەبەرئەوەش کە نەیتوانیووە پێ لەسەر داواکاری و ئەو بەڵێنانەی لەگەل هاوپەیمانەکانیدا (گەر بەفەرمی هەبن) دا بگرێت. ئیدی ئەمە سەرەتای گلۆربوونەوەی حیزبە وەك تاکە گەمەچی کایەی کولتووری و سیاسی کورد و ئاوابوونی ئاسۆکانیەتی لە ئێستا و داهاتوودا. ئەوەش لەبەر دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێك هەڵە و کەموکورتی کە نوێنەرایەتی کورد بەردەوام تێیان دەکەوێت.

لێرەشەوە بە پلەی یەکەم کەموکورتی لەوەدیهێنانی بەڵێن و داواکان لە ئەستۆی چۆنیەتی و ئەو لایەنە نییە کە کورد گرەوەیی لەسەر کردووە، واتە ئەمریکا یا هەر زلهێزێکی تر، بەڵکو لە گەردنی خودی سیاسییەکان و پلانی کوردە. سیاسەتی کورد تائێستاش دانی بە لاوازی و کەموکوڕییەکانی خۆیدا نەناوە و بەراشکاوی پێی لێیان نەناوە، بەڵکو هەمیشە خۆی لەدرکاندنیان ئەدزێتەوە. چونکە پێی وایە متمانە و کرێدیتیبیلێتی ئەدۆڕێنێ لەناو جەماوەردا!

هەروەها تائێستاش سەرکردەی کورد لە ناخەوە نەگەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی لەکاری سیاسیدا نشوستی و شکستی ئەگەر و واقیعێکە کە هەموو گەمەیەك دەگرێتەوە. بۆیە شکستی نە مایەی شەرمە و نە کۆتایی سیاسەت. بەڵام لەبەرئەوەی حیزب و سیاسیی کورد شکستی بە خاڵی کۆتا ئەزانێت، خۆی ئەدزێتەوە لەدرکاندنیی و شەرمەزاری دایدەگرێت. هەر لەبەرئەوەش حیزبی کوردی گرەوەی جەماوەری دۆڕاندووە، چونکە تەنها ئەسپی سیاسی بووە! لە کاتێکدا لە سیاسەتدا و لە هاوکێشەی ململانێکاندا شەرم و لەدەستدانی شتێك هیچ واتا و پایەکی نییە. سیاسەت واقیعە نەك وانە و بەهای ڕەوشتی (لە تەوەری ئایندەدا ئەم پەیوەندییەی نێوان سیاسەت و مۆراڵم زێتر ئاوەڵاکردۆتەوە).

### کەرکوك ژێدەری سەرکەوتن و دۆڕاندن:

بۆ سیاسەتی کوردی کەرکوك ژێدەری سەرکەوتن و دۆڕاندنی کێشەکە و جەماوەریشە، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا. دیارە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان پرسی سیاسی و لە دەستدانی جەماوەر هەیە، بەتایبەت بۆ سیاسەتی کوردی کە سیاسەتێکی حیزبییە لە پێش هەموو شتێکدا، نەك نەتەوەیی-نیشتمانی. بۆیە دۆڕاندنی کێشە و پرسەکانی ئەنجامێکی ترسناکی هەیە بە لەدەستدانی پشتیوانی جەماوەر.

ئیدی دۆڕاندنی متمانەی جەماوەری ژێدەرێکی ترسناکە کە حیزبی کوردی مایەپووچی سیاسی خۆی تێدا دەبینێتەوە. ئەوەتانێ جەماوەری دەنگدەر، لەو دواییەدا پشت لە حیزب دەکات و لە هەڵبژاردنەکاندا چیتر پێشوازی و پشتیوانی گەرمی لێناکات. دیارە ئەمە ئاکامێکی ترسناکە، چونکە سروشتی حیزبی کوردی ئەوەیە کە هەردەم گرەو لەسەر جەماوەر دەکات نەك پرەنسیپ و بەرنامەی کاری سەنگینی وا کە جێی پێی لێژنەبێت. حیزبی کوردی حیزبێکی جەماوەرییە، نەك پرەنسیپ و بنەمای دارێژراو.

هەڵبەت یەکێك لە سروشتی ئاپۆڕەی خەڵك ئەوەیە کە هەمیشە چەسپاو و سەقامگیر نییە. "خەڵکی" بەردەوام و بەهەمیشەیی جەماوەری حیزبێك نییە، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەر هەن کە جەماوەر خڕدەکەنەوە و پەرتەوازەیان دەکات. باشترین وەسف بۆ ئاپۆڕەی خەڵك ئەوەیە کە "جەماوەر هەورێکە کە زوو دەبارێت و دەپووکێتەوە". بۆیە جەماوەر پشتی پێدەبەسترێت، بەڵام نەك هەموو ساتێك لە کردەی سیاسیدا. پاشان حیزبی کوردی جیاوازییەکی باش لە نێوان جەماوەر و ئەندامی ریزەکانی ناکات. هەردەم حیزبی کوردی ویستوویەتی حیزبێکی جەماوەری سەرتاسەری بێت، بەڵام ئەمە یۆتۆپیایەکە کە هەرگیز بە شێوەیەکی سیستماتیکی راست دەرناچێت. بەتایبەت لە دونیای بزۆزی ئەمڕۆدا کۆمەڵێك پرسی شەخسی هەن کە مرۆڤ دەبەستێتەوە یا دووردەخاتەوە لە کێشەیەك.

بۆیە کەرکوك هەم ژێدەری سەرکەوتنی سیاسی کوردە وەك چۆن یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی تری وەك گەندەڵی و لاوازی ویستی سیاسی و یاسایی و سەروەری نیشتمانی کە کاریگەرییان لەسەر نشوستی و ڕەوینەوەی جەماوەر و گەل هەیە لە حیزبی سیاسی.



## ٦-٤- ئاڵۆزییەکانی نێوان سیاسەت و مۆراڵ:

لێرەدا هەوڵئەدەم لەسەر پەیوەندییە ناسازەکانی نێوان سیاسەت و مۆراڵ بدوێم و لەو بارەوە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری تیۆری بدەمەوە. ئەمڕۆکە ڕەوشی سیاسی و کلتووری کوردی زیاتر پێویستی بە تیۆریزەکردنی پرسیارگەلێکی سەبارەت بە سیاسەت و مۆراڵ هەیە، چونکە زۆرێك لە ئێمە مۆراڵ بە تەنها پێوەر دەزانێت بۆ هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن لە کردەی سیاسی. بەمەش جارێکی دیکە دەیسەلمێنینەوە کە جڤاتی کوردی کۆمەڵگەیەکە پاش مۆراڵی، واتە پاش -ترادیسۆنی- نییە، بەڵکو هێشتا دید و رانانی بۆ کێشەکان لە چاویلکەی رەوشت و ئایینەوە. من لێرەدا هەوڵدەدەم هەندێ سەرەداوی تیۆری ئەو ئاڵۆزاوییە لە ڕێی میتۆدی ریالیزمی سیاسییەوە لەبەریەك هەڵوەشێنم و بزانین ئەو دەزووە باریکە کامەیە کە ئەو دوو کایە لێکجیادەکاتەوە. دیارە ئەمەش پەلکێشمان دەکات بۆ پرسیارگەلێ سەربارەت بە سیاسەت کە دەمانخاتە بازنەی فەلسەفەی سیاسییەوە و دەبێت لە دیدێکی فەلسەفییەوە ئەم کارە بکەین.

گەر لەپرسیارێکەوە دەست پێبکەین کە داخۆ دژایەتییەکی بونیادی لە نێوان مۆراڵ و سیاسەتدا هەیە؟ بە تێگەیشتنی من، پێم وانییە دژایەتییەکی ناوەکی و بونیادی لەنێوان سیاسەت و مۆراڵدا هەبێت، بەتایبەت گەر ئێمە هەردووکیان وەك دوو کایەی گرنگی شارستانی و فەرهەنگی وەربگرین، دەبینین هەردووکیان دەڕژێنە یەك ڕێژنەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە جیاوازییان نەبێت، چونکە هەریەکەیان بۆخۆی کایەیەکی سەربەخۆی فەلسەفی و بەتایبەت لەلایەنی تیۆرییەوە هەریەکەیان دەچنە خانەیەکی تایبەتی ماریفییەوە. لێرەوە جیاوازییەکان زەقتر و ئاشکراترە وەك ئەوەی لە ژیانی رۆژانەدا دەردەکەوێت.

هەڵبەت دواتر زێتر رۆشنایی دەخەمە سەر ئەم لایەنە کە بەرهەمی دیدێکی ریالیستی سیاسییە کە کار لەسەر جیاکردنەوە و بەسەربەخۆکردنی سیاسەت لە مۆراڵ دەکات. و ئەمەش بە بەشێك لە بناغەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گرێدەداتەوە. سەبارەت بەوەی کە ئایا سیاسییەکان دەستیان لە قوڵکردنەوەی دژایەتی نێوان سیاسەت و مۆراڵ دا هەیە، ئەمە دەکرێت وابێت. گەرچ من هیچ نموونەیەکم لەبەردەمدا نییە کە ئاماژە بە کایەی سیاسی کوردی بدات. گەر کەسێکیش یا رەوتێکی سیاسی هەبێت ئاوەها بیربکاتەوە، ئەوا تەواو لە نەزانی و بێ ئاگایی لە پرەنسیپەکانی سیاسەت و مۆراڵەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەلاَم ئایا سیاسییەکان سوودمەندن لەو جیاوازییەی نێوان سیاسەت و مۆراڵ؟ دیارە لە خودی پرسیارەکەدا ئاماژەیەکی شاراوە و ناڕاستەوخۆ بەدیدێکی مۆراڵێستانە لە کردەی سیاسی هەیە. هەروەها جۆرە هێرشێکیشە بۆسەر رۆشنبیر و سیاسییەکانیش کە قۆرخکردنی جیاوازی سیاسەت و مۆراڵە لە پێناو دەسەلاَت. پاشان تاوانبارکردنی رۆشنبیرانیشە بە هەست نەکردن و خۆدزینەوە لە ئەرکە رەوشتییەکان وەك چاودێریکردنی دەسەلاَت و وتنی راستییەکان. وەك ئەوەی رۆشنبیران لە پشت "تێوریزەکردنی" چەمکی جیاکاری و دژایەتی نێوان سیاسەت و مۆراڵەوە بن. کە ئەمە وانییە جگەلە گریمانەیێکی سادە.

لەڕاستیدا سیاسەتمەدارانی دونیا و بەهی کوردیشەوە بەردەوام لە هەوڵ و دەرفەت دەگەڕێن بۆ پتەوکردنی دەسەلاَت و چەسپاندنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان لەسەر پشتی پرەنسیپە رەوشتییەکان، چونکە ئەو هەوڵە بەشێکە لە ئامانجە سیاسییەکان و بەردەوام دەتوانن و دەیانەوێت سوودمەندبن لە هەموو کایە و رێگایەك بقۆزنەوە کە لە خزمەت سیاسەتەکانیاندا دەگونجێت. کەواتە گەر رۆشنبیر هاوکارییان بکات یان نا، ئەوان هەر بەردەوامن لە سیاسەتەکەیان وەك چۆن بۆ هەموو رووداوێك بە هانە و پاساویان هەیە، ئاوەهاش سیاسەت بە هەموو هۆیەکەوە دەکەن.

ئیدی گومانم لە دژایەتی نێوان سیاسەت و مۆراڵ هەیە، تەنانەت گەر سیاسییەکانیش وادانێن کە ئەو دژایەتییە راستەقینەیە، ئەوا ئەمە هیچ لە بەرپرسیاری و لێپرسراوییان دانامالێت بەرامبەر راپەڕاندنی ئەرك و مافەکانیان لە کاری سیاسیدا. سیاسەت بە واتا سیاسییەکەی نەك لە دیدگای رەوشتگەراکانەوە هەر بەرپرسیارییە وەك چۆن رۆشنبیریش جۆرێك لە بەرپرسیاری دەرهەق بەخۆی و دەوروبەرەکەی هەیە. لێرەوە دەشێت ناکۆکی نێوان سیاسەت و مۆراڵ و هەم تێکەڵکردنی سیاسەت و مۆرالیش گەمەیەکی دیکە بێت کە دەسەلاَتی سیاسی لێی سوودمەند بێت. ئیدی بە هەردوو دیودا گەمەیەکە دەسەلاَت تێیدا قازانجمەندە.

بەدیوێکی کەشدا مەترسیەکی دیکە هەیە لەسەر پرەنسیپە سیاسییەکان کە ئەویش ئاوێتەکردنی سیاسەت و مۆراڵە. ئەمەش تەنها پیرۆزڕاگرتنی دەسەلاَت نییە، بەڵکو شێواندنی مۆراڵ و ترسناکیشە، چونکە لەم حاڵەتەدا ئایین و ئایدۆلۆجیاش دەبنە ئەسپێکی رامکراوی دەسەلاَت. گەر بێتو لە دونیای سیاسی هاوچەرخی ئەمڕۆ بڕوانین، دەبینین ئەو تایپە دەسەلاَتەی کە هەوڵی نزیکخستنەوە و ئاوێتەکردنی سیاسەت و مۆراڵ ئەدات زیاتر دید و بۆچوونێکی ئایینی



هەیە بۆ پیادەکردنی سیاسەت کە دەخوازێت دەسەلاَت لە هەموو لایەکەوە توند بکات چ لەڕووی مەعنەوی - ئایین، چ لەڕووی رەوشت و کلتوورەوە. لە یادمان نەچێت چ ئایین چ رەوشت هەرگیزا و هەرگیز بەشێکی راستەوخۆ نەبووە لە دەسەلاَت وەك دەزگایەکی سەربەخۆی بەڕێوەبردن. بەواتایەکی دیکە: هەرگیز هیچیان پێکهێنەری دەسەلاَتی سیاسی نەبوون، بەڵکو ئامێر و کارتێك بووە لە بۆ پتەوکردنی هەژمونگەری دەسەلاَتی گشتگیر و پاوانخواز، بەردەوام رەوشت بۆ پینە و پەڕۆی پاشەڵی سیاسی نادان بووە، نەك پەخشکردنەوەی پەیامێکی پیرۆزی مرۆڤ.

بێ سێ و دوو هیچ دەسەلاَتێك لە ئەمڕۆدا بانگەشەی رەوشتی بەرز و ئاکاری پەسەندی کرد ئەوا نیشانەی گەندەڵی و پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی مۆراڵە بۆخۆی. چونکە ئەگەر مۆراڵ لە رەهەندێکی فەلسەفییەوە لێك بدەینەوە، ئەوا دەبێت جیاکارییەکی تریش لەنێوان چەمکی مۆراڵ (ئاکار) و ئیتیك (رەوشت)دا بکەین، مۆراڵ کایەکی کەسییە و لە ئەستۆی تاکەکەسیدایە ملکەچی بکات یاخود نا، ئیدی مۆراڵ بەها رەوشتییەکان دەگرێتەوە و خودی تاکەکەس لە ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی بەرپرسیارە نەك دەسەلاَتێکی سیاسی یاخود دەزگایەکی حکوومی وەك چاودێری رەوشت و ئاکار، مەگەر لە دەسەلاَتە ئایینییەکاندا دەزگایەکی وا تایبەت هەبێت بۆ سزادانی هەڵسوکەوت بەناوی بەدڕەوشتی و لادانی کۆمەلاَیەتی. ئەگینا بەهیچ کلۆجێك راست نییە دەسەلاَتێك بەناوی رەوشتەوە بدوێت و لەهەمان کاتدا رەفتارەکانی دەقاودەق بەپێی پێوەرەکانی رەوشت و ئاکاربێت!

بێگومان سیاسەت سیستمێکە کە لەسەر بنەما و پرەنسیپی سیاسی دەڕسکێت لەکاتێکدا مۆراڵ سەرجەمی یاخود کۆبەندی بەهاکانە کە دەشێن بگۆڕێن و لەناو بچن. پاشان وەك ئاماژەم پێدا جیاوازی نێوان مۆراڵ و ئیتیك گرنگە کە بە داخەوە لەناو زمان و کلتووری کوردیدا تێکەڵ دەکرێن. ئەمەش بۆ خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە زمانی ئێمەدا کۆمەڵێك چەمکی فەلسەفی هەن تاکو هەنووکەش تێۆریزە نەکراون. ئیدی رەوشت کۆی پرەنسیپەکانە کە مۆراڵ لەسەری بەندە. بەواتایەکی دی رەوشت فەلسەفەی مۆراڵ دەگرێتەوە و ئێمە دەتوانین باس لە رەوشتی کاری سیاسی بکەین وەك چۆن باس لە ئیتیکی رۆژنامەگەری، یاخود ئیتیکی پزیشکی و یاسایی و هتد.. کە باس لەو بنەما رەوشتیانە دەکات کە دەبێت لەو کەسەدا هەبێت کە لە بوارێکدا کاردەکات. یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئیتیك ئەوەیە کە تاڕادەیەك نەگۆڕە و بەهایەکی گەردوونی و گشتییە بۆ هەموو کەسێك. ئیدی پێوەرێکە کە دەتوانین بڕیار و هەڵسەنگاندنی پێوە ئەنجام بدەین.

لەمەش گرنگتر جیاوازی نێوان مۆراڵ و سیاسەتە، لە دێرزەمانەوە ململانێ و جۆرێك لە ناكۆكی لەنێوان سیاسەتمەدار و ئەو كەسانەی بەناو مۆراڵی گشتییەوە ئەدوێن هەیە، بەتایبەت لەو كۆمەڵگایانەی هاوشێوەی كوردن ئەم پرسە زۆر زەق دیارە، هەر ئەمەش وا دەكات كە مۆراڵ لایەنە پراكتیكییە رۆژانەكان دەگرێتەوە كە مرۆڤ خۆی بڕیاردەرە لەسەر بەجێ هێنانی بەهایەك یان نا .(Bernard Williams: 1985 pp.174-195)، واتە گەر ئێمە جیاوازییەك لەسەر ئاستی تیۆری لەنێوان ریالیزمی سیاسی و دیدی مۆرالیزمییەوە بكەین باشتر لە جیاوازی سیاسەت/ مۆراڵ تێدەگەین. دەتوانین ئەو جیاوازییە سیستماتیكیانە لە روانگەی بیرمەندێكی وەك ماكس ڤیبەرەوە تێبگەین.

ئەو وەك كۆمەڵناسێك توانی جیاكارییەكی روون لەنێوان بەهاكاندا بكات، و بەپێی هەر كایەیەكی ماریفی وەك سیاست، ئابووری، مۆرال، كە هەریەكەیان بۆ خۆی كایەیەكی سەربەخۆ و بەهای تایبەت بەخۆیان هەیە كە لە كایەیەكی دیكەی جودا دەكاتەوە. ئەم دابەشكارییەی ڤیبەر لە ژێر"پرەنسیپی كاردابەشكردندا" كراوە. واتە هەر كەس و كایەیەك ئەرك و فەرمانی خۆی هەیە جیا لەوانی دیكە. لێرەوە بەهای سیاسی دەچێتە خانەی كاری سیاسییەوە، واتە دەوڵەت و حكوومەتەوە. بەهای ئاكار و رەوشتییەكانیش دەچێتە جێگای خۆی وەك چۆن بەهای جوانی دەچێتە بواری هونەر و وێژەوە. بەم واتایە بەها سیاسییەكان بەتەنها لەكایەی سیاسیدا دەخۆنو كاریان پێ دەكرێت. بۆیە ئێمە ناتوانین بەهای رەوشتی لەوێدا تاقیبكەینەوە، چونكە دەبێت سیاسەت بەپێی بەها سیاسییەكان ئەنجام بدرێت. لای ڤیبەر دابەشكردنی كار و بەهاكان بۆ خۆیان نیشانەیەكی دیاری كاراكتەری پلورالیزمی سیستمی بیری مۆدێرنە (Heldring 1991:83).

بەواتایەكی دیكە بڕیار و رەفتاری سیاسی لە پرەنسیپە سیاسییەكانەوە وەردەگیرێ. پاشان ئەو پێی وایە ناكرێت بەهاكان بۆ یەكتری كورت بكرێنەوە و لە دید و بەهایەكی جیاوازەوە سەیر بكرێن. بێگومان ڤیبەر لەخۆڕا بانگەشەی جیاوازی و سەربەخۆیی بەها و كایە سیاسی و رەوشتییەكانی نەكردووە ئەم جیاكارییە بە خەسڵەتی ئەقلانی كلتووری خۆرئاوا دەزانێت كە زادە و بەرهەمی ئاوەزێكی ژمێرەیی —هۆكارییە لێكدانەوەیە ((Calculation كە لە زانستە ئیمپرییەكان و هەم لە سیاسەت و ئیتیكیشدا كاری پێ دەكرێ. بۆیە دەوڵەتی مۆدێرن بە دەوڵەتێكی ئەقلانی و بیرۆكراسی و ژمێرەیی دادەنرێت كە لە سیستەمەكانی دیكەی جودادەكاتەوە .( M.Lezenberg 2000:159)



شایەنی باسە ئەقلانییەت لە سیاسەتدا بۆخۆی وەرچەرخانێكی مێژووییە كە پاش چەندین سەدە لەوچان لە دژی دەسەڵاتی ئایینی بەرپاكرا. كاتێك هەوڵدرا سیاسەت لە مۆراڵ و ئایین جودا بكرێتەوە، سیاسەت چیتر نەبێتە زۆنگاوێكی دۆگما و دیدی چەقبەستووی ئایینی/ مۆراڵیانە. ئیدی ئەقلانیەت وەك رێبارێكی كاری سیاسی و پێوەرەكانیشی لەسەر بنەمایەكی فەلسەفی دامەزرا كە لە رەهەندی پیرۆزییەت و ئەفسانەگەری لە دەسەڵاتی سیاسی سەندەوە و كار و بڕیاری سیاسی كردەوە بە كردەیەكی مێژوویی كە چیتر رەها و نامێژوویی نییە.

لێرەوە ریالیزمی سیاسی هەوڵێكە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی چەمكەكانی سیاسەت و بنەماكانی و پەیوەندی دەسەڵات و هاوولاتی و ئەركەكانی دەسەڵات، هەر بۆیە قسەكردن لەسەر سیاسەت پەلكێشمان دەكات بۆ ئاخاوتن لەسەر ئایین و سیاسەت. چونكە سەردەمانێك ئایین تاكە سەرچاوەی بنەما رەوشتی و ئاكارییەكان بوو. هەروەها زۆرێك لە پێوەرە رەوشتییەكان لە دیدی حەڵاڵ و حەرامەوە سەرچاوەی گرتووە، ئیدی دیدی ریالیستی بۆ سیاسەت و جیاكردنەوەی لە ئایین سیستمی سیكۆلاریزمی لێكەوتەوە. وەك چۆن زەرورەتێك هەیە كە سیاسەت لە ئایین جیابكرێتەوە، ئاوەهاش پێویستە سیاسەت لە مۆراڵ جیابكرێتەوە، چونكە بۆ پێوەرە ئایینی و مۆراڵییەكان پاساو بەهانەی لۆجیكی نییە.

خودی ئایین و مۆراڵ وەڵامی ئامادە و ئاشكرای بۆ كێشەكانی ئەمڕۆی لا نییە، بەتایبەت لە دونیای ئاڵۆز و بزۆزی سیاسیدا كە هەردەم لە گۆڕان و شڵەقاندندایە، مۆرالیستەكانیش توانای وەڵامدانەوەی پرسە سەیرەكانی ئەم سەردەمەیان لانییە. شتێكی دیكە كە دەشێت باسەكە لە رووی فەلسەفییەوە دەوڵەمەندتر بكات ئەو شیكارییە زمانەوانییەیەكە لە فەلسەفەی ڤیتگنشتایندا، دوو جۆر رستەی گوزارە (خەبەری) (Statement) لێك جودا كردۆتەوە و ئەوەی ئاشكراكرد كە چ جۆرە رستەیەك دەسەلمێندرێت و دەردەكەوێت لە زماندا: یەكەم ئەو رستەیەی كە راستەوخۆ و بە راستی پەیوەندی بە هەندێك فاكت-واقیعەوە هەیە. دووەم ئەو راستییانەی كە ئاماژە بە شتێك دەدەن كە هەن. بە رای ڤیتگنشتاین فاكتەكان، رووداوەكان بۆخۆیان دەبینرێن، لە كاتێكدا بەها رەوشتییەكان هیچ نین جگە لە نرخاندن و بەهادارێتی فاكتەكان. ئیدی بەهاكان ئاماژە بە بەشتێك نادەن كە بەخۆیان هەن، بەڵكو بە شتێكی دیكە لە دەرەوەی خۆیان وەك وەسفێك گوزارشتی لێدەكەن. كەواتە بەهاكان خۆبەخۆ هیچ واتایەكی وەهایان نییە، گەر ئاماژە بە فاكت و هەڵوێستێك نەدەن. لە كاتێكدا هەندێك رستەی تر هەن كە راستەوخۆ هۆ و هۆكار هەیە.

لێرەوە ئێمە ناتوانین لە فاکتەکان خۆیان بەهای رەوشتی داتاشین و دروستبکەین، چونکە فاکتەکان خاڵین لە واتایەك، بەهایەکی دیاریکراو. بە واتایەکی دی: فاکتەکان زادەی بەهاکان نین، و هەر ئەمەش وادەکات کە ڤیتگنشتاین بڵێت: "ئیتیك هیچ زانیارییەکی زیاتر ناخاتە سەر زانست و زانینی مرۆڤەوە" (Tractatus 1921:6.41). کەواتە مۆراڵ شتێکی سوبجێکتیڤە و پەیوەستە بە خودی کەسێکەوە کە تا چەند بەها رەوشتییەکان بە هەند وەردەگرێت، بەڵام سیاسەت دەبێت بنەمایەکی لۆجیکی ئەقلانی کە پاساو بدرێتەوە و مرۆڤ بتوانێت لێکدانەوەی بۆ بکات.

گەر بگەڕێینەوە کایەی رۆشنبیری کوردی و رۆڵی رووناکبیران لە وانەی مۆراڵ و سەرکۆنەکردنی دەسەڵاتی کوردی، پێم وایە رۆشنبیری کورد لەم رووەوە کەمتەرخەم نەبووە. چونکە وتاری رۆشنبیری کوردی لێوانلێوە لە رەخنەی رەوشتئامێز لە دەسەڵاتی سیاسی. ئیدی سەرجەم گلەیی و سەرزەنشتی ئەو لەو دیدەوە بووە. بەڵام کێشە لەوەدا نییە کە رۆشنبیر هیچی نەوتووە، بەڵکو کێشەکە لە چۆنیەتی و چییەتی رەخنەکاندایە. رەخنەیەك کە زۆر لە هەڵوێستگەرایی و پەرچەکردارییەوە نزیکترە و نەیتوانیوە بەجیا مامەڵە لە تەك بنەما و چەمکە سیاسیەکاندا بکات، و هەمیشە رەخنە و گلەیی خۆی بە رەوا و گونجاو زانیوە تەنها لەبەرئەوەی وتارەکەی رەوایە و لە دیدێکی مۆرالیستییەوە هاتووە!

لەکۆمەڵگا و سیستمی سیاسی دیموکراسیدا شتێك هەیە کە ناوی مافی هاووڵاتییە. دیارە هاووڵاتی مافی رادەربڕین و دەنگدانی و چەندان چالاکی راستەوخۆی سیاسی هەیە. مافی رەخنە لەهەڵسوکەوتی سیاسەتمەدار و بەپەرچدانەوەی بۆچوونەکانیان هەیە جا ئەمە لەچاویلکەی شتێکە و بێت کە ناوبنرێ رەوشت یا باشتر بڵێین ئاکاری هاوڵاتی بوون. کەموکوڕی دەسەڵاتی سیاسی لە ئەنجام نەگەیاندنی ئەرکەکانی خۆی بە نەبوونی هۆشیاری کۆمەلایەتی پاساو نادرێتەوە، گەر هاووڵاتی کەم هۆشیار بن بەرامبەر ئەرکەکانی دەسەڵات، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەسەڵات چاوی لە ئەرکەکانی خۆی بنوقێنێت، چونکە هەر دەسەڵاتێك ئەرکەکانی سەرشانی رانەپەڕێنێت درەنگ یان زوو ئاکامی تیاچوونە!

بۆنموونە دەشێت هاووڵاتییان دەنگی نارەزاییان بەرووی دەسەڵاتدا هەڵبڕن. وەلێ ناکرێ هۆکاری گەندەڵی راستوخۆ ببەستینەوە بە نەبوونی هۆشیاری سیاسی مرۆڤ هاووڵاتی. چونکە گەندەڵی کۆمەڵێك هۆکاری جیا لە پشتەوەیەتی. یەکێك لەوانە سەرلەنوێ دامەزراندن و چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسییە، بەتایبەت دوای جەنگ و شەڕ و شۆڕ. پاشان ململانێی



حیزبایەتی و پەیڕەوکردنی سیستمی خێلایەتی – بنەماڵە لە پیادەکردنی سیاسەت و ئەرکەکاندا. هەست نەکردن و نەزانینی بەرپرسیارێتی و ئاکامەکانی. نەبوونی دەسەڵاتێکی چاودێری یاسایی کە لێپرسینەوە ئەنجام بدات. بەڵام لە یادمان نەچێت بەتەنها یاسا بەس نییە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی، بەڵکو هۆشیاری و بەرپرسیارێتی ئینتما بۆ نیشتمان و نەتەوە لەسەر پلە و پایە و بەرژەوەندی تاکەکەسی و حیزب دابنێت. پاشان دڵسۆزی و بە تەنگەوەهاتنی جێبەجێکردنی فەرمانەکان کە بەرژەوەندی گشتی دەگرێتەوە.

دیارە ئەم چەند هۆکارە لە بەڕێوەبردنی سیاسی کورددا بە زەقی دیارن کە هەم رێخۆشکەریشن بۆ سیاسەتمەداری کورد کە ئاکامی کردەوەکانی خۆی نەهێنێتە پێش چاوی خۆی. لێرەوە ویژدانی دروست و هۆشیاری نیشتمانی و پسپۆری و لێپرسینەوە گرەنتی کەمکردنەوەی گەندەڵی سیاسین و ئەمەش بەوە ناکرێت کە بڵێت سیاسەت لە تەك مۆراڵدا ئاشتبکرێتەوە بەڵکو بە پەروەردە کردن و راهێنانی مرۆڤی کورد لەسەر پرەنسیپەکان و کارکردن بەو ئاراستەیەی کە دەبێت کایە و بەهاکان جیابن و هەر کەس کاری خۆی بزانێت و بەرپرسیاربێت بەرامبەر کارەکانی خۆی.

**سەرچاوەکان:**


1- M. Lezenberg and G.de Vris:Wetenschapfilosofie University Pres Amsterdam 2000.

2- LoLa Nauta:Kritische Knoppunten in normatieve ethiek:

3- Bernard Williams: Ethic and the limit of Philosophy: Fonton Press Collins 1985.

4- L.Wittgenstein:Tractatus logicus.

# تەوەری پێنجەم

# میدیا و دەسەڵات

### ١-٥- ئایا یاسای ڕۆژنامەوانی لەگەڵ پرەنسیپی دیموکراسیدا دێتەوە؟

"ئازادی توانستی ڕەفتارە بەپێی ئەقڵ، بۆیە ئازادی توانای هەڵبژاردنێکی-ئیختیارێکی-ئازادە و بەرەڵایی بێ سنوور و دەستنیشان نەکراو نییە. بەڵکو توانای ڕەفتارکردنی ئەقڵانییە و کۆنترۆڵکردنی هەست و نەستەکانە. زۆرلێکردن یا زۆربۆهێنانیش نەتوانینی کۆنترۆڵ نەکردنی هەستەکانە".(سپیۆنۆزا)*

**دەستپێك:**

لەو ماوەی دواییدا پەرلەمانی کوردستان یاسای ڕۆژنامەوانی بەرامبەر بە ناڕەزایی ڕۆژنامەنووس و هەندێك نووسەر و ڕووناکبیرەوە سەپاند. بەڵام دواجار یاساکە پاش هەندێك دەستکاری کردنی لاوەکی پەسەندکرا و بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسی و هەندێك مافی سەرەتایی ڕۆژنامەگەریی لەبەرچاوگیرا، وەلێ لەسەر حیسابی ئازادی ڕادەربڕین ئەمە کرا.

لەو سۆنگەوە من دەمەوێت بچمەوە ناو کێشمەکێشەکە و ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و میدیا کە کایەی گشتی ئازادییە، بکەمە تەوەرێك بۆئەوەی ئالۆزی و ململانێی نێوان میدیاو سیاسەت لێکبدەمەوە. و دەخوازم دەربارەی قانونی ڕۆژنامەگەری چەند پرسیارێك بورووژێنم و ئەو باسانەش کە لە بارەی ئەو یاساوە هەن، سەرلەنوێ تاوتوێ بکەمەوە.

لەوانەیە گەورەترین ململانێ و بەربەرەکانی (چالێنج) بۆ سیستمی دیموکراسی میدیا بێت لەم سەردەمەدا. دەشێت ڕادەی دیموکراسی لەروانگەی ئازادی بیروڕا و میدیای ئازادەوە بپێورێت. بۆیە ململانێی میدیا و دەسەڵاتی سیاسی یەکێکە لەو ئیشوانەی (issue) کە ئەمڕۆ بیرکردنەوەی سیاسی ئالۆزدەکات. ئەمەش ئەگەرچی بابەتێکی زیندووە بە تایبەت مەسەلەی یاسای ڕۆژنامەگەری کە ئەم نووسینە پاش پرۆژەکە دێت، بەڵام دواجار هەڵدانەوەی



ئەم کەیسە درەنگ نییە، چونکەپێویستی بە بەدواچوونی زێتر هەیە. چونکە گەر وا نەکەین، ئەوا دەرگای و تووێژ و پەندوەرگتن بەڕووی گرفتێکی سەختدا دادەخەین.

**میدیا و دەسەڵات: ترسی دوولایەنە:**

ڕەوشی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و میدیای ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەرباری ئەو هەندە ئازادییەی کەهەیە لە هەڵوێستگەرایی و ترسدا دەردەکەوێت. گومانی تێدانییە کە ترس دیاردەیەکی سروشتی ئاساییشە تا ئەو ئەندازەی نەبێتە بنەمای داڕشتنی سیاسەتی مامەڵە و دانوستان لە هەردوولاوە. چونکە گەر ترس کەوتە ئەو نێوانەوە، زێدەڕەوەیی لەسڵەمینەوە دەبێت لە هەڵسانگدنی یەکتر و کاریگەری دەبێت بۆ هەردوو کایەکە: میدیا و دەسەڵات.

سکاڵای دەسەڵات لە میدیای کوردی بە تایبەت ئەوەی بە میدیای ئازاد دادەنرێت، تۆمەتێکە: میدیا پەلاماردەر و هێرشبەرە، چێواشەکەرە و زێدەڕەوەیی دەکات لە باسکردنی گرفتەکاندا. واتە ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکات و رق و کینەدۆز و سوکاییەتی بە کەسێتی سیاسی دەکات لە ژێر ناوی نیشاندانی گەندەڵی و ئیفلیجی دەسەڵاتی کوردی لە کاری بەڕێوەبردندا. ئەم تێڕوانینە بۆ میدیا بۆخۆی ترس و گومان لای دەسەڵات و سیاسەتمەدارەکان دروست دەکات بەرامبەری ئەو ڕووبەرەی ناوی ئازادی دەربڕینە. ئیدی لێرەوە دەسەڵات خۆی دەخاتە بەرامبەر میدیا و حاڵەتی هەڵوێست وەرگرتنەوە. ئەمەش جێی پرسیارە.

باشە بۆچی دەسەڵات لە داواکاری میدیا تێناگات و لێی دەسڵەمێتەوە؟

پێم وایە ئەزموونی میدیا لای ئێمە دوو جۆر بووە: جۆرێك کە بەشێك بووە لە شۆڕش و خەباتی شاخ. ئەویدیکەش پڕۆپاگەندەی ڕژێم بووە. لێرەوە میدیای کوردی ئازادنەبووە و نەیتوانیوە لە دەرەوەی ئەودوو ئەزموونە بێتە دەرەوە. گەرچی ئەمڕۆ ئامانجی میدیای ئازاد جیاترە لەمیدیای حیزب، بەڵام شێوازی کارکردنی سیاسییانەیە و میکانیزمەکەی هەڵوێستگەرایی و ئامانجگەرایی سیاسییە. بۆیە وەك چۆن زمانی دەسەڵات بەرامبەر میدیا پڕە لە گرژی و تانوونەتە، بەهەمان شێوەش زمانی میدیا زبرە و گرژیی لە خۆگرتووە. هاوکات دەسەڵات لە میدیا بەگیر و بەهانەیە، لە بەرامبەریشدا میدیا دەسەڵات وەك تارگێتێك بۆ کاری ڕۆژنامەوانی دادەنێت. ئەمەش هەر بۆ ئەو بۆچوونە کە هەیە: پەیام و ئامانجی ڕاگەیاندن ئاڕاستەی دەسەڵاتە بە پلەی یەکەم.

لێرەوە من پێم وایە میدیای ئێمە خەباتی سیاسی دەکات بە میکانیزمێکی ترەوە. یاخود باشتر بڵێم، سیاسەتاندنی-بەسیاسەتکردنی- میدیا. بۆیە پێویستە میدیای ئێمە بزانێت ئەرك و رۆڵی چییە و شێوازی کارکردنیشی چۆنە. من ناڵێم میدیا دەبێت لە سیاسەت بەدوور بێت و قسەی لەسەر نەکات، بەڵکو دەبێت بزانێت خۆی چییە و پەیامی چۆنە و لەبەرچییە. دیارە هیچ شتێك ئەمڕۆ لە کاریگەری سیاسەت بەدوور نییە، بەڵام نابێت میدیا بکرێتە ئینسترومێنتێ بۆ دەسەڵاتی سیاسی یا بە پێچەوانەشەوە. میدیا واتە راگەیاندن و دروستکردنی پەیوەندی و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە.

ئیدی کاتێ دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت میدیا بکاتە ئینسترومێنتی کایەکی سیاسی لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکاردەهێنێت. بەهەمان شێوەش میدیا رۆڵی خۆی و قەبارەی خۆی لەوێدا دەبینێتەوە کە دژایەتی و بەرهەڵستی سەنتەری سیاسی بکات. ئیدی لە هەردوو حاڵەتدا هەردوولا گرەوییان لەسەر فشار و هەژموونکردنە لە جەماوەر و هاووڵاتییان. دواجار بەمە کایەی گشتی و رووبەری ئازادی دەبێتە ناوچەی بکێش بکێش و زۆرانبازی نێوان دەسەڵات و راگەیاندن.

هەر شوێنێکیش ململانێ و بەرهەڵستی تێدا هات، مایەی ترس و گومان و پەرچەکردارییە. لەمڕەوەشەوە چ دەسەڵات و چ میدیاش بەو ئاقارەدا دەڕۆن کە زیادکردنی کاریگەری خۆیانە لەسەر کایەی گشتی. ترسیش ئاراستەی دید و هەڵوێستەکانی یەکتری دەکرێت. ئیدی ئێمە (هاووڵاتییان) لە هەردوولاوە زەرەرمانە. چونکە ئەو دوولایەنە کایەی گشتی دەکەنە جێگەی ترس و گومان و باوەڕ و متمانەی جەماوەر کزدەکەن لەڕووی راستی و دروستی دڵسۆزییانەوە. هەر بۆیە دەسەڵاتی ئێمە یاسا بە باشترین میکانیزم دەزانێت بۆ دەمکوتکردنی میدیا و وەلاخستنی ئەو ململانێیە.

**یاسای فریادرەس بۆ پشێویی واقیعی کوردی؟:**

زێدەڕەوی نییە گەر بڵێین تێگەیشتنی دەسەڵاتی سیاسی کوردی بۆ یاسا و قانون وەك مێنتاڵێتی حەڵاڵ و حەرامی ئایینییە. بۆیە یاسا لای ئەو دەسەڵاتە میکانیزمێکی تری تەمێکردنە یا خود تاڕادەیەك بۆ رێکخستنی پەیوەندییانە لە ژێر چاودێری دەسەڵاتدا. لەم رووەوە و باشە کە دەسەڵاتیش پەنا بۆ یاسا ببات، بەڵام دەبێت یاساش پەناگە بێت بۆ میدیا



تا داکۆکی لە زۆربۆهێنانی دەسەڵات بکات. باشە تاچەند ئەو یاسایەی کە فەراهەمکراوە لەبەرژەوەندی هاووڵاتییان دایە، نەك بە پێوەر و پێناسەی دەسەڵاتی سیاسی؟

ئەمەش پێویستی بە بێلایەنی ئەوانەی رەشنووسی ئەو یاسایەیان کردووە. دیارە تەنها بواری رۆژنامەگەر پێویستی بە یاسا نییە، بەڵکو بۆ زۆر بواری دیکەی مرۆڤی کورد یاسا و رێوشوێنی بەرێوەبردنی پێویستە. چونکە واقیعی پشێویی کوردی هەنووکە نەکەوتۆتە سەرخۆی، گەرچی نابێت ئەمە بیانو و بەهانە بێت بۆ کەمکردنەوەی ئازادییەکان. بەڕای من چارەسەری کێشەکان بە تەنها دارشتنی یاسا و قانون نییە، گەرچی پێوستیشە بۆ چۆنیەتی بەرێوەبردن.

ئێمە دەبێت لەوێوە سەرنجی بارودۆخی سیاسی و ئابووری کوردستان بدەین کە پشێویی و پەرتوبڵاوییەك باڵی کیشاوە بەسەر ژیاندا. جا چ میدیا و چ دەسەڵاتیش بەشێکن لەو دۆخە ناهەموارە.(دیارە من لەو بەشەی بەناوی "بۆچی گوتارێکی نەتەوەیی-نیشتمانی پێویستە" زێتر کاریگەری میدیام باسکردووە). بەمەش مەبەستم لەوە نییە کە پەنجەی تاوانبارکردن بۆ ئەو دوولایەنە درێژبکەم. بەڵکو دیاردەکە بخەینە چێوەی لیکۆڵینەوە و پرسیارەوە. من پێم وایە پشێوی سیاسی و ئابووری و کولتووری فاکتەرێکی بەهێزە کە دەسەڵات و میدیاش لە پەرچەکردار و و سڵەمینەوەدا رەفتار بنوێنن. ئیدی پەنابردنە بەر یاسا جۆرێکە لە کۆنترۆڵکردن و چارەسەری پشێوییەکان، بەڵام ئێمە ناتوانین تەنها بەدەقی یاسا کە بۆخۆی کەمەکورت تێدایە لە هەژموونی گرفتەکە کەم بکەینەوە.

**میدیا لە منداڵێکی دەستەمۆوە بۆ لاسارێ:**

"میدیای ئازاد" و سەربەخۆ لە رەوشی ئەمڕۆدا لەو منداڵە چەتوون و لاسارە دەچێت کە دەیەوێت لە دەسەڵاتی باوك دەربچێت و پەنا دەباتەبەر خڕکەبەرد و دەیگرێتە دیواری دەسەڵات و سیاسییەکان. بەردهاویژتنیش کردەیەکە رەمەکی و بێ ئاکامە. وەك چۆن دەسەڵاتیش خۆی پەنادەباتە هەمان میکانیزم. هەڵگەڕانەوەی میدیا لە دەسەڵات لەوێوە دێت کە زانیاری و هەواڵ لە چنگی قۆرخکاری دەربچێت و ببێتە سەکۆیەك بۆ هاووڵاتییان. بەڵام هەموو بەرد هاویشتنێکیش رەوانییە، هەر لەبەرئەوەی کەدەسەڵات گەندەڵی تێدایە، ئیتر ئەمە رەوایەتی نادات کە هەرچییەك دژ بەو دەسەڵاتە بووترێت راست و باشە!

ئائەمەیە ئەو گرفتەی میدیا تێی دەکەوێت و دەیەوێت ڕەوایەتی بەدەستبهێنێت و بیر لە میکانیزم و چۆنیەتی کار ناکاتەوە و دەکەوێتە ئەو هەڵەیەی کە لەسەروە ئاماژەم پێدا "سیاسەتاندنی میدیا". بۆیە چۆنیەتی کارکردن باشترین خاڵی جیاکردنەوەی کایەی سیاسی و میدیایە. لەم سۆنگەوە ئێمە پێویستمان بە میدیایەکی پرۆفیشناڵ هەیە کە توانای تەکنیکی و میتۆدی کارکردن بزانێت. چونکە هەموو بڵاوکراوەیەك میدیا نییە و ناشتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت. لێرەوە میدیای پەی بە ڕۆڵ و ئەرکی خۆی دەبات و پێویستی بە یاسا نییە بۆئەوەی ڕێوشوێن و ئاراستەی بکات. لەبەرئەوەی کارەکانی میدیا ئاڵۆز و دەکەوێتە نێو ئەو هاوکێشە سەختەی کە هاووڵاتی و کایەی گشتی و دەسەڵاتە. بۆیە ئێمە ناتوانین یاسایەکە گشتگیر و تێر دابڕێژین بۆ ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە، چونکە مەوداکان فراوان و هەردەم لە گۆڕاندایە.

ئیدی میدیا دەبێت پەیڕەوی شیتك بکات کە گرەنتی پرۆفیشناڵێتی و میتۆدی کارکردن بێت. ئەمەش بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ وشیاری و ئاستی تێگەیشتن و ژیری و ڕۆژنامەنووس و ئیتکی پەروەردەیی ڕۆژنامەوانی. لە هەموو دونیادا کۆمەڵێك کۆدی ئیتیکی هەن کە ڕۆژنامەوان لەسەریان ڕادەهێنرێن. ئەمە ئەو زەرورەتەیە کە بەهەڵە لای ئێمە ناونراوە "یاسای ڕۆژنامەوانی". چونکە یاسایەك بۆ بیروڕا دەربڕین پڕ گرفتی تیۆری و زۆرجاریش لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا نایەتەوە یەك.

لەلایەکی دیکەوە ئاستی ڕۆژنامەگەری کوردی بۆخۆی هۆکارێکە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین. زۆربەی ئەوانەی لەو بوارەدان خەڵکانی پسپۆر (expert) نین وەك چۆن بڕیاری سیاسیش بە دەگمەن لەلایەن کەسانی شارەزا لە بەڕێوەبردندا نادرێت. ئاشکرایە کە کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەهیچ شێوەیەك پەردەپۆش ناکرێت، بۆیە نارەوانییە گەر ڕۆژنامەکان باس لە گەندەڵی یان هەر کێشەیەك بکەن. بەڵام یەکسەر لەلایەن بەرپرسەکانەوە بە ئاسایش تێکدەر دەژمێردرێن، کە ئەمە لە هەندێك حاڵەتدا نارەوایە.

ڕاستە کە لە زۆرێك لە بڵاوکراوەکان دا ڕەچاوی بنەمای ڕۆژنامەگەری وەك بێ لایەنێ، بابەتی و دڵنیایی لە زانیاری و داتاکان و ئاماژە بە سەرچاوەی هەواڵ و ڕاستگۆیی نووسینەکان ناکرێن. ئەمەش بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ دووشت: یەکەم: نەبوونی پسپۆری و ئاگاداری باش لە بنەماکانی کاری ڕۆژنامەگەری. دووەم: ڕانەهاتنی کادێرەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئیتیکی ڕۆژنامەگەری کە ڕەچاو نەکردنیان لە هەردوو حاڵەتەکەدا ناگەڕێتەوە بۆ هەبوون یا نەبوونی یاسایەك.



**یاسا یا ئیتکی ڕۆژنامەگەری؟**

کەواتە پرسیاری شیاو ئەمەیە: ئاخۆ لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی دا ڕۆژنامەوانی پێویستی بە ڕێساویاسا هەیە؟ یاخود ڕۆژنامەگەری پێویستی بە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەگەری هەیە؟

بێگومان ئازادی ڕۆژنامەگەری بەشێکی دانەبڕاوە لە بنەمای ئازادی بیروڕا دەربڕین. ئیدی دیموکراسی بێ ئازادی ڕۆژنامەگەری هیچ واتایەکی نییە جگە لە کۆتوبەندکردنی بیروڕای سەربەست. ناشێت لە سیستمێکی کراوەدا یاسایەکی دیاریکراو هەبێت بۆ سنووردارکردنی بیروڕاکان و پێمان بڵێت تۆ وابڵێ و وامەڵێ! مەگەر تەنها لە ڕژێمێکی داخراودا ئەمە بکرێت. چونکە لە دیموکراسی دا سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و کایەکانە.

یەکێك لەو کایانە، کایەی گشتی (Public domain) یە کە دەبێت دووربێت لە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی یاسایی. ئیدی میدیا دەچێتە ئەو کایە گشتییەوە کە ڕووبەرێکە بۆ پراکتیزەکردنی بیر و بۆچوونی ئازاد و هیچ دەسەڵاتێکی سیایش نابێت خۆی بخزێنێتە ئەو کایەوە. هەر بەمەش ڕادەی ئازادی و سەربەخۆیی دیموکراسی دەپێورێت. کایەی گشتی بەڕای "ئارندت" خۆی لە جیاوازییەکاندا دەبینێتەوە بەمەش دەبێت بێلایەن و شەفاف بێت.

شایەت گەر دەسەڵاتێکی پاوانخواز و گشتیگیر بێ و دەست بهاوێژێتە ئەو کایەوە ئەو دەخوازێ دزەبکاتە بواری ئازادی تاکەکەسی و گشتییەوە. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی لە دیموکراسی دا بۆی نییە ڕێسا و بڕیارێك بەناوی سنوورەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە، بەناوی دیاریکردنی ئازادی بیروڕادەربڕینەوە بسەپێنێت.

بۆیە بەهانەی دەسەڵاتی کوردی لە ڕۆژنامەگەری کۆمەڵێك بیانووە کە لەژێر ناوی بەزاندنی ئاسایشی نەتەوەیی، هێمنی و ئاشتی دا دەیەوێت نینۆکی ڕای ئازاد و سەربەست بکات. کەواتە هیچ ڕێخوشکەرێك نییە بۆ دارشتنی یاسایەك کە مافی ڕادەربڕین پەك بخات، جگەلە لەو ناسازییەی نێوان میدیا و دەسەڵات. لێرەوە جۆرێك دژایەتی لەنێوان یاسای ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕادەربڕیندایە، کە چارەسەری شتێکی دیکەیە. لەلایەکی دیکەشەوە ئازادی وەدەستخستنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵ دا هەیە کە وادەکات ئەوی لە ژێر ناوی میدیای سەربەخۆ و بێلایەندایە، ملمڵانێی دەسەڵاتی سیاسی بکات کە تاچەند کاریگەری هەبێت لەسەر کایەی گشتی.

گومانیشی تێدانییە ئەو کەموکوڕییانەی کە لە ڕۆژنامەگەری کوردی دا هەیە بەشێکە لە کەموکورتییەکانی دەسەڵات و ڕەوشی سیاسی کوردی و بەتایبەت حیزبی. تا ئێستاش حکومەتی هەرێم میدیایەکی نییە کە گوزارش لە سیاسەت و پلانەکانی حکومەت بەڕاشکاوی بکات، ئەوەی کە هەیە میدیای حیزبەکانە، یاخود چەندە دەزگایەکی سەربەخۆ کە سوودمەندن لە ململانێی حیزبەکان و وەك میدیایەکی. لە وڵاتی ئێمەدا زانیاری و هەواڵ ئەوتۆ نییە، کەس نازانێت چی دەگوزەرێت و ئەوەش کە دەزانرێت وەك پلەکانی دەسەڵات لەلایەن حیزبەوە قۆرخ کراون.

لەلایەکی دیکەوە ناکرێت ڕۆژنامەیەك ڕاستییەکان ئاوەژوو بکات هەر لەبەر ئەوەی دەسەڵات گەندەڵە، یاخود بیەوێت خوێنەر لەخۆی کۆبکاتەوە بەناوی درکاندنی نهێنییەکانی ناو دەسەڵات. دەبێت ڕەخنە و ناوزراندن لەیەك جیا بکرێنەوە وەك چۆن زانیاری و هەڵبەستنی شتێکی جویَ بکرێتەوە. هاوکات دەبێت سەرچاوەی زانیاری دیار و باوەڕپێکراوبن، و ئامانجی دەرخستنی ڕاستییەکان بێت نەك خڕکردنەوەی جەماوەر لە خۆی. چەندین پێوەری دیکەش کە ئەگەرچی لە ژیانی ڕۆژنامەوانی دا ڕەچاوکردنیان ئاسان نییە، بەڵام نابێت لەبیربکرێن و پابەندبوون ببێتە نەرێتێکی ڕۆژنامەگەری. ئەگینا ڕاگەیاندن ئەرك و ڕۆڵی خۆی ناگێرێت و دەبێتە ئامێرێکی چەواشەکەر.

لێرەوە ئەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی پێویستی پێیەتی دەرکردنی یاسایەك نییە، بەڵکو ڕاهێنان و گۆشکردنی کادیرەکانی ڕاگەیاندنە بە بنەما و ڕێوشوێنی نووسین و ڕاوبۆچوون و هەواڵ، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەتەك زانیاری و دەسەڵاتی سیاسیدا. ئەگینا بەیاسایەك کێشەیەك دروستدەکەین نەك چارەسەر! کەواتە ڕۆژنامەگەری یاسای ناویَ

## ئازادی بیروڕا و لێبووردەیی (Toleration)

دیارە چەوسانەوەی مافی مرۆڤ زۆربەی کات بەتایبەت لەم سەردەمەدا لەڕێی بەرتەسککردنەوەی ئازادی دەربڕینەوەیە و سنووردارکردنی ڕووبەری بیرکردنەوەیە. مەرج نییە ئێمە باس لە گرفتی ئازادی دەربڕین بە تەنها لە چوارچێوەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری دا بکەین. چونکە ئەوسا باسی کێشەکانی ئازادی بیروڕا ناکەین لەبەرئەوەی بەتەواوەتی ئەو دەروازەیە قەپاتە. بۆیە دەکرێت سیستمێك هەبێت نادیموکراسیش نەبێت، وەلیَ چیکڵدانەی بچووك و



پشودرێژ نەبێت بەرامبەر ئازادی بیروڕا. لەبەرئەوە باشترین ئامێری دەسەڵات سانسۆرە بەشێوەی جیاواز دژی ئۆپۆزسیۆن و نەیارەکانی.

بەڕای فەیلەسووفێکی وەك سپینۆزا کە هەم داکۆکی لە دەوڵەتی یاسایی دەکات و هاوکات پشتیوانی پرەنسیپی ئازادی دەربڕین دەکات: "سەندنەوەی ئازادی دەربڕینی بیروڕا لە هزری تاکەکاندا کارێکی ئەستەمە. هەروەها داننان بەم مافەدا هیچ هەڕەشەنییە لەسەر مافی شکۆمەندی دەسەڵات. تاك دەتوانیَ پارێزگاری لە ئازادی بکات، بێئەوەی شکۆ و سەروەری دەوڵەت بخاتە مەترسییەوە، بەمەرجێك ئەوکەسە ڕێگە نەدات بەخۆی دەستکاری بنەما یاساییەکانی دەوڵەت بکات. یا خود دژی قانون بجوڵێتەوە. ئیدی تاك دەتوانێت خاوەنی ئەومافانە بێت بێئەوەی هیچ هەڕەشە بێت بۆ سەر دەوڵەت"(سپینۆزا: ٤٤٤-٤٥٣).

کەواتە کۆنترۆڵکردنی بیروڕا جۆرێکە لە داپڵۆسین و خنکاندنی ئازادییەکان. بۆیە بەبۆچوونی سپینۆزا هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت سەرتاسەر کۆنترۆڵی بیروهزرەکانی بکات، بیَ بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ. لەبەرئەوەی بیر و هزر شتێکن کۆنترۆڵ ناکرێن و لە دەست و ناخی تاك خۆیدایە کە بەجۆرێك کەس دەستی پیَ ناگات. هەروەك چۆن سەپاندنی شتێك لادانە لەمافی سروشتی مرۆڤ: کە ئازادی و سەربەخۆییە (سپینۆزا: ٤٤٤-٤٥٣). ئیدی ئێمە پێویستمان بە پرەنسیپێك هەیە کە لێبوردەیی و سنگفراوانییە لەپاڵ هەبوونی یاسا و ڕێساکاندا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بیروڕای جیاوازدا. بابزانین لێبوردەیی و سنگفراوانی چییە؟

لێبوردەیی لە پێناسەیەکدا ئەوەیە کە ئێمە زێتر لەوەی کە ڕێپێدراوە چاوپۆشی لێبکەین و بەنەنگی وەربیگرین. واتە دەشێت سنوور و کۆتێك هەبن بۆ دەربڕینی هەندێك بابەتی هەستیار، بەڵام هێشتا لەسەرروو ئەوەوە پرەنسیپێکی ترمان هەیە کە مەودایەکی فراوانتر دەرەخسێنێت بۆ ئازادی ئەویتر تاوەکو چاوپۆشی بکەین لەوەی دەووترێ و دەبیستین گەرچی پێچەوانەی بۆچوون و بەر سنوور و دیوارەکانی یاسا بکەوێت.

دیارە بەرتەسککردنەوەی ئازادی لەڕێی هەندێ سنوور و بەندەوەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە بە تێگەیشتنی من ئەمانەن:

١. دیدی ئایینی ڕەهاگەر کە هەموو ڕایەك لەدەرەوەی خۆی بە ناڕاست و بێباوەڕی سەیردەکات.

٢. دەسەڵاتێکی سیاسی کە هەموو هەڵوێست و ڕەخنەیەك دەخاتە خانەی لادان لە ئەرکی نیشتمانی.

٣. مۆراڵ کە هەندێك بابەت بەلادان لە رەوشت و رەفتاری باو دەژمێرێت.
٤. کۆمەڵ و نەریتەکانی کە ئازادی تاکەکەسی رەتدەکاتەوە (ئەقڵی دەستەجەمعی).

یەکێك لە پێناسە بەناوبانگەکان بۆ لێبوردەیی ئەوەی ڤۆلتێرە. بەڕای ڤۆلتێر کە لە لێکسیۆن (فەرهەنگ) فەلسەفەیەکەیدا هاتووە: " لێبوردەیی چییە؟ لێبوردەیی بەروبوومی پێویستی مرۆڤایەتیمانە. هەر یەکێك لە ئێمە شیاوی هەڵەیە. بۆیە دەبێت چاوپۆشی لە گەمژەیی یەکتری بکەین. ئەمەش رێسای سەرەکی سروشتمانە. واتە یاسای یەکەمی مافەکانی مرۆڤە ".

دیارە ئەو هەموو فاکتەرانە بەسن کە رووبەر و مەودای ئازادی بۆچوونەکان لە کولتووری ئێمەدا تەسك و بترێنجنرێن لە سنوور و رێگردا. بە واتایەکی دیکە: ئازادی بیروڕا و میدیای کوردی بەتەنها ناگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی لیبراڵ و کراوە، بەڵکو چوارجۆر سانسۆر هەن کە هەریەکەیان بەسن بۆ ئەوەی ببنە لەمپەر لەبەردەم گەلاڵبوونی دید و را و بۆچوونی ئازاددا. بەدیوێکی تردا ئەم فاکتەرانە بۆخۆیان بەربەستن لەبەردەم گەیشتن بە زانیاری تەواو و دروست. ئەوەتانێ هەندێك مەسەلەی هەستیار و ترسناك هەن، بێئەوەی زانیاری دروست لەسەریان هەبن، چونکە دەکەونە ژێر چەتری تابووی کولتوورییەوە.

لێرەوە زۆرجار میدیای کوردی زۆرانبازی لەگەڵ ئەو کۆت و بەندوباوانەدا و دەیەوێت چەقۆ هەڵسوییێت لە دیواری سنوورە باوەکان و دەخوازێت سنوور ببەزێنێت. دیارە مەرج نییە میدیای ئازاد هەردەم سنووربەزێن بێت، بەڵام دەبێت ویست و بوێری نزیککەوتنەوە لە سنوورەکانی تێدا بێت بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت. ئەمەش ئەو مەودا دیموکراسییە کە ئازادی لەتەك لێبوردەییدا دەست لەملانێی یەك دەبن و وەك پرەنسیپێکی پاڵپشت و تۆکمەکردنی رووبەری ئازادییەکانە کە وەدەستخستنی زانیاری یەکێکیانە .

**یاسا دژ بە مافی گەیشتنە بەزانیاری:**

مافی گەڕان و پشکنین پەیوەستە بە مافی دەربڕینەوە. لەگەڵ ئەوەی مافی زانیاری بەدەستهێنانیش پەیوەستە بەومافەوە. دیارە یەکێك لە بنەماکانی داوەری لەم سەردەمەدا هەروەك فەیلەسووفی ئەمریکی "جۆن رۆڵس" دەڵێت، تەنها دەستگەیشتن نییە بە مافە ماددی و سەرچاوەکانی ژیان، بەڵکو مافەکان تر وەك زانیاری و دانپێدانیش جۆرێکی دیکەن لەمافەکانی تاك. لەیادمان نەچێت کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لەنێوان مافی دەربڕین و



زانیندا. چونکە کەسێك لە زانینەوە بدوێت باشتر راکانی پشتڕاست دەردەبڕێت لە یەکێکی بێ زانیاری و ناشارەزا.

ئێمە ناتوانین تەنها سەریری مافی دەربڕین وەك تەنها مافێکی گشتی و کۆمەڵ لێی بنواڕین، بەڵکو وەك مافی تاکەکەسیش شایەنی لێخوردبوونەوەیە. کەواتە مافی دەربڕین چ تاك و چ کۆمەڵیش دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی دیموکراسی. بۆیە پاراستنی دەربڕین دەبێت پاراستنی مافی هەردووکیان بێت: واتە چ تاك و چ کۆ. ئەگینا دیموکراسی هیچ مانایەکی نییە.

پاشان ئەوەی تا ئێستا لە گوتاری سیاسی کوردیدا باو بووە، کورد چەوساوەیە وەك نەتەوە و گەلێك نەك تاکی کورد. بۆیە هەردەم ئێمە داوای مافی گشتیمان کردووە، بەڵام لەناوخۆماندا تاکمان چەوساندۆتەوە و لەمافەکانی بێبەریمان کردووە. دیارە زۆرێك پێیان وابووە کە کێشەی نەتەوەیی بەگشتی پێناسەی مافەکان دەکات، لە کاتێکدا حیسابمان بۆ مافەکانی تاکەکان نەکردووە کە ئازادییی کەسییە. چونکە وامان زانیوە نەمانی چەوسانەوەیی نەتەوەیی، یەکسەر ئازادی دێنێت بۆ کورد و بێئەوی ئەومان لەبیربێت ئازادی تاك و رای کۆمەڵ بەگشتی. لە کاتێکدا تاکی کورد دووجار چەوساوەتەوە: جارێك بەشێوەیەکی سیستماتیکی لەلایەن رژێمەوە، جارێکی دیکەش لەلایەن ئەندامی کۆمەڵەکەی خۆیەوە. دیارترین نموونەی ئەم چەوسانەوە مێینەیە.

بۆیە مافی زانیاری تەواوکەری مافەکانی دیکەیە بەتایبەت لەوڵاتێکی وەك ئێمەدا قەیرانی زانیاری هەیە. چونکە هێندەی کێشە و پرس هەن، نیو هێندەش زانیاری لەبەردەستدانییە. بۆیە هەر بڵاوکراوەیەك لافی زانیاری نهێنی بکات، راستەوخۆ خوێنەری وێڵ بەلای خۆیدا رادەکێشێت. سەرەڕای ئەوەی میدیای حیزبی کە زۆر باڵادەستە لەڕووی ماددییەوە، خاڵییە لە زانیاری و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان بەرامبەر رەوشی سیاسی کورد. ئیدی بەگشتی میدیاکان هیچ ناڵێن و ئاگاشیان لە زۆر شت نییە، یاخود ناتوانن زۆر رووداو بکەنە هەواڵ و بەدواچوونی لەسەر بکەن.

لەکاتێکدا هاووڵاتی مافی خۆیەتی زانیاری لەسەر بارودۆخەکە و گوزەرانی هەبێت. بەڕای من ئەمە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستاش سیاسەتی کوردی ئالودەی دیاردەیەکە کە دیاردەی ژێربەژێری و لە پشت پەردەوە کارکردنە، هەروەها لەسەرئەوەش رانەهاتووە کە دەبێت روونکردنەوە بدات لەسەر هەنگاوە سیاسییەکان و رووداوەکان لە شێوەی زانیاری بەخشین و

وردەکاریدا. ئەوەی گوێت لێدەبێت زمانی ئاخاوتن نییە بۆ میدیا، بەڵکو سیاسەتمەدارێك دێت ڕوونکردنەوە دەدات لەسەر پرسێك بێئەوەی هاوولاّتی یەك تۆزقاڵ پێی تێر بێت.

هەروەها شیتکی دیکەش ئەوەیە کە دەسەلاّت نەیتوانیوە زانیارییەکان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هاوولاّتییاندا دابەش بکات. بۆیە زۆرێك لە بلاّوکراوەکان دەیانەوێت لەڕێی ورووژاندن و خرۆشاندن و شڵەقاندنی سیاسییەکانەوە هەواڵ و شتێکیان چنگ بکەوێت و ئەو کەلێنە پڕبکەنەوە، کە ئەمەش میکانیزمێکی ساغ و دروست نییە بۆ دەستکەوتنی زانیاری. چونکە دواجار بلاّوکراوەکان بە بەزاندنی سنووری یاسا و ئاسایش تۆمەتبار دەکرێن. لێرەدا هەم دەسەلاّتی سیاسی و هەم ڕۆژنامەگەریش دەکەونە هەڵەی کوشندەوە و هەر یەکەیان ئەویتریان بەدەستی تێکدەر نابەرپرسیار تۆمەتبار دەکەن.

**دەربڕینی ئازاد شێوازێکە لەدانوستان:**

دیارە پەیوەندییەکی تەواو هەیە لە نێوان میدیا و بیروڕادەربڕیندا لە سیستمی دیموکراسیدا. بەهای ئازادی گرنگی تەواوی هەیە وەك جۆرێك لە یەككگەیشتن و گەیشتن بەڕاستییەکان. فەیلەسووفی لیبراڵ "جۆن ستوارت مێل" پێی وایە ئێمە ناتوانین ڕاستی و دروستی بۆچوونەکانی خۆمانمان بۆ دەربکەوێت، بەبێ بوونی ڕای پێچەوانە. هەروەها فەیلەسووفی ئەڵمانی هابەرماس پێیوایە کە بۆ ئەوەی دانوستانێکی دروست بێتە ئاراوە، دەبێت لە بڕیار و بۆچوونی پێشوەخت خۆمان بپارێزین و کراوە بین بۆ ڕای تر. چونکە مافی گەڕان بۆ زانیارییە ڕاستەکان، ڕەوایەتی لە مافی گەیشتن بەڕاستییەکان و گەیشتن بەهەقیقەتەوە وەردەگرێ.

لای هابەرماس هەموو یەکێك مافی خۆیەتی بگاتە هەقیقەت بە کۆششی خۆی. چونکە لەدیموکراسیدا مرۆڤ بۆخۆی بڕیاردەر و هەڵبژێرەری شتەکانە بەپێی ئەو زانیاری و ڕاستییەی کە لەبەردەمیدایە. پاشان بەگەیشتن بە زانیارییەکان تاك دەخوازێت سەربەخۆیی و سەرپشکی خۆی لە هەڵوێستەکانیدا بچەسپێنێت. ئیدی لە ڕێی بیروڕاگۆڕینەوە تاوتوێی ڕاستی و زانیارییەکان دەکرێت و جۆرێك لە دانوستان و دیالۆگ دروست دەبێت و دەبێتە زمانی هەڵسوکەوت بۆ لەیەکتێگەیشتن لەباتی دوورکەوتنەوە و دابڕان لەیەکتری. هەربۆیە ڕۆڵی میدیا وەك گەیەنەری بیروبۆچوونەکان و دیدەکانە. پردێکە بۆ پەیوەندی و دانوستان. ئەمەش ڕۆڵ و گرنگی میدیا لەپاڵ دەربڕینی ئازاد دا دەردەخات.



**یاسای دەربڕین دژ بە بەشداریی سیاسییە:**

کاتیك تاك هەڵدەستێت بەدەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، بەوە بەشداری دەکات لەپرۆسەی دیموکراسیدا. ئیدی هەموو بەشدارییەك مەرج نییە سیاسی بێت، بەڵکو لەسەر گوزەران و کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هاتنەدەنگ پێویستە. هەرئەمەش هاوولاّتی دەبەستێتەوە بە نیشتمان و سیاسەتی ئاسایشی گشتییەوە. گەر مەودای دەربڕین هەبێت، ئینتیماش لاواز نابێت، بەڕای من.

سپینۆزا پێی وایە"ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لەدەوڵەت لەبەرژەوەندی دەوڵەتدایە، چونکە ڕۆڵی ڕەخنە لەمڕووەوە ئەوەیە کە مسۆگەری گونجانی قانون بکات لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکاندا. بەمەش پارێزگاری لە دیموکراسی دەکرێت لەبەرئەوەی دیموکراسی لەهەموو شێوازەکانی تری حوکمڕانی سروشتی ترە". واتە لەبەرئەوەی دیموکراسی نزیکە لە یەکێك لە سروشتەکانی مرۆڤە کە گلەیی و ڕەخنەگرتنە. یەکێك لە دەرئەنجامە گرنگەکانی ئازادی کە هەر دەربڕین نییە، بەڵکو پێشمەرجێکە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵ و تاك. وەك ئابووریناسی هیندی و خاوەنی خەلاّتی نۆبڵ "ئەماریتا سن" سەلماندوویەتی کە ئازادی مەرجێکی گرنگە بۆ گەشەسەندنی مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە. دیارە ئەمیش وەك میل پێی وایە ئازادی ئامانج نییە بۆخۆی، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی مرۆڤ.

ئیدی ئەو جەخت لە ئازادی دەربڕین دەکاتەوە نەك ئازادی بەخۆی، چونکە ئازادی چەمکێکی ئاڵۆز و فراوانترە لە ئازادی دەربڕین (توریل بریکە& هاگتفیت ٢٠٠٧). تازەیی ڕاکەی ئەماریتا لەوەدایە کە ئازادی بیروڕا یان هەر شێوەیەکی تری دەبەستێتەوە بە بوژاندنەوە و گەشەکردنی ئابووریی و ئاستی گوزەرانەوە. ئەو تەنها مەبەستی لە بازاڕی ئازاد و سەرمایەداری نییە، بەڵکو ئێمە پێویستمان بە ئازادییە کە توانای مرۆیی و زانستی و تەکنەلۆجی کە مەرجی سەرەکین بۆ خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن. بۆیە بە هەمان شێوە ئازادی لە پێناو خۆیدا نییە، بەڵکو پێشمەرجە بۆ گەشەکردنی توانای مرۆیی لە هەموو ڕووەیەکەوە.

**نەبوونی ئۆپۆزسیۆن:**

دیارە یەکێك لە کێشەکانی دونیای سیاسی کوردی کە فرەحیزبییەکی بێسەروبەر و ناچیزە، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە لە حکوومەت و دەرەوەی حکومەتدا. هەڵگرتنی ئازادی سیاسی و ڕێکخراوەیی لای ئێمە بۆ نەهێشتنی دروستبوونی حیزبی ئۆپۆزسیۆنە. چونکە بەشداری سیاسی لە

حکوومەتدا ئەوەیە کە حیزبێك نەبێتە ئۆپزسیۆن، بۆیە پشکداری سیاسی فەرمی دیکۆرە کە حیزبێك نەبێتە دژ بەحکوومەت و کۆگری دەنگی ناڕەزایی حیزبێکی ئۆپزسیۆن.

لەم حاڵەتەشدا میدیای ئازاد دەبێتە بڵندگۆیەك بەناوی رەخنەی سیاسییەوە بەرەو ئۆپزسیۆنێك بچێت. وەڵێ نابێت میدیا ئۆپزسیۆن بێت، چونکە ئامانج و پەیامی میدیا زانیاری و بەرچاوروونییە نەك لەپشت ئایدۆلۆجییەکی تایبەتی کە دروستکردنی راوبۆچوونی ئۆپزسیۆن بێت. کاتێك میدیا بوو بەسەکۆیەك بۆ ئۆپزسیۆن، بێلایەنی و سەربەخۆیی لەدەست ئەدات و دەبێتە لایەنێکی سیاسی کە ئەجیندای تایبەتی هەبێت. بۆیە کاری راگەیاندن و سیاسی و ئۆپزسیۆن لێکجیان لەشێوازی کارکردن و ئامانجدا. دەشێت لە ئامێر و رێگاکاندا لێکچوون هەبێت و نزیك بن. دەشێت میدیا دەنگێکی ناڕەزایی و ئۆپزسیۆن دروست بکات، بەڵام نابێت ببێتە سەکۆی لایەنێك دژ بە دەسەڵات یا بە پێچەوانەشەوە.

### ئینسترۆمێنتەکانی میدیا بۆ بەربەرەکانی دەسەڵات:

ئەوەی لەم چەند ساڵانەی رابوردوو هاتەئاراوە دیاردەی هاتنی میدیای هایپ و پۆپولیستە لە کوردستان. ئەو ستایڵەی کە میکانیزمی سینزەیشن (sensation) و پرۆڤۆکەیشن (provocation) لە رۆژنامەگەریدا دەکاتە جۆرێك لە ئامرازی وروژاندنی دەسەڵات و راکێشانی سەرنجی خوێنەر و نیشاندانی توانا و جەماوەری خۆی. واتە ئەو میدیایەی لە رێی خڕکردنەوەی جەماوەرەوە بیەوێ فرۆش و هاوکات بچێتە نێوەند و جومگەکانی کۆمەڵ و بەمەش ململانێی و بەرابەری دەسەڵات بکات. دیارە من ناڵێم مەبەستی بازرگانی نییە لە ستراتیجیەتی ئەو بڵاوکراوانەی بەوشێوەیە کاردەکەن، بەڵکو ئاکامی سیاسیش هەیە کە خۆ دیتنەوەیە لە پۆزیشنی ئۆپزسیۆنێکدایە. ئەو شێوازی وروژاندنە "میتۆدی باڵۆن" یا میزڵدان بەکاردێنێت، تا فو بکات بە هەناو و چیکڵدانەی دەسەڵاتدا، ئەوەندەش خەڵکی لێکۆدەبێتەوە و دەسەڵاتیش پێی دەئاوسێ. بەمەش تەقینەوەیەك یا دەستوەشاندنی دەسەڵات دێتەوە کە میدیاکان مەبەستیانە.

شایانی باسە کە میدیای ئازادی جیددی لە کوردستان تاهەنووکە شانسی مانەوە و سەرکەوتنی نییە، چونکە بێبڕوایی لە نێو دەسەڵات و هاووڵاتییاندا هەیە بەجۆرێك کە رەخنەی سەنگین جێی خۆی نەکاتەوە بایەخی پێنەدرێت. سەرەڕای ئەوەی میدیای ئازاد ناتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستبێت، گەر ئاوڕ لە زۆرینەی خەڵکی نەداتەوە و بابەتی وەها پێشکەش نەکات کە بۆ دەستەبژێر نەبێت. لێرەوە زێتر هەل و بوار بۆ میدیایەك هەیە کە خرۆشاندن و وروژاندن بکاتە ئامێرێ بۆ خۆژیان و خڕکردنەوەی خوێنەر لە خۆی.



### ئەنجام:

لە دووتوێی ئەو رەهەندە گرنگانەی کە پەیوەستن بە پەیوەندی نێوان میدیا و دەسەڵات و کایەی گشتییەوە، پێویستە ئێمە چارەسەری گرفتەکە کە دەگەڕێتەوە بۆنەبوونی پرۆفیشناڵێتی رۆژنامەگەری و ئیتێکی نووسین سەیر بکەین، نەك یاسایەکی داڕشتە و داخراو کە ببێتە کۆسپ و رێگر لەبەردەم ئازادی دەربڕیندا. رۆژنامەگەری هەنگاوێکی زەرووری لەبەردەمدایە: پرۆفیشناڵبوون. بۆ ئەمەش پێویستە ئیتیکی رۆژنامەگەری ببێتە تەوەرێکی سەرەکی لە کارکردندا. رۆژنامەگەری دەبێت وەك کایەکی سەربەخۆ دابنرێت و نەك ئینسترومێنتێکی ئامرازێکی سیاسی، چونکە رۆڵی میدیا بە تەنها بواری سیاسی ناگرێتەوە. بەڵکو هەموو کایەکانی تری وەك کۆمەڵ و هاووڵاتییان و چی و چی دەگرێتەوە. واتە ناکرێت چیدیکە ئێمە رۆڵی میدیا لە روانگەی سیاسەتەوە چ وەك چالاکی چ وەك دەسەڵات بەکاربهێنین.

### سەرچاوەکان:

١. حریه التعبیر الخگیره: توریل بریکه، بیتر نورمان و وغه برنت هاغتفیت، عن النرویجیه: نزار آغری ئاراس- ٢٠٠٧.

2- Amaryta Sen: Development as Freedom ،New York: Random House 1999 .

3- I. Kant: Wat is de Verlichting. Boom

4- J. Stuart Mill: on Liberty; P.22. 1859.

5- J. Rachels: The element ،of Moral Philosophy ،P.46. 1944.

6- John Rawls: The Theory of Justice. 1990- ch. p 4

7- http://plato.stanford.edu/entries/spinoza/

٨- د. حسن حنفی، مراجعه د. فؤاد زکریا: بیروت-١٩٩٧.ت.

Tractatus Theologico Politicus

/[1] http://plato.stanford.edu/entries/spinoza

## ٢-٥- کێبەرکێی میدیا و سیاسەت لە فەلسەفەی سیاسیدا:

گومانی تێدا نییە گەر ئەمڕۆکە چەرخی یەك شت نەبێت لە دونیای سیاسی دا، ئەوا ڕۆژی میدیای نوێیە. بەهۆی میدیای نوێیەوە تەنها بیرکردنەوەی ئێمە لە ژیان نەگۆڕاوە، بەڵکو سیستەمی سیاسیش لەبەردەم گۆڕانێکی گەورەدایە و روخسارێکی دیکەی وەرگرتووە. ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆ زێتر بزۆزتر و لەجوڵەدایە بەهۆی میدیاکانەوە. پاشان ململانێی سیاسی ئەمڕۆکە چیدیکە ئەو ململانێ کلاسیکییە نییە لە نێوان باڵی چەپ و راستدا، بەڵکو ململانێکە لەنێوان "دەسەڵاتەکانی وێناکردن". واتە کێ توانای وێناکردنی هەبێت، ئەوە خاوەنی دەسەڵاتە! ئەم ململانێیەش زیاتر لەدەموەختی هەڵبژاردنی سیاسیدا بە زەقی دیارە، بەتایبەت کاتێ حیزبەکان و سیاسەتمەدارەکان بارودۆخەکە بەو شێوە وێنابکەن کە خۆیان دەیخوازن.

ئیدی کێ وێناکردنی هەبوو بۆچارەسەرکردن نەك بەرنامەی سیاسی بۆ بارودۆخەکە، ئەو زێتر بایەخی دەبێت لە میدیاکاندا. ئەوە پەیامی ئایدۆلۆجیای سیاسی نییە کە چارەنووسی سیاسەتمەدارێك دیاری دەکات، بەڵکو نمایشی سیاسەتمەدارەکە و چۆنیەتی پێشکەشکردنێتی لە ڕاگەیاندنەکاندا. بەمەش میدیاکان لایەنێك، بەرەیەك لە کۆی کێشمەکێشمی سیاسی، و چیتر بڵندگۆی دەسەڵاتی سیاسی نین وەك جاران کەباوبووە. چونکە میدیاکان خاوەنی سەرچاوەی زانستی و هەوالی نهێنی و کەناڵی تایبەت بەخۆیانن.

ئاشکرایە لەڕابردوودا بەتایبەت لەسەردەمی هەژمونگەری ئایینی و پاشان ئایدۆلۆجیای سیاسی دا "وشە"و"پێنوس" ناسراوترین ئامێرەکانی کاری سیاسی و رۆشنبیری بوون، بەلاّم ئەمڕۆکە "وێنە" بالاّدەستترە لە میدیای بینراودا. ئەمەش وەرچەرخانێکە بۆخۆی و مۆرکێکی دیکەی دا بەسیاسەتیش و راگەیاندندا وە ئیدی میدیا باشترین هۆکاری گەیاندنە کە هەردەم سیاسەت گرەوی لەسەر بکات. دانەر و بەرنامەڕێژ کەسێکە کە دەسەلاّتدارە، مەرجیش نییە ئەمە دەسەلاّتی سیاسی بێت. واتە ئەوکەسەیە کە وێنەکان دادەڕێژێت، ڕووداوەکان وێنا دەکات! ئیدی ئەو ئەکسیۆمایەی کە میدیا دەیەوێت کاری لەسەربکات: روهەڵماڵینی هەڵسوکەوتی دەسەلاّتی سیاسییە. ئەمەش بۆخۆی ڤیرچوالیزەکردنی سیاسەتە. واتا بەینراوکردنی سیاسەتە کەهاوکات کاریگەری لەسەر جەماوەر و کایەی سیاسی هەیە. لێرەوە هاوولاّتی زیاتر دەبێتە کالاّکڕێك و بازاڕ لەمیدیاکاندا بکات و ئاگاداری نوێترین هەواڵ و زانیارییە!



یەکێکیتر لەدەرکەوتەکانی چەرخی میدیا لە سیاسەتدا ئەوەیە کە سیاسەتمەدارەکان لە ناوەندەکانی راگەیاندندا زیاتر وەك بوکەڵەیەك دەردەخرێن تاوەکو مرۆڤیکی راستەقینەی بەرپرسیار و شارەزا لەسیاسەت. ئەمڕۆ زیاتر نمایشکەر performer سیاسەتمەداری تاوەکو سیاسەتکار. ئیمڕۆ وێنە و وێناکردن حوکمڕانی جەماوەرێکی بەریندەکات. لێرەوە سیاسەتکار بەلایەوە گرنگە و مەترسیشی هەیە چۆن نمایش دەکرێت. چونکە هەر نمایشێکی سەیر و سەمەرە دەشێت هەڵخلیسکانێك و چارەنووسی بخاتە مەترسییەوە. ئیدی سەرکەوتن بەندە بە نمایشکردنەکەوە نەك بەرنامەی سیاسی پارتەکەی. لێرەوە سیاسەت چیتر باس لەبیروبۆچوون و ئایدیای سیاسی نییە، بەڵکو ئەوەی دەخوات خۆنمایشکردنە و لێهاتووی تێدا. ئەمەش زمانێکی لەبلەبان و توانای نواندنە لەبەرچاوی کامێراکاندا. تەنانەت شێوازی جلوبەرگ، قژبڕین گرنگی خۆی هەیە. لێرەوە کاریزمای نێو میدیاکان لەبەرنامە و راست و رەوانی سیاسی چارەنووسسازترە!

## پەیام و ناوەرۆکی میدیا:

راستییەك هەیە کە میدیا کولتوورێکی بەرجەستەیە، کولتوورێکی راستەوخۆ و بەرچاوە. بەلاّم میدیا هیچ نییە جگەلە تراویلکەیە کە بێ ناوەڕۆکە تەنها بەویستی ئەو کەسانە کاردەکات کە لە پشتیەوە کاردەکات. لێرەوە واقیعێك پێشکەش دەکرێت کەئەو واقیعەڕاستە نییە کە هەیە، بەڵکو واقعیکی دروستکراوی میدیایە. بۆیە هەردەم بپرسین چ واقیعێك تێدا ئامادەیە؟

ئیدی میدیا بەناوی واقیعێکەوە دێتە گوتار کەوەك راستییەکی حاشاهەڵنەگر دەناسرێنێت لە کاتێکدا یەکێك لە خسلّەتەکانی میدیا ئەو دیدە هەلاّواردەیە (selectieve)، تاك رەهەندەیە یەکڕوی روداوەکان دەردەخات. پاشان ئەوەش لەمیدیای نووسراودا بە زەقی دیارە کاتێك فاکتەکان بەشێوەیەك دەخرێتە بەردەم کەزۆر پەیوەستە یاخود خزێنراوەتە چوارچێوەیەکی ئایینی یاخود کولتوورییە باوەکان. پاشان پەیامی میدیاکان زانیارییەکان بەوچانێکی کورت و خێرا و گەرماوگەرم کەهەم ئالۆز و هەم ناڕوون و کارزانی کەم تێدا بەکاردێت ئەوەی مەبەستیانە پەخشکردنی زۆرترین هەواڵ و دەنگ و باسە! واتە میدیا لەسەر لۆجیکێك بەندە: هەواڵ و بەرنامەکان وەك کالاّیەك بە کڕیارە بەگیرفانەکان دەفرۆشێت! واتە کەلّەکردنی سامان وەك ستراتیجیەتێك بەندە بە کەلّەکردنی زانیاری و هەوالّەوە.

میدیا بەردەوام لەبیری خەرجی و ئەفسانەی چەند تێچوونی کارێك کە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ هەڵبژاردنی بەرنامە و هەواڵ. پاشان بەمەش زەوق و دیدی بینەریش دیاریدەکات! چونکە زەوقی جەماوەر داهاتووی میدیاکە دیاری دەکات، و جەماوەر هیچ نییە جگەلە سەرمایەکەی. پاشان کاریگەری میدیا لەسەر را و بۆچوونی گشتی و دروستکردنی دیدێکی هاوبەشی گشتی، هۆکارێکە بۆئەوەی میدیا بکەوێتە کلێشەسازی کاتێك هەندێك بۆچوونی سادە بەسەر جەماوەردا) دەسەپێنێت. لەبەرئەوەی میدیا بەردەوام لەسەر جەماوەرێکی بەرین (mass) کاردەکات و دەخوازێت جەماوەرێکی زۆر لە بەرنامەکانی خۆی کۆبکاتەوە و بەردەوام بەوئاراستەیەی خۆی دەیەوێت بخرۆشێنێت.

لێرەوە راستە گەربووترێت کە میدیا فاکتەری شڵەقاندن و بزواندنی زۆرینەیە بەتایبەت زۆرینەیەك کە تەنها رێگای گەیشتن بەهەواڵ و زانیاری میدیاکانە. هەر ئەمەش وادەکات کەمیدیاکان گرنگ و جێی مەترسی بن. بەتایبەت کاتێك میدیا سەرنج و چاوەکان بۆلای خۆی راپێچ دەکات. جاری واشە دەبێتە هۆکاری سەرلێشێواندن بەهۆی ئەوەی زانیاریگەلێکی جیاواز بلاّودەکاتەوە و خوێنەر یاخود بینەر توانای جیاکردنەوە و لێکدانەوە و رێکخستنی ئەو هەژموونە زانیارییەی نییە و بزردەبێت لەنێوانیاندا. ئەمەش بۆخۆی ئامانجێکی میدیاکانە کاتێك دەیەوێت کار لە گۆڕین و دارشتنەوەی راوبۆچوونی زۆرینەبکات و بەرەو ئاراستەیەکی ببات کەخۆی مەبەستیەتی. هاوکات زۆربەی پەیام و گوتارەکانی میدیا ئەقلانیەت و بەڵگەی بابەتییانەی وەهای تێدانییە بەتایبەت کاتێك لێکدانەوە بۆ رووداو و بابەتێك دەکرێت. چونکە میدیا دەزگایەکی پسپۆڕنییە لە زانیندا، بەڵکو جێگای هەواڵ و زانیاری گشتییە! لێرەوە میدیا هەڵەوگیر و وابەستەی بەرهەمهێنانی وێنە و پەیامێکە کەبێلایەن نییە و شوێنکەوتەی خودی واقیعەکە نییە. ئەمەش وەك وتم بەشێکە لەلۆجیکی میدیا خۆی.

**کایەکانی دیموکراسی:**

ئێمە دەتوانین لەبەر میتۆدی نووسینەکە، لێرەدا سیستمی دیموکراسی دابەش بکەین بۆ سێ چوار کایەی گرنگ بۆئەوەی پەیوەندی نێوان سیاسەت و میدیا و پسپۆڕ و شارەزایانی بوارەکان لەتەك کایەکی زۆرگرنگدا کە کایەی گشتی کۆمەڵایەتییە بخوێنینەوە. کەواتە ئەو کایانانە ئەمانەن:



١. کایەی سیاسی کە دەسەڵاتی سیاسی و فەرمی دەگرێتەوە.
٢. کایەی میدیا و راگەیاندن.
٣. کایەی پسپۆڕ و شارەزایانی ئەکادیمی بوارەکانی زانست expert.
٤. کایەی گشتی ( PUBLIC DOMAIN).

دیارە هەرسێ کایەکەی یەکەم زۆرجار بەئاراستەی کایەی گشتی کاردەکەن. گومانی تێدانییە کە لە هەموو سیستمێکی دیموکراسیدا هەردەم کێشمەکێش لەنێوان ئەو کایانەدا لسەرئەوەی کامیان کاریگەرترن لەسەر کایەی گشتی. ئەم ململانێیەش بەتایبەت لەنێوان میدیا و سیاسەتدا بەزەقی ئاشکرایە. گەرچی میدیا لەرابردوودا چەکی دەستی دەسەڵاتی سیاسی بووە، بەڵام ئەمرۆکە میدیا لەوچانێکی بەردەوامدایە بۆخۆرزگارکردن لەچنگی دەسەڵاتی سیاسی لەرێگەی رووهەڵماڵین لەگەندەڵی سیاسی و پارەخواردن و سکاندالی سێکسی و چەندان بابەتی تر کەدەیورژێنێت.

وەلێ لەونێوانەدا کایەی گشتی بۆتە گۆڕەپانی ململانێ و دۆش دامواو کە گوێ لە چ لایەك بگرێ و کام گوتاری سیاسی یاخود هی میدیا راستییەکانی لایە! ئەوەی لەم نێوەندەدا دەتوانێت رۆڵی دروستکردنی هەمبەری- بەلانس- هەبێت کەسانی پسپۆڕ و ئێکسپێرتە. چونکە ئەم چینە شارەزایی و زانیاری دەخاتە گەڕ بۆئەوەی بۆڕی دەسەڵاتی میدیا بداتەوە و بکەوێتە ململانێی زانیارییەوە کە کێ مزگێنی دەری راستییەکان بێت. ئیدی لێرەدا میدیا بەشێوەیەکی پارانۆیی دەبەزێنرێت و چیدیکە ئەو تەنها پەیامبەری زانیارییەکان نییە!

راستە کە میدیا باوەڕی بە دۆگمایەك هەیە: ئەوەش رووهەڵماڵین و شکاندنی دەمامکەکانی کردەیی سیاسییە.لێرەوە میدیا خۆشی دەکەوێتە درۆیەکی گەورەوە، کە کێ خاوەنی راستییەکانە! ئیدی میدیا خۆی بەشدارە لەدروستکردنی کەشێکی پرۆپاگەندەئامێز و قاودراو بە کێشمەکێش.چونکە میدیا لەم دۆخەدا قەڵەمڕەوی رای گشتی دەکات و دەیەوێت دەسەڵاتی وتن دەربارەی کێشەسیاسییەکان هەبێت. بەمەش میدیا دەیەوێت پێگەی خۆی لە تەنیشت یاخود پاڵ دەسەڵاتی سیاسی لە دیموکراسیدا بچەسپێنێت. تەنانەت زۆرجار میدیا کەشە دیموکراسییەکەش دەبەزێنێت بەهۆی شێوازێکی هیستیری و دوورلە هەست بە بەرپرسیارییەوە!

## جڤات، میدیا و ترس:

گەرئێمە لەو تێزە ناسراوەی "گی دەبور" بیرمەندی فەرەنسی کە بە "کۆمەڵگای سپێکتاکڵ" ناوی بردووە، ئەم تایپە جڤاتە کۆمەڵگای رابواردن و گەمە نمایشکارییە کەتێدا میدیا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. چونکە کولتوورێکی بینراو بەرهەم دەهێنێت کە ناوبانگ و شکۆ تێدا بالاْدەستە. ئەم ئاکارەش لەسەر دروستکردنی کەسێك و شکاندنی یەکێکی دیکە کاردەکات! دیارە ئەمەش ناسکی و شاشی و شلۆقی جڤاتی ئەمڕۆکە دەردەخات کاتێك دەزگایەك یاخود هەواڵێك لەسەر ئەم گەمەیە بەڕێوە دەچێت. بێگومان کایەی سیاسیش ئەم گەمەیە دەزانێت، بۆیە پارتەسیاسییەکانیش سەرگەرمی ئەوەن کەچۆن ئەم نمایشە بەرینەی بقۆزنەوە و زۆرجاریش بەهۆی ترس و بیم لە گۆڕانکاری و رووداوەجیهانییەکانەوە بکەنە پێگەیەك بۆ چەسپاندنی پێی خۆیان. بۆنموونە ترسی ولاْتە گەورە و دەوڵەمەندەکان لەکۆچکردن لە ولاْتە هەژارەکانەوە بەهۆی بێکارییەوە!

وەك دەووترێت زانست و رۆشنگەری لە ترسی مرۆڤەوە بۆ مەتەڵی هێزەکانی سروشت سەرچاوەی گرتووە.ئیدی گەر زانست و زانین بەرئەنجامی ترس بێت، ئەوا دەشێت زانست و زانین ئامێرێك بێت بۆ بنبڕکردن و نەهێشتنی ترس. بەواتایەکی تر: زانست و زانین ئامێری دەستبەسەرداگرتنە لە بنەڕەتدا! بەپێی ئەمەبێت ئاوەز و ئەقڵی مرۆڤ ئامێرە بۆ ئەوەی مرۆڤ هێز و توانای بەسەر هاوڕەگەزەکەی و سروشتدا بشکێت. کەواتە پارادۆکسی وەدەستخستنی زانست لەوەدایە کە مرۆڤ بەهۆی زانستەوە هەم ترس و بیمی لە گێتی دا بشکێنێت، هەم ترسی لەناوچوون و لەدەستدانی خۆی بەهۆی برسییەتی، بیٚنەوایی و بیٚ لانەیی و سڵەمینەوە لە مرۆڤ و سروشت بڕەوێنێتەوە. کەواتە ترس فاکتەرێکی دەرەکییە کەمرۆڤ بەرەو خۆپاراستن هەڵدەنێت و بۆ ئەوەی مرۆڤ ریشەکێشی بکات.

ئیدی ترس لە جیهانی دەرەوەو ئەوەی لە وێدایە بە شێکە لەو ترسە ئۆنتۆلۆجیە. پاشان لەبەرئەوەی مرۆڤ لە دۆخی ترسیندا نازانێت چی بکات وچۆن ترسەکەی جڵەوکێش بکات، پەنادەباتە بەرئەوەی لە کوێوەو لەکیٚوە ترس هەبێت لەناویی ببات. بەلاْم تاچەند ئەو ترسە لە ئەویتر ڕاستە؟ کەواتە لە باتی ئەوەی ترسی خۆی کۆنترۆڵ بکات مرۆڤ ئەویتر وەك سەرچاوەی ترس وخراپە دەژمێرێت و دژایەتی دەکات. بەلاْم ئایا ئەم ترسە پێویستە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆت؟ بەلای هۆبسەوە بەلیٚ. زانست و زانین پێش زاڵبون و هەرسکردن و دەکەوێت. پێشئەوەی مرۆڤ بەسەر ترسەکەیدا زاڵبێت، هەولٚدەدات بزانێت ترس و سەرچاوەکەی چیە، چۆن



بەرەنگاری بێتەوە. کەواتە بەزانیاری گەیشتن بەشێکە لە گەیشتنبە دەسەلاْت وزاڵبوون بە سەریدا. لێرەوە میدیاش بەڕۆڵی ترس دەزانێت ودەیەوێت لەو ڕێگەوە سەرچاوەو بنەماکانی کۆنترۆڵبکات و وە لافی هەبونی زانیاریو چاوگەکانی بکات. ئەویتر وەك وینەیەکی تۆقێنەری خود.

## سیاسەتی وێناکردن و رۆڵی میدیا:

ئەو وێنانەی رۆژانە لە میدیاکانەوە بەدی دەکەین، وەك راستییەکی بەڵگەنەویست پێشکەش دەکرێن. پاشان ئەم وێنانەش وەك کاتێگۆری پێوانەیی کە مێژوویەکیان هەیە وەگەڕدەخرێن. جێی سەرنجە کە ئەو وێنەکلێشەییانە - ستێریۆتایپانە- دەربارەی هەندێك کۆمەڵگەکان وەك واقیعێکی حاشاهەڵنەگر پێشکەش دەکرێن و رووداوەکانی هەنووکەش بەو ستێریۆتایپان بخوێنرێتەوە. بەواتایەکی تر میدیاکان پێویستی دەستکەوتنی زانستی تێرناکەن و هیچ رۆڵی زانیاریش ناگێڕیت. بەمەش یەکێك لەڕۆڵەکانی خۆی ناگێڕێت. کەواتە رۆڵی میدیا چییە؟ بۆچی میدیا دەیەوێت بەربەرەکانی دەسەلاْتی ئیلیتەی سیاسی بکات؟

دیارە میدیا دەیەوێت بۆئەوەی وێناکانی خۆی وەك واقیعێك بفرۆشێتەوە. هەروەها جاری واش هەیە میدیا لە رووداوەکان هستریا دروستدەکەن و ئەویتر وەك مەترسییەك بۆخود وێنادەکات. پاشان هەولٚدەدات هەقبداتە کەسێتییە جەماوەرییەکان و روناکبیرییەکان، گەرچی هەق و راستیشیان لانەبێت. بۆیە پەنا دەباتە بەر ستریۆتایپە کولتوری و سیاسیەکان بێگومان "ستریۆتایپەکان" کرنگن بۆ لێکۆڵەرەکان چونکە دەشێن بەشێك لە راستی تێدایە بە تایبەت لە هەندێك کۆنتێکستی مێژوویی دا گونجاوە. بەلاْم مەترسییەکە لەوەدایە کە تۆبزانیت و هۆشیاربیت کە ستریۆتایپەکان هەموو کاتێك راست دەرناچن، کە چی بێئەوەی ئاگاداربیت و ناهۆشیارانە و نەستەکی بکەویتە ژێر کاریگەرییانەوە.

شایانی باسیشە کە لەسەردەمی هەژمونگەری میدیادا ئەزموونە واقیعییەکان بە وێنەکانی سیمولەیشن دەگۆڕێن. ئیدی بەرەبەرە لەسەردەمێکی دەستکردا دەژین کە واقیع دەبێتە وێنەیەکی رووت کەبەهۆیەوە ژیانمان گۆڕا. ئەوەی شایانی باسە کە زۆربەی کەسایەتییە جەماوەرییەکان و رۆشنبیرەکان لەهەولی ئەوەدان بەردەوام لەمشتومڕەکاندا هەقیقەت بەدەستبهێنن تاوەکو ئەوەی راستی بپێکن!

## ژیان لە ئەشکەوتدا: میدیا و سیاسەت و کایەی گشتی:

ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە کە لەم سەردەمەدا میدیا و سیاسەت لە یەکگیربوون و ئەمش وایکردووە کە میدیا زێتر بایەخ بە روالّەت و روخساری دەرەوەی بەرنامەکانی بدات تا ناوەڕۆك و پەیامەکەی. پاشان هێندەی میدیای نوێ جەماوەری زیادبووە کە دەتوانین بڵێین کایەی گشتی جەماوەر بەتەواوەتی بەمیدیا کراوە *میدیاتیزەیشن بووە*. هەروەها سیاسەتیش بەهۆی میدیاوە وەك شانۆیەکی لێهاتووە و بە ئاواز و لۆجیکی ئەو دەڕوات بەڕێوە. ئەم لۆجیکایەش خۆی لە رەفتارێکدا بەرجەستەدەکات کە سپێکاتکلّ و دێمۆنەکردن و سێنزەیشن دەگرێتەوە واتە کارتێکردن، خرۆشاندن و گەورەکردنی مەسەلەکان. بەلاّم ئەم لێکدانەوەیە بۆ میدیا تازەنییە، فەیلەسووفە کولتوورناسەکان وەك گەی دبور، ریچارد سەنێت لە نێوان سالآنی شەست و حەفتاکاندا بەوردی باسیان لەمە کردووە کە: "ئێمە لەجیهانێکدا دەژین کە وێنەکان لە خودی واقیعەکان سوودمەنتر دەردەکەون، و لەواقیعدا بۆخۆیان بوونەتە واقیعێك. ئیدی سێبەر و جامی وێنەکە جیگەی واقیعەکی گرتۆتەوە"، ئەمە یەکێکە لە وتە بەناوبانگەکانی مێژوونووسی ئەمریکی Daniel Boorstin لە کاریگەرترین کاریدا لە سالّی ١٩٦٢ بە ناوی The Image. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئێمە بەهۆی میدیاوە لە ئەشکەوتێکدا دەژین؟ یان میدیا تەواو کاراکتەری کایەی سیاسی و گشتی جەماوەری گۆڕی و بووە چاوساغی مرۆڤ؟

لەوانەیە باشترین وەسف بۆ میدیا ئەو تێزە پلاتۆنیە بێت بۆ مرۆڤی ناو ئەشکەوتەکە. گەرچی میدیاکان زانیاریمان دەدەنێ وەلێ بەرچاویشمان دەگرن و چاویلکەیەکیش بۆ نواڕین لەژیان دیاری دەکەن. واتە میدیا ڕزگاریکردن لەو ئەشکەوتە کولتوری و مێژوویەی کە هەبووە، وەلێ کردینیەوە بە ئەشکەوتێکی تەکنەلۆجی و دەستکردا.

## میدیا: سیاسەتی زەبر و زەنگ:

زەبروەنگی میدیا کاتێك روودەدات کەدەبێتە دەسکەلای دەسەلاّتی سیاسی یاخود کاتێك کەخۆی و بوچوونەکانی دەسەپێنێت بەسەر کایەی گشتیدا. لەوانەیە زیادەڕەوەی نەبێت گەر بووترێ میدیا هیزێکی ناڕاستەوخۆی جەنگە لە کاتی ئاشتیدا، بەلاّم لەکاتی جەنگا ئەو بەرەیەکی دیکەی جەنگە بۆخۆی. لە پالّ ئەوەی کە هۆکارێکی سەرەکی و راستەوخوی گەیاندنە. هیچ گومانی تێدانییە میدیا نەك دەخوازێت کار لە هۆش و بیروڕاکان بدات بەلّکو



بیروباوەری دروستبکات و بەرهەمهێنانی دید و بۆچوون. ئەمەش بۆخۆی رەهەندێکی تری میدیایە کە جۆرێك لە دەسەلاّتخوازی لە دەنگ و رەنگ بلاّوکردنەوەدا دەبێت.

جا دەسەلاّتی سیاسی بیەوێت میدیا بخاتە ژێر رکێفیەوە یاخود دژایەتی بکات و خۆی تەریك بکات. میدیا هۆکارێکە جارجاریش هەڕەشەیە بۆ سەرسیاسەت و پاشان بۆ هەندێك شتی کولتووری. دیارە ئەمەش بەو واتا نییە کە میدیا بۆخۆی خراپە، بەلّکو ئێمە باس لە ئاکام و ئەنجامەکانی میدیا دەکەین لە بوارەکانی ژیاندا. لێرەوە باسکردنی میدیا لەزەبروزەنگ لەکوێدایە وەك رەنگدانەوەی ناو میدیاکانە.

شایانی باس و پرسیارە لەم نووسینەدا گەرچی میدیای سەربەخۆش بێت وەك دەزگایك جیا لە دەزگاکانی دەولّەت، ئەوا نمایشەکانی رەنگدانەوەی راستەوخۆی یان ناڕاستەوخۆ خواستی دەسەلاّتی سیاسی و کێشەکانە. دەکرێت لەسەر ئەم بۆچوونە بووترێت تاچەند میدیا بێلایەن یاخود لایەندارە؟ بەلاّم وەك لەو مشتومرەی کە لە نێوان والّتەر لیپمان نوسەری ئەمریکی و جۆن دویی فەیلەسوفی ئەمریکی دا هەیە باس لە رۆلّی میدیا دەکرێت لە پێکهێنانی رای گشتی لە دیموکراسیدا. لیپمان جۆرێك لە رەخنە لەدویی دەگرێ کە میدیا بێلایەن و هەلّگری راستی و زانیاری نییە. ئەم پێی وایە زانست یاخود زانینی تەواو لەودانییە بەلّکو میدیا زانیاری ساکار و سادەش پێشکەشدەکات. هەرئەوەشە وادەکات میدیا مەترسی بۆ کایەی گشتی و جەوماوەر بێت. لێرەدا پێویستی نییە زێتر لەسەر ئەم مشتومڕە بدوێین.

دیارە تاڕادەیەکی راستەوخۆ گەر بووترێت میدیا مرۆڤ بەجۆرێك بەرەو تەمەلّی و پاسیڤبوونی دەبات، ئەگەرچی دەخوازێت وریای بکاتەوە و ئاگاداری بکاتەوە لە دەوروبەری. بەتایبەت دەبێتە چاوگە و چاوساغی یەکەم. ئەمەش بۆخۆی وا لەمرۆڤ دەکات کەمتر خۆی بەدوی زانیارییەکاندا بگەڕێت و لەئەندامی زانیارییەك بڕیاری هەلّبدات لەسەر مەسەلەیەك. مەترسییەکەش لێرەدایە کاتێك زانیاری ناتەواو و نادروست بگەیەنێت. جا هۆکارەکە بەئەنقەست بێت یا نا، کەموکوڕییەکی تەکنیکی بێت یاخود سەرچاوەکانی هەوالّ و زانیاری لێك بێت.

لێرەوەودوا میدیا گەمەیەکی ترسناك دەکات لەگەلّ ژیری مرۆڤەکاندا و مەسەلەکان بە لێهاتوویی یا بەشێوەیەکی هەلّبژاردە وتە سێلیکتیڤ بەرهەمدەهێنێت و پاشان دەبێتە بناغەیەك بۆ رای گشتی. زۆرجار کاری میدیا تەنها نیشاندان نییە، بەلّکو فەرماندەریشە و

ڕێخۆشکەریشە و خەڵکی هانـدەدات بـۆ کردەیـەك یـا هەڵوەسـتەیەك. هەربۆیـە زەبـروزەنگ و توندوتیژی هەندێك جار وەك بەرهەمی میدیاکان سەیردەکرێت.

زەبروزەنگی میدیا تەنها نیشاندانی فیلمی توندوتیژی و خوێنڕشتن نییە، بەڵکو لە شێوازی بەکارهێنانی زمانێك بۆ بیرکردنەوە قسەکردن لەسـەر دونیـا و دەوروبـەر کـە هـەڵگری تونـدی بیرکردنـەوە و رادەربـرین بێـت ئیـدی یـا زمـانی هێمـا یـا راسـتەوخۆ داگرتنـەوە و چـۆنیەتی وێناکردنی رووداوەکان کە ئاکامێکی ترسێنەر و تۆقێنـەر بێـت بـۆ هـاووڵاتی یـا بەربـەرەکانی دەسەڵاتی پێ بکات. و مرۆڤیش بخاتە سەرکەڵکەڵەی و هاندان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی.

**زمانی توتدوتیژی:**

زمـان وەك سیـستمێکی مانـا و ئامـاژە هـەردەم کراوەیـە لـە چـۆنیەتی بـەکارهێنانی و دەستکاریکردنی رەهەندە شاراوەکانی نێوی. لێرەوە دەکرێ زمـان کایـەك بێـت بـۆ توندوتیـژی هەر لەبەکارهێنان زمانێکی زبر و تەریککردن و پڕوپاگەندەی. زمان تەنها هۆکاری گواستنەوە نییە بەڵکو ئەمە کردەی زمانە واتە بەکارهێنانی کە دەبێتـە کـردە و هەڵـسوکەوت و رەفتـار تێـدا وەك فەیلەسـووفی زمـانی وەك جـۆن سـێرڵ دەڵێـت. لەفەلـسەفەی ئـەنالیتیکی زمانـدا ئـەنالیتیکی وەك نـاوبراو بـەووردی رەهەنـدەکانی کـردەی زمـان بـەکارهێنان و ئـەودیوەی هەلسوکەوت تێدا دەگات لەبەکارهینان و زماندا. واتە لە زماندامرۆڤ ڕەفتارو کـردەوەو نیـازی بەرجەستەدەکات.

سەرەڕای ئەوەی ئێمە دەبینین زمانی زۆرێك لـە نووسـینی میلیتـاری و سـەربازی بـە هێـز دەسەڵاتی و زەبر بیردەکاتەوە و رستەش دەخاتە نوسینەوە بۆ نموونە لەکایەی نوسـینی کوردیـدا تا ئێستاش. لای ئێمە دابەشکردنی سـەیر هەیـە لەسـەر ئـەوەی کامـە بەرهـەم لاواز و کامـە بەهێز و کاریگەری لەباتی کام نووسینی پیرۆز قوڵی تێدایە. ئیدی پێودانگێك هەیە کە نووسـین بەسەر بەهێز و بێهێزا دابەشدەکات نووسین داستانی شەرەنگێزی و هێرش و بردنەویـە. ئـالێرەا هەلسوکەوت و کردەی تێدا بەدی دەکرێت.

## تەوەری شەشەم

# کێشەی خوێندن و ئەکادیمیا و زانکۆ

## «تۆ ئەوەی کە دەیزانیت»

### ١-٦- ئازادی ئەکادیمی و زانکۆ:

کاتێك باس لە ئەرك و رۆڵی زانکۆ دەکەین، باس لەبوونی شارستانی و ئاستی زانستی و رۆشنبیریش دەکەین. دیارە پایە و ناسنامەی زانکۆ لە کۆی پێشکەوتنی فەرهەنگی شاردا دەبینرێت. هەڵبەت ترسی دواکەوتن لە رەوتی شارستانییەتی مرۆڤ و دابڕان لە کاروانی مرۆڤایەتی، هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ پەنابەرێتە بەر زانست و زانین. ترسی مرۆڤ لە دەوروبەر و سروشت و لە نادیار، لە جیهانێکی نالەبار و نادەستەمۆ هۆکارن لەلایەکەوە بۆئەوەی مرۆڤ توانای ئەقڵی و داهێنانی زانستی بەئەنجام بگەیەنێت بۆ زاڵبوون بەسەر ترس و بیمەکانیدا. لەلایەکی دیکەوە بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا.

دیارە زانست لێرەدا دەسەڵاتخوازییە بەسەر سروشت و مەتەڵەکانی بوون و ژیان وەك "بەیکن" دەڵێت. چەندین فەیلەسووفی وەك هایدەگەر، ئەدۆرنۆ و کێ و کێ باس لەم ترسە ریشەییەی مرۆڤ دەکەن، کە پاڵنەری سەرەکین بۆ دەست بەسەراگرتن و پاوانکردنی ژینگە و سروشتدا. کەواتە ترس پاڵنەرێکە بۆ بیر کردنەوە و هەوڵی زانستی دنەدەدات.

لێرەوە بەدواچوون و توێژینەوەکاری لە مەڵبەندێکی گەورەی وەك زانکۆدا یا خود دەزگایەکی زانستی دا، دەبێت وەربگیرێت بۆ پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوە و پرۆژەیەك بۆ پێگەیاندن و گۆڕان، بۆ پێشخستنی بوارەکانی زانست و کۆمەڵ بەگشتی. زانکۆ وەك گەورەترین بنکەی زانستی لە شاردا دەبێتە کۆی زانست و بوارەکانی ماریفە و پاشان دەبێتە مەڵبەندی شارستانی و برەودان بە فەرهەنگ و هۆشیاری و بیرکردنەوە، هەروەها پەنجە خستنە سەر کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ. ئەمەش بەوەنا کە زانکۆ بە بینا و تەلاری بەرز ناوبانگی هەیە، بەڵکو بەکۆی ئەو لێکۆڵینەوانە کە کاریگەرییان لە سیاسەتی بەڕێوە بردن و نەخشەداناندا هەیە.



ئیدی زانکۆ لە یەکەم گوزارشتدا دەبێتە مەڵبەند و سەرچاوەی زانست و بیرکردنەوە و دەبێ رۆڵی چاودێرێکی وردبین بگێڕێت لەسەر ئەو بابەت و تەنگەژانەی هەن و بتوانێت دید و بۆچوونی رەخنەیی و ئەقڵی هۆشیار بەرهەم بهێنێت. هەر بۆیە بوونی زانکۆ و لێکۆڵینەوە لەم ساتە وەختەدا پێویستییەکی گەورەیە، چونکە دەتوانێت گوڕ بداتە پرۆسەی گۆڕان و نۆژەنکردنەوە. بەڵام چ زانکۆیەك، کام پرۆگرامی خوێندن و توێژینەوە دەتوانێت ئەو ئەرکە ئاڵۆزە بگرێتە سەرشانی خۆی؟ ئەمەیان پرسیارێکە شیاوی لێکۆڵینەوەیە. شایانی وتنە کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا چەند زانکۆ و کۆلیجی جیاواز لە کوردستانی باشوور کرانەوە و دامەزران، بەڵام ئێمە بەمە زانکۆمان دروستکرد، زانستمان بەرهەم نەهێنا. بەڵکو ئێمە بینای ئەفسانەیەکمان داڕشت لە چوارچێوەی چەند بینایەکی بێ گیاندا کەدواجار بوونە دروشم و مایەی پڕوپاگەندە و هیچ پەیوەندیی بە مەسەلەی ماریفەت و زانست و ئەکادیمی بوونەوە نەما.

هەر بۆیە پێویستە زانکۆ لە دروشمی شارستانی و مایەی شانازیی کولتوورییەوە بگوێزرێتەوە بۆلێکۆڵینەوە، و توێژینەوە و بەدواچوون جێبهێڵێن بۆ زانکۆ، دەزگاکانی توێژینەوە. ئیدی شانازی و پڕوپاگەندە و بەشان و باڵ هەڵداندا دەبێت بۆ سیاسەت و کەسانی لێپرسراو جێبهێڵێن. دەبێت زانکۆ لەو کەمپە داخراو و ئیفلیجەوە کە قوڵگای دەسەڵاتی سیاسی و حیزبایەتییە بگوێزرێتەوە بۆ بنکەیەکی زانستی کەمافی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی دەستەبەر بکات. گەر زانکۆ دەزگایەکی سەربەخۆی ئەکادیمی نەبێت، جگە لە کەمپێکی دەسەڵات چیتر نییە کە کەسانی گوێڕایەڵ و دەستەمۆ پەروەردە دەکات بەخواست و ویستی دەسەڵات و بەرژەوەندیی مانەوەی.

هەڵبەت رۆڵی زانکۆ تەنها لایەنێکی زانستیی پوخت ناگرێتەوە، بەڵکو بە دیوێکیتردا رۆڵی گرنگ و دیاری هەیە لە دروستکردنی هۆشیاریی یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتمانیدا و لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی نەتەوەیی و مێژوویی. بۆ نموونە ئەڵمانیا لە سەرەتاکانی رێنیسانسەوە تا سەرەتای چەرخی ١٩ش هێشتا نەیتوانیبوو یەکێتی و سەروەریی نیشتمانیی خۆی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەبێت، ئەگەرچی کولتوورێکی نەتەوەیی و خۆماڵیش هەبوو لەسایەی نووسەران و بیرمەندانی وەك لێسینگ (Leasing) و گۆتە و فەیلەسووفانی وەك کانت و هێگل و شیلە و چەندانیتر لە مۆزیك دانەر (کۆمپۆنیست) وەکو بێتەهۆڤن و شوپێر. راستییەکی زانراوە کە ئەڵمانیا لەدوای چەرخی هەژدەوە زیاتر بەرەو هۆمۆجینیەت و چوونییەکی کولتووری و فەرهەنگی و سیاسی چوو، زانکۆش رۆڵێکی دیاری هەبوو لەو لایەنەوە.

لێرەدا رۆڵی زانا و پسپۆڕ و رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند دەردەکەوێت کە چۆن لە دیدگای ئایدۆلۆجیای دروستکردن و بنیاتنانی نەتەوە بەهۆی یەکخستنی تواناکان و بە هەموو شارەزاییەوە چونییەکێتی کولتووری و فەرهەنگی و سیاسی و نەتەوەیی دەستەبەر بکەن دیارە هەمان شتیشی بۆ وڵاتێکی وەك فەرەنسا بەرهەم وڵاتێك کە دەوڵەتی نەتەوەیی تێیدا دروستبووە. لێرەوە زانکۆش وەك مەڵبەندێکی باڵای ئەکادیمی لەسەر بناغەی داهێنان و توێژینەوەی زانستی نەك وەکو ئایدۆلوجیای حیزبی و دەسەڵات ئەم رێگایەی گرتەبەر.

شایانی باسە ئەڵمانیا هێشتا لەچاو وڵاتێکی وەك فەرەنسای ئەو دەمە، بەدەستی ئابوورییەکی داڕووخاو و فیودالیزمەوە دەیناڵاند و وەك فەرەنسا نەگەیشتبووە گەرمەی شۆڕشی سیاسی و گۆڕانی وەها لە ئارادا نەبوو، یاخۆد لە ئاستی شۆڕشێکی پیشەسازی وەك ئینگلتەراشدا نەبوو. گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی ئەورووپا و دەورپشتی ئەڵمانیا بوونە هۆی هاتنی با هۆزێکی گۆڕان و لیبرال دژبە کۆنسەرڤاتیڤەکان لەسەر ئاستی خوێندن و زانست بە هەوڵ و کۆششی نوێخوازان بەتایبەت لەسەر دەستی کەسێکی وەك ڤیلیام ڤۆن هومبۆلدت (١٧٦٧- ١٨٣٢) کە لە ماوەیەکی کەمدا وەك وەزیرێکی حکوومەتی پروسیا بۆ زانست و خوێندن لەنێوان ساڵانی (١٨٠٥- ١٨١٥) دا توانی گۆڕانێکی ریشەیی لە ستروکتۆری خوێندنی باڵا بە ئەنجام بگەیەنێت و ببێتە مۆدێلێکی زانستی و سیاسی لە هەمانکاتدا، کە دواجار ئەو هەوڵە بە زانکۆی هۆمبۆلدیانە ناو دەبرێت.

هۆمبۆلدت ویستی لەمیانەی دامەزراندنی زانکۆیەکی نوێ کە لەسەر بیرۆکەی (Bildung) واتە شارستانییەت و پێشکەوتن، یاخود بنیاتنانەوەی نەتەوەیەك و کولتوورێك لەرێگای پەروەردە و خوێندنەوە. هەر بۆیە هۆمبۆلدت دوو مەرجی سەرەکیی دانا لە ساڵی ١٨٠٩ بۆ زانکۆی بەرلین[1]:

مەرجی یەکەم: ئازادیی ئەکادیمی.

مەرجی دووەم: رێکخستن و بەرنامەرێژکردنی پرۆگرامی خوێندن و لێکوڵینەوە.

بێگومان ئەم دوو پرەنسیپە ئەمرۆکە لە دونیای ئەکادیمی و زانکۆ و خوێندنی باڵادا زۆر بەسادە و ساکار دەژمێردرێت، بەڵام کاتی خۆی واتایەکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو لە خوێندنی باڵا و رزگارکردنی لەچنگی سیستمە باوەکانی خوێندنی ئایینی. واتە لە دایکبوونی مۆدێلێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ خوێندنی ئەکادیمی.

ئازادیی ئەکادیمی مەرجە بۆ سەر هەڵدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی، چونکە زانکۆ چیتر نابەسترێتەوە بە دەسەڵاتی سیاسی و ویستی دەسەڵات نابێت بڕیاردەر بێت لە هەڵبژاردنی



بەرنامە و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی. لەلایەکیتریشەوە لێکوڵینەوەی زانستی نابێ لەژێر رکێف و سانسۆری دەسەڵاتدا بێت. لێرەوە ئەو لێکۆڵینەوە و بابەتانەی ئەنجام دەدرێت گرنگن لەبەر رەهەندە زانستییەکەی و بایەخیان لەوێوە دیاری دەکرێت نەك لەبەر خودی ئەندێشەی سیاسییە روتەکە. ئەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی و توێژینەوە بەرێوە دەبات کەسێك نییە بەناوی وەزیری خوێندنی باڵاوە، بەڵکو سەربەخۆیی زانستی و ئامانجی لێکوڵینەوەی ئەکادیمییە کە لە ئەرك و رۆڵی زانکۆوە دەڕوانێتە چالاکییە زانستییەکان. ئەوەی کاری پێدەکرێت پرەنسیپ و پێوەری ئەکادیمی و زانستیە نەك چاوەڕوانی سیاسی حزبی.

لە بیرمان نەچێت هۆمبۆلدت بە جیاکردنەوەی زانکۆ لە دەسەڵاتی سیاسی، ویستیشی فەرمان و ئەرکەکان بە پێی پسپۆڕی و بوار لەنێوان زانکۆ و ئەکادیمیادا دابەش بکات. چونکە تا ئەو کاتەش زانکۆ جێگای پێگەیاندنی دەستەبژێرێك بوو لەخوێندنی باڵادا. لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کاری ئەکادیمیەکان بوو وەك بۆ نموونە ئەکادیمیای پاشایەتی بەریتانی و بەرلین. کێشەکە لەوەدایە کە مافی لێکۆڵینەوە و تەرخان کردنی سەرچاوەی زانستی و بواری توێژینەوە و مافی بڵاوکردنەوە تاپۆ بێت لەسەر چەند کەسێکی دیاریکراو. دیارە لێکۆڵینەوە لەپێش هەموو شتێکدا پاشخانی زانستی و تیۆری و بابەتییانە دەخوازێت، هەر کەسێك کە توانا و مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی تێدا بوو، ئیدی مافی هەیە توێژینەوە بکات و نابێت بە هیچ بیانوویەك تەریك بکرێت لە مافی لێکۆڵینەوەی زانستی. چونکە رۆڵ و ئەرکی زانست دواجار خزمەتگوزاری و پێشخستنی زانستە.

هەر لێرەوە هۆمبۆلدت چەمکی «بیلدون» وەك چەمکێکی هومانیستی بۆ ئەرك و رۆڵی زانکۆ دەستنیشان دەکات. لە هەمانکاتدا چەمکی بنیاتنان و دروستکردنەوەی لە رەهەندێکی سیاسی و کولتووریشی لێدەکەوێتەوە کە ئەویش گۆڕین و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکە کە زانست ئازاد و بەکاربێت و هۆشیاریی شارستانی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و زانست بتوانێت جێگای باوەڕی ئایینی و سیاسەتی نائەقڵانی بگرێتەوە.

بەڕای هۆمبۆلدت دەبێت لە زانکۆدا زانست ئۆبجێکتیڤانە بەکاربێت و هاوکات بیلدونگێکی ئۆبجێکتیڤیانە کە ئامانج و ویستی بنیاتنان و دروستکردن بێت وەك ئەتەکێتێك بۆ زانست و خوێندنی باڵا. واتە بیلدونگ وەك ئامانج و مەبەست دەبێتە شەقڵ و رەوشی لێکۆڵینەوەی زانستی. هەر ئەوەش وایکرد لەو سەردەمەدا زانکۆ فراوانتر بکرێت و هاوکات لقەکانی تری زانستی تێدا بخوێنرێت، بۆ نموونە لەو سەردەمە تازە بەتازە هەندێك زانستی نوێ رۆڵی سەربەخۆیی

ئەکادیمییان وەردەگرت وەك بوارێکی زانستیی نوێ و دانیان پێدا دەنرا. چونکە جۆری کۆنی زانکۆ تەنیا لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتبوو: فەلسەفە، تیۆلۆجیا و یاسا و پزیشکی.

دیارە زانستە سروشتییەکان تا نیوەی سەدەی نۆزدەش وەك بەشێك لەژێر چەتری فەلسەفەدا دەخوێنران، بەڵام لەدوای (١٨٥٠)ەوە بوو بە لقێکی سەربەخۆ و ئەوەشی لە فەلسەفە مایەوە کرایە بەشێك، (کۆلیجی زانستە مرۆڤییەکان). کەواتە دابەشبوون و پۆلێنی زانستەکان و بەرفراوان بوونی زانکۆ هەماهەنگ بوو لەگەڵ گۆڕانی هۆشیاری و بیرۆکەی زانکۆ بەتایبەتی.

دواجار ئەوەی لەم نووسینەدا دەبێت لەسەری راوەستین و بایەخی پێبدەین مەسەلەی ئازادیی ئەکادیمییە کە پێداویستییەکی گیانی گەشەکردنی زانکۆ و زانستە. هەروەك چۆن بۆ سەرکەوتنی زانکۆ، بوونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و هۆشیار گرنگە، ئاوەهاش بۆ سەرکەوتنی زانست و لێکۆڵینەوە سەربەخۆیی و ئازادیی ئەکادیمی لێکۆڵینەوە پێویستە. ئازادیی ئەکادیمی و ئازادیی بیرکردنەوە و نووسین بۆ خوێندکار و مامۆستا و لێکۆڵەر وەك بایەخی ئاو و هەوایە بۆ مرۆڤ. ناکرێ زانکۆ سەرکەوتوو بێت، کاتێك لەژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی سیاسیدا بێت، بەڵکو دەبێ بە پێی بەرنامەیەکی زانستیی تەواو و کامڵ بەڕێوە بچێت کە بەرهەمی خودی زانست بێت سەربەخۆ بێت.

دیارە چەمکی ئازادیی ئەکادیمی لەوانەیە هێندەی تەمەنی زانکۆ کۆن بێت، بەتایبەت لە ئەوروپا زانکۆ وەك مەڵبەندێکی زانستی بەرامبەر بەدەسەڵات کەوتبووە ململانێیەکی تەواوەوە. زانکۆ بەشوێنێکی ئازادیخواز و لیبراڵ و تۆلەرانس دادەنرا کە هەموو بیر و بۆچوونی جیاواز جێگەی تێدا دەبووەوە بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی رەها و پوخت دامەزرابوو کرابووە پاوانەیەك بۆ چەند کەسێکی دەست رۆیشتوو، بۆ نموونە زانکۆیەکی رەسەنی وەك زانکۆی لایدن لە هۆڵەندا لە (١٥٧٥)توانی ببێتە قەڵای بیری ئازاد و تۆلەرانس لێبوردە و ئازادیی خوێندن و لێکوڵینەوە دەستەبەر بکات[٢]. لێرەوە زانکۆ وەك دەزگایەکی نوێ بەرامبەر فێرگە ئایینی و رۆحیەکان وەستایەوە. هەروەك چۆن لای خۆمان حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکان بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ شوێنی خوێندن و پێگەیاندن و فێربوون بوون، دواتر جێیان بۆقوتابخانە و زانکۆ و خوێندنی باڵا چۆڵ کرد.

یەکێك لەو نووسەرە کلاسیکییانەی سەبارەت بە رۆڵ و پایەی زانکۆ دواوە، کاردینالْ نێئمەیە (Cardinal Nema) لە پەرتووکێکی ناسراو بەناوی « Whats a university? Historical Sketch» لە ساڵی ١٨٧٥ نووسیویەتی. لەوێدا دەڵێت زانکۆ ئەوەیە کە «کەسانێکی شارەزا و پسپۆڕ بێ‌گرفت و کێشە و ئاستەنگ، ئازادانە بتوانن دژ بەبۆچوونە باوەکان بوەستن و چالاك بن و



بەرهەڵستیان بکەن لە دادگای زانستدا. زانکۆ ئەو جێگایەیە کە زانست گەشە دەکات و دۆزینەوەکان تاقی دەکرێنەوە و هەڵەکان چاك دەکرێنەوە بە هۆشیاری و ئەقڵی زانست[٣]». شایانی باسە چەمکی ئازادیی ئەکادیمیی زانستی لە ساڵی ١٩٥٧ەوە کراوەتە بەندێکی گرنگ لە رێککەوتننامەکان و پرۆتۆکۆڵەکان سەبارەت بە خوێندنی باڵا و بۆتە بنەمایەکی بەڵگەنەویست وکە دەبێت لە دروستکردنی هەر زانکۆیەکدا هەبێت، چونکە پێداویستییەکە بۆکۆمەڵگای مەدەنی و پاشان بنەمایەك و پایەکی گرنگی زانکۆ و خوێندنی ئەکادیمییە. دەشێت زانکۆ بتوانێت دەستی دەسەڵاتی سیاسی بگرێت و رێنومایی بکات و نەهێڵێت دەسەڵات پەلکێشی بکاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی تاکی و بوارە مەدەنییەکان داگیر بکات و دواجار بەرەو سیاسەتی تاکڕەوی و سەرتاپاگیری نەڕوات.

لێرەوە زانکۆ لەتەك ئەرکە زانستی و ئەکادیمییەکەیدا رۆڵی رێنیشاندەر و چاودێر دەبینێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، لە لایەکی دیکەوە بێ لایەنیی زانستی و لێکوڵینەوە بپارێزێت بۆ مەبەستی سیاسیی بەکار نەهێندرێت و لە لێکوڵینەوەکانیش نابوت نەکرێن[٤]. دیارە ئازادیی ئەکادیمی تەنها لە کۆمەڵگایەکی کراوە و سیستمێکی دیموکراسییەوە دەستەبەر دەکرێت، کۆمەڵگایەك کە رێزی زانست بگرێت و بەپایەی پێشکەوتن و گۆڕان گرێ بدات. هاوکات دەسەڵاتی سیاسی نەترسێ لەوەی کە لەنێو تاقیگەو و پۆلەکانی خوێندن و وانەکاندا دەووترێن، چونکە دواجار هەوڵ و کۆشش و خزمەتی زانکۆ دەچێتە رێژنەیەکی گەورەوە کە خودی دەسەڵاتی سیاسی و هەموو ئەکادیمی و رووناکبیران لە خزمەتیدا کار دەکەن ئەویش: رێزگرتن و بڕەودانە بەژیانی مرۆڤ.

## سەرچاوەکان:

1- M.Leezenberg en G. de Vries “Wetenschapfilosofie voor de geestenwetenschappen”. Amsterdam.2000 Universiteit van

2- D. Fellemon “Dictionary of the history of ideas”. PP. 9-1. 1976.

٣- هـ.م. پ

٤. هـ.م. پ

## ٢-٦- زانکۆکان و هەژموونی حیزب لەباتی دەوڵەت:

پێش هەموو شتێك من میتۆدی بەراوردکایم بەدڵ نییە بۆ ئەوەی لە قەیرانی زانکۆی کوردی تێبگەین لەچوارچێوەی بەراورد و لێکچواندن بەسەردەمی رژێم، بەڵام لەبەرئەوەی قسەکردن لەسەر ئاکامی دەستکێشانە کاروباری ئەکادیمیا و خوێندنەوە لەکوردستاندا هێندە باو و بیستراوە ئیدی لەبەرچاومان روون نییە تاچەند خراپ و ترسناکە، بۆیە گەڕانەوە بۆنموونەیەکی زەق دەشێت زۆرمان پێبڵێت.

بێگومان لە سەردەمی رژێمدا بەشێك لە ستراتیجیەتی ئایدۆلۆجیی حیزب دەستکێشانە ناو کایەی خوێندن بووە و زانکۆش بەتایبەت. ئەمەشی هەر بە بەرنامەکردووە، نەك بەم شێوە رەمەکییەی کە ئێستا پارتە کوردییەکان بە تایبەت دوو هێزە گەورەکە. بۆنموونە لادان و دانانی مامۆستا یا وەرگرتن و دەرکردنی خوێندکار شتێکە لە هەردوو سەردەمەکەدا هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە!

دیارە جیاوازیش هەیە لە نێوان ئەوەی رژێم و حیزبە کوردییەکاندا، لای بەعس زانست و زانین و خوێندن بە شێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەتەکداکراوە، واتەگەرچی بەرتەسك و سنووردارکراوە، بەڵام هێندەی ئەمڕۆ بێفەڕ و خاڵی نەبووە لە ماریفە. چونکە خوێندن و قەڵەم وەك چەکێك لە خەباتی ئەو حیزبە و جۆرێك لە چەسپاندنی دەسەڵات بووە. لەکاتێکیشدا زانکۆ وەك دەزگایەك فۆرمێکی بیرۆکراسی بەڕێوەبردنی هەبووە و هەندێك رێوشوێن لە بەڕێوەبردندا هەبووە نەك زاڵبوونی ئەقڵی تاکگەرایی باوی ئەمڕۆ لە زانکۆکانماندا. زانکۆی ئێمە فۆرمی دەزگایەك، دامەزراوێکی نییە، بەڵکو ملکەچی بڕیار و هەندێك پێوەرە کە لەدەرەوەی زانست و دونیای ئەکادیمییاوە هاتوون.

دەشێت لە بواری هەندێك زانستی مرۆڤایەتیدا حیزبی بەعس بەرگیری و دژایەتی هەندێ بۆچوونی زانستی کردبێ، بەڵام خوێندن هێندە لاواز و بێ ئاست نەبوو وەك ئێستا دەیبینین. ئیدی دەستخستنە کایەی زانکۆوە بەشێك بووە لە ئەقڵیەتی پاوانخوازی و گشتگیری بەعس بۆ کۆنترۆڵکردنی سەنتەرەکانی خوێندن، بەڵام هی حیزبی کوردی جۆرێك لە تەنینەوەی تۆڕەکانی حیزب و بەحیزبکردنی زانکۆیە کە تێدا ململانێ و پێشبڕکێی زانستی گۆڕدراوە بەهی حیزبی بەتایبەت لەساڵانی رابردوودا، و ئیستاش گۆڕاوە بە کێ و چ باڵێك کاراتربێت.

دیارە هەموو حیزبەکان زانکۆ و خوێندنی باڵایان کردۆتە ئامانجێکی سیاسی و پڕوپاکەندە، نەك لە پێناو زانستدا بەڵکو دەستەمۆکردنی مامۆستا و خوێندکار بە گفتەکانی سامان و



پلەوپایە و کارئاسانی. بۆیە دەستخستنە ناو زانکۆوە لە رووی ئەکادیمییەوە ترسناکە وەلێ چاوەڕوانکراوە و ئیدی سەیریش نییە. چونکە حیزبی کوردی هەژارە لە بیرو دیدو ئایدیا کە بەجارێك چاوی بڕیوەتە ناوەندەکانی فێربوون تاوەکو بە راکێشانی کادێری زانستی نەك ئاستی بیرکردنەوەی حیزبی و بەرنامەی سیاسی خۆی باش بکات (کەخۆزگە وابوایە)، بەڵکو دێکۆرێکی تری روخسارەکانە حیزبە بۆخۆی.

یەکێك لەدەرکەوتەکانی حیزب لە زانکۆکاندا وەرگرتن و دانی بڕوانامە لەسەر بنەمای ئینتمای حیزبی. ئەمە بۆخۆی قەیرانێکی ترسناکە چ بۆ زانست و چ زانکۆکان کە دواجار دابەزاندنی ئاستی زانست و بەرهەمهێنانی مرۆڤی تەمەڵ و خاوەنی هیچ و تێڕوانینێك نییە لە کۆمەڵدای بەدواوەیە. بۆیە زانکۆ ئەمڕۆکە زێتر دیکۆر و تایتڵە نەك مەڵبەندی فێربوون و لێکۆڵینەوە. بەمەش بەزاندنی هەندێك پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتییە کە ئازادی و سەربەخۆیی دەزگاییە. زانکۆ گەر ملکەچی بڕیاری حیزبی و دەسەڵات بێت، جگەلە لق یا مەڵبەندێکی حیزبی چیتر نییە.

یەکێك لە دەرکەوتەکانی رۆڵی حیزب قوتکردنەوەی دەزگایەکە بەناوی زانکۆوە لەم شار و ئەو شار. ناکرێ لەکوردستاندا چەندین زانکۆ هەبن، بەڵام یەکێکیان هی ئەوە نەبێ کە لەگەڵ زانکۆیەك کە بڵێی مەڵبەندی فێربوون و زانست بێت ریزبەندکرێن. گەر ئاستی زانکۆ لە هی ئامادەیی باشتر نەبێت بۆچی ئەم هەمووە لە چوار پارێزگادا کە ژمارەیان خۆی لە ٧ دانە ئەدات بە زانکۆی کەرکوکەوە! زۆربوونی کۆلێج و زانکۆ پێویستی بە مامۆستایە کە دواجار دەبێت زوو بڕوانامە بدرێت تا جێگەکان پڕبکرێنەوە یاخود هێنانی مامۆستای عەرەب کە دوو زمانی لە خوێندندا کێشە دەنێتەوە! ئەمە ئەو میکانیزمە ترسناکەیە کە حیزب لە پشتیەوە کاردەکات!

سەبارەت بە کێشەکانی ناو خودی زانکۆکان مەسەلەیەك گرنگ هەیە ئەویش بەرنامەی خوێندنە. بە رای من لەمڕووەوە چەندین کێشە هەن کە دەبێت هەڵوەستەیان لێ بکەین، وەك نەبوونی ئازادی زانستی لە توێژینەوە و بیرکردنەوەی جیاواز. نەبوونی ئازادی تاکەکەسی، وەك ئازادی مامۆستا لە چۆنیەتی وتنەوە و پرۆگرامی خوێندن. من قەیرانی زانکۆ لەم سێکوچکەیەدا دەبینم: نازانستی پرۆگرامی خوێندن، ناپسپۆڕی مامۆستا و لاوازی ئاستی خوێندکار. بەڕاستی ئاستی خوێندکار و مامۆستاش دوعای خێری گەرەکە. تەنانەت ئەو

تەنکە خوێندەوارییەی ئێستاکێ لە زانکۆدا دەیبینی لە قۆناغی پێش سەرهەڵدانی زانکۆ و خوێنگە میللییەکانە وەك حوجرە هێندە شوێنی نەخوێندەواری نەبوون!

کێشەیەکی دیکە کە شایەنی باسە نەبوونی یاخود باشتر بڵێم خوێندەواری بە سەلیقە و پەرۆشە بۆ زانست و فێربوون. من پێم وایە مۆتیڤی (پاڵنەر) خوێندن لەزانکۆدا چ لای خوێنکار چ لای مامۆستا هەر لە بناغەوە مەبەستی زانستی لە پشتەوە نییە. تۆ چی لە خوێنکارێ دەکەیت کە ئاستی هێندە نزمە کە بیەوێ مامۆستا لەسەر ئاستی خوێندەواری ئەو وانە بڵێتەوە ئەگینا مامۆستایەکی باش نییە! مامۆستای باش ئەوەیە کە شتی کەم باسبکات و چاوپۆشی لەتەمەڵی و خەمساردی خوێندکار بکات. ئەو کەسەیە کە یەك ساڵی رەبەق تەنها پێنج پەڕە لە ماددەکە بدات یا بنووسێتەوە بە خوێندکارەکان و دواجاریش لە تاقیکردنەوەدا نمرەی باش بدات. هەر مامۆستایەك بیەوێت خوێندکار فێری بیرکردنەوە و پرسیار و ئاخاوتن و بەدواچوون بکات رەزای گران و باش نییە!

ئیدی مۆتیڤی خوێنکارێ لەلایەك راکردنە لەچاودێری کۆمەڵایەتی- سۆشیال کۆنترۆڵ — و حەزبکات لەدووری چاوی کۆمەڵ لەگەڵ رەگەزەکەی تردا بدوێ! خۆی جوان بکات و کاتێ بەسەر بەرێت! هەروەها خۆڕایی خوێندنیش وایکردووە کە خوێنکار گوێ نەداتە ئەوەی خوێندن چییە و چی دەبێت، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا لەسەر گیرفانی خۆی ناکەوی!

پاشان دیاردەی مامۆستای لاواز بەزۆری بەرهەمی دەستکێشانی حیزبە کە هەوادار دۆست و ئەندامەکانی خۆی پێشدەخات تا خوێندن تەواو بکەن و ببن بە مامۆستا. بێئەوەی رەچاوی ئەوە بکرێت تاچەند شیاوی ئەو خوێندنەیە و ببێتە مامۆستا. زۆرێك لە مامۆستایان پیشەی وانە وتنەوەیان کردۆتە راوشکاری زۆری وانەکان لەم کۆلێج بۆ ئەویدیکە، تاوەکو سەری مانگ پارەی زێتر وەرگرن. باشە مامۆستا هەیە لە دونیادا لە هەفتەیەکدا نزیکەی بیست وانەی تیۆری بە باشی بڵێتەوە! ئەدی کاتی خوێندنەوە و خۆ ئامادەکردنی لەکوێ بوو؟ یا ئەوندەی شتەکانی وتووەتەوە لەبەری کردوون بۆ هەتاهەتایە و هی شتێکی نوێی ناخاتە سەری! بۆیە پێت سەیر نەبێت لە وڵاتی ئێمەدا هەر مرۆڤی تەمەڵ ئەیباتەوە و کەسانی هزرمەند و تیگەیشتوو لە دواوەن!

کەواتە پاڵنەری زانستی و خولیای فێربوونی زۆرێکی لەئێمەی نەکردووە بە زانکۆدا. سەردەمی رژێم کوڕان لەبەر نەچوون بۆ سەربازی و جەنگ درێژەیان بەخۆێندن ئەدا. وەلێ ئێستا نازناو و ناوبانگی خوێندن وای کردووە زۆرێك تەمەڵی و نەزانی خۆیان لەژێرناوی



خوێندنی زانکۆییدا بشارنەوە. ئائەمە وایکردووە خەڵکانێ دوای نازناو بکەون لەبەرئەوەی مافێك کە رێزگرتنە لەکۆمەڵدا بۆخۆی بپچڕێ یا لەبەرئەوەی پارە و کاری باشی دەستدەکەوێت. دیارە ئەم فاکتەرانە لەدەرەوەی پرۆسەی زانستە و پەیوەستە بە مەبەست و ئامانجی ئەوانەی روودەکەنە زانکۆ و تێدا کاردەکەن. ئێدی حیزبەکانش هەمان شت حەز دەکەن بەرپرسە سیاسییەکانیش لە باتی بڵێین هەر سیاسی نین پێیان خۆشە بە دکتۆر و پرۆفیسۆر بانگ بکرێن!

زانکۆکانی ئێمە توانیویانە بە ژمارە بڕوانامەی زۆری دکتۆر و ماستەر و خوارتر بدات! بەڵام جێی داخە گەر بڵێم زۆرێکیان کاغەز رەشکردنەوەن لە هەموو بوارەکاندا! جا تۆ وەرە نەك ماستەر و دکتۆرات نییە، بەڵکو بێئەندازە تەنە کاغەز لە ژێر ناوی تێزی ماستەر و دکتۆرا رەشکراونەتەوە و کەسیش لەو دیو زانکۆوە جگەلە هەواڵی تەواکرنی کەسێك و وەرگرتنی بڕوانامەیەك نازانێ سوودی چییە بۆچی. دیارە دونیایەکی دی هەیە لە ناو خودی زانکۆ و لە دەرەوەی زانکۆ. ئا ئەمەش ئەودابڕانەیە کە ناوەندی زانستی ئێمە تێدا دەژی و نەیتوانیووە بۆنموونە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونناسی بچێتە سەر کێشەکانی ژیانی مرۆڤی کورد. جا لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە ماستەرێك سێسەد یا چوارسەد پەڕە بێت بزانە ئەوە چییە کە نووسیویەتی جگەلە لەوەی کە هەر شتی داوەتە دەم یەك و کەڵەکەی ڕستەو ناوکردووە، چونکە چ ماستەرێك هێندە نووسین هەڵدەگرێت و بۆ؟ ئاخر کە بابەتێك هێندە درێژدادڕی تێداکرا، دەبێتە زۆرووتن و شتی لاوەکی و بێکەڵکیشی تێدایە. ئاخر من لە کۆڕی داکۆیکردن لە نامەی ماستەر دانیشتووم خودی سەرپەرشتیار ماستەرەکە بابەتەکەی بە باشی نەیخوێندۆتەوە؟! هێندە زۆر و قەبە بووە کە ئاگاداری وردەکاری و شتی گرنگ نەبووە! باشە دەی تۆ وەرە پرسیار بکە ئەم چەند سەد پەڕ چ سوودێکی هەیە بۆ مامۆستا و خوێندکار و کایەکە، مەگەر هەر وتنەوە و دووبارەکردنەوە وەرگرتنی بڕگەی بابەتێك لێرەوە لەوێ نەبێ.

دیارە ئەمە پەیوەندە بە بنەماکانی ئەکادیمییەوە هەیە کە تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان و نووسین و توێژینەوە دەکەیت و تاچەند بیرکردنەوەت لۆجیکییە، نەك بیرکردنەوەیەك بێت سەرزارەکی کە بە تانوپۆی کاغەزدا پەرش و بڵاوبێت و هەر وشە و رستە ریزبکات بێئەوەی پرسیار بکات بۆ دەبێت ئەم دێڕەش باسبکات. نووسینی دریژ زۆرجار دەلالەتە لە رووپۆشکردنی کەموکوڕی و ناتێری نووسین و جۆرێك لە خۆخاڵیکردنەوە.

## ٣-٦- فێرکردن و تێگەیشتن وەك کێشەی خوێندن:

کێ نییە گلەیەکی لـە سیـستمی خوێـندن و فێرکـردن بـە تایبـەت خوێـندنی بـاڵا نـەبێت؟ هەندێك پێیان وایە لاوازی ئاستی ئەکادیمی و زانـستی بەپلـەی یەکـەم دەگەڕێتـەوە بـۆ خـودی پرۆگرامی خوێندنەکە، پاشان لاوازی کارایی مامۆستاکان. دیارە ئەم دیـدە بـەزۆری لـە لایـەن فێرخواز و خوێندکارانەوە ئاڕاستەی کۆی پیشەی فێربـوون دەکرێـت. دەشـێت راسـت بێـت کـە بەرنامە و پرۆگرامی فێرکردن بەسەرچـوو و لـە پێویـستی سـەردەمی ئێـستادا نـەبێت. پاشـان شێوازی فێرکردن هەر لە بناغەوە ئامانجی خۆی نەپێکێت.

گەرچی ئامانج لە خوێندن فێرکردنـە بـەڵام لـە واقیعـدا ئامانجەکـە لای ئێمـە دەرچـوونە و بڕینی قۆناغـەکان و دواجار وەرگرتنی بڕوانامەیەکە! وەرگرتنی بڕوانامە لە وڵاتی ئێمـەدا بۆتـە تاقە خواستی خوێنـدن. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ یەکـدوو هۆکـار: هۆکـارێکی کۆمەڵایـەتی، کەسێك خاوەنی بڕوانامـەیێك بێت بەچاوێکی تر سەیردەکرێت لە کۆمەڵدا. هۆکاری ئـابووری و گـوزەرانیش پاڵنەرێکـە بۆئـەوەی زۆرێـك بـیر لـە بڕوانامـە بکەنـەوە، چـونکە بـژێوی بـاش بەستراوەتەوە بە کارێکەوە کەزۆرجار هەبوونی بڕوانامایێکی زانکۆیی دەخوازێت.

بە بۆچوونی من، هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندن دەبێت لە سـێ رەهەندەکـەی پـەروەردەوە: پرۆگرامی خوێندن، مامۆستا، پاشان خوێندکارەوە وەربگرین. بێ ئەم سیانە نـاتوانین بـاس لـە لاوازی و چـاکردنی سیـستمەکەش بکـەین. لەکاتێکـدا زۆربـەی رەخنـەکان دەخرێتـە ئەسـتۆی پرۆگرامی خوێندن یا گـەردنی مامۆسـتا. بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە: خوێنـدکار لـەکوێی ئـەم هاوکێشەی فێربووندایە؟ ئایا گەر ئاستی مامۆستا بەرز بووەوە، یەکسەر ئاستی خوێنـدکاریش بەرزدەبێتەوە؟ ئەدی تاچەند خوێندکاری زانکۆ بۆنموونە لەسەرێتی باش بێت و تاچـەند ویـستی فێربوون و خوێندن ئامادەیە لای ئەو؟

ئەوەی لەو ماوەی وانە وتنەوەدا لە زانکۆی سـلێمانی هـەولێردا بـۆم دەرکـەوت شـتێکی دڵخۆشکەر نییە: ئامادەیی خوێندکار لاوازە لە فێربوونـدا، نـەك لـەوەدا کـە حـەز بـەفێربوونی زانیاری تازە ناکات، بەڵکو لەوەدا کە بەدوای زانیاری، پرسیارکردن، خۆئامادەکردن بۆ وانەکـە ناکـەوێ، هــەروەها خوێندنەوەیــەکی زیــاتری لەســەر ئــەو زانــستەی دەیخوێنرێــت نییــە. بەکورتییەکەی: خوێندکار دەخوێنێت بۆئەوی دەربچێت، نەك فێربێت. و ئەوەندەی خۆی بەشتی لاوەکییەوە خەریکدەکات ناوەڕۆکی بابەتەکەی بەلاوە گرنگ نییە. خاوی و تەمـەڵی و حـەزی بەدواچوون کزە. ئەو ئامادەیە ئەو زانیارییە وەربگرێت کە لە چوارچێوەی وانەکە و تەنها کە بۆ



تاقیکردنەوە بەکاردێت. چاوەڕێیە مامۆستا وەك بێژەر کۆمەڵێك شتی سادەی بۆ کۆبکاتـەوە و لە کلاسدا هەڵیبڕژێت!

سـەبارەت بـە شـێوازی فێربـوونیش زیـاتر کـار لەسـەر چـۆنیەتی لەبیرنەچـوونەوە، واتـە لەبـەرکردن-دەرخ- دەکرێـت نـەك تێگەیـشتن. وەلێ کەسـێکیش شـتێك تێنـەگات ناشـتوانێت لەبیری نەچێتەوە. پاشان توانستی لەبەرکردن دیاریکراوە و وابەستەی میکانیزمێکـە: بۆئـەوەی مێشك شتی نوێ وەربگرێت، دەبێت کۆمەڵێك شتی کۆن لەخۆیدا بـسڕێتەوە. بۆیـە کاریگـەری سایکۆلۆجی و دەوروبەر دەبنە رێگر لەبەردەم لەبەرکردنـدا. لێـرەوە ئـەو شـێوازە بـاوەی ئێمـە زۆجار کار لەسەر پەروەردەکردنی پەپەگایەکە، کە شت بڵێتەوە و لەبەر بکات نـەك تێبگـات و بزانێت چی دەڵێت، و بۆچی دەخوێنێت.

تا ئێستاش سیستمی خوێندن پشت بە بۆچوونێکی باو دەبەستێت: لە جیـاتی پێگەیانـدنی کادێری زانستی، پێداگرتن لەسەرۆی ئەوەی کە بە مامۆسـتا ناسـراوە دادەگیرێـت. بـەڕای مـن دەبێت ئێمـە چـەمکی مامۆسـتا کـە زیـاتر کەسـێکە لـە پـەروەردەوە نزیکـە تـاکو فێرکـەر و راهێنەری ئەکادیمی جیا بکەینەوە. چونکە خەمی مامۆستا رێ نیشاندانە نەك زانست بە پلەی یەکەم. دەبێت لە زانکۆدا کار لە سەر کـادێری زانـستی و ئـەکادیمی و راهێنـەر بکرێـت. واتـە کەسانێك پێ بگەیەنرێت کە توانای هزر و ئاوەزی داڕشتنی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی تێدابێت. ئەم جۆرە کارامەییە بە لەبەرکردن و وتنەوەی زانیارییەکان نایەتەدی.

هەربۆیە زۆربەی ئەوانەش دوای تەواوکردنی پلەیـەکی زانـستی دەبنـە کـادێر و مامۆسـتا لـە خوێندنی باڵادا بەهەمان شێواز دەڕۆن کە پێی راهاتوون. ئیدی ئەوانیش توانای شرۆڤە و لێکدانەوە و بەدواچوونی قوڵیان کەمە. لێرەوە ئێمە دەکەوینە نێو بازنەیەکی داخراوەوە: کە ئاستی مامۆسـتا و خوێندکار و بێ کەڵکی پرۆگرامی خوێندنە. گومانی تێدا نییە زۆرجار خودی ئەو خوێندکارانـەی گلەیی و رەخنەیان لە ئاستی مامۆستا و خوێندن هەیە، هەربۆخۆشیان پێیان باشە و داواش دەکەن کە مامۆستا شتێکیان پێ بڵێتەوە کە بۆتاقیکردنەوە بێت. هەرخودی خۆیان داوای کەم و سووکی و ئاسانی و سادەیی ماددەی خوێندن دەکەن، چونکە گەر بابەتەکە کورت و سادە نەبێت لەبەرناکرێت! کەواتە خوێندن لای مە زۆر پێ پێز و ناوەڕۆکە، لەبەر ئاستی مامۆستا و کۆنی پرۆگرام و خواستی خوێندکاری خەمسارد و تەمەڵە لە فێربوون. بەڵام فێرکـردن واتـە تێگەیانـدن، و فێربـوونیش واتـە تێگەیشتن کە ئەمەش پێویستی بە مامۆستای چاوکراوە و پرۆگرامی باشی ئەکادیمی و خوێندکاری پەرۆشە بۆ فێربوون بەوچانێکی نەبڕاوەوە.

## ٤-٦- ڕەهەندەكانی پرسیار و وەڵام لە بیركردنەوە و فێربووندا:

لە كۆمەڵگایەكی داخراو و باوكسالاردا وەلی هی خۆمان پرۆسەی وەڵام دروستكردن زۆرترین ڕووبەری هۆش و پانتاییەكانی ژیانی بیركردنەوە و خوێندنی داگیركردووە. لەئاكامدا بەدەگمەن نەبێ لا بە لای پرسیارەكاندا ناكرێتەوە، لەكاتێكدا نەبوونی پرسیار و ئاوەزی پرسیار داڕێژەر بۆخۆی جێی پرسیارە. بۆ هیچ كەسێكیش نا بۆ ئێمەی كورد كە مێژوویەكی درێژ و پڕ لە ڕووداوی هەیە كە لێوانلێوە لە پرسیار و بۆ بۆی بێكۆتاییی. نەبوونی پرسیار، زەنگێكی ترسناكە لە چارەنووسی ڕووناكبیر و مرۆڤی كورد بەگشتی.

كاتێ پرسیار بوونی نابێ، لێكۆڵینەوە و توێژینەوەش سەرهەڵنادەن. بێگومان نەبوونی ئەم دەستپێشكەرییە لەهزری ئێمەدا پرسیاری ترمان لادروستدەكات. من لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە، بەئەندازەی خەریكبوون بە ڕەهەندە جیا و تەریبەكانی پرسیار و وەڵام وەك دوو پرۆسەی سەربەخۆی خوێندن و فێربوون و كاریگەرییان لەسەر هۆشی ئادەمیزاد و پێشخستنی.

ئاشكرایە مێنتاڵیتێتی مرۆڤی كورد كە لە ئاستێكی نزمی خوێندەواری و هۆشیاریدا بەرجەستە بووە و بە زۆرترین وەڵامی سادە و ساكار گۆشكراوە. واتە بەرهەمهێنەری زێتر وەڵامە وەك داڕشتنی پرسیار. وەلێ مەرجیش نییە ئەو جۆرە وەڵامە بەردەستانە ئاشكرا و ڕێك بن و بچنە خانەی وەڵامی تەواوەوە، واتە ژیربێژیانە بن، بەڵكو زۆربەی هەڵوێستی هەنووكەیی و ڕۆژانەن كە لە دەرەنجامی هەندێك ڕووداو و كارەساتی كتوپڕدا دروستبوون.

هەربۆیە بوونی پرسیاری سەنگین و بەهەند دەگمەنە، ئەوەشی كە هەیە بابەتی كلاسیكی و لە چەند وەڵامێكی ترادیشیۆنانە تێناپەڕن. بەڕای من ئەمە یەكەم بۆ لەبەرچاونەگرتنی ڕۆڵی پرسیار لەكۆمەڵدا دەگەڕێتەوە. پاشان كردنی پرسیار، پرسیاری لێدەكرێت واتە: لەپرسیاركەر ئەپرسرێتەوە بۆ دەبێت پرسیار بكات.

دیارە پرسیار لای ئێمە لە تابوویەك دەچێت، چونكە وروژێنەر و باس دەكاتەوە. بەحوكمی ئەوەی ئێمە ژیان زۆرتر لە بێدەنگی پرسیار و بەدواچووندا بەسەر دەبەین، وا تێگەیەنراوین شتەكان، مەسەلەكان بڕاونەتەوە پێویستیان بە پرسیار و بەدواچوون نییە. تۆ هەیت و وەڵامەكانیش دانراون، وەك تۆی مرۆڤ دەبێت باوەرت بەچارەنووس و بوونی خۆت هەبێت، ئاوەهاش دەبێت وەڵامە ئامادەكراو و ساغەكانت ڕەتنەكەیتەوە.



واتە وەڵام باوەڕە، بەڵام پرسیار گومان و ترەنجانی بیرباوەڕی گشتییە. گەر بەنموونەش پرسیاری فەلسەفی بێنینەوە دەبینین پرسیاری فەلسەفی لای مە كەمە و بێبایەخ سەیركراوە. دیارە هۆكاری سیاسی و ئایینی لەپشت ئەم بۆچوونانەوە هەیە (لە قەیرانی فەلسەفە لە وڵاتێكی پڕ زانكۆدا ئەمە تاڕادەیەك باسكردووە). بە واتایەكەی تر: ڕیتمی ژیان و گوزەران و ئاراستەی بیركردنەوە و ئایین تێكڕا لە كولتووری ئێمەدا وەك حاشاهەڵنەگر و بەڵگەنەویست نمایش و قەبووڵكراون. ئیدی پرسیار وەك كورد دەڵێت ریسەكەمان لێدەكاتەوە بەخوری. بۆیە تۆیەكی پرسیاركەر "تاوانباری" و وەهاش سەیردەكرێیت لەدەوروبەردا. كە پرسیار دەكەیت، بە پرسیاری مەبەست و سەرچاوەی پرسیارەكە كوێیە و كوێیە وەڵام دەردرێتەوە. جۆرە دادگاییكردن و پاشان سەرزەنشت و سەریەشەشی بەدوادادێت، چونكە كەسی پرسیاركەر بەجەستەیەكی نامۆ سەیردەكرێ و مۆركی "بیانی" لێدەدرێت.

ناونیشانی پرسیار كەر وەك نامۆیەك. لەلایەكی ترەوە زۆر جار پرسیار سەردەكێشی بۆ پاوانەكانی تابوو و نۆرم و بەها كۆمەڵایەتییەكان، لەكاتێكدا پرسیار بۆی نییە توخنیان كەوێت، چونكە ئەوە بەدەستێوەردان دەست دانە لە ڕەوایەتی و پیرۆزییان. بێگومان بەهۆی نزمی ئاستی ژیری و ڕۆشنبیری تاكەكان و بەهێزی هۆكاری ئایینی ئەمە لە سەر حیسابی ئەقڵی پرسیاركردنە. هەربۆیە خودی پرسیار پابەندە بە پێشكەوتن و گەشەسەندنی بیری كۆمەڵایەتی مرۆڤەكانەوەیە.

هەربۆیە پرسیار جۆرێك لە پێویستی گۆڕان و داهێنان لەخۆیدا هەڵدەگرێ.، ئەتوانین لەم گۆشەنیگاوە بگەینە ئەوەی لە كۆمەڵگای ئێمەدا ئاسۆی گۆڕان كزە لەبەر سادەپرسیاری كە بۆخۆی پرسیاری قووڵ فاكتەری گۆڕانی بنەڕەتی و نوێكاری و داهێنانێكی سەرتاپاگیرە.

ئیدی هێندەی كورد پێویستی بەخەباتە، دوو هیندەش پێویستی بە پرسیاركردن و وروژاندنە. لەلایەكی دیكەوە مرۆڤی ئێمە درێژە بە ژیان ئەدات وەك پرۆسەیەكی درێژكراوەی ڕابردوو، كە هەمووشتێك لە ڕابڕدووی دێریندا تەواوكراوە وەك تاكە پرۆژەی ژیانی ئەو مرۆڤە. مرۆڤی ئێستا تەنها پەیڕەوكەر و دوای ئەوە بكەوێت كە هەبووە! گەرچی هەگبەی وەڵامەكان پرۆسەیەكی مێژووكردن، بەڵام دەسەڵاتێكی مەرجەعی بۆماوەیی پێكدەهێنن. ئەم مەرجەعییەتە لەبەرامبەر هەر پرسیارێ پەنای بۆ دەبردرێت و وەڵامی لێدەهەڵێنجرێ. دیارە ئەم كارگەیە تەنها وەڵام بەرهەم ناهێنێ، بەڵكو هەندێ پرسیاری دەستكردانەش بۆ چەسپاندنی ڕەوایەتی خۆی دەسەپێنێت. بۆیە وەڵام ڕاستەوخۆ سەر بەم مەرجەعییەتەیە و دەسەڵاتی

مەرجەعی هەمیشە بەدوی وەڵامدا دەگەڕێ بۆ شاردنەوەی پرسیار و راستییەکان. واتە وەڵام ئینتیمای بۆ دەسەڵاتێکی مەرجەعی دێرین هەیە کە پرسیار و بەدواچوونی لێناکرێ، چونکە ئەوە سنوورێکی پیرۆز و پارێزراوە. لێرەوە دەبینین کە بۆچی پرسیار بە دەستنێژ و کردەیەکی دەرەکی دەژمێردرێت.

(ماوریس بلۆدنی- فەیلەسووفی فەڕەنسی ١٩٤٩-١٨٦١) لە هەوڵێکدا توانیویەتی سروشتی پرسیار و وەڵام لە رێی دەرخستن و دیارکردنی پەیوەندی هەردوولا بەیەکەوە. ئەو جەخت لەسەر جیاکردنەوەی پرسیار لە وەڵام و باس و لێکۆڵینەوە دەکات، چونکە لێکۆڵینەوە هەمیشە گەڕانە بەدوای رەگوڕیشە قوڵەکان. واتە هەڵکۆڵینی بناغە و بنەڕەتەکانی واتا. بۆیە پرسیار بە جوڵە و بزاوتن و کرانەوە دادەنێ. بۆیە ئەم سۆراخ و گەڕانە لە وشەی پرسیاردا خۆیدەنوێنێ کە بریتییە لە پێویستیی دەربڕین و داواکردن و خوازیاری. بەواتەیەکی تر، ناتەواوی شتێك کە بەدوای تەواوبووندا دەگەڕێ، نەك بەو واتایەی کە پرسیار بۆخۆی کەم و ناتەواوە، بەڵکو بە پرۆسەیەك کە پێویستی تەواوبوونی خۆی لەپرسیاردا دەردەخات.

کەواتە پرسیار ئارەزووی بیرکردنەوەیە. لەگەڵ ئەمەشدا دوای هەموو پرسیارێك جۆرە بێدەنگییەك باڵدەکێشێت بەسەر ئاخاوتنێك کە پرسیار باڵادەستە، بەڵام ئەمە کاتییە. واتە پرسیاری چاوەڕواننەکراو بۆشایی و بێدەنگییەك دەهێنێت، چونکە ئەو ساتە بێدەنگییە پردێکە بۆ بزاوتن و پەڕینەوە. لەکاتێکدا وەڵام دەرگاکانی بیرکردنەوە و حەزی بەدواچوون دادەخات و لە گەڕان بێبەشمان دەکات، چونکە وەڵام خۆی لە کاملێتیدا دەبینێت و هەر لەو پلە وپایەیەشدا خۆی دەنوێنێت. واتە وەڵام نەبزاوتن و داخستنی پەنجەرە و هەژارکردنی پرسیارە. لەلایەکی ترەوە وەڵام خۆی لە پرسیار بەگەورەتر دەگرێ. چونکە پرسیار جۆرێك راستی نەزانین و هەژاری دەگەیەنێت کە لەبەرگی پرسیاردایە. بەڵام لە راستیدا وەها نییە، چونکە وەڵام هەردەم لەپرسیارەکان دەترسێ. واتە لە بێ وەڵامی خۆی و ناتێری خۆی دەترسێت.

گەر لەمەش زیاتر سەیری رۆڵی وەڵام و پرسیار بکەین، دەبینین هەردووکیان ئەرکی سەربەخۆ و جیایان هەیە. رۆڵی پرسیار لەبەرهەمهێنانی پرسیاری نوێ، بۆچوونی تر، واتە خوێندنەوەیەکی تری رووداوەکانن لەدیدێکی ترەوە. ئەگەر پرسیار رەها بکرێ، زنجیرەیەکی نوێی مەسەلە و بابەت دروستدەبن لەبەردەم وەڵامە داڕێژراوەکاندا. پاشان وەڵام دەبێتە دژەکار و رووکەشکردن و داپۆشینی پرسیارەکانی تر، واتە کاری دەمکوتکردن و زیندەبەچاڵکردنی نوێخوازیی بیرکردنەوەیە. چونکە وەڵام سروشتێکی تیژبڕی هەیە، بەواتایەکی تر: خۆی وەك



گوزارەیەکی تەواو و کامڵ و بێخەوش پڕاوپڕی پرسیار دەخاتەڕوو. جگەلەوەش خۆی لە بێگومانی و راستییەکی قسە لەسەرنەکراو دەنوێنێ.

لەکاتێکدا مەبەستی پرسیار وروژاندن و سۆراخکردنی ئەلتەرناتیڤە، نەوەك تینوێتی وەڵامی شەختەیی. لەوانەیە پرسیار کەم تا زۆر شەیدای وەڵام نەبێ بە ئەندازەی وەگەڕخستنی هزر و هۆشی مرۆڤ و دەرهێنانی لە چێوەیەکی تەسك و داخراوی بیرکردنەوەدا. بەپێچەوانەوەشەوە وەڵام لەدوی پرسیارە یان پێش پرسیار دەکەوێ تاکو بەری بگرێ و نەکرێ. لەکوێ پرسیار هەبێ، وەڵام هەوڵی دروستکردنی خۆی دەدات. تێگەیشتن و قوڵبوونەوە لەدەوروبەر و هاندانی مرۆڤ بۆ ناسینی خۆی و پەیوەندی لەگەڵ ژینگەدا وەك مۆتیڤ بە فاکتی پرسیار ئەبێ یاخود بۆ خۆی پرسیار دەڕەخسێنێ. پرسیار لە قوڵاییدا بێتاوانانترە لەوەڵام. چونکە کەمتر بەو شێوە مەبەستگەرایییە پێشوەختە بیری لێکراوەتەوە.

هەربۆیە بەوە تاوانباردەکرێ کە زۆر مەبەستدار و گێرەشێوێنە، کەچی وەڵام بە دروستکراوی و داڕێژراویی لەدایك دەبێت، واتە لەکاری هونەر و تەکنیکی دەچێ کە زۆر بیری مەبەستداری لێکرابێتەوە. بەڵام پرسیار ناکاو کتوپڕییەکی تێدایە. کەچی وەڵام وەك رستەیەك پێویستی بە کاتی تەواو هەیە تاکو بهۆنرێتەوە. واتە وابەستەی کات و شوێن و لەو مەودا تەسکەدا دەخولێتەوە. وەڵام لەکاری مرۆڤی زۆرزان وەك دانا و زانا دەچێت. لەفەلەسەفدا ئەم جیاوازی پرسیار و وەڵامە دەکرێت بکرێتە نموونەی جیاوازی نێوان فەیلەسووف و سۆفیتەکان. فەیلەسووف بەرهەمهێنەری پرسیاری سەنگینە، لەکاتێکا سۆفیستەکان زۆرترین وەڵامی سادە و روپاماڵیان لایە. بۆیە پرسیار سروشتی ترە لەوەڵام کە دەستکردە، هۆنراوەتەوە.

جیاکارییەکی تر ئەوەیە کە کات سنووری بۆ پرسیار دانەناوە یاخود باشتر بڵێین نەیتوانیوە سنووورداری بکات. هەر بۆیە پرسیار نەمرە، چونکە وابەستەی کات و شوێن نییە. واتە گەردوونی و گێتیخوازە. لە کاتێکدا وەڵام لە قۆناغێکی دیاریکراودا و دوچاری کۆن بوون و ژەنگگرتن دێت و دەبێتە رستەیەکی کلاسیکی و بۆ هەموو پرسیارێ بەچەندین جار دووبارەبوونەوە لە بەرگی جیاجیادا بەکاردێت. دەکرێ باس لە راستییەك بکەین ئەویش پرسیارە نەمرەکانە، بەڵام هەرگیز وەڵامە نەمرەکان بوونی راستەقینەیان نییە. هەموو سەردەمێك وەڵامی خۆی بەرهەم دەهێنێت. چونکە پەیوەندی پرسیار و وەڵام پەیوەندییەکی دیالێکتیکێکی زۆرانبازییانەیە، وەڵام دەخوازێت راوی پرسیار بکات یا بێدەنگیان بکات و تەقەللای پاکتاوکردنیش ئەدات بەزەبری توند و قایمی فەرهەنگ و مەرجەعی مێژوویی.

ئاشكرایە كە بوون و ژیان بۆخۆی پرسیارە و یەك وەڵامیشی نییە. هەربۆیە پرسیارەكان هەموویان لەو بەراییەوە سەرچاوەدەگرن و پۆزەتیڤانە هەڵدەسورێن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە وەڵام هەمیشە نێگەتیڤ بێت، بەڵكو لە كۆمەڵدا بەئەندازەی هۆشیاری گشتی بۆ پرسیارە چارەنووسییەكان، كە تاك وەك ئەندامی كۆ لە جۆرە شپرەزەیی و بێوەڵامی و رەشبینی رزگاردەكات. بەڵام كاتێ وەڵام دەچێتە خانەی پاراستنی فەرهەنگ و پیرۆز دەكرێ، نابێ دەستكاری بكرێ وەك دەقێكی پیرۆز بۆ هەموو نەوەكانی داهاتوو كاری پێبكرێ. ئیدی پرۆسەی بیركردنەوە و پرسیار و داهێنان دوچاری وەستان دەبێ و رەوتی رۆشنبیری قەتیس دەخوات. چونكە هیچ رووبەرێك ناسازێنرێ بۆ خوێندنەوەی رابردوو بە دیدێكی رۆشن. لەبەرئەوەی هەموو شتێك ئامادەیە لە گەنجینەی كولتووردا و كەڵەكەكراوە. ئەمە سیمای كۆمەڵگای دۆگما و چەقیوە كە هیچ زانست و توێژینەوەی نوێ نانرخێنێ.

بۆ شكاندنی ئەو سنوورە و ئازادكردنی هۆشیاری بیركردنەوە دەبێت پرسیارەكان لە كۆتەكانیان رزگاربن. گەورەترین كۆسپ و تەگەرەیەك لەبەردەم پرسیاردا ئەوەیە كە زۆرجاران خۆی لە پەرژینی نۆرم و بەها كۆمەڵایەتییەكانی وەك ئایین و مەسەلە رەوشتییەكان دەدات. ئەم رووبەرانە بەشوێنێكی داخراو و پارێزراو دائەنرێن و زۆر بە پیرۆز سەیردەكرێن و كەمترین كۆشش بۆ تانوپۆكردنیان دوچاری سزای كۆمەڵمان دەكات. بچووكترین سزاش تۆمەتباركردنی پرسیاركەرە!

**چەپاندنی پرسیار لە ویژدانی دەستەجەمعیدا:**

لە رەفتاری كۆمەڵایەتیدا پرسیارەكان خەفە یان دەبێت هەڵبژێردرێن كە ئەمە كۆسپێكە لەبەردەم ئازادی تاك و رەهایەتی پرسیاردا. لەو كۆسپانەس ترس و بیمی هەڵەكردن یان بە هەڵەبردنی پرسیاركەر بۆ نموونە مەسەلە ئایینییەكان و تابوەكانی شەرم و شوورەیی كە لە ویژدانی تاكەكاندا چێنراوە، رۆڵێكی خراپ دەبینێت. پرسیار شەرم و دڵەڕاوكی ئەیگرێ، چونكە شەرم و تەریقی و هەست بە هەڵە و كەمێتی كردن هۆیەكە بۆ تاساندنی خاوەنەكەی. زەقترین نموونە پەیوەندی خوێندكار و مامۆستایە لای ئێمە. كاتێ خوێندكار تێناگات بەباشی لەوانەكە ناوێرێ پرسیار بكات! بەهەمان شێوە لە ناو خێزان و دەزگا كۆمەڵایەتییەكانی وەك شوێنە پیرۆزەكان و گشتییەكانیشدا هەیە.



هەڵبەت ئەم خاڵە لە تافی منداڵییەوە لە هەست و نەستدا تۆخدەكرێتەوە. تاك وەك ئەندامی كۆمەڵ (Memberschip Group) كۆمەرجەعێك هەیە (Refrence Group) رەوشت و ئاكارەكان رێكدەخات و تاك پابەندی ئەو رەوش و سەمفۆنیا كۆمەڵایەتییە دەبێت تاكو ئەندامێتی خۆی بپارێزێ و دوور لە سزا و تەریككردنی كۆمەڵ بگوزەرێت[1]. ترس و شەرم وەك كۆسپێكی دەروونی كارێكی خراپی هەیە، نەك لەتەمەنی منداڵیدا بەڵكو لە دواتردا قوڵتر و پتەوتر دەبێت و دەچەسپێ لە كاراكتەر و كەسایەتیدا. تەنانەت كەسایەتییە دیار و ناودارەكانیشمان كەم لێی قورتاردەبن. ئەوەتا رۆشنبیر و سیاسەتمەدارەكان لەبەردەم كامێرادا دوچاری سەخڵەتییەكی زۆر دەبن بەرامبەر پرسیارەكان و زۆر جاران هەڵچوون و تووڕەییش لە دەربڕیندا دەبینرێ، بەتایبەت كاتێك پرسیارەكان رەخنەئامێز بن. چونكە ئەوانێك رانەهاتوون لەسەر پرسیاركردن و ئەوجۆرە گفتوگۆیانە بە نامۆ دەزانن. پرسیار بەشێوەیەك لەبەگیرهێنان دەژمێرن. سەرەڕای فشاری كۆمەڵ لەسەر پرسیارەكان گێچەڵ دروستكردن و ئەنجامی خراپیان لەسەر پرسیاركەر هەربۆیە دەووترێ (زمان بوەستێ سەر رەحەتە).

فوكۆ دەڵێ: " ئێمە باشدەزانین كە مافی وتنی هەموو شتێكمان نییە، هەروەها مافی ئاخاوتن لەمەڕ هەر بابەتێ، لەهەر بۆنەیەكدا ناكرێ. هەموو كەسێك ناتوانێت بدوێ وەك ئەوەی خۆی دەیەوێ، یاخود بۆی بلوێ. چونكە بە پیرۆزی بابەت و كەش و رەوشی جێگا و شوێن مافی لە پێشترین كەس بۆ ووتنی ئەو بابەتە گەمارۆدراوین. دیارە ئەو ژیانی سیاسی و مەسەلە سێكسییەكان بە نموونە دەهێنیتەوە كە تەلبەندكراون و بە ئاشكرا و راستەوخۆ ناتوانرێ باسیان لێوەبكرێن". لەبەرئەوەی لە كۆمەڵدا رێوشوێنی ئاخاوتن و پرسیار دیاریكراون، تۆ كە لەدایكدەبی بەرگ و زمان و خۆراك و خۆ ونەریت سەرتاپا هەن. كە تۆ بۆخۆت هیچ رۆڵێكت لەدروستكردنیاندا نەبووە! ئیدی مافی هەڵبژاردنیشت نییە و دەبێ شوێنیان بكەویت، وەلێ لە كۆمەڵگای لیبراڵدا مافی رەتكردنەوەت هەیە. هەروەها پرسیار و وەڵامەكان هەموویان بەزۆری كراون، بۆیە زۆر بە ئەستەم لەكۆمەڵگایەكی دوواكەوتوودا بواری پرسیار و وتووێژی سەربەخۆ دەڕەخسێ.

(١) اسئله عام الاجتماع: پیر بۆردیو، ترجمه.

بەرای من سەرەتای رۆشنبیریی ئێمە بە "بۆ" دەستپێدەكات. خۆشبەختانە ئێمە هەموو وەڵامێكمان هەیە نەوەك بۆ هەموو پرسیارێك، بەڵكو بۆ هیچ پرسیارێك كە بكرێ!

ئیدی پێش ئەوەی مرۆڤ و بیركردنەوە ئازادبكرێن، دەبێت دەرگای پرسیارەكان بخرێنە سەرپشت، بەرلەوەی وەڵامە ساغ و ئامادەكراوەكان رابگەیەنین، دەبێت ئاسۆی پرسیار فراوانبكرێت! سەرەتای هۆشیاری مرۆڤی ئێمە لە پرسیارەوە دەستپێدەكات بە هەموو رەهەندەكانیەوە. یەكەم هەنگاوی پرۆژەی پێشكەوتن و روناكبیری نوێ لەم خاڵەوە رێدەكات بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگا و دیدێكی فراوانتر.

پێویستە پرسیارەكان ئازادبكرێن لە تەلبەندی (رەوشت، ئایین و بابەتە كۆمەڵایەتییەكان) و پرسیاركەر ئازادبێت لە دەربڕینی پرسیار. ئەوس كۆمەڵگای ئێمە لە داخراوەوەییەوە بۆ كۆمەڵگایەكی پرسیار وروژێنەر هەنگاودەنێت. لەوێوە دەكرێ مرۆڤ باس لە هەموو بابەتێكی گرنگ و چارەنووسسازبكات. بێگومان شكاندن و بەزاندنی ئەو سنوورە دەروونی و كۆمەڵایەتییانە لە كەسانی روناكبیر و لێكۆڵەرەوە دەستپێدەكات. جورئەتی پەلاماردان و باسكردن هەبێت بێ سڵەمینەوە و هەستی تاوان دەرهەق بە نەریت و بەندوباوەكان. ئەگینا لە مرۆڤێكی سادە و كەم هۆشیار ورە بەرزی و شكاندنی ئەو بەستەڵەكە چاوەڕوان ناكرێت. بۆیە لێرەوە دەكرێت باس لە گۆڕان بكرێ كە ئەویش خەمی پرسیار بەرهەمهێنانە!



### ٥-٦- قەیرانی نەخوێندنی فەلسەفە لەوڵاتێكی پڕ لەزانكۆدا:

دوای چەندین ساڵ لە دامەزراندنەوەی چەند زانكۆیەك و كردنەوەی زۆرترین بەشەكانی خوێندن بێجگەلە فەلسەفە، ئێمەی كورد هەر بێبەشین لە خوێندنی فەلسەفە! باشە بۆ دەنابێ فەلسەفە وەك بەشێكی تایبەت لە دەزگاكانی خوێندنی باڵادا بخوێنرێت؟ بەواتایەكی دی: بۆچی فەلسەفە تاكو ئێستاش لە زۆربەی زانكۆكانی كوردستان وەكو بەشێكی سەربەخۆ ناخوێندرێت؟ ئایا ئێمە لە بەردەم **قەیرانی** نەبوونی فەلسەفەداین یاخود **قەیرانی** زانكۆگەلێك كە خاڵییە لە فەلسەفە؟

بێ گومان ئەو پرسیارەی سەرەوە چەند دەلالەتێكی هەیە كە پرۆگرامی خوێندن خاڵییە لە فەلسەفە و پاشان ئاماژەیەكیشە كە مرۆڤی كورد و زمان و فەرهەنگەكەی بێبەشە لە فەلسەفە لەسەر ئاستێكی سیستماتیكی و ئەكادیمی. بەواتایەكی دی: كولتوور و زمانی بیركردنەوەی ئێمە دوورە لە فەلسەفە. گەر لە رابردوودا هەموو بیانو و پاساوێك هەبوویێت لە بێبەشبوونی ئێمەی كورد لە فەلسەفە بەوەی ئێمە و زمان و خوێندنمان داگیركرابوو، ئەوا ئەمڕۆ كە دەرگاكان والآن. ئیدی تەنها وەڵامێكی دیكەمان دەست دەكەوێت كە كەسانێك هەن لە دەزگاكانی خوێندنی باڵادا كردنەوەی بەشی فەلسەفەیان پێ گرنگ نییە و رێگریش دەكەن لەژێر بیانو و بەهانەی جیاجیادا. دەمێك بەوەی كادێری ئەكادیمی نییە، دەمێك بەوەی بینا و كەلوپەل و پرۆگرام نییە.

من لێرەدا هەوڵدەدەم پەنجە بخەمە سەر ئەو هۆكارە راستەقینانەی كە لەپشت ئەم رێگرییەوە، پاشان ئەوە دەربخەم كە بۆچی فەلسەفە لەدونیای ئەكادیمی ئێمەدا پەراوێزخراوە. چونكە نەخوێندنی فەلسەفە پەیوەندی بە هەندێك هۆكارەوە هەیە كە من بە "قەیرانی بیركردنەوە لە فەلسەفە" ناودەبەم. ئیدی خاڵی بوونی دونیای روناكبیری و خوێندنی ئێمە لە فەلسەفە هەژارییەكی فەرهەنگی و زمانەوانی دەگەیەنێت. لەبەرئەوەی تائێستاش فەلسەفە بە واژەی ئەكادیمی و كوردی پراكتیزە نەكراوە، ئاوەز و "ئەقڵی" كوردی نەیتوانیووە كۆمەڵێك تێكست و تێگەی فەلسەفی بەرهەم بینێت. لەلایەكی دیكەوە ئەم دۆخە بێئاگایی ئێمە دەگەیەنێت لە رەوتی فەلسەفی جیهانی و هەرئەم دابڕانەش پاشكەوتنە لە رێڕەوی مێژوویی و شارستانی و فەرهەنگی. كەواتە دواكەوتن لەو رەوتە لەهەمموو حاڵەتێكدا زیانێكە بۆ ئەقڵ و زمانی كوردی.

هاوکات ئەم دواکەوتنە دەستەوسانی مرۆڤگەلی کورد دەردەخات کە تا هەنووکەش نەیتوانیوە و ناشتوانێت زمانێکی فەلسەفی باڵا و بەشێوەیەکی خۆماڵی گەڵاڵە بکات. لێرەوە پرسیارگەلێك و کۆمەڵێك کێشەی گرنگ دەکەونە دەرەوەی بایەخدان و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و جارێکی دیکەش نەوەی نوێ لەسەر خوانێکی کولتووری خاڵی لە فەلسەفە و دونیابینییەکی قوڵ پەروەردە دەبن و توانای پرسیار و داهێنانی هزرییان بێ ئاکام دەبێت.

گەر ئەمە دۆخی رووناکبیری و خوێندنی ئێمە بێت، رەوایە بپرسین فەلسەفە بۆچی و بۆ بخوێنرێت. پێش هەموو شتێك ئەم پرسیارە، پرسیارێکی فەلسەفییە، لێرەوە مەبەستی من لە وشەی "بۆ" پرسیار نییە بەو واتا فەلسەفییە، بەڵکو "بۆ" بەواتای "نا". بەواتایەکی دیکە: بۆچی نابێت فەلسەفە بخوێنرێت؟ دیارە ئەم رستانە پرسیارنین بە ئەندازەی ئەوەی هەندێك راستیمان پێدەڵێن کە کۆمەڵێك هۆکار رێگرن لەبەردەم خوێندنی فەلسەفە. کۆی ئەو هۆکارانە بەڕای من بە سڵەمینەوە دەزانم دەرهەق بە فەلسەفە و دەشێت چەند هۆکارێك رێگربن:

## هۆکاری یەکەم: ئایین و خاوکردنەوەی فێربوونی فەلسەفی:

پێموایە گەورەترین زەبر کە لە بیر و هەوادارانی فەلسەفە کەوتبێت، دۆگمای ئایینییە کە ساڵان و سەردەمانێکە بەربینی بیرکردنەوەی ئازادی گرتووە و ئابڵوقەی چالاکی و وردبوونەوە و پرسیارە رەهاکانی داوە. ئەوەی کە باو بووە دەسەڵاتی دەقی ئایینی و گوتاری نەگۆڕی باوەڕە کە خۆی بە دوژمنی سەرسەختی ئازادی بیرکردنەوە و فەلسەفە داناوە. باوەڕی ئایینی جوغزێکی تەسك بووە بۆ بیرکردنەوە و چەپاندنی توانای دەرچوون لە تێز و بۆچوونی چەقبەستوو و مێژوویی. ئیدی باوەڕ لەمێژەوە خۆی بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفیدا سەپاندووە و سەرکوتی هەموو پرسیارێك کردووە کە گومان بخاتە سەر پلەوپایەی باوەڕی ئایینی. ئەمەش هۆکاری مێژوویی هەیە، چونکە بیری فەلسەفی بەقۆناغی پاش بیری ئایینی و ئەفسانەیی دێت.

لێرەوە دەسەڵاتی ئایینی نەیویستووە جێ بۆ فەلسەفە چۆڵ بکات، بەڵکو زۆر جاران وەك دوژمنێکی ترسناك مامەڵەی لەسەرکردووە، هاوکات فەلسەفەش تێز و چەمکە ئایینییەکانی خستۆتە بەردەم پرسیار و توێژینەوەی رەخنەیی. زۆرجاریش فەلسەفە بیرۆکەی پیرۆزی و دەسەڵاتی لە دەقی ئایینی سەندووەتەوە. ئەمەش پەرچەکردارێکی لای پیاوان و هەوادارانی ئایین دروستکردووە کە فەلسەفە هەڕەشەیەکە بۆسەر باوەڕی ئایینی، چونکە چەند بنەمایەکی



ئەقڵی و زانستی کردۆتە بناغەی ناسین و قایلبوون بە شتێك کە راستی هەڵبگرێت. راستیی بەرهەمی باوەڕکردن و ملکەچی دەقی ئایینی نییە، بەڵکو بەرهەمی گەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوەیە. هەموو شتێك شایەنی پرسیار و گومانە و هیچ شتێك بێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە شایەنی باوەڕپێکردن و بەڵگەنەویست نییە.

ئیدی ئایینیش دەکەوێتە ژێر پرسیاری فەلسەفی و گومانەوە. لێرەوە فەلسەفە وەك حەرام و رێگایەك بۆ خوانەناسی زانراوە. دیارە ئەمە لە بۆچوونێکی هەڵە هاتووە کە فەلسەفە واتە مقۆمقۆ و ئاخاوتن لەسەر هەندێك باوەڕی ئایینی، وەك بوونی خودا و سیفاتەکانی بەتایبەتی لەلایەن چینی "المتکلمین"، ئەوانەی بە ئەهلی زانستی ئاخاوتن (علم الکلام) ناسراون. بێگومان ئەو ترادسیۆنە بەشداری باشی کردووە لەدروستکردنی شێوازی پرسیار و ئاخاوتن و رێخۆشکەر بووە بۆ هۆشیارییەکی فەلسەفی لە جیهانی ئیسلامیدا، بەڵام ئەو زانستە فەلسەفە نییە. لێرەوە ئەو رایەی پێیوایە فەلسەفە هەر ئاخاوتن و زۆروتنی بێ سوودە، هەڵقولاوی ئەو بۆچوونە ناتەواوەیە.

ئاشکرایە فەلسەفە بەواتا کلاسیکییە گریکییەکەی دیالێکتیکە (واتە پرسیار و توێژینەوەی رەخنەیی) نەك ریتۆریکا، کە دەشێت بە شێوازی ئاخاوتن و زمانێکی پاراو و رازاوە بگەیەنێت. دەکرێ ریتۆریکا بەرامبەر ئەو زانستی ئاخاوتنە بێت کەلە ترادسیۆنی ئیسلامیدا ناسراوە. فەلسەفە بە واتا رەسەنەکەی خۆی، هەر ئاخاوتن و دەربڕینی رای تایبەت نییە لە چوارچێوە رستەی جوان و وتاری قەشەنگدا. فەلسەفە هەر لە بەرەبەیانییەوە خۆی لە راوبۆچوون (doxa) جیاکردۆتەوە، بەوەی فەلسەفە زانست (episteme) و زانینە لەڕێی پرۆسێسێکی ماریفی وردەوە کە دوورە لە را و بۆچوونی سەرپێیی. ئیدی فەلسەفە بەوواتا رەسەنە زانستی بیرکردنەوە و تێڕامانە. کەواتە حەرامکردن و بەرهەڵستی کردنی فەلسەفە تەنها هۆکارێکی ئایینی و بیروباوەڕی لەپشتەوەیە نەك بەهانەی زانستی.

لەبەرئەوە ئەو بۆچوونە ئایینییەی کە تا ئەمڕۆکەش لە کۆمەڵگای کوردیدا باوە و بەشێوازی جیاواز گوزارشتی لێدەکرێت کە فەلسەفە بێ سوود و بێ بایەخە دەشێت لەوێوە هەڵقولابێت. ئەگینا ئێمە هێندە ئەزموونێکی وەهامان نییە لە بواری فەلسەفەدا تاکو ببێتە مایەی پرسیار. جێی سەرنجە ئەو بۆچوونە ئایینییە توندوتیژە تەنها زەبری لە فەلسەفە نەداوە، بەڵکو تەسەوفیشی گرتۆتەوە، بەتایبەت لەلایەن "ئەهلی حەدیس" هێرشی زۆر کراوەتە سەری و بە لاڕێ و جۆرێك لەشێوازی خواپەرستی و ئاییینداری داهێنراو ژمێردراوە. دواجار ئەهلی

تەسەوف کەم تا زۆر سازشی کردووە لە بۆچوون و هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بە شەریعەت. و تەریقەت ڕێبازێکی خۆگونجێنەری گرتەبەر لە بەرامبەر هێز و سنوورە شەرعییەکان و ئەوەشی کەمایەوە بە پەنهانی و نهێنی دوور لە دەسەڵاتی شەرعی پراکتیزە دەکرا.

دیارە وەك باس دەکرێت ڕەوتی شەرعی لای زانایانی کورد کەمتر سەختگیر و توندرەو بووە لەچاو ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامی، هەندێك زانای خوێندەوار خەریکی هەندێك بابەتی وەك لۆجیك و زانستی ئاخاوتن و فەلسەفە بەشێوەیەکی سەرەتایی بوون. بەڵام فەلسەفە وەك زانستێکی سەربەخۆ و خاوەن دەق پێشنەکەوتووە، دواجار دەسەڵاتی دەقی شەرعی هەر زاڵ و باڵادەست بووە بەسەر زانستەکانی تردا. هەربۆیە دەنگۆیەکی وەها نەبووە کە بەئاشکرا زەقی بانگەشەی حەرامکردنی فەلسەفە بدات، بەڵام بێدەنگی لەو زانستە کراوە بەهەر مەبەستێك بێت. ئیدی بایەخنەدانی تەواو بە فەلسەفە جۆرێك لە بەرگریکردنە لە سیاسەتی راستی و باڵادەستی شەرع. هەر ئەمەش وای کردووە فەلسەفە وەك کایەکی سەربەخۆ دوور لە ئایین گەشەی نەکردووە و قۆناغێك نابینین لە مێژووی کورد لە قۆناغی پاش بیری ئایین و سەرهەڵدانی فەلسەفە بێت.

## هۆکاری دووهەم: نەشارەزایی و بێ ئاگایی لە فەلسەفە:

نەبوونی شارەزایی و تێنەگەیشتن لە پلەوپایەی فەلسەفە لەبیرکردنەوە و پێشخستنی هۆشیاری رەخنەییدا بۆخۆی مەترسییەکی ترە. کاتێك بوارێکی گونجاو نارەخسێت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و بیرکردنەوە و سیستماتیکی، کەسانێك بڕیار لەسەر چارەنووسی فەلسەفە دەدەن بەباش یان خراپ بێئەوەی پاشخانێکی باشیان هەبێت لەو بوارەدا. ئیدی بیروبۆچوونەکانیان بە زۆری لە نەزانینو نەشارەزاییەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئیتر چۆن فەلسەفە ڕەتدەکرێتەوە لەکاتێکدا نازانرێت فەلسەفە چیە؟!

بەهەند وەرنەگرتنی فەلسەفە بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر ئەم نەزانینە، بەتایبەت لەلایەن ڕووناکبیرانەوە. هێندەی ئەم چینە ڕۆشنبیرە خەریکی ئەدەبو وێژەیە، هێندە لای نەکردۆتەوە بەلای فەلسەفە، گەرچی فەلسەفە بابەتێکی قورسو سەخت بووە لەبەردەمیاندانیدا، دەکرا سەرەتایەکی باش هەبێت. ئیدی ئارەزوو ئەقڵیەتی مرۆڤی کورد هەر لەو قۆناغە شیعریو پەخشانیەدا قەتیسی ماوەو نەشیتوانیوە تێی پەڕێنێت بۆ فەلسەفەیەکی تۆکمەو دامەزراندنی مشتومڕی تیۆری. ئەمەش بۆخۆی کورتکردنەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەو داهێنانە بۆ



بابەتگەلێکی تەنكو سادە کە خۆی بواردوە لە قوڵبوونەوەو ڕامانێکی بییندرێژ لەسەر کێشەکانی مرۆڤی کورد. پاشان ئەوانەشی بایەخ بە زانستو ماریفەی نوێ دەدەن، قەتیس ماون لەنێوان هەندێك پرسی سیاسیو فەرهەنگیو نەگەیشتوونەتە ئاستێکی فەلسەفی پوخت. ئیدی نەزانینو تێنەگەیشتن لە بەهاو پایەی فەلسەفە مەترسیشە لەسەر چارەنووسی خوێندن لە زانکۆدا، چونکە ئەو نەزانینە بڕیاردەرە وەك شارەزاو پسپۆڕێك داهاتوی فەلسەفان لە زانکۆکاندا دیاری دەکات.

## هۆکاری سێهەم: درۆکردن و سووکایەتیکردن بە فەلسەفە:

بوختانکردن و درۆکردن بە فەلسەفە لەلایەن هەندێك ناوەندی رۆشنبیری باو هۆیەکی دیکەیە لەبەردەم ئاسۆکانی فەلسەفە. تا ئێستاش فەلسەفە لای زۆربەمان دەنگدانەوەیەکی گاڵتەئامێز و مایەی توانج و سوکایەتی پێ کردنە. هەر لە نوکتە و قسەلۆکی بێسەروبەر لەسەر ئاستی جەماوەری بەرامبەر بە فەلسەفە، تا دەگاتە ئەو ناوەندانەی کە خۆیان بە هەڵگری پەیامێکی رۆشنبیری و سیاسی دەزانن. کەسانێکی بێ ئاگا لە فەلسەفە کەوتوونەتە تانوت لێدان و ناشرین کردنی فەلسەفە و هەوادارانی. و هەندێك راوبۆچوونی تایبەتی خۆشیان وەك فەلسەفەیەك بەسەر خوێنەری کورددا ساغ دەکەنەوە. بێ ئەوەی هەندێك ترسێکی ناهەقیان لە فەلسەفە و هەڵگرانی هەبێ، پێیان وایە فەلسەفە دەسەڵاتی رووناکبیری و سیاسییان دەخاتە بەردەم گومان. لێرەوە ئەمانە وا لە خوێنەر دەگەیەنێت فەلسەفە بێ کەڵکە و وشکە و گرانە و لە ئەمڕۆدا پێویست نیە، چونکە کورد کۆمەڵێك کێشەی سیاسی چارەنووسسازی هەیە!

لەیادیشمان نەچێت زاڵبوونی گوتارێکی شێواوی مارکسیزمانە بەسەر کایە رووناکبیرییە باوەکەدا، هەمیشە ئەو گوتەزایەی مارکسی کردۆتە بەهانە کە گوایا کاتی فەلسەفە و بیرکردنەوە تەواو بوو، ئیدی کاتی گۆڕین و شۆڕشکردنە! هەڵبەت ئەم وتەیە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام دەشێت لە کۆنتێکیستی مێژووی خۆیدا راست بووبێت. رۆژگارێك مرۆڤ لە قۆزاخەیەکی میتافیزیکی داخراو و بێ ئاسۆییەك کە فەلسەفە تێکەوتبوو ژیانی بەسەردەبرد، دەبوو ئەو قۆناغە تێبپەڕێنرێت. چونکە پێداویستی گۆڕانێکی ریشەیی لە سیاسەتی بەڕێوەبردن و جیهانبیندا هەبووە. ئیدی مرۆڤ لەو دەمەدا پێویستی بە دامەزراندن و کۆمەڵێك

پرەنسیپی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی ماف و دەسەڵاتی سیاسی هەبووە، و نەشدەکرا چیدی فەیلەسووف لە سوچێکی دونیادا خۆی بخزێنێت و ئاوڕ لە پێداویستییەکانی رۆژگار نەداتەوە.

کەواتە ئەم وتەیەی مارکس هیچ گرفتێکی نییە، گەر ئێمە بە رەهایی وەرینەگرین و لە کۆنتێکستی خۆیدا بیخوێنینەوە. تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لەسەر هەقە کاتێك دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەم وتەزایەی مارکسی لە وتارێکدا تەواو هەڵگێرایەوە و وتی "ئیتر گۆڕینی جیهان بەسە و ئێمە پێویستمان بە بەخۆداچوونەوە و لێکدانەوە و تێرامان هەیە لەسەر ئەوەی دەگوزەرێین لە گۆرەپانی سیاسیدا". کەواتە زاڵبوونی ئەو بۆچوونە لە هەڵسەنگاندنی فەلسەفەدا، کە فەلسەفە تەنها کاری تیۆرییەوە و کایەکی ئایدیالسیتییە لەپاڵ ئەو بۆچوونە بەناو پۆست-مۆدێرنە کە بەجۆرێك بانگەشەی کۆتایی فەلسەفەی داوە لە دونیای فەریکە رووناکبیری ئێمەدا بەهیچ کلۆجێك لەجێی خۆیدا نییە. چونکە تاکو هەنووکەش فەلسەفە لە کایەی رووناکبیری و دەزگاکانی خوێندن و زانکۆکاندا بنجی دانەکوتاوە ئیدی چۆن نوقلانەی کۆتایی شتێك لێبدرێت کە هەر لە بنەڕەتدا نەبووە؟!

سەرباری ئەو سێ هۆکارە لەبەردەم بەرجەستەبوونی فەلسەفە بە زمانی کوردی و لەسەر ئاستێکی ئەکادیمی کۆمەڵێك رێگری تر هەن کە خوێنەر و هەوادارانی فەلسەفە ساردەکەنەوە. ئەمەش بۆخۆی هەژارکردنی پەرتوکخانەی کوردییە لە دەقی نایاب. لێرەوە دەشێت کردنەوەی بەشی فەلسەفە لە زانکۆکاندا زەرورەتێکی تەواوی هەبێت و چیدیکە ناکرێت لەژێر بەهانەی سیاسی یاخود بارودۆخی خوێندن فەلسەفە پشتگوێ بخرێت. سەرەڕای ئەوەی لەم چەند ساڵانەی دواییدا کۆرسی فەلسەفی دەنگدانەوەی باشی هەیە، چەندین کەسی ئەکادیمیش لە دەرەوەی کوردستان ئامادەن کە ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە. دیارە ئامادەکردن و سازکردنی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندن و وەرگێڕان بەزمانێکی کوردی کە لە ئاستێکی گونجاودا تێزە فەلسەفییەکان پێشکەش بکات هەنگاوێکن لەو پێناوەدا. بەم هەنگاوانە قەیرانی نەبوونی فەلسەفە لە خوێندندا چارەسەر دەبێت، بەڵام داخۆ قەیرانی فەلسەفە هەر دەمێنێت. ئەوە بۆخۆی پرسیارێکی گرنگە و بۆ دەرفەتێکی تر هەڵدەگرم.

# تەوەری حەوتەم

# قەیرانی رۆشنبیر و کولتووری ئێمە

## ١-٧- ئێمە و ئەویتر خاڵی لێکدابڕان یان بەریەککەوتن؟ خۆداخستن یان کرانەوە؟:

### سەرەتایەکی پێویست:

دیارە ئەم ناونیشانە پرسیارێکی ریتۆریکانە لەخۆدەگرێت، ئەمەش بەئەنقەستە چونکە لێرەدا مەبەست ورووژاندنی بابەتگەلێکی گرنگە کەلەهۆشیاری و بیرکردنەوەی ئێمەدا تاڕادەیەك ئامادەیە، بەڵام بەتەواوەتی بەشێوەیەکی تیۆری بەرجەستە نەکراوە. سەرەڕای ئەم بابەت و پرسیارە لەهۆشماندا پەنگ دەخواتەوە، زۆرێك لە رۆشنبیران ناوێرن تایبەتمەندی تر خۆی لەقەرەی بدەن. لەبەرئەوەی خۆدان لەم بابەتانە دەچێتە چێوەیەکی ئایدۆلۆجی دۆگمائامێز و دواجار دەبێتە لۆگۆ و ناونیشانی جایکردنەوەی ڕۆشنبیر و ناوزەدکردنی بەو را و بۆچوونانەی کە لەمەڕ ئەم بابەتەوە نووسیویەتی. لەکاتێکدا زۆێك لەڕۆشنبیران خۆیان دەپەرمون لەهەموو ناوزەدێکی باو وەکو پێشکەوتخواز یان کۆنەخواز. لەهەمانکاتدا هەڵوێستەکردن لەشارستانی و کلتووری تر توانای خوێندنەوەی دەخوازێت. چونکە پرسیارکردن لەسەر "خود، ئێمە" پرسیارکردنیشە لە پرسیار لێنەکراو باسلێنەکراوێکی هەمیشە ئامادە. بەواتایەیکی تر، پرسیارنەکردنە لەئامادەبوونێك کەنەناسراوە لەڕووی زانستی و تیۆرییە. لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە پرسیارانە رەهەندێکی سیاسی ئاڵۆزیان هەیە، کەلە لاپەڕەکانی دواییدا دەگەڕێمەوە سەری.

لەم نووسینەدا دەمەوێت لەڕێی پرسیاری "ئێمە بوون" گوزەرێك بەناو خواستەکانی ناسنامەی شارستانی کلتووریدا بکەم. دیارە چوونە خانەی شارستانی و هەڵگرتنی ناسنامەی شارستانییەت و فەرهەنگێك پەیوەستە بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری لەلایەك و بیرۆکەی هەڵگرتنی ناسنامە لەلایەکی ترەوە. ئەمەش پرسیارێکی تر بەڕووماندا بەرزدەکاتەوە: تاچەند ئێمە لەگەڵ ئەو شارستانییەت و فەرهەنگەی هەڵیدەبژێرین کۆك و گونجاوین؟ و چۆن بگونجێین لەگەڵ رەهەندە رۆحی و کلتووری و مێژووییەکانیدا؟ وتاچەند ئەمە توانای دیالۆگ و نزیکبوونەوە ئەوەکانی تر دەبەخشێت بەئێمە؟



هەروەك لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا، ئەم پرسیارگەلە شۆڕبوونەوەیەکە بەخواست و پرسی ناسنامەدا. ئەو داڕشتە گرنگەی کەلەئەنجامی فاکتەر و پێکهێنەرەکانی "نەتەوە بوون" یان "بوون بەنەتەوە" دێتە ئاراوە. زۆرجار ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەبوونی ئەوێکی داگیرکەردا. سەرباری هەموو خراپە و ناپەسەندییەك کەلە داگیرکەر دەوەشێتەوە، دەکرێت بەدیوێکی تردا بوونی داگیرکەر و داگیرکردن ببنە فاکتەرێکی بزوێنەر لە بیرکردنەوەدا و سەرەتایەك بێت بۆ دروستکردن و رزگارکردنی خودێك، ئێمەیەك و پێداچوونەوەیەکی سەرلەبەر بەناسنامەی کلتووریدا. جگەلەوەش پێداگرتن و جەختکردن لەمانەوە و بەهێزکردنی گیانی نەتەوەیی. لەوانەیە ئەمانە بێ هەبوونی داگیرکەر، بەرامبەر و ئەویترێك لەئارادا بێت، بەڵام لاواز و نەڕسکاوبێت لەهۆشیارییەکی کلتووری و شارستانی دا. بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کەئێمە رەوایەتی و پاکانە بۆ داگیرکردن بکەین، بەڵکو مەبەست لێرەدا خۆپتەوکردنە لەئاستی دیاردەیەکی سەپێنراو و تێکشکێنەر، بکرێتە خاڵی خۆ دروستکردن و بنیاتنانەوەی خود و داڕشتنی وتاری "ئێمە". خاڵێکی تر ئەوەیە کەمن داگیرکەر بەزەرورەت نازانم، بەڵکو پرسیاری من هەڵدانەوەی تارماییە لەسەر خودێکی سستکراو و لاواز بەرامبەر ئەوێکی تر. جا ئەویتر داگیرکەر بێت بەڕاستەوخۆی یان هەر شێوەیەکی تر بگرێتە خۆی.

### دوالیزمی ئێمە و ئەویتر : کوردبوون:

"دەشێت ئەویتر چ وەك دوژمن و چ وەك کلاینت[١] ببینین" کاپوسچینسکی ١٩٣٢-٢٠٠٧

بەرەورووبوونەوە یاخود بەیەکگەیشتن لەتەك ئەویتر، ئەوەدەگەیەنێت کە ئەویتر ئەوێکی جیاواز ە لەمن و هاوکات ئەوێکە کە من نامەوێت ببم پێی و بەپێچەوانەشەوە. بەواتایەکی تر: ئەویتر لای من کەسێکە کە وشیارە بە بە ئەویدی بوونی خۆی و هاوکات کەسێکە کە من ئەیبێزێنم بەهۆی باڵایی بیرکردنەوەکانی لەچاوی مندا.

وەلێ لە راستیدا هەموومنێك، دوالیزمێك لەخۆیدا هەڵدەگرێت: من کەسێکم کە دەمەوێت ببم، هاوکات ئەوەشم کە نامەوێت ببم! وەك لە تێزەکەی نیتشەدا دەربارەی "بوون"

(١) وشەی کلاینت Claint: واتە ئەوەی زۆر سەردان و دێتە لات وەك کڕیارێ یاخود نەخۆشی کە سەردانت دەکات بە ئینگلیزی کلاینیت دەگەیەنی.

هاتووه، که بوون ئەوە نییە کەهەیە، بەڵکو ئەوەیە کە دەبێت. من وای بۆدەچم نیتشە مەبەستی لە گۆڕانی ناسنامەی مرۆڤ بێت. بەتایبەت کاتێك دەڵێت "مەبە بەوکەسەی کەهەیت، ببە بەوەی کەدەبێت ببیت"! نیتشە چەمکی ویست و ناسنامەی بوون پێکەوە گرێدەدات، بۆیە مرۆڤ دەبێت ببێت بەوەی کە شیاوی بوونە، بوونێك کە سەرپشکی و هەڵبژاردن بڕیاری تێداوە، نەك ئەوەی کە سەپێنراوە (نەوزاد جەمال ٨٨-:٩٠ ٢٠٠٨).

یەکێك لە ئەگەرە ترسناکەکان لەوەدایە مرۆڤ پایەی ئەویتر گەورەبکات تائەو رادەی بیکاتە دوژمنێکی سەرسەخت و هاوتا و دواجار وەك سەرچاوەی نەهامەتی و هاوواتای وشەی شەڕ بیخوێنێتەوە. لەکاتێکدا ئەویتر هەندێك جار ئەویتری خۆتە یا منە. بەواتایەکی دی: هەموو یەکێك پاش لێخوردبوونەوە و تێگەیشتن، تێدەگات کە ئەوێك و ئەویتر بەشێکە (گەر بچووکیش بێ) لەخۆی بەتایبەت کاتێك هەست بە خۆشەویستی و تەبایی دەکات لەگەڵیدا (Rapuscinski:28 2008). لێرەوە هەموو ناسینێك چ خود بێت یا ئەویتر بەپرسیاریێ دەست پێدەکات دەربارەی کێیەتی و چییەتی خود.

بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین ئێمە کێین، تاوەکو بتوانین شوێن پێ و پایەی کلتوورمان دیاری بکەین. ئاشکرایە کورد لەڕووی جوگرافی و کلتووری و مێژووییە لەچێوە ئەو شوێنە بەرینەدایە کەبە "ڕۆژهەڵات" ناودەبرێت. ڕۆژهەڵاتێك لەبەرامبەر ڕۆژئاوایەکی مۆدێرن گەر بەشێوازێکی کلاسیکی باو سادە کلتوورەکان بەسەر چەند کیشوەرێکی جیادا دابەشبکەین. هەر لێرەوە دەتوانین لەسادەترین فۆرمدا هەڵوێست و دیدی کەسێکی ڕۆژهەڵاتی بەرامبەر ڕۆژئاوا دابڕێژین:

١) تێڕوانینێك کە لە کاردانەوەی دەروونی و هەستی کەمایەتی و خۆبەکەم زانینەوە هەڵدەقوڵێت. ئەم دیدە کێشە و بابەتەکان بەشێوەیەکی زارەکی بەجیاوازی نێوان دوو کلتوور، دوو شارستانییەت دەزانێت. وهەڵوێستی لەمەڕ ڕووداوە سیاسییەکان یان رادەی پێشکەوتن و داهێنانی زانستی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، کەئەویش دەگرێتەوە بۆ دوو هۆکار:

**یەکەم:** پشتگیری لەهەموو هەوڵ و کۆششێك لەپێناو گەیشتنەوە بەو شوێنەی کەناوی ڕۆژئاوایە، ڕۆژئاواش لەم دیدەوە کورتکراوەتەوە بۆ مۆدێرنێتی و تەکنەلۆجیا و ئەقڵانییەت. پرسی ئەم بۆچوونە ئەوە ئێمە چۆن بگەینەوە بەم ڕۆژئاوا داهێنەرە. لێرەوە دەردەکەوێت کەخەم و پرسی ئەم دیدە ئەوە نییە چۆن ئێمە لەڕۆژئاوا و ئەوروپا بۆ نموونە بڕوانین و لەو هۆکارانە بتوێژینەوە کەچۆن بەو ئاستە بەرچاوە گەیشتوون، بەڵکو ئێمەچۆن وەکو ئەوانمان لێبێت یان



خۆمان واڵیبکەین. دیارە ئەمەش دوو دیدی جیاوازن دوو میتۆدی جیاوازن بۆ ڕوانین و خوێندنەوەی ئەویتر.

هەرئەمەش زیاتر لەخۆ گونجاندن و کۆلاجکردنی گوتار و بەکارهێنانی کەرەسە و کاڵای دونیایەکی مۆدێرن دەبێت و هیچی تر. یاخود ئاشکرا تر بڵێین، لاسایکردنەوەیەکی ساویلکانەوە و بێ زیادکردنی شتێك لەسەرئەوەی کەهەیە. لێرەوە مرۆڤی دەرەوەی دونیای ڕۆژئاوا لەهەوڵێکی بێئەنجامی کۆپیکردندایە لەجیاتی خۆشکردنی زەمینەی گۆڕان هێنانە بەرهەمی ئەقڵییەتی داهێنان و شکاندنی سنوورە باوەکان. لەلایەکی ترەوە هەوادارانی ئەم جۆرە دیدە گرفت و کێشەکان بەشێوەیەکی گشتی بەکێشەی مرۆڤ دەزانێت و گوێناداتە جیاوازی فەرهەنگی کلتووری، مەگەر تەنها بەو ئەندازەیەی کەکلتووری باو بەرێگر و لەمپەر دابنێت لەبەرامبەر بەگەیشتن بەدونیای مۆدێرن. لێرەوە کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات، ئەویش کێشەی ونکردنی تایبەتمەندییەکانی دەورووبەر و قۆناغە مێژووییەکانە، لەهەمان کاتدا بەلای ئەمەوە کێشەکان یەك ڕەوتی مێژوویی و یەك ئاڕاستەیان هەیە کەدواجار یەك چارەسەر دەخوازێت. کورتبینی ئەم دید و بۆچوونە ئەوەیە کە پرۆسەی مێژوویی و مۆدیرنە چ لەخۆرئاوا یان خۆرهەڵات بەیەك چاو سەیردەکات و لەیەك تەوەر و ڕەهەندەوە بەدیی دەکات کە ئەویش مەسەلەی پێشکەوتنە.

**دووەم:** ئەم دیدەی تەواو پێچەوانەی یەکەمە و هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکەیە بەبارێکی تردا کەلەجیاتی وەرگرتن و کۆپی کردن و کۆلاجکردن، بەرهەڵستی و ڕەتکردنەوە، داخستنی سنووری جوگرافی و کلتوورییە. دیارە ئەمەش سەرەتایەکە بۆ سەختگیری، دەمارگیری و پێداگرتن لەسەر کۆنەپارێزی و ناوچەگەری و گەلێ شتی تریش. ئەم تێڕاونینە بەشێوەیەکی لێڵ و تەمومژاوی دەڕوانێتە ڕۆژئاوا. ڕۆژئاوا دەبێتە یەك کەمپ و سەربازگە، و لەژێر یەك چەتر و باوەڕدا کۆی دەکاتەوە. واتە دیدێکی هۆڵیستە (گشتگیرە). جارێك مۆرکی سەرمایەداری یان ئایین و چی و چی بەسەر ڕۆژئاوادا دادەبڕێت. دیارە ئەمەش ئاسانترین و خێراترین ڕێگایە بۆ دابەشکردن و پێناسەکردنی بەرامبەر لەسەر بناغەی بڕیاری پێشوەخت و فەنتازیای سەیر و سەمەرەی ڕۆژانەوە. بۆ نموونە مەسەلەی ڕەوشتیەکان بەسە بۆ کەسێکی تر کە ڕۆژئاوایەك سەرلەبەر ڕەتبکاتەوە بیخاتە بۆنەی شیاوی تاریکستانی و نەفامییەوە، لەکاتێکدا ئەمە بۆ خۆی جیاوازی کلتووری گەلان لەبیردەکات و بازدەدات بەسەر زۆر تایبەتمەندێتیدا تاوەکو بڕیاری خۆی بدات لەسەر باشی و خراپی ئەویتر. چونکە مەسەلەکان

بەچاویلکەی کلتووری خۆی سەیردەکات. لێرەوە دەکرێت دەرگای دیالۆگ لەسەر خۆی و بەرامبەرەکەی دابخات.

کورتکردنەوەی رۆژئاوایەك بەهەموو جیاوازی و رەهەندە مێژوویی و کلتووری و ئاینیەکانەوە، جۆرێکە لەجەوهەرگەرایی کلتووری (Cultural Essensialism). واتە سەیرکردنی ئەویتر لەڕێی تاکە نموونە، رەهەند و رووداوێکەوە، کەلێوەی بڕیار و خوێندنەوە سەرچاوەبگرێت و دواجار ببێتە هەڵوێست. لەکاتێکدا ئەو رۆژئاوایە جگەلە فەنتازیا هیچی تر نییە، چونکە رووداوەکانی ئەوچەند ساڵەی دوایی وەك لێدانی عێراق سەلمێنەری ئەو جیاوازی سیاسی و فەرهەنگییانەن. مەرج نییە تەنها مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئەم دیدەی بەرامبەر رۆژئاوا هەبێت، لەرۆژئاواش هەمان بۆچوون سەبارەت بەبیرۆکەی رۆژئاوا یان رۆژهەڵات هەیە. لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەم بۆچوونە تەسك و کورتبینە تایبەت نەبێت بەتەنها شارستانێکەوە. چونکە ئەمە جۆریکە لەتوندڕەوی و رەهاگەرێتی کولتووری.

با بگەڕێینەوە بۆ هێڵی سەرەکی باسەکەمان کە دیاریکردنی هەڵوێستو دیدی ئێمەی کوردە لەبەرامبەر جیهانی دەرەوە و ئەویتر کەلە واقعێکی دژوار و تاڵی مێژوویی و سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرلەو سۆنگەیەشەوە دەڕوانێتە دۆست / دوژمن. دیارە هەر روانین و دیدێك بۆ خۆی هەوڵدانێکە بۆ ئازادبوون و گەیشتن بەسەربەستی. ئەمەش بۆ خۆی خاڵی نییە لەتەلیسم و ئەفسانە و خەونی دوارۆژێکی پرشنگدار. ئەم خەونەش سەپاندن یان چەسپاندنی وێنەیەکی ترە بەسەر واقیعدا و داڕشتنی ناسنامەیە، کەهەندێکجار بەشێوەیەك لەشێوەکان "بەخەوکردنی واقیعە" نەك بەواقیعکردنی خەون لەگوتاری سیاسی و رۆشنبیریماندا.

٢) **تێڕوانینێکی ئایدۆلۆجی لەئەویتر:** دیارە ئایدۆلۆجیای ئایینی یان هەر شێوازێکی تری ئایدۆلۆجیای باو، لەچەپگەراوە بۆ راستە کۆنسەرڤاتیڤەکان سەبارەت ناسنامەی شارستانییەت و مەسەلەی پێشکەوتن لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا جۆرێك لەهەماهەنگی و لێکچوون هەیە. گەرلە رۆژهەڵات ئایدیای ئایینی، رۆژئاوا و سیاسەتی بەسەرچاوەی پلانگێری و ترس بزانرێت ئاوەهاش لە رۆژئاوا هەمان دید بەزمانە رۆژئاواییەکەی دەووترێتەوە. ئەمەش زیاتر لەکێشە سیاسی و ئابوورییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت. بۆنموونە گەر سەرنجی گوتاری نەتەوەیی بدەین بەگشتی و بەتایبەتتر لەرۆژهەڵات، دەبینین هەڵوێستی سیاسی رۆژئاوا دەبێتە سەنگی مەحەکی راستگۆیی و مرۆڤایەتی و دیموکراسی بەتایبەت لای گەلان و نەتەوە ژێردەستە و



لاوازەکان. کاتێك زلهێزێکی رۆژئاوایی لەژێر فشاری بەرژەوەندی ئابووریدا (کەهەر وابووە) کێشەکە لەپیناوی بەرژەوەندی خۆیدا دەگۆڕێتەوە، ئیتر لێرەدا ئەو وێنەیە کەهەیە بەرامبەر رۆژئاوایەکی خاوەن پێشینەیەکی کۆلینالیزمی تۆختر دەبێتەوە و زیاتر لەخولیا و ئەندێشەدا دەچەسپێت.

ئەم خالە زۆر لای ئێمەی کورد ئامادەیە لەهەموو رۆژێك و راستییەك دەربارەی دید و بۆچوونی ئێمەی کورد دیاریدەکات سەبارەت بەئەویتر. هەر ئەو رۆژئاوایە رۆژێك دەبێتە سەرچاوەی نەهامەتی و شکستی پرۆژەی نەتەوەی، رۆژێك دەبێتە فریادڕەس و مافدەر! دیارە ئەمە کۆنتراسە بەهەموو واتایەك. بەڵام گوتاری سیاسی و رۆشنبیری ئێمە هەمیشە پرسیارێك لەخۆی ناکات ئەویش ئەوەیە و چۆن ئەو رۆژئاوایە دەڕوانێتە ئێمە و لەوێوە هەوڵدەدات لەئێمە نزیك بێتەوە؟

دەزانرێت کەبوونی ئەویتر بۆ رۆژئاوا گرنگییەکی مێژوویی و کلتووری و سیاسی خۆی هەیە، هەر لەسەرهەڵدانی بازرگانییەوە تا جەنگی پیرۆزی ئایینی. دیارە بەرجەستەبوونی وێنەی ئەویتری رۆژئاوا بەرهەمی چەند ساڵانێك نییە، بەڵکو پێشینەیەکی دێرینی هەیە هەر لە یۆنان و رۆمانەوە (گەر وەك لایەنێکی مێژوویی سەیری بکەین) تاجەنگی پیرۆز و کۆڵۆنیالیزم و تائەمڕۆش وێنەی ئەویتری رۆژئاوا لەجوڵە و خولدایە. بەهەمان شێوە بوونی ئەویتر بۆ کورد بابەتێکی ماریفی و سیاسییە و لەبنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەییدا کەلەئەنجامی خوێندنەوەی ئەویتردا زۆر راستیمان لەسەر خودی ئێمە پێدەڵێت.

زۆرن ئەو نووسینانەی باس لەخۆرهەڵات و خۆرئاوا دەکەن، کە رووداو وکارەساتەکان تۆمار و دۆکۆمێنتە دەکەن، بەڵام هێندە بەس نییە گەر خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ مێژوو لەئارادا نەبێت و بتوانین ئەویترێتی کورد (یاخود ئەوەکانی تر) نەخوێنینەوە لەم پەیوەندییە مێژووییەدا. لەهەمان کاتدا کەوتنە ژێر کاریگەری و کارتێکردنی شارستانییەتی ئەو نەتەوە سەروەستانەی دەوروپشتمان ناکرێ بەئاسایی بزانین و بەسانایی بەسەرماندا تێپەڕن لەڕۆماندا گەرچی لەهزر و بیرکردنەوەکاندا ئەو کاریگەری هەمیشە ئامادەیە. وەلێ بێئەوەی پەی بەوکارتێکردنە ریشەیی یە ببەین، کەزۆر کات لەژێر پەردەی ئاییندا دزەی کردووەتە هەناوی بیرکردنەوەکان. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە: لەکوێدا بتوانین و بمانەوێت هێڵی جوداکردنەوەی ناسنامەی کولتووری کوردی بکێشین؟

لەلایەکی ترەوە ئەم پرسە گیانی بەرگری ناسنامەی کوردی هەڵگرتووە و چەندین ساڵ مانەوەی کوردی سەلماندکەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناکامڵ و شێوازێکیش لەداهێنانی "داخستنی کلتووری و بیرکردنەوە"ی گەیاندووە لەژێر مەترسی ئەگەری لەناوچوندا. بۆیە جارێکی تر دەڵێم گەڕان بەدوای ئەویترداو دەرخستنی وێنەی ئەویتر و کاریگەری لەسەرمان، هەرلەم راستییەی سەرەوە دەستپێدەکات[1*]. هەروەها جۆرە دیدێکی ئایدۆلۆجی سیاسی لەخۆیاندا هەڵدەگرت، بەڵام تاچەند ئێمە خوازیاری ئەو مەسەلانەین کەلە دووتوێی ئەو بەراورد و خوێندنەوانەدا رەنگ دەداتەوە و تا چەند پەیوەستن بەواقیعی ئێمەوە و تاکوێ بۆ داهاتوومان گرنگن؟

دیارە ئەمە پرسیارە و لەهەمان کاتدا رەخنەیەکیشە کە کاتێك نووسەرێکی کورد هەمان بۆچوونی گەلانی دراوسێ لەمەڕ رۆژئاوا دووبارە بکاتەوە، یان بەپێچەوانەوە نووسەرێك بێپەروا دیدی خۆرئاواییەك لەمەڕ کلتووری خۆرهەڵاتەوە وەربگرێ! لەمڕۆدا و لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستە کورد بۆچوونی خۆماڵی دەرهەق بەجیهانی دەرەوە هەبێت. جا ئەو جیهانە رۆژهەڵات بێت یان رۆژئاوا، چونکە ئەم دوو جیهانە دونیای ئەویترە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانیشەوە لەهەمان کاتدا. خوێندنەوەی ئەویتر لەکاتێکدا دێتە ئاراوە کەخوێندنەوە هۆشیاری خود لەئارادا بێت، و نەبوونی ئەمەش نەزۆکی ئەقڵی بیرکردنەوە و سیاسییە. لەوانەیە هەمان شت راست بێت سەبارەت بەمێژووی کورد، کەلای زۆر لەخەمخۆران و نووسەران مێژوو تەنها نووسینەوە و تۆمارکردنی رووداوەکانە. دیارە ئەمە بۆخۆی بایەخێکی تەواوی هەیە، بەلام هەمووشتێك ناکات.

لێرەدا دەمەوێت باسەکە کەمێك ئاوەڵاتر بکەمەوە لەمیانەی چەند نموونەیەکی زەقەوە کەدەریدەخات چۆن جیاوازییەکان دەخوێنرێتەوە. کاتێك ئیسلامگەرایەك باس لەرۆژئاوا دەکات لەروانگەی چەند نووسەرێکی ناوداری جیهانی ئیسلامییەوە وەك شەریعەتی، ئیدوارد سەعید، حەسەن حەنەفی و چەندانی تر خۆی دوچاری هەڵەیەکی کوشندە دەکات بەهۆی دووبارە کردنەوەی تێزی ئەو نووسەرانە، لەکاتێکدا کەدەبوو پرسیار لەخۆی بکات بۆچی کوردێك لەدیدی ئیسلامییەك یان پان-عەرەبێستێکەوە شارستانییەتێکی گەورە و زەبەلاح کورتبکاتەوە بۆ چەند رستەیەکی سواو؟ ئایا ئەمە لەبەرئەوەی ئەم وەك کوردێك خاوەنی هیچ دید و بۆچوونێك نییە؟ لەلایەکی تر ناکرێت ئەو بۆچوونە ئامادەکراو یان خێرایانە بەهەمان شێوە بەسەر شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامیدا ڕاستبێت؟



بۆ ئێمە یەکسەر لەکاریگەر و شارستانییەتێك کەلەناو هەستماندا دەجوڵێت و راستەوخۆ پەیوەستە بەژیانەوە نەمانکردبێتە جێی پرسیار، بەڵام رۆژئاوایەك گەر وەك رووە جوگرافییەکەی سەیربکەین کە لێمان دوورە ببێتە کێشەیەکی فیکری؟

دیارە ئەمە یەك شتمان بۆ دەردەخات ئەویش ئاوێتەبوونی هزر و بیرکردنەوەمان بەشارستانییەتێکی باڵادەست کەنەبۆتە پرسیارێکی چارەنووسی لامان. بێگومان حەسەن حەنەفی نموونەیەکی زەقی توندڕەوانەی عەرەبە کەلە دیدەکانیدا تەواو پێچەوانەی دیدی نووسەرێکی گەورەتری عەرەب وەك تەها حسێنە کەدەیوست رۆژئاوا وەك نوقلێکی ترش و شیرین قوتبدات و بەچاك و خراپییەوە کۆپی بکات. دەکرێت ئێمەش چەندان نموونەی وەك حەنەفی و تەها حسێن لەڕۆشنبیری کوردیدا بدۆزینەوە ئەمەش بەهەموو دیوێکدا باڵادەستی ئەو جیهانە عەرەبییە بەسەر رۆشنبیری کوردەوە جا ئیسلامگەرابێت یان چەپگەرا و پێشکەوتنخواز.

کاتێك حەنەفی (مقدمة فی علم الاستغراب) نووسی ویستی بەرامبەر بە پاشماوەکانی (علم الاستشراق) دابنێت و هیچی تر، واتە دووبارە کردنەوە ئەو هەڵە مێتۆدی و بڕیارە پێشوەختانەی لای رۆژهەڵاتناسەکان دەرهەق بەڕۆژهەڵات هەبوون، ئەم بەشێوەیەکی تر دەرهەق بەڕۆژئاوا دەیووتنەوە. بۆیە لێرەدا ئێمە لەبەرامبەر یەك هەڵەی تیۆری و میتۆدیداین لەدوو نووسینی دژە ئاڕاستەداین کەخوێندنەوەیان بۆ یەکتری خویندنەوەیەکی بەپەلە و نازانستییە. ئەو جۆرە نووسینانە گەرچی هەندێ کەسی بەناو ئەکادیمیش پێی هەستابن، لێوانلێون لە را و سەرنجی کلێشەیی و دۆگمای ئایدۆلۆجی و رەگەزپەرستی کلتووری و ئایینی.

نووسەرێکی وەك سەعید کەخاوەنی دوو کاری باشە سەبارەت بەهەڵماڵینی دیوە تاریکەکانی رۆژهەڵاتناسی و ئیمپریالیزمی کلتووری، بەڵام لەکارەکانی دواتریدا خۆشی دەکەوێت ژێر گوتاری هەندێك رووداوی سیاسی و کۆمەڵێك بڕیار و را سەبارەت بەڕۆژئاوا دەنووسێت کەهەر هەمان را و بۆچوونێکی رۆژهەڵاتناسێکی بەرامبەر شارستانییەتی ئیسلامی، بەڵام ئەمەی ئەم لەسەر زمانی کەسێکی رۆژهەڵاتییەوە بەرامبەر رۆژئاوای دەکات. ئەوەی لەم یەکد و نموونەیەدا ویستم ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە کەنەبوونی خوێندنەوەی باش و قوڵ بۆ ئەویتر دەبێتە زۆنگاوێك کە کەسانێك بەئاسانی مەلەی تێدا بکەن. بۆیە دەبێت بپرسین چۆن بەخوێندنەوەی ئەویتر هەستین، لەکاتیکدا وێنەیەکی تەواوی خۆمان نییە لەبیرکردنەوەماندا؟ هەربۆیە باسکردنی مێژووی نەمری تەنها باسکردن و گێڕانەوەی چیرۆکی

پاڵەوانە نەمرەکان نییە. بەڵکو لەهەمان کاتدا باسکردن و تاوتوێکردنی ئەو خوێندنەوەی ڕۆژئاوا بەرهەمی هێناوە سەبارەت بەڕۆژهەڵات.

ئاشکرایە گەڕان بەدوای ئەویتردا پێوەندیدارە بەدۆزینەوەی بوونی خودێکی هۆشیار و ئاستێکی ڕۆشنبیری. و دەشزانین کورد تائەم ساتەوەختەش لەجەنگی مانەوەدایە، لەکاتێکدا نەیتوانییەوە وەك ئەوێکی تر لەبەردەم ئەوەکاندا خۆی بسەلمێنێت، وێنەیەکی تەواو بدات بەوانی تر، واتە ناسنامەیەکی دیار و ئاشکرا دابڕێژێت. بەهەمان شێوەش کورد تائێستاش نەبۆتە ئەوێکی تر ڕۆژئاوا. کەدەڵێم ئەویتر بەو واتایەی خاوەنی بڕیاری سیاسی، ناسنامەی کلتووری نەتەوەیی بێت و توانای سەلماندن و پێداگرتن لەدانپێدانانی خۆیدا. و دەزانین سەرتاپاگیری ڕۆژئاوا لەزۆر ڕووەوە لەسەر نەخشەی سیاسی و زانستی و تەکنەلۆجیدا دیارە. پێم وایە نەتەوەکانی دراوسێمان تاڕادەیەك بەپێی مێژینەی شارستانی و کلتووریان توانیویانە ببنە ئەوێکی تری ڕۆژئاوا. گەرچی هەندێك لاوازی و شکستی مێژوویی هەبوون، بەڵام ئەبێ ئەوەش لەیادنەکەین کەشارستانییەتی عەرەب و ئیسلامی خۆی بەرامبەر هەژمونگەری ڕۆژئاوا داناوە.

لێرەوە دەبێت هەڵوەستەیەك بکەین بەرامبەر بەم شارستانییەتە کەناسنامەی کوردی دەخاتە ناو گێژاو و مۆلەقەیەکەوە لە میانەی پەیوەندی و نزیکێتی لێمان و دووریێتی ئێمە لە کلتوورەکانی تر بەتایبەت ڕۆژئاوا. واتە ئێمە دەبێت سەربە چ ڕۆژهەڵاتێك بین؟ چ شارستانییەتێك و کامەیە پاشخانی کلتووری و گوتاری بوونمان؟ گەر کورد خۆیپالبداتە ناسنامەی ئیسلامی، کەزۆر باوە لای ئیسلامگەراکان و گەلێك لەڕۆژئاواییەکانیش هەمیشە لەگۆشەنیگای ڕەهەندی ئایینی ئیسلامەوە دەڕواننە کورد، ئەوا چۆن دەتوانێت تایبەتمەندێتی و جودایی خۆی لەناو بەرینێتی ئیسلامدا بپارێزێت، بەتایبەت کورد هەمیشە لەنێوان چەند نەتەوەیەکی موسوڵماندایە. چۆن کوردێك باس لەناسنامەی خۆی بکات بۆ نموونە لەبەرامبەر عەرەبێکی هاو ئاییندا؟

لەم حاڵەتەدا ئێمە لەبەردەم دووڕیانێکداین کەناکرێت بێ پرسیار بەڕێی بکەین. لەبەرئەوەی ئێمە لەم سەروبەندەدا پابەندین بەچەند خواست و باوەڕی ئایینییەوە کەپەیوەندییەکانمان بەئەوانی تر و دونیای ڕۆژهەڵاتەوە دیاری دەکات. هەربۆیە گەر سەرنجی سیاسەتی کوردی بدەین بەزەق ئەم مۆلەقەیە بەدیدەکەین لەپراکتیزە و پەیوەندی دبلۆماسی دا، کەدەگەڕێتەوە بە پلەی یەکەم بۆ نەبوونی خوێندنەوەیەکی تەواوی ئەویتر، لێرەشەوە



سیاسەتی کوردی دوچاری هەڵدێری چاوەڕوان نەکراو دەبێت کەهەر جارەی بەلایەکدا دۆست و دوژمن وێنەکانی ئەویتر تێکەڵدەکات، ئەم باسەش بۆ خۆی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت هەڵدەگرێت و پرسارێك قوتدەکاتەوە: ئایا سیاسەتی کوردی لەسەر کام بناغە و سەربە چ مۆدێلێکی سیاسییە؟ لەخوێندنەوەی کارەساتەکانی دوای ڕاپەڕین و تائەمڕۆش بڕێك لە سەرە داوەکانمان دەستگیردەبن، ئەویش ئەوەیە کەسیاسەتی کوردی سەربە هیچ مۆدێلێکی سیاسی مۆدێرن نییە، گەرچی هەڵگری دروشمی نوێخواز و دیموکراسی و شتگەلێکی ترە.

دیارە نەبوونی مۆدێلی سیاسی کوردی، جۆرە مۆدێلێکە کەلەژێر کاریگەری گەلانی دراوسێدا بەرجەستە بووە و ئاوێتە بەهەندێ ڕەهەندی کلتوور و پاشماوەی ئایین و ئاوێتەشە بەبارودۆخی ناوخۆیی، کەدەکرێت بەدەستکەوتنێکی ناقۆلا و شێوازێ دابنێین کەلە فۆرمی کۆنی دابەشکردنی دەسەڵاتدا دەردەکەوێت، کەهەرهەمان ئەقڵییەتی دابەشکردنی زەوی و زار و ئاودێری قۆناغی کشتوکاڵییە. بۆیە لێرەدا دابەشکردن دەبێتە کلتوور و نەریتێکی ڕەسەن و لەسیاسەت و لەدەسەڵاتدا جارێکی تر و لەبەرگێکی نوێدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. ئەزموونی هەلبژاردن و ڕازی نەبوونی بەدەرئەنجامەکانی و ئەقڵییەتی پەنجا بە پەنجا لایەنێکی ئەم ڕاستییە، کەئێمە یاخود سیاسەتی کورد هێشتا نەیتوانیوە لەقۆناغی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە بگوێزرێتەوە بۆ پڕەنسیپی بەشداریکردن لەدەسەڵاتدا.

دەگەڕێمەوە سەر هێڵی سەرەکی باسەکەم، بوونی ئەویتر و لێرەشدا ڕۆژئاوا وەك زاراوەی زۆر بەکاردێت چ لەخودی ڕۆژئاوا یان لەڕۆژهەڵات، دەکرێت سەرهەڵدانی بگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك لەمەوبەر. هەمانشتیش ڕاستە بۆ زاراوەی ڕۆژهەڵات. بۆیە باسکردن لەڕۆژئاوا باسکردنی مێژووی چەندین سەدە سیاسی و فەرهەنگی ئایینی و فەلسەفییە. کەهەریەك لەمانەش بابەتگەلێکی سەربەخۆ و جیاوازن و ناکرێ بەپەلە لێرەدا باسیان لێوە بکەین. لێرەوە دوان لەڕۆژئاوا بێ ڕەچاوکردنی ئەم ڕەهەندانەی سەرەوە خولانەوەیەکی بێسوودە کەبازنەکانی خەبات و ئەندێشەی وێکەوتن و جیاوازی بۆ وێنەیەکی دروستکراوی ئەویترە و هیچی ترە. کەبەرهەمی حەز و ئارەزووی داڕشتنە. لەهەمانکاتیشدا ڕووبەڕووی مەترسییەکی تیۆری دەبینینەوە ئەوەش ئەوەیە، کاتێ باس لەکلتووری ئەویتر دەکەین نەکەوینە گێژاوی جەوهەرگەرایی کلتوورییەوە یان دیاردەگەرایی و کەکلتوور و ناسنامە کورتدەکاتەوە بۆ چەند نموونە و ڕووداوێك و لێوەی بڕیاردان بەرهەم دەهێنرێت و وێنەی ئەویتر بەرجەستە دەکرێت. هەروەها کلتوور وەك یەکەیەکی نەگۆڕ و چەسپاو و هەڵگری یەك ڕەهەند ڕاستییەك بێت.

کەواتە پرسیاری ئێمە لەسەر رۆژئاوا زیاتر پرسیارە لەسەر خۆمان و گەڕانە بەدوای ناسنامەی نەتەوەیی و گەڕانێکە بەدوای "ئێمە"یەکدا و گەڕانیشە بەدوای ئەویتردا. ئەمەش بۆخۆی پرسیارە کەبەردەوام لەهۆشی ئێمەدا بە شێوەی جیاواز ئامادەیە. دەکرێ بووترێ ئەم "ئێمەیە" تاهەنووکەش بوونێکی ئەوتۆی نییە لەنێو پارچەپارچەیی و جەستەی لەتوکوتکراوی کوردیدا. چۆن "ئێمە" یەك هەبێت کەهەستی تەواوی پێکەوە  ژیان لەنێو ئەندام و گرووپە جیاوازەکاندا، ناتەبایی و ناکۆکی ریشەدار بێت؟ هەربۆیە بۆ ئەویتری کورد ئاسان نییە وێنەیەکی تەواوی هەبێت لەسەر کورد لەکاتێکدا کورد بۆ خۆی وێنەی خۆی نییە لەهزر و هۆشیاریدا.

لێرەوە من دەمەوێت تیشکێك بخەمە سەر ناسنامەی ئێمەیەك و پاشان پەیوەندی لەگەڵ رۆژئاوادا چۆن دەبێت. هەڵبەت چەمکی ناسنامە زۆر گرنگە لەمیانەی باسکردن پەیوەندییەکان و خوێندنەوەی ئێمە و ئەویتر. و دەبێت باسی لەقۆناغەکانی گۆڕانی ناسنامە بکەم لەم دەرفەتەدا، کەلە هەر پارادایمێکدا ناسنامە لەبەرگێکی تردا خۆی بەرجەستە دەکات.

### گۆڕانی ناسنامە و کاریگەری لەسەر دروستکردنی پارادایمی نوێ:

گەلێك لەمێژوونووس و رۆشنبیرانی کورد دەوڵەتی ماد یان میدییەکان بەدەوڵەتێکی کورد دەزانن (سەرەڕای ئەوەی ئەم بۆچوونە لێکدانەوەی تری دەوێت و جێگای پرسیارە کەچۆن تاچەند سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەکرێت). ئەمە یەك شتمان پێ دەڵێت: کەکورد ئەمڕۆ نەوەی ماددەکانن، بەڵام تاچەند ئەم خۆ پاڵدانە بەر مێژوویەکی دێرین و قورسایی و ناوەڕۆکی بوونی ئێمەیە؟ یاخود تاچەند لەپێکهێنانی ئێمەدا لەمڕۆکەدا ئامادەیی هەیە؟ گریمان ئێمە لەبەرەبابی ماددەکانین، بەڵام ئایا ئەمە ئەوەدەگەیەنێت کەماددەکان کوردن یان بکرێن بەکورد؟

دیارە بەکوردکردنی ماددەکان بۆخۆی دروستکردنی پارادایمێکی ناسنامەیە لەڕەهەندێکی مێژووییەوە، کەدروستکردن و دۆزینەوەی رەچەڵەکی کوردە، رەسەنێتی کورد بوونە. لەهەمان کاتیشدا تێکشکان و شکستی ماددەکان بەدەستی ئیمپراتۆرییەتی فارسی شکستی (لەوانەیە یەکەمی) کوردە بەبۆچوونی هەندێك. کاتێك دەڵێین (ئێمە) کوردین و ئایا وەك نەتەوەیەك سەیر دەکرێین، و بەهەمان شێوەش ئێمە خۆمان دەبینین، یان وەك هۆز و تیرە و کۆچکەر کەنارگیر هەرلەماددەکانە تائەمڕۆ کەهەستی ناوچەگەری تیرە و هۆز و دیالێکت زاڵە بەسەر



کوردبووندا؟ ئەمە پرسیارێکە لەپێکهاتە و دروست بوونی ئێمە، واتە بەنەتەوە بوونی ئێمە، بەکۆمەڵ بوونی ئێمە. گەر بووترێت ماددەکان کورد بوون، ئەوا دەگەینە ئەوەی کەبڵێین ئەو هۆز و تیرە پەرتەوازانەی میزۆپۆتامیا و ناوچەکانی ئەمڕۆ هیچ کاتێك نەتەوەیەکیان پێك نەهێناوە، و نەبوونی نەتەوەش لەو دەمەدا نەبوونی ئێمە دەگەینێت لەمڕۆماندا، ئەمەش راستییەك دووپات دەکاتەوە کەئێمە هەمیشە هەڵوەشاو لێکترازاو بووین. دیارە پرسیاری من لێرەدا ئەوە نییە ئێمەی کورد لەماددەکانین یان نا. چونکە ئەمە کاری لێکۆڵینەوەیەکی ئەرکۆلۆجییە. بەڵکو پرسیاری من ئەوەیە تاچەند ئەم گێڕانەوەی رەچەڵکی کورد بۆ ماددەکان یان ماددەکان بۆ کورد  رۆڵی لەدروستکردنی پارادایمی ئێمەی ئەمڕۆماندا هەیە.

ئەو نووسەر و نووسینانەی جەخت لەسەر کوردبوونی ماددەکان دەکەن، لەو روانگەیەی کە ماددەکان دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەنی شارستانییەتێکی تایبەتی بووە، کەدواجار لەناو دەبرێت (ئەمەش وەك کۆتایهێنانی قۆناغێك لەپرۆژەی نەتەوەیی). دوای ئەم قۆناغە هاتنی ئیسلام دەبێتە جێی پرسیار، کەجارێکی تر دوای رووخانی دەوڵەتێکی کورد، کورد دەبێتە ژێر دەستەی ئایینێکی تر و خۆی دەسەلمێنێت بەسەر بیرکردنەوەی کلتووریدا. بەم پێیە جارێکی تر کەسایەتی کورد و بیر و باوەڕی تێك دەشکێت و دواجار لەناو ئیسلامدا دەتوێتەوە. کەواتە لەم دوو قۆناغە مێژووییەی سەرەوەدا (ئێمە) لەبەردەم پارادایمی کەسێتی و ناسنامەی کورد بووندایین، کەدەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١- جارێك کە کورد ماوە و خاوەن دەوڵەت و ئایینی زەردەشتی یە.

٢- جارێك کورد وەك موسڵمان و هەڵگری رێبازی شافعییە، کەکورد بە زۆرینە شوێنی دەکەون. شتێکی سوودمەندە کەبزانین وەك هەندێك وای بۆ دەچن، ئەم ئایینزایە تاکە هۆکارێك بووە لەپاراستنی مۆرکی کوردایەتی لەنێوان عەرەب و تورکی حەنەفی و فارسی شیعەدا. گەر ئەمە راست بێت ئەوا دەگەینە ئەنجامێك کەپێچەوانەی خودی پارادایمی یەکەمە، ئەویش ئەوەیە کەکورد سەرەڕای ئەوەی لەژێر کارتێکردنی ئیسلامدایە، بەهەمان شێوە کورد توانیویەتی کاریگەری کلتووری و ناوچەیی لەسەر ئیسلام دابنێت و ئیسلام بەچەشنی لەگەڵ دەورووبەر و ژینگەی کوردەواریدا بگونجێنێت. بۆیە ئەم پارادایمە دوو دژمان بۆ یەکدەخات، لەکاتێکدا ئیسلام پێکهێنەری پارادایمێکی نوێیە و لەناوبردنی پارادایمێکی پێش خۆیەتی، خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ پاراستنی ناسنامەی کورد بوون و مانەوەی. ئیدی لەم دوو قۆناغە گرنگەی سەرەوە، واتە هەر لەڕووخانی ماددەوە تاهاتنی ئیسلام قۆناغێکی ترسناکتر دێت

ئەویش دەکرێت لەهەڵگیرسانی جەنگی چاڵدێرانی نێوان دوو زلهێزی داگیرکەری کوردستان (عوسمانی و سەفەوی) کەپارادایمی کەسایەتی و ناسنامەی کوردێتی جارێکی تر دابەشکردووە لەسەر ئاستی جوگرافیای نیشتمانی کوردستان.

دوای ئەم قۆناغەش قۆناغێکی تر دێتە ئاراوە، ئەویش جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی بزووتنەوی کوردایەتییە لەئەنجامی دابەشکردنی نیشتمانی کورد بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا بەدەستی ئیمپریالیزمێکی نێونەتەوەیی و دواجار سەرهەڵدانی پرۆژەی نەتەوەیی و بانگی رزگاریخوازی کورد نەك تەنها بەگوێی ئەو دوو هێزە کلاسیکییەی کەکوردستانیان بۆ چەند سەدە داگیرکردبوو، بەڵکو بەرامبەر ئیمپریالیزمێکی نوێی رۆژئاوایی (لەلاپەڕەکانی تردا دێمەوە سەر ئەم خاڵە لەمیانەی یەکەم پەیوەندی کورد بەرۆژئاواوە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت) کەئایا دەکرێ بووترێ کۆلۆنیالیزمێکی نوێ بەدەستی هەر کەسێك بێت باشترە لەهێزێکی داگیرکەری کۆن؟ دابەشکردن و پەرتکردنی کوردستان جۆرە ناسنامەیەکی تری بەخشی بەکەسێتی و ناسنامەی بزووتنەوەی سیاسی کورد، ئیدی کورد لێرەوە بوو بەئێرانییەك، بەعێراقییەك، بەتورکێك و هتد.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی گۆڕانی ناسنامەی سیاسی و کلتووری دەتوانرێت پشت بەتیۆریەکەی تۆماس کۆهن ببەسترێت لەفەلسەفەی زانستیدا. کەباس لەگۆڕانی پارادایمەکانی زانستی دەکات. تێزی ئەم تیۆرییە دەڵێت گۆڕانی پارادایمەکانی زانست و گواستنەوە لەپارادایمێکەوە بۆ یەکێکی تر هیچ لەخود واقیع ناگۆڕێ، بەڵکو ئەوەی دەگۆڕێت تەنیا خودی پارادایمەکەیە، ئەو مۆدێلە زانستە کەکار پێکراوە نەك واقیع.٢*

گەر ئەم تێزە بچەسپێنین بەسەر واقیعی سیاسی کوردیدا، دەبینین گۆڕان لەپارادایمەکانی کورد بوونو ناسنامەدا یان لەگوتاری سیاسیدا هەبوون، بەڵام گۆڕانێکی ئەوتۆی لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی دا نەهێناوە. دیارە من ناڵێم زۆر شت نەگۆڕاون یان ناگۆڕدرێت لەئەنجامی هاتنی زنجیرەی رووداوەکان و کارتێکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەکە. کاتێك پارادایمی مادبوون دەگۆڕێ بەئیسلام، هیچ گۆڕانێك ناهێتەدی لەکوردبوونی ئێمەدا. بەواتایەکی تر، کاتێ ماد دەگۆڕدرێت بەئیسلام یان بەهەر شێوەیەکی تر و دەچەسپێنرێت بەسەر ناسنامەی کلتووری کورددا، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆمان ناداتێ ئەگەر تەنها گۆڕانی ناوەکەیە، چونکە تائەمڕۆش ئێمە خۆمان یان لەدەرەوەی خۆمانەوە وێنەیەك و ناوێك دەکرێتە مۆرکێك بۆ کورد بوون واتای کوردێتی کەجارێك مادە، جارێك ئیسلام، یان ئێرانی و ئێراقی هتد. ئەوەی لێرەدا دەگۆڕێت گۆڕانی



ناوزەدەکەیە و مۆرك و ئاوەڵناوەکەیە کەهەر جارەی ناسنامەیەکی دەداتێ. بۆیە ئەمە هیچ لەکورد بوونی بەشێوەیەکی ریشەیی نەگۆڕیوە، چونکە گۆڕانی ناوەکان بەپێی بارودۆخی جیا و پێداویستی تاکتیکی سیاسی و هیچی تر.

لێرەوە دەگەینە ئەنجامێك کەلەهەموو رووداو وجەنگێکدا ئێمە دەکرینە پشکێك و دەلکێنرێت بەچێوەیەکی تر، بەجوگرافیای ترەوە. دوای راپەڕین کورد بوین جەختمان لەسەر کورد و کوردستان دەکرد. کاتێك بۆیەکەم جار پەرلەمان هەڵبژێردرا بەڵام لەجەنگی رووخاندنی رژێمی عێراقیدا ئێمە بووینەوە ئێراقییەکی نیشتمانپەروەر وەك ئەوەی بەویستی خۆمان ئەمەمان هەڵبژاردبێت! دیارە گۆڕانی پارادایمەکان هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەئێمەیەك کوردی نییە، کەهەڵگری ناسنامەی سیاسی و گوتاری خۆی هەبێت. گەر هەوڵ و خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد سەربکەوتایە، کوردبوون هەبوایە لەقەوارەیەکی سیاسیدا، ئەوسا دەکرا باس لەیەك ناسنامە و لەزمانێکی هەماهەنگ بکرایە. لێرەدا پێویستە لەئاست مەسەلەی "دابڕان"دا بوەستین وەك هەوڵێکی فەلسەفی بەرامبەر رابردوو مێژوو. دابڕان لێکترازانێکی هەڵبژێردراوە دەرهەق بە ئەڵقەکانی مێژوو. پرۆژەیەکی رۆشنبیری و هۆشیارییە لەپێناو خۆ دروستکردنەوەیەکی تر، ئینتیمایەکی نوێ و کەسێتییەکی تردا، لەبەرامبەر ناسنامەیەکی بەرنامەڕێژکراودا بۆ کلتووری کوردی کەبەپرۆژەیەکی مۆدێرن دادەنرێت.

بەڵام گەر سەرنج بدەین لەمێژووی کورد، دەبینین کەدابڕان وەك دیاردەیەکی سروشتی یان دەستکرد لەمێژووی کورددا ئامادە بووە. دەشێت ئەم جۆرە دابڕانە بەونبوون ناوزەدبکرێت. واتا دیارنەمانی هۆشەکی یان ئامادەنەبوونێکی رۆشنبیری و فیکری لەسەردەمانێکدا، کەپچڕانی گەشەسەندنی کەسێتی و گواستنەوە لەقۆناغێکەوە بۆ دۆخێکی باشتر. هەر بۆیە دەبینین لێکدابڕان، پچڕان و لێکترازانی ئەڵقەکانی مێژووی بیرکردنەوەی ئێمە، گەلێکن هەر لەڕووداوە مێژووییەکانەوە بیگرە تابوارەکانی فیکر و سیاسەت کەخۆی لەونبوون (نەبوونی) زانیاری و لێکۆڵینەوە ئامادە نەبوونی ئاوەزی کوردی دەگەیەنێت لەئاست دەورووبەر و ژیانی سیاسی و رۆشنبیریدا. واتە نەبوونی پرسیار و توانینی بەدواچوون و توێژینەوە لەتەك رووداو وکارەساتەکاندا لاواز رۆیشتووە.

"پرۆژەی دابڕان" کەپرۆژەیەکی تازەگەری و نیهادی داهاتوویەکی تری پێیە، دەیەوێت لەپارادایمێکەوە بگوێزێتەوە بۆ پارادایمێکی تر کەزۆرجار بەئاکامی و ماڵوێرانی گەیشتووە. دەزانین هەندێك جار هۆکاری دەرەکی رەهەندێکی سەرەکی تێکشکانی پارادایمێك بووە، بەڵام

نەبوونی زەمینەی خۆماڵی و سووتانی قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی لەژێر فشاری ئایدۆلۆجی شۆڕشگێڕی چەکداری نەزۆکی پارادایمێکی هێناوە لەگەڵ خۆیدا. لەلایەکی ترەوە خەمی گۆڕان و خەونی پێشکەوتن پابەند بووە بەدەستە بژێری (ئەلیتەی) کوردەوە، واتە خەون و خەمی گۆڕان ئەندێشەی ئەلیتەیی یە.

لێرەوە دەبێت بزانین کەناسنامەی نەتەوەیی و کلتووریمان لەچ پارادایمێکدایە. لەم ساتە وەختەدا کەلەبەردەم چەندین دووڕییانی مێژووییدایە. یەك سەدە لەخەبات و تێکۆشان و شۆڕش و ڕاپەڕین، کوردستان دەبێتە مەیدانی گیانبازی و هزری سیاسی بەگشتی لەهەڵبەز و دابەزی سەمەرەدایە و هەردەمەی جۆرە گوتارێك سەرتۆپی باس و سیاسەت بووە. هەر لەموسڵمان بوونی ئێمەوە بۆ کورد بوونی و کوردستانی بوون تاوەکو نازناوە باوەکانی تری ئەمڕۆ، کەگشتیان لەیەك پارادایمێکدا خۆیان کۆدەکەنەوە ئەویش قوربانی و ستەم دیدەیی و داگیرکراوی خاك و بەشکراوییە. دیارە دوای پارادایمی ستەم و داگیرکردن، ئێمە دەچینە پارادایمێکی ترەوە کەپاراستنی (بوون) و ناسنامەی کوردایەتییە، لێرەوە گۆڕانی پارادایمەکان کاریان لەناسنامە و گوتاری سیاسی و نەتەوەیی کردووە. بەوەی ستەم و داگیرکردنی مرۆڤگەلێك دەبێتە جۆرە ناسنامەیەکی سەربەخۆ، پاشان بوون بەئێراقی وەك چێوەیەکی ئەم ناسنامە کۆتایی بەخودی ناوەڕۆك و چەمکەکانی دەهێنێت، چونکە مافی جیاوازبوون دەشێوێنێت. دەشێت کۆتایی خەونی ئازادی و سەربەخۆییش بێت ئەمە، کەدواجار بێواتایی و پێداگرتن لەسەر مافێکی تایبەت و سەربەخۆیی لەپارادایمەکانی تردا جەختیان لەسەر کراوە.

دیارە ئەو گۆڕانانەی بەسەر پارادایمەکاندا دێن بابەتێکی پڕ بایەخە لەپێناو گەیشتن بەڕاستییەك کەئەمڕۆ ناسنامەی ئێمەی کورد دوچاری چ قەیرانێك بووە و چۆن گیری خواردووە لەنێوان جیاواز بوونی ناسنامەی نەتەوەیی و چارەنووسی و فشاری دەرەکی و ڕەوتی سیاسی کوردی. ئایا ئێمە توانیومانە پارادایمێکی نەتەوەیی بەخۆمان ڕەوابببینین و داکۆکی لەسەر بکەین بەوە بکرێتە بەرنامەی هۆشیاری و سیاسی و کلتووری؟

مەبەست لەتوێژینەوەی پارادایمەکان لێرەدا تەنها ڕێگایەکە کەبتوانین لێوەی (ئێمەیەك) بدوێنین و چۆنێتی مامەڵەش لەگەڵ ئەویتردا دیاری بکەین. لەبەرئەوە ئێمە هەمیشە لەبەردەم پرسیاری بەردەوامداین کەئێمەیەك لەبەرامبەر ئەویتری ڕۆژئاوادا یان لەبەرامبەر نەتەوەکانی هاوسێماندا بین و تاچەند برستمان هەیە لەم بەرامبەرییەدا؟ بەپێی بۆچوونی سامۆئیل هانگتون داڕشتەی (ئێمە / ئەوان) لەسەر بنەمایەکی دوالیزمیانە کەلەبنەڕەتدا لەئایینی دیان



و مرۆڤی سپی پێستەوە هاتووە. بەڕای ئەم ئیسلام هەموو کریستیانێك بەخاوەن ئایینێکی یەك خودایی و ئاسمانی دەداتە قەڵەم و هەر بەهەمان شێوەش ئیسلام دەڕوانێتە جیهان.[٣] ❊

بێگومان ئەم بۆچوونەی هانگتون ڕاستییەك دەسەلمێنێت: هاوکێشەی ئێمە/ئەوان، و من/ئەویتر، دەستکردێکی ئایینییە لەبنەڕەتدا و پاشان جیهانی کریستیانێتی کەلە خۆرئاوا زۆرترین ژمارەی باوەڕدار و گرنگە لە بیرکردنەوە و کلتووریدا، هەردەم هەوڵی وێناکردن و داتاشینی وێنەیەك بۆ خۆرهەڵات داوە و هەمیشە ئەم خۆرهەڵاتە وەك ئەویترێك ناسیوە. جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە پێش ئەوەی باس لەئەوانێك یا ئەویتر بکەین، دەبێت باس لەخۆمان، لەئێمەیەك بکەین. ناکرێت هۆش و ئەقڵمان پڕبێت لەوێنەی جودا بۆ ئەویتر، بەڵام بوونی خۆمان و ناسنامەمان بێ پرسیار بمێنێتەوە. دیارە ئەمەش کرۆکی نەتەوە بوون و ناسنامەیە کەلە پرسیار بەرهەمهێنانەوە سەبارەت بەخود و هەڵگری واتا و چەمکی ئێمەیە. بەڵام تەنها بەمەش کۆتایی بەکێشەی ناسنامە و خۆناسین نایەت و بەرامبەریش دەرناکەوێت.

هەستی نەتەوایەتی لای ڕۆشنبیران و شاعیرانمان هەر لەخانییەوە بۆ حاجی قادری و چەندان کەڵ شاعیری تر و ڕۆشنبیر، خاوەن و هەڵگری ئەم هەستە سەرەتایی و هۆشیارییە بوون. واتە هۆشیار بوونەوە بەنەتەوەی خۆت، بەڵام تاچەند ئەم هەستە بزوێنەرە لای جەماوەری کورد بەگشتی چەسپیوە و گەر کەم تازۆر ئامادەبووە، وەك هۆشیارییەکی سەرتاسەری و ڕۆڵی هەبوو لەبنیاتنانی ناسنامەیەکی ناوکۆیی ئێمەدا؟ ئایا ئەم هەستە زاڵبووە بەسەر هەستی ئێمەی خێڵ و ناوچەگەری؟ ئەمە بۆ خۆی ڕاستییەکە زۆر شت لەسەر ئێمە دەڵێن، چ وەك کۆمەڵگا و چ وەك نەتەوە. چۆن نەتەوەبوون دەکرێت بەرامبەر خێڵ و ناوچەگەری و حیزب ڕابوەستێت؟

دیارە هەستکردن بەئێمەیەك لەدوو ڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرێت:

١- لەبەرامبەر ئەویتردا و ئەم هەست و هۆشیارییە لاکردنەوەیەکی ڕیشەییە بەلای خودی ئێمەدا. ئاشکرایە کە باوەڕ و ئایدۆلۆجیا بەگشتی ڕۆڵی خۆیان هەیە لەپێکهێنانی ئێمەیەکی بچووك لەناو ئێمەیەکی نەتەوەیی دا. بۆیە دەکرێت بۆ کوردێك کە خۆی بەموسڵمان بزانێت، بەرامبەر کوردێکی ناموسڵمان چ پێوەر و کام ڕەهەند بیخوێنێتەوە؟

٢- لەبەرامبەر مێژوودا: مێژوو دەبێتە بناغەیەك بۆ داڕشتنی ئێمەیەکی گشتی و چارەنووسێکی پێکەوە گرێدراو. گرفتی مەسەلەی مێژوو وەك پاڵپشت و دەستنیشانکەری دوارۆژ لەوەدایە، کاتێ باس لەمێژوو دەکرێت بەچاوی ئەم ساتەوەختەوە و لێی دەڕواندرێت و

هەر لەرێی پێداویستی و خولیاکانی ئەمڕۆوەوە دەخوێندرێنەوە. دیارە بۆ زانین پێویستە ئامادە بەم شێوازی خویندنەوەیە بدەین کەلە مێژووی بیر و فەلسەفەی مێژوودا بەمتیۆدی ئەناکرۆنێكAnachronism) ) ناو دەبرێت. واتە ئێمە لەجیاتی ئەوەی لەکۆنتێکستی مێژووییەوە سەیری رابردوو بکەین، لەبارودخی ئەمڕۆوە مێژوو دەخوێنینەوە و مێژوو دەبێتە ئەمڕۆیەکی تر. بۆنموونە کاتێك باس لەکورد بوون دەکرێت وەك نەتەوە، یەکسەر دەگەڕێینەوە بۆ ماد یان ئیسلام یان هەر سەردەمێکی مێژوویی تر، بێئەوەی بزانین کەکاتێك باس لەبوونی ئێمەیەك دەکرێت وەك هەست و هۆشیاری و نەتەوەیی و چەمکگەلێکی تر کەهەموو زادەی ئەمرۆ و دونیای مۆدێرنن.

بەهەمان شێوەش کاتێك باس لەچەندین سەدە و هەزاران ساڵان دەکەین کەپڕن لەلێکترازان و دابڕانی ئەڵقەکانی مێژوودا. ناکرێت لەرووی زانستییەوە مێژوو قۆناغەکان وەك یەکەیەکی تەواو نەگۆڕ و لەیەك چێوەدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەر لەبەرئەوە وادەبینم باسکردن لەماددەکان یان ئیسلام، جارێکی تر دەمانخاتەوە ناو خەوێکی تر و دیدێکی تر لەبەرامبەر شێوەیەك لەم ساتەوەختەدا کەبکرێتە هەوێنی کلتوور و ناسنامەمان. دیارە نکوڵی ناکرێت کەهەریەك لەم رەهەندانە (ماد-ئیسلام. هتد) بەشێکن لەپێکهێنەرەکان و وێنەی ئێمە و لەچاو هزری ئەویتردا. بەڵام هەرگیز ئەمانە تەواوی وێنەی ئێمە نین. لەلاپەڕەکانی داهاتوودا هەوڵدەدەم باس لەئەویتر و ئێمە و وێنەکانی بکەم. چونکە باسکردنی یەکێك لەپێکهێنەرەکانی هاوکێشەی ئێمە/ئەوان، و من/ ئەویتر بیرۆکەیەکی ناتەواومان دەداتێ.

**ئەویتر و وێنەکانی:**

خوێندنەوەی وێنەکانی رۆژئاوا لەدووتوێی رووداوەکان و کارێکی گرنگن بۆ نزیك بوونەوە و لەهەمان کاتدا بۆ دەرکەوتنە لەوێنەی ئێمە/ ئەوان کەلەسەر بنەمایەکی سیاسی و بەرژەوەندی دروستبووە. لەمیانەی گۆڕانی وێنەی ئەویتر بەهۆی رووداوەکان بەگشتی، هەڵوێست و دیدی ئێمەش دەگۆڕێن بەرامبەر ئەویتر و دواجار وێنەی ئێمەش دەگۆڕێت. کەزۆر جاریش بۆتە هۆی تێکشکانی وێنەی خۆمان. چونکە رووداوەکان رۆڵ و فاکتەرێکی سەرەکین لەگۆڕانی رووخسار و وێنەکاندا. جێی خۆیەتی لێکدانەوەی تایبەت لەمەڕ خۆمان و سەبارەت بەڕووداوەکان هەبێت، کە هەروەها بەئاسانی رانەگوزەرن و تێنەپەڕن و بێ‌پرسیارکردن وێنەیەکی تەواو



لەسەریان. چونکە بەئاسانی گوزەرکردنی رووداوەکان شێواندنی وێنەی ئێمە و ئەوانە و شێوانی بیرکردنەوەشە لەم میانەیەدا.

لەبەرئەوەش ئەستەمە هەڵوێست و سیاسەت کاری خۆیان بکەن، بێئەوەی هەڵوەستە بکرێت لەبەرهەم هێنانی پرسیار لەئاستی رووداوەکاندا. لەلایەکی ترەوە نەبوونی پرسیار نائامادەیی خودی پرسیارکەرە و نەناسینەوەی وێنەی ئەویترە، ئامادەنەبوون بەواتای نەبوونی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و پرسیار نەکردن لەڕووداوەکان. دیارە رووداوەکان، سیاسییەکان بەتایبەت هەڵگری چەندین راستی قسە لەسەرنەکراون و شایەتحاڵی ئامادەنەبوونی پرسیارکەرە، و لێکنەدانەوەی ئێستایەك کەدێت و دەچێتە خانەی مێژوویەکی نووستووەوە.

دیارە ئەمەش کارەساتێکی ماریفی و رۆشنبیرییە لەتەك قەیرانێکی سیاسی و لەبەردەم چارەنووسێکی نادیاردا کەهەردەم لەمێژووماندا روویداوە. دەشێ رووداوەکان و کارەساتەکانی رابورن و پرسیارەکانیش لول بدەن. ئێمە ناتوانین تەنها بەزمانی رابردوو باس لەئەنفال و هەڵەبجە بکەین، بۆ نموونە کەکردەوەیەکی نامرۆڤانە بوون و روویانداوە لەکاتێکدا تاهەنووکەش ئێمە لەژێر کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەرنەچووین. هەربۆیە راستییەکی زۆر ئاسان هەیە، ئەویش رادەی هۆشیاری بەندە بەتوانای بەرهەم هێنانی پرسیار و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ڕووداوەکاندا، چونکە رووداوەکان دەستنیشانکەری سەرەکی و راستەوخۆی وێنەی ئێمە و ئەوانی ترە. بۆ نموونە لەڕووداوەکانی لێدانی ئێراق، کورد جارێکی تر راستەوخۆ کەوتە سەر خاڵی لێکەوتن (بەرکەوتن) لەگەڵ رۆژئاوادا. ئەمەش پێداچوونەوەیەکی دەیەوێت کەتاچەند دووبارە بوونەوەی مێژووە لەم حاڵەتەدا.

وەختێك ئێمە ئەمرۆکە باسی دیرۆك و رابردوویەك دەکەین، ئەوە ناگەیەنێت کەئەوەی روو دەدات بەسەر بچێت بۆ هەتاهەتایە. لێرەوە باسکردنی لەنەمانی رژێمی بەعس، ئەوە ناگەیەنێت کەرژێمێکی تر بەناوێکی ترەوە نەیەتەوە سەر شانۆی سیاسی هەمان میکانیزمی داپڵۆسێن و کەنارگیرکردنی رای جەماوەر نەدات. ئاسەواری بەعسیزم تائەم ساتەش ماکی بیرکردنەوەی ستونێتی و تێکشکاندنی بەرامبەرە کەلە کەللەی گەلێکدا دەژیت. لەبەرئەوەی باسکردن لەوەی روویدا لەڕابردوو لەمێژووماندا باسکردنێکی ترە لەمرۆمان. چونکە ئەوەی رادەبورێت و تێدەپەڕێت شوێنەوار و ناوەرۆك و رەهەندەکانی کارەساتەکان نین، بەڵکو راگوزەری تێپەڕبوونی هۆش و بیرکردنەوەی ئێمە بەلای رووداوەکاندا. بۆ نموونە لەمشتومڕی مەسەلەی عێراق/ئەمریکادا، باس لەڕووخاندنی رژێم و لابردنی سەددام و ئازادی سەرتاسەری

خەڵکی عێراق کرا، بەڵام دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین کە دیمەنی دیکتاتۆرێك لە بەردەمانداکەوت، بەڵام ئەقڵیەتی دیکتاتۆری هەرماوە. دیارە ئەمەش دەکرێت ماکیاجی رووداوەکان بێت و وێنەیەکی ئاوەژومان پێبدەن، نەك گۆڕانێکی ریشەیی. بۆیە جەختکردنی من لێرەدا لەسە ر ئێمە/ئەوان، خوێندنەوەی وێنەکانی ئێمە و مافەکان و داخوازییەکانمانە. واتە چۆن پێدابگرین لەسە ر داوا رەواکان و دانوستانیان لەسەر بکەین و بگەینە خاڵێکی هاوبەش چ لەناوخۆی سیاسی کورددا و لەگەڵ دەرەوەشدا دیارە ئەمەش بەهەموو شێوەیەکی پێویستی بەبوونی (ئێمە) هەیە.

لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ مەسەلەی مێژوو وەك رەهەندێکی گرنگی ناسنامە. نووسەر و رۆشنبیری کورد نزیکەی دوو سەدە لەمەوبەر باس لەئێمەیەك دەکەن، باس لەناسنامە و نەتەوەی ئێمە دەکەن. دیارە ئەمەش بۆخۆی بایەخی مێژوویی هەیە گەر بگەڕێینەوە بۆ لای کەڵە روناکبیرانی وەك خانی و حاجی قادر، و بەتایبەتتر حاجی، دەبینین لەئەنجامی کۆچکردن و دیتنی گەلانی تردا هەوڵێکی باشی بەرهەم هێنانی وێنەی ئەویتر و ئێمە بووە. حاجی جگەلەوەی شاعیر بووە، سەلیقە و سەرنجی باشی لەکۆمەڵگای کوردی ئەو ساتەوەختەی داوە و توانیویەتی دیاردە و هۆکارەکانی دواکەوتن و نەبوونی ماریفە و رێزنەگرتن لەزانا و رۆشنبیر و خوێندەوار و دۆگمایی ئایینی مایەی پەژارە و خەمی ئەو بوون. پێم وایە حاجی یەکەمین کەسێك بێت لەمیانەی بەراورد کردنی کورد و نەتەوەکانی تردا، ئێمە/ ئەواندا گەلێك پرسیار و ئەندێشەی بەرجەستە کردبێت.

دەبینین پاش کۆچ و گەشتی بۆ دەرەوە لەئەنجامی ناقایل بوون بەبارودۆخی زێدی هۆشیاری نەتەوەیی و گیانی بوونی (ئێمە) لای بەهێز بووە. لەهەمان کاتدا توانیویەتی بۆ رووداوەکانی دەوروپشتی و جیهان بەگشتی خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەویتر بەرجەستە بکات. (لەوانەیە کەمێك زیادەڕەوی بێت گەر بڵێین بیرکردنەوەی ئەقڵیەتی کورد و هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی بەگشتی بەهەرمی تاراوگە بوونی رۆشنبیران بێت لەڕابردوودا).

گەر بمانەوێت زیاتر تیشك بخەینە سەر ناسنامەی (ئەویتر) دەتوانین رێگوزەرێك بەفەلسەفەی دیالۆگی سایلا بێنهەبیب Seyla Benhabib دا بکەین. ئەم ژنە فەیلەسووفە ناودارە کەکار لەسەر بنەما فەلسەفییەکانی یۆرگن هابەرماس دەکات لەپەرتووکێکی بەناو بانگدا ( situating the self) دەیەوێت تیۆرێك لەسەر بنەمای یونیڤێرسالیزم (universalisms) و کۆنێکستوالیزم (contextualisme) دابمەزرێنێت. دیارە ئەم دوانەش دوو ئاڕاستەی جودان لەفەلسەفەدا، بەڵام ئەم دەیەوێت لەڕێی دیالۆگەوە، بەیەکیان بگەیەنێت. دیارە ئەم دیالۆگەش لەگۆشەنیگای فەلسەفەی خود/ ئەویتر (the self and the other) دروست دەبێت.



سایلا جیاوازییەك دەخاتە نێوان (generat other) و (concert other) کەلەیەکەمدا (ئەوی گشتی) دا فەلسەفە و ترادسیۆنی نێرینە (male) لەیەکچوونەکانی نێوان مرۆڤ بەگشتی خاڵی دەست پێکردنی گوتارەکانە. بەم پێیە سوبجێکت و ئەویتر لەکەسێتی و تایبەتمەندییەتی خۆیان ڕووتکراونەتەوە بەگشتی کراون. سوبجێکت کەمن و ئەویتر تێدا لێکدەچێت یان بەیەك دەچن، بەڵام ئەویتری کۆنکرێت (the concert other) بەپێچەوانەی جیاوازی نێوان مرۆڤەکان، دەبێتە دەستپێکی گوتارەکان و فاکتەرەکانی وەك (emotion، self-lubedenis، contigention) رۆڵی گەورەی تێدا دەبینن. کەواتە ئەویتر کەسێکە کەمن نییە و منیش کەسێکم کەئەویتر نیم، بەڵام ئەم دوو جیاوازییەی نێوان ئەویتری گشتی و ئەویتری کۆنکرێت ئەوە ناگەیەنێت کەدژ بەیەك بن، چونکە هیچیان بێ ئەویدیکە نابێت. لەچەمکی یەکەمدا (من) و (ئەویتر) وندەبن، چونکە (من/ئەو) لەگشتەکەدا دەسوڕێینەوە وەك گیانەوەرێك و بونەوەرێك سەیردەکرێین. هەرلەبەر ئەمەیە کە یونڤێرسالیزم هەموو ناسنامەیەکی (لۆکاڵ) ناوخۆیی تایبەت رەتدەکاتەوە بەوەی هەموو مرۆڤێك منێك مرۆڤ پێك دەهێنن لەکۆی مرۆڤەکانی تردا، ئیدی ناسنامەی مرۆڤێتی بۆ هەموو کەسێك و جێگایەك دەخوات و پێناسەی (من) دەکات.

لێرەوە ئەو ناسنامەیە دەبێتە ناسنامەیکی گەردوونی و هەموو جیاوازییەکان تێدا دەتوێنەوە. لای سایلا ئەم گەردوونگەراییە ناوەرۆکی خۆی لەدەست دەدات، چونکە چۆن بزانین مافی من و ئەویتر چییە گەر جیاوازییەك لەنێوان من و ئەویتردا نەبێت. گەر من و ئەویتر وەك خۆم سەیربکەم، ئەوا لەدۆخێکی مۆڕاڵدا دەبێت بسوڕێتەوە کەچۆن بڕیار بدەین چی گونجاو ولەبارە بۆ جیاوازی کردن و مافی ئەویتر دانیپێدابنێین. بۆئەوەی بڕیار لەسەر (ماف و شوێنی-بوونی) ئەویتر بدەین، دەبێت جیاوازییەکانیش رەچاوبکەین. هیچ ناسنامەیەك بەبێ جیاوازبوون یان جیاوازی، بوونی نییە وەك سایلا دەڵێت: هەموو یەکێك ئەویترە و تەنانەت خۆشم. لەبەرئەوە گرنگە بزانین لەمیانەی پەیوەندی بەئەویترەوە چۆن ئەمە تێدەگەین.

سایلا لێرەدا بانگەشە بۆ جۆرە مۆدێلێکی گەردوونگەرایی دەکات کە ( Interactive universal is me) ناودەبات کەجیاوازییەکان دەبنە سەرەتای دیالۆگ نەك سەرەتای جەنگ و لێکترازان و جیابوونەوە. ئەم مۆدێلەی سایلا تارادەیەك لەمۆدێلەکەی هابەرماس دەکات. کاتێك هابەرماس هەوڵی بەرجەستەکردن و داڕشتنی بەهایەك (نۆرم) دەدات لەئێتیکی دیسکۆرسدا (Discourse ethic) کەپەیڕەویکردنی ئەو دیسکۆریسە دەمانگەیەنێتە سەلماندن و رەوایەتی من سەرباری جیاوازی لەڕێی دیالۆگەوە بۆ گەیشتن و هەماهەنگی و کۆدەنگییەکی گەردوونی

(universal consensus). بەڵام سایلا رەخنە لەمۆدێلەکەی هابەرماس دەگرێت، چونکە هەماهەنگی و کۆدەنگی و رێکەوتنی دەنگەکان: واتە یەکڕایی شتێکی ئەوتۆ نییە بۆخۆی دواجار، وەك چۆن ئەویتری گشتی هیچ نییە. کاتێك تۆ دەتەوێت هەڵسوکەوت و ڕەفتارێك هەڵسەنگێنیت، دەبێت راستەوخۆ سەیری کردەوەکە بکەیت، لەبەرئەوەی سنووری جیاکردنەوە یاخود پێوەدانگی شیاو لەناشیاو نەگۆڕ و چەسپاو نییە.

دەبێت هەموو رەفتارەکان هەمیشە بخرێتە بەردەم گفتوگۆ و لێکدانەوە. هەر بۆیە هاو (کۆ)دەنگی و هەماهەنگی (consensus) گرنگە، بەڵام ئەوە لەپرۆسەی بڕیاردان دواهەمین ویستگە و مەبەست نییە، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ گەیشتن پێی. کەواتە گەردوونگەرایی سایلا گەیشتن بەهاودەنگییەکی ئایدیاڵ نییە لەنێوان سوبجێکتەکاندا وەك هابەرماس بە تەمایەتی. بەڵکو وچانێکە کەلەمیانەی کارلێکردند و ئینتەرئاکشنی نێوان ((universalism و ((contextualisme وە دەبێت، کەلەهەمان کاتدا سەربەخۆیی (ئۆتۆنۆمی) و ڕێزی جیاوازی کلتووری و ناسنامەی تایبەت دەگرێت لەڕێی گوێگرتن و دانبەیەکتری نانی هاوبەشەوە. دواجار دیالۆگ دروست دەبێت.

مەبەست لەهێنانی تێزەکانی سایلا لێرەدا ئەوەیە، جەختکردن لەسەر جیاوازی رەهەندێکی گرنگی دیالۆگە. کاتێ حاجی قادر جیاوازی کورد و گەلان دەکات، شتێکمان پێدەسەلمێنێت: تایبەتمەندێتی ئێمە، تا ئەو رادەیەی بەراورد بە ژاپۆنی دەکات. مەبەستیش دروستکردنی ئێمەی کوردە کەجیاوازی و تایبەتمەندێتی خۆی بسەلمێنێت لەسەر بناغەی جیاوازییەکان وەك پرنسیپێکی هاوبەش و لەتەك ئەویتردا دیالۆگ بکات. دیارە دیالۆگ تەنها لەئەنجامی دانپێدانان و سەلماندنی یەکدییەوە دێتە ئاراوە، کەهەرلایەك خاوەنی را و داواکارییەك بێ. بۆیە پارادایمی ئیسلام و موسڵمان بوونی کورد هەڵگری هیچ فۆرمێکی تایبەتی و بەهێز نییە بۆ کورد لەنێوان موسڵمانانی دراوسێدا، بەپێچەوانە فاکتەرێتی لاوازە، کەکورد نەیتوانیوە دەنگێکی تر بەرجەستە بکات و هەمیشە لەهەماهەنگی موسڵمان دەرباز بێت.

جێگەی سەرنجە کەحاجی لەهەندەران دەکەوێتە ژێر کاریگەری رەوتی رۆشنگەری و پێشکەوتنی نەتەوەکانی تر بەتایبەت رۆژئاوا. ئەمەش وایلێکردووە بە بەراوردکارییەك هەستێت لەنێوان خۆی وەك رووناکبیر و پایەی نەتەوەکەی لەچاو نەتەوەکانی تردا، بۆ نموونە حاجی لەکۆپلەیەکدا باس لەژاپۆن دەکات کەچل ملیۆن کەس نابن و هێندەش پێشکەوتوون بەراورد بە کورد. هەروەها حاجی لەچەند دێڕە شیعرێکدا هەڵدەستێت بە بەراوردکردنی ئێمە و ئەوان:



نیسبەتی ئێمە و ئەوروپا قەترەی دەریا نییە
بۆچ ئولعەزێك بەعەزمی بەعشەتی پێی تەڕ نەبوو ،ل ١٥٢

یان دەڵێت:
بولغار و سیرب و یۆنان هەم ئەرمەنی و قەرەتاغ
هەر پێنجیان بەتەعداد نابن بەقەدری بابان،ل ١٨٨

هەروەها شیعری بەناوبانگی حاجی "لەرۆما کەوتە بەرچاوم" باس لەتاراوگەبوونی کورد و ئومێدی دواڕۆژی کورد و دڵدانەوەی ئەو کوردە دەکات کەچاوی پێ کەوتووە. حاجی دڵنەوای خۆی دەکات بەوەی دەبێت کورد خاوەنی خۆی بێت و لەسنووری دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی رزگاربێت کەکوردستانیان دابەشکردووە بۆ دووناوچەی دەسەڵات کە دەڵێت:

لەمابەینی کڵاو سور و کڵاوڕەش    پەرێشانین دەبینە میلی گای رەش

گەرچی حاجی باس لەسەردەمی خۆی دەکات، بەلام هەمان خەم و پەژارەی حاجی ئەمڕۆشمان دەگرێتەوە لەزۆر لایەنەوە. سەرەڕای نیشتمانی کورد هەر دابەشکراوە و نادانی ئەقڵی سیاسی کورد هەر بەردەوام لەڕێی ناکۆکی دەسەڵات، کوردستان بەدەستی خۆی جارێکی تر دابەشدەکاتەوە. کەواتە لە نێوان ئێرۆ و سەردەمی حاجی کەزیاتر لەسەدە و نیوێکە، زۆر لێکچوون هەیە. تەنانەت لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی، خانی مەزن جیاوازی و گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. ئەو دەمەی کورد موسڵمان و رەعیەتی سەفەوی و سوڵتان بوو، ئێستاش ئێرانی و ئێراقی و تورکێکی پلە سێیە. لەبەرئەوە ناوەکان دەگۆڕێن بەلام بارودۆخی دابەشکراوی کورد، دواکەوتووی وەك خۆی ماوەتەوە.

دیارە زۆرجار ئەمە هەر دەگێڕدرێتەوە بۆ دوژمن و دەسەڵاتی دەرەکی، بەلام ئەزموونی ساڵانی پاش راپەڕین سەلماندیان کەتەنها هۆکاری دەرەکی (پیلان و نەخشەکانیان) بەس نییە بۆ رۆشنبیر و رووناکبیری کورد کەلە هۆکارەکانی دواکەوتن قەتیسمانی ڕۆحی کورد تێبگات. تەنها ئەو سنوورە دەستکردانە بەس نین بۆ تێگەیشتن لەدیلێتی کورد. بەڵکو ئەقڵی کوردی خۆی دیلی کۆمەڵێك هۆکارە کەخۆشی دەستی تێیدا هەیە. بۆنموونە لەکاتێکدا کورد خۆی نەریتی دابەشکردن و جۆرە کلتوورێك بۆ

دابەشکردنی ناکۆکی دەسەڵاتی بەرهەم دەهێنێت و کۆمەڵێك هێز و گرووپی بێ لایەن پەراوێز دەکرێت و نایەڵن هاوبەشی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنو سیاسەتی بڕیاردان بکەن، بەڵکو دەسەڵات لەنێو دەستەبژێرێکی سیایدا قۆرخ دەکرێت. چەندین ساڵە ئەمە نەریتی داختنی ئاسۆی بەشدارکردن لەدەسەڵاتی بەڕێوەبردن و بڕیاری سیاسیدا و وەلا خستنی رای جیاواز بەهێز و هەڕەشە دەکرێت. دیارە ئەمە وانەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئەقڵی سیاسی کورد کەدەتوانێت ئەزموونی کارگێری پێ سوودمەند کات، ئەگینا هەرگیز دیموکراسی نارِسکێت گەر ئەم هەلاّنە نەبنە هەوێنی گۆڕانێکی ریشەیی سیاسی.

پێم وایە خوێندنەوەی ئێمە بۆ حاجی و چەند کەڵە رووناکبیرێکی کورد دەبێت لەپێشی هەموو شتێکدا وەك تێکست سەیریان بکەین نەك وەك شیعر. چونکە ئێمە دەتوانین لەرێی نووسراوەکانیانەوە بارودۆخی مێژوویی ئەو سەردەمە و رادەی گۆڕان و پێشکەوتن دیاری بکەین. لێرەوە دەکرێت حاجی بەسەرەتای رۆشنگەری کوردی دابنرێت وەك د. ئیحسان فوئاد دەڵێت: ((حاجی بەقوتابخانەیەکی تایبەتی دادەنرێت کەئەویش قوتابخانەی (تنویر) لەگەڵ شاعیرە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی تردایە)). حاجی هەواداری رۆشنبیری و راپەڕینی ئەقڵی و گۆڕینی کۆمەڵگای کوردی بووە. جێی داخە گەر حاجی لەخوێندنی ئەکادیمی باڵادا بیخوێندایە دەکرا زۆر نووسین و بابەتی دەوڵەمەندترمان بۆ بەجێبهێڵێت، نەك تەنها هۆنراوە بەنرخەکانی. دیارە کوردەواری لەسەردەمی حاجی و کاتەکانی تردا نەیتوانیوە نازی رووناکبیرێکی وەك حاجی هەڵبگرێت و رێز بۆ نووسین و پەرتووك هێندە لاوازبێت کەزۆر بەرهەمی لەناوچوون، و حاجی خۆی بەراشکاوی باسیشی لێوە دەکات لەکۆپلەیەکدا:

کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بەکوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلا و شێخ و میر و پادشامان
هەتا هەمیشە دەما ناو و نازناویان، ل ١٤٦)

دەکرێ حاجی لەریزی هەواداری وەك چاکسازی بەناوبانگی جیهانی ئیسلامی (جمال الدین الإفغانی و محەمەد عەبدە و رەشید رەزا)و چەندانی تردا بێت. ئەوان توانییان سوود لەمانەوەیان وەربگرن لەتاراوگە و بەتایبەت لەفەرەنسا و بیر و بۆچوون و سەرنجەکانیان لەرێی گۆڤاری (عروە الوپقی) وە بەرنامە و بیری خۆیان بگەیەنین و باس لەنەخۆشی و هۆکارەکانی دواکەوتنی جیهانی



ئیسلامی و کێشەکانی کۆلۆنیالیزم بکەن و هەوڵدەن بۆ هۆشیار کردنەوەی گەلان لەلایەك. لەلایەکی ترەوە ویستیان خوێندنەوەیەکی تازە بۆ تێکستەکانی قورئان ئەنجام بدەن، تاوەکو پێشکەوتنی زانستی و فێربوون چارەسەر بکەن.

حاجیش لەخەمی بنیاتنانی ناسنامەی کورددا بووە (دیارە مشتومڕ هەیە کەگوایا سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ حاجی یان بۆ خانی نەمر). خولیای ئەوە بووە کە کوردبوون ببێت بەرِەگەزی سەرەکی و ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤی کورد. هەروەها بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەکاریگەری بەناو ئایینی هەڵخەڵەتێنەر، کەکورد سەرباری ژێردەستەیی، بەدەست دەرەبەگ و شێخ و سۆفی و مەلاکانی ئەو کاتەدا گیریان خواردبوو. بەلای حاجییەوە پرسی ناسنامەی ئێمە بەخۆدا چوونەوە و خوێندنەوەی مێژوو و رێزگرتنی زانا و رووناکبیرانی کوردە. هەربۆیە لەهۆنراوەکانیدا حاجی زۆر ئاماژە بەکەڵە شاعیری وەك خانی، جەزیری و نالی و چەندانی تر ئەکات. ئەمەش بۆ خۆی وریایی و ئاگاداری حاجییە لەبارودۆخی رۆشنبیری کورد ئەودەمە دەردەدخات.

بۆیە حاجی تەنها شاعیرێك نییە، بەڵکو لەپێش هەموو شتێکەوە رۆشنگەر و رووناکبیر و هۆشیارێکە لەئاستێکی بەرزدا کەلە هەموو خوێندەوارانی سەردەمی خۆی جیادەکاتەوە. چونکە کاتێ حاجی باس لەجیاوازی ئێمەی کورد دەکات لەگەڵ گەلانی کورددا، ئەوا باس لەناسنامەیەکی کورد بوون دەکات. ناسنامەش واتای جیاوازبوون لەئەویتر دەگرێتەوە. لێرەوە جیاوازبوون بوارێکە بۆ دیالۆگ لەگەڵ ئەویتردا، وەك لەپێشیشەوە ئاماژەم پێدا. ئیدی کاتێ ئێمە دەمانەوێت لەئەنجامی بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەگەڵ هێزێکی وەك رۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا نزیکبوونەوە بکەین، دەبێت خاڵێکی گرنگ لەبیرنەکەین ئەویش ئێمە کێین؟٤ *

دواجار گەر بزانین ئێمە کێین دەشزانین چیمان دەوێت و مافەکانمان کامانەن و سنووری پەیوەندی و رەوایەتیش لەو هاوکارییەدا دەبێت کە لەبەرژەوەندی خودی ئێمەی کورددابێت بەگشتی نەك لایەنێکی دی. چونکە لەدەستدانی ئەو هەست و چەمکی ئێمەیە بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتی لایەنێك چ لەدەرەوە بێت یان ناوەوە، لەدەستدانی ناسنامەی ئێمەشە. لە دەستدانی ئینتیمایە بۆ نیشتیمان و نەتەوە.

## سەرچاوەکان:

١- دیوانی حاجی قادری کۆیی،لێکدانەوە و پێداچوونەوە **محەممەد** مەلاکەریم.

2- Community and S. Benhabib; Situating the self. Gender postmodernism in ethics. Black Well publisher's p-52. ، Oxford.1992

3- The claims of Culture; Equality and Diversity in S. Berhabib, the Global Era. Princeton University Press. 2002

4- S. Hungton ; De Bootsende beschaving. P 22g. 2001

5- M. lezenberg en Gerard de, 2000Universiteit van Amsterdam Vries; Wetenschapfilosofie.

## پەراوێز:

١- پێویستە بووترێت من لەم نووسینەدا لەبەکارهێنانی زاراوەی رۆژئاوا و رۆژهەڵات و دابەشکردنی من/ئەو وەك لەدوالیزمێك، بەرجەستکردنی هەڵوێستێك نییە دەرهەق بەهیچ لایەك. بەڵکو زیاتر لەبەر میتۆدی نووسینەکەیە بۆئەوەی بتوانین باس لەیەکەیەك بکەین کەهەڵگری چەند خسڵەتێکە، ولێوەی پەیوەندی نێوان دژەجیاوازەکان بخوێنینەوە.

2- M. lezenberg en Gerard de Vries; Wetenschapfilosofie, Universiteit van Amsterdam ،2000

٣- فاروق رەفیق لەنووسینێکی لەگۆڤاری رەهەندا باس لەناسنامە و پارادایمی کردووە کەتەنها وەك بزانم یەك بەشی بڵاوبۆتەوە. وە جێگای ئاماژە بۆ کردنە کەساموئێل هانگتنیش لەپەرتووکە بەناوبانگەکەیدا بەهەمان شێوە باس لەپارادایمی ناسنامەکان دەکات.

٤- مەسەلەی و رووژاندنی پرسیارگەلێك دەربارەی رووداوەکان دەکرێت ئاماژە بەهەوڵی فاروق رەفیق بکرێتەوە کەلە رۆژنامەی هاوولاتی دا (٢٠٠٣) لەژێر ناونیشانی (چی ڕوویدا) گرنگییەکی خۆی هەیە لەم رووەوە. فاروق لەوێدا دەیەوێت رەهەندەکان و دیوی ئەودیوی رووداوەکان و ئامادەبوونی چەمکی پرسیارکەر (کورد) شی بکاتەوە لەڕێی پرسیار: کەچی روویدا؟ لەمیانەی لێدانی ئێراق و هاوکاری سیاسەتی کورد لەو پرۆژەیەدا. هەرچەندە فاروق



بەزمانی. رابردوو پرسیارەکەی دەکات، بەڵام پرسیارەکە، پرسیارێکە لەئێستا گەر هەرکاتێك بێت. چونکە دەرەنجامی یاخود شوێنەواری ئەو رووداوە (ئازادکردنی عێراق) خێرایە هەربەردەوام کاری خۆی لەسەر هۆش و بیرکردنەوە دەکات. گەر ئەم رووداوە پرسیار لەلای ئەقڵی کوردی بەجێ نەهێڵێت ئەوا نەبوونی ئەم پرسیارە تەنها پرسیارە و دەبێت بەدوایدا بچین. واتە پرسیارێکە لەئامادەبوون و توانینی ئەقڵی لەمیانەی رووداوەکاندا. کەواتە گەرچی پرسیارەکە لەڕووی زمانەوە رابردوو دەگەیەنێت لەم ساتەوەختەماندا، ئەوە ناگەیەنێت کەشالاوی ئەو رووداوە رابردووە ئیدی تێپەڕیوە. دیارە لەڕووی زمانەوە و بەکاتژمێر و رۆژو ساڵ تێپەڕیوە، لەهەمان کاتدا تێپەڕبوونێکە لەڕووی فەلسەفە و فیکرییەوە جێی پرسیارە کەچۆن شتێکی وەها گران و قورس بەسەر ئەقڵدا تێپەڕبێت بێ لێکدانەوە؟

مەگەر ئەمە تەنها ئامادەنەبوونی پرسیارکەر بێت لەڕووداوگەلێکی ترسناك، کەخۆشی بەجەستە و توانای فیزیکی بەشداربێت و ئاکامی رووداوەکە خۆشی بگرێتەوە. دیارە ئەمە پارادۆکسی سیاسەتی کوردییە کەکاتێك خۆی لەناو رووداوەکاندایە و بەتەنگ و ئاوەزی پرسیارکردنەوە بەشدارنییە. لەهەمان کاتدا ئەگەری دووبارەبوونەی رووداوەکان دەکرێت هەر بەردەوام بێت.

## ٢-٧- ئیلیتەی کورد و پێگەی کۆمەڵایەتی: لەنێوان خەونی گۆڕان و دابڕاندا:

"یۆتۆپیای ئەمڕۆ راستیی سبەینێیە" ڤیکتۆر هۆگۆ

ئەم ناونیشانەی سەرەوە دەمانخاتە بەردەم وێنەیەکی گشتیی سەبارەت بە دۆخی ئیلیتەی کورد. ئیلیتەیەك کە لەنێوان خەونی گۆڕان و پێشکەوتن لە لایەکەوە و لەبەردەم کێشەی دابڕان لە کۆمەڵ و کولتووری باودایە لە لایەکی ترەوە. هاوکات ونبووە لە ئەوجی یۆتۆپیای چاکسازی و دەسکاریکردنی کۆمەڵگادا. مەبەستیشمان لە خەونی گۆڕان و پێشکەوتن ئەوەیە کە ئیلیتەی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی لە خولیای ئەو خەون و ئامانجەدا بووە لەسەر ئاستی جیاجیا وەك گوتارێکی رۆشنبیری بەکاری هێناوە. ئیدی باسکردنی ئیلیتەی کورد بە هەموو پێکهاتەکانیەوە ئاوڕدانەوەشە لە مێژووی ئیلیتەکان و گەشتێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ دیرۆك و ئەمڕۆمان.

هەڵبەت ئێستا لەبەردەم "دوێنێیەکی نادیار" و "ئەمڕۆیەکی بێ ئاسۆی" ئیلیتەی کوردیداین کە لە ئازاری ویژدان و بێتوانایی خۆیدا گیری خواردووە. چونکە ئیلیتەیەکە کە هەمیشە هەستی بە ئابلۆقە و گەمارۆدراویی خۆی کردووە لەنێو هێزە کلاسیکی و ترادیسیۆنەکانی کومەڵدا کە وەك جەستەیەکی نامۆ و دەستنێژ سەیر کراوە. هەر ئەمەش باری هۆشیاری و رۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردیمان تا ئەندازەیەکی باش بۆ دەردەخات. بەڵام ئیلیتەی سیاسیی کورد هەمیشە جۆرێك لە هەماهەنگی و هاوپەیمانێتیی لەگەڵ هێزە ترادیسیۆنەکاندا هەبووە، ئیدی لەبەر ئەوەی ئەم ئیلیتەیە بەشێك بووە لەو هێزەباوە یاخود لەپێناو بەرژەوەندیی خۆی هەوڵی نزیك بوونەوەی داوە. بەڵام ئیلیتەی رووناکبیری و رۆشنبیریی کورد لە پەراوێزی رووداوەکاندا رۆڵی پاسیڤی خۆی گێڕاوە جا بە هەڵبژاردنی کەنارگیری و بێدەنگی بێت یان بوون بە ئامێری ئیلیتەی سیاسی. هەر بۆیە پێناسە و رۆڵی رووناکبیر دەکەوێتە ژێر پرسیارێکی رەوا و ئاڵۆزەوە: چی بکەین و هەڵوێست و رۆڵی چی بێت لەو زۆرانبازی و بێ دەرەتانیەی ماڵی کورددا؟

ئایا رۆشنبیر وەك سیاسییەك رۆڵی بێت و باس لە سیاسەت بکات، یاخود لە چوارچێوەی کاری رۆشنبیریدا رۆڵی هۆشیار کردنەوە و بەرچاو روونی دەگێڕێت و بە ئاراستەی خۆی کاربکات؟ دیارە خۆ هەڵقورتاندن لە بڕیار و کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەرچی جۆرێك لە بەجێهێنانی ئەرکی رووناکبیری و نیشتمانی بێت، جۆرێکیشە لە دەسەڵاتخوازی. هەڵبەت لە مێژەوە ئەم جۆرە دەسەڵاتخوازییە بۆتە جێگای ململانێی کتوپڕ و ترسناکی نێوان ئیلیتەی



سیاسی و رووناکبیری چونکە ئیلیتەی سیاسی زۆر دەمێکە پەیی بەوە بردووە رۆشنبیری جۆرێك لە دەسەڵات و پایەی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە لەنێوان کۆی دەسەڵاتەکانی تردا.

هەر بۆیە خوازیاری ئاوێتە کردن و تێکەڵکردنی بووە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا، ئینجا بە پاشکۆکردنی یاخود پەراوێزکردن و تەریك کردنی. ئەمە راستییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات کە تەنها دەسەڵاتێکی بەهێز دەنگی ئەڕوات و فەرمانەکانی ئەخوات. لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەر لەوێوە دەسەڵات ویستوویەتی کێشەکە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە و بە بەرژەوەندیی خۆی تەواو بێت. بە دیوێکیتردا رووناکبیر و ماریفە بۆ خۆیان گەر جۆرێك لە دەسەڵاتیش نەبن، دەکرێت ببنە دەمامکێك و ئامێرێکیتر بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی باو. هەر وەك چۆن دەکرێ هەڵگرانی بڕوانامە و خوێندنی باڵا خۆیان بکەنە نوێنەری زانستی و زانیاری، ببنە ئامێرێکی توندکردنی چنگی دەسەڵاتیش.

پێش ئەوەی بچنە ناو باسەکە دەمەوێت ئاماژە بەپۆلێنی جۆرەکانی ئیلیتە بدەم لە کۆمەڵگای کوردیدا:

١- ئیلیتەی سیاسی، جا ئیتر نوێنەری پارتە سیاسییەکان بن یاخود دەسەڵاتی رەسمیی حکوومەتەکان.

٢- ئیلیتەی رۆشنبیری کە نووسەر و خوێندکار و خاوەن بڕوانامەکانن.

٣- ئیلیتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری، کەسانی ماقوڵ یاخود پیاوی ئایینی و خێڵەکی.

٤- ئیلیتەی ئابووری" خاوەن سەرمایە و بازرگانەکان دەگرێتەوە.

ئەم دابەشکردنە زیاتر تیۆرییە و ئەوە ناگەیەنێت کە بۆ نموونە ئیلیتەی سیاسی لە سێ بەشەکەی تردا نەبێت، دەبینین لەم چەند ساڵەی دواییدا سیاسەتمەدارەکانمان خاوەنی پرۆژەی بازرگانی و کۆگای مەزنی ئابوورین. دیارە ئەمە بەشێك لە پێگەی ئیلیتەی سیاسی دەردەخات کە هاوکاتی پیادەکردنی سیاسەت وەك جۆرێك لە سەرچاوەی بژێوی و خۆ دەوڵەمەندکردن دادەنێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو رەهەندە هەمەگیر و گشتگیریە کە لە سیاسەت و بیرکردنەوە و دەسەڵاتدایە، کە پێی وایە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و کایەکان خزمەت بەوەدیهێنانی قایمکردنی دەسەڵات ناکات.

دیارە من لەم نووسینەدا باس لەئیلیتەی سیاسی و رۆشنبیری کورد دەکەم، چونکە پێموایە هەردووکیان دوو تەوەرەی سەرەکیی گۆڕان و کاریگەری لەسەر بەشەکانی تر هەن. لەبیریشمان

نەچێت کە لێرەدا ئیلیتەی ڕۆشنبیری دەبێتە کێشەی نووسینەکەمان و هەر لەو دەلاقەیەوە باس لە ئیلیتەی سیاسیش دەکەین. بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر تەوەرەکانی ئەم نووسینە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆ دەبنەوە: "تەوەرەی یەکەم" پرسی دابڕان لەترادیسیۆن لەژێر ڕۆشنایی پرسیارێکدا دەبێت: ئایا گۆڕان دەستکەوتە یاخود لەدەستچوون؟ "تەوەرەی دووەم" باس لە کێشەیەکی گرنگ و هەستیار دەکات ئەویش بێ زەمینە و بێ پێگەی ئیلیتەی ڕۆشنبیرییە کە دواجار بە نەمانی سەنگی ڕۆشنبیری و ماریفی تەواو دەبێت. "تەوەرەی سێهەم" تاوتوێکردنی تیۆری یۆتۆپیای ڕەخنەیی دەکات، هەر لەوێوە باس لە بایەخی یۆتۆپیا و ڕەخنە دەکات لە سەردەمێکی قەیراناویدا.

### تەوەری یەکەم: دابڕان لە ترادیسیۆن

لێرەدا دابڕان چ وەکوو پرۆژەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری یاخود وەك تێکەوتنێکی بیرلێنەکراوە ئاماژە بە دۆخێك دەدات کە خۆی لە هەڵکەنران لە دەوروبەر و کولتووری باو دەگەیەنێت. نامۆ بوونێك و پەرتەوازە بوونێك کە بەخۆ نەناسینەوە تەواو دەبێت. هەڵبەت نامۆ بوون و دابڕان دەکرێت پرۆژەیەکی مودێرنە بێت و وەرچەرخاندنێکی ڕۆشنبیری بێت لە کولتووری خۆرئاوادا لەسەر دەستی ئیلیتەی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و بیرمەنداندا کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی سەدەی ١٧. واتە ئەو دەمەی "مرۆڤی نوێ" تێدا لە دایك دەبێت، مرۆڤێك کە چیتر پێناسەی خۆی لەرێی ڕابردوو و ترادیسیۆنەوە ناکات، بەڵکوو دەستنیشانی ناسنامەی خۆی لەرێی توانای ئەقڵی و ویستی گۆڕانەوە دەستنیشان دەکات. ئیدی ئەم قۆناغە بە قۆناغی لەدایك بوونی (مرۆڤی ئەفرێنەر Homo Faber) ناوزەد دەکرێت، مرۆڤی مودێرن ئیتر خۆی دەبێتە دروستکەر و پێکهێنەری ژیانیکی نوێ و تێپەڕاندنی سەردەمی مرۆڤی ترادیسیۆن و ماڵئاوایی لەڕابردوو دەکات و دەبێتە مرۆڤێکی یاخی و شۆڕشگێڕێکی هەڵگەڕاوە.

ئەم مرۆڤە بە هەموو واتایەك نوێیە بە ئەندازەی ئەوەی کە لە ترادیسیۆن دابڕاوە، هەربۆیە کۆنەپارێزێکی یاخود کۆنسەرڤاتیڤێکی وەك ئیدمۆند بروکە و تۆکڤیل هەمیشە لە نووسینەکانیدا باسیان لەم مرۆڤە وەك کەسێکی بێ ڕیشە و ڕەچەڵەك کردووە[1]. واتە کەسێکە لەبێ ڕیشەیی کولتووریدا دەژیت و هیچ ڕاهێڵ و پەیوەستێکی بە ڕابردووەوە نەماوە. "بروکە" ڕووناکبیران و شۆڕشگێڕانی فەڕەنسی بە کەسانێکی سەرلێشێواو و ونبوو دادەنێ کە هەردەم لە



خولیای گۆڕان و پێشکەوتندان و بەخۆرتی بانگەشە بۆ فرێدانی کولتووری ڕابردوو دەکەن. لە ئەنجامدا پێگەو ناسنامەی کولتوریان بزردەکەن.

ئیدی ئەم ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕە هێندە سەرەڕۆیە کە هیچ پنت و خاڵێکی یەکگرتنەوەی لەگەڵ پێشینەدا نەماوە. هەر لێرەشەوە پەیوەندی و چارەنووسی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا نەماوە و بۆتە کەسێکی دەرەکی (outsider) کە لە دەرەوەی کولتوور و ترادیسیۆندا هەڵدەسوڕێت. دیارە ئەم ڕەخنەیە لە ئیلیتەی ڕووناکبیری مۆدێرن تەنها لە لایەن کۆنە پارێزەکانی ئەو دەمەوە نەگیراوە، بەڵکوو ڕووناکبیرێکی وەك ماکنتایەر (A. McIntyre) لە نووسراوەکەیدا (Whose Justice? Which Rationality) دا باس لەقەیرانی ناسنامەی مرۆڤی مودێڕن دەکات کە دابڕان و ونبوون زاڵە بەسەریدا. ئەو پێی وایە بە بێ مێژوو و بێ ترادیسیۆن ئەستە مرۆڤ بتوانێت ناسنامەیەکی تەواو و کامڵی هەبێت، چونکە ترادیسیۆن و بوونی مێژوو یەکێکن لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی ناسنامەی خود- مرۆڤ [2].

بەپێی گۆزارشی ئەم جۆرە نووسەرانە گۆڕان و پێشکەوتن کە هاودەمە لەگەڵ بەجێهێلان و لەبیرکردنی ترادیسیۆن، دەستکەوت نییە، بەڵکو لە دەستچوونێکی تەواوی مێژووی شوناس و ناسنامەیە. هەڵبەت ئەندێشەی گۆڕان و پێشکەوتن یەکێکە لە گوتارە دیارەکانی ئیلیتەی ڕۆشنبیری و سیاسیی کورد. لە کاتێکدا ئیلیتەی سیاسی سازش دەکات لەسەر ئەو گوتارە و هاوپەیمانێتیی خۆی دووپات دەکاتەوە لەگەڵ هێزە کۆنەپارێزو ترادیسیۆندا. وێڕای ئەمەش بێئەوەی ئیلیتەی ڕۆشنبیری هیچ پرۆسەیەکی ئاشکرا و دیاری هەبێت لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان پێ لەسەر گۆڕان و پێشکەوتن دادەگرێت و بەرگری لە گوتارێك دەکات کە تەنها لەسەر زار و لە خولیا و ئەندیشەی ئیلیتەکەدا دەژین و هیچ پشتگیر و زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی نییە.

ڕەوتی ڕۆشنبیری مل دەنێت، بەڵام بەرەو نادیار. ئێمە جووڵە دەبینین، هەوڵ و تەقەلای بیری ڕۆشنبیری جیددیش دەبینین، بەڵام نازانین بەرەو کوێ و بە چ ئاراستەیەکدا گۆڕان و نوێکردنەوە بە ئەنجام دەگات و کام چەمك و بەرنامە و ئایدیا و یۆتۆپیای گۆڕان لەپشتی ئەو گوتارەوەیە. هەر ئەمەش ئەو پرسیارەمان لا دروستدەکات کە مەسەلەی گۆڕان و پێشکەوتن و مۆدێرنە لای ئێمە بێ بناغەیە و لەسەر بۆشاییەکی هەست پێی نەکراو بنیات نراون. ئەگینا مانای چییە پاش چەندین دەیە ئەم گوتارە نەك نەیتوانیوە خۆی بکات بە واقیع بەڵکو لەرزۆکە و سەنگی ماریفی و ڕۆشنبیریی خۆشی تارادەیەکی زۆر ون کردووە لە ئاپۆرەی کۆمەڵدا؟

گەر هەوڵ و کۆششیش هەبن لەلایەن هەندێکەوە ئەوە هەر لەبازنەیەکی بچووکدان و لەسەر ئاستی تاکە نەك کۆمەڵانی خەڵك. هەر لەبەر ئەوە ناکرێ باس لە نشوستی پرۆژەیەکی بەناو مودێرن بکەین کە خۆی بوونی نەبووە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئاسۆی گۆڕان کزبووە لەبەردەم هەژمونگەریی سیاسەتدا. لە لایەکی ترەوە دەشێ ئەو راستییە ترسناك و تاڵەش بڵێین کە رووناکبیری کورد بۆ نزیکەی سەدەیەکە نەیتوانیوە خۆی و گوتار و چەمکەکانی نۆژەن بکاتەوە و بەخۆیدا بچێتەوە و خەریکی داڕشتنی بەرنامەیەك و پرۆژەیەکی رۆشنبیری داهاتوو بێت.

هاوکات ئیلیتەی سیاسیی کورد لە هەندێك بەشی کوردستاندا (بەتایبەت لە باشوور) زیاتر گوتارێکی سیاسی زاڵ بکات و بەرگێکی‌تر بەڕووداوەکان بدات، بەڵام ئەمیش هەمدیسان گۆڕان نییە بۆ خۆی، چونکە کاتێك دەسەڵاتی ئیلیتەی سیاسی هەندێك دروشمی تازە بەرز دەکاتەوە ئەوە ناگەیەنێت کە واقیعی سیاسی و رۆشنبیری گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەبەر ئەوەی ئەمان وەك هێزێکی سیاسی دەمێننەوە و ئەگەر گۆڕانکاری بکەن ئەوا لە ئاستێکی دیاریکراوە و بەمەرجێك دەستەبەری مانەوەیان بکات. هەروەها گۆڕانکارییەکەشی لەسەرەوە و بەرووکەشی روو دەدات و ریشەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی نییە و کۆمەڵانی خەڵك تێیدا بەشدار نین.

هەربۆیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی خەڵك دەنگۆی گۆڕانێك هەیە کە لەسەرەوە باس دەکرێن و هیچ جێی خۆی نەکردۆتەوە. هاوکات ئیلیتەی سیاسی هەمیشە لەگەڵ ئیلیتە ترادیسیۆن و کۆنە پارێزەکاندا پێوەندیی بەستووە تا وەکو گرنگی بدات بە گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری و ریشەیی، چونکە دواجار ئیلیتەی سیاسیش خۆی خاوەنی پرۆژەیەکی کولتووری و رۆشنبیری نییە. لەبەر ئەوەی خۆی لە لایەکەوە بەشێکە لەو پێکهاتە تردایسیۆنانە و لەلایەکی تر چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە گرنگتر دەزانێت.

دەگەڕێینەوە سەر تەوەرەی سەرەکیمان، ئایا گۆڕان دەستکەوتە یان دەستچوونە؟ گەر پێناسەیەکی سادەی ئیلیتەی رۆشنبیری مۆدێرن بکەین دەبینن لە ئایدیای ئامانجگەراییەوە (theological) رۆشنبیر خۆی لە بابەتگەلی رەوشی گۆڕان و پێشکەوتن ئەدات، واتە کەسێك کە ئالودەی چاکسازی و گۆڕان و نۆژەنکردنەوەیە، بەڵام هەر لەناو ئیلیتەی رۆشنبیریدا کەسانێك هەن کە بە دیدێکی پێچەوانە لە بانگەشەی گۆڕان و پیشکەوتن دەگەن. پێشکەوتن بە هەنگاوێك دادەنێن کە لەسەر کولتوور و مێژوو دەکەوێت، واتە گۆڕان لە دەستچوونێکی لەسەرەخۆی شارستانی و مێژوو و کولتوورە، دوورکەوتنەوەیە لە پێشینە. بەواتایەکی تر، لە



دەستدانی رەسەنایەتی کولتوورییە. وەك دەزانین گۆڕان خسڵەتێکی گشتی ئیلیتەی رۆشنبیری کوردییە، بەڵام هەرگیز ئەم گوتار و ئایدیایە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی نەبووە.

گەر سەرنجێکی خێرای دیرۆکی رووناکبیری بدەین کەسانی هەڵکەوتوو و ناودارمان بەرچاو دەکەوێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و کاریگەریشیان تا رادەیەکی زۆر لەسەر رووبەرێکی فراوانی جەماوەر نەبووە. هەر لە خانی و نالی و حاجی تا ئەمڕۆمان ئەم جۆرە مرۆڤانە لەناو ئاپۆرەیەکی بێ‌ئاگادا ژیاون، لە دەورووبەرێکدا ژیاون کە هەرگیز گۆڕان نەبووەتە خەمێکی پێویستی ژیانی زۆرینە. دیارە ئەمە جێی پێ زانین و ستایشە بۆ ئەو هەڵکەوتوانە کە درێژەیان بەکاری رۆشنبیری داوە گەرچی بەرهەمی رەنجیان خیرا نەهاتۆتە دی، بەڵام پاشماوەیەکیان بەجێ هێشتووە گەرچی هێندەش دەوڵەمەند نەبێت بۆ ئەمڕۆ.

بە بەراورد لەگەڵ ئەم ئەزموونە مێژووییەدا ئیلیتەی رۆشنبیریی ئەمڕۆ هەڵگری هیچ ئەگەر و وەڵامێکی دیاریکراو نییە بۆ دوارۆژی مرۆڤی کورد و هاوکات دابڕاوە لە رابردووی کۆمەڵگەی کورد. کەواتە ئیلیتەیەك نەتوانێت لە رابردووی خۆی بگات و گرنگی و قورسایی ئەمڕۆی خۆی نەزانێت ئەوا لە بۆشاییەکی ترسناکدایە. ئێتر چۆن بیرکردنەوەی مودێرن و نوێتری هەبێت بۆ سبەینی و نەوەی نوێ. لە کوێوە واتاکان و بەها و گرنگیی خۆی هەڵبگۆزێت (هەڵبهێنجیلێت) کە بێ ریشە و پێگەبێت. ئیدی گۆڕان و پێشخستن نەك تەنها بۆ کۆمەڵ و دۆخی سیاسی پێویستە، بەڵکو لەپێشدا بۆ ئیلیتەی رۆشنبیری و خودی رووناکبیر بەخۆدا چوونەوە و چاکسازی پێویستە.

لێرەوە ئەو پرسیارەی کە ئایا گۆڕان لەدەستچوونی کولتوورە یاخود دەستکەوتێکی نوێیە هەر لە خودی خۆیدا ناماقولە و هیچمان پێنالێت. دەشزانین ماوەیەکە لە رۆشنبیریی کوردیدا مقومقۆی ترادیسیۆن و هاوچەرخێتی و مۆدێرنە وەك دوو رەوتی دژی ناو ئیلیتەی رۆشنبیریی کورد خۆیان بەیان دەکەن، بەڵام هەردووکیان لاواز و هەژارن لەو چەمك و پرەنسیپانەی بەرزی دەکەنەوە. هیچ کامێکیان خاوەنی بەرنامەیەکی کۆنکرێت و پرۆژەیەکی سیستەماتیکی نین لەسەر ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، هێندەی رەوتێکن خۆیان خزاندۆتە دوگمای چەمکەکان و دروشمە بریقەدارەکانەوە و هاوکات بێ بیردۆزییەکی ماریفی بن. لەم دۆخەشدا گۆڕانی ریشەیی یاخود گەڕانەوە بۆ پێشینە خەیاڵێکی ترسناکە و هیچ ئاسۆیەکی نییە جگە لە شەڕەنگێزی بێ مەبەست و بێهودە.

چۆن هیوامان بە رۆشنبیرێکی مودێرنخواز بێت کە تابینە قاقای پڕبێت لە دواکەوتن و تێنەگەیشتن و نەزانین و بووە بە دارەدەستی دەسەڵاتی سیاسی؟ ئیلیتەیەك کە هیچ خوێندنەوەیەکی وردی نەبێت بۆ رابردووی چۆن ئەتوانێت خۆی لێ رزگار بکات؟ هاوکات چۆن بە ئیلیتەیەکی کۆنسەرڤاتیڤ و ترداسیۆن پەرست قایل بین کەهیچ وەڵامێکیان نییە بۆ ئەمڕۆ و دیدێکی روونیشیان نییە بۆ رابردوو؟

## تەوەری دووەم: بێ زەمینەیی و بێ ریشەیی ئیلیتەی کورد

لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژەمان دا بەوەی کە هەوڵ و کۆشش هەن بۆ گۆڕان، بەڵام هەموو دەڕژێتە بۆشاییەکی گەورەوە. هەر ئەوەش وایکرد زۆر رەنج و ماندوو بوونی چاك لە چرکە ساتی سەرهەڵدانیاندا لەبار بچن. هەروەك چۆن بیر و بۆچوون و چەمکەکانی رۆشنبیری ئێمە بێبناغە و لەسەر هیچ تیۆر و بیردۆزییەك بنیات نەنراون، ئاوەهاش ئیلیتەی رۆشنبیری بێ زەمینەیە. بەناو پرۆژەیەکی نوێخوازی دەردەکەوێت کەناوەڕۆکێکی ماریفی و رەهەندێکی فەلسەفیی نییە و لەسەر بۆشەلانێکی کۆمەلایەتیی ناهۆشیار دانراوە کە جگە لەدروشم هیچی تر ناگرێتەوە. ئەمەش ئەو نەزانین و نەناسییە کە ئیلیتەی رۆشنبیرییەی پەی پێ نەبردووە کەلە چ کۆمەڵگا و سەردەمێکدا دەژی. هەر بۆیە زۆر جاران باسوخواسی مودێرنە و تازەگەری تەنها مۆنۆلۆگێکی دەروونییە لە خولیای خودی رۆشنبیردا تا وەکو دیالۆگ و تیگەیشتنێك لەنێوان رۆشنبیر و کۆمەڵگادا هەبێت.

٣ففقبفب٢٣چلفۆ٥٧٦هەربۆیە دەکرێت دابڕان وەك پرۆژەیەکی رووناکبیری جێی خۆی نەکاتەوە جگە لە دوورەپەرێزی و تەریك کردنی رووناکبیر. پاشان دابڕانێك گەر لەسەر ئاستی قوڵ و هزرێکی هۆشمەندا نەبێت هیچ ئەنجامێکی باشی لێناکەوێتەوە. دابڕان کاتێك دەبێت کە رووناکبیر بتوانێت شۆڕ بێتەوە بۆ ناخی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی و لەو بازنە خەیاڵییەی رۆشنبیری گۆڕان دەربچێت. و لەو نەزانینەی کە لە کوێیەوە دەست پێ بکات و دەست بۆ چی بەرێت رزگاری بێت. ئەو کە نەتوانێت ئەڵقەکانی کۆمەڵ و سیاسەت لێك بداتەوە تا بتوانێت جۆرێك لە دیالۆگ و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دروست بکات، جگە لە پشتتێکردن و رەتکردنەوە لە لایەن کۆمەڵەوە هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. هەربۆیە دەبێت بپرسین کە لەکوێدا و لە کام پێگەیەدا رووناکبیر و سیاسەتمەدارەکان بە جەماوەر دەگات؟



بێگومان ئەو پێگەیە کایەی گشتییە (Public space). ئەو مەیدانە گشتییەی کە هەردەم جێی کێشمەکێشی نێوان ئیلیتەی سیاسی و رووناکبیرییە. دیارە زۆر جاران ئەو ململانێیانە بە قازانجی ئیلیتەی سیاسی و لەسەر حیسابی کایەی گشتی دەکەوێت، بەڵام پێویستە جۆرێك لە ململانێیەکی ئاشتی هەبێت ئەگینا رۆشنبیر باس لە چ کێشە و گرفتێك بکات. گەر رۆشنبیر لە کەنارگیری دوور نەکەوێتەوە و هەوڵ نەدات لەو کایە بەرفراوانەدا کار بکات ئەوا بە تەواوەتی ئەو کایەی گشتییە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و هێزەکانی ترەوە وەك ئابووری بازاڕ مۆنۆپۆل دەکرێت. کە واتە دابڕانی رۆشنبیری کورد لەو کایە گشتییە تەنها بەسوودی سیاسەت و زیانی خۆیەتی. و هیچ رۆڵێکی نامێنێت لە گۆڕانکاریدا و هەموو شتێك تەنها دەبێتە بڕیارێکی سیاسی و دۆڕاندنی ئەو بنکە کۆمەڵایەتییە، جەماوەرییە کە پاڵپشتێکی گرنگە بۆ رووناکبیر.

دۆڕاندنی ئەو پێگەیە ئەوەیە کە چیتر قسەی نەخوات و گوێی لێ نەگیرێت. زانین و رۆشنبیری بە تەنها بەس نییە بۆ رووناکبیر کە جێی خۆی بکاتەوە، بەڵکو کارکردن لەو کایەدا و نزیك بوونەوە لێی و دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی سیاسی تێدا هەنگاوێکە بۆ گۆڕان. وەك زۆرمان دەزانین ماریفە و زانین جۆرێکە لە دەسەڵات یاخود هێز، گەرچی بۆخۆی ئەم چەمکە فۆکۆیانە بۆ دەسەڵاتی ماریفی راستە، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گەر رووناکبیر و خاوەن ماریفە و زانست هیچ پێگەیەکی نەبێت ئەوا ناتوانێت بە تەنها بەو زانستە ئاکاری شتەکان بگۆڕێت.

رووناکبیری و ماریفە بەتەنها نابێتە دەسەڵاتێك، هێزێکی فشار گەر پەیوەندی و تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی لەپشتەوە نەبێت. لەبەر ئەوە رووناکبیر دەبێت لەو کایە گشتییە نزیك بێت تا وەکو گوێی لێبگیرێت و لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی سیاسی نەتوانێت کاریگەریی ئیلیتەی رۆشنبیری تەریك بکات و لەو پێگەیە هەڵیبکەنێت. باشترین هۆکار بۆ کارکردن لەو کایەدا میدیا و راگەیاندنی گشتییە کە رووناکبیر دەبێت تێیدا هەڵسوڕێت و پاشان هاریکاری پشتگیری کردنی رێکخراوە مەدەنییەکانە.

## تەوەری سێهەم: قەیران-یۆتۆپیا و رەخنە

دەتوانین ئەم سێ چەمکە بە سێ کۆچکەی گۆڕان دانێین. کە قەیران هەبوو دەبێت رەخنە لەدایك بێت و یۆتۆپیایەك هەبێت کە گوڕ بدات بە پرۆسەی گۆڕان و رەخنە گرتن. هێندەی

قەیرانەکانی کۆمەڵگای کوردی لەسەر ئاستە جیاجیاکان قووڵ و ئاڵۆز و نەگۆڕن، هێندەش رووناکبیری کورد بێ یۆتۆپیایە و رەخنەیەکی سیستماتیکی نییە. دیارە ئاسۆبینی و دیدێکی روون بۆ دوارۆژێکی‌تر پێویستییەکی ماریفی و رۆشنبیرییە، هەر وەك چۆن توێژینەوە و بەخۆدا چوونەوەش راستییەکی بەڵگەنەویستن. یۆتۆپیا ئەوە ناگەیەنێت ئێمە پشتوێنی لێ بکەینەوە و رازی بین بەوەی کە هەیە یاخود چاومان لە ئاستی تەنگەژەکان بپۆشین. چونکە ئەو کەسەی دیدێکی یۆتۆپیایی هەیە لە هەمان‌کاتدا کەسێکی رەخنەگرە و لە قووڵایی گەڕان و سۆراخکردنی ئەلتەرناتیڤ و تاوتوێ کردنی کێشەکانەوە درێژە بەکاری خۆی ئەدات، نەك تەنها خەونێك و هیوایەکی بێ بناغە و خۆ دڵخۆشکردنێك کە جگە لە خۆ هەڵخەڵەتاندن چیتر نییە.

دەکرێت کەسێك زۆر گلەیی و رەخنەی هەبێت و رازی نەبێت بەو واقیعە دژوارەی کۆمەڵگای کوردی، بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ ئاسۆیەك و تروسکایەکیشی تێدا بەدی نەکات و هیچمان پێ نەڵێت. رووناکبیر و رۆشنبیری کارا لە قووڵایی تەنگەژە و قەیرانەکانەوە دێن و باس لە گرفت و چارەسەر دەکەن و ئاسۆیەکیش بەدی دەکەن لە گۆڕاندا، هاوکات رەخنەی ژیربێژی و رەوایان هەیە کە بیری لێکراوەتەوە و لە واقیع نزیکە. کەواتە رەخنە و یۆتۆپیا هاوشانی قەیرانن [٣]. با بزانین یۆتۆپیا چییە و دەبێت گۆتاری یۆتۆپی رووناکبیری کورد چی بێت؟

دیارە بۆچوونی جیاواز هەن لەسەر چەمکی یۆتۆپیا. مێژووی یۆتۆپیا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی دێرین، بۆ نموونە فەیلەسووفێکی وەك پلاتۆ لە گەرمەی قەیرانەکانی سەردەمی خۆیدا دەستدەکات بەداڕشتنی بنەماکانی دەوڵەتێکی یۆتۆپیای بە رابەرێتیی شا فەیلەسووف. لە چەرخی رێنسانسدا چەند بەرهەمێکی ناوازەی وەك (یۆتۆپیای) توماس مۆر، (ئەستێرە گەشەی ئەقلانی) بەیکن و (دەوڵەتی خۆر)ی کاپێلا هاتوونە نووسین. دیارە ئەم شاکارانە زیاتر وەك دیدێکی رۆمانسی بوون تا وەکو یۆتۆپیایەکی تیۆری کە باسی خەون و ئاواتەکانی بەرەبەیانی مۆدێرنە دەکەن. هەڵبەت لە ئەدەبێ کوردیماندا تا ئێستا ئەوەی کە زانرابێت بەرهەمێکی لەمجۆرە نابینین، بەڵام هەندێك نووسراو بەشێویەك لە شێوەکان هەڵگری رەهەندێکی یۆتۆپیایە. هەربۆیە ناتوانین باس لە بەرهەمێکی کوردی بکەین کە یۆتۆپیانە دوارۆژی کوردی بەرجەستە کردبێت.

هابەرماس پێی وایە کە یەکێك لە ئاکامە ترسناکەکانی پۆست مۆدێرنە گەیشتنە بە دۆخێکی نایۆتۆپی و ونبوون و کاڵبوونەوەی خەونەکانی مرۆڤی مۆدێرن. پۆست مۆدێرنە قەیرانێکی رۆشنبیری و سیاسییە لە کۆمەڵگای خۆشگوزەراندا (Welfare state) کاتێك تێروتەسەلی و ئاستی گوزەران بەرز دەبێت و ئیتر یۆتۆپیاکانیش تلۆر دەبنەوە گەر ڕاست بێت مێژوویەك بۆ



یۆتۆپیا دیاری بکەین ئەوا دیارە کاتێ. یۆتۆپیای مرۆڤی مۆدێرن لەبەرایی چەرخی ١٦دا سەری هەڵداوە و بە قۆناغێکی نوێ لە کولتووری رۆژئاوادا دادەنرێت. مرۆڤ لە تەقەللای دۆزینەوەی نوێ و گۆڕانێکی بەردەوامدا بەرەو ژیانێکی باشترە، هەربۆیە مۆدێرنە دەمی هاتنی یۆتۆپیاکانە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و رۆشنبیری کە زۆرجار بە چیرۆکە مەزنەکانی رۆشنگەری ناو دەبرێت.

یۆتۆپیا لای هابەرماس پێویستییەکی رۆشنبیرییە کە لە رۆژگارێکی پۆست مودێرندا چاوگەکانی بەرەو وشکبوون و کزبوون دەچێت. ئیدی کاتێك لە کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەراندا مرۆڤ رازی دەبێت بەوەی کە هەیە و چیتر سۆراخی باشتر ناکات، سستی و پشتلێکردنەوە روو دەکاتە مرۆڤ [٤].

دیارە پێش هابەرماس کەسانی وەك "کارل مانهایم"، "ئیرنست بلوخ" و "ئەدۆرنۆ" و "مارکوزە" لەرێی یۆتۆپیایەکی ئەلتەرناتیڤەوە و ویستویاتە بە بنبەست گەیشتنی یۆتوپیای کۆمەڵایەتی و سیاسی بتۆژنەوە. مارکوزە ئاماژەیەکی گرنگ ئەدات بەو مرۆڤە بەرخۆرەی کە تەنها لە خەمی تێرکردنی پێداویستییە ماددییەکانی رۆژگارە و خاوەنی هیچ خەون و دیدێکی نوێ نییە. لەکتێبە ناسراوەکەیدا: (مرۆڤی تاك رەهەند) مارکوزە ئاخ بۆ ئەقڵێکی گۆڕانخواز و نوێخواز هەڵئەکێشێت. مرۆڤێك کە تەنها چاوی بەو شتانە تێرنابێت کە بەرواڵەت دەردەکەون و قایل نییە بەو سیستەمەی کە هەیە و دەستخەرۆ نییە بە بەڵێن و دەستکەوتەکانیشی. دیارە ئەو باس لە مرۆڤێك دەکات کە دەستەمۆ کراوە بەو چارەنووس و ژیانەی کە هەیە. هەر لێرەوە دەمکوتی دەنگی دژ و دیدی جیاواز دەکرێت، بەڵام گەرچی دژ و دیدی جیا کەمینەش بن کە خۆی لەنێوان چینی خوێندکار و کەمینەکانی‌تردایە، تەنها ئەمانە هەڵگری دوارۆژێکی نوێن و چارەسەری قەیرانی مرۆڤێکی لاوازن لێرە یۆتۆپیایەك بۆ گۆڕان دێتە ئاراوە.

لەیادمان نەچێت ئەم بەرهەمەی مارکوزە بە مانیفێستی چینی خوێندکاران و لاوان دەژمێردرێت. چینێك کە خۆی رادەپسکێنێت و دەیەوێت لەو چەقینە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە هەیە دەربچێت. کە واتە فەرمان و رۆڵی رووناکبیر و خوێندەوار هاتنە کۆڕی رەخنە و دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و چەوتییەکانی سیاسەتە. چونکە بێ رەخنە و بەدواچوون هەرگیز گۆڕان لەدایك نابێت. ئەو کۆمەڵگایەی رەخنە و پرسیاری نەبیت مردووە بەهەموو واتایەك! پاشان گەر لە کۆمەڵگادا دەنگی جیاواز و دژ نەبێت ململانێش روونادات. ئیدی هیچ ئاسۆیەکی چاکسازیش نامێنێ. هەڵبەت ئێمە مەبەستمان لە ململانێی دیموکراسییە کە لە رێی دیالۆگ و

هۆکاری ترەوە بە بەرنامەیەکی داڕێژراو و دیدێکی ڕەخنەیی هەڵدەسوڕێت، نەك تەنها سکاڵانامە و گازندە و گلەیی هەڵڕشتن.

لە دۆخی توند بوون و ئاڵۆز و قەیرانەکاندا یۆتۆپیا لەدایك دەبێت و دەبێتە سەرچاوەی ڕەخنە و کارکردن. ئەوەش ڕوونکردنەوەیەکی پێویستە بۆ چەمکی یۆتۆپیا. هەڵەیەکی کوشندەیە گەر پێمان وابێت یۆتۆپیا واتە خەیاڵ و فەنتازیای سەیر و سەمەرە و تراویلکەی ئەقلێکی دەسەڵاتخوازە. هەندێك لەنووسەرە پۆست مۆدێرنەکان پێیان وایە بیرۆکەی یۆتۆپیا مەترسیدارە و ئاکامی دروستکردنی سیستمێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆرە. هەر بۆیە چەرخی مۆدێرن بە چەرخی هەڵهاتنی یۆتۆپیا و ئاوابوونیشی دادەنێن. ئەو چەرخەی درۆکان ئاشکرا دەبن لەپشت ئەو یۆتۆپیاوە کە تەنها ویستی دەسەڵاتێکی هەمەگیر و وێرانکارییە.

دیارە پێناسەی زۆرمان لەبەر دەستدان بۆ یۆتۆپیا و جۆرەکانی و خسڵەتەکانی لە مۆدێرنە و دێریندا. پێش هەموو شتێك دەبێت ڕاستیەك بزانین، کە یۆتۆپیا زۆر جیاوازە لە ئەفسانە. هەر لە پلاتۆوە تا وەکو بلۆخ و مارکوزە و کێ و کێ یۆتۆپیا هۆشیار بوونەوە و بەخۆدا چوونەوەیەکی سیستماتیکییە. باس لە دەرچوون لەو ئەشکەوتە پلاتۆنییە، لە واقیعێکی درۆ کە خۆمان بە ئەندیشە و خەیاڵمان دروستمان کردووە وەك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر باسی دەکەین. کەچی ئەفسانە باس لەسەردەمێکی ڕەسەن یاخود ساتەوەختێکی یەکەم و سەرەتای دروستبوونە (بونەوەر) کە لە ڕابردوودا بووە و بەهۆی گەڕانەوەیەکی ئێستەکی واتایەك دەبەخشێت بە ئەمڕۆمان [٥]. بەڵام یۆتۆپیا دۆزینەوە و سۆراخکردنێکە بۆ ژیانێکیتر و بەگژا چوونەوە واقیعێکی قەیراناوی کە هەر درێژکردنەوەیە کشوندەی ڕابردووەوە.

دەتوانین لێرەدا سێ خسڵەتی یۆتۆپیا دەستنیشان بکەین:

١- دیدێکی گشتی (Holism) ئەقڵانی بۆ داهاتوو.

٢- بیرۆکەی ئەفراندن و دروستکردن و بنیاتنان (Makability)ی کۆمەڵ و مرۆڤ و هەروەها دابران لە پێشینە لەپێناو سەرەتایەکی نوێدا بەپێی زانست و ماریفە و ئەقڵانییەت.

٣- یۆتۆپیا کار لەسەر کۆمەڵ و پەیوەندییەکان دەکات نەك تەنها لە فەنتازیا و خولیای مرۆڤەکاندایە. ئەوەش وادەکات کە یۆتۆپیای مۆدێرن لە یۆتۆپیای پێش مودێرنە جیا بکەینەوە بەوەی کە یۆتۆپیای پێش مۆدێرنە هەردەم باس لە بەختەوەری وەك تەوەرەیەکی سەرەکی خۆی دەکات و هیچ بناغە و تیۆرێکی کۆمەڵایەتیی نییە [٦].



هەر بۆیە یۆتۆپیای مۆدێرن ڕیالیستە، واقیع بینە و جیا لە یۆتۆپیاکانی پێش خۆی وەك یۆتۆپیای ئایینی کە باس لە ڕەوشت و ئاکار دەکەن. گەر یۆتۆپیا ئیسلامگەرایی وەربگرێت، دەبینین یۆتۆپیای ئیسلامیزم لەو جۆرە یۆتۆپیا پێش مۆدێرنە و نزیکە کە کار بۆ دوارۆژێك، یاخود هیوایەکی میتافیزیکی دەکات. دەڵێ کۆمەڵگایەکی یۆتۆپوی ئەو کۆمەڵگایە نییە کە مرۆڤ خەون و خەیاڵی و هیواکانی ناواقیعی بێت، بەڵکو پرۆژەیەکی دروستکردن و بنیاتنان تێدا بەکارە. هەربۆیە هەڵەیەکی تیۆریشە گەروابزانین هەموو هیوا و ئاواتێك یۆتۆپیایە. چونکە ئەو سێ خسڵەتەی باسمان کردن هیچ واتایەکیان نامێنێت. مەسەلەیەکی گرنگتر ئەوەیە کە یۆتۆپیا دواجار خەون و ویستی دەسەڵاتە [٧].

شایەتحاڵی ئەم ڕاستییەش لای هەندێك ئەو دەسەڵاتە تۆتالیزم و فاشیەت و نازییەت و ستالینیزم و ماویزمەیە کە لە نێو سەدەی ڕابردوودا خۆیان سەلماند. دیارە ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە کە چەند ڕژێمی جیاواز تا ئەمڕۆش بەناوی یۆتۆپیای گەورەوە ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان ئەدەن وێرانکاری و پێشێلکردنی مرۆڤ دەبنەپیشەی سەرەکییان. ئیدی بۆ زۆرکەس ئاسانترە باس لە کۆتایی یۆتۆپیا بکەن بۆ ئەوەی چیتر ئەو ئەزموونانە دووبارە نەبنەوە و باس لە کۆتایی ئەو مێژووە بکەن وەك لەوەی یۆتۆپیا وەك هێزێکی گۆڕەر دابنێن. هەر ئەمەش وای کرد کە مارکوزە باس لە کۆتایی هاتنی یۆتۆپیا بکات، بەڵام مەبەستی کۆتایی ئەو ڕژێمە داخراوانە بوو کە بە یۆتۆپیایەکی گەورە دەستپێدەکەن و دواجار بە داپڵۆسینی مرۆڤ و کوششی مرۆڤ کۆتاییان پێدێت.

ڕاستە ئەو سیستمانە هەڵگری یۆتۆپیای مۆدێرن بوون، بەڵام خۆیان دژی ئەو یۆتۆپیا و پرەنسیپانە بوون. دیارە لەناو مۆدێرنیتەکانیشدا کەسێکی وەك "کارڵ پۆپەر" لە (کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی) بەشێوەیەکی توند دژ بە چەمکی یۆتۆپیایە کە بەلای ئەوەوە هاوواتای تۆتالیریزمە دەوەستێتەوە. ئەو پێی وایە تۆتالیریزم بەرئەنجامی یۆتۆپیایەکی نەخشە بۆ کێشراوە. دیارە پۆپەر وەك فەیلەسووفێکی پۆزەتیڤیزم کار لەسەر ڕەهەندە مێژووییەکانی یۆتۆپیا دەکات و بە هەموو شێوەیەك دیدێکی ئێستێتیکی و شاعیرانە بۆ سیاسەت ڕەتدەکاتەوە. ئەو پێی وایە سیاسەتکردن بە خولیای یوتۆپی و مۆرالیستەوە ترسناکە. دەبێت سیاسەت لە ڕەوشت و دیاردە و کایەکانی تر جیا بکرێتەوە (هەر وەك چۆن ماکس ڤێبەر باس لە جیا کردنەوەی بەها و واقیع دەکات). سیاسەت دەبێت واقیع بین بێت و فەنتازیا و فەناتیکی شۆڕشگێڕانە نەبێت. بە هیچ جۆرێك مەبەستگەرا و ئامانجگەرایی ئایدۆلۆجی نەبێت.

دیاره ئەم رەخنەش بەتایبەت ئاڕاستەی ئایدیۆلۆژیای چەپ کراوە. هەڵبەت لە یەکەم روانیندا وا دەردەکەوێت کە پۆپەر راستی پێکا بێت. چونکە ئەو دەڵێت سیاسەت کایە و بوارێکی سەربەخۆیە نابێت بکرێتە مەیدانی تاودانی ئەندێشە و فەنتازیای دەسەڵات. بەڵام پۆپەر شتێکی گرنگی لەیاد چووە، ئەویش جیاوازیی نێوان "یۆتۆپیای کۆمەڵایەتی" و "ئەفسانەی کۆمەڵایەتییە". راستە ئەفسانەی کۆمەڵایەتی مایەی نەهامەتی و دروستکردنی رۆژگارێکی تاریکە کە دژی ئەقڵانیەت و مرۆڤە و سنوورەکانی زانست و داهاتوویەکی باس دەبەزێنێت.

لەکاتێکدا دەبێت یۆتۆپیای کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئەقڵانی و زانستیی تەواو دامەزرابێت و پێناسەیەکی روون و بەرنامەیەکی ئاشکرای هەبێت و خۆی لەسەرو رەخنەوە نەبینێتەوە، چونکە بەرهەمی مرۆڤە ئیدی هیچ پایەکی پیرۆزی نییە، ئایدیایە کە رەمەکی و هەڵەشە نییە، لەبەر ئەوە مەرج نییە هەموو یۆتۆپیایەك بێ جیا کردنەوە رێخۆشکەرێك بێت بۆ رژێمێ تۆتالیریزم، بەڵکو نەبوونی یۆتۆپیایەکی کۆنکریتی و ساغ بۆداهاتوو بۆشاییەکی گەورە دەگەیەنێت، هەژارییەك کە بوار بۆ ئایدیالێکی تۆلتالیریزم خۆشدەکات کە بە ئەفسانەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بەناوی یۆتۆپیا و ژیانێکی باشترەوە ئەو بۆشایە داگیر بکات[٨].

گەر سەیری ئەو ئەزموونە مێژوویانە بکەین کە بە رژێمی داخراو و هەمەگیر تەواو بوون، دەبێت لە هەموویاندا جۆرە ئەفسانەیەکی ترسناك و دیدێکی نائەقڵانی و دوور لە رەخنە بوون چونکە هیچ بوارێکیان بۆ رەخنەسازی و دیدی پێچەوانە نەهێشتۆتەوەوە هەموو دەنگێکی جیا بە نەیار و دوژمن ژمێردراوە. هەر بۆیە رژێمێك بوون لە دەستی تاقمێك و چەند تاکەکەسێکدا بە ئارەزووی خەیاڵی خۆیان ویستوویاتە کۆمەڵ و مرۆڤ بە ئاقارێکیتردا بەرن و دەوڵەتیان کردووەتە زیندانێکی گەورە.

مەرجێك لە مەرجەکانی تازە بوونەوەی سیاسەت و کولتوور بوونی یۆتۆپیایەکی زانستی و ریشەیی واقیع بینییە. یۆتۆپیایەك کە بلۆخ بە "یۆتۆپیای کۆنکریتی" ناوی دەبات. واتە ئەو دیدەی کە روناکبیر و رۆشنبیر خۆی لەسەرو واقیعەوە دادەنێت نەك لە دەرەوەی واقیع دۆخێك کە هۆشیاری فەلسەفییە بۆئەوەی روناکبیر بتوانێت لە رەشماڵی فشاری ئەو واقیعە دژوار و ترسناکە جودا بکاتەوە. ئەو یۆتۆپیایە فەلسەفەی هیوا و لەدایك بوونی ئەلتەرناتیڤێکی واقیعییە، هەربۆیەشە بە یۆتۆپیا ناویدەبەین بەو مەبەستەی کە پرۆژەیەکی هۆشیارانەیە بۆ واقیعێك. لێرەوە بلۆخ لە چەمکی دازاین - مرۆڤ بە شێوەیەکیتر تێدەگات وەك ئەوەی لە فەلسەفەی بووندایە، واتە



یۆتۆپیا تەنها دۆخی بوونی مرۆڤ نییە، ئەو دۆخە ئۆنتۆلۆجیەی کە مرۆڤ تێیدایە، بەڵکو بیرکردنەوە و دەرچوونە لەو واقیعە سەپێنراوەی کە هەیە. ئیدی بلۆخ واژەی "دازاین" دەکات بە دا- زاین [٦].

دیارە ئەم بۆچوونە سیستماتیکە بۆ یۆتۆپیا بە تەنها ماڵ نییە لەسەر مارکسیزەمی نوێ. بەڵکو فەیلەسووفێکی ئەمریکی وەك جۆن رۆڵس لە بەرهەمە ناسراوەکەیە (یاسای نێو گەلان) دەخوازێت لە رێی یۆتۆپیایەکی ریالێستەوە یاسایەك بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان گەل و نەتەوەکان بکێشت کە لەسەر بنەمای رێز و مافی مرۆڤ و ئازادی بچەسپێت. چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یۆتۆپیا لای ئەو لە سنووری توانا و واقیع دەرناچێت، بۆیە کاتێك سنوورەکانی ئەقڵ دەبەزێنرێت ئێتر سیاسەت نییە، بەڵکو گەمەیەکی ترسناکە.

لێرەوە رۆدڵس دەیەوێت پردێك لەنێوان سیاسەت و کۆمەڵ و مرۆڤدا دروستی بکات و مرۆڤیش جارێکیتر لەگەڵ سیاسەتدا ئاشتبکاتەوە. سیاسەت دەبێت مرۆڤانە بێت و ئاشتی بەلاوە نەنێت. فەلسەفەی سیاسی دەبێت هەڵگری یۆتۆپیایەکی ریالێستی بێت، کە ماقوڵ و بەهاکانی مرۆڤی بپارێزێت [١٥]. کە واتە دەسەڵاتیش سنووری هەیە وەك چۆن مافەکانیش سنووردارن هەربۆیە پۆپەر باش بۆی چووەکە دەڵێت "هەموو حوکمێکی رەها سیستەمێکی گەندەڵە".

لە دونیای مۆدێرنیشدا شاکاری باش لەسەر دیوە تاریك و ترسناکەکانی یۆتۆپیای مۆدێرن نووسراون. جۆرج ئۆروێڵ و هوکسلی لە بەرهەمەکانیاندا وەك شایەتحاڵێك ئاوابوونی یۆتۆپیای دەسەڵات و تەکنۆلۆجیای مۆدێرن کە پێشکەوتن و گۆڕان لەسەر حیسابی مرۆڤ و ژیان و سروشتە نیشان ئەدەن. لەوێدا ئەوان زەنگی ترسناکی یۆتۆپیایەکی کوشندە لێی دەدەن کە دەسەڵاتێکی سەرتاپاگیر و ملهوڕو تاکڕەودا بەرجەستە دەبێت. ئەو یۆتۆپیایەی کە دەیەوێت خەونی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردن بکاتە واقیع بەناوی بەڵێنی ترسناکەوە. دیارە ئەم جۆرە یۆتۆپیایە باس لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی خەیاڵی بخاتە ژێر رکێفی کۆمەڵێك کەسانی گەندەڵەوە کە تەنها مەبەستیان لەپشتەوە فراوانخوازی و وێرانکردنە [١١].

دەکرێت خەونیی دەسەڵاتێکی رەها بە شێرپەنجەی سیاسەتێکی فراوانخواز و دیکتاتۆرییەت دابنرێت کە لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەمڕۆش سیاسەت بەم دەردەوە دەناڵێنێت. دیارە سیاسەتی کوردیش کەم تازۆر بەم پەتایەوە ئالودەیە کە لەخەونی دەسەڵاتێکی رەها و جاویدانیدا دەژی. سەرکردەیەکی سیاسی کە دەسەڵات وەك مافێکی تاکەکەسیی خۆی دەبینێ و خۆ لەسەرو باس و رەخنەوە دادەنێت. ئەم نەخۆشییەی دەسەڵاتی سیاسی بە جاویدانی خۆی و ملنەدان بۆ دەسەڵات گۆرکێ، هەنگاوێکی ترسناکە بەرەو ئەو شتەی گەلی کورد لەمێژوودا دژی خەبات

دەكات و نەوەیەكی نویٚ دوور دەخاتەوە لە مافی خۆی لە پیادەكردن و بەڕێوەبردنی ژیانێك بەپێی پێویستەكانی ڕۆژگار. زیادەڕۆییكردن لە بەكارهینانی دەسەڵاتدا ئەمانگەیەنێتە ئەو دەسەڵاتەی كە ئۆرویل (1903-1950) بە براگەورە (Big Brother) ناوی دەبات كە دواجار یۆتۆپیای كۆمەڵگەیەكی دادگەر لە گۆڕ دەنێت و بەو دەسەڵاتە هەمەگیرە بە بەكارهێنانی تەكنۆلۆجیا و ئامێری نویٚ و هەموو تانوپۆیەكانی ژیانی كۆمەڵ دەخاتە ژێر قەڵەمڕەوی تاكەكەسێكەوە لە سەرەوە كە خۆی بە خاوەنی ڕاستی و مافی كردنی هەموو شتێك و بڕیارێك لە ڕێی چاودێرێكردنێكی ورد و كۆنترۆڵكردنی هزر و هوشی مرۆڤەكان.

كۆمەڵگایەكی داخراوی وەها مرۆڤەكانی لە هەموو ئازادییەك دەشواتەوە و بیٚ بەریان دەكات لە مافەكانی و ریسوایان دەكات و هیوای ئایندەیەكی باشی تێدا دەكوژێت. مرۆڤێك لەو كۆمەڵگەیەدا دەستەمۆیە، چەپاوە و خنكێنراوە. لێرەوە دەسەڵاتی دەوڵەت تەنها ئامێرێكی دەمكوتكردنە، ئەسپێكی شێتی گەیشتنە بە خەونەكانی "براگەورە" كە خۆی لەسەرو هەموو بەها و یاسا و ڕەخنەیەكەوە دەبینێت. ئەم ڕژێمە بە تۆبز مرۆڤ بەرەو چارەنووسێكی نادیار و دۆزەخێكی واقیعی دەبات [١٢]. هاوكات ئەلكیس هوكسەلی لە (جیهانی خۆشی نوێتر)دا باس لە بەرئەنجامەكانی پێشكەوتنی تەكنۆلۆجی دەكات كە دەبێتە ئامێرێكی وێرانكەر و دژبە سروشت و مرۆڤ خۆی. دیارە تەكنۆلۆجیای پێشكەوتوو هەر دەم خەوێكە لە خەونەكانی مرۆڤی مۆدێڕن بۆ زاڵ بوون دەستگرتن بەسەر كۆسپە سروشتییەكاندا. هەروەها مرۆڤ توانیویەتی لەو ڕێگایەوە ژیانی تا ڕادەیەكی باش دەوڵەمەندتر بكات.

بەڵام بە دیوێكی‌تردا هەژار و زەبونی كردووە و واتا مرۆڤییەكانی لەناو بردووە بەوەی هەمیشە لەخەونی گۆڕان و پێشكەوتنێكە كە دژبەخودی مرۆڤە. [١٣]. ئەمەش ڕاستییەكمان بۆدەردەخا كە ئەویش پارادۆكسی یۆتۆپیای تەكنۆلۆجیە. واتە تا چەند پیشكەوتوو خێراتر و بەهێز بێت، هێندەش وێرانكەر و ئاشووبگەرە و مایەی دروستكردی جەنگ و ململانێیە. دیارە چ ئۆروێڵ یان هوكسلی لە چەرخی بیستدا بەچاوی خۆیان ئەزموونەكانی جەنگەگەردوونییەكانیان دیتووە و زانیویاتە یۆتۆپیایەكی تاك ڕەهەند لە بناغەوە دیوێكی ماڵوێرانكەر و تێكدەری هەیە كە دواجار بەناكامی و ناكامەرانی خودی مرۆڤ دەكەوێتەوە. هەروەها فەیلەسووفێكی وەك هایدەگەر لە زۆربەی كارەكانیدا باسی لەو نەهامەتییە شومە كردووە كە بەهۆی تەكنۆلۆجیاوە دوچاری مرۆڤایەتی بووە. پێشكەوتنێك كە كوێرە بە ئاكامی و ئەنجامەكانی خۆی. بۆیە دەڵێت چیتر ڕێگاچارەمان لەبەردەستدا نەماوە لە بەرامبەر ئەم هەڕەشە ترسناكە بەوتەی "مەگەر تەنها خوا ڕزگارمان بكات" گوزارشی لێدەكات [١٤].



كەواتە ئەم ئاڵۆگۆڕە سەرەتایەكی ترسناكە بۆ تلۆربوونەوەی یۆتۆپیای مۆدێرن و تێكشكانی خودی مرۆڤ و ئەو پرنسیپانەی كە لە سەرەتاوە سەرچاوە بووە. واتە گۆڕانێكە كە خودی مرۆڤ خۆی دەخوات و لە ناوی دەبات. ئەمە ئەو قەیرانە ئاڵۆزەیە كە هاوشانە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی مرۆڤدا كە پێویستی بە ڕەخنە و میتۆدی شیكردنەوە و چارەسەر هەیە. باوەڕبوون بە چاككردن و ئەلتەرناتیڤێكی تر ماتۆڕی هەڵسوڕان و كاركردنی ڕووناكبیرە. لێرەوە دەبێت ڕەخنەیەك هەبێت كە قەیرانەكان لەبەرچاو بگرێت نەك تەنها بانگەشە لە كۆتایی و تیاچوون بكات كە ئیتر یۆتۆپیا باوی نەماوە. چونكە گەر ئەو دیدە یۆتۆپیایی و ڕەخنەییە خۆی بووە قوربانی دەسەڵاتێكی بەربەری دژە مروڤ، ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە چیتر باوەڕمان بە ڕێگا چارەیەكی تر نەمێنێت.

چاككردن و ڕەخنە واتە ململانیٚ بۆ گۆڕان، ئیدی گەر ئەمەش نەما ئەوسا ڕەخنە و یۆتۆپیا هیچ واتایەكی نییە. دەبێت هەمیشە تروسكایەك لە كۆتایی تۆنێلەكەدا بەدی بكەین تا وەكو هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین و دەستەوسان نەوەستین بەرامبەر هەژموونگەریی دەسەڵات. هاوكات خۆیشمان بە خەیاڵ و فەنتازی بەهەشتێكی زەوییەوە نەخڵەتێنین، بەڵكو هەوڵبدەین شتێك بكەین كە لە سنوور و توانای مرۆڤدا بێت. هەر ئەمەشە گوڕوتین ئەدات بە سیستەمی ڕەخنەیی و ئەقڵی دیالیكتیكی. واتە دینامیكیەت لەبیر كردنەوە و ڕەخنەدا بەستراوە بەژیان و كۆمەڵ و ڕەخنە هەمیشە زیندووە و لە برەودایە.

ڕاستە وەك دەووترێت مۆدێڕنە هاتنەدیی یۆتۆپیاكانە، هەر وەك چۆن بۆدریار دەڵێت: (ئەمریكا واتە بەدیهاتنی خەونەكان و یۆتۆپیاكان بوو)[١٥]. بەڵام هەر ئەم بەدی هاتنە و گەیشتنە یۆتۆپیایەش كۆتایی بە یۆتۆپیا دەهێنێت. هەركات ڕەخنەی دیالیكتیكی تەریب لەگەڵ قەیران و ڕووداوەكان بوو ئەوا هەرگیز یۆتۆپیا كۆتایی پیٚ نایەت. چونكە تیۆری ڕەخنەی كۆمەڵایەتی لە پشت ئەو یۆتۆپیاوە كار دەكات، گەرچی زۆر جاریش ئەم تیۆرە لەسەر ئایدۆلۆجیای چەپ ژمێردراوە. لە كاتێكدا هەڵویستی ماركس و ئەنگلس ئاشكرایە بەرامبەر یۆتۆپیای سوشیالیزمی، بەتایبەت ئەوەی لەسەردەمی خۆیاندا بە یۆتۆپیای سۆشیالیزمی سان سیمۆن ناسراو بووە. دیارە ماركس و ئەنگلس پێیان وابوو كە ئەم جۆرە سۆشیالیزمە ناواقیعی و نازانستییە.

بەڵام ماركسیزمی نویٚ كە لەسەر دەستی كەسانیٚ وەك بلۆخ و ماركوزە و ڕەنگرێژ كراوە، پێیان وایە بیرۆكەی یۆتۆپی ڕەخنەیی مەرجێكی پێویستە بۆ گۆڕان. و ئەو هیوا و ئاسۆیەیەش بەرهەمی ئەقڵێكی هوشیار و فەلسەفەی هیوابەخشە وەك بلۆخ دەخوازێت. واتە هەڵگری نیهادێكی نویٚ كە تەسلیم بوونی مرۆڤ بە چارەنووسێكی سەپێنراو هەڵیوەشێنێتەوە[١٦]. چونكە

ناكرێت قەیران و تەنگەژەی ترسناك هەبێت و هیچ یۆتۆپیایەکی ڕەخنەیی و دیدێکی نوێ لە ئاسۆدا نەبێت. بۆیە رەخنە لای بلۆخ بوونێکی سەربەخۆ و بێ لایەنی نییە، بەڵکو لەگەڵ قەیراندا سەرهەڵئەدات[١٧]. رەخنەگری یۆتۆپیایی کەسێکە لە تووڕەبوون و خرۆشاندنەوە دوورە، کەسێکە خاوەنی ئەقڵێکی دامەزرێنەر و دۆزەرە، بیردۆزێکی هەیە بۆ گۆڕان دید و بۆچوونی خۆی هەیە. چونکە بە چاوێکی تر دەڕوانێت و بەشداری دەکات لەرەوشی گۆڕاندا، ئەمەش وەك ئەرك و فەرمانێکی خۆی جێ بەجێ دەکات.

لێرەوە دەکرێ بڵێین لای هەندێك رووناکبیر و بیرمەندی کورد پەنجە دەخرێتە سەر گرێکوێرەکان بەڵام زیاتر بەدیدی کەسێکی ئازاردراو و لە خولیایەکی تاکەکەسییەوە دەخوازێت شتێك بڵێیت. هەربۆیە هەوڵی ئەو زیاتر بە خەیاڵکردنی واقیعیکی دژوارە تا وەکو بە واقیع کردنی کۆمەڵێك یۆتۆپیا و ئامانجی تەواو. ئەمەش ئەو ئەشکەوتە یە کە دەبێت رووناکبیر دەستی خەڵکی سادە بگرێت و پەلکێشیان کات بۆ رووناکی، کەچی خودی رووناکبیر لەو ئەشکەوتەدا بێ چرایە و وون بووە! ئێمە پێویستمان بەنووسین و بیرکردنەوەی یۆتۆپی هەیە کە بەرهەمی ئەقڵێکی داهێنەر بێت. لەبەرئەوە ناتوانین لەو پرسیارە دەربچین کە داخۆ بۆ لەمیانەی ئەم هەموو قەیران و بنەبەستە لە رێگاچارەی گۆڕاندا لای ئیلیتەی رۆشنبیری هیچ دیدێکی رەخنەیی تێروتەسەڵ سەر هەڵنادات؟ تەنانەت یۆتۆپیای نیشتمانێکی ئازاد و سەربەخۆش لە ئیلیتەی سیاسی و رۆشنبیریدا کرانە خەونێکی بەتاڵ و پاشەکشەی لێکرا.

باشە ئەکرێ چیتر باس لە ئیلیتەی رۆشنبیری کورد بکەین بێ بوونی یۆتۆپیایەك؟

گەر هیچ ئامانج و بەرنامەیەك نەما بۆ رووناکبیری کورد ئیدی ئەو رەوایەتی بوونی خۆی لە دەستدەدات. مرۆڤێك کە ئیتر نغرۆ دەبێت لەبێ خەونی و دیدی گۆڕانکاریدا، یاخود رووناکبیرێك کەوێنەیەکی ئاوەژووی بۆ واقیع هەبێت و لە قوللەی خەیاڵی و فرینی نائەقلانییەتدا خەریکی کارێکی نا رۆشنبیری بێت. کولتوور و کۆمەڵگایەکی خاڵی لە یۆتۆپیا و رۆشنبیری بێ رەخنە بە هەموو واتایەك هەژارە، هەربۆیە ئەرکی فەلسەفە لەمڕووەوە چەسپاندنی هیوایەکە کە کاری لەسەر بکرێت و بەرچاو روونی بکات، نەك تەنها ئامۆژگاری پێغەمبەرانە بێت. واتە هەر چوونە دەرەوە نەبێت لە ئەشکەوتەکە بەڵکو دەستی هەبێت بۆ هەڵکردنی چرا و هەنگاونان بەرەو ئاسۆیەکی تر.



**سەرچاوەکان:**


1- P. Pekelharing :Kosmopolitisme college citaten van Internationale Rechtvaardigheid en , jaargang 2005

2- M. Boenik; Schipperen met Krisis: nm: 45، verbeelding ,1991

3- M. Plattel; Utopie en Kritische denken pp. 7-19

4- J. Habermas; Onoverzichtelijkheid Boom , pp. 28-54,

5- M. Plattel; Utopie en Kritische denken- pp. 7-19

6- H. Achterhuis; Utopie en de erfenis van p. 16 1999

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

8- M. Plattel p. 61 p. 49M. Plattel; Rode morgen in het denken van Ernst

9- Bloch

10 -J. Rawls; The law of People, p. 11. 2001

11- H. Achterhuis p. 23

12- J. Orwel; 1984 p. 19

13- A. Huxely; The new Brave World p.19

14- Interview met M. Heidegger vertaald op 2002

15- H. Achterhuis 1949.

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## ٣-٧- ڕۆشنبیر، ئەقڵ، دەسەڵات:

ئایا ڕۆشنبیر کێیە؟ ئەمە ئەو پرسیارە کە هەردەم لەباسکردنی ڕۆشنبیردا دەستەویەخەمان دەبێت. بەڕای من پرسیاری شیاوتر ئەمەیە: ئایا ڕۆشنبیریی سیفەتێکە کە هەموو یەکێك لە ئێمە هەیەتی، وەك گرامشی بۆی چووە یاخود تایبەتمەندێتی هەیە؟ پێم وایە ڕۆشنبیر هیچ کامیان نییە. واتە نە مرۆڤێکی ئاسایی گشتییە بەو واتایەی گرامشی و نە دەستەیەکیشە لە فەیلەسووفان. چونکە کاتێ گرامشی هەموو مرۆڤێك بە ڕۆشنبیر دادەنێت، مەبەستی لەوەیە کە ڕۆشنبیر وەك چینێکی خوێندەوار هەوڵی ساغکردنەوە و پێشکەشکردن یاخود سەپاندنی هەندێك ڕاوبۆچوونە بەسەر تاکەکاندا، وەك چۆن دەزگا و ئۆرگانەکانی دیکەی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی لە خوێندنگەوە تا کارگەکان کەلوپەل و کاڵایان هەیە بۆ هاووڵاتی، ئاوەهاش ڕۆشنبیر بەشدارە لە پرۆسەی خزمەتگوزاری دا. هاوکات ڕۆڵی ڕۆشنبیر چاوساغی و دیدێکی وشیارانەیە و مامەڵەشی بەو شێوەیە لە ناو کولتووردا.

دیدی دووەمیش تەواو پێناسەی ڕۆشنبیر ناگرێتەوە، چونکە فەلسەفە گەرچی ڕۆشنبیریی تێدابێت و بەرهەم بهێنێت، کایەکی سەربەخۆیە بەخۆی. دەشێت فەیلەسووف ڕۆشنبیر بێ، وەلێ مەرج نییە هەموو ڕۆشنبیرێك فەیلەسووف بێت. کەواتە پرسیاری ڕۆشنبیر کێیە، پرسیارێکی زۆر دووبارەیە، بەڵام دەلالەتیش لەوەدەکات کە ناونیشانی ڕۆشنبیر تائێستاش بەتەواوی ناسنامەیەکی بۆ دیاری نەکراوە. ئەمە ئیشکالییەتێکە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری نەك کۆمەڵایەتی بۆیە هەوڵدەدرێت تێگەی ڕۆشنبیر تیۆریزەبکرێ. بەڕای من ئەم جۆرە هەوڵانە هەم زیادە و هەم ناپێویستیشە.

لەبەرئەوە لەباتی بپرسین ڕۆشنبیر چ مانایەکی هەیە، دەبێت گرنگی و ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەسەر ئاستی سیاسی بزانین (دواتر لەسەر ئەم تەوەرە رادەوەستم) چونکە زۆربەی پێناسە و لێکدانەوەکان ڕۆڵی ڕۆشنبیر دەبەستێتەوە بە چالاکی سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتەوە. وەلێ ئەم لێکدانەوەش ترسناکە، چونکە دواجار تۆ دێیت کاروئەرکی ڕووناکبیر دیاری دەکەیت و بۆ چالاکییەك کورتدەکەیتەوە، و بەنەمانی کێشمەکێشی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتی ئەرك و ڕۆڵی ڕۆشنبیریش کۆتایی پێدێت و ڕۆشبیر هیچ مانایەکی نامانێت.

بۆیە دیاریکردنی ڕۆڵێك یا زیاتر بۆ ڕۆشنبیر جێگەی گرفتە، وەك چۆن نەبوونی ڕۆلێکیش یا زیاتر مایەپووچیە. لام وایە دیدەکەی ناوبراو گونجاوە کە ڕۆشنبیر کەسێکی پسپۆڕ و تایبەتمەند نییە، بەڵکو چالاکێکە لەوێوە دێتە مەیدان و بەشداریکردن لەکایەی گشتیدا.



ئاشکرایە کە هیچ کەس بە ڕۆشنبیر لەدایك نابێت، بەڵکو سەرباری ئەوەی ڕۆشنبیری پرۆسەیکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە کە دەبێت تاك هەوڵی بۆ بدات، ئەرکی دەزگاکانی ڕۆشبیری و پەروەردەشە کەزەمینە خۆشکەن بۆ دروستبوونی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی.

ئێدوارد سەعید یەکێکە لەوانەی ڕەخنەی توندی لە بەناو ڕۆشنبیری پیشەیی کەئەو ئەکادیمی و نووسەرانەیە (بەتایبەتتر ڕووی دەمی لەئەوروپی و ئەمریکاییەکانە) کە گوتارێك بەناوی زانست و چییەوە بەرهەمدەهێنن کە دواجار کوێر و ناتەواوە و چەکێکی تری دەسەڵاتە بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵات بەتایبەت لەبەرامبەر گەل و نەتەوە بەشخورا و ژێردەستەکاندا. لەبیرمان نەچێت سەعید لەکوێوە ئەم ڕەخنەیە دەهاوێژێت، چونکە ئەو خۆی کەسێکی ئەکادیمییە، بەڵام ئەکادمییەك نا کە لەناو چوارچێوەی دیوارەکانی زانکۆ و دەزگاکاندا مردبێت. ئیدی مەبەست لە ڕۆشنبیرێ کە هیچ دیدوڕا و هەلوێستی نییە و پرەنسیپ و ئیتیکی زانستی و لێکۆلینەوەی فرۆشتووە بەدەسەڵات. بەتایبەت ئەوانەی بەشداری و ڕێخۆشکەربوون لە کردەی کۆلۆنیالیزم و وەك ڕۆژهەڵاتناسەکان. هەر بۆیە سەعید ڕۆشنبیر بۆ دوو دەستە دابەشدەکات: ڕۆشنبیری کلێرك، واتە نەریتی و ڕۆشنبیریی ئۆرگانیکی. ڕۆشنبیری نەریتی بەگشتی مامۆستا و پیاوانی ئایینی و خوێندەواران دەگرێتەوە، بەڵام ئۆرگانیکی ئەوانەن کە چالاك و پەیوەندیدارن لەگەڵ چینێکی تایبەتی کۆمەڵ. دیارە سەعیدیش کەم تازۆر سوودی لەم دابەشکردنەی گرامشی بینیوە.

پێم وایە بیرۆکەی پێشەنگ و نوێنەرایەتی جەماوەری کە وەك ئەرکێکی سەرەکی خراوەتە ئەستۆی ڕۆشنبیر درۆیەکی زلە بەنێوی ڕۆشنبیرییەوە. ڕۆشنبیر ئەو توانا و پێگەیەی نەماوە یا نییە لەکۆمەلگەی ئێمەدا کە بتوانێت مۆبیلیزەی جەماوەر بکات و دیواری کۆشکی دەسەڵات بهێنێتە لەرزین. گەر شتێك هەبێت ناوی پەیوەندی ڕۆشنبیر و دەسەڵات بێت، ئەوا لەو ئیدیۆمە کوردییە دەچێت کە دەڵێت "ئاش بە خەیالێك و ئاشەوان لە خەیاڵکی تر"! تەنانەت ڕۆشنبیر دەفی دەنگ نایەت لەبەرئەوەی دەسەڵات هەر خەریکی خۆیەتی!

ئازادی بیرکردنەوەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە ڕۆشنبیر لە نارۆشنبیری پێ جودا دەکرێتەوە. وەلێ ئازادی بیرکردنەوە ئەوەنییە کە ڕۆشنبیر لەبەر خاتری جەماوەر بدوێت، بەڵکو لە پێناو ڕای گشتی دا شت بڵێت. لەمەشدا دەبێت ئازادانە بیربکاتەوە و خۆی نەبەستێتەوە بە پێوەری گشتی زۆرینەوە، بەڵام دەشبێت ڕەچاوی بارودۆخی نیشتمانی بێت و بزانێت دید و بۆچوونەکانی دەرژێنە کام ڕێژنەوە. پاشان گەرچی ئەو هاوڕاش نەبێت لەگەڵ ڕای گشتیدا،

دەبێت ڕاستی نەشارێتەوە، وەلێ لەبەرگێکی گونجاودا پیشکەشیان بکات. بۆیە بوێری و هاتنەدەنگ و ئاخاوتن بۆخۆیان پێویستن بۆ ڕۆشنبیر، بەڵام من بوێریی لەوەدا نابینمەوە کە تۆ چیت بەدەمداهات بەڕاست و چەپدا بیدرکێنیێ و باکت نەبێت چۆن ئەیڵێیت و چۆنهاییش دەکەوێتەوە. پێم وایە وتنی ڕاستی خۆترشکردن و قسەی ناقۆڵا هەڵڕشتن نییە. شێوازی وتنی ڕاستییەکان لە چۆنیتی وتنیان جیاناکرێتەوە، چونکە هەردووکیان هاودیویی یەکن.

لەبیرمان نەچێت ڕۆشنبیری کورد بەو تاوانبارە کە ترسنۆکە یا گوێ لەمستی دەسەڵاتە. بۆیە زۆرێك لە ڕۆشنبیرمان هەن لە باوەشی حیزبەکاندان. ئەمەش یەکێکە لە نادانی حیزبی سیاسی کوردی لەبەرئەوەی هەوڵی ڕاپێچکردن و داگرتنەوە ڕۆشبیران دەدات لە نێو ریزەکانیدا. حیزبی ئێمە واتێگەیشتووە گەر ڕۆشنبیر و نووسەر و بیرمەند نەیەنە ناو ریز و ئۆرگانی حیزبەوە ناتوانێت سوود لە توانا و بەشدارییەکانیان بکات. پاشان تایتڵی ڕۆشنبیری دەماکێکی سەرنجڕاکێشەر بوو لە پێشبڕکێی نێو حیزبەکاندا کە کام حیزب زۆرترین و دیارترین ڕۆشنبیری هەیە لە گیرفانەکانیدا!

لە ڕابردوودا حیزبی شیوعی لەکوردستان زۆرترین خویندەواری لەدەوربوو، بەڵام دواجار ئاکامی هەموو ڕۆشبیرێکی جیددی و خاوەن بیروڕا و دونیابیین دەرەوەی حیزبە. مرۆڤی سەربەخۆ لە بیرکردنەوە و تێگەیشتندا تائەم دەمەش لەکوردستاندا جێگەی نابێتەوە لە چێوەی حیزبدا. حیزب پاوانرێژە بە کەسانی دەسەڵاتـخواز و گەمەچی لە پێناو پلەوپایەدا. ئیدی ڕۆشنبیریش دەکەوێتە ئەو گەمەوە، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا نەك هەر نایباتەوە، بەڵکو دەبێتە گەمەچییەکی خراپ و دۆڕانی پلەی خۆی وەك ڕۆشنبیرێکی جیددی.

دیارە هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی ببێتە ئەندام و دەست و پێوەندی حیزبێك، نەك لەبەر پلەوپایە بەڵکو هاوکێشەی سیاسی وادەکات کەسێك بچێتە پاڵ حیزبێك یا بۆ نموونە دەنگی بۆ بدات. زۆرترین فاکتەریش کە ڕۆشبیر بخاتە داوی حیزبەکانەوە، بەرژەوندی و گوزەرانە. بۆیە ڕۆشبیرانیش دەخوازن قەپێك لەو سامان و پلە ئیدارییانە بدەن کە هەیە. دەشێت هەندێك ڕۆشبیر پێی باشتر بێت لەناو حیزبدا کاربکات وەك لەدەرەوە بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا. بەڵام، پێم وایە حیزبی کوردی نەگەیشتۆتە ئاستی درککردن بەوەی خزمەت و سوودی ڕۆشبیر ئەرکێکە دواجار بۆ خزمەتکردنی نیشتمانە، ئیتر با لەدەرەوەی حیزبیش بێت.

بۆیە کاتێ ڕۆشنبیر سەربەخۆیی خۆیی لەدەستدا، دەکەوێتە ژێر ئەو ڕستەیەی سارتەر کە بەناوی ڕۆشنبیری ساختە ناوی دێنێت. لێرەدا ڕۆشنبیری ساختە کەسێکی پاکانەچی و ناڕاست



دەگرێتەوە لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا. چونکە وابەستەی بەرژەوندی و لایەنگیری ئایدۆلۆجیا و سیاسەتێکە کە وای لێدەکات سەرڕاست نەبێت. بەم واتایە ساختەیە کە پێچەوانەی ڕۆشنبیری واقیعییە، وەك دەووترێت ئەو کەسەی "ڕاستییە رووتەکان" بێ پەردەپۆشکردن و شاردنەوە دەردەخات. پێم وایە ئێمە ڕۆشبیری سەربەخۆمان هەیە، وەلێ ئەفسوس ژمارەیان هێندە زۆر نییە!

چونکە کەسێك نەتوانی پراکتیزەی کاری ڕۆشنبیری لە دووتوێی ڕەخنەدا بکات، دەشێت بۆچوون و هەڵوێستی خۆشی دۆڕاندبێت. گەرچی لێرەدا ڕەخنەگرتن وەك مەرج و ئەرکێکی ڕۆشنبیریی دەستنیشان کراوە. بۆیە دەبێت بپرسین کام ڕەخنە و و لەچیش ئەم ڕەخنە دەگیرێت. من پێم وایە دەبێت ڕۆشبیر هۆشیاری و دیدێکی ڕەخنەیی هەبێت بۆ ژیان، بەڵام مەرجیش نییە ئەو هەردەم هەر ڕەخنەبگرێت، بەڵکو دەشێت خوێندنەوە و ڕایەکی جیاواز پێشکەشبکات. لێرەوە ئەرکی ئەو ناسك و هەستیارە چونکە لە کایەی گشتی و کۆمەڵدا دەیەوێت کار لە ڕاوبۆچوونی هاوولاتییان بکات. بۆیە ئەو نابێت هەمیشە لە ژێر ناوی ڕەخنەدا دید و دونیابینییەکی ڕەشبین و تەماوی بەرهەم بهێنێت. دەشێت هەرئەوەندە بەس بێت کە ئەو ڕاستییەکان وەك خۆی بڵێت و دەستنیشانیان بکات.

سەبارەت بەوەی تاچەند ڕەخنە لای ڕۆشنبیری کورد ڕەنگی داوەتەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی داخۆ ئەم ڕۆشنبیرە گوتارێکی ڕەخنەیی بەرهەمهێناوە؟ ئاشکرایە شتێکی لەم جۆرە نییە، بەڵام بەشدارییەکی بەرچاو هەیە، بەتایبەت لەگەڵ هاتنی میدیای نوێدا وەك ئینتەرنێت و ماڵپەڕەکان و پەیوەندییە سنوور بەزێنەکانەوە کە زۆر دەووترێت و دەنووسرێت تێدا و ماڵیشتە لەسەر ڕەخنەی جیددی. تاچەند ڕۆشنبیر توانیویەتی بەهاتنی میدیای نوێ زێتر دەرکەوتی هەبێت و قسە لەسەر دەسەڵات یا کیشە سیاسی و گرفتەکانی مرۆڤی کوردبکات؟ دیارە گەر سەیری میدیای ئەلکترۆنی بکەین، ئەو بەشدارییە بەرچاوە دەبینین. کە ئەمەش بۆخۆی وەرچەرخانێکە لەمێژووی ڕۆشنبیریی کوردیدا کەتوانی بێگەرانەوە و ترسان لەدەسەڵات پراکتیزەی چالاکی ڕۆشنبیریی بکات. بەڵام لیشاوێکیش لە ڕەشکردنەوە و هەڵڕشتنی کینە و دەغەزاریش بەناوی ڕەخنەوە کرا بەقوڕگی جەماوەری کورددا لەناوخۆ و دەورەی کوردستانیشدا.

یەکێکی تر لەو دیدە ئەفسوناوییە کە بۆ ڕۆشنبیری کورد کراوە، گۆڕینی ئاستی بیر و ژیانی مرۆڤی کوردە. تاڕادەیەك ڕۆشنبیر توانیوەتی گۆڕانکاری لەسەرخانی بیرکردنەوە و

راکاندا بکات. هەندێك جاریش ئەمە کاردانەوەیەکی کاتی و کورتی هەبووە. بەڵام ئاخۆ ڕێڕەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی گۆڕیبێت، ئەوە شتێکە بوونی نییە. کۆمەڵگای ئێمە ئەشکەوتێکە هیچ فاکتەرێك نییە بە جارێك ڕۆشنی بکاتەوە. ڕۆشبیریش هێندە تێشوی پێ نییە تاو ئەوکارە بکات و جێدەستی دیاربێت. ئەوە کارێکە کە فەیلەسووف و بیرمەند و مرۆڤی خاوەن هزری دەوێت کە پێشینەیەکیان هەبێت و زەمینەسازی بکەن تا ڕۆشنبیران کاری لەسەربکەن. ئەگینا یەکدوو گۆڤار و ڕۆژنامە هیچ پرۆژەیەکی ڕۆشبیریی ئەوتۆ نین، جگەلە خۆخەریککردنێکی بەسوود.

یەکێکی تر لەو وێنە باوەی بۆ ڕۆشنبیر دانراوە، بەرهەڵستکاری و بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتە. بەڵام کام دەسەڵات و هێز؟ دیارە لەمڕووەوە چەمکی دەسەڵات لە فەیلەسووفێکی وەك فوکۆوە خوازراوە. لێرەدا دەمەوێت کەمێك لەئەو هەڵە زەقەی کە خۆێنەر سەبارەت بە چەمکی دەسەڵات لای فوکۆ تێیکەوتووە ڕاست بکەمەوە. دیارە ئەو چەمکە لەڕێی وتارەکانی گۆڤاری "ڕەهەندەوە" کەوتە سەر زاری خوێنەر. گەر هەڵە نەبم ئەو ناتەواوییەش هەر لەو گۆڤارەوە داکەوتۆتە نێو ڕۆشنبیری کوردییەوە. چەمکی دەسەڵات یا هێز بە هیچ کلۆجێ واتای دەوڵەت و حوکمڕانی نایەت وەك ئێمە ئەزموونمان کردووە. تێگەیشتنی باوی ئێمە بۆ زاراوەی دەسەڵات شتێکە و هی فوکۆش شتێکی دیکەیە. لە ژێر تێگەی دەسەڵات و هێزدا ئێمە یەك مۆدێلی دەسەڵاتمان ناسیوە: دەسەڵاتی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر.

لە کاتێکدا فوکۆ باس لەدەسەڵات وەك دەزگایەك ناکات، بەڵکو هێز و دەسەڵات ئەو پەیوەندیی میکانیزمەیە کە لەنێوان تاك و دەزگاکاندایە کە کاریگەریی هەیە لەسەر ئاراستەکردنی ژیانیان. دەسەڵات لەوێدا پەیوەندییەکی نەبینراوە. دیارە خودی فوکۆش وەك زۆرێك ڕەخنەی لێدەگرن بە ڕوونی واتای دەسەڵاتی ئامادە نەکردووە. بۆیە ئەم بەهەڵە تێگەیشتنە یەکێکە لەو ئیشکالییاتانەی کە ناوەندی نووسینی ئێمە تێیکەوتووە لەڕێی وەرگێڕانی ناتەواو یا وەرگرتنی بێسەروبەرەوە. چونکە یەکێك لە پڕ یشکالترین و ناڕوونترین زاراوە لە نووسینەکانی فوکۆدا ئەو چەمکە ئیلاستیکییە کە بە مانای جیا بەکاردێت، بێئەوەی بپرسین مەبەستی فوکۆ چی بووە وەرمانگرتووە، چونکە وامانزانیوە دەزانین مەبەستی ئەو چییە!

بۆیە دەبێت بپرسین چ تایپێ لەدەسەڵات و هێز؟ گەر ئەو تایپە نادیموکراسییە بێت، ئەوا ڕۆشنبیر لەم سەردەمەدا ناتوانێت وەك جەنگاوەرێ بجەنگێت. چونکە ڕووبەری ڕەخنەش لەوێدا



تەسکە. ئیدی چۆن ئەوە لەڕۆشنبیرێ چاوەڕکەین کە هیچ دەزگایەکی دەوڵەت و دەسەڵاتی یاسایی کە لەژێر ڕکێفی حیزبدایە بەرگری لێ بکات؟ بۆیە سەربەخۆیی ڕۆشنبیریش پەیوەستە بەو هەلومەرجە سیاسییەی کەلە ئارادایە. گەر لە کۆمەڵگای دیموکراسییەوە سەیری ئەمە بکەین کە تاچەند مافی هاووڵاتیی-بوون دەپارێزرێت لە میانەی ڕەخنە و ڕادەربڕیندا، ئەوا ڕۆشبیر زێتر دەتوانێ هەڵبسووڕێت. واتە کۆمەڵگایەك کە هاووڵاتی و ڕۆشبیر دەستەمۆ و ملکەچ نەکات لەڕێی نان و پلەوپایەوە. ئەوساکە ڕۆشبیر دەتوانێت بێلایەن بێت. بەڵام ئەمە کۆمەڵگای حیزبی ئێمە ناگرێتەوە. حیزب باوك و نانەدر و دەستینشانکەری تۆیە. ئیدی ڕۆشبیریش کەم تازۆر پابەندە بەگەمە و گوشاری ژیانەوە.

بێگومان تائێستاش ڕەخنەگەلێك تێکەڵ بە وتەی ناشیاو ئاراستەی دەسەڵاتی کوردی دەکرێ لە ژێر ناوی نووسینی ڕەخنەییدا، بەڵام میکانیزمی مامەڵکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەم دەرکەوتەدا وریاترە. بۆیە دەسەڵات دەبیستێت و گوێی هەڵدەخات، بەڵام گوێ ناگرێت بۆ ڕەخنەکان. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵات ڕۆشنبیر و قەڵەم بەدەستی زۆری بەکڕین ڕامکردووە. ئەو دەزانێت ڕۆشنبیری کورد بەگشتی ماك و توانای بەرگریی و بێندرێژ نییە لە خۆڕێکخستن و کاری دوورمەودادا. ڕۆشنبیری کورد بەگشتی لە هەڵوێستگەرایی کاتی و پەرچەکرداریدا گینگڵی خواردووە.

بەپێچەوانەشەوە پێم وانییە بۆ ئەوەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر بزانین لە دونایی ڕوناکبیریدا، دەبێت هەمیشە لەپەرچەکردار و دژایەتی دەسەڵاتدا ئەو ڕۆڵە بدۆزینەوە. بەرەیەك نییە ناوی بەرەی ڕۆشنبیری دژەدەسەڵات بێت. وەکی تریش هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و خاوەن پرەنسیپ دیدی ڕەخنەیی هەیە و دەبێت هەیبێت بۆ دەسەڵاتی سیاسی یا بارودۆخی گشتی. ئیدی کەوتنە مقۆمقۆ لەگەڵ دەسەڵاتدا نابێ ببێتە تاکە ئامانجێکی ڕۆشنبیریی. هۆشیاری ڕەخنەیی و بەرزکردنەوە و پێشکەشکردنی پێشنیار و ڕاوبۆچوونی نوێ کاری ڕۆشنبیرە لەمڕۆدا. هاوکات من بەدگومانم لەوەی کە ڕۆڵێکی تایبەت بە ڕۆشنبیر بسپێرم جگەلە خودی چالاکی ڕۆشنبیریی.

لێرەوە کێشەیەك دەبینم لە کولتووری کوردیدا سەبارەت بەدیارکردنی پلەوپایەی ڕۆشنبیر. لەبەرئەوەی کۆمەلگەی ئێمە دریژکراوەیەکی ئایینی و هەروەها دیدێکی سیاسی و خەباتگەرایی هەیە، بەهەمان شێوە لە ڕۆشنبیر دەروانێت تا ئەوپەڕی هەڵکێشانی یا داکێشانی. لای ئێمە ڕۆشنبیر و نووسەر بەدیوێکی کەدا جۆریکە لە پێغەمبەرایەتی و

هەڵگرتنی پەیامێك یاخود دەبێت رۆڵی سەرکردە و رێنماییمکەر ببینێت. ئەوەتانێ لەو چەند ساڵانەی رابردوو کۆمەڵێك ناو کران بە ئایکۆنی کولتووریی دواجار کران بە بتێکی رۆشنبیری بەسەرمانەوە. هاوکات هەر رۆشنبیرێك بەدڵی جەماوەر یا دەسەڵات نەبوایە دەبووە جێی تف و نەفرەت و لە هەموو شتێك دەشۆردرایەوە.

لەلایەکی دیکەوە من دیاردەی رۆشنبیری بێفەڕ و سیاسەتمداری ناسیاسیم  بە دیاردەی بە"بتوون" دادەنێم. مەبەست لە رۆشبیرێکە کە توانای خۆگۆڕین پێشخستن و نوێکاریی نییە. کەسێکە ماڵە لەسەر کایەکە و بێئەوەی کاری جیددیی بۆبکات. مشەخۆرە بە ناوبانگ و فرەبوێژی. ئیدی ئەمە هیچی دیکە نییە جگەلە تەلەکبازێك و بەس کە بەناوی شتێکی جیاوازەوە ئەدوێت.

دیارە کۆمەڵگای ئێمە وەك کۆمەڵگایەکی نەریتی هەردەم وێڵی دروستکردنی پاڵەوان و مەزنکردنی رۆشنبیر یا سیاسی و پێشمەرگەیە. ئیدی تا ئەو رادەی رۆشنبیر و هونەرکار و نووسەریش لە کەسێتی و مافی تاکێتی دەسەنرێتەوە و دەبێت ئاگای لەناوبانگ و پایەی کۆمەڵایەتی خۆی بێت، چونکە ئەو بۆ جەماوەرە، ئەگینا وەك چۆن وەك بتێك قوتکرایەوە، ئاوەهاش تێکدەشکێنرێت!

بەڕای من ئەمە دەگەڕێتەوە بۆیەکەم دەرکەوتی رۆشنبیر وەك خوێندەوارێکی نوێی نائاییبنی لە کۆمەڵی کوردەواریدا. بۆ نموونە واژەی مسقۆف سەرەتای جۆرە رۆشنبیرێکە کە نەباوەڕدارە و نەهەواداری ئایینیشە. ئەمە لەدایکبوونی یەکەمی رۆشنبیری کوردە. ئیدی یەکەم دەرکەوتی رۆشنبیری کورد (بەدروشم) ناباویی و نائایینی و پیشکەوتنخوازە. سەرەڕای ئەوەی تێگەی خوێندەوار و رۆشنبیر تێکەڵاوە و خاوەن بروانامە و رۆشبیریش شێوێندراون. باشە ئایا تۆ رۆشنبیران وەك دەستەبژێرێك یا وەك چینێکی تایبەت لە کۆمەڵدا سەیردەکەیت، لە کاتێکدا هیچیانمان بەو شێوە نییە!

زۆر جار دەستکردن بەکاری رۆشنبیریی راستەوخۆ چوونە ناو دونیای سیاسەت بووە. وەك دەزانین هەردەم ململانێ و کێبەرکێیەك لەنێوان قەڵەم و شمشێری دەسەڵاتدا هەبووە و هەر دەمێنێ. دوو چینی جیاواز لە بۆچوون و کارکردن کە رۆڵی جیایان لەخۆ گرتووە. ئەمەش مانای ئەوەنییە رۆشنبیر فڕی بەسەر سیاسەت و دەسەڵاتەوە نەبێت، بەڵکو بەجۆر و دیدێکی تر بەدەم سیاسەت و پەیوەندی دەسەڵات و هاووڵاتییەوە دەچێت، نەك وەك نەیارێکی سەرسەختی دەسەڵات خۆی نمایش بکات.



با ئێمە شتێکی دیکە کە پەیوەندی رۆشبیرە وەك هەر چینێکی تر کە بەرکەوتی لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە، یەکلایی بکەینەوە. بێگومانم کە "رۆشبیر" زۆر پێناسەیەکی سیاسی بۆکراوە، بەڵام لەکایەکدا کە دەرەوەی دەسەڵاتە. رۆشبیر چ وەك دەستەبژێر چ وەك چینێك مانای ئۆپزسیۆن ناگەینێت. گەرچی دەشکرێت بەرەیەکی ئۆپزسیۆن لە رۆشنبیرگەلێ پێك بێت. بۆیە پێناسەی کاری رۆشبیر دژایەتیکردنی دەسەڵات نییە لە هەموو حاڵەتێکدا.

دژایەتی و بەرهەڵستیکردنی دەسەڵات مۆرك و رەگێکی چەپی هەیە. بۆیە زۆرجار واتای رۆشنبیر وەك چەپگەرایی و مسقۆفێتی لەرابردوودا سەیرکراوە و تا ئێستاش لەفەرهەنگی ئێمەدا ئەم لێکدانەوە زاڵە. لەگەل ئەوەی ئۆپزسیۆنیش هەموو کاتێك دژایەتی سەرسەختی دەسەڵات نییە، چونکە ئێمە قسەمان لەسەر ئۆپزسیۆنی ناو سیستمێکی دیموکراسیی فرەحیزبییە. بێگومان لەسیستمێکی دیکتاتۆری تاکڕەودا جێگەی ئۆپزسیۆن نییە، بۆیە رۆشنبیر وەك ئەندامە سیاسییەکان خەباتگێڕ و جەنگاوەرە  بۆ سەلماندن و پێ قایمکردنی خۆی لە ناوکۆمەڵدا.

دیارە لەدیدی مارکسیزمدا بایەخ بەرۆڵ و ئەرکی رۆشنبیر لەو رووەوە دراوە و کە ئەرکێکی ئایدۆلۆجی لەخەباتی چینایەتیدا هەیە لەبۆ بەئاکام گەیاندنی شۆڕشی کرێکاران. رۆشنبیر وەك چینێکی خوێندەوار ئینتلیجێنسیا (کە وشەکە رووسییە) واتە رۆشنگەران، ئەوانەی خوێندەوارن و دواجار بە شێوەیەکی ئەقڵانی دەرگیر و دەربەستی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەبنەوە. بەڕای سۆسیۆلۆج کارڵ مانهایم ئەم توێژە "بەهۆی خوێندن و ئاسۆی فراوانی رۆشنبیری و دیدی کراوەیی مۆراڵی و دەروونی و رۆحییەوە دەتوانێت سەردەمێك سەرلەبەر شەنوکەو بکات و بۆچوونە چەقبەستو و نەگۆڕەکانیش تەتەڵە پێ بکات" (H. Willmse: Woordenboek Filosofie، p. 219). ئیدی بۆچی رەخنە وەك دژایەتی و دوژمنکاری دەسەڵات دابنێین و بیکەینە ملی رۆشنبیرەوە؟ من پێم وایە دەسەڵاتی کوردی ئەوە دەقۆزێتەوە بۆخۆی گەر کاتێك رۆشنبیر وەك نەیار و دوژمن هەڵسوکەوت بکات، دەیکاتە پارویەکی سووك بۆ خواردن!

## ٤-٧- سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری بت:

ڕاستییەکمان نەدرکاندووە گەر بڵێین بتەکان وەك خۆیان هەن و هەر بێ خەمن لە بوونی خۆیان. ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە داخۆ کە شتێك هێندە بیفەڕە چۆن هێندە پیرۆز و مەزنە؟ لە دونیای سیاسی و ڕۆشنبیری ئێمەدا کۆمەڵێك ناوی دیارهەن و خاوەنی ئەزموون و جێ دەستیان دیارە لەو کایانەدا. ئەو کەسە هەڵکەوتوانەی خاوەنی توانا و بەهۆی لێهاتوویی خۆیانەوە توانیویانە خۆیان بسەپێنن، لەلایەکی دیکەوە بارودۆخی جڤاتی کورد زەمینەیەکی ڕەخساو بوو کە ئەوان بتوانن دەرکەون و ببنە پێشەنگ و ئایکۆنێك تا ئەو ڕادەیەی لە زۆربەی باس و خواسەکاندا ئاماژەیان پێ بدرێت و بە بەردەوامی دەربکەون.

لێرەوە خەڵکانێك هەن کە گوێیان لێدەگرن و بۆچوونەکانیان بە هەند وەردەگرن، هاوکات خەڵکانێکیش هەن بەپێچەوانە دژیان دەوەستنەوە و بیروبۆچوونەکانیان نەخوازراوە. ئەمەش بۆخۆی شتێکی ئاساییە کە کەسێکی ناسراو بە ڕاستوچەپدا کۆمەڵێك هەوادار و لایەنگر یاخود نەیاریان هەبێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە تەنها کۆمەڵە ناوێك، کە هەندێك کەسێتی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی بن و وەك ئەوەی ئەو کایە فراوانەی دونیای ئەمڕۆی ئێمە خاڵی بن لە کەسانی دیکە!

ئیدی ئەو کۆمەڵە ناوانە بەتایبەت لە ڕێی میدیاکانە و بەبێ جیاوازی، میدیای حیزبی بێت، چ بێ لایەن وەك دروستکەر و بەرهەمهێنەری گوتاری سیاسی و ڕۆشنبیری گەلێك بن! جێگەی کۆمەڵێکی دەستەبژێر هەن کە بەناوی کۆی مرۆڤی کورد و ئاوات و خواست و کێشەکانییەوە دەدرێن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا بۆچی ئەم مرۆڤە کوردە بۆخۆی نائامادەیە و نایەنە دەنگ؟

دەشێت "ڕۆحی کوردی" تائێستاش باوەڕی بە ئەفسانە و پاڵەوان و سەرکردەیەکی بێ هاوتابێت کە بتوانێ لەسەر ئاستی ڕووناکبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ماریفی شاسواری مەیدان بێت. لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو کەسە بەناوبانگ و سەرکردەییانە (لەهەموو بوارەکان) جێی خۆیان قایم کردووە و بەئاسانی جێیان پێ لەق ناکرێت، چونکە ئامادە نین و ئەو خولیایەشیان نییە ئەو نێوەند و کایەیەی تێدا چالاکن بۆ نەوەیەکی دی چۆڵ بکەن دەشێت هێندەی مرۆڤێکی ئاسایی کورد، ئەم چینە دەستەبژێرە باوەڕی بە "نەمری" بێت. نەمرییەك لەسەر ئاستی سیمبولی و هەروەها لەواقیعیشدا هەر نەمر و نەگۆڕ بن، ئیدی ئەم چینە دەستەبژێرە لەوە دەرچوون بەهرەمەند و شارەزا و تەنانەت لەوەش دەرچوون کە ئایکۆن و پایەکی ڕووناکبیری یاخود سیاسی و کۆمەڵایەتی بن، بەڵکو بوونەتە بتی کایەکان و بوارەکانیان



کردۆتە پەرستگایەك بۆ پەرستنی ڕۆحی نەمر و ئێگۆی نارسیستیان. دەیانەوێت خەڵکیی دەستنوێژ لە ئارەقەکەی ماندووبوونی ڕەنجیاندا بشۆن!

ئەوان لەوە دەرچوون خەڵکی ڕێزیان بگرێت، بەڵکو دەبێت سەریان بۆ دانەوێنرێت و تیف تیفەی ئێگۆی بەرزەفڕیان بدرێت. لێرەوە کە دەڵێم ئەمانە بوونەتە بتێك، مەبەستم لەوەیە گۆڕین و خۆگۆڕینیان ئەستەمە، یاخود مەحاڵە ئەمان بواربدەن کەسانی دیکەش بێنە نێو نێوەندەکەوە! هەربۆیە دەڵێم بت چونکە چەقیون لە ئەزموون و تواناکانی خۆیاندا ناتوانن خۆیان تازە بکەنەوە ئەو بیرکردنەوەیەی لەسەری ڕاهاتوون تێپەڕێنن. هاوکات توانای دروستکردنی پردی دیالۆگیشیان نییە لەگەڵ نەوەیەکی نوێ کە لەدوای خۆیان دێن.

دیارە ئەمانە ئەزموونی خۆیان وەك دەستکەوتی نەتەوەیی و وەکو بەردێکی سەرسەخت چەقاندووە لە جەستەی مرۆڤی کورد و هۆشیارییدا. لێرەوە ئەمان خەڵکی بە قەرزاربار دەزانن و دەیانەوێت ڕوخساری خۆیان هەروەکو هەبووە لە دەیەکانی ڕابردوودا، ئاوەها نیشان بدەن. ئەمانە دەیانەوێت، دەیانەوێت... لێرەوە مەحاڵە ئەمانە گۆڕەپان چۆڵ بکەن یاخود بەویستی خۆیان لابچن.

ئەوەی دەمێنێتەوە لابردنیانە، شکاندنی سیمای بتەکانە. ئەو بتە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی کە ناتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە و بواربدات نەوەیەکی نوێ جێی بگرێتەوە. کەواتە شکاندن و هەپرووتهەپرووتکردنیان ئەگەرێکە، ئەگەر باشتریان نەبێت لەمڕۆدا. چونکە ئەم چینە هێندەی بتێك ڕەق و خەمسارد و گوێنەگرە لە خواستی ئەوانی دیکە. هێندەی بەردێك ڕێگرە و دڵڕەقە لە بۆ شکاندنی جوانییەکانی ژیان. ئیدی دەشێت تێکشانی (مەبەستم تێکشاندنی سیمبولییە) تەنها چارەیەك بێت، گەرچی ناکرێت تەنها ڕێگاچارەیەك بێت!

دیارە بتێك کە جێگەی گرتووە و بەئاسانی لاناچێ دەکەوێتە بەر ئەو وەسفە ڕەقەی کە باوکی ستروکتورالیسم ڕۆلان بارت دەربارەی ڕۆشنبیر وتوویەتی. لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە پەرتووکی " پاییزی ١٩٨٤ بڵاوکراوەتەوە. لەدرێژەی پرسیارێکدا دەربارەی ئەو باوەڕە باوەی کە ڕۆشنبیر خوێی زەوییە. ئەو دەڵێت:"سەبارەت بەمن، پێم وایە ڕۆشنبیران پاشەڕۆی کۆمەڵن. واتە بۆ هیچ شتێك ناشێن و بێسوودن، مەگەر بەکاربهێنرێن و ڕامبکرێن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پاشەڕۆ و پاشماوە بۆ هیچ دەست نادات. واتە بێکەڵك و بێفەڕن، بەڵام ترسناکیشن." چونکە ئەوان لە کایەی گوتار و زماندا وەك چاودێر و بوێژی ڕاستییەکانن، بۆیە ترسناکن و پاشەڕۆن لە ڕووداو دروستکردندا. (المتاهات: نصوص و حوارات في الفلسفة و الآدب، ت. حسونة المصباحي و ماجعة د. قدامة الملاح. ٨٠ ص، ١٩٩٠ بغداد). لە سارتەرەوە بۆ فوکۆ" لە

# تەوەری هەشتەم

# هزر و بیری کۆمەڵایەتی

## ١-٨- دەرفەتی مێژوویی هەڵکەوتن یا وەدەستخستن؟

هەڵکەوتی مێژوویی «یا خود جوگرافی» لە گوتاری سیاسی و رۆشنبیریی کوردیدا هەمیشە پاساوێکی ئامادەکراو بووە بۆ بە ئەنجام نەگەیشتنی گۆڕانی سەرانسەریی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. دیارە ئەم پاساوە دەیەوێت رەوشی کێشەی کورد بگێڕێتەوە بۆ ئەم هەڵکەوتە. بە واتایەکی تر: ناتوانرێت هەنگاوێکیتر بەرەو گۆڕان بنرێت، لە کاتێکدا دەرفەتێکی رەخساو نەبێت بۆ ئەم گۆڕانە. پاشان ئەو ساتەوەختەش کە گۆڕان تێیدا لەدایک دەبێت، دەبێتە دەرفەتێکی مێژوویی، لێرەوە پرسیار ئەوەیە کەی و چۆن دەرفەتی مێژوویی هەڵدەکەوێت؟

دیارە سەر لەبەری ئەو گوتارەی باس لە دەرفەتی مێژوویی دەکات، لێوانلێوە لە پاشخانی تیۆری مێژووگەرێتی (Historicism). زۆرێکی رۆشنبیر و سیاسەتمەداری ئێمە هەمیشە لە پشت ئەم چەمکەوە کاردەکەن کە لە ژێر کاریگەریی مێژووگەرێتیی مارکسیزمدایە، کە پێی وایە بۆ هەموو گۆڕانێکی مێژوویی دەبێت هەڵکەوتێك هەبێت، ئەگینا گۆڕان ئەستەمە. واتە هەلومەرجێکی بابەتی - مێژوویی لەبار، تاقە هۆی گۆڕانە. هاوکات ئەم هەلومەرجە بەندە بە رەوتێکی مێژووییەوە کە درێژ بوونەوەی سەردەمانی پێش خۆیەتی.

لە لایەکیترەوە گوێمان لەدەنگێکیترە کە کێشەی کورد راستەوخۆ دەگێڕێتەوە بۆ نەبوونی دەرفەت و هەڵکەوتی مێژوویی و دەڵێت کورد یەك دووجار دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێت بۆ ئەوەی پرسی خۆی بە تەواوەتی چارەسەر بکات، بەڵام سوودی لەو دەرفەتانە وەرنەگرتووە، ئەوەتا لە راپەڕینەوە تا چەند ساڵی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی عێراق، ئەو دەرفەتەی بۆڕەخسا، بەڵام سوودی خۆی لێ نەبینراوە. چەندین گوزارشی تر لەم بابەتە کە هەموویان لەنێوان ئەم چەمکەدا «هەلی مێژوویی و دەرفەتدا» دەخولێنەوە. هاوکات لە گەرمەی شەڕ و پێکدادانەکاندا ئەم پاساوەش کراوە بۆ شکستی



خەباتی چەکداری، کە نەگونجانی بارودۆخەکە هۆکار و بەرپرسیارە لەتێکشکان. بەڵام ئاخۆ ئەم دەرفەتەی کە باسی لێوە دەکرێت شتێکی دەرەکییە، واتە لەدەرەوەی ویست و دەسەڵاتی ئێمەوە دێت و لەوێوە بڕیاری لەسەر دراوە و بەسەرماندا دەسەپێنرێت؟ ئەگەر وایە ئیتر سوودی هەوڵ و کۆشش و خەبات دەبێ چی بێت؟

لە لایەکی ترەوە ئەگەر وایە، ئەوا ئێمە خۆمان هۆکار و فاکتەرێکی رۆڵگێڕ نین لە رووداو و رێڕەوی مێژووماندا، بەڵکو ئێمە هەمیشە لە پاش رووداو و واقیعەکانەوە دەڕۆین و کار و گوتاری خۆمان دادەڕێژین. لەم دیدەدا لەجیاتی ئەوەی پلان و نەخشە و دابڕێژین و ئاراستەی رووداو و کایەکان بەلای خۆماندا رابکێشین، شوێنی رووداوەکان دەکەوین و پاساویان بۆ دەدۆزینەوە. لە باتی شیکردنەوە و توێژینەوەیان، پینەوپەڕۆیان دەکەین. چونکە دەرفەتی مێژوویی لە زەمینەی گونجاو و سازکراو جیا ناکرێتەوە. هەرگیز زەمینەی خۆشکراو بۆ دەرفەت و هەڵکەوت، ئەو دۆخە نییە کە ئێمە خۆمانی تێدا دەبینینەوە. ئەمە خۆخڵافاندنە گەر وابزانین چاوەڕوانکردنی ئەو زەمینە و، هەڵکەوتە بە خێری خۆی دەگات بە ئێمە و پاشان ئێمەش دەگەیەنێت بە ئامانج!

لێرەوە دەمەوێت کەوانەیەکیتر لە باسەکەمدا بکەمەوە، ئەویش پەیوەندیی داهێنان، ئەفراندن و هەلومەرجی مێژووییە. راستە پەیوەستی نێوان هەلومەرجی مێژوویی و جوگرافیایی بە گشتی کاریان لەسەر کردەی داهێنان هەیە، بەڵام بە کام ئاراستە و چۆن؟

کاتێك هۆکاری دواکەوتوویی تەنها دەبەسترێتەوە بە هەلومەرجی مێژوویی - جوگرافییەوە، ئیدی ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوە و پرسیار نین بە ئەندازەی پاساو بیانوو هێنانەوە بۆ دواکەوتوویی خۆمان. چونکە لێرەدا ئێمە گیانی بەرپرسیاری و رۆڵی خۆمان دەکوژین، خۆمان دەکەینە قوربانی و لێقەومانێکی مێژوویی. دەبینە مرۆڤێکی قەدەری کە دەیەوێت تەسلیمبێت بە شتێکی میتافیزیکی کە خۆشی توانای ناسین و پرسیار لێکردنی نییە. پاشان پەیوەندیداری هەڵکەوت و هەلومەرج (جوگرافی/ مێژوویی) باس لە لایەنێکی گشتی کێشەیەك، یان پرسێك دەکات.

بەڵام گەر وردبینەوە لەم بەهانەیەی کە هەموو هۆکارێك دەگێڕێتەوە بۆ هەلومەرج و دەرفەت، زیاتر ئامادەباشی بەهانە دۆزینەوەیە تا وەکو بەدواچوونێکی سەنگین دەبین. هەروا ئاسان نییە ئێمە بەدینەهاتنی مافە نەتەوەیی، رۆشنبیری و کولتوورییەکان کورت بکەینەوە بۆ هەلومەرج و هەڵکەوتەکان. وەك وتم لێرەدا ئێمە رۆڵی مرۆڤی کورد لەبیر دەکەین، لە

لایەکی ترەوە لەباتی ئەوەی ئێمە خودی ئەم مرۆڤە لە کردەکانی بەرپرسیار بکەین و بزانین تا چەند توانیویەتی و ویستوویەتی زاڵ بێت بەسەر ئاستەنگ و کۆسپە جوگرافی و مێژووییەکاندا کە خۆی بەشێکە لێیان و لە لایەکیشەوە دروستکەریەتی. لێرەوە بە هەندنەگرتنی خود و ئەم مرۆڤە لەلایەن خۆیەوە جێگەی پرسیارە لە پێشکەوتن و گۆڕانی هۆشیاری.

ئیدی ئەمە دەمانگەیەنێتە دەرئەنجامێك (کە دەکرێت پەلەکردن بێت تا رادەیەك) کە خودی مرۆڤی کورد لە ناسەردەمدا دەژیت، چونکە ئەو سەردەمەی تێیدایە سەردەمێکە کە خۆی هیچ چەمك و تێگەیشتنی نییە بۆی. واتە ئێمە لە دواکەوتوویەکدا دەژین کەدواکەوتنە لە سەردەمی خۆمان، کە بەدەستی خۆمان بەرقەرار دەکرێت و دەسەڵاتی خود ئامادەیە تێدا. ئێمە لە نا سەردەمدا دەژین گەر خۆمان بەراورد بکەین بە سەردەمی ئەمرۆی رەوشی جیهانی مرۆڤ و شوێنەکانی تر. ئەم نا سەردەمییەی ئێمە دواکەوتن، پاشکەوتن و پەراوێز بوون دەگەیەنێت لەسەر هەموو ئاستێك. دەکرێت بپرسین ئەو هەلومەرجانە چین کە خەباتی چەکداری دروستدەکات و دواجار خەباتی چەکداریش شکست پێدەهێنێت؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری تر دەستەویەخەمان دەبێتەوە گەر باس لە رەوشی کورد بکەین، کەمێژوویەك لە شکستی، خوێن و وێرانی دەگرێتە خۆی.

هەر بۆیە ناکرێت ئێمە هەموو هۆکارەکان بۆ هەلومەرج، هەڵکەوتی مێژوویی و شتیتریش بگێڕینەوە ئیدی پرسیارێك کە هەمیشە نائامادەیە و لە هەمان کاتدا زۆری لەسەر دەووترێت «رۆڵی کورد»ە، واتە رۆڵی کەسی پرسیارکەر لە دروستکردن و سازکردنی هەڵکەوت و دەرفەتەکانیدایە؟

دەکرێت لە وڵاتانی هەژار و دواکەوتوودا باشترین کاری هونەری، وێژەیی و میوزیك هەبن، چونکە مەرج نییە خۆشگوزەرانی و تێروتەسەلی، داهێنان و ئەفراندنیش لەتەك خۆیدا بهێنێت. دەکرێت تۆ هەموو کەرەسە و پێداویستی و ئامێرێك لەبەردەم کەسێکدا دابنێیت، بەڵام ئەمە نایکاتە هونەرمەند و داهێنەر کە گۆڕان بەرهەم بهێنێت. گەر لاوازیی هۆشیاری و رۆشنبیریی تاکی کورد ببەستینەوە بەئازادییەوە، بەدەست نەگەیشتن بە بەرهەمی باش، ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو کەسێك بێ جیاوازی داهێنەر بێت. بەڵام ئەی گەرمەسۆیی و ئالوودەیی خوێندن و پشکنین و گەڕان چی؟



وەك چۆن ئێمە ناتوانین بڵێین کورد مۆسیقاژەنێکی جیهانی نییە لەبەر ئەوەی ئامێری باشی مۆسیقای نییە، وەهاش ناتوانین بڵێین هۆکاری دواکەوتوویی دەرئەنجامی هەڵکەوتی مێژووییە. یاخود نەبوونی داهێنانی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەرچاوەی باش، لە کاتێکدا چەند ساڵێکە ئینتەرنێت هەیە و خەڵك وەك جاران چاو داخراو نییە. هاوکات وەك ئێمەش ناتوانین هەمیشە زۆریی نەخۆشی و پەتا بگێڕینەوە بۆ نەبوونی دەرمانی باش لە بازاڕدا لە کاتێکدا گەر پزیشکی باشمان نەبێت. بگرە هەزاران نموونەیتر کە پەیوەندی هەڵکەوتن و دەرفەت و هەلومەرجەکان لەگەڵ دواکەوتووییدا پەیوەندیی هۆ و ئەنجام نییە.

راستە گۆڕان دەرفەتێکە بۆ دەرچوون لە هەژموونگەری و هەمەگیریی سیاسی لەسەر ئاستە جیاجیاکانی ژیان، بەڵام هەڵبژاردنە، واتە بیرلێکراوەیە. شایانی باسە وتوێژ لەمەڕ گۆڕان (کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری چیوچی) بەرەورووی کۆمەڵێك پرسیارمان دەکاتەوە گەرچی شیاون بەڵام وەك دۆگمایەکیان لێهاتووە کە ئاسۆی ئاڵۆگۆڕکردن و بەخۆداچوونەوە لەبەردەممان دادەخات. ئەو پرسیارەش لەیەك رەهەندی ئاشکراوە سەر دەردەهێنێت کە ئەویش کێشەی «پێشینە- رەسەنە» (یا خود رەسەنایەتی). واتە گۆڕان لە بەرامبەر رەسەندا خۆی دەبینێتەوە و، یەکێکیان لەمپەر و ئاستەنگە لەبەردەم ئەویتردا. دیارە ئەو پرسیارە باوەی کە یەخەی گۆڕان دەگرێتەوە تەنها تیۆرێکە کە پێشینان، رەسەنایەتیی کولتووری دەکاتە بانگەشەیەکی رووتی ئایدیۆلۆژی و دواجار دەبێتە رێگر لەبەردەم ویستی گۆڕاندا. چونکە ئەم گۆڕانە زۆر بەشێوەیەکی سادە وێنا دەکات، گوایا وازهێنان و بەجێ هێڵانی میراتی کولتووری و رەسەنایەتییە. لەوەش زیاتر گۆڕان هەڵگەڕانەوەیە و خۆونکردنە!

هەڵبەت چەمکی گۆڕان لەم میانەدا زۆر بە ساکاری بەکار دەهێنرێت. ئاشکرایە لە ئایدیۆلۆژیای گۆڕاندا وەك باو بووە، دوو چەمکی جیاواز لە ئارادا بوون، یەکەم چەمکی رێڤیژنیزم (Revisionism) ی مارکسیزمی و چەمکی ریفۆرمی (ئەمەیان زیاتر لە دونیای لیبراڵدا هەیە و تۆنێکی ئایینیشی هەیە). رێڤیژنیزم شۆڕشگێڕانەیە کە گۆڕانی خێرا و کتوپڕ دەهێنێتە کایەوە. بەڵام ریفۆرم گۆڕانێکی لەسەر خۆیە، نەك وەرگێڕانەوەی سەرجەمی سترکتور و بونیادی سیاسیی دەسەڵات و کۆمەڵایەتی. دیارە ئەم شێوازە گۆڕانکارییە زیاتر چاکسازییە و ریشەیی نییە، بەڵکو کارکردنە لەسەر هەندێك تەوەرە و راهێڵی سیاسی و ئابووری، دەکرێت ئەم کاری چاکسازییە وەڵامی ئەو ریتۆریکە بداتەوە کە

گۆڕان/ نوێخوازی دژایەتی کردنی پێشینەیە. لێرەوە هیچ کاتێك بەهانەی پێشینە و ڕەسەنێتی پێداویستیی چاکسازی ویستی گۆڕان ناتوانێت لە دۆگمایەکی زیاتر لێبکات.

گۆڕان پێویستیی بە ویست و ئاوەزێك هەیە کە گۆڕان دەکاتە ڕەوشێکی زیندوو و بۆ پاراستنی ناسنامە و کولتوور و بەها مرۆییەکان. ئەمەش بۆ خۆی پەیوەستە بە ئاستی هوشیارییەوە. ئاشکراشە ویستی گۆڕان جیایە لە هەندێ گۆڕان و جیاوازییەکی زۆر لەم بارەوە لەنێو کورداندا هەیە. گەر بۆ نموونە کوردی هەندەران وەربگرین دەبینین گۆڕان و خۆ گونجاندن و بە خۆدا چوونەوە لەسەر ئاستێکی گشتی (هەڵبەت نەوەی نوێ نا) سستە. بەڵکو سەرباری گۆڕین و گۆڕانکاری، خۆ داخستن لای کۆمەڵێك تاقە ستراتیژیەتە بۆ هێشتنەوە و پارێزگاری کردنی پێشینە. دەبێت بپرسین بۆچی ئێمە گۆڕان و نوێخوازی وەك دژە چەمك لە بەرامبەر ناسنامەی ڕەسەنێتیدا بەکار دەهێنین؟ یا خود بۆ نەتوانین چەمکی گۆڕان بکەینە بەشێك لە هۆشیاری و ڕۆشنبیریی کوردی و چەسپاندنی ناسنامەکەی و ڕزگارکردنی لە دۆگما و بۆچوونی شەختە و کۆنە پارێز، کە دواجار بۆ خۆی مەترسییە و هەڵگری مەرگی ئەو ناسنامەیە دەبێت گۆڕانی بەسەر دابێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کێشەیەکی تر کە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، ئەویش مەسەلەی ئایینە. چونکە لە تەوەری ئایین دا: ئایا ئایین کێشەیە، یان دەبێت بە کێشە بکرێت؟ باسی مەسەلەی گۆڕان و ئایین کراوە.



## ٢–٨– کێشەی دواکەوتن و دواکەوتوویی:

لە سادەترین گوزارشتدا دواکەوتن یەك شت دەگەیەنێت: دواکەوتن لە ڕەوتی شارستانییەت، واتە لە پێشکەوتن. دیارە وەك هەمیشە باوە لە کۆمەڵگایەکدا کە شارستانییەت و پێشکەوتن هێشتا لەبەرەبەیاندایە، هۆکارەکانی دواکەوتن دەگێردرێتەوە بۆ نەبوونی زانست و بەتایبەت دەستنەکەوتنی زانیارییەکان. بە واتایەکی تر نەزانین و دواکەوتن هاوواتایە. بەڵام ئایا تەنها وەدەستخستن و ئامادە بوونی زانست ڕێگا چارەیەکە بۆ دەرچوون لە گرفتی دواکەوتوویی؟ ئەگەر نا ئایا ئەو هۆکارەی تر چییە کە لەگەڵ زانست، پێشکەوتن و شارستانییەت مسۆگەر دەکات؟

دەزانین نەبوونی زانیاری و زانستی تیۆریی هۆکارێکی سەرەکین، بەڵام تاقە هۆکار نین. چونکە پرسیارێك کە دەستەویەخەمان دەبێت لێرەدا ئەوەیە کام ئەقڵ و ئاوەز توانای هەرسکردن و بەکارهێنانی زانست و زانیاری و تیۆرییەکانی هەیە؟ لێرەوە پرسی گۆڕان و چارەسەرکردنی دواکەوتن دەبێتە پرسیارێکی تر : ئایا تا چەند توانستی بەکارهێنان و سوود وەرگرتنمان لە زانست و زانیاری هەیە؟ بۆ نموونە گەر کەسێکی هەژار و برسی هەرچی زانست و زانیارییە بخەینە بەردەستی، ڕاستەوخۆ ئەوکەسە ناتوانێت سوودمەند بێت لێیان. چونکە ئەم کەسە ناتوانێت بەکاریان بهێنێت و دواجار پێداویستییەکانی ڕۆژانەی کە ڕزگاربوونە لە برسێتی، ڕەش و ڕووتی و بێ ماڵی و جل وبەرگی ناتوانێت بەوە دابین بکات. لەم حاڵەتەدا ئەقڵێکی تر، ناوەزێکی پراکتیکی تر هەیە لە تەك هەبوونی زانست و زانیارییەکاندا، ئەویش ئاوەزی بەکار هێنان و سوود وەرگرتنە.

لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا زانست - زانیاری زێتر وەك شتێکی پیرۆز و ئامانجێکی مەزن سەیر دەکرێت تا وەکو وەك هۆکار و کەرەسەیەکی گرنگ بۆ درێژەدان بەژیان. هەمیشە زانست وەك کلیلی دەرگای ڕاستییەکانە، هەڵهێنانی مەتەڵی ژیان و گەیشتنە بە پلەی ڕەزامەندی (خودا و خەڵکی). دیارە پیرۆزکردنی زانست زۆر جیایە لە بەکارهێنانی و سوود وەرگرتنی ڕاستەقینە، کە تێگەیشتن و سەرنج و بەراورد و لێکۆڵینەوە دەخوازێ نەك هەڵدان بە باڵای زانست و زانستخوازاندا. هەزاران ساڵە لە کۆمەڵگا مسوڵمانەکاندا قورئان بەسەرچاوەی ڕاستی و پیرۆز و ژیان و دوارۆژ دادەنرێت، لەسەر ڕەفە و ناو پەرتووکخانەی هەموو ماڵێکدایە، بەڵام ئایا ئەم قورئانە زیاتر لە ڕۆڵێ موفەڕکی پێ نەدراوە؟ مەبەست لەم نموونەیە

تەنها ئەوەیە لەم کۆمەڵگایانەدا نەك تەنها زانست و تیۆر و لێکۆڵینەوەکان پیشتگوێ خراون بەڵکو خودی ئەوەی سەرچاوەی باوەڕیشە لەسەر ئاستێکی رۆشنبیری سوودی لێوەرنەگیراوە.

دیارە مەبەستیشم ئەوە نییە کە لە زۆر شوینی جیهاندا ریۆشوێنی سروتی ئایینی جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو مەبەستم لەو لایەنە شاراوە و پەی پێ نەبراوەیە کە لەو پەرتووکەدا لای زۆرینە ئاشکرا نییە. ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی باش بووە کە کەمینەیەك بەناوی ئایینەوە، دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکەن بەسەر زۆرینەیەکی بێ ئاگادا.

کەواتە نەبوونی زانیاری و زانست تەنها هۆکارێك نین بۆ دواکەوتن. وەلێ بیانویەکی تریش کە لەم چەند ساڵەی دواییشدا باوە و تەواوکەری ئەو وتەزایەی سەرەوە ئەوەیە کە هۆکاری دواکەوتن نەبوون و وەرنەگێڕانی سەرچاوە زانستی و ماریفییەکانە. دیارە بە پێی ئەم وتەیە بێت گەر ئێمە سەرچاوەکان وەربگێڕین ئیتر کەموکوڕیی نەبوونی زانست و زانیاری و دواجار دواکەوتوویی چارەسەر دەکەین. بەڵام وەرە شاکارترین بەرهەمی زانستی نوێ وەربگێڕە، چی دەبێت؟

هەڵبەتە ئەوەی من بەرپەرچی ئەدەمەوە لەم دێڕانەدا ئەو بۆچوونە ساکارەیە کە دیاردەی دواکەوتن و نەبوونی زانست و وەرگێڕان وەك پەیوەندییەکی هۆ و ئەنجام تەماشا دەکات. دیارە وەرگێڕانی زانیاری و هۆشیاری پەیوەندی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە، بەڵام مەرج نییە بە تەنها هۆیەك بێت بۆ چارەسەرکردنی دواکەوتوویی. هەروەك چۆن زۆر بوونی گۆڤار و رۆژنامە و چاپەمەنی و میدیای نوێ لە کۆمەڵگایەکدا کە نەخوێندەواری زۆر بێت ئاکامێکی ئەوتۆی نییە. ئاوەهاش وەرگێڕانی زانست وەك متوربەکردنێکی بێ ئەنجامە (دیارە من ناڵێم لە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەدا سەرچاوەی باشی زانیاری سوودیان لێ وەرنەگیرێت، بەڵکو ئەمە زۆر پێویستیە). بە هەمان شێوەش ئەو بۆچوونە باوەی کە پێیوایە هەرچی گەیشتە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئێتر پێشدەکەوێ، چونکە گوڕانی شوێن رۆڵی باشی هەیە لە رەخساندنی دەرفەتی نوێ بۆ فێر بوون و چاوکرانەوە، بەڵام هەموو کەسیش ئامادەیی و توانستی پێشکەوتنی نییە.

خاڵێکی‌تر کە جێگای بایەخە ئەوەیە کە نەزانین لای ئێمە ریشەیەکی رەوشتی و مۆراڵئامێزی هەیە. وەك هەمیشە پێشکەوتن جێگەی شانازی و پێدا هەڵدانە، بەپێچەوانەوە نەزانین کە سەرچاوەیەکە بۆ هەڵەکردن لە مامەڵەکردنی رۆژانەدا، ئەدگارێکە دەچێتە جوغزی شوورەیی و شەرمەوە (عەیبە). ئیدی نەزانین مایەی شەرمەزارییە. دیارە ئەم نەزانینە واتە



ناشیاوی و نادروستیی هەلسوکەوت و رەفتارە، تا وەکو نەزانینی زانستی و ماریفی. هەڵبەتە لە ژیانی رۆژانەدا چەمکی زانین هێشتا نەبۆتە چەمکێکی تیۆری زانستی، بەڵکو وشەی زانین تەنها لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی راستەوخۆی رۆژانە کاردەکات.

لەم دیدەوە دەردەکەوێت کە بۆچی هەندێك جار مرۆڤی لای ئێمە درۆکردن لەگەڵ خۆیی و روپاماڵی لەگەڵ دەوروبەریا پێ باشترە لە داننان بە سنووری زانێن و زانیاریدا، و بە راشکاوی بڵێت من لە ئەو بابەتە نازانم، یا خود بواری من نییە. چونکە لێرەدا جۆرە بەربەستێك لەبەردەم وتنی ئەو رستەیەدا «نازانم» هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نەزانین کەمایەسییە، کورتهێنانێکی رەوشتی و پایەی کۆمەڵایەتییە. چونکە کردەوەی مرۆڤ لە لایەکەوە مەحکومە بەوەی کە دەوروبەر و کۆمەڵ تا چەند پەسەندی دەکەن، لە لایەکی ترەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێداگرتن و لافی زانین باشتر دەکەوێتەوە لە وتنی راستیی نەزانین، پاشان جگە لەمە پیرۆزی و رێزداریی زانست هیچ زەمینەیەکی تری نەبووە.

زانین تەواو پابەندە بەوەی تۆ چۆن هەڵسوکەوت و مامەڵە دەکەیت، نەك ئەم زانینە وەك پرسیارێکی تیۆری (دیارە لە بەشەکانی‌تری ئەم نووسینەدا دەگەڕێمە بۆ سەر فەلسەفەی کانت و جیاوازیی ئەقڵی پوخت، تیۆری و ئەقڵی پراکتیکی). لە هەمان کاتدا ئەم نموونەی سەرەوە واتە (نەزانین - زانین) رەهەندێکی گرنگی زمانەوانیمان بۆ دەردەخات. نەزانین جۆرێك لە لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی لەتەك خۆیدا هەڵدەگرێت. نەزان، گێل، نەفام و تەمەڵ چەندین ئاوەڵناوی دیکە بێ توانایی کەسێك دەردەخات کە توانستی فێربوون و خۆ گونجاندنی نەبێت لەگەڵ کۆدە کۆمەڵایەتییەکاندا. کەواتە زانین بە پلە ی یەکەم ئەوە نییە کە توانستی زەینی و ماریفی بەرجەستە دەکات.

لە کۆتاییدا، دەمەوێت ئاماژە بە جوانییەکی زمانی کوردی بدەم، ئەویش پەیوەستی زانین و تەمەڵییە. لە زمانی بەکار هێناندا تەمەڵ بە دوو شێوە لێك دەدرێتەوە: تەمەڵ بە کەسێك دەووترێت کە هاوتای تەوەزەلی و لەش گرانییە. هاوکات بە کەسێکیش دەووترێت کە کۆڵەوار بێت لە فێربوون و خوێندندا واتە زەین کوێر. لێرەوە دەمەوێت نەزانی/ تەمەڵی بە هەردوو واتاکەیەوە بە کرۆکی باسەکەوە گرێبدەمەوە: کە پرسی دواکەوتوویی، کێشەی زانین، زانست و زانیارییە.

ئیدی دەگەینە ئەنجامێك گەر هۆکاری دواکەوتن، نەبوونی زانست و زانیاری و کەمیی وەرگێڕان بێت، ئەوا کەموکورتیی توانستی زانینیشە. واتە بە تەنها وەدەستخستنی سەرچاوە

زانستییەکان و وەرگێڕانیان هیچ ناهێنێتە گۆڕێ گەر خرۆشانی هزری و زانستی (فزولّییەتی زانین) پاڵنەری زانین نەبێت. کەواتە لەتەك نەبوونی توانست و ئەو ئاوەزەی زانستەکان تاوتوێ بکات تەمەڵیش هەیە لە فێربوون و لە گۆڕیندا. تەنها حەزی فێربوون بەس نییە، بەڵکو پەرۆشیی فێربوون و گەڕان بەدوای فێربوون و سۆراخکردنی پرسیار وزەی هزری دەوێت.

چونکە جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان نەبوونی سەرچاوەی زانستی و بەرهەم هێنان و بیرکردنەوەی زانستی. گەر بە هەڵەدا نەچووبم برێك لە رۆژهەڵاتناس و ئەنترۆپۆلجیکەکان کوردیان لە چاو نەتەوەکانی دەوروپشتدا بە مرۆڤگەلێك داناوە کە حەزی گۆڕان و فێربوونی هەیە، لە بەر ئەوەی کورد لە مێژوودا خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی یان شارستانی نەبووە کە ببێتە مایەی شانازی و فەرهەنگێك کە گەڕانەوە بۆ ئەو دیرۆکە لەمپەر بێت لەبەردەم ئاسۆکانی گۆڕاندا.

دیارە بە پێی ئەم وتەیە ئەو نەتەوە و گەلانەی کەزیاد شانازی بە رابردوویانەوە دەکەن، کەمترین ئامادەیی گۆڕان و خۆ نوێکردنەوەیان هەیە. کەواتە دەکرێ بووتریت مرۆڤی کورد ئامادەیی و حەزی گۆڕانی هەیە، بەڵام تا چەند ئەم حەزە دەبێتە ویستێکی راستەقینە و دەبێتە کردار و خەمێکی زانستی لەگەڵ خۆیدا بەێنێت؟ کەی ئەمە رەخسا، هۆشیاری هەبوو لەم بارەوە، ئیتر هەنگاوی گۆڕان یەك بەدوای یەکدا دێن!



## ٣-٨- پەندی پێشینان فەلسەفەی کوردەوارییە:

### ١- سەربوردەی فەلسەفە:

لەڕووی مێژووییەوە فەلسەفە لە چاوگەی ژیان، ئەزموونەکان و رووداوەکانی رابردووەوە هەڵقوڵاوە، پاشان ئەم کۆمە زانیارییانە بوون بە زانستێکی سەربەخۆ و دیسپلینکراو. جارێکی تر فەلسەفە لە لوتکەی بیری زانستییانەوە، بۆ ناوکۆمەڵ گەڕایەوە، وەك پرۆسەیەکی بابەتی و مێژوویی. بێگومان فەلسەفە هەنگاوی دیاری لە مێژووی خۆیدا بڕیوە، بەپێی بەڵگەکانی مێژووی فەلسەفە، سەرەتای فەلسەفە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ئەسینا یاخود گریکەکان، بەڵکو وەك مارتن بێرناڵ (Marten Bernal) ئەڵێت: فەلسەفە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەسینای رەش، مەبەستی لە میسری کۆن، سۆمەر و بابلییەکان، ئێرانی کۆن، هیندو چینیش دەگرێتەوە.(Black Athena: The Afro-asiatic Roots of Classical) (civilization:1987).[1]

بێگومان فەلسەفە یەکێکە لە زانستە تەمەن درێژەکان و چەندین قۆناغی جیای لە مێژووی هزردا بڕیوە، پاش ئەوەی زانستەکانی تر لەزانستی دایك (فەلسەفە) جودابوونەوە، فەلسەفەش وەك بەشێکی تایبەت لەتەك زانستە مرۆییەکاندا، لە زانکۆکاندا دەخوێنرێت. شایانی باسە، فەلسەفە پایەیەکی گرنگ و یەکەمی هەبوو. لە پرۆسەی خوێندن و پیشەی کەسانێکی دەستە بژێر (ئیلیتە)ی پایەبەرزی کۆمەڵ بوون.

لە سەردەمە دێرین و چەرخەکانی ناوەڕاستدا، بۆنموونە پاشای رۆمان (سیسرۆ) بۆخۆی فەیلەسووفێك بوو، پاش ئەوەی سەنتەری شارستانییەت لە ئەسیناوە بۆ رۆما گوێزرایەوە و فەلسەفە، دوچاری دوورەپەرێزی پەرگیری بوو، وەلە ئەنجامی سەرهەڵدانی زانست و بوارەکانیتر لەلایەك، لە لایەکی ترەوە سنوورێکی ئاشکراو بەمەبەست لەنێوان فەلسەفە و مێژوو، ئابووری و زانستەکانی تر دروست بوو، کەچیدی فەلسەفە خۆی لەوبوارە جودایانە هەڵنەقورتێنێ و هەرکایەیەك پسپۆری و تایبەتمەندێتی خۆی بپارێزێت.

واتە فەلسەفە تەنیا باس لە بابەتە فەلسەفییەکان و تیۆرییەکان بکات، ئەمەش هێندەی تر فەلسەفەی ترازانە چێوەیەکی بچووکترو بوونی بە تایبەتمەندێتی بۆ چەند کەسانێکی کەم گەر بەراورد بکرێت لە چاو زانست و بوارەکانی تردا. بەتایبەت ئەمە زیاتر لەسەردەمی بە ئابووری کردنی خوێندن و زانکۆکاندا، بابەتە پیشەیی و ئیکۆنۆمیەکان برەوی زۆریان لەبواری ژیان و بازاڕی کاردا پێ درا.

ئەمەش وای کرد فەلسەفە هێندەی تر بگەڕێتەوە بۆ چەند جموجۆلێکی دیارکراو لە دووتوێی گوتار و پەرتووکە ئەستورەکاندا قەتیس بێت. واتە فەلسەفە لەژیانەوە گوێزرایەوە یاخود چارەنووسی گەیشت بۆ کۆڕی ئەکادیمی و چەند کۆرسێکی زانکۆ و پەرتووکی وشك و گران. ئەمەش بۆخۆی زیان و زەبرێکی گەورە بوو، لە فەلسەفە کەوت و سەرەڕای تەریك بوونی خۆی وەك زانستێکی گرنگ، ژیان و کۆمەك و مرۆڤگەلی ئەمڕۆ راستەوخۆ لێی بێبەش بوون. لە کاتێکدا سەرەتای فەلسەفەی گریك بەتایبەت سەردەمی سوکرات ئەوپەری چوست و چالاك و زیندوو بوو، لەکایەی ژیاندا و لەبازاڕ و کۆڵانەکانی شاردا بەرجەستە ئەکرا و وتووێژ دەکرا لەسەری و خۆی لەژیان و رووداو وبیرکردنەوەی مرۆڤدا بەرجەستە دەکرد بۆیە رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەو دەمەدا.

بەڵام پاش ئەوەی فەلسەفە وەك ئەوەی ئەووترێ، لەسەر دەستی دیکارت (**Descartes**) گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات، لە مۆدێلە کۆنەکە واتە ستایڵ و شێوازی ژیان و رەفتارکردن و ئەدگارەکانەوە گوێزرایەوە بۆ زانست و دیسپلینێکی راشینۆنالیزمانە، هەڵبەت دیکارت بە باوکی راشینۆنالیزم دائەنرێت و قۆناغی دیکارت لەپاش پلاتۆ (**plato**) بەدووەم شۆڕشی فەلسەفی دائەنرێت، پاشان کانت (**Kant**) بەسێهەم شۆڕش[2] دەژمێردرێت. لێرەوە فەلسەفە بۆ بنەمایەکی نوێی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە گۆڕرا.

کاتێ ئەرك و فەرمانی فەلسەفە، گەڕان و داڕشتنی فوندەمێنتە (بناغە و بنەما) بۆ زانست و هونەر مۆراڵ دابنێت. ئەبینین لەم قۆناغە جیا جیایانەدا فەلسەفە بەرگێکی تری پۆشیو و چەندین داهێنانی بە خۆیەوە دی تا ئەمرۆکەش، بەڵام دەرەنجامی ئەم پێشکەوتن و گەشەکردنە، فەلسەفەیە هێندە دڵخۆش نەبوو. دەکرێ بووترێ سەرەتای جیاکردنەوەی زانستەکان و سەربەخۆیی فەلسەفە و دابڕانی لەبەشەکانی تری خوێندن دا، بۆ دوورخستنەوەی خوێندکارە، لە ئالۆزی و گران و تێکەڵاوخوازی و شێواندن و نەبوونی پسپۆرییەکی تەواو لەبابەتێکدا. ئەم جیاکردنەوەیە زۆر بەسوود بوو، چونکە خەریك بوون لەیەك کاتدا بەچەند زانستێك و بەشێوەیەکی گشتی، دەرئەنجامی پێگەیاندنی مرۆڤێکی ناپسپۆر ئەبێت، کە قۆڵنەبۆتەوە لەبابەتێکدا و تەنیا زانیاری زارەکی و سەرپێی چنیوەتەوە. تەریك بوونی فەلسەفە یان هەر زانستەك گەرچی بێمەبەستیش بووبێ لە ژیان و کۆمەڵ دا بەگشتی کارێکی ئەستەمە، چونکە هەموو دیسپلینێکی زانستی پەیوەستە بە ژیان و کۆمەڵ و رووداوەکانەوە. راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەم سێیانە (کۆمەڵ، ژیان و مرۆڤ) فاکتەری



سەرەکین لە گۆڕانی رووداوەکاندا و کارلێك کردنیان لە هۆش و بیری مرۆڤدا. پاشان ئەمانە ئەو مەودایەن، کە زانستەکان کاری تێدا ئەکەن. فەلسەفەش هەروەك زانستەکانی تر هەرچەند قوڵبوون و قاڵ بوون بێت، لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە فڕین بێت بۆ ئاستی تێگەیشتنێکی تەواو، هەر بەدوور نابێت لە رەوتی رۆژگاری خۆی.

لەبیرمان نەچێت کاتی ئەڵێن، فەلسەفە مەبەستمان لەبیروڕای تەنیایی سوبجێکتیڤ نییە، چونکە هەموو مرۆڤێکی بیرکەرەوە خاوەنی را و بۆچوونی خۆیەتی، زانست و فەلسەفە لەسەر پەی بردن (**Intuititie**)ی دەروونی مرۆڤـ بنیات نەنراوە. هەروەك ئاماژەم پێدا لە سەردەمی دیکارتەوە، فەلسەفە رەنگێکی تری گرت و دیکارت هەستا بە رەتکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو بیر و بۆچوونە باوانەی پێش خۆی، کە لەسەر پەیبردن و رای چەسپاو باوەڕی شەختە دامەزراوون لەڕێی "میتۆدی گومانە"وە لە نووسینە بەناوبانگەکەیدا، ( **Meditationes de prima philosophia**) زانستی راست ئەبێ بسەلمێنرێن بەپێی بەڵگەی زانستی نەك وەك ئەوەی لەوەوبەر باو بووە، واتە راستیی خۆی لەخۆیدا سەلمێنەرە.

لەبەرکەمی ماوە و دوورنەکەوتنەوە لەناونیشانی باسەکەم، ئاماژەیەکی خێرا بە یۆرگن هابەرماس وەك فەیلەسووفێکی مۆدێرن دەکەم، ئەویش بانگەشە و جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە زانست و فەلسەفە لەوێژە و هونەر جیابکرێتەوە. چونکە پێی وایە تێکستی (زانستی) لە شیعر و پەخشان و رۆمان جیایە. زانست بۆ خۆی سەربەخۆ لەسەر پرنسیپی جودا وەستاوە، هونەر و شیعر و پەخشان دەقە وێژەییەکان لەسەر خەیاڵ و ئەندێشە بەندن. بێگومان هابەرماس لەسەر ئەم رایە و چەندین رای تری لەلایەن بیرمەندانی پۆست مودێرن رەخنەی لێگیراوە، لای دەریدا، پەخشان شیعر یاخود فەلسەفە و رۆمان هەموویان تێکستن و دەقێکی داڕێژراون (Construction). چونکە هەموویان باس لە ژیان و کێشەکانی مرۆڤ دەکەن.

پاش ئاوارەبوونی فەلسەفە لەژیان و دوورکەوتنەوەی لەڕووداو وکێشەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ لەملا و لەولا هەوڵ ئەدرێت جارێکی تر فەلسەفە بگێڕدرێتەوە پانتایی خۆی، هەر بۆ نموونە یەکێك لە رێبازە فەلسەفییەکان پراگماتیزمە (Pragmatism)، کە مۆرکێکی فەلسەفەی ئەمریکی پێوە دیارە، لەسەر دەستی ویلیام جێمز (James. William 1842- 1910) دامەزرا و دواهەمین فەیلەسووفی ئەم رێبازەش فەیلەسووفی زیندوو رۆرتییە ( Richard Rorty) بەو واتایەی ئەم رێبازە هەوڵی گرێدانی ژیان و پراکتیکەکانە بەفەلسەفەوە. واتا

نزیك خستنەوەی تیۆر و پراكتیێك و فەلسەفەش رۆڵی خۆی لەژیاندا بگێڕێت، لەلایەكی ترە ئەمرۆكە دەنگێك ئەبیستریێ، گەرچی ئەم رەوشە بۆ خۆی نوێ نییە، بەڵام گەڕانەوەیەكی نوێیە بۆ فەلسەفەی ژیان. واتە فەلسەفەیەك سەرقاڵی خەم و ویستەكانی مرۆڤــی ئەم سەردەمە بێت باس لەبەختەوەری و كامەرانی و ژیانی ئاسایش و ئاسودەیی بكات. مرۆڤ لە گێژاوەكان و نەهامەتییەكان رزگار بكات و یارمەتی بەرەو پێش بردنی مرۆڤ بدات، لە تەنگەژەی تەكنۆلۆجیا و قەیرانەكانی ئەم ساتە وەختەدا، چارەسەریان بكات.

بێگومان ئەم بۆچوونە، گرێدانی فەلسەفە بەكێشە دەروونی و باوەڕییەكانەوە لە لایەك و بانگەشەی فەلسەفەی ژیان لە لایەكی ترەوە بە بۆچوونی هەندێك فەیلەسووف و بیرمەند بەكارێكی سادە و ساویلكانە دائەنرێت، چونكە بەپێی ئەمان ئەمە كورت كردنەوەی فەلسەفە و بەرهەمی زانستییە، بۆ كێشەكانی رۆژانە و سەرقاڵبوونێكی بێهوودە و بێ‌ئەندازەیە، كە ئەركی فەلسەفەیەكی زانستی نییە.

فەلسەفە لە بوارەكانی ئەكادیمی و تیۆری دا كار ئەكات، نەك خەریكی تاوتوێ و دەمەقاڵێی رۆژانە و سادەكارییە. ئەوسا فەلسەفە دەبێتە بابەتێكی گشتی بۆ هەموو كەسێك، هەر یەكێك بۆخۆی دەم بكوتێتە فەلسەفە و زانست و سنوورێك نەبێت، یاخود پێوانەیەك نەبێت بۆ را و بۆچوون و لێكدانەوە، بێ پاشخانی زانستی فەلسەفە لێ بدرێت. بەهەر حاڵ ئەم دوو دیدە پێچەوانەیە چاكی و خراپی خۆیان هەیە و جێ‌باسی من نین لەم دەرفەتەدا، بەڵام ئەوەندە هەیە، كە بڵێم لێكدان و وێكخستنی ئەم دوو دیدەی سەرەوە ئامانجی گەورەی ئەبێت لە مێژووی فەلسەفەدا.

### فەلسەفەو پەندی پێشینان:

لێرەوە دێمەوە سەرباسە سەرەكییەكەمان، ئەویش پەندی پێشینانی كوردییە، لە ژێر رۆشنایی یەكێك لەو دوو دیدەی سەرەوەدا بەجۆرە فەلسەفەیەكی خۆماڵی دابنرێن. واتە فەلسەفەی ژیان چونكە بەرئەنجامی تاقیكردنەوە و ئەزمونی باوباپیرانە. زۆر جار خوێنەری تینووی فەلسەفە چاوی بە بەرهەم و شاكارەكانی فەیلەسووفە ناودارەكان ئەكەوێت خۆی لەبەردەم چیایەكی بڵندا ئەبینیێتەوە، كە نەخۆیی و نەكلتووری دایكی توانست و بڕستی ئەوتۆیان هەیە بگەنە قوڵایی ئەو كارە فەلسەفییانە. نەخۆشی ئەتوانی بەسەر ئەو چیایەدا



هەڵكژێ و نە ئەشتوانێت دەستبەرداری ئەو كارە مەزنانەبێت. لەبەر ئەوەی خۆی ئەڵتەرناتیفی پێ‌نییە. بۆیە تەنیا رامان و هەستی دڵگیری و زەبوونی كلتووری دێتە بەرچاو.

ئەم راستییە لەڕووەیەكەوە گەر بووترێت كلتوور و فەرهەنگی كورد هەژارە لەم بابەتە فەلسەفییانەدا، واتە فەلسەفە بەواتا زانستی و ئەكادیمییەكەی نەك بەواتای فەلسەفەی ژیان، راستە كورد تێكستی فەلسەفی و پەڕتووك و فەیلەسووفی وەهای تێدا هەڵنەكەوتووە، بەڵام بەماناكەی تر كلتووری كوردی گەنجینەیەكی مەزن و لێواولێوی هەیە لە پەند و وتەی بەنرخ، كە تێكڕا كەرەسەیەكی خاون بۆ خوێندەوارە ئەكادیمییەكان و بۆ لێكۆڵینەوە و پشكنینی زۆر راستی مێژوویی و كۆمەڵایەتی و سیاسی تێیاندا ئەبینرێتەوە.

ئەتوانرێت لەژێر رۆشنایی ئەم پەند و وتە بەرزانەدا واتا و چەمكی نوێی لێ هەڵبهێنجێنرێن و بگەینە چەندین خاڵی گرنگ لە مێژوودا. پەندی كوردی سەرچاوەیەكی زیندووی دەماودەمە، یاخود ئەرشیفێكی زارەكییە بۆمرۆڤی كورد بە درێژایی مێژوو، لەتەك ئایین و ئاكار و رەفتارە كۆمەڵایەتییەكاندا، شان بەشان كاریان پێكراوە بەڵكو تاكە تێكست و بنەمای یاسایەكی نەنووسراوەن لە پەڕتووكی مەزنی ژیاندا، بەڵام یەك بەیەك لەزەینی مرۆڤی كورددا تۆماركراون و وەچە بەوەچە گوێزراونەتەوە وەك ئاسۆیەكی جیهانبینی. ئەم پەندانە نەك تەنها دەكرێ ببنە پرنسیپ بۆ یاسادانەر و مۆراڵ ناسەكان، بەڵكو نیگا بەخشێك و سەرچاوەیەكی لەبن نەهاتووە بۆ داهێنان و نوێخوازی لە بیركردنەوەدا.

دیارە گوڕان و پێشكەوتن لە بۆشایی و چۆڵەوانی یدا نایەتەدی، چونكە زانست تەنیا سەرچاوە لەدەوروبەر و پێشینەی خۆی هەڵناگرێ، بەڵكو لە تاقیكردنەوە و ئەزموونەكانی پێش خۆی وەك سەرەتایەك بۆ دەستپێكردنی زانستی هەنگاو ئەنێت، لەوێوە ئاڵو وێر و گۆڕان و داهێنان بەرهەم دەهێنرێن. دووبارە گۆڕان و پێشكەوتن هەڵتۆقین نییە لە بۆشاییدا یان هاتنە خوارەوەی راستی نییە لە ئاسمانەوە، بەڵكو سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەزموون كەرەستەكانی بەردەستە. بۆیە باوەڕم وەهایە ئەم فەلسەفە كۆمەڵایەتییانە رۆڵ و كاری گەورەیان هەبووە و هەیە لەسەر هۆش و بیری مرۆڤی كورد، لەهەمان كاتدا كەرەسەیەكی خاون لەبەردەم رووناكبیر و زانست دۆستاندا.

گەر بمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، كە فەلسەفە یان فەیلەسووفی كوردی چییەو كێ‌یە؟، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پەندەكان و دەستەواژە و شاكارە شیعرییەكان ، كاتی ئەم راستییە دەخەینە بەرچاو، ئەوسا ئەبینین، كە كورد هێندە هەژار نییە وەك تێ‌ئەگەین. تا

ئێستا چەندین دەستنووس و نامەی نایاب و دانسقە هەن، بە باسکردن و توێژینەوە بەسەر نەکراونەتەوە، یان نەبوونی زانیاری تەواو لێیان کەلەلایەن زانا و مەزنەکانی کوردەوە نووسرا بن، بەژمارە کەم نین ئەو دەستنووسانەی لەسەر زانستی ئاخاوتن (Retorica) و ژیربێژی (logica).

جێی خۆیەتی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکان ئاوڕ بدەنەوە لەم زەخیرە مەزنە بەتایبەت ئەو شاعیر و کەڵە نووسەرانەی پێشین ئاگاداری فەلسەفە و بیر بوون، سەرەڕای کەمی پەیوەندی و هاتووچۆ، بەڵام ئاگاداری فەلسەفەی گریك و وڵاتەکانی دەوروپشتی کوردستان بوون، ئاماژەشیان پێ داوە لەنووسین و شیعرەکانیاندا.

لێرەدا دەمەوێ پەندێك بخەمە ژێر پرسیار و توێژینەوەیەکی زمانەوانی "شەڕ لەبەتاڵی باشترە" ئەم پەندە دێرینە، زۆر بەناوبانگ و زۆر لەسەر زمانە و دەکرێتە پاڵپشتی گەلێك رووداو وکارەساتی رەش، لە مێژووی ئێمەدا. چیرۆکی ئەم پەندە دەگەرێتەوە بۆ مەراقێکی چەند ساڵی رابردووم، بەتایبەت ساڵانی شەڕی ناوخۆ، ئەو ساڵە تاریك و تاڵانەی کە پەڕەیەکی چڵکنن بە خوێنی مرۆڤی کورد، خاڵی تێکشکاندنی ئەڵقەی گرێدانی مرۆڤی کوردە لەگەڵ یەکدی دا، پەڵەیەکی رەشە لە مێژووی بزاڤی نەتەوەی کورد. زۆر جار لەگەڵ هەندێ هاوڕێ و ناسیاوم دا باسمان لەم کارەساتە دڵتەزێنە کردەووە و پرسیارمان لەخۆمان ئەکرد، ئایا هۆکار و فاکتەرەکانی ئەم رەوشە شوومە چییە؟ هەموو بەدوای وەڵامەکەیدا وێڵ بووین، وەك هەموو کوردێکی ناوخۆ یان دەرەوەی نیشتمان، تا هەندێك جار بۆخۆم ئەکەوتمە ناو بازنەیەکی داخراوەوە..! پاساوی ئەم شەڕەنگیزییەم، بەم پەندە نەمرە ئەدایەوە و کلتووری کوردیم پێ تاوانبار ئەکرد، بەوەی کلتوور و فەرهەنگی ئێمە کلتوورێکی شەڕەنگێز و خۆ کوژی و خوێناوی هەیە.

لەڕاستیدا ئەم پاساوە لە پەلەکردن و هەڵچوون و داچوونی دەرونی و بێئاسودەیی، بێهیوایی، کورتبینی زیاتر نییە. بەڵکو ئەمە جۆرە شەڕ فرۆشتنێکە بەخود بەواتاکانی کلتووری (من) و ئۆباڵی رووداوەکان بخرێتە ئەستۆی تەنیا ئەم کلتوورە..! وەك باری سەرشان سووك کردنێك، مەگەر کلتوور لەدەرەوەی مرۆڤ بێت، ئایا کلتوور بۆخۆی دەستکردی مرۆڤ نییە؟

ئەم پرسیار و خواستە لە خولیامدا جۆشی ئەخوارد و سەرگەردانی وەڵامێکی خێرا بووم بۆ رووداوەکانی ئەو ساڵانە. بۆیە وەڵامەکانی ئەو دەمە، لە کورتبینی و سادەیی و کاردانەوەیەکی هەڵەشە بەدەر نەبوون، چونکە زۆر جاران وەڵام چاوەڕێی لێکۆڵینەوە و



بەخۆداچوونەوەی قووڵ ناکەن، بەڵکو بەدوای پاکانە و پۆزش و بیانوی دەستکرد دا ئەگەڕێن. ئەوەش بۆخۆی لەلایەك لە ئەستۆی وەڵامدایە، کە بینکورت و سەرپێیە، دەسەڵاتدارانە و سەر کوێرکەرانە رەفتار ئەکات، لە بەرگی راستی و تەواوییدا خۆی ئەنوێنی*.

زۆر جار ئەم پەندەم لەبەرخۆمەوە ئەووتەوە، بەڵام پاش لێکدانەوە خوێندنەوەیەکی تر دەرکەوت، ئەو واتایەی نییە، وەك من تێگەیشتبووم. بەڵکو تەواو پێچەوانەی بۆچوونی پێشوومە، نەك تاریکی و بێواتایی تێدایە، بەڵکو ئەوپەڕی داناییە. گەر بمانەوێت پێکهاتە و بڕگەکانی ئەم پەندە شیتەڵ بکەینەوە و بەم شێوەیە لێکی هەڵبوەشێنین: (شەڕ... بەتاڵی....باشترە).

"شەڕ"چییە و مەبەست لە چییە و بەچی ئەووترێت شەڕ. ؟ ئاشکرایە شەڕ وشەیەکی عەرەبییەو پێچەوانەی وشە (خێر)چاکەیە. بەڵام لێرەدا شەڕ بەواتای جەنگ یان شەڕکردن بەکاردێت. ئەوسا ئەبێ بپرسین شەڕ لەگەڵ کێ؟ بۆچی شەڕ کردن؟ ئەوەی ئەو پەندە پێمان ئەڵێت: مەبەستی لە وشەی شەڕکردن و جەنگ و وێران و یەکتر قڕکردن نییە، بەڵکو وشەی "شەڕ" لێرەدا پاڵپشتی هەیە- ئەویش "بەتاڵییە". واتە لەگەڵ بەتاڵیدا بەکاری دێنین، کە ئەمیان واتای بێکاری و نەجوڵان و هیچ نەکردنە، واتە دانیشتن... هتد ئەگەیەنێت. کەواتە بێکاری و بەتاڵی و نەجوڵان مایەی شەڕ و نەهامەتییە، وەك چۆن شەڕکردن، خوێنڕشتن و وێرانییە، ئاوهاش بەتاڵی و بێکاری مایەی ماڵ وێرانییە.

ئەوەی لێرەدا ئەوپەندە پێمان ئەڵێت: بەراورد کارییە لەنێوان شەڕ و بەتاڵیدا، کە هەردووکیان مایەی نەگبەتی و رەنجەڕۆییە، لەلایەکی ترەوە، گەر بمانەوێت وشەی شەڕ لێك بدەینەوە، دەکرێت هەندێك جار شەڕ تەنیا رێگا چارەیەك بێت یانیش چەندین هەوڵ و کۆشیش و ریگای تر بۆ بەلاداخستنی کێشەکان، یان بەلانی کەمەوە بەرگری کردن بێت لەخود، لەلایەکی ترەوە شەڕ جوڵە و بیرکردنەوە و گەڕان و هەوڵدان بێت بۆ نوێخوازی و گەیشتن بەمافەکان.

دەکرێت بووترێت، شەڕ کردن مەرج نییە تەنیا کوشتن و کوشتار بێت، چەندین جۆری تر هەن، کە هەر شەڕ کردنە بۆ خۆی، لەوانەیە تۆ شەڕ بکەیت، کاتێك شەڕت کرد، ئاشتی ئەدۆزیتەوە، یان دەشێ بەیانی پەیمانی ئاشتی ببەستێت، چونکە شەڕ بەواتا (هۆبز)ی یەکەی لێك بدرێتەوە وەك ململانێ و کێشمەکێشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، مەبەست لێرەدا، کە لەکۆتاییدا تیاچوونی لایەنێك لەلایەنە شەڕکەرەکان نییە، بەڵکو گەیشتنە بەیەکدی و دانیشتن

و دان بەیەکدی دانانە. ئەم ئەقلیەتی شەڕە لای هۆبز لە تێۆرەکەیدا بە ئاوازێکی ئینسترۆمێنتاڵ(٣) ناو دەبرێت.

وەلێ کاتێ نەجوڵێیت گۆڕان نایەتەدی، کەواتە بەتاڵێتی لەشەڕ شەڕترە، کە دواکەوتن ئەگرێتەوە، وەك وتم لەوانەیە تۆ شەڕ بکەیت، بەڵام ئاشتی ناچارت ئەکات مل بدەیت، چونکە مرۆڤـــ لەکۆمەڵ و دەوروبەردا ئەژی ئەبێت گوێ بگریت بۆ ئەویتر و دان بەماف و ویستەکانیان دابنێیت، چونکە مرۆڤ بەتەنیا ناژی، بەڵکو لەناو کۆمەڵ و ئەندامی مرۆڤگەلێکەدا دەژی. ئەمەش ناچار دەکات شەڕو ئاشتیش ئەنجام بدات.

ئیدی کاتێك مرۆڤـــ هیچ ناکات، بیرناکاتەوە، ناجوڵێتەوە ئەمەش بۆخۆی دەستەوسانی مرۆڤە ئەگەیەنێ، دەبێتە ئەرك بەسەر کۆمەڵەوە، پاشان بێ کاری و دەست بەتاڵی شەڕ و خراپەکاری دێنێتە بەرهەم، لەبەر بچووکترین هۆ ئەبێت ئەم کەسە، بژێوی خۆی دابین بکات، بۆیە پەنا ئەباتە بەر ڕێگا و هۆی ناڕەوا و خراپ بۆ گەیشتن بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، کەواتە لێرەدا شەڕ ئەبێتە پیشەی بێکاری. ئەم پەندە پێمان ئەڵێت ئایا تۆ چی هەڵئەبژێریت لەم حاڵەتەدا، بەتاڵی یان شەڕ، گەرچی بەتاڵی بۆخۆی شەڕە، بەڵام مەرج نییە شەڕ بەتاڵی بێت. دەکرێت ئەم پەندە پێچەوانە بخوێنیتەوەوە: بەتاڵی شەڕە یان بەتاڵی لەشەڕ خراپترە. وەك لەوەو پێش وترا "شەڕ" خراپ نییە بە واتایەك لەواتاکان، پاشان پەندی ترمان هەیە، دەبێتە پاڵپشتی ئەم پەندە و ڕوونکردنەوەی بە شێوەیەکی تر (گەر شەڕ یەخەت بگرێت، نەیکەین خوا ئەتگرێت).

زۆر جار شەڕی کورد شەڕی دەستەویەخە بووە، شەڕ فرۆش نەبووە، شەڕی پێفرۆشراوە و شەڕیش تاکە هۆیەك بووە، بۆ بەرگری و خۆپاراستن، کە ئەمەش شتێکی خورسکە لە دەروونی مرۆڤدا، دەرئەنجامی ئەم تاوتوێکردنە ئەوەیە، ئەوەی ئەم پەندە پێمان ناڵێن شەڕ کردنە، ئەوەی پێمان دەڵێت خراپی بەتاڵی و نەبزاوتنە. ئەم پەندە ئاماژە بەزۆر شت ئەدات، کە چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی تێدایە. لایەنی ئابووری باسی دەرئەنجامی بێکاری ئەکات و مەترسییەکانی دەرئەخات، لایەنی سیاسی دروستکردنی باردۆخێکی نائارام و ترسناك لەسەر ژیان و کۆمەڵ.

باری دەروونی، کە مرۆڤی بەتاڵ توانای داهێنان و دروستکردنی نابێت. لەسەروو هەمووویشی یەوە، ئەم پەندە وانەیەکە، فێرمان ئەکات کە شەڕ و کوشتار ڕەوشتێکی دزێوون بۆ مرۆڤ بەتایبەت مرۆڤی کورد، کە چەندین سەدەیە لە شەڕی بەرەنگاریدایە، بەڵگەش بۆ



خراپی ئەم ڕەوشەی ئەمرۆیە، کە ببێتە ئاوێنەیەك یان ستانداردێك بۆ پێوانە و هەڵسەنگاندنی ڕەوش و ئاکارە دزێوەکانی تری مرۆڤـــــــ، یاخود بابڵێین بەتاڵی لەگەڵ شەڕ بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی زیان و مەترسی بەتاڵی بزانین چەندە. یان فێرنەبوون و پێش نەکەوتن و بەرزنەبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری خەسڵەتێکن، کە لەگەڵ شەڕدا دەبێت ڕێز بکرێن و سەیر بکرێن.

*** بۆ زیاتر زانیاری لەو ڕووەوە بڕوانە وتارێکی تری نووسەری ئەم باسە لە ژمارە ٢٤ ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێی ساڵی ٢٠٠٢ دا بە ناونیشانی (ڕەهەندەکانی پرسیار و وەڵام).**

**سەرچاوەکان:**

1- The Pimlico History of western philosophy. Richard. Popkin.
2- Inleiding in Filosofie . P. Pekelharing ،Universiteit van Amsterdam 2000.
3- Leviathan. Thomas Hobbes. Boon 1997.

# تەوەری نۆیەم

# رەخنە و تیۆری رەخنەی

**«پێشکەوتن بەبێ رەخنە ئەستەمە» کارڵ کۆپەر**

## ١-٩- رەخنەسازی و تیۆری رەخنەی:

### نوسینی بێشوماری نارەخنەیی:

ئەمڕۆکە بە لێشاو رەخنە و گلەیی و گازندە لەسەر ئاستێکی جەماوەری و رۆشنبیریی جیاواز دەبیستین و دەخوێنینەوە لە رێی میدیاکان و بڵاوکراوەکانەوە. هاوکات دەنگێك بانگەشەی ئەوە دەکات کەکورد هەنووکە لە هەموو ساتەوختێکی تر دەبێت رەخنەگر ورياتر بێت لە بڕیار و هەڵسەنگانەکانیدا بۆ دونیای دەوروبەری. ئیدی ئەم بۆچوونە رەخنەگرتن بێ جیاوازی کردن لە گلەیی و گازندەی لاوەکی بەزەروورەتێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت و بەیەکێك لە شەقڵە دیارەکانی قۆناغی ئەمڕۆمان دەخەملێنرێت. دیارە ئەمە بۆخۆی خاڵێکی باشە لە گەشەکردنی هزرێکی پرسیارکەر و سەرنجدان لای مرۆڤی کورد، بەڵام لەنێوان ئەو هەموو نووسین و رادەربڕینە بێ شومارەدا دەبێت رەخنەسازیی سەنگین و زانستی و ئەندێشەی فەلسەفی جێگا بەو تارماییە کە لە دیدێکی گلەییخواز و دەنگێکی بێزار و تووڕەوە هەڵقوڵاوە لێژ بکات.

بۆیە دەکرێت بپرسین ئاخۆ ئەو هەموو را و سەرنج و بۆچوونانەی کە پەخش دەکرێن، بە رەخنە بوونی ئەقڵی کوردی ناو بەرین، یا خود تەنها بەرجەستەکردنی دیوێکی تر ناخی مرۆڤێکی نارازی و پەرچەکردار؟ دەکرێت ئەم گۆڕانە کە لە دەربڕینێکی جەماوەری بەرفراواندا خۆی ئاوێزاندووە بە قۆناغێکی نوێ و بە پێشهاتی ئەقڵی رەخنەیی کوردی دابنرێت، یاخود بەجۆرێك لە بێ سەروبەری هەر وەك چۆن لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرچاو دەکەون؟



دیارە چەند پرسیارێکی دیکەیش پەلکێشمان دەکەن بۆ راستییەك کە نابێت لەیادی بکەین: سەرباری کەموکورتی و هەژاریی ماریفی و رەخنەیی، دەکرێت ئەو دەرکەوتە نوێیە بە باهۆزێکی مزگێنیدەر بژمێریت کە پێشهاتی بەرجەستە بوونی رۆشنگەری هزری کورد لەسەر ئاستێکی گشتی دابنێین کە لە سەردەمانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە.

### رەخنەو قەیرانی رەخنەی کوردی:

پێشئەوەی بچینە نێو باسی رەخنەوە باشتروایە روونکردنەوەیەك لەسەر واتای چەمکی رەخنە پێشکەش بکەین. زاراوەی رەخنە دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکان و هەر لەوانیشەوە داکەوتۆتە ناو کایەکانی تیچوری رەخنەوە. رەخنە بەواتای بڕیارو هەڵسەنگاندن بەکارهێنراوە، بەتایبەت لە دادگاو و لایەنی پزیشکی سەردەمی رۆمانەکان و ئایینی کریستیانی دا بەو واتایە بەکارهاتووە. گرنگیەکی تری واتای رەخنە ئەوەیە کە لەتەك وشەی "قەیران" و تەنگەژەدا بەکارهێنراوە. لەبەرئەوەی پەیوەندیەکی ئۆرگانیك و ناوخۆیی لە نیچوان رەخنەو قەیراندا هەیە، بۆیە دەتوانینی لەمرەوەوە پایەوە گرنگی رەخنە پێ بزانین. چونکە رەخنەگرتن دەروازەیەکە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەو چارەسەرو ئەلتەرناتیڤ بۆ دۆخێکی قەیراناوی(لالاند٣٣٨& woordenboek filosofie 242).

ئیدی هەردەم رەخنە لەدوای قەیرانەکان دیچت و لەسەرئەوەی روویداوە بەدواچوون دەکات. هەربۆیە کە رەخنە دواتر دێت و دوبێتە پاشمەرجێ بۆ دۆخێکی نالەبارو گرژو ئاڵۆز. کەواتە دەبێت قەیرانو تەنگەژە هەبێت تا نوسینی رەخنەییی بێتەئاراوە. بێگومان لە مێژووی سەرهەڵدانی رەخنەدا چەندین ناو ریبازی رەخنەیی جیاواز هەن سەرباەت بە قەیران سیاسی و کولتوری و هونەری و بەتایبەت بە سەبارەت بە بابەتەکانی کاری رەخنەیی بۆنمونە مارکس لە پەرتوکی "رەخنە لەسیاسەتی ئابوری" دا ئەو بۆچوونە ساغدەکاتەوە کە رەخنە لەتەك قەیراندا بەرجەستەدەبێت. دیارە ماکس وەك یەکێك لە "لاوە هیگڵیەکان" بریاری کۆتایی یاخود مەرگی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی داو ئەوەیان راگەیاند کە فەلسەفە تەنها پیادەکردنی رەخنەیە و هیچی تر! ئەمیش وەك فیورباخ پێی وابوو فەلسەفەی ئایدیالیزمی جۆرێکە لە تیۆلۆجیا. ئیدی مارکس و ئەنجلس هەردووکیان پێکەوە رەخنەکانی فیورباخیان لەسەر ئایین کردە دەستپێك و نموونەیەك بۆ پراکتیزەکردنی فەلسەفە و دامەزراندنی

فەلسەفەیەکی دیالێکتیکی ماتەریالیزمی بۆ لیچکدانەوەو خویندنەوەی کایەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و چینایەتی.

پاشان ئەم شێوازە لە کارکردنی رەخنەیی لەیەن جۆرج ۆکاچ(١٨٨٥-١٩٧١) لە پەرتوی "مێژووی هۆشیاری چینایەتی" دا بناغەی فەلسەفەیەکی مارکسیزمی نادۆگماو نائەرتەدۆکسی دامەزراند. پاشان ئە شێوە رەخنەو بیرکردنەوەیە لەلایەن "قوتابخانەی فارنکفۆرت" پاش جەنگی جیهانی یەکەم کاری لەسەرکرا، بەڵام هێندێکی باش دەستکاری کرا. وە ئەمانیش لەدوو نەوەی جیا پێکهاتن: نەوەیەك پێش جەنگی جیهانی دووەم و ئەویتریش پاش ئەو جەنگە.

## رەخنە واتە رۆشنگەری هزر:

چەمکی رۆشنگەری لە سادەترین گوزارشتدا بە دەموەختی گەڵاڵە بوونی پرسیاری رەخنەیی دادەنرێت، وەك كانت لە وتارە نایابەکەیدا لەسەر رۆشنگەری رەوشی سەردەمی رۆشنگەری بە وەرچەرخانێکی مێژووی بیرکردنەوە ناو دەبات کەتێیدا مرۆڤ دەبێتە رەخنەگر، کەسێکی کامڵ و ژیر. رۆشنگەری ئازادبوونی (کردنی) ئەقڵە لەبڕیاری دامەزراوە ترادسیۆنەکان و بڕیاری پێشوەخت و دەسەڵاتی سیاسیش کە لە رووداوەکاندا بەرجەستە بوون. كانت لە «رەخنەی ئەقڵی پوختدا» بەم شێوەیە وەسفی ساتەوەختی رۆشنگەری دەکات: «ساتەوەختی ئەمڕۆمان، ساتەوەختێکە کە رەخنە باڵادەستە و هەموو شتێك دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی ئەم باڵادەستییەوە. گەر چی زانست و ئایین ویستوویانە لەم باڵادەستییەی ئەقڵ قورتاربن، بەڵام بەمەش ئەوان مافی رێزداری وندەکەن. چونکە هیچ شتێك نەکەوێتە بەر شەنوکەوی ئاوەزی رەخنەیی وتووێژ و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرێ جێگای متمانە و رێز نییە[١].

کەواتە رەخنە لای كانت بیرکردنەوە و توانای زانین و بڕیاردانە لەسەر راستی و ناڕاستیی شتێك. بۆیە كانت ویستی بەو تیۆرە رەخنەییە خۆی رێگا چارەیەك بۆ تەنگەژەی فەلسەفە کە لەنێو هەژمونگەری دۆگماتیزم و گومانگەراییدا دەینالاند بە دەستنیشانکردن و سەلماندنی سنووری ئەقڵ و زانین بەشێوەیەکی رەخنەیی چارەسەرێك، ساینتەزەیەك لە نێوانیاندا بدۆزێتەوە و پاشان ئەوە نیشان بدات کە مرۆڤ تاکوێ و تا چەند توانای بیرکردنەوە و زانینی هەیە. هەڵبەت كانت واژەی رەخنە لە رۆشنگەرییەوە دەخوازێت و بەشێوەیەکی ریشەیی لە فەلسەفەکەیدا دایدەمەزرێنێت [٢].



هەروەها بەو شێوازە توانی رێبازە فەلسەفییەکانی پێش خۆی سەر لەبەریەك هەڵوەشێنێتەوە، گەرچی كانت خوازیاری دروستکردنی سیستەمێکی فەلسەفیی تایبەت نەبوو و نەیویستووە رێبازێکی تر بەێنێتە ئاراوە جگە لەبیرکردنەوەیەکی رەخنەیی نوێ، بەڵام دواجار ئەو شێوازی کارکردنە دەبێتە رچەیەکی فەلسەفی و کەسانی تر لەسەری بەردەوام دەبن [٣]. شایانی وتنە گرێدانی رەخنە بەفەلسەفەوە بۆخۆی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی گریکی، بۆ نموونە پلاتۆ فەلسەفە بە دیالیکتیك، واتە رەخنە ناوزەد دەکات، تاوەکو راستی و ناڕاستی و زانست و ماریفە لە را و بۆچوونی سەر پێیی و بێ سەرو بەر جودا بکاتەوە. هەر بۆیە دەکرێت بووترێت کە فەلسەفە لە سەرەتاوە رەخنەیی بووە و هەوڵی پالاوتنی زانستی و بیرکردنەوەی داوە لە بڕیار و بۆچوونی پێشوەخت.

لێرەوە رەخنە بڕیاردانە لەسەر راستێتی و جیاکردنەوە و شەن و کەوی بۆچوونەکانە [٤]. لە دونیایەکی بزۆز و جەنجاڵی وەك ئەمڕۆدا رووداوەکان و کێشەکان زۆر بەخێرایی تێدەپەڕن بەسەرماندا و مۆڵەتی پرسیارکردن و رەخنەمان نادەن، گەر پێشوەخت خۆمان تەرخان نەکەین بۆ رەخنە و توێژینەوە. لەم رۆژگارەدا و لە ماڵێکی وەك کورددا مرۆڤ ناپەرژێتە سەر ئەوەی وردەکاریەکی قووڵ بکات لەسەر کێشەکان و لە شێوەیەکی سەرزارەکی لێیان نەدوێت. پاشان ئەو دواندنەشی لە جەنجاڵی و پشیۆیی ژیان و گرفتەکاندا جێی خۆیان بکەنەوەکە دواجار ون نەبن. سەرباری ئەوەی مرۆڤی ئێمەش بەرەو کەسێکی ئابووری، بەرخۆرێکی چاوبرسی دەچێت لەژێر کاریگەری سیستمێکی جیهانگیریدا، چیتر توانستی رۆچوون و بیرکردنەوەی رەخنەی نەبێت لە کێشەکان و تەنها خەریکی تێهەڵچونێکی رواڵەتی بێت بەهۆی پێداویستە خێراکانی رۆژانەیەوە.

هەڵبەت لە دونیای رووناکبیری و رۆشنبیریماندا کێشە و گرفتەکان دەگەنە ئاستێکی نزم و وتووێژە رەخنەییەکانیش لەو بێ سەروبەری و جەنجاڵییە بەدەر نین. ئەو چەندایەتی نووسین و رادەربڕینانەی کە هەن، جۆرێکن لە دەوڵەمەندی لەڕووی ژمارەوە، بەڵام هەر ئەو دەوڵەمەندییە، هەژارییە لەڕووی ناوەڕۆك و زانستییەوە. سەرەڕای ئەوەی چەندین گیروگرفت لە میدیاکانەوە بە هەواڵ یاخود ریپۆرتاژ ئاماژەیان پێدەدرێت، بەلانی کەمەوە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بتوانن بەدوایدا بچن. جگە لەوەی گەلێك بابەتی هەستیار و گرنگ بەسەرماندا تێدەپەڕن یاخود نایەنە بەرباس و خواس. ئیتر چۆن رووناکبیر و تا چەند ئەو پرسە ترسناکانە دەخاتە بۆتەی نووسینێکی رەخنەیی، لەکاتێکدا نا بەرابەرییەکی بەرچاو لەنێوان زۆری نووسین

و بڵاوكراوه بەرامبەر بە خوێندنەوەی رەخنەیی خۆی ئاشكرا دەكات. واتە نابەرابەرییەكە لەنێوان نووسین و خوێندنەوەدا هێندە گەورەیە كە پرسیاری ئەوەمان لا دروستدەكات بۆ كی و بۆ چی دەنووسرێت؟

پێدەچێت خوێندنەوە بەئەندازەی نووسین و زۆری بڵاوكردنەوە نەبێت، یاخود مەسەلەكە پەیوەستە كەنووسینەكان هەڵگری هیچ دیدێكی زانستی و رەخنەیی ئەوتۆ نەبن تا وەكو سەنگێكی باشیان لای خوێنەر هەبێت. دیارە لە حاڵەتی یەكەمدا كە نووسین لە خوێنەر زۆرترە ئاماژەیەكی زەقە بە دۆخی خێرا و جەنجاڵی ماڵی كورد، كەجۆرێك لە پشێوی و بەدبەختی خوێندنەوە دەگەیەنێت كاتێك بوار بۆ خوێندنەوە تەرخان نەكرێت. لە حاڵەتی دووەمدا، واتە هەژاریی خودی نووسینەكان و لاوازی رەخنەیان دەگرێتەوە كە ئەمەش نیشانەیەكە یاخو ئاماژەیە بە نەبوونی تیۆرێكی رەخنەسازی و بێ میتۆدی زانستی لە نووسیندا بەشێوەیەكی گشتی.

ئەم بارودۆخە گشتییەی رۆشنبیری كوردی هاودەمە لەگەڵ هەڵئاوسانی بۆچوون و رادەربڕینی بێ رەخنەیی لە دەزگاكانی راگەیاندندا. هەر بۆیە دەتوانین ئەم دۆخە سەرتاپاگیرەی نووسینی بەناو رەخنەیی، بە بێ میتۆدی و هێرش و پەلامار و تێكشكاندنی خودی رووناكبیر و نووسەر ناوبەرین. چونكە ئەوجۆرە رەخنەگرتنە بۆ دروستكردنی پردی دیالۆگە لەنێوان بوارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و نێوان خودی رووناكبیران، یا خود لەنێوان ئەمڕۆ و رابردوو سبەینێدا نیە. بەڵكو شەڕەنگێزییە كە بە هەموو واتایەكی ناخۆش، دژ بەدید و بۆچوونی جیاواز كە هاو كۆك و هاودەنگ نییە لەبیر و بۆچوونی باودا. ئیدی جەنگێكی خاڵییە لە ماریفە و زانست، لە پرسیاری گونجاو، پڕە لە كینەدۆزی كە خودی نووسین دادەبەزێنێتە سەر ئاستێكی بازاڕی و نووسینی رەخنە بێفەڕ دەكات.

هاوكات دەستدرێژكردنە سەر كەسیتی و دەموەردان لە ژیانی تایبەتی بۆتە دۆخێكی ئاسایی و خەریكە وەك تەكنیكێكی رەخنەیی لێدێت. هیچ پێودانگ و پێوانەیەك لەئارادا نییە كە بتوانین رەخنەی سەنگین و بنیاتنەر لە وڕێنە و بۆڵەبۆڵی سەرئێشهێنەر جیا بكەینەوە. هەر بۆیە ئەو جۆرە تەنزە لە نووسیندا هەرگیز و هەرگیز شیاوی ئەوە نییە بچێتە خانەی رەخنەسازییەوە. لەبەر ئەوە ئێمە لەبەردەم نووسینگەلێكی بێ ئەژمارداین كە پڕن لەزمانی وەسفگەرایی و هەلڕشتنی بێ ئامانج و خاڵی لە رەخنە و پرسیار، یاخود لەبەردەم نووسینگەلێكداین كە لێوانلێون لە پەلاماردان و داگرتنەوەی بێهودە. چونكە خوێندنەوەی



جیدی لەپشت ئەو نووسینانەوە نین و نووسەرەكانیشیان (باشتر بڵێین بنووسەكانیان) پێش ئەوەی بنووسن دەبێت خوێنەرێكی بە سەلیقە و وردبین و پاشخانێكی گونجاویان هەبێت لە بوارێكدا.

نووسینەكان بەشێوەیەكی گشتی لەرۆژنامە و پێگەكانی ئینتەرنێتدا، نووسینێكی رۆژانەیی و رۆژنامە ئامێز و رەشكردنەوەی بێ تامن كە زۆر دەڵێن، بێئەوەی هیچمان پێبڵێن و شتێكمان فێر بكەن. لەبەرئەوەی شیكردنەوە و لێكدانەوەیان نییە. دیارە لێرەشدا قسەمان لەسەر ئەو زمانەیە كە پێی دەنووسرێت، تا وەكو ئەقڵ بربكات سادە، نائەكادیمی و بەرهەمی خوێندنەوە و ئەندێشەیەكی دانا نییە. ئەو نووسینە بەناو رەخنەیانەش كایەیەكیتر و جەنگێكی بێهوودەن و گەمەیەكی ترن كە بنووسەكانیان (نووسەرەكانیان) تێیدا دەبنە جەنگاوەرێك و دەمودەست لەپشت رووداوەكانەوە بۆ پێگە و پایەك لە تانوپۆی رووناكبیری كوردیدا دەجەنگن، و لە لایەكیترەوە تاوتوێی بارودۆخەكە دەكەن لە روانگەیەكی تایبەتی خۆییەوە، كە زۆر جاران بەرهەمی گوشاری كارەسات و رووداوەكانە لەسەر دەروونی نووسەرەكە و دەبێتە تەوەرەكی سەرەكی بۆ قسەكردن لەسەر شتێك.

ئیدی نووسەر هیچ نەیتوانیوە خوی لە پەرچەكرداری دەروونی و هۆشەكی رزگاری بێت و بابەتییانە لەسەر كێشەیەك بدوێت. بەڵكو بەزمانی كەسێكی بیمار كە هێشتا لەژێر كاریگەری روداوێكدایە و لە كاردانەوەیەكی سەیر و سەمەرە دەست دەداتە خامە كە بەرئەنجامی وردبوونەوە و بەدواچوون و هەڵوەستە كردن نییە. زیاتر لەوەش تۆڵە كردنەوە و هەڵچوونە لە پشت ئەو نووسینانەوە كە هەردەم بە بە هانەیەكی سادە و دروشم ئامێز ئەركی نووسین و نووسەر دەكاتە بەهایەك كە دەبێت بنووسین و هەڵوێستمان هەبێت و جوامێرانە بێنە گۆ! ئەم رستە و واژانە جگە لە دەمامكێكی ساویلكانەی ئایدیۆلۆجی یان شەخسی هیچی تر نین.

رەخنە گرتن گەرچی زەرورەتێكی رۆشنبیری و ماریفی دەبجولێنێت و لەنێو ئەو دۆخە قەیرانیاوییەدا بەرجەستە دەبێت. پاشان چۆن دەكرێت مرۆڤ رەوایەتی بدات بە خۆی و لەخۆی رابینێت بێ كەشكۆڵێكی زانستی و رۆشنبیریی پێویست لەمەڕ كێشەیەك، بەناوی رەخنەوە هێرش بكاتە سەر كەسانی تر؟ دیارە ئەو دۆخەی كە ئاماژەمان پێدا، باس لە قەیرانێكی ناوخۆیی رۆشنبیری و نووسینی كوردی دەكات كە خۆی لە بێ میتۆدی رەخنەییدا دەبینێتەوە و لە باشترین حاڵەتدا زۆری نووسین و ئەو بڵاوكراوانەی كە  ئەمڕۆكە هەن، دەچنە خانەی

ئازادیی رادەربڕین و بۆچوونی تایبەتییەوە کە مافێکی سەرەتایی مرۆڤە، وەلێ جێی داخە کە ئەو مافە زۆر بەشێوەیەکی نابەجێ و نەفامانە بەکار دەهێنرێت.

هاوکات ئەمە ناگەیەنێت کە رۆشنبیر و نووسینی کوردی خاڵی بێت لە رەخنەی باش و گونجاو، بەڵام چ رەخنەیەك کە هیچ تیۆرێکی بیرکردنەوەی رێك و پێك نەبێت، هەژارە دواجار. هەنوکە نووسین و رۆشنبیریی کوردی کاروانسەرایەکە کە هەریەکێك دێت و باری نووسینی خۆی دەخات و دەڕوات بێ ئەوەی شتێك بەجێ بهێڵێت کە سەرەتایەك بێت بۆ بیرکردنەوە و لێتوێژینەوە. هەروەها ئەو رەخنانەی تا ئەمڕۆکەش لە نووسینی کوردیدا پیادە دەکرێن خۆیان لە بابەتگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی دەدەن بە شێوەیەك لە شێوەکان دوورن لە پسپۆڕی، گەرچی جێگای دانپێدانانیشن.

دیارە بە بەراورد لەگەڵساڵی ٧٠- ٨٠ رەخنەی ئەدەبیش تا رادەیەکی باش لەمۆدە چووە و زیاتر باوی رەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تا رادەیەك بەناو فەلسەفییە. لەبەر ئەوە وادەبینم کە پەرتووکخانەی کوردی تا رادەیەك ئاشنایە بە رەخنەیەکی ئەدەبی، و هەر هەمان شێوازی رەخنە دەیەوێت رەخنەی کێشە سیاسی و دەرکەوتە کۆمەڵایەتی و قەیرانە ئابوورییەکان بکات. لە هەموو حاڵەتێك دا بێ تیۆری زانستی و پاشخانی پسپۆڕی رەخنە ئەنجام دەدرێن.

هەر لەبەرئەوە رەخنەی کوردی زۆر گشتی و لە بازنەیەکی فراواندا دەخولێتەوە و خۆی لە هەموو کێشە و بابەتی نوێ دەدات. هەر بۆیە نووسینە رەخنەییەکان لێکۆڵینەوەی رەخنەیی نین. بەڵکو بەدواچوون و رادەربرین و هەلوێستەکردنن. هاوکات ئەو زمانە رەخنەییەش کەباوە، زمانێکی ریتۆریکی ئەدەبییە و خۆی لە قەرەی کێشەی فەلسەفییەکانیش دەدات. لێرەوە تێکەڵاوییەکی سەیر دەبینم لەنێوان نووسین و لێکوڵینەوەی رەخنەییدا، ئەمەش وای کردووە کە تا ئێستاش زۆر بە کەمی بەرهەمی رەخنەیی لەدایك ببێت. دیارە ئەو زمانە ئەدەبییەی باوە ناتوانێ کێشەکان بەزمانێکی زانستی و زاراوەی خۆی باسی بکات.

بەڵکو ئەو زمانە باوە زیاتر لە هەست و ناخ و ئازارەکانی ویژدانەوە نزیکە. دواجار قەیران و گرفتەکان هەقی خۆیان نادرێتێ لە دەربڕیندا و ئەوسا ناتوانین لە نێوان خەبات و ئەندێشەی جوان و توێژینەوەی سەختگیردا هیچ جیاوازییەك بەدی بکەین. چونکە هەموو نووسینەکان بەیەك زمان و شێواز نووسراون. بڕێکی زۆری ئەو نووسینانەی ناوی رەخنە لەخۆدەگرن، دوورن لە رەخنەسازییەوە، لە رەخنەیەك کە بەدواچوون و شیکردنەوە بێت،



خوێندنەوەیەکی بێندرێژ و نوێ بێت و هاوکات پەیڕەوی میکانیزمی نووسین و کارکردنی رەخنەیش بێت.

دەبێت زمانێك کە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی تێدابێت ئیشی رەخنەیی پێبکریت.نووسینی رەخنەیی تەنها ئەوە نییە نووسەرێك هەندێك زانیاری لەسەر ناو و شوێنێك و مێژوویەك راستبکاتەوە. چونکە ئێمە ناتوانین رەخنەی سەنگین کورتبکەینەوە بۆ سەرنجی گشتی، لێرەوە دەبێت بزانین رەخنە چییە تا وەکو بیناسین و پیادەی بکەین. ئامانجی رەخنە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە دیدێکی ترە بۆ بەرهەمێك یا خود گرفتێك. پرسیارێکی تر کە دەبێت بکرێت: ئایا رەخنەکار و پێشەی کەسانێکی پسپۆڕە یان بۆ هەموو کەسێکە؟ ئەگەر رەخنەی زانستی بێت، بێگومان پێویستی بە شارەزایی تایبەت هەیە کە شتێك نییە بۆ رای گشتی، بەڵام گەر لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بێت دەکرێت هەر یەکێك بە ئەندازەی هۆشیاری و رۆشنبیریی رای خۆی دەربڕێت، گەرچی ئەمەش چارەسەری ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە ناکات.

لەبەرئەوە ئێمە باسمان لەو جۆرە رەخنە نییە کە بابەتێکی رۆژانە دەخاتە بەرباس و گفتوگۆ. بەڵکو مەبەستمان لە رەخنەیەکە کە بەرهەمی ئەندێشەیەکی قوڵ و دیدێکی شرۆڤەیی بێت کە پشت بە میتۆدی سەنگین و کۆمەڵێك پرسیاری تیۆری هەبێت و دواجار وەڵام یا خود ئەنجامێك بەدەست بێنێت. رەخنەیەکی بابەتییانە کە هەست بەئەرك و لێپرسراوێتیی زانستی بکات چ بەرامبەر کاری خۆی چ بەرامبەر خوێنەر، لەبەر ئەوە رەخنە هەمیشە خوێندنەوەیەکی وردبین و بێندرێژە. لێرەوە دەتوانین خوێندنەوە بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

١- خوێندنەوەیەك کە هەڵوێست وەرگرتنە و ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتیی تێدا بەکارە بۆدژایەتی کردنی بۆچوونێکی تر.

٢- خوێندنەوەیەکی رەخنەیی کە ئامێری زمانێکی زانستی و بابەتیانەیە و رەخنە وەك پسپۆرییەك و تەکنیکی کار بەکار دەهێنێت کە تایبەتمەندی کەسانێکی شارەزایە.

٣- خوێندنەوەیەکی دیالۆگیانە کە دەخوازێت لەرێی کێشەیەکەوە دیالۆگ و وتوێژ بخاتە جوڵە و پردێك لەنێوان دوو جەمسەری پێچەوانەدا رایەڵ بکات.

لێرەدا رەخنە سەرەتایەکە بۆکار کردن و توێژینەوە نەك وەك حاڵەتی دووەم، کۆتایی و ئەنجامی لێکوڵینەوەیەکە. جێی داخە کە زۆرینەی نووسینەکان نایانەوێت دیالۆگ و دانووستانێکی وا ئەنجام بدەن، بەڵکو لە هەڵگیرسانی جەنگێکی بینکورت و خێرادان. ئامانجی

رەخنە گرتنیان نییە کە لە پێناوی گەیشتن بە راستیدا بێت، بەڵکو رەخنە هۆکاریکە بۆ هێرشکردن. هەربۆیە ئەو نووسینانە کرچۆڵ و کێشەی رۆشنبیری دەکەنە بنبەست و هاوکات پێشهاتی شتێکی نوێ نادەن. هەڵبەت پێشتر بەشێوەیەك باسمان لەقەیرانی رەخنەیەی کرد کە هەژارە لە واقعێکی دژوار و پڕ تەنگەژەدا. چونکە جۆرێك لە یۆتۆپیا نین گۆڕ و تین بدات بە رەخنەسازی و هەر لەبەر ئەوەش هیچ وەڵامێکیان نییە بۆ تەنگەژەی رۆشنبیری و فەرهەنگی کوردی. پاشان خاوەنی پرسیارێکی دیارکراویش نین.

لێرەوە دەبێت رەخنە پابەند بێت بە قەیران و کێشەکانەوە تا وەکو بیانکاتە کێشەیەکی تیۆری و پرسیارێکی تینو. مەرجیش نییە قەیران ئەو کێشانە بن کە رۆژانە روودەدەن، بەڵام رەخنە دەبێت خۆی ببەستێتەوە بەو قەیرانانەوە نەك لەبەر ئەوەی دواجار وەڵامێکی یەکجارەکی و چارەسەرێکی هەتاهەتایی پێیە، بەڵکو بۆئەوەی بتوانێ تیشکێك و تروسکایەك بخاتە سەر قەیرانەکە.

**رەخنەسازی و تیۆری رەخنەیی (کۆمەڵایەتی):**

لەسەرەتادا بەشێوەیەکی گشتی باسمان لە چەمکی رەخنە و بارودۆخی رۆشنبیری کوردی کرد. پاشان ئاماژەمان بە کەموکورتییەکانی رەخنە و جۆرەکانی خوێندنەوەمان پۆلێن کرد. هەر بۆیە جێی خۆیەتی بزانین ئەو مەرج و پێداویستییانە چین کە دەبێت لە رەخنەسازی و نووسینی رەخنەییدا هەبن لێرەشەوە ئێمە باس لە بەشێکی گرنگ و تایبەتی رەخنە دەکەین کە ئەویش رەخنەیی کۆمەڵایەتییە. ئەو رەخنەیەی کە لە دیدێکی زانستییەوە دیاردە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دەکاتە مەیدانی لێکۆڵینەوە. دیارە ئەم جۆرە رەخنەیەش بە تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت، بەڵام پێش ئەوەی زێتر لەسەر خسڵەتەکانی ئەو جۆرە تیۆرە رەخنەییە بدوێین، دەمەوێت چەند پێشمەرجێك دابنێین بۆ رەخنەسازی بەشێوەیەکی گشتی:

١- ئامانج و مەبەستێك لەپشت رەخنەوە پێویستە، کە ئەویش گەیشتنە بەڕاستی لە میانە دواندنی بابەتێك یا خود زانیاری و تیشکخستنە سەر کێشەیەك. دیارە "چەمکی راستی" بۆخۆی دژوارییەکی فەلسەفەی زانستە، بەڵام جێی باسی ئێمە نییە. بەلانی کەمەوە رەخنە دەبێت ئەم رەهەندە لەبیر نەکات گەر بیەوێت رەوایەتی و راستگۆیی خۆی لەدەست



نەدات. نووسین بۆ دەرخستنی راستییەکە نەك رەمەکی و کوێرانە لەپێناو سەرخستنی مەبەستێکی تایبەتی نووسەردا.

٢- بەرپرسیارێتی و لێپرساویی رەخنەیی. هیچ رەخنەیەك لەبەر پرسیاری نووسەرەکە بەرامبەر بە کێشە و گرفتێك، بەرامبەر بەکۆمەڵ و خوێنەر بەدەر نییە، پاشان خودی نووسەریش لە لێپرساوییەتی و لێپرسینەوەی زانستی ناتوانێت دەربچێت. چونکە دەکرێت رەخنەش بۆ خۆی ببێتە بابەتی رەخنە. ئیدی رەخنەگر دەبێت راستگۆ بێت بەرامبەر کارەکەی خۆی و خوێنەری.

٣- دەبێت رەخنە بە لایەنی کەمەوە ئەقلانی و ژێربێژییانە بێت، بابەتییانە کار بکات لەسەر کێشەیەك، نەك پڕبێت لە راوبۆچوونی دژبەیەك و بێ سەروبەر. چونکە رەخنە هەڵبەستن نییە، بەڵکو پرسیارێکە بیری لێکراوەتەوە بناغەیەکی تیۆری هەیە. لێرەوە ناکرێت رەخنە پێچەوانەی ئەو مەبەست و ئەرك و ئامانجانە بێت کە خۆی هەڵیگرتووە. ئەو ئەقڵەی لەپشت نووسینی رەخنەییەوەیە، ئەقڵی پێوانەیی (نۆرماتیڤ)یە. واتە پەیڕەوی پێودانگ و مەرجێك دەکات و لەخۆڕا شت یاخود سیفەتێك ناداتە پاڵ دەرکەوتەیەك، بێ بەڵگە و توانای سەلماندنی. لێرەوە قورسایی زانستی رەخنە پەیوەستە بە بەڵگەوە نەك بە پلەوپایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی رەخنەگر یاخود رەخنە لێگیراوەوە. دەسەڵاتی بەڵگە باشترین ناوبژیکەرە کە پاساوێکی بابەتییانەی بدرێتەوە، وەك هابەرماس دەڵێت [٦].

کەواتە رەخنە دانووستان و وتووێژێکی تێر و تەسەلْ دەخوازێ و کێشەکان بە بەردەوامی دەورووژێنێت کە سەرەتایەکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. واتە رەخنە هۆکارێکە کە دوورە لە گەمەیەکی دەسەڵاتخواز و هێز و ویست و هیچ جیاوازییەك ناکات لەنێوان دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتدا، چونکە بێ لایەنە و لە پێناوی دەرخستنی راستەکاندایە [٧].

٤- دەبێت رەخنە رێفلێکشن، بە دواداچوون و لێکدانەوەیەکی سیستماتیکی بێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کە وەستانێکی قووڵ و ریشەیی دەخوازێت دوور لە خەیاڵ و فەنتازیای ئەدەبی. چونکە رەخنە لێرەدا تەکنیك و میتۆدە و هاوکات دەبێت واقیع بین بێت و توانایەکی تیۆری بەرێوەی ببات. لەبەر ئەوەی ئەو نووسینانەی کە بابەتی رەخنە گرتنن بۆچوونی کەسێك دەکاتە ئامانجی لێکۆڵینەوە پاشان لە بابەتی سەرەکی لائەدات بۆ ژیانی نووسەرەکە، و بە دەمەقالێیەکی نادروست کۆتایی پێدێت. ئەم دیاردە دزێوە لە نووسینی کوردیدا ساڵانێکە باڵادەستە و رووبەرێکی زۆری نووسینی بۆخۆی داگیر کردووە کە مایەی دووبەرەکی و لێشاوی

بێزاری و کینەدۆزییە. نووسینێکە زۆر نابوت و کرێتە چونکە لادەدات لە رێڕەوی نووسین و خۆی بەشتی لاوەکییەوە خەریك دەکات.

هەڵبەت ئەمە گەمەیەکی خۆخۆرە و دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی سەرهەڵدانی دیالۆگی فەلسەفی. ئەو سۆفیستانەی کە لەرێی وتارەکانیانەوە دەیانویست تەنگ بەسۆکرات هەڵچنن خاوەنی زمانێکی بەگفتولفت و تەکنیکی سەیر بوون لە ئاخاوتندا کە بە هەموو شێوەیەك لە بابەتی گفتۆگۆ لایان دەدا و خودی ئاخێوریان دەکردە نیشانەی پێکان و بردنەوەی مشتومڕەکە و هەرگیز ئەمە لە پێناوی راستیدا نەبووە بەئەندازی سەرکەوتن و خۆ سەپاندن. دیارە لەزمانی لاتینیدا ئەوجۆرە تەکنیکەی کە کەسێتی ئاخێوەرێك یان نووسەرێك بکاتە بابەتی رەخنە بە بەڵگەی شەخسی (Argumentum ad person) یاخود ئەد هۆمینەم Ad hominem ناو دەبرێت. شایانی باسە شوینهاوێر لە نامیلکەیەکیدایە بەناوی( چۆن دەیبەیتەوە) بەدرێژی تیشکی خستۆتە سەر ئەم لایەنە [8].

ئاشکرایە سۆفیستەکان دەستێکی باڵایان لە تەکنیکی ئاخاوتندا هەبووە، کەسانێکی بە گفتولفت زمان پاراو بوون و زیرەکانە مامەڵەیان لەگەڵ گوێگر و دژەکانیاندا کردووە. گەرچی پلاتۆ و فەیلەسووفەکانی دوای ئەو بەشێوەیەکی سیستماتیك بۆچوونەکانیان پوچەڵکردوونەتەوە، کاریگەریی خۆیان هەبوو لە دروستکردنی ترادسیۆنێکی گرنگدا کە بە ریتۆریکا (هونەری وتووێژ، بە دەستهێنانی هەقی خۆت لەبەرانبەر) ناسراوە.

شایانی باسە فۆکۆش لە کارەکانی دواییدا دەگەڕێتەوە بۆ ترادسیۆنەتی فەلسەفیی گریك و ئەو چەمکانەی کە باو بوون بۆنموونە پاراسێا (Parassea): واتە وتاری بوێرانە کە جۆرێکە لە رەخنەی تاکەکەسی لەبەرامبەر کۆمەڵ و دەزگا و بۆچوونەکانی تر. فۆکۆ لە رێی ئەو چەمکەوە دەیەوێت ژیان بکاتە هونەرێك کە تاکەکەس توانا و دەربڕینی راوبۆچوونەکانی بێت بەشێوەیەکی راشکاو و بوێرانە و نەسڵەمێتەوە لەچاودێری و سەرزەنشت و هەژموونگەری و دەسەڵاتی سیاسی یان ماریفی. مرۆڤ دەبێت توانای ئاخاوتنی هەبێت بێ رێگر و فشار. ئەو مرۆڤە زرنگە لە ژیاندا وەك کەسێکی ئاخێورە و بە شێوەیەکی رەخنەیی دێتەگۆ و هەڵوێستەکردن.

دیارە بۆچوونەکەی فۆکۆ سەبارەت بە رەخنە تەواو پێچەوانەی هابەرماسە. چونکە لای ئەو دوان و ئاخاوتنی رەخنەیی بەدەر نییە لەجۆرێك دەسەڵات و هێز. فۆکۆ دەسەڵات و هێزی پێ خراپ نییە تا ئەو کاتەی بواری رەخنە گرتن و ئاخاوتن هەبێت. هاوکات وتنی راوبۆچوون



و رەخنەش پەیوەست نییە بە سۆراخکردنی راستی یاخود مافی راستویستیی ئاخێوەر، بەڵکو هاتنە گۆ لەپێناوی پراکتیزەکردنی ئەو مافەدا کە مافی رەخنەگرتنی بوێرانەیە نەك راستی. هەر بۆیە رەخنەش بەشێکە یا خود جۆریکە لە دەسەڵات و ململانێ کە لە خوێ لەتۆڕی دەسەڵاتەکاندایە. لە کاتێکدا هابەرماس رەخنەگرتن و ئاخاوتن لە پێناو راستی و دەرخستنی هەقیقەتدا دەبینێت. هەقیقەتێك کە ئەقڵانی و لە دەرەوەی گەمەی دەسەڵات بێت، بە واتایەکی تر: دەسەڵات و هێز رێگرە بۆ ئەنجامدانی وتووێژ و دانووستانێکی پوخت و یەکسان، چونکە دەسەڵات و هێز هەمیشە دەیەوێت قورتاربێت لە دەسەڵاتی بەڵگە و راستی بکاتە موڵکی خۆی و پلەوپایەی خۆی وەك فشارێك بەکار بهێنێت. (٩).

دیارە فۆکۆ ویستی رۆحێکیتر بکاتەوە بەبەری ئەو چەمکە گریکییە «پاراسێیا» کەتەنێ رۆڵی مرۆڤی تێدا ئاخاوتنێکی بوێرانەیە، رەخنەیە لە سەر کەسی بەرامبەر (هەرکەسێك بێت). لێرەوە گەمەیەکە لەنێوان ئەو کەسەی (لافی) راستی دەڵێت و گوێگردا. ئاخێوەر، ئازادی و چاونەترسی خۆی بەکار دەهێنێ بەسەر ئەو بۆچوونانەی باون. هاوکات ئەمە ئەوە ناگەیەنێت درۆبکات، بەڵکو دەبێت راستی لەپێناوی ئاخاوتن و رەخنەگرتندا نەك لەبەر گەیشتن بە هەقیقەتێکدا بێت. لێرەوە رەخنەگرتن چالاکییە کە بێ بوونی رەهەندێکی چەسپاو کە ویستی راستی، هەقیقەتە (١٠).

هەر بۆیە کەسێك لە پلەیەکی بەرزی دەسەڵاتەوە یاخود مامۆستایەك، باوکێك لە سەرەوە رەخنە و سەرزەنشت دەکات، پێی ناووترێت پاراسیا، بەڵکو پاراسیا دەبێت لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت: واتە خوێندکارێك بەرامبەر مامۆستا، منداڵێك بەرامبەر باوکی، هاووڵاتییەك بەرامبەر دەزگایەکی دەسەڵات [11]. لە بیرمان نەچێت بەکارهێنانی چەمکی پاراسیا لای فۆکۆ رەوشێکی تاکەکەسییە نەك باس لە تیۆرێکی رەخنەیی کۆمەڵایەتی. هەربۆیە جیاوازیی هابەرماس و فۆکۆ لێرەدا ئاشکرایە. هابەرماس لە ترادسیۆنێکی ترەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە فرانکفۆرت دیدێکی رەخنەیی سیستماتیکی بەرجەستە دەکات لە تیۆری کۆمیکەیشندا، هەڵبەت فۆکۆش خاوەنی دیدێکی رەخنەیی و نووسینی ناسراوە لەبواری رەخنە لە مێژووی بیر و زانستدا، وەلێ ئەم لە نووسینەکانیدا هیچ پێودانگ و پێوەرێکی تیۆری بەکار نەهێنانەوە لە سۆنگەی شیکردنەوەی مێژووی دەسەڵات و دروستبوونی تاکەکەس و مۆدێرنە دا. دیارە هەر ئەوەش وای لە هابەرماس کردووە کە لە نووسینەکەیدا «دیسکۆرسی مۆدیرنە» فۆکۆ بداتە بەر رێژنەی رەخنە و بە کەسێکی بێ میتۆدی رەخنەیی دابنێت [12].

گەر سەرنجی قوتابخانەی فرانكفۆرت بدەین كە بە یەكێك لە كاریگەرترین ڕێبازی ڕەخنەیی دادەنرێت، بەرهەم و زادەی دەموەختی قەیرانێكی جەرگبڕە لە مێژووی مۆدێرنەدا. پەرچەكردارێكی رۆژگارێكی ترسناك و تاریكە كە ڕەشماڵی جەنگ ئاسۆی هیوای تەنیبوو. هەر لە كۆتایی جەنگی جیهانیی یەكەم و جەنگی دووەمدا ئەم قوتابخانە رەخنەیە دەستبەكار دەبێت و هەوڵی تێۆریزە كردنی كێشە سیاسی وەك نازیزم و فاشیزم توتالیتاریزم و پاشان كێشەی فەرهەنگی و كولتووری وەك گرێ كوێرەكان مۆدێرنە و رۆشنگەری لە دیدێكی فەلسەفییەوە هەروەها شرۆڤەكردنی گرفتە كۆمەڵایەتییەكانی مرۆڤ لە كۆمەڵگای پێشەسازی و گرفتەكانی ئابووری كەپیتالیزم و بازاڕ و هتد.

فرانكفۆرتیەكان لەسەر ئاستی تێۆری و خوێندنەوەی كۆمەڵگا پردێك لەنێوان زانستە جیاجیاكان واقیعدا دروستبكەن هاوكات خەمی ئەوان تەنها رەنگ رشتنی گوتارێكی رەخنەیی نەبوو، بەڵكو بەشداریكردن و خوێندنەوەی وردی زانستی بوو بۆ سەردەمی خۆیان. ئەوان لە قەیران و تەنگەژەكانی مۆدێرنەوە هاتوون باس لە وەرچەرخان و رەخنە دەكەن. لێرەوە كارەكانیان بەدوور نەبووە لە دیدێكی رەخنەیی قوڵ، چونكە وەك هانا ئارنت دەڵێت: «گەر سەرنجێكی پەیوەندی نێوان سیاسەت و فەلسەفە بدەین، دەبینین، هونەری بیركردنەوەی رەخنەیی هەمیشە ئاكامێكی فەلسەفیی هەیە [١٣]. كەواتە رەخنە و دیدی قوتابخانەكە زەمینەی خوی هەبووە لە پەیوەندییەكی دیالێكتیكی نێوان دەوروبەر و تێۆریدا بووە كە لە رێگای دیاگنۆسی دەركەوتەكانەوە و كاریگەرییان لەسەر فەرهەنگ و مرۆڤ بەدوای رێگا چارەدا گەڕاون، ئەوش بۆخۆی بە دیوێكی تردا بوونی یۆتۆپیایەكی بە رەخنەیی و چارەنووسساز دەگەیەنێت.

لێرەوە دەتوانین دەستنیشانی چوار خسلەتی سەرەكیی رەخنەی تێۆری كۆمەڵایەتی بكەین كە بەڕای من دەبێت لە رەخنەی كوردیدا ئامادە بێت. دیارە ئەم چوار خسڵەتە كتومت لە قوتابخانەی فرانكفۆرتدا هەبوون، بۆیە نوسینە ڕەخنەییەكانیان بە هەوڵێكی زانستی و بەرهەمدار دادەنرێن. پیادەكردنی رەخنەسازی لە دیاگنۆس، واتە دەستنشانكردن و پەنجە خستنەسەر كێشەكانی دۆخێك دەكات كە بەندە بەو چوار خسڵەتەوە" :-

١- ئۆنتۆلۆجیای كۆمەڵ: واتە دەبێت تێۆری رەخنەیی دەستنیشانكردنێكی وردی هەبێت بۆ بونیاد و پێكهاتەی كۆمەڵ و لەوێوە شتێك بخاتە سەر دەركەوتە و گرفتەكان، ئەمجا لێكدانەوە ئامانجی دەبێت. پەنجە خستنە سەر ریشە و هۆكارەكانی كێشەیەك و ئاستەنگی



گەشەی كۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگرێت. كاتێك ئێمە باس لە گرفتێك دەكەین دەبێت گرفتەكە هەبێت و لە كۆمەڵگای كوردیدا بێت و هەر لەو گۆشەنیگاوە بەدوای چارەسەردا بگەڕێت، بۆ نموونە دەبێت بپرسین ئێمە چۆن و لەكوێوە باس لە باوك سالاری و مافی ژنان، كێشەی لاوان و خێزان و پەیوەندی نێرومێ دەكەین، واتە دەبێت چوارچێوەیەكمان هەبێت سەبارەت بە واقیع و دەوروبەری كوردییە. ئێمە ناتوانین كۆمەڵگایەكی زۆر پیشكەوتوومان لە خولیادا بێت و بمانەوێت بیچەسپێنین بەسەر كۆمەڵگایەكی وەك كوردەواری. دەبێت بزانین باس لە چ كۆمەڵگا و سەردەمێك دەكەین. هەر لە كێشەی ناعەدالەتی سیاسی و كۆمەڵایەتی، هەژمونگەری كۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر تاك، تا دێوزمەی گەندەڵی لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و مەدەنی تاكو جێگۆڕكێی دەسەڵات و مافی یاسایی و بوونی دەستوور.

٢- بوونی پێودانگێك، رێسایەك، رچەیەك بۆ رەخنە و كاركردن كە بتوانین رەخنە بگەیەنێتە ئەنجام و بڕیاردان و دواجار بەلاداخستنی كێشەك. واتە بناغەیەكی تێۆری زانستی هەبێت كە لێوەی بنوارینە كێشەكان.

٣- لەبەرچاوگرتنی هۆكار و فاكتەرە سەرەكییەكان لە دروستكردن و رێخۆشكردن بۆكێشەیەك، هاوكات لەبیرنەكردنی رۆڵی سەرەكی ئابووری و سیاسەت لە سەركایەكانیتری كۆمەڵ. لێرەوە دەبێت زانستە جیاجیاكان وەك سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابووری و فەلسەفی هاوكاریی یەكتری بكەن، تا وەكو دیدێكی گشتگیر و تەواومان هەبێت لەسەر كێشەیەك كە هاوكاری و ناوكۆیی ئەنجام دەدرێت لەنێوان پسپۆڕە جیاجیاكانی ئەو بوارانەدا. ناكرێت كێشە و گرفتەكان كورتبكرێتەوە بۆ تەنها فاكتەر و هۆكارێك چونكە ئەوسا ئێمە دیدێكی تاك رەهەند و یەكچاومان دەبێت. لێرەوە چارەسەر كردنی گرفتەكان كاری یەك دوانێك نییە و لە توانای ئەوانیشدا نییە، بەڵكو پێویستی بە هەرەوەزی زانستیی هەیە.

٤- دەبێ بزانین ئامانج و مەبەستی تێۆر و رەخنە چییە و پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ دەوروبەردا لەبیر نەكەین. واتە پەیوەندی نێوان تێۆر و دەوروبەر تەواوكەر و كاریگەر چ لە گەشەكردنی زانستدا چ لە گەشەدان و پێشخستنی كۆمەڵ خۆیدا. نووسەر و فەیلەسووف دەبێت قسە لەسەر واقیع بكات، نەك چیرۆكی واقیعمان بۆ بگێڕێتەوە، وە ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵە نێوان هزری رەخنەی و واقیع پشتگوێ نەخات، چونكە ئامانج و مەبەستی هەموو تێۆرێكی رەخنەی زانستی ئاوڕدانەوە و تاوتوێ كردنی واقیعێكە و بەشداریكردنێكی تەواوە لە وتوویژ و گەڕان بەدوای چارەسەردا [١٤].

که واته ڕەخنەگرتن و توێژینەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، ئایینی و مێژوییەوە کاری تیۆری ڕەخنەییە کە بتوانێ وێنەیەکی گشتی بەرجەستە بکات و پەنجە بخاتە سەر گرفتەکان. شرۆڤە کردنی کۆڵەکە و سەرخانی کولتووری، ڕۆڵی خێزان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەموویان دەبنە سەرچاوەیەکی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی چارەسەر، ئەگەرەکانی گۆڕان لەمیانەی وتوێژی ئامانجداردا. دیارە تەنها ئاماژەدان بەکێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەس نییە بۆ نووسینێکی ڕەخنەیی زانستی، بەڵکو تیۆریزە کردنیان وێنەیەکی ڕاستەقینەمان دەداتێ لەسەر ئەوگرفتانە.

لێرەوە ڕەخنەسازی و کاری ڕەخنەگر هێندە ئاسایی و بێ گرێ نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە لەبیرکردنە و نووسین و گەڕان و گەیشتن بە ئەنجام کە بە سێ و دوویەك ناکرێت، سەرباری ئەوەی کارامەیی و پاشخانی زانستی کە پێشمەرجێکە بۆ ڕەخنە، دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و هەستان بە ئەرك و ڕۆڵی بە شێوازیکی گونجاو و شارستانی ئیتیکی ڕەخنەسازە. هەر بۆیە ئەو نووسینانەی ئەم خاڵانە ڕەچاو ناکەن بۆ خۆیان هۆکارێکن لە ئاڵۆزکردن و قەیراناویکردنی ڕەخنە و ڕۆشنبیریی کورد لە لایەکەوە و لە لایەکی تر دواخستن و لەدەستدانی هەلومەرجی پیشکەوتن.



## سەرچاوەکان:


1. I. Kant; Kritiek der Reine Vernuft. [vert] deel 3 p. 13 2003

2- H. Arendt; Oordelen: Lezeningen over Kants politiekefilosofie , p. 66. krisis en paresseia 1996.

٣- .پ هـ.س

٤- .پ هـ.س

٥- وتاریکی نووسەرە لە ژمارە (٦٢٥) ئالای ئازادیدا بە ناونیشانی (لە دەمەتەقییەوە بۆ دەمە تیرۆرکردنی کەسایەتی؟ )

6. K. Vinteges; De terugkeer vna het engagement, pp. 89-92. Boom. 2003

٧- پ هـ.س

8. Schopenhauer krijgen.

9- K. Vintges p. 13. Sun.1999 De kunst van gelij

10- M. Foucault vert: Ineke van der Berg. De Balie، ،Parresia p.14, 2004

١١- پ هـ.س

12. M. Kelly Critique and Power; Recasting the , Foucault/Habermas debate ،pp.366-392. Cambridge, Massachusets, 1998

13- H. Arendt,. p. 71

14. M. Korthals; Kritiek van de Maatschappelijke kritische rede, pp.11-16 ،continbo, 1986

## ٢-٩- ڕەخنە لە دەمەتەقێوە بۆ دەمەقاڵێ و تیرۆرکردنی کەسێتی لە مشتومڕەکەی نێوان فاروق ڕەفیق و بەختیارعەلی

وەك سەرەتایەکی بۆ ئەم نووسینە دەبێت فۆرمێك یاخود سترۆکتۆرێك بدەین بەومشتومڕەی چەند ساڵانەی دوایی نێوان هەندێك نووسەر و ڕۆشنبیر، بەتایبەت فاروق ڕەفیق و بەختیار عەلی، پێویستە هەندێك لە جیاوازی و لێکچوون و ئەنالۆگ (Analogy)ی نێوان ئەو دوونووسەرە بخەینە سەر کاغەز، تاوەکو بتوانین شرۆڤەی هەندێك ڕەهەندی فەلسەفی و کولتووری لە سۆنگەی ئەو باس و خواسانەی کەجێی دەمەتەقێ بوون. لەبەر هەمان هۆ دەمەوێت چێوەیەکی گشتی بۆ نووسینەکەی فاروق (ماڵێکی لێکترازاو) دابنێم و بیخەمە خانەی لێکدانەوە، واتە تاپیاندنی نووسینەکە، بۆئەوەی بەئاسانی و ڕوونی کاریان لەسەر بکەین، پاشان بتوانین بۆ ئەوپاشخانە فەلسەفییەی کە فاروق لێوە ئەدوێت بگەڕێینەوە.

هەڵبەتە هەمانشتیش سەبارەت بە نووسینەکەی بەختیار (ئیمان و جەنگاوەرانی) ڕاستە. دیارە پێش هەموو شتێك دەبێت تێز و بیرۆکەکانی ئەم دوو ناوبراوە ڕێکۆنسترەکشن (Reconstruction) بکەین، واتە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە، ئەمەش بەمەبەستی دروستکردنی ڕاهێڵێکی سەرەکییە بۆ ڕاوبۆچوون و پرسیارە جیاوازەکانیان دروستکەین لەم دێبەیتەدا.

با لە فاروقەوە دەستپێبکەین، فاروق دەیەوێت لەگەنجینەیەکی فەلسەفییەوە بەتایبەت لە فەلسەفەی گریکەوە لەسەر مەسەلەگەلی وەك ڕۆشنبیر و کولتوور و سیاسەت و ماڵی کورد بدوێت. لێرەوە دۆخی تێگەیشتن و دیدی فاروق هاوشێوەبوونێك هەڵدەگرێت لەتەك تێزەکانی فەلسەفەی کلاسیك، بەوەی دۆخی ماڵی کورد و باری ژیانی لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکان بەشێوەیەك لەشێوەکان هەماهەنگە و هاوشێوەیە بەباری سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ماریفی سەردەمی سوکرات و پلاتۆ، باشتر بڵێین دیموکراسی ئەسینا.

دیارە بارودۆخی ئەودەمەی ئەسینا دەبنە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفەیەکی سیستماتیکی و کارکردن لەسەر بنەماکانی بیرکردنەوە و تیۆریزەکردنی سیاسەت و دەوڵەت و ماریفە لەلایەکی ترەوە. لێرەوە دەکرێت بەراوردێك لە نێوان دۆخی ئەسینا و ماڵی کورددا بکرێت. مەبەستمان لەم ئانالۆگە ئەوەنییە کە دیموکراسی ئەسینا و باری سیاسی کورد ئەمڕۆ کتومت وەك یەکن، گەرچی دەکرێت لە هەندێك ڕووەوە کار لەسەر ئەم بەراوردە تیۆرییە بکەین بۆ تیشکخستنەسەر هەندێك لایەنی شاراوەی ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسیمان. هەڵبەتە لە یەك دوو نووسیندا کە یەکەمیان لەساڵی(٢٠٠٢) دا لە 'کوردستانی نوێدا' لە میانەی باسکردنی پرسی گۆڕان



و سەرهەڵدانی ماریفەدا ئاماژەیەکی خێرام بەفەلسەفە لەئەسینا داوە، پاشان لەم دوایەشیدا هەرلە 'ئالاّی ئازادیدا' لە ستونگەی پەیوەندی تراجیدیا و فەلسەفە جارێکی تر گەڕاومەتەوە بۆ ئەسینا لەڕێی بەراوردکارییەوە.

لێرەشدا ناچارم جارێکی ئاماژەی پێ بدەمەوە بۆ ئەوەی هەندێك ڕەهەندی فەلسەفی لەنووسینەکەی فاروقدا بدۆزینەوە. کاتێك دیموکراسی ئەسینا پیر و لاواز دەبێت لە ئەنجامی فشارو جەنگی درێژخایەنی ناوخۆ و هاتنی لێشاوی سۆفیستەکان لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کاتێك دەسەلاّتی بەڕێوەبردن دەبێتە گەمەی زۆر هێنانی دەنگەکان، سیاسەت و مەعریفەش کورتدەکرێتەوە بۆ ڕا و بۆچوونی سەرزارەکی خەڵکی. ئیدی دیموکراسی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتی بەکۆی دەنگی دانیشتوانی شار دەبەستێت و زۆرینە مافی بڕیار و پلان و نەخشەی دەبێت. لێرەوە کێشەکان و گرفتە ماریفییەکان دەبنە کێشەی زۆرینە: واتە تاچەند زۆرینە ڕایان لەسەر پلانێکە بەپێی ڕاوبۆچوونیان نەك پشت بە پێودانگی فەلسەفی و پسپۆڕی. دواجار هەر زۆرینەیە کە بڕیاری مەرگی سوکراتی فەیلەسووف پەسەند دەکات، هاوکات دیموکراسی دەبێتە گەمەیەك لەدەستی کەسانی ناشارەزا و بەرەو داهێزران و نەمان دەچێت.

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر لەپشتی لاوازی دەسەلاّتی ئەسیناوە بوون و پاشان ڕێخۆشکەرێکن بۆ نووسین و بیرکردنەوەی پلاتۆ کەلە شاکارەکەیدا **(کۆمار)** بنەمای دەسەڵات و ماریفە پێکەوە گرێدەدات لەسەر سترۆکتۆرێکی فەلسەفی بۆ دادوەری بەدەستی کەسانی پسپۆر واتە فەیلەسووف. لێرەوە ئەرکی فەیلەسووف و زانا ڕزگارکردنی شارە لە پاشاگەردانی کە نەزانی و نەهامەتی کولتووری و چڵوچۆیی سۆفیستەکان کە باڵیان بەسەر بارودۆخەکەدا داکێشاوە. لەم سۆنگەیەوە فاروق کار لەسەر واقیعی کوردی دەکات و هەماهەنگییەك لەنێوان ئەو دۆخە مێژووییە و ئەمڕۆی کورددا لەپشت نوسینەکانیویەتی.

هاوکات نووسینەکانی فاروق سیخناخە بە وشەگەلی وەك جوامێری، ڕۆحی جەنگاوەر، ڕەوشتی ئەریستۆکراتی و ڕۆحی کوێلە و هتد. دەبینین ئەم چەمکانە بوونەتە بەشێك لە بیرکردنەوەی فاروق، دواجار ئەمە شتێکی نامۆ نییە گەر ئێمە لەمڕۆدا بتوانین کۆتێکستی مێژوویی و ڕەهەندی زمانەوانییان ڕەچاو بکەین. هەرلەبەر هەمان هۆ کاتێك فاروق دەبێتە (یان خۆی دەکات) بەئەنتی دیموکرات، دەکرێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێست و بیرکردنەوەی فەیلەسووفێکی وەك پلاتۆ کەچۆن و بۆچی لەکەیدا ئەو دژە دیموکراسی بووە؟ نەك بەو واتایەی ئەمڕۆ باوە، چونکە دەکرێت بڵێین فلاّن ئەنتی دیموکراتە، بەلاّم ئەلتەرناتیڤی چییە؟ پاشان کام دیموکراسی؟ کە دەزانین دیموکراسی ئەمڕۆ

چەندین جۆر و لق وپۆپی هەیە، ئاسان نییە بێ ئاماژەکردن بەجۆرێکی دیموکراسی، خودی دیموکراسی ڕەتبکەینەوە. لەلایەکی ترەوە دیموکراسی بەواتای ئەمڕۆمان جیاوازە لە سەردەمی پلاتۆ، هەروەها کێشەی وەرگێڕانی تێکستە کۆنەکان و بەهەڵە لێکدانەوەیان بەرهەمهێنەری شێواندن و دروستکردنی تەمومژییە لەسەرتێزە فەلسەفییەکان بە تایبەت کلاسیکەکان.

هەربۆیە کاتێك فاروق بەئەنتی دیموکرات ناوزەد دەکرێت یاخود بەکەسێك کە بانگەشە بۆ ترادسیۆن دەکات و دەکرێتە مرۆڤێکی پاتەرنالیست (باوکسالار) دەبێت ڕەگ و ریشاڵی ئەو چەمکانەی فاروق بەکاریان دەهێنێت بپشکنین، ئەویش پلاتۆیە بەپلەی یەکەم، کەبانگەشە بۆدەسەلاتی ڕەهای ئەقڵ دەکات لە بەرامبەر بەدەسەلاتی زۆرینە کەدیموکراسی پابەندە پێوەی. دەسەڵاتی سیاسی دەبێت بڕیارەکانی لەئەقڵ و مەعریفەی فەیلەسووفانە سەرچاوە بگرێت نەك زۆرینە. چینی فەیلەسووفان و داناکان ئەوچینەن کە کۆمار دەبەن بەڕێوە. سیاسەت و دەسەلاتی بەڕێوەبردن کاری ئەمانە نەك خەڵکانی ڕەشۆکی(عامی).

دەشێت فاروق لە مڕوەوە دژە دیموکراسی بێت لە هەمانکاتدا ئەمڕۆ بانگەشەی دیموکراسی لەسەر زوبانی زلهێزێکی وەك ئەمریکا سەروبنی نەخشەی سیاسەتی داگیرکردن و فراوانخوازی دەسەلاتی ئابووری و سیاسی گرتووە. ئەمەش بۆخۆی گومانێکی گەورە دروست دەکات بەڕووی دیموکراسی و هەڵگرانی و ئەوانەشی بانگەشەی بۆ دەکەن. زلهیزیك کە لە دوای یانزەی سێپتەمبەرەوە ستراتیجییەتێکی نوێی گرتەبەر بەوەی توانی مەترسی تیرۆریزم لە خاکی خۆیەوە دووربخاتەوە بگۆێزێتەوە بۆ ئەفغانستان و عێراق. بەمەش توانی مەیدانی جەنگ و وێرانەمالی بۆئەو ولات و گەلانەی دیموکراسییان بەدیاریی بۆبرابوو. لەلایەکی ترەوە دیموکراسییەك کەدەسەلاتی کوردی بانگەشەی بۆدەکات ناتوانێت یەکدوو پاریزگا یەکبخاتەوە، کەتەنها یەك ڕاستیمان دەداتێ: دەسەلاتی سیاسی بەدەبڵ ئەجێندا دەچێت بەڕێوە. ئەجێندەك باس لەیەکگرتنەوە دەکات، ئەجێندەیەکیش خەریکی دابەشکردنی مۆڵگەکانی دەسەڵاتە لەنێو هاوپەیمانەکانی خۆیدا.

دیارە ڕاوبۆچوونی فاروق سەبارەت بەم بارودۆخە جیهانییە و ناوخۆییە هیچ جێگەی سەرنج نییە گەر ئاگامان لەهەڵوێستی چەندین ڕووناکبیری ئەمریکی و ئەوروپی بێت کە ئەو جۆرە دیموکراسییەی ئەمڕۆ بانگەشەی بۆ دەکرێت لەسەرتاسەری جیهاندا جگە لە درۆیەکی گەورە هیچی ترنییە. هەر لە تۆکڤیل و برۆکەوە تا چۆمسکی تیگری و جۆرج شۆرڤ و و چەندین نووسەریتر کە بەو بەهانەیەی دیموکراسی لەزەوییەکی وشکدا سەوز بکات شایەتمان ناهێنن. لەم دوو ڕەهەندەوە، یەکەم فەلسەفەی پلاتۆو، دووهەم بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان بۆ کەسێکی وەك فاروق جێی گومان و پرسیارێکی زۆرە.



دیارە ئەمڕۆ ئەنتی دیموکراسی، ئەنتی ئەمریکان و ئەنتی گلۆباڵ کۆمەڵێك گرووپ و ڕێکخراوی جیاواز و ئایدۆلۆجیایی جیالەیەك دەگرێتەوە: هەر لە فەندە مینتالسیتی دیانەوە تا ئیسلامی، هەرلە ژنانی ئەنتی ئەبۆرتوس تاوەکو ژینگە پارێزەکان وئەنارشیست و چەپەکان و گەلێکی تر دەگرێتەوە. ئاسانە بە خۆمان بڵێین دژە دیموکرات یان کەسانێك بخەینە ئەو خانەیەوە.

پێم وایە ناوزەدەکردنی فاروق بەئەنتی دیموکرات لەسەر زمانی کەسانی تر (گەرچی خۆشی وا دابنێت) بۆخۆی وتەیەکی سادەیە گەر لێکۆڵینەوەی لەدواوە نەبێت. وەك ئەوە وایە بانگەشە بکەیت بۆئەمە: "خەڵکینە ئێمە چەندین ساڵە دەناڵێنین بەدەست دیکتاتۆرییەت و داپڵۆسین و کۆیلایەتییەوە لەلایەك، ولەلایەکی ترەوە ئێمە مەحکومین لە ژێرکۆت و زنجیری سیستەمێك کە لەناوخودی خۆماندایە ئەویش کولتووری باوکسالارییە کە لەهەموو ئاستە جیاوازەکانی سیاسەت و حیزبایەتی و خوێندندا، هەرلە پەیوەندی ناوخێزانەوە گەورەو بچووك و ونێرومێ و تاوەکو مەسەلەی و یژدان و پیرۆز و ئازادی تاکەکەسەوە. کەچی کەسێك ئێستا قوتدەبێتەوە بەناوی فەلسەفەوە، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، چی و چییەوە بانگەشە بۆ نادیموکراسی، بۆپاتریاکییەتی کولتووری و سەروەری ئەقڵی ڕەها دەکات".

ئەم بۆچوونەی نەك تەنها ترسناکە بەڵکو بێدەسەوسانیە، نەتوانینی شرۆڤە و بنکۆڵکردنی ئەو تێزانەیە فاروق لەسەریان کاردەکات. دیارە من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو دیدە پلاتۆنییەی فاروق بۆ دیموکراسییەت، چونکە دەبێت فەلسەفەی پلاتۆ لە کۆنتێکستی مێژوویی و ڕەهەندی زمانەوانییەوە سەیربکەین نەك هەروا بە ئاسانی هەڵیان ڕێژینە سەرکاغەز. هەڵەیەکەی باوە هەیە باس و خواسە فەلسەفی و ڕاڤەکردنی تێکستەکاندا کە تاچەند سەدەیەك پلاتۆ بەکەسێکی دژە هونەر، دژە شیعر یان مرۆڤێکی دژە دیموکرات و کەسێکی وا کە بۆ چینایەتی و دەسەلاتی ئەرسیتوکراسی بانگەشە دەکات.

دەگەڕێینەوە سەر تەوەرەیەکی تر، ئەویش مەسەلەی ماریفە و زانستە لەبەرامبەر ڕا و بۆچوونی ئاسایی. کاتێك ڕا بەسەر تێڕامانی ماریفی، خەیاڵ و وێنەکان بەسەرخودی ڕاستییەکاندا زاڵدەبێت، ئیدی ئەقڵ، ئاوەز کارناکات و کۆمەڵێك ڕاستی وندەبێ (گەر بەزمانی پلاتۆ بدوێین). بۆیە هەروا بەئاسانی ناوزەدکردنی یەکدی بە پاتریاك یان شتی تر تێپەڕبوونە بەسەر گەلێك پرسیاری گرنگ کە دەبێت ئاراستەی نووسینەکەی فاروق بکرێتەوە، لەباتی ناوزەدکردنی فاروق بە ئیسلامی یان گەڕانەوە بۆترادسیۆن، دەبوایە ئەوپرسیارە بکرایە کە بۆچی ئەو لەئێستادا، لە ولاتیکی وەك کەنەدا، لە دەزگایەکی ئەکادیمی و زانکۆدا باس لەگەرانەوە بۆ ڕۆحی شارستانییەتی کوردی دەکات؟ یاخود بۆچی فاروق بەئاشکرا ڕووی دەمی دەکاتە ئیسلامییەکان؟

ئەوەی من لە نووسینەکانی فاروقدا بەشێوەیەکی گشتی تێگەیشتبم فاروق دەیەوێت هەوڵی دروستکردنەوەی رۆحی کوردی بدات ( لە روانگەی هیگڵەوە بەزمانی خۆی). رۆحێك کەلە شارستانییەتێکی رەسەنەوە سەرچاوەی گرتووە ئەویش شارستانییەتی ئیسلامی خۆرهەڵاتییە. بەبۆچوونی ئەوە دروستکردنی ئەقڵی کوردی، بنیاتنانەوەی هۆشیارییە. دیارە ئەم هەوڵەی فاروق دەچێتە خانەی جۆرە ئایدیالیزمێکی رۆمانسیزمەوە کە دواجار دەبێتە شێوازێك، گوتارێکی ناسیۆنالیستی بۆ کوردبوون. دیارە رۆمانسیزم سەرچاوەی رۆحی ناسینۆلیزمی ئەورووپییە، یاخود بابڵێین ناسیۆنالیزم کۆنسترەکشنێکی (construction) رۆمانتیکییە کە گەڕانەوە بۆڕەسەن، سەرچاوەکانی شارستانی وەك گریك، رۆمان و ئایین و رهەندێکی سەرەکین لە تێزەکانی. هەر لە هێردەرەوە، لە ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە، لە شیلەر و هۆڵدرین و نیچەوە تادەگاتە هایدگەر ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە بۆئەو سەرچاوەیە. بەهەمان شێوەی گەڕانەوەی فاروق بۆ شارستانییەتێکی ئیسلامی خۆرهەڵاتی هەڵگری کۆمەڵێك واتای مرۆڤبوون و هەڵگری ناسنامەی کولتووری کوردە. هاوکات دابڕانی کورد لەو شارستانییەتە، دارنینە لە رەگ و ریشاڵی کوردێتی و دواجار نەمانی رۆحی کوردێتی و جێگرتنەوەی رۆحێکی نامۆی دەرەکی کە بەسەر کورددا دەسەپێنرێت.

بەڵام ئەم بۆچوونەوەی فاروق دواجار مەترسییەکی فەلسەفی و ماریفی دەکات و دەیخاتە بەردەم پرسیارگەلێکی وا کە دەبێت بپرسین: کام شارستانییەتە هەڵگری رۆحی کوردبوونە لە کاتێکدا ئەو شارستانییەتە رۆحی کوردبوونی، رۆڵی کوردی هەرسکردووە لە ئاپۆڕەی سیستمێکی ئایینی لەسەردەستی گەلانی جیاواز و کورد نەیتوانیوە بۆخۆی ئەو شارستانییەتە بکاتە تێزێکی ماریفی و فەلسەفی و دواجار بێتە رەهەندێکی ئاشکرا و بەپێزی ناسنامەی کولتووری خۆی. کاتێك فاروق باس لە پاشاگەردانی و دارزانی بەها و رۆح دەکات، ئەوە پێشنیار دەکات کەکورد، رۆحی کوردی لە زەمانە دێرینەکاندا کە شارستانییەتێك هەبوو لەمرۆی باشتربووە، لێرەشەوە گەڕانەوە بۆ ئەو شارستانییەتە کە هەڵگر و پارێزەری رۆحی کوردبوون و ناسنامەکەیەتی کە بەپلەی یەکەم ئامانجێکی ماریفییە. کەواتە گۆڕان بۆ فاروق گۆڕانە بە ئاڕاستەیەکی تردا، (گەر وادابنێین کە مێژوو یەك ئاراستەی هەیە): واتە گەرانەوە بەرەو قوڵایی مێژوو. دواجار دەبێت فاروق خۆی وەڵامی ئەوە بداتەوە ئایا ئەمە ناچێتە خانەی گەڕانەوەیەکی بەرچەکردارییەوە (Reactionary=ارتجاعی) کولتوورییەوە؟

لەلایەکی ترەوە خلافانێکی تیۆرییە گەرئێمە هەروا بە ئاسانی وادابنێن کە ڕابردوومان باشترە لە ئەمڕۆمان هەر لەبەرئەوەی ئێمە لە شارستانییێتێکدا بووین، یاخود بەپێچەوانەشەوە وەك هەندێك پێشنیاردەکەن هەرچییەك سەربەرابردووە خراپە بۆ ئەمرۆ و ئاستەنگی پێشکەوتن و گۆڕانە. چونکە



ئەم بەراوردکردنە بۆخۆی لەمڕوەوە دابڕانە لەئەمڕۆ و دارنینی کوردە لەئێستا. واتە "نەگۆڕان" دەبێتە ئامانجی گۆڕانی کولتووری شارستانی ئێمە. ئاشکراشە گەڕانەوە بۆ ترادسیۆن هەلگری توندوتیژییە گەر لەخەونێکەوە وەربگێڕدرێتە سەر واقیع. بانگەشەی گەڕانەوە بۆ رەسەن دەنگیکی کۆنسەرڤاتیسمە، خەونێکی ئێلیتەیرە پشت بەهەندیك تیکست و میراتی کولتوورییەوە دەبەستێت. پابەندبوون بە ترادسیۆنەوە کێشەی راڤەکردن و مەودای دوور و نزیکی لێی دەکەوێتەوە. شایانی باسە کە ئەزموونی مێژوویی بۆ نموونە بەلای هایدگەرەوە دابەشدەبیت بۆ ماریفەیەکی سیستیماتیکی (Erfahrung) و ئەزموونێکی ژیانراو(Erlebnis)، ئەوا پابەندبوون بە ترادسیۆنەوە، بەمێژووەوە لەتەك خۆیدا دیالیکتێکی ڕەخنەیی و پرسی نۆژەنکردنەوە و دووبارەکردنەوە هەڵدەگرێت. بەهەرحاڵ ئەم زۆر پرسیار و نووسین هەڵدەگرێت لەم دەرفەتەدا بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە.

دەکرا پرسارێکی تر بکرێت لە فاروق کەبۆچی رووی دەمی دەکاتە ئیسلامییەکان؟ پێم وایە فاروق لەڕووی تاکتیکەوە دەیەوێت جوڵەیەك بخاتە دۆخی چەقیوی سیاسی کوردەوە کە هاوکێشەی دەسەڵات قۆرخکراوە لەنێوان دوزلیحزبدا و ژیانی سیاسی و کلتووریش کۆنترۆڵ کراون. لەلایەکی ترەوە "رۆشنبیران" دابەشبوون لەونێوەندەدا و ئاسۆی گۆڕان داخراوە. لەم سونگەیەوە فاروق بەردێك دەهاوێژێتەوە ئەو گۆمە بێ سەروبنەوە کەلە دوای راپەڕینەوە لە ئارادایە. پێدەچێت فاروق بیەوێت ئیسلامییەکان وەك هێزی سێهەم بخاتەگەڕ و ئەوهاوکێشە هەڵواسراوە بگوڕێت. لە هەمان کاتدا ناوزەدکردنی فاروق بە ئیسلامی لەلایەن هەندێك نووسەرەوە بەتایبەت نووسەرانی ڕەهەند، ئەوەبێت کە هۆکاری جیابوونەوەی هەندێك لە دەستەی نووسەران لەوانە خودی فاروق یان رێبوار سیوەیلی بگەڕێتەوە بۆ جیاوازییەکی فەلسەفی و ماریفی، هەربۆیە کاتیك فاروق دەکرێت بە ئیسلامی ئەمە تەنها یەك شتمان پێدەڵێت: ئەویش ئەوەیە کە ئەوانی تر مۆدێرن یاخود پۆستمۆدێرنن. دیارە تەنها بەم جۆرە ناتۆرانە کێشەکە تەواو نەبووە بەڵکو چەندین تۆمەت و شتی وا لێرەوە لەوانی باسدەکرێت کە شایەنی نووسین نییە. ئەمەش بۆخۆی رێگای بۆ کەسانی تر خۆشکردووە تا بە ئارەزووی خۆیان لەو نێوانەدا یاری بکەن و شیروتیریان دەمەزرد بکەنەوە بە ئاراستەی ئەو دوونووسەرەدا .

بابگەڕێینەوە سەرئەو چەمك و تێزانەی کە فاروق لە چەند تەوەرەیەکی جیاواز لەسەر چەند بابەتگەلێکی جیاواز بەرجەستەیان دەکات، هەروەك چۆن بەختیاریش هەمان رەوشی نووسین دەگرێت بۆنموونە رۆڵی رۆشنبیر و بارودۆخی رۆشنبیری. فاروق دەیەوێت لەخودی رۆشنبیرەوە بارودۆخی رۆشنبیری کوردی دەستنیشان بکات و ئاستی رۆشنبیریش دیاری بکات. کاتێك فاورق بەرەوڕووی باردودۆخێکی سیاسی و کولتووری کورد دەبێتەوە کەلە قەیرانی ناسنامە و، قەیرانی سیاسی و

قەیرانی رۆشنبیری و بێدەسەڵاتی مرۆڤی کورد لە پرسیارکردن و نەزانی و هتد بەرجەستە دەبیت. ئەمە دەبێتە کێشەیەك کە ئاخۆ رۆشنبیر لەم دۆخەدا هەڵگری چ واتایەکی تەواو بۆژیان و کێشەکانی کوردە؟ لێرەوە رۆشنبیر کێیە؟

وێرای ئەوەی باری رۆشنبیری بەدەست کۆمەڵێك کێشەوە کە راستەوخۆ بەندن بەدەسەڵاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کەسی رۆشنبیر کە تاچەند ئەم رۆشنبیرە توانای بەرهەم هێنانی ماریفە و فەلسەفیی هەیە؟ یاخود چۆن دەشێت ئێمە چاوەڕوانی رۆشنبیربین کەدەبێتە پاشکۆی دەسەڵات؟ نەخێر، فاروق رۆشنبیر دەکاتە سۆفسیتە هاوچەرەخەکانی کورد کە ژیانی ئێمەیان بە پرسیار و بابەتگەلی سادە و جوینەوەی قسەی زل تەنیوە. رۆشنبیرێك کە زۆرترین نووسینی بێماریفە و فەلسەفە و زانست بەرهەم دەهێنێت.

کەواتە رۆشنبیر لە هەژارییەکی تەواودا دەژیت، ئیتر چۆن دەتوانێت قەیرانی رۆشنبیری چارەسەر بکات. ئەمەش جارێکی تر ناسنامەی رۆشنبیر دەخاتە ژێر پرسیارێکی رەخنەییەوە کە رۆشنبیر کێیە و دەبێت هەڵگری چی بێت؟ لە کاتێکدا دەزانین کە ئەوەی لە پسپۆرێکی ئەکادیمی زانستی چاوەڕوان دەکرێت لە بوارێك لە بوارەکاندا، ناکرێت لە رۆشنبیرێك کە شارەزایی و زانیاری گشتیی هەیە، بەرهەمی ماریفی لێی چاوەڕوان بکرێت. چۆن بتوانین لەم رۆشنبیرە ئەم کارە چاوەڕوان بکەین لەکاتێکدا وەك خودی فاروق و بەختیاریش دەیزانن کە دەزگا ئەکادیمی و خوێندنی بالا تا ئەم ساتەش نەیانتوانیوە شتێکی وەها ئەنجام بدەن؟ رۆشنبیر بۆخۆی لەبەردەم نەبوونی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا دەبینێت و خۆشی لە زۆر بواری جیاجیای ژیانی کۆمەڵ هەڵدەقورتێنێت، هەر لەبەر ئەوە هیچی لەبەردەمدا نییە جگە لە وتنەوە و زیاتر نووسینی را و سەرنج و هیچی تر. لێرەوە دەتوانین لەباری رۆشنبیری کوردی بگەین، کە خودی رۆشنبیریش بەشێکە لە قەیرانەکە. رۆشنبیران بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە هەر لەمەسەلەی ئایین تاکو سێکس، هەر لە سیاسەتەوە  تا کاری رۆژانە پشت بە زانیاری گشتی و  سەرە تایی دەبەستن.

لەکاتێکدا فاروق رۆشنبیریش دەکاتە بابەتێکی رەخنەیی وێنەی رۆشنبیر تێك دەشکێنێت، ئیتر رۆشنبیر هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نامێنێت لەگەڵ نارۆشنبیردا و خۆشی وەك کەسێکی ئەکادیمی لەدەرەوەی ئەو رۆشنبیرە دەبینێت. لە هەمان کاتدا بەختیار باسی کۆمەڵێك بابەتی جیاواز دەکات وەکو فاروق، بەلاّم دەیەوێت رۆحی رۆشنبیر، ئەرکی رۆشنبیر بڕسکێنێت لەڕێی دیاریکردنی ئەگەر و پرسیارەکانی کۆمەڵگای کورددا. و خۆشی بەبەشێك لە رۆشنبیرێك دەبینێت کە لەدەرەوەی دەسەلات پابەندە بەچارەنووسی کوردەوە، کە دواجار بەختەتیار رۆشنبیر رەتناکاتەوە، بەلاّم جۆرێکی تری



رۆشنبیر دەخوازێت کە دەنگی جیاواز و هەڵوێستیش سەربەخۆ و چینێك بێت ئەگەری گۆڕان و پرۆژەی هۆشیاری درێژە پێبدات. لێرەوە رۆشنبیر لای بەختیار پێناسەیەکی تری هەیە کە ناسنامەی رۆشنبیر دیاری دەکات، کەئەویش هەڵگری بەهایەك، رەوشتی رۆشنبیرانە کە لەئەرك و فەرمانەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت. بەلاّم پرسیارەکە ئەوەیە داخۆ کاتێك رۆشنبیر و کایەی رۆشنبیری وەك کایەکی سیاسی روتی لێدێت و دەمکوتین (دەموەردان) لەهەموو شتێك دەبیتە رۆتین بیئەوەی پاشخانێکی زانستی هەبیت، ئەوسا پەیوەندی رۆشنبیر لەگەڵ مەسەلە رۆشنبیرەکان، لەگەل دەسەڵاتی سیاسی و، پەیوەندی رۆشنبیر و رۆشنبیر، و رۆشنبیر و خوێنەر (جەماوەر) دیاری دەکات.

ئیدی پەیوەندییەکە دەبێتە پەیوەندییەکی تەواوی ململانێی سیاسی رۆژانە: واتە رۆشنبیر دەبێتە دەستەیەك کە پاشکۆی دەستهەلاّتە خەریکی سیاسەتی ململانێیە لەگەل هەرکێیەك کە پێچەوانەی بێت لەباتی ئەوەی رۆشنبیر بەشداربێت لە کایەی کولتووری، تەنها خەریکی دروستکردنی رای گشتی بێت. چونکە پەیوەندییەکانی رۆشنبیر بە چین و توێژەکانی ترەوە لەسەر ئاستی ململانێ و بەربەرەکانی پێناسە دەکریت. بەواتایەکی تر، پەیوەندییەکانی رۆشنبیر دەبێتە خەمێك کە خەمی ئەوەی کێ قسەی دەڕوات، کێ گوێی لێدەگرێت و کێ دەسەڵاتی ئاخاوتنی هەیە. لێرەوە رۆشنبیر خۆی ئەتکی رۆشنبیر دەکات بەوەی لەکاتی رۆشنبیری دوورخاتەوە، یان هێرشبکاتە سەر رۆشنبیر تێکشاندنی کاراکتەری ئەویتر. ئەم حاڵەتەش ترسناکە بۆ سەرهەڵدانی ماریفە و ونبوونی راستییەکان لە شەڕەنگێزی را و بۆچوون و هێرشەکاندا. چونکە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ئێمە دژ بە رۆشنبیرنین تائەو کاتەی رۆشنبیر خۆی دژی خۆی کارنەکات، دژ بە ماریفە نەبێت. لەلایەکی تریشەوە هۆکارێك نەبێت بۆ سەوزنەبوونی لێکۆڵینەوەی زانستی.

کاتێك فاروق یاخود هەرکەسێکی تر باس لە پاشاگەردانی سیاسی دەکات ئەوە ناگەیەنێت کە نووسینی زۆر جۆراوجۆر لەم چەند ساڵانەی دواییدا نەنووسراون، بەڵکو تاکو ئێستا لە مێژووی کورددا زۆرترین شت نووسراون کەلێوانلێون بەهەڵوێستی ئایدۆلۆجی و سیاسی پێشوەخت کە ئامانجی دەرخستنی راستییەکان نییە بەئەندازە بەشداری کردنێکی سەرپێی لە پرۆسەی رۆشنبیریدا بۆنموونە ئایین کەزۆری لەسەر دەووترێت. بەلاّم سەبارەت بەم بابەتە گرنگە دەبێت هەستیار بین کە هەڵەیەکی کوشندەیە کاتێك لەنووسینەکاندا خودی ئایینی (ئیسلام) لەگەڵ ئیسلامگەراندا تێکەڵ بکەین، دیارە ئەم کارە بۆخۆی ئیسلامییەکان مەبەستیانە. و ناکرێت مەسەلەی ئایین و کێشەی باوەڕ هەر بەئاسانی بە هەڵوێست وەرگرتن لە ئیسلامگەراکان ببڕێنینەوە، چونکە ئەمە بازدانێکە بەسەر بابەتێکی ترسناك کە ئامادەیی تەواوی ئایینە لە کولتووری ئێمەدا.

ناکرێت لە شرۆڤەکردنی گرفتەکانی کورددا ئاین لەبیربکەین بەهەموو جۆرەکانیەوە کە پێکهێنەرێکی گرنگی پیرۆزی هۆش و نەریت و ناسنامەیە وە لەهەمانکاتیشدا بەهۆی یەکەمی کێشەکانی کورد دابنیین. بەهەرحاڵ فاروق لەنووسینەکانیدا خێرا ئاماژە بەئاین دەدات، بەلاّم ئەوش وا دەکات کە ئێمە چاوەڕوانی شتی زۆری لێبکەین. هەروەها دەبێت بپرسین بۆچی لای فاروق ئاین، شارستانییەتی ئیسلام دەبێت تەنها مایەی، یاخود بوونی کورد بێت؟ لەبەرچی گەڕانەوە بۆ ئەم شارستانییەتە پێویستە و بەچ واتایەك؟

گەر بمانەوێت وەك بەختیار لە (ئیمان و جەنگاوەرانیدا) پێهەستاوە رەگوڕیشەی فەلسەفی فاروق بپشکنیت، ئەوا دەکرێت کار و سەرنجەکانی فاروق وەك هەندێك رووناکبیر سەیربکەین لەوانە ئالان بلومی ئەمریکی. دیارە ئەم رووناکبیرە هەرایەکی تەواوی نایەوە لەسەر ئاستی رۆشنبیری و ئەکادیمی بەهۆی پەرتووکە ناودارەکە (The closing of the American Mind) لە هەشتاکاندا کەلەوێدا پێداچوونەوەیەکی رەخنەیی دەکات بەمەسەلەی رۆشنبیر، خوێندنی بالاّ، ئەدەب و نەوەی نوێ و کۆمەڵێك بابەتی سەبارەت پەیوەندی ئەمرۆ بەڕابردووەوە. کارەکەی ئالان بلوم دەچێتە خانەی رەخنەی کولتووری و بەتایبەتر رەشبینی کولتووری کە چەندین فەیلەسووفی وەك چارلس تایلەر، ریچارد رورتی و گەلێکی تر کاری لەسەردەکەن، وەك کرستۆفەر لاش باس لە قەیرانی مرۆڤی مۆدێرن پرسیار گەلێکی فەلسەفی و سیاسی دەکەن. ئاشکرایە فاروق خۆی باس لە هەندێك فەیلوسووف وەکو هێردەر، هیگڵ، و نیچە و هایدگەر کە لەم دوانەدا گیانی گەڕانەوە بۆ ترادسیون ئامادەیە.

گەرسەرنجی دیدی بەختیار بدەین کە دەخوازێت وەك رەخنەگرێکی کولتووری گیانی بەرپرسیاری لای رۆشنبیر بەهێز بکات لە کاتێکدا بۆخوی بێهیوایە لە دەسەلاّتی سیاسی کە گۆڕان بکات لە ژیانی ئێمەدا. هەر بۆیە رۆشنبیری تەنها کایەکە کە کارکردنی لەسەر دەوێت. لە هەمانکاتدا لەگەڵ فاروق هاوڕایە کە زانکۆ لێکۆڵینەوەی نییە و هەژارە هەربۆیە رۆشنبیر دەبیت بەکاری خۆی هەڵبستێت. لە کاتێکدا بەلای فاروقەوە رۆشنبیر رێگرە لەبەردەم بەرهەمهێنانی ماریفە و زانستدا. ئەوەی بەختیار تێدا هەڵدەسوڕێت وەك کایەکی رۆشنبیری و ئەرکی رۆشنبیر زیاتر لە مودیلێکی باوی فەڕەنسی دەچێت پاش جەنگی جیهانی دووەم. کاتێك رەوشت دەمرێت و مرۆڤ خاپورستانێك بەرهەم دەهێنێن بەدەستی جەنەراڵەکانی جەنگ و قەیرانی ویژدان دەبنە پرسیار. لێرەوە بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسەتدا کە بە (cultural engagement) دەکرێ ناوبرێت دەبیتە ئەرکیکی رووناکبیری. واتە دەبێت رۆشنبیری بەرهەمهێنەری رەخنەی کولتووری و سیاسی بێت و باس لەکێشە و چارەنووسی



مەترسیداری مرۆڤ بکات. دیارە ئەم جۆرە رۆشنبیرییە هەر لەسارتەر و کامۆ و بۆڤوار تا دەریدا و فوکۆ دۆلۆز و لیوتارد هەر بەردەوامە.

شایانی باسە هێرش و هەڵمەت دژبە رۆشنبیر لە فەڕەنسا لەرێی کەسێکی بایۆلۆجی وەك سۆکاڵ (Alan Sokal) گەیشتە چلەپۆپە لە نووسینەکەیدا بەناوی (رۆشنبیری درۆوە)، باس لەو رۆشنبیرە دەکات کە لەژێر تێزەزکانی پۆستمۆدێرنەکاندان، کەبۆ خۆیان پاشاگەردانییەکی رەوشتنیان دروستکردووە لەرێی گومانکردن و رەتکردنەوەی بنەما و پێودانگە زانستییەکان، دواجار بەدگومانی بووتە میتودی نووسینیان. ئەمەش بۆخۆی ئاکامێکی ترسناکی لێکەوتەوە بۆ راستگۆیی زانست و ئەکادیمەکان. دیارە سۆکاڵ و بریکۆنی هاوکاری تەنها دژی گومانگەرایی پۆستمودێرنە نەبوون، بەڵکو مەترسییەکی تر کە تێدا حەشاردابوو: ئەویش رێژە گەرایییە (Relatvism) کە بۆتە گوتارێکی رەخنەگرانە. هەلبەتە لەم سۆنگەیەوە فاروقیش باس لە مەترسییەك دەکات کە ئەویش ئارەزوو ئالودەبوونی ئەم دواییەی نووسین و خوێنەری کوردە بەهەندێك بیریاریی پۆستمۆدیرنەوە، کە فەلسەفەش وەك مۆدەیەکی لێدێت و بەسەردەچێت. لەجیاتی فەلسەفەی وەك فەیلەسوفێکی کانت بخوێنینەوە و بەسادەیی تێزەکانی فۆکۆ و دەریدا دەووترێنەوە.

شایانی باسیشە گەر سەرنجی کارەکانی فاروق و بەختیار یاخود هەندێك نووسەری تری رەهەند و چەندین نووسەری تریش بدەین، دەبینین هەموویان دەرژێنە یەك رێژنەوە، ئەویش دەستنیشانکردنی کێشەکانی ماڵی کوردە. پێم وایە رەهەند گەر بە پرۆژەیەکی ناوببەین زیاترە لە گۆڤارێك، هەڵگری کۆمەڵێك پرسیار و دیدە کە پێویستی بەلێوردبوون و پێداچوونەوە و خوێندەوەیەکی رەخنەییە. دیارە ئەمەش بەهەند گرتنی ئەم گۆڤارەیە، کەخۆی باس لە قۆناغێکی مێژوویی کورد دەکات و لەهەمان کاتدا بۆخۆی دەبێتە قۆناغێکی نوێی نووسینی کوردی بەوەی ئەم ئەزموونە لە هەوڵی دروستکردنی میتاتیۆرییەك دەچێت کە دەیەوێت بوارە جیاجیاکانی ماڵی کورد بخوێنێتەوە. لێرەوە دەچێتە خانەی رۆشنبیری گشتییەوە و نابێتە کایەکی زانستی تایبەتمەند، کە وابزانم ئەمە ویستی بەرێوەبەرانی گۆڤارەکە بووە.

پێم وایە وروژاندنی هەندێك بابەتگەلی گرنگ لە پاشخانێکی زانستی و فەلسەفییەوە بایەخێکی زۆر و پیداویستەکی تەواوە بۆ هەڵگیرساندنی دەمەتەقێ و پۆلێمیك (Polemic) بەمەبەستی وەگەڕخستنی ئەو بیرکردنەوە و ئاوەزە سستەی مرۆڤی ئێمە. مشتومڕ پێش هەموو شتێك نەك گەمەی زمان و نووسینە، بەڵکو دەبێت پێویستی ماریفی بیجولێنێت. دیارە لە رۆشنبیری کورد و سیاسیدا دەمەقاڵێ و مشتومڕی زۆرمان هەن بەلاّم ئەوە نییە کەئێمە ئەمرۆ دەیخوازین، واتە

پرسیاری فەلسەفی و تیۆری بیانجولێنێت. دەکرێت وتووێژەکان بچنە خانەی دیسکەشن (Discussion) یان گۆڕینەوەی را و دەمەتەقێ، یاخود راگەیاندنی را جیاوازەکان بێت لە دیبەتێکدا، یاخود دانوستان و دیالۆگ بێت. بەلاّم بۆئەوەی بۆچوون و راکان ڕەوایەتیان هەبێت، دەبێت سەنگێکی ماریفییات هەبێت نەك بێ بناغە و و سوڕانەوە بێت لەبۆشاییدا. ڕایەك کەلە قولاّیی بیرکردنەوە و وردبوونەوە بێت، ئەزموونی لەپێشتەوەبێت جێگای گوێگرتن و وەلاّمدانەوشەوە ئەگەر نا ئەوە ناهێنێت.

بۆیە باسکردنی کێشەکانمان لەلایەن رۆشنبیر و کەسانی جیاواز جێگای پێزانینە، بەلاّم تا چەندیش بەشداری لە دەولّەمەندکردنی هزری رەخنەیی و توێژینەوە زانستی دەکات گەرنووسین تەنها وەك گەمەیەکی نێوان نووسەر و خوێنەر بێت؟ ئەوسا مشتومڕ و نووسین دەبێتە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سیاسی و ئەدەبی لە ژیانی ئێمەدا کە چەندین دەهەیە لە ئارادا بووە و هیچ شتێکی ئەوتۆ ناخەنەسەر ئاستی هۆشیاری و نووسین و خوێندنەوە. گەر نووسین بەوشێوە بێت ئەوسا من هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان رۆشنبیر و کەسانی رەشۆکیدا نابینم. لەبەرئەوە جێی داخە ئەگەر رۆشنبیر و نووسەر ناسنامەی خۆیان تێکەلّ بەناسنامەی سیاسی و خەباتگێران بکەن، کەدەکرێت کەسی ئەخوێندەواریش باشترین خەباتگێڕبێت. رۆشنبیر دەبیت هەلگری پرسیار و لەژێر رۆشناییدا کۆمەلّ بخوێنێتەوە.

پاشان دەبێت ئێمە لەو بتخانەیەی بۆ رۆشنبیران دانراوە رزگاربین و ئیتر پایە و ناوی رۆشنبیری بۆ یەکدووکەس نەبڕین و بەسەر یەکدوودەستەدا رۆشنبیرانیش دابەش بکەین، کە ئەمە زیاتر لەو نووسینانەدا کەلەسەر بەختیار و فاروق بەشێوەیەکی راستەوخۆ باس دەکرێت ئامادەن. ئەگەر هیچ میتۆدێك بۆ رەخنەگرتن نەبوو، نووسین شەڕکردن و سڕینەوەی یەکترییە و نووسین دەبێتە تەلّە و نووسەریش دەبێتە کەسیکی چەنەباز و دیلباز (Rehtoric). ئەمەش نەهامەتییەکە بۆ کولتوور و رۆشنبیری نووسین. پێویستە نووسین چیتر لە خزمەتی کولتوور یان کولتوسی (پەرستسی) مەزنگەریدا نەبێت و رێزگرتن لە نووسەری باش جیایە لەپایەدارکردنی ماریفە و خودی نووسین. و بەهەمان شێوەش جیایە لە مەزنکردنی نووسەریك یان تێکشاندنی. پێویستە ئەو نووسینانەی بەشداری لە کولتوسی مەزنگەریدا دەکەن سەرکۆنەبکرێن و جیابکرێنەوە لە نووسینی رەخنەیی و خوێندنەوەی ورد بۆ هەر نووسەرێك. جێی داخە کە خودی نووسەر و رۆشنبیران لەم پروسەیەدا بەشدارن، کە خۆگەورەکردن لەسەر بچووککردنەوی ئەویتر تێکشاندنی کەسایەتی دەبێتە ستراتیژیەتی نووسین.



هەرگیز نووسەر، رۆشنبیر و ئەکادیمی نابێت لەبیری بچێت کەئەم سیاسەتمەدار نییە گەرچی بیەوێت دەسەلاّتی ماریفی هەبێت و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیشدا بکات. هەروەها دەبێت تێبگەین کە نووسین و توانای دارِشتن تەنها تەکنیێك نییە، بەلّکو لەپێشەوە توانای تیۆری و ماریفی هەبێت نەك وروژاندن و کەمەندکێشکردنی خوێنەر. چونکە گەر نووسەر لە جیاتی پشتبەستن بەستانداردی نووسینی ئەکادیمی و زانستی پشت بەرا و چاوەڕوانی خوێنەر ببەستێت ئیتر راستی و گەیشتن بە ئەنجامێك لەنووسیندا چ واتایەکی هەیە.

پێم وایە نوسینەکانی فاروق لەمرِۆدا لە کۆنترۆڤێرسترین (Controversy) نووسینن کە زۆر پرسیار و رەخنە و دەمەتەقێ هەلّدەگرن. بۆیە بۆکەسێك کەلە پاشخانی فەلسەفییەوە بدوێن جیایە بۆ کەسێکی کەنەیبێت و ئاگاداری دەقە فەلسەفییەکان نەبێت. هاوکات توێژینەوەی کێشە فەلسەفییەکان جیایە لە کێشە و گرفتەکانی رۆژانەمان کە ئەمەش بۆ کەسێك شتێك لە فەلسەفە هەلّبکرێنێت تێدەگات، بەلاّم بەس نییە. لێرەوە بۆئەم کەسە گرفتی خوێندنەوە و لێکدانەوە دێتە ئاراوە. لەلایەکی ترەوە گرتنی نووسینی فەلسەفی لای ئێمە ئەوەیە ئەگەر باس لە کێشەیەکی فەلسەفی بکەیت دەبێت بەزمانێکی ساکار و روون، لە هەمانکاتدا ئاسانکاری بکەیت و زانیاریش بدەیت بەکەسانێك کە شارەزاییان کەمە. ئەمەش بۆخۆی گەر ئەستەم نەبێت زۆر ئاسان نییە بۆهەمووکەس.

لە کاتێکدا گەر بتەوێت بەمیتۆدێکی فەلسەفی شرۆڤەی کێشەیەك بکەیت هاوکات زانیاری سەرەتایی و گشتیش بدەیت. هەربۆیە نووسین لەسەر فەلسەفە دەچێتە قالّبی زانیاری بەخشینەوە و جودایە لەنووسینی فەلسەفی. دیارە فاروق پەیی بەم کێشەیە بردووە ویستوویەتی هەندێك گرفت لە نووسینەکانی دوور بخاتەوە، بەلاّم بەپێی پێویست نەبووە. بەهەرحالّ ئەمەش توانستی فەلسەفی ئێمە دەردەخات لەم قۆناغەدا بەلاّم دلّنیام گەرمشتومڕی باش و دەمەتەقی رەخنەیی بەردەوام بێت نەك تەنها لە نێوان فاروق و بەختیاردا بەلّکو لەنیوان ئەونووسەر و رۆشنبیرانەی کە بەجیددی خەریکن ، دەکرێت بلّێین سەرەتایەیی باشە بۆ خوێنەری کورد و کارکردن لەسەر هەندێك پرسیار. گەرچی ئەم بوارە ئەمرۆکە تەنکە. بۆیە دەبێت بپرسین رۆشنبیر بۆچی زەبونە؟

## ٣-٩- ڕەخنەی هونەر وەك بەشێك لە ڕەخنەی كولتووری:

**سەرەتا:**

لێرەدا دەمەوێت بەكورتی پوختەیەك لەسەر ڕەخنە و ئامانج و ڕۆڵی لەكاری هونەری دا باس بكەم. دیارە دەبێت بزانین كە ڕەخنە بۆچی گرنگە لەكاری هونەری دا؟ پێشوەخت دەبێت بزانین ڕەخنە چییە تا دواجار مەرجەكانی ڕەخنەگریش وەك بەشێك لە ڕەخنە دیاری بكەین. ڕەخنەگرتنە زەرورەتی ئەم ڕەخنە لە زەرورەتی هونەرەوە هاتووە. گەر بتوانین دەستنیشانی بەها و گرنگی هونەر پێ بزانین، ئەوەش بەباشی تێدەگەین كە بۆچی ڕەخنەش پێویستە. بەڕای ڕەخنەگر ریسكن: "هونەر زەرورەتێكی كۆمەڵایەتییە، هەرگەلێك پشتگوێی بخات، ژیانی ئەقڵ و هۆشیاری دوچاری مەترسی دەكات".

چونكە وەك فەیلەسوف جیۆ دەڵێت: "هونەر لەخۆیدا كۆمەڵگای ئایدیالستی دەگرێتە وە كە تێیدا ژیان دەگاتە ترۆپكی توندی و هەم نەرم و ناسكی ویژدان. بەڕای شتراوس: "هونەر ئایینی داهاتوو"ی مرۆڤە. هەروەها ژان برتلیمی ش دووپاتی ڕاكەی شتراوس دەكات و دەڵێت: "هونەركار ئەندامێكە لەكۆمەڵگای كراوەدا و هیچ یاسا و ڕێسایەكی نووسراو یاخود دیوار و كۆتوبەندێك نایگرێتەوە، ئەو لەكۆمەڵدا وەك پاڵەوان یاخود پیرۆزێك كەكار لەپێشكەوتن دەكات. هونەركار وەك پاڵەوان پیرۆز وایە بیر و زەوق و خۆشەویستیمان لەپێناو شارێكی نموونەیی ڕۆحی نامادیدا ئامادە دەكات. ئیدی هونەر بەم واتایە كۆمەڵگا دروستدەكات وەك لەوەی خۆی (هونەر) بەرهەم و ڕەنگدانەوەی كۆمەڵگابێت.[١]

**★ ڕەخنە و ڕەخنەی هونەر چییە؟**

دەشێت تاقە پێناسەیكمان بۆ چەمكی ڕەخنە نەبێت، بەڵام دەتوانین وتەی ڕۆلان بارت كە دەڵێت: "ڕەخنە زانست نییە"[٢] بكەینە سەرباسی پێناسەی ڕەخنە. ئیدی ڕەخنە چییە؟

بێگومان ڕەخنە پرۆسە و كردەیەكی نورماتیڤە Normative واتە: پێوەركاری هونەرێك بەپێی پێودانگێ بەمەبەستی هەڵسەنگاندن. لێرەوە ڕەخنە جیاوازە لە باسكردن و وەسف كاری Descriptive كارێك، چونكە وەسف بەبێ ئەوەی لە باسەكەدا هەڵسەنگاندن و بڕیاردان بكرێت. كەواتە ڕەخنە جۆرێكە لەلێكۆڵینەوە كەبایەخ بەپێناسە و پۆلێنكردن و شیكردنەوە و



ڕاڤەكردن و پاشان هەڵسەنگاندنی كاری هونەری ئەدات. ڕەخنە ئەزموون و شارەزاییە لەهونەر، بەڵام گەرچی ڕەخنەگرتن وەك شارەزایی پرەنسیپێكی هاوبەشە لەلایەن خودی ڕەخنەگرەوە كاری پێدەكرێت.

باسكردنی چییەتی و چۆنیەتی ڕەخنە، بەپلەی یەكەم باسێكی تیۆرییە هەر ئەمەش وادەكات كە بەرەوڕووی هەندێك قۆرت و گرێی زمانەوانی، تیۆری، و لایەنێكی دیكەش كە ئەبستراكیەتی ڕەخنەیە. پاشان زۆربەی بنەما ڕەخنەییەكان و میتۆدەكان لەبنەڕەتدا لەزانستەكان و كایەكانی ترەوە خوازراوە، بەتایبەت پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی هەیە بەفەلسەفەوە. سەرەڕای ئەم باس و خواسە تیۆرییانە دەبێت دان بەوەدا بنێین كە هونەر پرۆسەیەكی سانا و سادە نییە، بەڵكو بیر لە نهێنی و مەتەڵە كە زۆرجار لای بینەری ئاسایی نادیارە. ڕاستە كەدەڵێن هونەر نهێنییەكی گەورەیە وەك چۆن ژیانیش بۆخۆی نهێنییە، برگسۆن فەیلەسووفی فەڕەنسی دەڵێت: "نهێنی ژیان لە نهێنییە شاراوەكانی هونەر كەمترنییە".[٣] ڕاستە كە ژیان و هونەر هەردووكیان پڕ نهێنین، و ژیانیش دەبێت بۆخۆی هونەرێك بێت وەك چۆن دەبێت هەوێنی كاری هونەری بێت. كەواتە هونەر جۆرێكە لەژیان لەنێو جیهان ڕەنگ و بیچم و فیگور و هتد.

لێرەوە پرەنسیپی- بنەمای- ڕەخنە شارەزایی و ئەزموونە، نەك وێنەیەكی تیۆری بەپێی ئەو بۆچوونەی كە وادەبینێت" هونەر بۆ هونەرە"، بەڵكو ئەلتەرناتیڤ و جێگرەوەی ئەو بۆچوونەیە. لەم ڕوانگەیەی سەرەوە دەتوانین بڕوانینە هونەر و ڕەخنەی هونەریش وەك كایەیەكی سەربەخۆ و تایبەت.

وەلێ دەبێت بزانین كەكاری هەڵسەنگاندن و ڕانانی هونەر بەردەوام بەدوو هەنگاودا تێدەپەڕێت:

- ڕاڤەكردن و لێكدانەوەی ڕەهەندی واتا و مەبەستەكانی كاری هونەری.
- ڕەخنەگرتن و بڕیاردان لەسەر بەهێزی و پێزی كاری هونەری.

بەواتایەكی دی: ئەرك و فەرمانی كاری ڕەخنەیی لەهەڵسەنگاندن و نرخاندن و پاشان ڕاڤەكردن و لێكدانەوە تێ ناپەڕێت.[٤] كەواتە ڕەخنە بەپێی پێناسەیەكی هاوچەرخ "ئەزموون و شارەزاییە لەهونەر. ئیدی ئەم پرەنسیپە هاوچەرخە ئەمڕۆ كاری پێ دەكرێت و ئەوەش ناگەیێنێ كەڕەخنە بابەتییانە نەبێت، بەڵكو بابەتییانە و هەم هەستەكیشە(شعور).[٥]

**★ بۆچی ڕەخنە پێویستە؟**

پاش ئەوەی چەند لایەنێکی گرنگی ڕەخنەمان باس کرد لە کولتووری کوردیدا پرسیارێك دێتە پێشەوە:- گرنگی ڕەخنە

چی یە؟ ئەوەی زۆرجار دەیبیستین و باوە لەسەرزاری هونەرکاران ئەوەیە کە کاری هونەری بۆخۆی ئەدوێت و پێویستی بەدواندن یاخود هەڵنان و هەڵسەنگاندن نییە، لەبەرئەوەی بەلای ئەوانەوە هونەر ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە کەلەنێوان بابەتی هونەری و بینەردایە. ئیدی بینەر ڕاستەوخۆ لەئەنجامی کاروکاردانەوەی دەروونی، هۆشەکی درك بەکارەکە دەکات و هاوکاتیش را و بۆچوونی لەسەرکارەکە دەبێت. بەواتایەکی دی: بینەر لەیەك کاتدا بینەرە و هەم ڕەخنەگریشە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا چۆن کەسێك دەتوانێت لەیەکەم سەرنج و بینینی کارێکدا دووشتی جیاواز ئەنجامبدات، واتە بینین و سەیرکردن لەگەڵ ڕەخنەدا بکات؟

بەڕای من ئەمە ناشێت بکرێت، چونکە لەوکاتەدا ئێمە مەبەستمان لەڕەخنە قووڵبوونەوە و تێڕامان و چوونە ناو واتا و ڕەهەندە شاراوەکانی کارەکە نییە، بەڵکو ڕەخنە دەبێتە کردەیەکی سەرنجگەرایی، سەرزارەکی و بێ قووڵ بوونەیەوە تێیدا. بۆیە ئەم کردە سەرزارەکیە ڕەخنە نییە، بەڵکو سەرنج و رای بینەرێکە لەدەم و وەختی بەرەوڕووبوونەوە لەتەك کارەکەدا. لێرەوە ڕەخنە بابەتێکی دیکەیە وەك لەسەرنجێکی ڕاستەوخۆی سەرپێی. هەربۆیە دەبێت بپرسین: بۆچی ڕەخنەبگرین لەکارێك لەڕوانگەی بەهای جوانی و هونەرییەوە هەڵیبسەنگێنین؟ ئێمە دەزانین کەجوانی و سەلیقەی هونەری لەپشتی هەموو کارێکی هونەری ئەزموونەکرێت، و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چێژی لێوەدەگرین، پاشان بیری لەکارەکە دەکەینەوە و هەوڵدەدەین مەتەڵەکانی ناوی هەڵبهێنین.

بۆیە زۆرکەس پێی وایە بۆچی ئێمە وەك ڕەخنەگرێك خەریکی پێوانەکاری و زانستێکی تێۆری بهێنین بیچەسپێنین بەسەر کارێکدا بۆئەوەی بیخوێنینەوە، لەکاتێکدا ئەزموونکردنی کارەکە کردەیەکی-پرۆسەیەکی- دەروونی وە هەستونەست تێیدا رایەڵێکە لەنێوان بینەر و بابەتی کارەکەدا. ئیدی بۆچی تێۆری ماریفی ڕەخنەیی گرنگ بێت؟ پاشان بۆچی بۆ کاری هونەری وەك ئەوەی کەهەیە و دەیبینین پەسەندی نەکەین و بێئەوەی ئاوڕ لە پێودانگێکی ڕەخنەیی بدەینەوە، لەکاتێکدا دەشێت کارێك هێندە پێزی هونەری هەبێت کەیەکەو ڕاستەوخۆ بەسەر هەست و هۆش و نەستماندا بسەپێنێ؟ ئیدی بۆ دەبێت مشتومڕی تێۆری بۆ بکرێت؟



پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوەبزانین کە ئاخاوتن و قسەکردن لەسەر کارێکی هونەری بۆخۆی جۆرێکە لە چێژوەرگرتن لێی. ئەمەش شتێکی گرنگە کەلەهەمان کاتدا قووڵکردنەوەی ئاخاوتن و زیاتر چێژ وەرگرتنە، لەبەر ئەوەی کاتێك باسی کارێك دەکەین بەتەنها سەیرکردن نییە، بەڵکو دوان لەبارەشیەوە پێوستە. چونکە ئالۆگۆڕکردنی سەرنج و راوبۆچوونەکان قووڵکردنەوەی ئەزموونی هونەرییە. لەبەرئەوەش بیرکردنەوە لە هونەر بۆخۆی فراوانکردنی خەیاڵ و ئەندێشەی ئێمەیە لە میانەی سەرنجدان لە کارێك.[٦]

پاشان ڕەخنە سوودگەلێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەیە. کاتێك ئێمە لەگەڵ خەڵکانێکدا شتێك کەناوی هونەرە بەشدەکەین و پرسیار و وەڵام لەسەری دادەمەزرێنین، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی توندوتۆڵکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. وەك چۆن ئێمە چێژ لەخواردن و خواردنەوە وەردەگرین کاتێك کە بەیەکەوە لەسەریەك خوان دادەنیشین و خواردنەکە دەبێتە مایەی کۆکردنەوەمان و باس کردن و چێژ وەرگرتن، بەهەمان شێوەش ئەمە لە باس کردنی هونەر ئامادەیە.[٧]

لێرەوە باسکردنی رایەك لەسەر هونەر وەك ئەوەیە کە تۆ ڕەچەتەیەکت هەبێت لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی خۆراکێك و پاشان لەسەر ئەو ڕەچەتە خۆراکێك بۆ دۆست و خۆشەویستان ساز بکەیت تاوەکو پێکەوە چێژی لێببینن.[٨] پاشان باسکردنی کارێك، بەهەند وەرگرتن و ڕێزلێنان و تێگەیشتنە لێی. ئەمەش بۆخۆی جۆرێکە لەبایەخدان بەکاری هونەری. لێرەوە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و تێگەیشتن سێ قوچکەی گرنگن لەژیانی رۆژانەمان دا سەبارەت بەهەموو شتێك، وەك ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و.. هتد. هەمان شتیش تەواو ڕاستە بۆ هونەر تاوەکو بتوانین لاوازی و هێزی هونەری بەدیبکەین کە بەبێ ڕەخنە نایەتەدی.

شایانی باسە هونەر ئەمرۆکە لەپاش چەندین سەدە لە بەرەوپێشچوون هەر لە گۆڕاندایە و تەواو فرەلایەن و بۆتە ڕەهەندێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ. لەبەرئەوەی هونەر وەك شێوە ژیانێکی سەربەخۆ فرەواتا و هەڵگری چەندین مەبەست و دید و بۆچوونی جیاوازە. هاوکات شێوازی جۆراوجۆرمان هەیە لەدەربڕینی کاری هونەری، چونکە هونەریش بەسەر چەندین لقی جیاجیا و سەربەخۆدا پۆلێنکراوە. بەهەمان شێوەش چەندین میتۆدی جیاوازمان هەن لەکاری ڕەخنەیی دا.

گرنگی ئەم جیاوازییانەش ئەوەیە کە دەشێت بەهەموو میتۆدەکان بتوانرێت کارێکی هونەری هەڵبسەنگێنن و پاشان دەشێت ئەو میتۆدانە یەکتریش تەواوبکەن. گەرچی هەریەکە لەو میتۆدانە جەخت لەسەر لایەنێکی کاری هونەری دەکەن. هەر بۆیە ئێمە پێویستمان

بەرەخنە هەیە لەچەند لایەنێکی جیاوازەوە، وەك چۆن پێویستمان بەهونەر خۆی هەیە. گرنگترین شت ئەوەیە کەدەبێت بزانین رەخنەش بۆخۆی هونەرێکە!

**★ رەخنەی هونەر و فەلسەفەی هونەر:**

ئایا رەخنەی هونەر، فەلسەفە و زانستی هونەرە؟ دیارە لەڕابردوودا رەخنەگرتن و رەخنەگرەکان تێکەڵەیەك بوون لە وانەی رەخنەی زانستی و فەلسەفی و مێژوویی و ئاکار و ویژەیان ئەنجامداوە. بەڵام دەبێت رەخنەی هونەر خودی هونەر بکاتە تەوەری سەرەکی رەخنەگرتن. پاشان دەبێت بایەخ بەسروشتی کاری هونەری بدات، و دەبێت توانا و هەستی پەی بردن و درککردنی بەکارەکە هەبێت، نەك وەك فەلسەفە و زانستەکانی دیکە کە پشت بە بەڵگەی ئەقڵی پوخت دەبەستن. بۆیە دەبێت رەخنەگر خاوەنی دید و بۆچوون و هەستی هونەری بێت، نەك ئەوەی مەبەستی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی یاخود بەدوای راستییە ئەبستراکتییەکان دا بگەڕێت، چونکە ئەمە کاری ئەو نییە.

بۆیە تائێستاش کێشمەکێشێکی زۆر هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان فەلسەفە و هونەر یاخود رەخنەی هونەری. بەڵام دەبێت بۆ دواجاریش ئەو پرسیارە دووبارە بکەینەوە کە ئایا رەخنەی هونەری بۆخۆی دەیسەلمێنێ تایبەتە بەخۆی یاخود بەشێکە لەفەلسەفەی جوانی و هونەر؟

راستییەك هەیە کە رەخنەی هونەری بمانەوێت و نەمانەوێت زۆربەی کات لەژێر کاریگەری یەکێك لەزانستەکاندا بووە، بۆنموونە هەندێك جار ڕەخنە لەروانگەیەکی فەلسەفییە، یاخود کۆمەڵناسی و دەروونناسی و سیاسەتە و پیادەکراوە، ئەوەش راستییەك دەردەخات کە "لەبەر ئەوەی زۆر بەدەگمەن نەبێت رەخنەگرێك نییە کە لەروانگەی یەکێك یان زیاتر زانستێکەوە نەبیڕوانێتە کاری هونەری".[٩]

هەر لە سەرەتای فەلسەفەی گریکەوە تا چەرخی ١٩ یش فەلسەفە هەژمونگەرییەکی تەواوی لەسەر کاری هونەری و زۆربەی زانستەکانیش هەبووە. پاشان زۆرجار ڕەخنەی هونەری وەك بەشێك یاخود شێوەیەك لەشێوەکانی ئەو زانستانە ئەنجام دراوە. ئەمەش ئاشکرایە کاتێك رەخنەگر قورسایی و جەختی لەسەر بەشێك لەو زانستانە کردووە. بۆ نموونە یەکێك لەو کێشانەی کە بەم هۆیەوە روودەدات ئەوەیە کاتێك رەخنەگر رەهەندی رەوشت و مۆراڵ یاخود ئایین دەکاتە تەوەری سەرەکی رەخنەگرتنە کە. ئالەوێدا پێوەری ئایینی و رەوشتی دەبێتە



بەستنەوەی هونەر و هونەریش دەبێتە بەشێك لە پەرستشی ئایینی، یاخود کردەیەکی مۆراڵیانە وەك بابەتی رەوشتی و خراپ و چاکە سەودای لەگەڵدا دەکرێت!

بەڵام دەبێت بووترێت کەسەرەڕای هەژموون و کاریگەری فەلسەفە لەسەر رەخنەی هونەری، دەبێت جیاوازی لەنێوان فەلسەفە وەك دیسیپلینێکی بیرکردنەوە لەگەڵ هونەردا بکەین. بیرمەندێکی وەك ژان برتلیمی بە روونی ئەم جیاوازییەی بەچەند رستەیەك دەستنیشانکردووە "فەلسەفە گەڕانە بەدوای ڕاستییەکان لەڕێی بیرکردنەوەیەکی زنجیرەیی روون و ئاشکراوە دەست پێ دەکات و بەتایبەت بە چەند رێسایەکی لۆجیکی دەردەبڕدرێت، بەڵام هونەر لە بیرکردنەوە و لۆجیك رادەکات و بایەخ بەچەمکی راستی نادات وەك بابەتێك کە تێۆرییەکی ئەبستراکت دارێژرابێت.[١٠]

لەوانەیە بۆنموونە مێژوونووسێك لەپەیکەرێکدا بۆ بەڵگەیەکی مێژوویی بگەڕێت، بەڵام لای رەخنەگری هونەر پرسیارێکی دیکە گرنگە ئەویش گەڕانە بەدوای بەهای دەربڕین و کارزانی هونەری. هەروەها گەر لە رەخنەی هونەردا رەوشت بکرێتە گۆشەنیگای رەخنە، بەمە رەخنەگر لە سنووری کارەکەی و لە بازنەی هونەریش دەچێتە دەرەوە. چونکە زۆرجار هونەر سنوور و پێوەرەکانی نەریت و بیروباوەر و ئایینیش تێدەپەڕێنێت.

لەلایەکی دیکەوە "جوانناسیش" رەخنە نییە، بەڵکو هاوکاریی رەخنە دەکات! بەتایبەت ئێمە ناتوانین ئەو پێوەرە کلاسیکییەکانەی کە باو بوون دەربارەی جوانی، بەسەر هونەردا بچەسپێنین، بەڵکو دەتوانین سوودێکیان لێوەرگرین. بەڕای فەیلەسوفێکی وەك بندتۆ کروتچە، فەلسەفە تەنها رێگەیەکە کە راستی رەخنەی هونەر بەرهەم بهێنێت. دەشێت ئەم رایە زۆر راست نەبێت، چونکە رەخنەی هونەر، رەخنەی فەلسەفەی نییە بەڵکو دووکایەی جودان. بۆنموونە هێربرد رید جیاوازی باش لەنێوان رەخنەگری هونەر و فەیلەسووفی هونەردا دەکات[١١]. هەندێکیش پێیان وایە کە "فەلسەفە ناتوانێت بەئەرکی رەخنەیی هونەری هەڵبستێت". لەبەرئەو جیاوازییانەی کە هەیانە. لەبەرئەوەی فەلسەفە بیرۆکەی جوانی بەچەند ئایدیایەکی نموونەیی جوانی دەگشتێنێت، و بە رەهایی و دەیەوێت لەوێیەوە بنوارێتە هونەر و پێودانگی بکات. پاشان فەلسەفە بایەخ بەشیکردنەوەی هزردەکات. لەکاتێکدا رەخنەگر بایەخ بەهەڵچوون و هوشیاری دەدات.[١٢]

ناکرێت پەیوەندی و واتاکانی کارێکی هونەری تەنها بەپێوەری فەلسەفی و رێساکانی ئەقڵانییەت بخوێنرێتەوە، وەك زانای جوانناسی ریمون پایێر دەڵێ: "هونەر بەفەلسەفە

لێکنادرێتەوە، ئەگەر ڕێگایەك هەبێت بۆ لێکدانەوە، ئەوە تەنها فەلسەفەی سەرکەوتنە".[١٣] هەروەها فەیلەسووفی جوانناسیی لویس ئەرنولد رید لەپەرتووکی (رەخنەگران و هونەرکاران و فەیلەسووفەکان)دا دەڵێت: "رەخنە و فەلسەفەی جوانی یەك شت نین، بەڵام رەخنە، فەلسەفەی جوانیش دەگرێتە خۆی وەك چۆن فەلسەفەش بڕێك جوانی و ڕەخنە لەخۆدەگرێت".[١٤]

ئیدی رەخنە سوود لەبوار و کایە ماریفییەکان وەردەگرێت لەپرۆسەی رەخنەگرتندا، بەڵام رەخنە بەچاویلکەی ئەدەب و مێژوو فەلسەفە و زانست یاخود ئاکار و رەوشت رەخنەی هونەر نییە. بەڵکو ئەمە بەدواداچوونی (تعلیق)ی هونەرییە، واتە بەدواداچوونە لەسەرکارەکە نەك رەخنەگرتن لە خودی کارەکە.[١٥] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندێتی کاری هونەری لە چاو بوارەکانی تردا. وەك مال ئایفەر دەڵێت: "مەزنێتی بەرهەمی هونەری تەواو جیاوازترە لەکارە مەزنەکانی تر، وەك هیچ داهێنانێکی مرۆیی تر نییە کە لە داهێنانێکی پوختەوە (ئەبستراکتەوە) نزیکتربێت لەکاری هونەری". هەروەها هێربرد رید دەڵێت: "لەدەستدانی هونەر، هەموو شار دووچاری لەدەستدانی هاوسەنگی دەکات ،بەوەش دەبێتە هۆی بێ سەروبەری کۆمەڵایەتی و رۆحی تێدا". [١٦]

**★ ئەو رەهەندانەی کە دەچنە دەرەوەی رەخنە:**

لەیادمان نەچێت کۆمەڵێك رەهەند و لایەن هەن کەناچنە چوارچێوەی رەخنەی هونەرییەوە، بەڵکو بابەت گەلێکن دەچنە دەرەوەی پیشەکە وەك:

١- رەهەندی دەروونی خودی هونەرمەند، لەوانەیە لای زانستی دەروونناسی و دەروون شیکارییەوە گرژی و هەڵچوون و داچوون و خەمۆکی هونەرکار جێی پرسیار و توێژینەوە بێت، بەڵام لە رەخنەی هونەریدا دۆخی دەروونی گرنگ نییە، بەئەندازەی ئەوەندەی پەیوەندیی هەیە بەکارەکەوە. پاشان رەخنەی هونەر لە دۆخی کەسێتی هونەرکارەوە کارەکە هەڵناسەنگێنێت.[١٧]

٢- ئامانج و نیازی هونەرکار لەکارەکەیدا گرنگ نییە کە بۆچی و لە پێناو چیدا کردوویەتی وەك جیرۆم ستولنیتز ئەڵێت " بۆ ئێمە گرنگ نییە بزانین ئەو هۆکار و ئامانجانە چین کە پاڵیان بەهونەرکارەوە ناوە بۆ داهێنانێك، بۆنموونە دەشێت لەپشتی کارێکەوە نیازێکی وەك دەوڵەمەندبوون و گەیشتن بەپلە و پایە و ناوبانگ دەرکردن هەبێت ، بەڵام ئەمە دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی رەخنەوە.[١٨]



٣- رەهەندی ئایدۆلۆجی و بیروباوەر، گرنگ نییە کە کارێك چ ئایدولۆجی و بیر و باوەڕێك لەپشتیەوەیەتی، چونکە ناکرێت جۆری بیروباوەڕ ببێتە تەوەرێکی گرنگ بۆ رەخنەی هونەری. جا کەسێك بیری بورژوابێت، ئاییینی بێت یان نا، ئەندازەی توانا و هێزی کارەکە گرنگ نییە. دەشێت کەسێك زۆربیروباوەڕێکی جوان و باشیشی هەبێت، بەڵام کارەکەی هونەریی نەبێت!

٤- یەکێك لەو هەڵە باوانە ئەوەیە کە هونەر ئاوێنەی کۆمەڵ و کولتووری سەردەمی خۆیەتی و رەنگدانەوەی کۆمەڵە. بەڵام کاری هونەری بۆخۆی دەربڕین نییە لەسەردەمی خۆی، بەڵکو یارمەتی ئەدات لەدروستکردنی سەردەمێکدا.[١٩] ئیدی ئێمە ناتوانین ئەو چەمك و پێوەرانەی کەهەن دەربارەی واقعێکی کۆمەڵایەتی بکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر کارێکی هونەری، چونکە هونەر جیایە لەگشت لایەنەکانی تری ژیان.[٢٠]

**★ ئامانجی رەخنە:**

لەبەر ئەوەی جوانی و بەهای هونەر لە ژیانی مرۆڤدا بەشێکە لەکولتووری بیرکردنەوە و هەستونەست، بۆیە رۆڵی بەرچاوی هەیە لەسەر هۆشیاری و دید و بۆچوونەکان. دەشبێت رەخنە ئەم گرنگییەی هونەر باشتر بسەلمێنێت و لەناو کولتوور و هزری جەماوەردا چەسپاوتری بکات.

لەوانەیەك یەکێك لە ئەرکەکانی فەلسەفەی هونەر و رەخنەی هونەری دەستنیشانکردنی پایە و بایەخی هونەربێت. ئیدی فەلسەفەی هونەر و رەخنە بایەخ بەوە دەدات کەپەیوەندی نێوان هونەر و ژیان، و هونەر و مرۆڤ تۆکمە بکات و ئەو لایەنانەش لەکاری هونەری دا راڤەبکات کە هەڵسەنگاندن و ڕێنمایی و تێگەیشتن دەگرێتەوە. واتە هونەر دەخوازێت راڤەیەك بۆ بوون یاخود لە بوندا بکات. یاخود جاری وەها هەیە هونەر دەیەوێت هەڵوێستەیەك لەسەر رووداوێك یا سەردەمێك بکات ، یاخود دەیەوێت ڕێنمایی و ڕێنوێنی و چاوساغ بێت بۆ مرۆڤەکان و وە ژیان لە بەرگێکی تردا ئاشنایان بکات. لێرەوە هونەر چاوی مرۆڤ بەرەورووی هەندێك پرسدا دەکاتەوە و سەرنج بۆلای ئەو بابەتە زیندوو و هەستیارانەی ژیان رادەکێشێت. دواجار ئادەمیزاد بەهۆی کارێکی هونەرییەوە دید و بۆچوونی بۆ دەوروبەری دەگۆڕێت.

دەشێت لێرەوە رەخنەی هونەر سێ ئەرك و ئامانجی هەبێت:

١. ئەرك و رۆڵی لێکدانەوە و راڤەکردن، وەك چۆن ژیان پڕە لەجوانی بەهەمەوو جۆرەکانییەوە، و چەندین نهێنی و پەنهانیش تێیدا هەبێت کەبەچاوی مرۆڤی ئاسایی نەبینرێت، ئاوەهەواش کاری هونەری زۆرجار خۆی نادات بەدەستەوە و بەئاسانی ناتوانین رۆبچینە

بنەما و واتا و مەبەستەکانیەوە. چونکە پێکهاتە و شێوازی کارەکە ئالۆزە یاخود زۆرترین لێکدانەوە و راڤە هەڵدەگرێت. لێرەوە ئەرکی رەخنە ئەوەیە کەبتوانێت راڤەیەکی گونجاو و باشی لەبۆ مەتەڵەکانی نێو کارێکی هونەری ئامادەبکات و زیاتر بینەر بەکارێك ئاشنا بکات.[٢١]

راڤەکردن و قوڵ بوونەوە و رۆچوون بەناخی کارەکەدا ئامانجە، بۆیە دەبێت رەخنەگر توانای هەبێت لێکدانەوەی جیاواز بکات نەوەك وەك خەڵکێکی ئاسایی سەرنجبدات: "لەبەرئەوەی هونەر وێنەیەکە لەوێنەکانی ژیان کەدەشێت زۆرجار ئاسان نەبێت بینەر لایەنەکانی بەدی بکات".[٢٢] پاشان راستییەکی حاشاهەڵنەگرمان هەیە کە "کاری هونەری ئاوێنەی خۆی نییە، بەڵکو خۆی لەچاو و دیدی رەخنەگردا دەبینێتەوە".[٢٣]

هەروەها لەبەرئەوەی کاری هونەری زۆربەی جار بێدەنگە و ناتوانێت خۆی لەسەر خۆی بدوێت، لەبەرئەوە پێویستی بەیەکێك هەیە کە لەسەری بدوێت. لێرەوە رەخنەگرتن واتە " سەرلەنوێ دروستکردنەوەی جیهانی هونەرکار بەشێوەیەکی تر".[٢٤] کەواتە رەخنە پێوەند و رایەڵێکە لەنێوان هونەرکار و بینەر (جەماوەر)دا. بۆیە گەر رەخنەگر نەبێت، دەشێت زۆرێك لەئێمە بەهای هونەری کارێك پێ نەزانێت. بۆنموونە " هەزاران و ملیۆنەها کەس زەردەخەنەکەی مۆنالیزای دیوە، بێئەوەی زۆرێکیان لەسەر ئەم بزەیە رابوەستن، تاوەکو رەخنەگرێك هات و توانی ئەم مەتەڵە لێکبداتەوە، کە مەبەستی داڤینچی لەوەدا نیشاندانی دواچارەنووسی ئەو ژنە گۆرانیبێژەیە وەك ژنەکانی تری بێ ئاسۆ و نادیار دەمێنێتەوە. لە پشت ئەو بزە سەیر و نادیارەوە خەفەتێکی تاڵ و قووڵ خۆی مەڵاسداوە، نەك وەك بزەیەکی ئاسایی بێت.[٢٥]

بۆنموونە پیکاسۆش خۆی هێماکانی ناو تابلۆی کۆرنیکای لێك نەداوەتەوە، بەڵکو ئەوە رەخنەگرە کە لەو تابلۆیەدا کەللەسەری ئەو گا شێتەی وەك هێمایەك بۆ نازییەکان لێکداوەتەوە.[٢٦] ئیدی ئەوەندەی رەخنەگرێکی وەك جون بیرگیر توانیویەتی خوێندنەوە بۆ ئەو تابلۆیەی (پیکاسۆ) بکات و باس لەتاڵاو و ئێش و ئازاری جەنگ بکات بەدەست نازییەتەوە، لەوانەیە خودی پیکاسۆش هێندە لە کاتی ئەنجامدانی تابلۆکەدا هێندە بیری لەوە نەکردبێتەوە! کەواتە رەخنەگر وەك گەوهەردۆزێکە کەپاش پشکنین و سواخ و بنکۆڵکردن لە تابلۆیەکدا دەتوانێت زیو و گەوهەر و شتی نایاب بدۆزێتەوە، پاشان بیخاتە بەردەمی بینەر و ئەو گەنجینەیەش لە لەناوچوون رزگار بکات.



٢. رۆڵ و ئەرکی رەخنە هەڵسەنگاندن و رِانانە.[٢٧] هەڵسەنگاندن ئەرکێکی رەخنەییە کەتێیدا رەخنەگر لەسەر لایەنەکانی کارەکێك هەڵوێستە دەکات و بایەخدەدات بە ستایڵ و شێواز و ناوەڕۆك و فۆرِم و تەکنیك و رەنگ و فیگەر و بەرزی و نزمی و هێڵ و تۆن و هتد... بۆنموونە دەیەوێت لەسەر ئەوە بوەستێت کەتاچەند هێڵێك رەهەندی واتای کارەکەی دابەشکردووە، یاخود تاچەند سنوورداری کردووە. تاکوێ و تاچەند رووناکی هێمای رزگاریی و هوشیاربوونەوەیە، یاخود تاچەند مزگێنی دوا رۆژێك بەو رۆشناییە لێکدراوەتەوە؟ بۆنموونە تاریکی بەرِەش گوزارشی لێکراوە، یاخود سێبەر و رووناکی چەند رۆڵی خۆیان لەکارەکەدا گێرِاوە.

٣. ئەرك و رۆڵی رەخنە رێنمایی کردنە: لێرەدا دەتوانین واتای رێنمایی و رێنوێنی بەدوو مەبەست لێك بدەینەوە. یەکێکیان پەیوەستە بە رێنمایی و رێنوێنی هونەرکار. ئەویتریان رێنمایی و رێنیشاندانی بینەرە بۆ ناسینەوی هونەری باش و بەپێز.

لێرەوە رێنمایی دەخوازێت هونەرکار ئاشنا بکات بە خاڵی لاواز و ناهونەری لەکارەکانیدا بەمەبەستی فێربوون لەکەموکوڕییەکانی و بەرەوپێشچوونی، و هاندانیشی بۆ بەرەو باشترچوون. بەڵام لەیادمان نەچێت رێنوێنی بەمەبەستی کۆت و بەندکردنی هونەرکار نییە، و کەمکردنەوەی ئازادیی هونەریش ناگرێتەوە، بەڵکو رانان و نیشاندانی شێواز و توانا و بەهرەیە، تاوەکو باشتر کاربکات و هاندەربێت بۆ سەرکەوتن و داهێنانی هونەری. هاوکات زیاتر لای بینەر جێی خۆی بکاتەوە.

ئیدی رەخنەی هونەری نە بنیاتنەرە، نە رووخێنەرە. بەرِای بندتۆ کروتچە " لەتوانای هیچ رەخنەگرێکدا نییە، کە لە مرۆڤێکی ئاسایی و ناهەونەرمەند، هونەرکارێك دروستبکات. و لەتوانای هیچ رەخنەگرێکیشدا نییە کە بتوانێت هونەرکاری راستەقینە برِووخێنێت و ورەی ببەزێنێت. لەبەرئەوەی هێزێکی (پاڵنەرێکی )میتافیزیکی لەپشت کاری هونەرییەوە ئامادەیە.[٢٨] کەواتە ئامانجی رەخنە بەهیچ کلۆجێك رووخاندنی هونەرکار و تێکشکاندنی کاری هونەری نییە. ئەوشتانەی بەناوی رەخنە و دژایەتی و شەرِ بەهونەرکار دەفرۆشرێت، رەخنەنین! بەڵکو شەرێکە لەژێرناوی رەخنەوە دەکرێت. ئیدی وەك چۆن هونەر شێوازی جیا و تەکنیکی خۆی هەیە، رەخنەش بەهەمان شێوە شێوازی خۆی هەیە. بێگومان رەخنەی هونەری لەخودی هونەری کەمتر نییە، چونکە رەخنەش هونەرێکە، بەڵام لەسەر ئاستێکی تێۆری ئەنجام دەدرێت و ئامانجی هونەرە نەك پێکردنی!

★ **مەرجەکانی رەخنەگر:**

لەلاپەڕەکانی پێشوودا باسی چییەتی رەخنە و رەخنەگرمان کرد، بەڵام دەبێت شتێکی دیکە بزانین: مەرجەکانی رەخنەگر چییە؟

ئایا هەموو کەس دەتوانێت رەخنەگربێت و لە کاری هونەری بدوێت، یان دەبێت ئەو کەسە رەخنەگرێکی پسپۆڕ و شارەزابێت و خاوەنی چەند تایبەتمەندییەك بێت بۆئەوەی بەشیاوی کاری رەخنەیی ئەنجامبدات. بێگومان ئەو بڕیار و بۆچوونانەی زۆرجار لەژیانی هونەریدا بەرچاومان دەکەون لەسەرچاوەیەکی بابەتی پسپۆڕییەوە نەهاتوون، بەڵکو زۆربەیان لەلایەن کەسانێك کەتاسەی هونەرییان هەیە و لە گۆشەنیگای زەوق و سەرنجی خۆیەوە لە کارێك دەدوێت. ئەمەش بەهیچ کلوجێك ناچێتە چوارچێوەی رەخنەییەوە، بەڵکو زیاتر گوزارشت لەدید و بۆچوونی ئەوکەسە دەکات، نەك رەخنەیەکی قووڵ و تیۆری.

لێرەوە کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی و خەسڵەت هەن کەدەبێت لەرەخنەگردا هەبن [٢٩]:

**١- زەوقی هونەری:**

ئەمەش هەستێکی سروشتی و خۆڕسکە کەلەکەسی رەخنەگردایە، وەك خەیاڵی هونەری و سەلیقە و هەستجوانی و تێگەیشتن لەتەکنیك و کاری هونەری. دەشێت مرۆڤ هەر لەدایك بوونیەوە کۆمەڵێك هەست و ئاگای هونەریی هەبێت کەلە رەفتار و هەڵسوکەوت، یاخود چۆنیەتی هەڵبژاردنی جلوبەرگ و خانووبەرە و ماڵ رەنگبداتەوە. یاخود هەستیاری مرۆییانە لەگەڵ خەڵکی دا و خولیایی شتی جوان و هونەری هەبێت. بەواتایەکی دیی جوان و شتی جوان بناسێتەوە، و هونەر لە ناهونەر جیابکاتەوە.

بەڵام "زەوق و چێژ" یان چەشەی مرۆڤ سێ جۆرە:

* چەشەیەکی رۆشنبیرییانە کەتیایدا مرۆڤ بڕیار و دونیابینییەکی هەیە کەبتوانێت هونەری باش لەخراپ جودا بکاتەوە و توانای چێژ وەرگرتنیشی هەبێت.

* چەشەیەکی رەمەکی و گۆترەیی: کەسێك دەگرێتەوە کە رەمەکی مامەڵە لەگەڵ هونەر و جوانیدا بکات و توانای رێکخستن و جوداکرنەوەی ئاستە هونەرییەکانی نەبێت.

* زەوقی گشتی کۆمەڵ کەمرۆڤ پابەندی ئەو بۆچوونە باوانە دەکات کەلەسەر بەهای جوانی و هونەر هەیە، ئەم شتێکی پێ جوانە کە کۆمەڵ پێی جوانە و خۆی سەرپشك نییە لەهەڵبژاردنیدا. لێرەوە ئەم کەسە لاسایی و شوێنی کۆمەڵ دەکەوێت لەزەوق و هەڵبژاردنی هونەردا.



باشە زەوقی هونەر چییە؟ بەڕای ئارنۆڵد هوسەر "زەوقی ساغ و دروست ئەوەیە کەبتوانێت لەروانگەیەکی وشیارەوە جیاوازی لەنێوان کاری باش و پۆخڵ دا بکات و درکی هونەری هەبێت، ئەمەش شتێك نییە کە مرۆڤ رەمەکی بڕیاری لەسەر بدات، یاخود بەپێی حەز و ئارەزوو یاخود زەوقی گشتی جەماوەر دیاری بکات، بەڵکو زەوقی ساغ و دروست بەرهەمی رۆشنبیری جوانی (هونەری)ە.[٣٠] لەیادمان نەچێت زەوقی هونەری دەگۆڕێت و لەژێر کاریگەری کۆمەڵ و کلتووردا بەپێی پەروەردە و رۆشنبیری گشتی دایە، بەڵام دەشێت لایەنی پەروەردەیی بۆ منداڵ لەتەمەنی بچووکەوە لەسەر ئەم زەوقە هونەرییە رابهێنرێت و گۆشبکرێت.

٢- شارەزایی و ئاگاداری هونەری و جوانی: واتە دەبێت رەخنەگر ئاگادارییەکی هونەرییانەی هەبێت لەئەنجامی کارکردن و ئەزموونی لەبواری هونەردا بۆ تێکەڵاوبوون لەتەك کاری هونەری و هونەرکاراندا. و بتوانێت کاری رەسەن و پڕ لەداهێنان و بەهێز لەکاری بێ پێز و ئیشی لاساییکردنەوە جیابکاتەوە. دەبێت بتوانێت شێوازی کاری هونەرمەندەکان جیابکاتەوە و ئاگاداری مێژووی هونەر و گۆڕانکارییەکانی دونیای هونەریش بێت.

٣- توانای بەشداری کردن و چوونە ناو دۆخی کاری هونەرییەوە، واتە رەخنەگر دەبێت بچێتە پێست و رۆحی کارەکەوە لەئەندێشە و خولیا و هەستی هونەرکار تێ بگات و بیخوێنێتەوە. ئاگاداری ئێش و ئازاری هونەرکارەکە بێت و بزانێت هونەرەکە بەچەند هەنگاو و قۆناغدا تێ پەڕیوە و چ تەکنیك و ماددەیەکی هونەری تیایدا بەکارهاتووە.

پاشان بتوانێت گوزارشت لەئازار و ئێشی ناخی هونەرکار بەزمانی رەخنەیی خۆی دابڕێژێت و بیخاتە چوارچێوەیەکی تیۆرییەوە و لەسەری بدوێت. بەواتایەکی دی: رەخنەگر هەست بەئازار و ئەندێشەی هونەرکار دەکات و بەشداری لەو هەست و ئەندێشەیەدا دەکات، بەڵام ئەو بەشدارییە لەو هەستەدا دادەڕێژێتەوە و لەباتی بیکاتە کارێکی هونەری وەك تابلۆیەك بۆ نموونە دەبێتە نووسینێکی رەخنەیی.

هەروەها ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە رەخنەگرتن بابەتییانە نییە، بەڵکو دەبێت رەخنەگر هەم بابەتییانە و هەم هەست و نەست بخاتەگەڕ بۆئەوەی بتوانێت راستگۆیی هونەری کەسەلیقە و کارزان و دەستڕەنگینی دەگرێتەوە جیابکاتەوە. لەیادمان نەچێت راستگۆیی هونەری جیاوازە لە راستگۆیی لۆجیکی کە ئەم بۆخۆی لەژێر پاساودان و پشکنینی بەڵگەوە دەکرێت. ئێمە بۆ

هەڵسەنگاندن و رانان پێوەرمان هەیە . هونەرمەندی گەورە رۆدان دەڵێت: " با لەکاری هونەریدا پیشەیی و دانای و خۆڕاگرتن هەبێت. هونەرکار نابێت پشت بە ئیلهام ببەستێت، چونکە دەشێت لەکردە و پرۆسەی هونەرییدا ئیلهام نەبێت (یاخود نەمێنێت). تەنیا سیفەتێك کە لەهونەرکاردا دەبێت هەبێت: دانایی و ئاگامەندی و دڵسۆزی ویستنە".[٣١]

٤- رۆشنبیری و زانیاری گشتی، دەبێت رەخنەگر زانیاری گشتی هەبێت لەبواری زانستەکان و خاوەنی خوێندنەوەیەکی باش بێت. تاوەکو سوودیان لێ وەربگیرێت. ئەمەش جۆرێك لەگشتگیری روناکبیری رەخنەگر دەردەخات کەتەنها ئاگاداری تەکنیك و کاری هونەری نییە، بەڵکو خوێندنەوەی هەیە لەفەلسەفەی جوانی و هونەر، مێژوو و ئەدەب، تاکو باشتر لە هونەربگات وەك رۆسۆ دەڵێت: "چەند مەرجێك هەیە بۆئەوەی مرۆڤ لەهونەر بگات". [٣٢]

باشتروایە رەخنەگر شارەزایی لە هونەری جیهانی و توانای خوێندنەوەی هەبێت بە زمانی بیانی بۆئەوەی شاکارە مەزنەکان بخوێنێتەوە لەسەر هونەر و پاشان دروستکردنی ئاشنایەتی لەتەك خودی هونەرکاردا کە یارمەتی رەخنەگردەدات زیاتر لەکارەکە بگات. هەربۆیە شارەزایی رەخنەیی بەتەنها شارەزایەکی تیۆری نییە سەبارەت بە میتۆدەکانی رەخنە، بەڵکو شارەزایی لە شێوازەکانی کاری هونەری و مێژووشیان پێویستە.

٥- بابەتییانە کاربکات "دەبێت رەخنەگر وریای بڕیار و بۆچوونی پێشوەختی بێت و تێکەڵ بەکاری شیکاری بکات، وە زەوقی تایبەتی خۆی بکاتە پێوەر بۆئەوەی کارێك هەڵبسەنگێنێت، یاخود هاوڕێیەتی و ناسیاوەتی بکاتە تەوەرەیەك کەبەکارهاتووە بلێیت هونەرییە. یاخود لەبەرئەوەی بەشێوازێك کاربکات کەبەلای خۆیەوە باشە، ئیتر دەبێت کارە هونەرییەکە باش بێت وەك فەیلەسوفی ئەمریکی جۆن دیوی ئەڵێت:- "ئەو مەترسییەی بەردەوام هەرەشە لەرەخنەگر دەکات ئەوەیە کەشوێن مەیل و ئارەزووی خۆی بکەوێت، یاخود شوێن ئەو نەریتە باوە بکەوێت کە بێ لایەن نییە. دەبێت رێگایەك بگرێتە بەر وەك پێوەر لەبڕیارداندا بەکاری بهێنێت. نەك باوەڕی وابێت کە لادان لەو نەریتە باوە لادانە لە هونەر خۆی". [٣٣]

٦- بۆئەوەی رەخنەگر پەی بەکارێك بەرێت، دەبێت چاوی پەروەردە کرابێت و هەستیار و وردبین بێت لە ناسینەوەی هونەر. کەواتە چاو و گوێ و هەست و هوشیاری هونەری یارمەتی دەدات لە کارەکەیدا. هەروەك بندتۆ کرۆتچە دەڵێت: " لەسەر رەخنەگر نییە کە هەڵوێستی بەرامبەر کارێك وەك هی داوەرێك، یاخود ئامۆژگارکەر و مامۆستایەك بێت، بەڵکو رەخنەگر



بۆخۆی هیچ نییە جگەلە هونەرمەندێکی تر کە هەمان هەست و نەستی هەیە وەك هونەرکارێك، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە رەخنەگر ئەم پرۆسەیە بە ئاگاییەوە ئەنجامدەدات، لە کاتێکدا هونەرکار بەنائاگایی تێدا ژیاوە". [٣٤]

٧- جیهانبینی و دیدوبۆچوونی رەخنەگر، ئەمیش ئەو ویست و خواستە دەگرێتەوە کە لە ناخ و بیروهۆشی رەخنەگردایە کە بەهۆیەوە دەتوانێ سەرنج و بۆچوون و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکە ئاشکرابکات و رای خۆی یەکلا بکاتەوە بە راستگۆیی و ئاگامەندییەوە هەڵوێست بکات لەمیانەی نووسینێکی رەخنەییدا کە هاوکات جیهانبینی و دیدوبۆچوونی رەخنەگری تێدا دەردەکەوێت. دەبێت رەچاوی رێزگرتن و راستگۆیی و دەستپاکی و خۆشەویستی ڕەخنەو خزمەتکردن بە کولتوور و هونەر پاڵی پێوە بنێت.

٨- ئیدی رەخنەگرتن گەمە و کارێکی سەرپێیی و شتی بێ بنەما و رەمەکی نیە، بەڵکو را و سەرنجی جیدیدیە کە دەبێت بەهەند وەربگیرێت. نابێت رەخنەگر هێندە دۆگما و سەختگیربێت لە دەربڕینی بۆچوونە رەخنەییەکانیدا ، بەڵکو ئامادەیی باسکردن و راگۆڕینەوە و قەبووڵکردنی رەخنە لە خودی رەخنەکانی خۆشی بکات.

**پوختەی باس:**

گرنگی و بایەخ لەزانین و ناسینی میتۆدەکانی رەخنە لێرەدا تەنها بۆ خوێندنێکی سەرپێیی و زانیاری گشتی نییە، بەڵکو ئامانج لێیان فراوانکردنی ئاسۆیی بیرکردنەوە و روانینمانە لەکاری هونەری. لەبەرئەوەی هونەر بوارێکی گرنگ و زیندووی ژیانی فەرهەنگییە، شایانی خوێندنەوە و تێگەیشتنە وەك چۆن هونەر جۆرێکە لەتێگەیشتن لەبوون و ژیانی مرۆڤ، هەربۆیە دەبێت ئەو بۆچوونە هونەرییەش هەڵبسەنگێنرێت.

دیارە کاری رەخنەییش پرۆسەیەکی تیۆری ئاڵۆز و سەختە. بۆیە ئێمە لەکاری رەخنەییدا ناتوانین پشت بەیەك جۆر میتۆدی رەخنەیی ببەستین، بەتایبەت لەهونەری هاوچەرخدا کە هونەرێکی پێشکەوتووە و خاوەنی (هەڵگری) چەندین رەهەندی جیاواز و ئاوێتە کراوی چەند شێوازێکە لەکارێکدا. ئەمەش بۆخۆی ئاڵۆزی ئەم هونەرە دەردەخات، چونکە هەڵگری چەندین ئایدیای هونەری جیاواز تیایدا بەشدارن. بۆیە لەکاری رەخنەییدا دەبێت رەخنەگر کارزان بێت و دەشێت چەندین میتۆد بەکاربهێنێت بۆیەك کار.

پاشان جیاوازی نێوان میتۆدەکان بۆخۆیان دەوڵەمەندکردنی بیر و بۆچوونی ئێمەیە لەسەر ڕەخنە، نەك ئێمە ئەم جیاوازییانە وەك دژایەتی و ناكۆكی نێوان میتۆدەكان سەیربكەین. دەشێت جیاوازییەکان تەواوکەری یەکدی بن، و ئێمە بە هەموومان دەتوانین ڕەخنەیەکی سەنگین و قوڵ لەسەر کارێکی هونەری پێشکەش بکەین. سەرباری گرنگی و زەرورەتی ڕەخنە لەپێشخستن و گەشەکردنی هوشیاری و ئاگای ڕەخنەییدا، دەشێت ڕەخنە بەتەنها نەتوانێت گەورەیی و مەزنی کاری هونەری یاخود وێژەیی دەربخات، وەك ت.ئیلیۆت دەڵێت: "لەتوانای هیچ پێوەرێکی ئەدەبیدا نییە کە بەتەنها بتوانێت مەزنێتی ئەدەب دەربخات، ئەگەرچی دەبێت بزانین کە تەنها ئەو پێوەرە ڕەخنەییانەن کەپێمان ڕائەگەیێنن کامە ئەدەبە یان نا"![٣٥]

وەك وترا ڕەخنەگریش بۆخۆی هونەرمەندێکە، وەك چۆن ڕەخنەش هونەرێکە کەلە تەکنیك و ڕێ و شوێنی تایبەتی پێك هاتووە. لەبەرئەوە ڕەخنەگر کۆمەڵێك چەمك و زاراوە و میکانیزمی ڕەخنەیی بەکاردەهێنێت و دەشێت پشت بەمیتۆدێك یان زیاتر ببەستێت. ئیدی ڕەخنەگری باش " ئەوکەسەیە شێوازی کار و پێوەرەکانی بەهای هونەری بەیەکەوە ڕێکدەخات لەگەڵ ئەو کارەی کەدەیکات. و دەشێت لەکاتی تایبەتدا ڕەچاوی خوێنەر/ جەماوەر ئاستی زەوقی گشتی بکات.[٣٦]

## سەرچاوەکان:

ڕەخنە و هەقیقەت: ڕرلآن بارت، و: ئیسماعیل زارعی، دەزگای وەرگێڕان ٢٠٠٧.
افاق النقد التشكيلي: عباس الصراف، دار الرشيد ١٩٧٩.
االنقد الفني: دراسه جماليه و فلسفيه، جيروم ستولنيتز، ترجمه د. فؤاد زكريا
الگبعه الپانيه، بيروت ١٩٨١.

## پەراوێزەکان:

١- (جیروم ستولنسیتز. ل ٢١٩)
٢- ڕەخنە و هەقیقەت، ل
٣- عباس الصراف، ل ٢٩٤
٤- جیروم ستولنسیتز ل ٦٦٧
٥- هـ.س.پ. ل ٢٢٥
٦- جیروم ستولینتز ل، ٥٦١



٧- هـ.س.پ.
٨- هـ.س.پ. .ل، ٥٦٢
٩- عباس الصراف ،ل ٢٠٩
١٠- عباس الصراف، ل ٢٢٣
١١- عباس الصراف، ل، ٢١٦
١٢- هـ.س.پ.
١٣- هـ.س.پ. ل ٢١٧
١٤- هـ.س.پ. ل ٢١٨
١٥- هـ.س.پ. ل ٢١٨
١٦- هـ.س.پ. ل ٢١٨
١٧- هـ.س.پ. ل ٧٠٠
١٨- هـ.س.پ. ل ٦٨٥ [١٨]
١٩- هـ.س.پ. ل ٦٩٦
٢٠- هـ.س.پ. ل ٦٩٨
٢١- سەیری جیروم بکە، ل ٥ ؟؟، هەروەها سەیری عباس الصراف ل، ٢٦٦ بکە.
٢٢- عباس الصراف ل .٢٦٦
٢٣- هـ.س.پ.
٢٤- هـ.س.پ.
٢٥- هـ.س.پ. ل ٢٦٦
٢٦- هـ.س.پ.
٢٧- جیروم ؟؟؟
٢٨- هـ.س.پ. ل، ٢٩٣[٨]
٢٩[٢٩]- عباس الصراف ل ٣١٩
٣٠- عباس الصراف ل ٣٢
٣١- عباس الصراف، ل٢٤٥
٣٢- هـ.س.پ. ل ٣٢٦
٣٣- عباس الصراف، ل ٣٢٨
٣٤- عباس الصراف، ل ٣٣١
٣٥- جیروم. ل ٧٢٣
٣٦- هـ.س.پ. ل ٧٤٢

# تەوەری دەیەم

# هونەر و خوێندنەوەی جیدی بۆ هونەری کوردی

**دەروازە:**

لە تەوەری پێشوودا باسی رەخنە و رەخنەی هونەریشمان کرد. دیارە دەبێت ئاوڕێك لە هونەر و فەلسەفەی هونەر بدەینەوە. یەکێك لە گرنگی و جوانییەکانی هونەر ئەوەیە کە ئەگەر واتایەکی فەلسەفەیەکی لەپشتیەوە هەبێت ئیتر هیوابەخشە بۆژیانی مرۆڤ. هەربۆیە ناکرێ لەژێر هیچ فشار و دروشمێکدا لەپایەی هونەر کەم بکرێتەوە. لێرەوە من دەمەوێت باس لە هەندێك لایەنی گرنگی هونەر بکەم بە تایبەت پێگەی هونەر لە کلتوری کوردیدا.

## ١-١٠- هونەر و گۆڕان: کراوەویی لەکاری هونەریدا:

دەمەوێت بەسەرنجێك لەسەر هونەری شێوەکاری لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا دەستی پێبکەم. جێداخە کە هونەر تا ئەمڕۆش جێگای تەواوی خۆی لەناو جەماوەرێکی بەریندا نەکردۆتەوە. لەوانەیە هۆکاری دەرنەکەوتنی هونەر بەگشتی وەك رەگەزێکی گرنگی ژیانی کۆمەلآیەتی و کولتووری بگەڕێتەوە بۆ باری هۆشیاری گشتی لەلایەك و، لەلایەکی ترەوە جەنجاڵی دونیای سیاسەت. هەر بۆیە "هونەرمەند" نەیتوانیوە سەرکەوتوانە وەك چینێکی گرنگ جێگای خۆی بکاتەوە لەم دۆخەدا. هەبێت هەولّدانی هونەریی هەیە، بەلآم چ هونەرێك و لە چ ئاستێکدا هونەر بەرهەم دێت؟

ئێمە دەزانین لەم ساتەوەختەدا کورد بەدەست کێشەیەکی سیاسی سەرئێشێنەرەوە دەناڵێنیت، بەلآم ئەوەش ناگەیەنێت کە هەموو کایەکانی ژیان لەژێر فشاری سیاسەتدا بێت و خاڵی بێت لە هەست و کاری هونەری داهێنان کارێکی بێهوودە بێت. ناکرێ لە ناو هیچ مرۆڤگەلێکدا هونەر نەبێتە رەگەزێکی دیاری کولتوور، هەرچەندە ئەو هونەرە سادەش بێت. سستی بوونی هونەر لاوازی و هەژاری کولتووری دەگەیەنێت بەهەموو واتایەك.

لەبارودۆخی داهێنراوی سیاسیشماندا هونەر وەك بوارەکانی تر کەم تا زۆر توانیویەتی هەنگاو بنێت، گەرچی بەسستیش بووە توانیویەتی شوێنێك لەرۆشنبیری کوردیدا دابین بکات. بەلآم هونەر و



وێژەی ئێمە تاڕادەیەکی زەق سیاسەتئامێز و هەڵگری گەلێك رەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆجی بووە. لەپێش هەموو شتێکدا هونەر بۆتە هەڵوێست و بەرگری کردن و گەیەنەری پەیامی چەوساوەی مرۆڤی کورد. دیارە ئەمە خەوشێك نییە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی و سیاسیدا، بەلآم تا چەند ئەمە رۆڵی هەبووە لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی هونەری کوردی دوور لە سیاسەت؟

چونکە پرسیارێکی زۆر شیاو و گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی هونەری کورد و زانینی پایەی هونەریش لە کۆمەڵدا. کاتێك هونەر کورتدەکرێتەوە بۆ کردەیەکی سیاسی و دەخزێنرێتە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆجی سیاسی، ئیتر شتێك نامێنێت ناوی هونەر بێت وەك بوارێکی رۆشنبیری هۆشیاری سەربەخۆ. سەرەڕای ئەوەش هونەر پێشێل دەکرێ و لاواز دەبێت لەئاست رووداوە سیاسییە ترسناکەکاندا. پرسیارێکی تر ئەوەیە: ئێمە چۆن هەڵسەنگاندن بۆ کارێك و نرخاندنی بەرهەمێك بکەین، ئایا بەهەمان پێودانگ و روانگەی سیاسی سەیری بکەین، چونکە بەهایەکی سیاسی دەبەخشێت؟ چۆن باس لەهونەرمەندێك بکەین ئایا دیدی ئێمە بۆی وەك هەمان بۆچوونە بۆ" خەباتگێڕێك؟ هونەرمەند وەکو هەموو چینەکانی تری کۆمەڵ دەشێ زیاتریش ئازار و ناسۆری سیاسی و ژیانی هەبێت، بەلآم بەهای کارەکانی هەر لەبەرئەوە نییە کە ئەم چەوساوەیە و بەس. هەروەها نرخاندنی کارێکی هونەری لەبەر هەڵوێستێکی سیاسی نییە، ئەگەر وابێت ئەوا هونەر جێی خۆی نەکردۆتەوە لە هۆشیاری کولتووریماندا و هونەرمەندیش رۆڵێکی ئەوتۆی نییە وەك هونەرمەند بەڵکو وەك کەسێکی تر کە ناسنامەیەکی تری هەیە نەك هونەری.

هەڵبەتە باسکردن لە هونەری مۆدێرن و هەوڵی هونەری لەمڕووەوە وابەستەیە بە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و هاوچەرخەوە کە لە هونەری مۆدێرن بگات و دواجار هونەری مۆدێرنیش تێدا لەدایك دەبێت. جێی داخە کە ئەم ئاستە هونەرییە لای ئێمە بە باشی نەرسکاوە. دەکرێ هونەرمەند لەپێش هەموو شتێکەوە ناسنامەی هونەری هەبێت وەك هونەر سەیری کارەکانی بکرێت، گەر بمانەوێت لەسەر هونەر بدوێین.

پایەی هونەر و هونەرمەند بەستراوە بە هۆشیاری کۆمەڵ و خودی هونەرمەندەوە لەکاتێکدا لە دونیای ئێمەدا سیاسەت بالآدەست و سەرتۆپی خەمەکان و ئازارەکان دادەگرێت، ئەوا هونەر لەپاڵ وێژە و لایەنەکانی تر پەڕاوێز دەبن و زۆر جاریش دەبنە سەنگەرێکی سیاسی یان بڵندگۆیەی راستەوخۆی سیاسەت. دواجار کۆمەڵێك و مرۆڤگەلێکی تاکڕەهەند دروست دەبێت کە تەنها لەڕوانگەی سیاسەتەوە دەڕوانێتە جیهان و هونەر بەتایبەتی. بەواتایەکی تر پێودانگێکی سیاسیمان بۆ هونەر دەبێت کەلەدەرەوەی کایەی هونەری سەرهەڵدەدات. ئیدی پرسیاری سەرەکیمان دەبێتە ئەوەی

که تا چەند هونەر هەڵگری پەیامێکی سیاسییە و هونەرمەند بەڕاستی چەند لە چالاکی سیاسییەوە نزیکە. ئەمە ئەتکردنی شتێکە کەناوی هونەرە و شکاندنی ناسکی و جوانی و بەها هونەرییەکانە و، سەرەڕای کوشتنی واتا فەلسەفییەکانی هونەرە. کاتێك کە هونەر دەبێتە ئامراز و کەرەستەیەك، باڵایەتی خۆی ونـدەکات لەنێو شەڕەنگێزی ڕۆژانەدا. زۆر دوور نەڕۆین، هونەر لەسەر دەستی سۆشیالیزمدا کرا بە سیاسەت و سیاسەتیش لای نازییەکان کرا بەئیستەتیکا و هونەر.

بۆیە دەڵێم باس لە هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ چونەدەرەوەیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆمان، کاتێك کۆمەڵی کوردەواری لە ئاستی هۆشیاریی مۆدێرندا نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەوڵدانی چاك لەلایەن هەندێك لە هونەرمەندانەوە بۆ نوێخوازی و شکاندنی هەندێ بۆچوون دەربارەی هونەر، بەلاّم بڕێك لەو هەولاّنە تەنها چەند چەمك بەکارهێنانێکی مۆدێرنانەیان هەیە لە هونەردا. نەك وەك ئەوەی کارەکەیان مۆدێرن بێت. بەکارهێنانی هەندێ کەرەسە و شێوازی مۆدێرن نامانگەیەنێتە ئەو ئاستە هونەرییەی مۆدێرنە، گەرچی جێی دڵخۆشییە کە هەوڵ و تەقەلای باش دەدرێت لەمڕووەوە. لێرەوە من لەخەم و پەژارەی هەندێك هونەرمەند دەگەم، کاتێك باس لە گێژاوی ونبوون و نەناسینەوەی کارەکانیان دەکەن لای جەماوەری کورد و تەنانەت ڕۆشنبیران. لەو باوەڕەدام "زەوقی گشتی" ڕۆڵی گەورە ببینێت لە نرخاندنی کارێکدا کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ ویست و چاوەڕوانیانی بینەردا، بەلاّم تا چەند ئەم زەوقە گشتییە لە ئاستێکی پێشکەوتوودایە و تا چەند ئێمە چاوی هونەریمان لەوئاستەدایە کە تەنها سەیری جوانی نەکات وەك گوڵدانێك و وێنەی سروشت دەبینێت، بەڵکو قوڵبێتەوە لە تابلۆیەك و سەیری زۆر واتا و ڕەهەندی فەلسەفی بکات لە پشت تابلۆ و نیگارەکانەوە.

کاتێك زەوقی گشتی چاوەڕوانی وێنەی پاڵەوانێکی دێرینی کوردە، ئەوسا بەرهەمهێنانی هونەریشمان جگە لە دووبارەکردنەوە و گشتێتی بەدوور نابێت. جا هونەرمەندێك بیەوێت ئەم زەوقە ڕەتبکاتەوە و بەشێوەیەك کاربکات کە لەگەڵ ئەم زەوقە گشتییەدا نەگونجێت، ئەوسا کێشەی ونبوون بەنرخاندنی کارە هونەرییەکەی دێتەئاراوە. ئەمەش شکستی دەروونی دروست دەکات بۆ هونەرمەند و هیچ هاندەر و پشتگیرێك نابێت لەلایەن دەوروبەرەوە. هونەرمەند دەخاتە نێو تەڵەزگەیەکەوە کە ئایا درێژە بەکاری خۆی بدات، یان بێتە هاوشانی شاعیرێکی میللی؟ بێگومان ئەمە لەهونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێك دەگۆڕێ. چەندین هونەرمەندو فەیلەسووفی جیهانی مرۆڤی سەردەمی خۆیان و ڕۆژگار نەبوون و دەوروبەر هیچ هاندەرێکی باش نەبوون بۆ کارەکانیان، کەچی بە پێچەوانەوە کاری وەهایان ئەفراندووە کە هەرگیز لە یادەوەری مرۆڤ ناچێتەوە.

گەر بگەڕێینەوە سەر هونەری شێوەکاری کورد دەبیت باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی هونەریش



بکەین. هەر لەم کلاّوڕۆژنەوەیە چەندین ڕێبازی هونەری، هەر لە کلاسیکەوە تا هاوچەرخ دەبێتە تەوەرەی باسکردن لە هونەر. بەلاّم ئەم گەڕانەوەیە بۆ ڕێبازەکان و تێۆرەکانی هونەر، گەڕانەوەیەکە بۆ پاشخانێکی کولتووری کە زەمینەی تەواوی لە کولتووری کوردیدا نییە. واتە ئێمە ناتوانین باس لە قۆناغێکی هونەری بکەین و بتوانین لەگەڵ ساتەوەختی ئیمڕۆ هونەری کوردیدا بەراوردی بکەین. بەڵکو پاڵپشتی ئێمە لەم بارەوە تەنها باسکردن و تاوتوێی فەلسەفەی جوانی و هونەری ڕۆژئاوایە کە زادەی یەك ساتەوەختی مێژووی نییە، بەڵکو قوڵدەبێتەوە بۆ ناخی مێژووی کە هونەری تێدا پێشدەکەوێت و چونکە "هونەرمەندی کورد مێژووی یەکگرتنی شوێن و کات و زاتی نییە"[٢] واتە لەگەڵ ئەو سەردەمەی کارەکانی تێدا دێتە بەرهەم.

دەشێ ئەم کێشەیە بە ڕێگر دابنێین لەبەردەم گەلاّڵە بوونی هونەری کورد و پێشکەوتنی هونەری لەهەر قۆناغێکدا. لەهەمان کاتدا دەکرێ هەوڵەکانی ئەمڕۆی هونەرمەندان لە نیشتمان و تاراوگەدا بەسەرەتایەکی باش بزانین لەگەلاّڵەبوونی هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ هەروەك چۆن ئەمەش لە وێژە و لایەنە فیکرییەکاندا دەبینین کە تا ئەمڕۆش لەنێوان ژانی لەدایك بوونی و سەرهەڵداندان. ئەم هەولاّنە سەرەتاتکێیە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و مێژووماندا و بەزاندنی قۆزاخەی ئاین و باو و نەریتەکانە لە هەمان کاتدا. بۆیەکە سەرباری ئەوەی بارودۆخی ئەمڕۆ ئاستەنگێکە لەبەردەم پاشخستنی کاری هونەریدا، بە هەمان شێوەش سەرەتایەکی دڵخۆشکەرە بۆ داهێنان و ئەفراندنی بەرهەمی هونەری کە زۆر ئاشنا نییە بە چاوی بینەری کورد. سەرکەوتنی ئەم هەوڵە بەستراوەتەوە بەخودی هونەرمەند بە پلەی یەکەم، پاشان دەوروبەر و قۆزتنەوەی هەل و دەرفەتە گونجاوەکان.

بێ ئەوەی خاڵێکی گرنگ لە بیر بکەین، هەڵسەنگاندن و ڕەخنەسازی لە بواری هونەریدا یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی پێشخستنی هونەری و ناساندنی هونەر و دەرخستنی پلە و پایەی هونەرمەند. هەنوکە ئێمە خۆمان لەبەردەم کۆمەڵێك لە هونەرمەندی دێرین و لاودا دەبینینەوە کە هەندێکیان بەتوانای هونەرییەوە بە لێبڕانی تەواوەوە سەرباری قورسایی ژیان و نائارامی سیاسی و ئابوورییەوە توانیویانە گەشە و بەردەوامی بەکاروانی خۆیان بدەن و ڕۆڵیان هەبێت لەدروستکردنی چاوی هونەری لای بینەری کورد.

بەلاّم چاوێك کە بتوانێت هونەر وەك هونەر بەدی بکات و هەڵسەنگێنێت، نەك تەنیا سەیرکەرێکی خێرا و جەماوەرێکی ئارەزوومەندبێت بە هونەری کە لە کیتشەوە نزیك بێت. کیتش هونەر نییە گەرچی کارامەیی و لێزانینی تێدایە، بەلاّم ئاستی هونەری لاوازە، چونکە بەهاکان و هونەر کورتدەکاتەوە بۆ دیمەن و جوانییەکی خێرا بێ قووڵبوونەوە و رامان لە هونەر. تا لەم کاتەدا

ئێمە دەتوانین باس لە هونەری کوردی بکەین لە ئاستێکدا. هەروەك لەلاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم پێدا، هۆیەك لەهۆکانی دواخستنی هونەر لەدونیای ئێمە ونبوون و نەناسینەوەی هونەرە لەنێو کێشمەکێشی سیاسەت و رۆژگاردا، لایەنێکی تریشی ئەوەیە هونەر بەپێی پێویستی نەیتوانیوە شوێنێك بۆ خۆی لەبازاڕدا داگیربکات.

هەڵبەتە من قسەم لەسەر ئەوە نییە کە ئێمە هونەر وەك کاڵا و کەرەسەیەك تەماشا بکەین و پێشکەش بکەین و بازرگانی لەسەر بکرێت. بەڵکو بازاڕێکی هونەری هەبێت کە هونەرمەند و کاری هونەری بە جەماوەر بگەیەنێت و لەلایەکی دیکەوە برەویی پێبدات لە میانەی هاندان و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەر. کەدەبنە پاڵنەرێکی چاك بۆ ئەوەی هونەرمەند لەسەر پێی خۆی بوەستێت و هونەرمەند وەك کەسێکی پرۆفێشناڵ خەریکی هونەر بێت و چاوەڕێی دەسەڵاتی سیاسی نەبێت لەدابینکردنی پێویستە هونەرییەکان و بژێوی خۆی. بۆیەکە نەبوونی بازاڕی هونەری سستی هونەریش دەگەیەنێ. گەر هونەر پابەند بوو بە بڕیاری سیاسی و چاوی لەوی دەسەڵات بێت ئەوسا هونەرێك دێننە بەرهەم کەسادە و رەزامەندخواز بێت و ئەڵقە لەگوێی سیاسەت بێت.

خاڵێکی گرنگتر ئەوەیە کە یەکێك لە بەرەنجامەکانی ونبوونی هونەرمەند و نەناسینەوە و داننەنان بەکاری هونەری وەك لایەنێکی گرنگی کولتوور، ئەوەیە کە هونەرمەند لەهەوڵ و تەقەلایەتی سەیر دابێت بۆ دروستکردنی خۆی لەسەر هونەر. واتە لەبری ئەوەی هونەر تێیدا گەشە و گەورەبێت، هونەرمەند خۆی لە هونەردا گەورە بکات و گوێ نەداتە ئاستی هونەرییەکەی. دیارە کەسانێك هەن دەیانەوێت بەهەموو شێوەیەك ناوبانگ و ناوێکیان هەبێت هەرچۆنێبێت. بۆیە مەیدانی هونەریش خاڵی نییە لەم کەسانە. هەر لەبەرئەمە دەبێت دیدێکی رەخنەیی هونەری لەمڕۆدا چالاك و وردبین بێت کە ئەم کێشانەی باسکران بخاتەڕوو دەستنیشانی تەواویان بکات. هەربۆیە وەك چۆن ناکرێ ئێمە لەساتی جەنگ و کارەساتەکاندا خۆراك و پۆشاك و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان لەبیر بکەین، ئاوەهاش ناکرێ باسکردن لەهونەر و رەخنەی هونەر پشتگوێ بخرێت گەرچی بارودۆخەکان زۆر ئاڵۆزیش بن، چونکە هیچ سەردەمێك بێ جەنگ و ئاڵۆزی نەبووە و خاڵیش نەبووە لە هونەر.

ئەمڕۆ هونەر لەو سنوور و شیوازە داخرانەوەی کەپێناسەی کاری هونەری دەکات تێپەڕیوە. ئیدی تیپەراندنی پێوانە و شیوازەکانی هونەری مۆدێرن و کلاسیك لە شۆڕشیکی هونەری دەچێت، کاتیك "ئاڤاندگاردە" هەموو سنوورەکانی هونەری تیپەراند هونەر تەواو گۆڕا. شایانی باسە ئەو شیوازە هونەرییە باوانەی کەچەند هونەرمەندی مەزن و بلیمەت کاری لەسەر کردبوون، ئیستا بەشاکاری هونەری سەردەمیك دەناسرێت و چیتر وەك قوتابخانەیەکی هونەری پەیرەوی لێ ناکریت.



ئەمەش ئەوە ناگەیەنیت کەئەم شیوازە کلاسیکی و مۆدێرنانە پشتگوێ خراون، بێ نرخن، بەلکو لەدونیای ئەکادیمی هونەریدا دەخوینرێ و بایەخی تەواویان هەیە. بەلام ئەوە دەبێت بزانین هونەر ئەمرۆ چیتر قەتیسی شیۆاز، فۆرم و فیگور و رەنگی تایبەت نین. بەڵکو لەکاریکدا چەندین شیوازی جیاواز بەکار ببێتە ئاویزانی کاری هونەری لەڕیی شکاندنی دیواری جیاکردنەوەی هونەریك لەئەویتر. هونەر چیتر خەریکی دروستکردنی سنوور و خۆداخستن نییە، بەڵکو بەزاندنی سنوورەکانە ئیتر ئەو پرسیارە گرنگ نییە تۆ بەچ شیوازیك کاردەکەیت گەر فەلسەفە و خەیاڵ و رەهەندی قوڵ لەپشت کارەکانەوە بێتو هەموو ئاویزانی کارێك بێت کە لەزۆر رووەوە جیاواز کەچی هەڵگری چەند شۆینەواری کاری پیشووتری پێوە دیارە.

ئەمەش نەك تەنها تازەبوونەوە و رزگاربوونە لەکۆتەکانی رابردووی هونەر بەگشتی، بەڵکو گوڕپیدانیشە، رەهابوونیکە کە رەها نییە، چونکە دواجار ئەم خۆی دەچێتە قالبێکی گونجاو و دیاریکراوەوە لای هونەرمەند. رەهابوونیکە بەو واتایەی دەرچوونە لەشۆینی داخراو و سنوور بۆکیشراو، وە بەرەو پانتاییەکی تر، بەرەوکردنەوەیەك کە رەنگ، خەیاڵ و ئەندێشە سەرلەبەر بەرجەستە دەبن. دیارە کارکردن لەگەل پانتاییدا تەنها لەهونەری نیگارکێشاندا کێشەیەك نییە، بەلکو بەهەموو شیۆیەك گەمەیەکە لەخودی هونەرمەندا لەگەڵ پانتاییدا دروست دەبیت و پانتایی بەهەموو شیۆیەك دەیەوێت خودی هونەرمەند و ئەندیشەکانی داگیربکات. پاشان هونەرمەند بیەوێت کار لەسەر ئەو داگیرکردنە بکات بەوەی خۆی دەیەوێت پانتاییەکان داگیربکات، گەرچی بۆشایی دروستکردن و بەجێهێلانی بۆشایش بێت. لێرەوە کارکردن لەگەل پانتاییدا گەڕانێکە بەدوای تەواوبووندا نەك لەخودی کارەکاندا، بەڵکو تەواوبوونێکە کە بۆ ناتەواوییەتی و تەواونەبوونی کارەکەیە. واتە هونەر تەواو نابێت بۆخۆی، چونکە هەردەم لەسوڕی تەواوبوونێکدایە کە بۆخۆی تەواوبوون و کۆتایی نییە. لێرەوە تەواو بوونی کاری هونەری جارێکی تر سنووردارکردنەوەیە، واتە چێوەکردنی هونەرە کە بەکوشتنی رۆحی داهێنانی هونەری کۆتایی دێت.

ژیدەر:

١. وتەیەکی دیاری فەیلەسووفی ناودار ڤاڵتەر بنیامینە.

٢. گوفاری شێوەکاری قەرەنی جەمیل ز:٢ ٢٠٠٣.

## ٢-١٠- ئاستەنگەکانی بەردەم کرانەوەی هونەری کوردی:

**دەروازە:**

لەم بەشەدا دەمەوێت باس لەهەندێك تەوەری راستەوخۆ پەیوەستە بەگۆڕین و پێشخستنی ئاستی هونەرییەوە بکەم. وەك دەزانین هونەر لەکولتووری کوردیدا بەو واتایەی کە ئەمڕۆ پێیدەڵێن هونەر مێژوویەکی کۆنی نییە، گەرچی هەندێك کار یاخود هەوڵدان هەبوون بەڵام لەئاستێکی هونەری ئەوتۆدا نەبوون تاوەکو ئێمە لەمڕۆکەدا وەك سەرەتایەکی "هونەری کوردی" بژمێرین. لێرەوە گەڵاڵە بوونی کاری هونەری بەهەموو جۆرەکانیەوە لەسەردەمێکی مۆدێڕندا سەریان هەڵداوە. کەدەڵێم مۆدێڕن بەو واتایە نا کەهونەری مۆدێڕن بێت، بەڵکو ئەودەمەی کاری هونەر جێی خۆیدەکاتەوە لەکۆی کولتوور و فەرهەنگی کوردی دا وەك کایەکی سەربەخۆ، ئەودەمەی دونیای مۆدێڕن کۆمەڵێك چەمك و تیۆر و بەهای بۆ کاری هونەری تیۆریزە کردووە و هونەر لەئاستێکی دیکەدا چەندین قۆناغی بڕیوە بەتایبەت لەدونیای خۆرئاوا.

ئیدی هونەری کوردی کاتێك هاتە کایەوە تاڕادەیەکی زۆر نائاشنا و نامۆبوو بەکۆمەڵ و کولتوورەکە، چونکە بناغەیەکی هونەری و زەمینەیەکی وەها لەئارادا نەبوو بۆ گۆڕان و گەشەکردنی هونەر. لێرەوە دەمەوێت لەسەر پرسی پێشکەوتن و گۆڕان بدوێم و لەگۆشەنیگای ئەو راستییەی کە گۆڕانی هونەری و پێشکەوتن لەکرانەوەی بیر و ئاسۆی هونەریدایە بە پلەی یەکەم. من دەمەوێت هونەری شێوەکاری بکەم بەتەوەرەی نووسینەکە. شایانی باسە ئەوەی منی هاندا باس لەگۆڕان و کرانەوەی هونەری بکەم، دیاردەی سستی و جوغزاندنی کاری هونەرییە بەگشتی و بەتایبەت شێوەکارییە لەهەندێك بۆچوونی باو و پێناسەی تەسك بۆ داهێنانی هونەری کە ئەفراندن لەچێوەیەکی بەرتەسك و نەگۆڕدا پێناسە دەکات. هەبوونی یەك پێناسە و دید وەك پێوەرێکی چەسپاو لە کاری هونەری دا تەنها کارناکاتە سەر شێوازی هونەری، بەڵکو بیرکردنەوە لەخودی هونەر و ئەوەی پێی دەووترێت هونەرکاری.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە پایەی هونەری شێوەکاری لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا بدەم. جێیداخە کە هونەر تا ئەمڕۆش جێگای تەواوی خۆی لەناو جەماوەرێکی بەریندا نەکردۆتەوە. لەوانەیە هۆکاری دەرنەکەوتنی هونەر بەگشتی وەك رەگەزێکی گرنگی ژیانی کۆمەلآیەتی و



کولتووری بگەڕێنێتەوە بۆ باری هۆشیاری گشتی لەلایەك و، لەلایەکی ترەوە جەنجاڵی دونیای سیاسەت. هەر بۆیە "هونەرمەند" نەیتوانیوە سەرکەوتوانە وەك چینێکی گرنگ جێگای خۆی بکاتەوە لەم دۆخەدا. هەوڵدانی هونەریی هەیە، بەڵام چ هونەرێك و لە چ ئاستێکدا هونەر بەرهەم دێت؟

لێرەوە کۆمەڵێك کێشە و گرفت لەبەردەم پێشکەوتنی هونەری کوردیدایە کە کایەی هونەری تەواو بێفەڕکردووە. هەندێك لە گرفتەکان هۆکاری کولتووری و کۆمەلآیەتی و سیاسییە، هەندێکی دیکەش پەیوەندە بە ئاستی هونەری و هونەرکارەوە هەیە. لێرەدا باسیان لێ دەکەم:

**کێشەی پانتایی:**

کێشەی پانتایی گرفتێکە کە پەیوەستە بە بیرکردنەوەی هونەریەوە. گەر نموونەیەك وەربگرین لەهونەری شێوەکاریدا کێشەی پانتایی (رووبەر) Space کە لە نیگارکێشان و وێنەدا بەزەقی دەردەکەوێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە هێندەی کار لەسەر پڕکردنەوە و تۆخاندن (توخکردنەوە) دەکرێت، هێندە کار لەسەر ئەو بیر و دیدە ناکرێت کەلەپشت کارەکەوە ئامادەیە. کە دەڵێم پانتایی یاخود رووبەر مەبەستم لەوەیە کە تابلۆیەك بۆخۆی پانتاییەکە بۆبیرکردنەوەو ئیش تێداکردن. پانتایی ڕووبەرێکە لەململانێ و زۆرانبازی لەگەڵ هونەرکاردا.

ئەوەی هونەرکار لە ساتی دەست پێکردن بەرەوڕووی دەبێتەوە پرسیارێکە: چۆن و بەچی ئەو رووبەرە پڕبکاتەوە. لێرەوە پانتایی بەئەندازەی یەکەم کێشەیەکە وەك لەوەی مەیدان و شوێنی کارکردن بێت. شایانی باسە لای هونەرکاری کورد ترس و سڵەمینەوەیەك لەپانتایی هەیە، چونکە پانتایی لای ئەو چۆڵایی دەگەیەنێت، و یەکەم شت کەبیری لێدەکاتەوە، چۆن بەسەریدا زاڵ بێت و پڕی بکاتەوە. بەواتایەکی تر هێندی پانتایی وەك بۆشاییەك بەسەر هزری هونەرکاردا زاڵە، هێندە خولیای هونەری و تێڕامان لە بۆشایی لە گۆشەنیگایەکی فەلسەفەییەوە نابینێت. گەر بۆشایی بۆخۆی کایەی بوون نەبێت، ئەوا بەشێکی دانەبڕاوە لێی. ئیدی خودی ئەندێشە و بۆچوون لە کارەکەی هێندە پڕکردنەوە زاڵ نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی لەپانتایی لەڕووبەر.

دیارە من نامەوێ باس لەڕووبەر، پانتایی وەك چەمكێكی میتافیزیكی بكەم، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەبدەم كە پانتایی و تێگەیشتن لێی لای هونەركاری كورد بەندە بەو جیهانبینییە باوەی مرۆڤی كوردەوە كەهەیەتی بۆ ئەوڕەهەندە گرنگە لەبووندا. هەروەها چۆنیەتی مامەڵەكردن لە تەكیدا بەشێكە لە پرۆسەی هونەری. بۆیە لای هونەركاریش پانتایی لەكاری هونەریدا مایەی دوودڵی و سڵەمینەوەیە لەبەرامبەر چۆڵایی و بۆشایی. چونكە ئەو بیركردنەوەیە وا مامەڵە لەگەڵ بۆشاییدا دەكات كە دەبێت داگیربكرێ، ئەگینا بۆشاییكە ئەم (هونەركار) داگیردەكات. ئیدی نابێت یاخود ناكرێ شوێنێك لەسەر رووپەڕی تابلۆ بەخاڵی و بۆشی بەجێبهێڵرێت و دەبێت هەموو كون و قوژبنێكی تابلۆكە پڕبكرێتەوە. لەبەرئەوەی واباوە جێهێشتنی شوێنێك بێ بایەخكردنی پانتایی كارە و بێ سەلیقەی هونەری دەگەیەنێت!

لێرەوە مامەڵەكردن لەتەك بۆشایی و پانتایی دا بەشێكە لەپرۆسەی هونەری و بەباوەڕی من ئەو دیاردەیە لەهونەری كوردیدا بەشێوەیەكی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكار و بۆچوونێكی باو دەربارەی پانتایی:

- ترس و سڵەمینەوە لەبۆشایی، كە بۆخۆی ڕەهەندێكی كولتووری هەیە كە مرۆڤی ئێمە ئالودەی قەرەباڵغی و پڕكردنەوەی هەر شوێنێك بێت كەتێیدا دەژی. گەر بۆشایی هەبوو، ئەوا وەك كەمتەرخەمی و لەبیركردن لێك دەدرێتەوە.
- پاشان هونەری نیگاركێشان و وێنە لای بینەری ئێمە جۆرێكە لەڕازاندنەوە و ئارایشتكردن، ئیتر تابلۆیەك ئەركی ڕازاندنەوە و دیكۆری جوانی هەیە.
- ئەقڵیەتی گەڕان بەدوای جوانیدا پاڵمان پێوەدەنێت كە تا دوا شوێن هەموو پانتایی و رووبەرێكی تابلۆكە پڕبكرێتەوە، چونكە ڕازاندنەوە واتە پڕكردنەوە بەئاڵ و واڵایی و تۆخكردنەوە تانو پۆیی كارەكە دەگەیەنێت!

١. سەلیقە و چاوی هونەری لای ئێمە تاڕادەیەكی باش نەگەیشتۆتە ئاستی بیركردنەوە و سەیركردنی كاری ئەبستراكت و نەیتوانیوە لەهەندێك كۆت و بەندی شوێن و ڕەنگ و فیگۆر و بیچم یاخود دیمەنە بەرجەستەكان دەربچێت، لەبەرئەوەی هونەری ئەبستراكت هونەرێكە بەئاسانی و سانایی خۆی نادات بەدەستەوە و تێگەیشتن و چوونە ناوییەوە زۆری دەوێت.



ئیدی هەمان هۆكاری یەكەم كەدەتوانیت ناوی بنێت "ئەقڵیەتی پڕكردنەوە" لە نووسینی كوردیشدا تەواو ڕەنگی داوەتەوە كە لەزۆرووتن و درێژدادڕیی و سەرفكردنی زماندا خۆی دەنوێنێت. دیارە درێژدادڕی و پڕكردنەوەی لاپەڕەكان، بەڵگەیە لەسەر شاشی و كلۆری ناوەڕۆك و خاڵیبوونی نووسەر لە دیدوبۆچوونێكی ئاشكرا. لەجیاتی ئەمە نووسینەكەی بەلاباس و درێژكردنەوەیەكی بێ سوود پڕبكاتەوە. هەمان شت راستە بۆ هونەری شێوەكاری و شێوەكانی تری هونەر كەبینەر لەبەردەم پرۆسەیەكی جەنجاڵ و بیركردنەوەیەكی داگیرخوازیدایە كەپێی وایە هونەر لەپڕێتی و قەرباڵغیدایی، نەك چڕی و تێروپڕیدا. كەواتە ئەم بیركردنەوەیە جۆرێكە لەچێژوەرگرتن چ لای هونەركار چ بینەر.

لەڕاستیدا كاركردن لەگەڵ پانتاییدا تەنها لەهونەری نیگاركێشاندا كیشەیەك نییە، بەڵكو بەهەموو شیوەیەك گەمەیەكە لەخودی هونەرمەندا لەگەڵ پانتاییدا دروست دەبێت و پانتایی بەهەموو شیۆیەك دەیەویت خودی هونەرمەند و ئەندێشەكانی داگیربكات. پاشان هونەرمەند بیەوێت كار لەسەر ئەو داگیركردنەبكات بەوەی خۆی دەیەوێت پانتاییەكان داگیربكات، گەرچی بۆشایی دروستكردن و بەجێهێڵانی بۆشاییش بێت. لێرەوە كاركردن لە پانتاییدا گەڕانێكە بەدوای تەواوبووندا نەك لەخودی كارەكاندا، بەڵكو تەواوبوونێكە كە بۆ ناتەواوییەتی و تەواونەبوونی كارەكەیە. واتە هونەر تەواو نابێت بۆخۆی، چونكە هەردەم لەسوری تەواوبوونێكدایە كە بۆخۆی تەواوبوون و كۆتایی نییە.

لێرەوە تەواو بوونی كاری هونەری جاریكیٚ تر سنووردارکردنەوەیە، واتە چێوەكردنی هونەرە. ئیدی كاری هونەری ڕەهابوونێكە كە ڕەها نییە، چونكە دواجار ئەم هەوڵە دەچێتە قاڵبێكی گونجاو و دیاریكراوەوە لای هونەرمەند. ڕەهابوونێكە بەو واتایەی دەرچوونە لەشۆێنی داخراو و سنوور بۆكێشراو، وە بەرەو پانتاییەكی تر، بەرەو كردنەوەیەك كە ڕەنگ، خەیاڵ و ئەندیشە سەرلەبەر بەرجەستە دەبن. ئیدی ئەو بۆچوونە باوە سەبارەت بە پانتایی كە رووبەر لە كاری هونەریدا دەبێت بەهەر شێوەیەك بێت داگیربكرێت، تەواو لە خزمەتی كایەكەدا نییە.

### كێشەی خۆخاڵی كردنەوە:

گەر لەو دیدە دەروونشیكارییەوە سەیری هونەر یاخود نووسین بكەین كەپێی وایە كاری نیگاركێشان و نووسین ڕێگایەكە بۆ خاڵیكردنەوەی دەروون و هەست و هەڵڕشتنی ناخە، ئەمە تاڕادەیەك لەهونەر و نووسینی كوردیدا راستە كە هەوڵدەدرێت لەهەموو خاڵێكی كارەكەدا

هەڵڕشتن ئامادەبێت. ئەمە بۆخۆی راستییەك دەگەیەنێت كە ئەو كەسە كەموكورتی هەیە لەبۆچوون و ئەندێشەكانیدا، چونكە ئەم هونەر و نووسین وەك پرۆسەیەك بۆ رامكردنی دەروونی و ئامانجی خودی خۆیەتی. ئیدی هونەر بەپلەی یەكەم یاخود تەنها حەزێك و ئارەزوویەكە، كەدەبێتە زمانحاڵی خودی هونەركار نەك زمانێكە كەبیركردنەوە دروستكردنی پردێك لەگەڵ بینەردایە. لێرەدا هونەر دەبێتە ئینسترومێنتێك بۆ دۆخێكی دەروونی هونەركار. من ناڵێم هونەر بەدەرە لە هۆكاری دەروونی، بەڵكو نابێت ببێتە مەیدانی ئاوێزانی گرفت و كێشە دەروونییەكان!

**كێشەی جوانكاری:**

یەكێكی دی لەو رەهەندانەی هونەر كورت دەكاتەوە بۆكاری جوانكاری و جوانكاریش بەواتایەكی زۆر سادە و ساكار دەزانێت كە هونەر دەكاتە كلێشەسازی و كیچ كیشش Kitsch. كیتچ هونەرێكە باشتر بڵێم تەكنیكێكە كە لەو كارانەی كە ئارایشتگەرایی و رازاندنە و وەك دیمەنی سروشتی، یاخود گوڵدانێك، پەیكەرێك كە بەئەندازەیەك تەكنیكی تێدا بەكارهاتووە، بەڵام هونەری نییە. چونكە ئامانج لێی دیكۆرە. پاشان كارێكی رەسەن نییە لەبەرئەوەی نەك دووبارەكردنەوەی تێدایە، بەڵكو هەزاربارەش كراوەتەوە و هیچ داهێنان و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە! بۆیە چەمك و تێگەی جوانی لای ئێمە جێی پرسیارە كە ئایا جوانی هونەری و هونەری جوان یەكشت بێت؟ هونەر جوان و ناسكە لەبەرئەوەی بۆ رازیكردن و جوانكارییە؟ یاخود هونەر جوانە وەك بەهایەك كەجوانییەكی لەخۆیدا هەڵگرتووە و فەلسەفەیەك هەیە كەپێی دەخوێنرێتەوە و بیر و هزر و توانای باشی تێدا بەكارهاتووە؟

لێرەوە ئێمە جوانی لەهونەری كوردیدا دەبینین، جوانیش لەدیمەنێكدا كە گوڵزارێك شێوەی روخسار و نیگاری سروشت و شاخ و داخێك بێت، بەڵام بەهایەتی جوانی باڵا لەپشت ئەو دیمەن و نیگارەوە بەدی ناكەین. بەم ئەقڵیەتە باوە بێت هەمموو جوانییەك هونەرە و هەر هونەرێك جوان نەبێت هونەری باش نییە! بێ گومان بیركردنەوەی "جوانكاری" جۆرێكە لەسنوورداركردنی كاری هونەری. هەربۆیە مەبەستم لەكرانەوەی هونەری رزگاربوونە لە بۆچوونە باو و تەسكانەی كە چەندین ساڵە بەسەر هونەردا زاڵە. بۆچوونێك كە دەیەوێت هونەر بەتەنها ئامرازی جوانی وەك جوانییەك دەربخات، و پڕكراوەبێت هاوكات دیمەن ئاسا و شیعرییەت و ناسكی تێدابێت. هەر ئەمەش وادەكات هونەری كوردی لەتەلبەندێكدا بێت و



توانای گەشەكردنی نەبێت بەهۆی ئەو پێناسە و بۆچوونانە بۆ كاری هونەری و پێناسەی هونەركاری داهێنەر. ئەم بۆچوونە تائێستاش بەنەگۆڕی و داخراوەیی ماوەتەوە و هونەر لەقۆناغێكدایە بێئەوەی بوێرییەكی وەها هەبێت كە ئەوقۆناغە تێپەڕێنێت.

**كێشەی شیعرییەت:**

ئەوەی ئەم راستییە دەسەلمێنێت كەهونەر جۆرێكە لە جوانكاری، ئەوەیە لەهونەری كوردی بەهەمموو شێوەكانییەوە بەتایبەت لە شێوەكاریدا شیعرییەت و هەستی هۆنراوەیی زاڵە. ئیدی كاتێك تۆ سەرنجی تابلۆیەك ئەدەیت زێتر وێنەیەكی شیعری و هۆنراوەیەكی ناسك دەبینیت كە ئەوپەڕی توانای رازاندنەوە و شیعری وەسفگەرایی و ئارایشتكردنی تێدا بەكارهاتووە تاوەكو سەلیقە و كارزانی هونەری. مەبەستم لەشیعرییەت ئەو ژانرەیە گەر بشێت وا ناوی بنێم (ژانرێكی هونەری) كە جۆرێك لەوەسف و رازاندنەوە و لاواندنەوەی دیمەنێك، بابەتێك كە چیرۆكێك یاخود هۆنراوەیەكە بەزمانێكی راستەوخۆ لەشێوەی تابلۆیەكدا دادەڕێژرێت. بەرای من ئەو ژانرە هونەرییە لەدونیای شێعرەوە نزیكترە تاكو هونەرێكی رسكاو قاڵبوو بەسەلیقە و بیری هونەری.

ئەوەی لەزۆریك لە كارەكەدا زاڵە خەیاڵ و فەنتازیای شیعرییە كە ناسكی لەڕەنگ و فیگۆر و نیگارەكاندا بە زمانێكی شیعرئاسا بەرجەستەكراوە. وێناكردنێكی شاعیرانە و زەقكردنەوەی هەندێك سەلیقەی شیعریی لەڕەنگ و دیمەنەكاندا. ئاشكرایە شیعر لەهەمموو ژانرێكی دیكەی هونەری و ئەدەبی لە كولتووری كوردیدا زاڵتر و لەرۆحی كۆمەڵەوە نزیكتر بووە. تا ئێستاش ئەمە لەنووسین و لێكۆڵینەوەی هونەردا بەرچاو دەكەوێت. گەرچی من سەرنجم بەرامبەر ئەو جۆرە هونەرە شیعرییە هەیە بەڵام چێژێكی هەیە لای بینەری ئێمە. هاوكات من بۆخۆم بەدوای كارێكی هونەری پرسیار وروژێنەردا وێڵم، راچڵەكێنەر و بتوانێت سنوورە تەسكەكانی كولتووری هونەری باو ببەزێنێت. هونەرێك بێت نەترسێت لەشێوازی ئەبستراكت و نەترسێت لەپانتایی و بمانخاتە سەر كەڵكەڵەی فەلسەفی و خولیای پرسیاركردن.

**كێشەی پەیامی كۆمەڵایەتی \ سیاسی:**

هۆكارێكی تر كە هونەری سنووردارکردووە لەكرانەوە بەرەوپێش چوون و گەشەكردن، زاڵبوونی زمان و بیركردنەوەیەكی زەقی سیاسی كە لە پشت كارە هونەرییەكانەوە ئامادەیە و

کارەکەی کردۆتە ئامرازی پەیامی خۆی. من نالێم هونەر تەواو خاڵی بێت لەهەندێك ئایدیای سیاسی، بەلاّم رەنگدانەوەیەکی زەقی سیاسی هونەر داگیردەکات و دەیشۆرێتەوە لەهونەرێتی و داهێنان.

ئێمە دەزانین لەم ساتەوەختەدا کورد بەدەست کێشەیەکی سیاسی سەرئێشێنەرەوە دەناڵێنیت، بەلاّم ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو کایەکانی ژیان لەژێر فشاری سیاسەتدا بێت و خاڵی بێت لە هەست و کاری هونەری. ناکرێ لە ناو هیچ مرۆڤگەلێکدا هونەر نەبێتە رەگەزێکی دیاری کولتوور، هەرچەندە ئەو هونەرە سادەش بێت. بۆیە لاوازی هونەر لاوازی و هەژاری کولتووری دەگەیەنێت بەهەمەموو واتایەك.

لەبارودۆخی سیاسیشماندا هونەر وەك بوارەکانی تر کەم تا زۆر توانیویەتی هەنگاو بنێت، گەرچی بەستیش بووە توانیویەتی شوێنێك لەرۆشنبیری کوردیدا دابین بکات. بەلاّم هونەر و ویژەی ئێمە تارادەیەکی زەق سیاسەتئامێز و هەڵگری گەلێك رەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆجی بووە. لەپێش هەموو شتێکدا هونەر بۆتە هەڵوێست و بەرگری کردن و گەیەنەری پەیامی چەوساوەی مرۆڤی کورد. دیارە ئەمە بۆ خۆی خەوشێك نییە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسیدا، بەلاّم تا چەند ئەمە رۆڵی هەبووە لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی هونەری کوردی دوور لە سیاسەت؟

دیارە ئەمە پرسیارێکی زۆر شیاو و گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی هونەری کورد و زانینی پایەی هونەریش لە کۆمەڵدا. کاتێك هونەر کورتدەکرێتەوە بۆ کردەیەکی سیاسی و دەخزێنرێتە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆجی سیاسی، ئیتر شتێك نامێنێت ناوی هونەر بێت وەك بوارێکی رۆشنبیری هۆشیاری سەربەخۆ. سەرەرای ئەوەش هونەر پێشێل دەکرێ و لاواز دەبێت لەئاست رووداوە سیاسییە ترسناکەکاندا.

پرسیارێکی تر ئەوەیە: ئێمە چۆن هەڵسەنگاندن بۆ کارێك و نرخاندنی بەرهەمێك بکەین، ئایا بەهەمان پێودانگ و روانگەی سیاسی سەیری بکەین، چونکە بەهایەکی سیاسی دەبەخشێت؟ چۆن باس لەهونەرمەندێك بکەین ئایا دیدی ئێمە بۆی وەك هەمان بۆچوونە بۆ" خەباتگێرێك؟ هونەرمەند وەکو هەموو چینەکانی تری کۆمەڵ دەشێ زیاتریش ئازار و ناسۆری سیاسی و ژیانی هەبێت، بەلاّم بەهای کارەکانی هەر لەبەرئەوە نییە کە ئەم چەوساوەیە و بەس. هەروەها نرخاندنی کارێکی هونەری لەبەر هەڵوێستێکی سیاسی نییە، ئەگەر وابێت ئەوا هونەر جێی خۆی نەکردۆتەوە لە هۆشیاری کولتووریماندا و هونەرمەندیش رۆڵێکی ئەوتۆی



نییە وەك هونەرمەند بەڵکو وەك کەسێکی تر کە ناسنامەیەکی تری هەیە نەك هونەری. کەواتە شکاندنی تەوقی سیاسەت هەنگاوە بۆ بەرەو پێشچوونی هونەری.

**کێشەی ناسنامە:**

هەڵبەت باسکردن لە هونەری مۆدێرن و هەوڵی هونەری لەمڕووەوە وابەستەیە بە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و هاوچەرخەوە کە لە هونەری مۆدێرن بگات و دواجار هونەری مۆدێرنیش تێدا لەدایك دەبێت. جێی داخە کە ئەم ئاستە هونەرییە لای ئێمە بە باشی نەرسکاوە. یەکێك لە رەهەندە گرنگەکانی مۆدێرنە خودی هونەکارە. واتە لایەنی تاکەکەسی لە هونەردا رەهەندێکی گرنگی داهێنانە. لەپێش هەموو شتێکەوە ناسنامەی هونەری و چۆن خۆی لە پرۆسەی هونەریدا دەبینێتەوە.

بێگومان پایەی هونەر و هونەرمەند بەستراوە بە هۆشیاری کۆمەڵ و خودی هونەرمەندەوە لەکاتێکدا لە دونیای ئێمەدا سیاسەت بالاّدەست و سەرتۆپی خەمەکان و ئازارەکان دادەگرێت، ئەوا هونەر لەپاڵ ویژە و لایەنەکانی تر پەراوێز دەبن و زۆر جاریش دەبنە سەنگەرێکی سیاسی یان بلّندگۆیەی راستەوخۆی سیاسەت. دواجار کۆمەڵێك و مرۆڤگەلێکی تاکڕەهەند دروست دەبێت کە تەنها لەروانگەی سیاسەتەوە دەروانێتە جیهان و هونەر بەتایبەتی. بەواتایەکی تر پێودانگێکی سیاسیمان بۆ هونەر دەبێت کەلەدەرەوەی کایەی هونەری سەرهەڵدەدات. ئیدی پرسیاری سەرەکیمان دەبێتە ئەوەی کە تا چەند هونەر هەڵگری پەیامێکی سیاسییە و هونەرمەند بەڕاستی چەند لە چالاکی سیاسییەوە نزیکە. ئەمەش ئەتکردنی شتێکە کەناوی هونەرە و شکاندنی ناسکی و جوانی و بەها هونەرییەکانە، سەرەرای کوشتنی واتا فەلسەفییەکانی هونەرە. کاتێك کە هونەر دەبێتە ئامراز و کەرەستەیەك، بالاّیەتی خۆی وندەکات لەنێو شەڕەنگێزی رۆژانەدا. زۆر دوور نەرۆین، هونەر لەسەر دەستی سۆشیالیزمدا کرا بە سیاسەت و سیاسەتیش لای نازییەکان کرا بەئێستەتیکا و هونەر.

کەواتە ناسنامەی کاری هونەری ئەندێشە و بیری هونەرییە. ئیدی کێ هونەرکارە هەم پرسیارێکی رەخنەییە، هەم پرسیارێکە کەهونەرکار وەك شێوازێکی ئیشکردن سۆراخی بکات. کەواتە خوێندنەوەمان بۆ کارێکی هونەری تەنها لەو روانگە کۆمەلاّیەتی و کۆنتێکستی کارەکەوە بێت کە هونەر چیدەگەیەنێت لە کۆمەڵدا. لێرەوە من لەخەم و پەژارەی هەندێك هونەرمەند تێدەگەم کە کاتێك باس لە گێژاوی ونبوون و نەناسینەوەی کارەکانیان دەکەن لای

جەماوەری کورد و رۆشنبیران. لەو باوەڕەدام "زەوقی گشتی" رۆڵی گەورە ببینێت لە نرخاندنی کارێکدا کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ ویست و چاوەڕوانیانی بینەردا، بەلاّم تا چەند ئەم زەوقە گشتییە لە ئاستێکی پێشکەوتوودایە و تا چەند ئێمە چاوی هونەریمان لەوئاستەدایە کە تەنها سەیری جوانی نەکات وەك گوڵدانێك و وێنەی سروشت دەبینێت، بەڵکو قوڵبێتەوە لە تابلۆیەك و سەیری زۆر واتا و رەهەندی فەلسەفی بکات لە پشت تابلۆ و نیگارەکانەوە.

**کێشەی دەرنەچوون لە رۆژگار:**

پێم وایە باسکردنی هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ چونەدەرەوەیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆمان، کاتێك کۆمەڵی کوردەواری لە ئاستی هۆشیاریی مۆدێرندا نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەوڵدانی چاك لەلایەن هەندێك لە هونەرمەندانەوە بۆ نوێخوازی و شکاندنی هەندێ بۆچوون دەربارەی هونەر، بەلاّم دەبێت بزانین برێك لەو هەولاّنە تەنها چەند چەمك بەکارهێنانێکی مۆدێرنانەیان هەیە لە هونەردا نەك وەك ئەوەی کارەکەیان مۆدێرن بێت. چونکە بەکارهێنانی هەندێ کەرەسە و شێوازی مۆدێرن نامانگەیەنێتە ئەو ئاستە هونەرییەی مۆدێرنە گەرفەلسەفە و بیرکردنەوەیەکی نوێ نەبێت لە کارەکەدا.

لێرەوە قەتیسمان لە قۆناغە هونەرییە باوەکاندا پێچەوانەی فێربوونە لە مێژوو. چونکە قۆناغە هونەرییەکان بەتەنها بایەخێکی مێژوویی یاخود مەبەست شوێنکەوتنیان نییە لە کارکردندا، بەڵکو تێپەڕاندنیان هێندەی لێکۆڵینەوە لێیان گرنگە. ئەمەش نەك تەنها بە تازەبوونەوە و رزگاربوون لەکۆتەکانی رابردووی هونەر بەگشتی. زانین و ئاگاداری قۆناغە هونەرییەکان گورپێدانیشە بۆ تێپەڕاندنیان. کاتێکیش قۆناغی جیا جیا لە هونەر یاخود هەر کایەکی دی نەبوو نە هونەر هەیە نە پێشکەوتن!

**کێشەی زەوقی کۆمەڵ:**

لەپێشەوەدا ئاماژەم بەوەدا کە زەوقی گشتی کێشەیەك بۆ ناسنامەی هونەرکار دروست دەکات. کاتێك زەوقی گشتی چاوەڕوان وێنەی "پاڵەوانێکی دێرینی" کوردە، کە لە کارێکدا دەبێت بە هەمیشەیی ئامادە بێت، ئەوسا بەرهەمهێنانی هونەریشمان جگە لە دووبارەکردنەوە و گشتێتی بەدوور نابێت. جا هونەرمەندێك بیەوێت ئەم زەوقە رەتبکاتەوە و بەشێوەیەك کاربکات کە لەگەڵ ئەم زەوقە گشتییەدا نەگونجێت، ئەوسا کێشەی ونبوون نەنرخاندنی کارە



هونەرییەکەی دێتەئاراوە. ئەمەش شکستی دەروونی دروست دەکات بۆ هونەرمەند و هیچ هاندەر و پشتگیرێك نابێت لەلایەن دەورووبەرەوە. هونەرمەند دەخاتە نێو تەڵەزگەیەکەوە کە ئایا درێژە بەکاری خۆی بدات، یان بێتە هاوشانی شاعیرێکی میللی؟ دەزانین ئەمەش لەهونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێك دەگۆڕێ. دیارە چەندین هونەرمەند و فەیلەسووفی جیهانی مرۆڤی سەردەمی خۆیان و رۆژگار نەبوون و دەورووبەر هیچ هاندەرێکی باش نەبوون بۆ کارەکانیان، کەچی بە پێچەوانەوە کاری وەهایان ئەفراندووە کە هەرگیز لە یادەوەری مرۆڤ ناچێتەوە.

**کێشەی مێژووی هونەر:**

گەر بگەڕێینەوە سەر هونەری شێوەکاری کورد دەبێت باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی هونەریش بکەین. هەر لەم کلاّورۆژنەوەیە چەندین رێبازی هونەری، هەر لە کلاسیکەوە تا هاوچەرخ دەبێتە تەوەرەی باسکردن لە هونەر. بەلاّم ئەم گەڕانەوەیە بۆ رێبازەکان و تیۆرەکانی هونەر، گەڕانەوەیەکە بۆ پاشخانێکی کولتووری کە زەمینەی تەواوی لە کولتووری کوردیدا نییە. واتە ئێمە ناتوانین باس لە قۆناغێکی هونەری بکەین و بتوانێن لەگەڵ ساتەوەختی ئێمرۆی هونەری کوردیدا بەراوردی بکەین. بەڵکو پاڵپشتی ئێمە لەم بارەوە تەنها باسکردن و تاوتوێی فەلسەفەی جوانی و هونەری رۆژئاواییە کە زادەی یەك ساتەوەختی مێژوویی نییە، بەڵکو قوڵدەبێتەوە بۆ ناخی مێژووی کە هونەری تێدا پێشدەکەوێت. شوێن و کات و خودی مرۆڤی کورد تەبا و هاوکار نەبوون لە تەك سەرهەڵدانی هونەردا! هونەر دیاردەیەکی نوێ و پەیوەستە بەکارتێکردنی دەرەوە.

دەشێ ئەم کێشەیە بە رێگردابنێین لەبەردەم گەلاڵە بوونی هونەری کورد و پێشکەوتنی هونەری لەهەر قۆناغێکدا. لەهەمان کاتدا دەکرێ هەوڵەکانی ئەمڕۆی هونەرمەندان لە نیشتمان و تاراوگەدا بەسەرەتایەکی باش بزانین لەگەڵاڵەبوونی هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ هەروەك چۆن ئەمەش لە وێژە و لایەنە فیکرییەکاندا دەبینین کە تا ئەمڕۆش لەنێوان ژانی لەدایك بوونی و سەرهەڵداندان. ئەم هەولاّنە سەرەتاتکێیە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و مێژووماندا و بەزاندنی قۆزاخەی ئایین و باو و نەریتەکانە لە هەمان کاتدا. بۆیەکا سەرباری ئەوەی بارودۆخی ئەمڕۆ ئاستەنگێکە لەبەردەم کاری هونەریدا، بە هەمان شێوەش سەرەتایەکی دڵخۆشکەرە بۆ داهێنان و ئەفراندنی بەرهەمی هونەری کە زۆر ئاشنا نییە بە

چاوی بینەری کورد. سەرکەوتنی ئەم هەوڵە بەستراوەتەوە بەخودی هونەرمەند بە پلەی یەکەم، پاشان دەوروبەر و قۆزتنەوەی هەل و دەرفەتە گونجاوەکان، کە زۆر گوێ نەدات بە قۆناغی مێژووی هونەری کوردی و کاری خۆیبکات. چونکە کاری باش جێی خۆی دەگرێت.

## کێشەی رەخنەسازی:

چۆن پێناسەی هونەربکەین کێشەیەکە پەیوەستە بە هەڵسەنگاندن و رەخنەسازی لە بواری هونەریدا، و یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی پێشخستنی هونەری و ناساندنی هونەر و دەرخستنی پلە و پایەی هونەرمەند. هەنوکە ئێمە خۆمان لەبەردەم کۆمەڵێك لە هونەرمەندی دێرین و لاودا دەبینینەوە کە هەندێکیان بەتوانای هونەرییەوە بە لێبڕانی تەواوەوە سەرباری قورسایی ژیان و نائارامی سیاسی و ئابوورییەوە توانیویانە گەشە و بەردەوامی بەکاروانی خۆیان بدەن و رۆڵیان هەبێت لەدروستکردنی چاوی هونەری لای بینەری کورد.

لێرەوە چاوێك کە بتوانێت لەهونەر وەك هونەر بناسێتەوە و هەڵسەنگێنێت، نەك تەنیا سەیرکەرێکی خێرا و جەماوەرێکی ئارەزوومەندبێت بە هونەری کە لە کیتشەوە نزیك بێت بەشێکە لە هوشیاری هونەری. کیتش هونەر نییە گەرچی کارامەیی و لێزانینی تێدایە، بەلاَم ئاستی هونەری لاوازە، چونکە بەهاکان و هونەر کورتدەکاتەوە بۆ دیمەن و جوانییەکی خێرا بێ قووڵبوونەوە و رامان لە هونەر. ئا لەم کاتەدا ئێمە دەتوانین باس لە هونەری کوردی بکەین لە ئاستێکدا. هەروەك لەلاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم پێدا، هۆیەك لەهۆکانی دواخستنی هونەر لەدونیای ئێمە ونبوون و نەناسینەوەی هونەرە لەنێو کێشمەکێشی سیاسەت و رۆژگاردا، لایەنێکی تریشی ئەوەیە هونەر بەپێی پێویستی نەیتوانیوە شوێنێك بۆ خۆی لەبازاڕدا داگیربکات.

هەڵبەتە من قسەم لەسەر ئەوە نییە کە ئێمە هونەر وەك کالاَ و کەرەسەیەك تەماشا بکەین و پێشکەش بکەین و بازرگانی لەسەر بکرێت. بەڵکو هونەر بازاڕێکی هونەری خۆی هەبێت کە هونەرمەند و کاری هونەری بە جەماوەر بگەیەنێت و لەلایەکی دیکەوە برەوی پێبدات لە میانەی هاندان و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەر کەدەبنە پاڵنەرێکی چاك بۆ ئەوەی هونەرمەند لەسەر پێی خۆی بوەستێت و هونەرمەند وەك کەسێکی پرۆفێشنەڵ خەریکی هونەر بێت و چاوەڕێی دەسەلاَتی سیاسی نەبێت لەدابینکردنی پێویستە هونەرییەکان و بژێوی خۆی. نەبوونی بازاڕی هونەری بەسستی هونەریش دەکەوێتەوە. گەر هونەر پابەند بوو بە بڕیاری



سیاسی و چاوی لەوی دەسەلاَت بێت ئەوسا هونەرێك دێنە بەرهەم کە سادە و رەزامەندخواز بێت و ئەڵقە لەگوێ سیاسەت بێت. لێرەوە نرخاندنی هونەر پەیوەستە بە خوێندنەوە و رەخنەگرتن. دواجار رەخنەش بەهەند وەرگرتنی هونەرە.

## کێشەی خۆدروستکردن لەسەر هونەر:

خاڵێکی گرنگتر لێرەدا کە هۆکارە لە بەرەنجامەکانی ونبوونی هونەرمەند و نەناسینەوە و داننەنان بەکاری هونەریدا وەك لایەنێکی گرنگی کولتوور، ئەوەیە کە هونەرمەند لەهەوڵ و تەقەلایەتی سەیر دابێت بۆ دروستکردنی خۆی لەسەر هونەر. واتە لەبری ئەوەی هونەر تێیدا گەشە بکات و گەورەبێت، هونەرمەند خۆی لە هونەردا گەورە بکات و گوێ نەداتە ئاستی هونەرییەکەی واتە لەسەر حیسابی هونەر. بەهەموو شێوەیەك ناوبانگ و ناوێکیان پەیدا بکات. هەر لەبەرئەمە دەبێت دیدێکی رەخنەیی هونەری لەمڕۆدا چالاك و وردبین بێت کە ئەم کێشانەی باسکران بخاتەڕوو دەستنیشانی تەواویان بکات. هەربۆیە وەك چۆن ناکرێ ئێمە لەساتی جەنگ و کارەساتەکاندا خۆراك و پۆشاك و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان لەبیر بکەین، ئاوەهاش ناکرێ باسکردن لەهونەر و رەخنەی هونەر پشتگوێ بخرێت گەرچی بارودۆخەکان زۆر ئالۆزیش بن، چونکە هیچ سەردەمێك بێ جەنگ و ئالۆزی نەبووە و خاڵیش نەبووە لە هونەر.

## کێشەی پێناسە:

گرفتی پێناسە بەشێکە لە کێشە تیۆرییەکان. دیارە ئەمڕۆ هونەر لەو سنوور و شێوازە داخراوانەی کەپێناسەی کاری هونەری دەکات تێپەڕیکردووە. ئیدی تێپەڕاندنی پێوانە و شێوازەکانی هونەری مۆدێرن و کلاسیك لە شۆڕشێکی هونەری دەچێت، کاتێك "ئاڤاندگاردە" هەموو سنوورەکانی هونەری تێپەڕاند هونەر تەواو گۆڕا. شایانی باسە ئەو شێوازە هونەرییە باوانەی کەچەند هونەرمەندی مەزن و بلیمەت کاری لەسەر کردبوون، ئیستا بەشاکاری هونەری سەردەمێك دەناسریت و چیتر وەك قوتابخانەیەکی هونەری پەیرەوی لێ ناکریت.

بەلاَم مەبەستم لەوە نییە کە شێوازە کلاسیکی و مۆدێرنانە پشتگوێ بخرێن، بێ نرخن، بەڵکو لەدونیای ئەکادیمی هونەریدا دەخوێنری و بایەخی تەواویان هەیە. دەلێ دەبێت بزانین

هونەر ئەمرۆ چیتر قەتیسی شێواز، فۆرم و فیگور و رەنگی تایبەت نیە. بەڵکو هەوڵدەدرێت لەکارێکدا چەندین شیوازی جیاواز بەکار ببێتە ئاویزانی کاری هونەری لەرێی شکاندنی دیواری جیاکردنەوەی شێوازی هونەرێك لەئەویتر. هونەر چیتر خەریکی دروستکردنی سنوور و خۆداخستن نییە، بەڵکو بەزاندنی سنوورەکانە ئیتر ئەو پرسیارە گرنگ نییە تۆ بەچ شیوازیك کاردەکەیت بە ئەندازەی ئەوەی چ فەلسەفە و خەیاڵ و رەهەندی قول لەپشت کارەکانەوە بێتو هەموو ئاوێزانی کاریك بێت کە بۆخۆی لەزۆر رووەوە جیاوازە گەرچی هەڵگری چەند شۆینەواری کاری پێشووتری پێوەدیارە.

## ئەنجام:

ئەوەی لەم باسەدا هەوڵدرا تاوتویێ کردنی ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی هونەری. گەرچی من ئاماژەم بەهونەری شێوەکاری دا وەك نموونە بۆ ئەو بۆچوونە باوە لە هونەری کوردیدا، بەلاّم هەمان کێشە لە شێوازە هونەرییەکان و وێژەش دەگرێتەوە. ئەمەش بە پلەی یەکەم کێشەی تێگەیشتنە لە هونەر، چونکە هونەر بەشێکە لە دید و جیهانبینی هونەرکار، تەنانەت هونەر بۆخۆی بیرکردنەوەیە لە شێوازێکی دیکەدا. بۆیە گۆڕان و کراوەیی هونەری وابەستەی تێپەڕاندن و پێشکەوتنی هونەرە. هەروەها ئەمە بەستراوەتەوە بەرەخنەی سیستماتیکی و تیۆریزەکردنی بەها و پێوەرە هونەرییەکان. رەخنەش ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری هونەرکار و توانای بیرکردنەوە و لە پێناو داهێنانێدا.

## ژێدەر:

٣- وتەیەکی دیاری فەیلەسووفی ناودار ڤالتەر بنیامینە.



## ٣-١٠- جیهانبینی و دەسەڵاتی حەرامکردن لە فیلمی مانگەشەودا:

### فەلەسەفە، ریالیزم و فیلم:

جێی خۆیەتی سەرەتا کەمێك لەسەر پەیوەندی نێوان فیلم و ریالیزم بدوێین. لە بنەڕەتدا فیلم هۆکار و ئامرازێکی ریالیستی بووە. واتە بەرجەستەکردنی واقیع بە شێوەیەکی واقیعیانە. بەلاّم ریالیزم لە ئەمڕۆدا لە هەموو بوارەکانی وەك رۆژنامە و بەتایبەتر تەلەفزیۆندا بەرەو کەمی دەچێت. لەبەرئەوەی ئێستا فیلم بەرهەمهێنەرەکان زێتر بایەخ بە فەنتازیا ئەدەن، چونکە لای ئەوان لۆجیکی سیناریۆکان چیتر پرسیاری سەرەکی نییە، بەڵکو خەمی گەورە جەخت خستنەسەر وێنەیە. واتە چیرۆکەکە دەبێت بینەر خۆی لێکی بدات، ئەوەی هەیە وێنەیە کە بە پلەی یەکەم دێت. دواجار بینەر خۆی چیرۆکەکە دەهۆنێتەوە و دادەرێژێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە وەرچەرخانێك لە مێژووی فیلمدا هاتە ئاراوە ئەویش بایەخ لە خودی چیرۆکەوە بۆ وێنە گوازراوە. ئەمەش شۆڕشێکە یا راپەڕینێکە دژ بە سەنترالیزمییەتی چیرۆك و سیناریۆ لە سینەمادا. وەك دەزانین فیلم لە هەموو جۆرەکانی تری هونەر بەهێزترین و زێتر پابەندە بە ریالیزمەوە. بەمەش فیلم وا پێناسەکراوە کە ئامرازێکە کە دەتوانێت واقیع بهێنێتە جوڵە. بەلاّم لە چەرخی نۆزدە و بیستدا سینەما بووە ئەو شوێنەی کە تێیدا واقیع لە بیردەکرا لە ئێوارە نمایشێکدا. چونکە فیلم خۆی لەو پێوەر و بەهایانەی وەك "بالاّ"و "نزم" بۆ کاری هونەری دەرباز کرد. هەروەها لەنیوەی دووەمی چەرخی بیستدا فیلم بەرەو پێشچوو و خۆی لەو پێوەر و بەهای وەکی "بالاّ"و"نزم" رزگارکرد. و لەنیوەی دووەمی چەرخی بیستەوە لەژێر کاریگەری "پیشەسازی کولتوور" دا قازانج و بازاڕ بووە رەهەندێکی گرنگ.

دیارە ئامانجی فیلم بەرهەمهێنەرەکانیش زێتر کارکردن لەسەر ئەندێشەوە خەیاڵ و ئەو بۆچوونە باوەی کە بە "بازنەی ئارتۆس" دەناسرێت تەواو لەجیهانی سینەمادا بەرەو کەمبوونەوە چوو. راستە سەردەمانێك فیلم هاوواتای واقیع واتە بەرجەستەکردنی واقیع بوو، بەلاّم ئیستا هاوواتای خەون بینین و دەرچوون لەواقیع بێت. بەلاّم فیلم لەمە زیاترە وەك ژان لوك گۆردارد (Jean Luc Godard) دەڵێت: فیلم واقیعێکە لە بەرجەستە و رەنگدانەوە (reflection). واتە ئەو فیلم دەرهێنەرەی کە خواستێکی تری هەیە نەك هەر خرۆشاندن و

رابواردن، بەڵكو واقیع وەك ئامێرێك بەكاردێنێت. واتە واقیع وەك كەرەسە و هەم وەك فاكتەری سەرنجراكێشان و بانگهێشتكەر بۆ چوونە نێو جیهانێك كە نەناسراوە وەلێ پاش لێخوردبوونەوە دەردەكەوێت چەند سەیر و نامۆیە.

### سینەمای كوردی:

گەرچی سینەما گرنگی تەواوكەری هەیە لە بواری هونەری و كلتووریدا، كەچی هێشتا دونیای فیلمی كورد لە قۆناغی پاش لەدایك بووندایە. دیارە ئەمەش بۆخۆی هەم دواكەوتن لە رەوتی هونەری سینەمایی هەم خاڵێكی وەرچەرخانیشە چ لە بواری هونەری سینەما و چ لە كایەی بەرجەستە كردنی گیان و كلتووری كوردیدا. بەڵام هەوڵی باش دەبینرێت بۆ پرۆفیشۆناڵكردنی هونەری سینەما. یەكێك لەوانەی جێگەیەكی دیاری هەیە لە دونیای فیلمی كوردیدا بەهمەنی قوبادییە.

بەهمەن لەم چەند ساڵانەی دواییدا توانی لە سەر ئاستێكی جیهانی ناسنامەی كلتووری كوردی بگەیەنێتە ئەودیو سنوورە سیاسییە زۆرەملێكان و ئەو دیوارە ئابلۆقە دراوە كە بووەتە دابڕی كورد لە جیهان كون بكات بەهمەن لە ساتێكدا فیلمەكانی چەكەرەی كرد كە ئیتر دونیای گلۆباڵ لە شڵەقان و بزۆزیەكی بێ هاوتادایە، ئەمەش بۆخۆی هاندەرێكە كە چەند بەرهەمێكی سینەمایی لە وڵاتانی دونیادا پەخش و خەڵاتیش بكرێت. بۆیە بەهمەن دەبێتە شایەتحاڵی دۆخێك كە نەك تەنها دەرفەتێكە بۆ گەیاندنی دەنگی كورد بە دەرەوە بەڵكو دۆخێك كە بینەرانی بیانی خۆیان ئاشنا دەكەن بە كلتوورێكی خەفەكراو كە ئەویش كلتووری موزیك و هونەری كوردییە!

دیارە ئەمەش بۆخۆی دەسكەوتێكە لە پێشدا بۆ سینەمای كوردی و لە پاشان بۆ كلتووری كوردی بە گشتی. چونكە بەهمەن توانایەكی باشی هەیە كە سیمای كلتووری كوردی بگوازێتەوە و لە فیلمەكانیدا بەرجەستەی بكات. لێرەوە بەرهەمەكانی بەهمەن و بەتایبەتی فیلمی "نیوە مانگ" شایەنی هەڵوێستەكردن و خوێندنەوەیە.

### فیلمی نیوەمانگ هەنگاوێكی تر:

سەرەتا دەبێت بڵێم كە بەرهەمەكەی بەهمەن "فیلمێكی قورسە". هەڵبەت مەبەستم ئەوەیە ئەگەرچی ئەم بەرهەمە تەواوكەری ئەو شێوازەیە كە بەهمەن لە فیلمەكانی پێشووتریدا



كاری لەسەر كردووە و دواجار بەهمەن لەم فیلمەدا شێوازی كاری خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام شێوەیەكی نائاسایی و جیاتر لەوانیتر تۆنێكی "میلۆدراماتیكی" باڵی بەسەر سیناریۆی فیلمەكەدا كێشاوە. ئاشكرایە بەهمەن لە هەموو فیلمەكانیدا ژیانی قورس و سەختی كورد دەردەخات، بەڵام ئەوەی لێرەدا جیاوازە ئەوەیە كە ناسكترین و یەكێك لە بەهادارترین سامانی كلتووری كە موزیكە دەكەوێتە بەرهەڕەشەی ئەوەی من بە"رژێمی حەرام" ناوی دەبەم.

لەم فیلمەدا بەهمەن موزیكی كوردی و گۆرانی بەرامبەر بە كێشەی "مەرگ" دادەنێت. ئیدی موزیك واتا ژیان، بەرهەڵستی كردنی مەرگ، بەرهەڵستی كردنی رژێمی قەدەغەكردنی موزیكە. لێرەوە ئەم كارەی بەهمەن شایەنی ئەوەیە ناوبنرێت بە شێوازێكی تایبەت لە بەرهەمهێنانی فیلم، كە شێوازی بەهمەنییە. كەواتە فیلمەكە قورسە لەسەر هەست و دەروونی مرۆڤ، چونكە دواندنی رۆحی كلتوورێكە. رۆحێك كە تا دواساتی ژیان دەیەوێت مردووەكانیش بخاتە جوڵە و راپەڕین! بۆیە بەهمەن لەوێدا موزیك دەكاتە پەیامی ئازادی و زیندووبوونەوە و هەروەها ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی نەتەوەیەك لە موزیكدا بەرجەستە دەكات.

ئەمەش وادەكات كە ئێمە خوێندنەوەمان بۆ ئەم كارە هەبێت: خوێندنەوەیەكی هونەری كە شێوازی كاری بەهمەن لەم فیلمەدا دەرسكێت. پاشان خوێندنەوەیەكی كلتووری و سیاسی بۆ ناوەڕۆك و پەیامی فیلمەكە. دیارە ئەو شێواز و ئەو دۆخ و دیمەنە مەتەڵاوییەی بەهمەن لە فیلمەكەیدا فەراهەمی كردووە هەڵگری چەندین ئاماژە و دەلالەتی سیمبولیو سوریالیزمی و واقیعییە. سەرلەبەری فیلمەكە ئاماژەیەكی میستیكانە (Mystic) و سۆفیگەرییە كە دیاردەكان و رووداوەكان بەناو زمانێكی نا راستەوخۆتر دەردەبڕێت. بەهمەن بەزمانێكی تەماوی گوزارش لەزۆر راستی دەكات. ئەو نایەوێت بە زمانێكی سیاسی بڵێت چەوساندنەوە چەپاندنەوە هەیە، بەڵكو خودی چەوساندنەوە دەخاتە سەر زوومی كامێراكە.

هاوكات ناشیەوێت مانفێستێی سیاسی بەرجەستە بكات، بەڵكو ئەو كارێكی هونەری دەگەیەنێتە ئەنجام. گەرچی ئاكام و ناواخنێكی سیاسیش لەخۆ دەگرێت. بەهرەمەندی بەهمەن لەوێدا دەردەكەوێت كە پەنادەباتە بەر میتۆلۆجیای كوردی و واژەی "نیوەی مانگ -١٤" دەكاتە ناونیشانی فیلمەكە. نزیكەی ١٤ رۆژ گەشتێك دەكرێت بۆ كۆنسێرتێك لە باشووری كوردستان. ١٤ رۆژ و شەو لە خەبات و ماندووبوون و بەرەورووبوونەوەی مەرگ و دەسەڵاتی حەرام. لێرەوە بەهمەن مەرگ دەبەستێتەوە بە دەسەڵاتی سیاسی. وەك چۆن مەرگی ناوەخت وەكو دێوەزمەیەك ئامادەییەكی سەرتاپاگیری هەیە، ئاوەهاش دەسەڵاتی سەركوتكەر و، دژە

هونەر کوناوکون تەنگ بە هونەرمەند هەڵدەچنێت. دەسەڵاتێکی سیاسی کە هاوتا و مەرگ ئاسا لە هەموو  شوێنێك ئامادە و پاداشتی ئەو سیاسەتە بۆ موزیك ئەوەیە هونەرمەند و هونەر دەرخوادی مەرگ  و کوشتن بکات. رژێمی حەرام رژێمێکە چاوی بە ناسکی و بێتاوانی گۆرانی و، موزیك هەڵنایەت. رژێمێك تا ئەوپەڕی لەبەردەم نیانی و فەرمی هونەردا کەڵبەکانی تیژتر و چەپۆکەکان قورستر دەبن.

ئیدی ئەم رژێمە حەرامێکی گەورەیە کە هەموو شتێك جگە لەخۆی پێ حەرامە، نارەزایە. تەنانەت دەنگی مێینەیەکیش گوناهێکی گەورەیە کەئەو جانەوەرە زەبەلاحەی حەرام توانای گوێشلکردنی نییە بۆی. لێرەوە توانا و بەهێزی سیحری موزیك دەبێتە بارتەقای دەسەڵاتی تابوکردن، قەدەغەکردن! بەڵام خۆشبەختانە دونیای ئەمڕۆ دونیایەکە ناتوانرێت بە دیواری بێدەنگ کردن بتەنرێت. موزیك، دەنگ و رەنگەکان هەمیشە دزەدەکەن بۆ دەرەوە، کەواتە حەرامکردنی دەنگۆی مێینەیەك حەرامکردنی کلتوورێکە کە کلتووری کوردییە.

دیارە بەهمەن بە سەلیقەیەکی باشەوە مامەڵەی لەگەڵ جەنگی ژیان- مەرگ، موزیك و حەرامدا کردووە. کە بۆخۆی لە هەر دیمەن و، سێنەیەکدا (بڕگە فیلمدا) میکرۆکۆسمۆس، جیهانۆلکەیەکی فەراهەم هێناوە کە ئاوێتە لە دیمەنی سروشتی مرۆڤ، سەختی ژیان و ،ئازارەکان و هیواکانی مرۆڤ. لێرەوە دیمەن و بڕگەکان خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن و دەشێ بۆچوونەکانی من بۆ ئەم فیلمە تەواو پیچەوانەی نیازەکانی دەرهێنەرەکەی بێت. هەر ئەمەش دەمگەیەنێتە ئەنجامێکی سەرەتایی کە فیلمەکە یەك تەوەرەی سەرەکی هەیە، بەڵام یەك هێڵ و رایەڵێکی روون و ئاشکرا بەدی ناکەیت. واتە سیناریۆیەکە راستەڕێیەك نییە، بەڵکو چەندین رێگا و بابەتی لێ دەبێتەوە کە هەندێك جار من وەك بینەری فیلم دەکرا هەندێك شوێن ئاکشنەکان کورتتر و خێراتر بوونایە، چونکە هێندێك بێدەنگی، خاوی و ماتی دەبەخشنە هەندێك بڕگە و جۆرێك لە پرسیار و خاوبوونەوەی ویستی بینین لای بینەر دروستدەکات.

لە لایەکی دیکەوە ئەو زمانە سیمبولیەی بەهمەن کە ئەگەرچی بوار دەڕەخسێنێت بۆ لێکدانەوەی جودا، بەڵام هاوکات دەبێتە مایەی جۆرێك لە تێنەگەیشتن لە سەرجەمی بەرهەمەکە. سەرباری ئەم سەرەنجامە، من پێم وایە بەهمەن زۆر وەستایانە توانیویەتی گۆرانی و، ئاوازی سۆفیگەری تێکهەڵکێش بکات و کەشێك بخولقێنێت کە کاراکتەرە سەرەکییەکانی فیلمەکە یەك دوو ناسنامەی جیاوازیان هەبێت: ناسنامەی چەوساوە و ناسنامە فریشتەیەك کە



دەنگێکی زوڵاڵ و رەسەنی کوردییە. خەونی پاڵەوانێکی وەك مەمۆ رێکخستنی کۆنسێرتێکە. ئاخۆ کۆنسێرتەکە گوناهی چی بێت کە هێندە لەمپەر و ئازار بدرێت و نەگاتە ئاکام؟

لێرەوە کۆنسێرتەکە دەبێتە گەشتێکی سەخت و، ململانێیەك لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی ئایینی دا. رژێمەك سڵ دەکاتەوە لە دەنگی مێیینە، چەك بەرامبەر ساز و دەف دادەنێ. ئیدی من هیچ خوێندنەوەیەکی ترم نابێت بۆ فیلمەکە. لەمە زیاتر رژێمێك موزیك و، گۆرانی نەتەوەیەك بکاتە خاڵی ململانێ، دیارە رژێمێکی زۆر لاواز و کلۆرە! لێرەوە فیلمەکە ململانێیەکە لە نێوان ژیان، مەرگ، موزیك و سیاسەت. هەر لە سەرەتای فیلمەکە بە شەڕە کەڵەشێر دەستپێدەکات، باس لە جۆرە کلتوورێکی لاوەکی (sub culture) دەکات، ئەگەرچی جۆرێك لە دواکەوتنی ئەم کلتوورە دەردەخات، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهمەن نیشانی دەدات مرۆڤی ئەم کلتوورە بە نوێترین تەکنەلۆجیای سەردەم کاردەکات و ئاگاداری دونیای دەرەوەیە. دەی دونیای دەرەوە ئاگاداربن ئێمەی کورد هەین!

لێرەوە ململانێی قوڵ دەبێتەوە، چونکە شەڕەکەڵەشێر گەرچی دیوە دڕندە ئاژەڵێکە گیانلەبەرێکی وەك کەڵەشێر دەردەکات بەڵام دیوێکی تری ئادەمیزاد پیشان دەدات. ئیتر چی لەو مرۆڤە دڕەندەترە کە موزیك بەحەرام دادەنێت؟ کەواتە ململانێکە کەڵەشێرە بۆ مرۆڤ دژ بە مرۆڤ، پاشان بۆناو خودی مرۆڤ درێژ دەبێتەوە. بەهمەن ناسنانامەیەك دەبڕێت بە بالای مرۆڤی کورد: ناسنامەی ململانێ و خەبات کردنە بۆ ئازادی. موزیك سەمبولی ژیانە، موزیك ئەو شوێنەیە دەبێت رۆڵی داهێنان تێیدا ئازاد بێت! ئەم ململانێیە لە خودی مەمۆدا بەرجەستە دەبێت. مەمۆ نەك تەنها هونەرمەندێکە، کەسێکە دەجەنگێت بۆ هونەرەکەی، ئامادەشە باجی بۆ بدات گەر بە گیانی خۆی و رۆڵەکانیشی بێت. ئەمەش قوڵاییەك دەبەخشێت بە فیلمەکە، چونکە گەرچی بابەتی فیلمەکە ساکارە بەڵام ململانێکان نرخ و بایەخی هونەری موزیك دەردەخەن. موزیك گرنگ نییە تەنها لەبەرئەوەی قەدەغە دەکرێن، بەڵکو قەدەغە کردنی واتە قەدەغە کردنی بەشێك لە ژیان، لە رۆحی مرۆڤگەلێك.

گەر بگەڕێینەوە سەر ئەفسانەگەری مانگی چواردە کە ژمارەیەکی شومە بە دیوێکی دیکەی کلتوور و فەرهەنگی کوردیان بەرچاو دەکەوێت. بەڵام پەپولە کەنیشکێکی شۆخ و دەنگ زوڵاڵ هەمان ناوی هەیە دێتە سەر رێ نائومێدی مەمۆ بەڵێنی جێبەجێکردنی کۆنسێرتەکە دەدات، لە هەمان کاتیشدا تابوتی مەرگیشی ئامادە کردووە بۆ مەمۆ، دیارە دەنگی تەلیسماوی پەپولە هاوجۆری نییە، دەنگێکە سنووری جوگرافی، سنووری جەستەی

مردوویەك وەك كاك خەلیل، دەبینرێت و دڵی لە كاتی ناشتن و بەخاكسپاردنیشدا دەهێنێتە لەرزە.

ئەم ئەفسانەگەراییە كەمێك و بە جیاوازییەوە لە گەشتی ئەفسانەیی ئۆدیس دەچێت. ئۆدیس لەمیانەی گەشتەكەیدا دوچاری دەنگ و گۆرانی سیرێنە (ئەو تازە گۆرانیبێژە لەسەر رێ بەجوانی و خۆشی دەنگیان بە ئێوارەكانیان سەرسام و مەست كرد). وەلێ دەنگی پەپولە بۆ فریودان و خەریك كردنی مەمۆ نییە، بەڵكو گەیاندن و برەو پێدانە. زەنگێكی هیوابەخشە پەپولە هاتبووە سەر رێگای رزگاری مەمۆ، مەمۆ لەئازاری ژیان رزگار بكات و كورەكانیش بنێرێت بەهەر نرخێك بێت بۆ باشوور تاوەكو كۆنسێرتەكە بەهاوكاری پەپولە و هەندێك لە كورەكانی مەمۆ بگەیەنێتە ئەنجام. بەهرەمەندی بەهمەن لێرەدا دەردەكەوێت كە گەورەیی مەرگ و ژیان دەكاتە دوو چەمكی گرنگ و بەرامبەری یەكتریان دادەنێت. موزیك هیوایە میوزیك كە كۆڵ نادات بۆ مەرگ ژیان بەهێز دەكات و مرۆڤ فێریدەكات لەگورو توانای بەرگری و خۆبەدەستەوە نەدات.

سەرەرای ئەوەی مەرگ راستییەكە لەهەموو شوێنێكە بەڵام میوزیك بەرامبەری دەوەستێتەوە چونكە بەهمەن لێرەدا نایەوێت ئەو رستە باو و سادەیە دووبارە بكاتەوە كە موزیك خۆراكی رۆحە، بەڵكو موزیك خودی رۆحە، رۆحێكی نەمر. وەك چۆن رۆح لە دەسەڵاتی جەستە دەردەچن، ئاوەهاش میوزیك لە كۆتوبەندی جوگرافیا و دەسەڵاتی سیاسی دەردەچێت. دەشێت رۆحی میوزیك قەدەغە بكرێت و سنووردار بكرێت بەڵام خەفە ناكرێت. چونكە هەمیشە پێشكەوتووە و ئاگرێكی زیندووە لەناو مرۆڤەكاندا دەخرۆشێت.

جەنگی مەرگ و ئازارەكانی ژیان سەختە وەك چۆن هەرەشەی دەسەڵات حەرام و درندانەیە، بەڵام میوزیك هیوایەكە ناچێتەگۆر كە هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە. ئەو رۆحەی تێكەڵ بە رۆحی باوكایەتی مەمۆ بووە و دەبێتە پەیامێك بۆ رۆڵەكانی خۆی. دوا هیوای مەمۆ ئەوەیە لە كورەكانی كە بەتەنیا و نائومێدی سەرنەنێتەوە بۆیە پەپولە ئەوكارە دەگرێتە ئەستۆی خۆی گەرچی گیانی دەبەخشێت، بەڵام لەگەڵ دەنگ و میوزیكەدا ئازادە دەبێت هەر بەرێوە دەچێت لەو گەشتەدا بۆ كۆنسێرتێك. لێرەوە پێموایە بەهمەن لەم كارەشیدا سەركەوتوو بووە كە توانیویەتی لەهەندێك چەمكی ساكار كۆمەڵێك بەشی گرنگی ژیانی مرۆڤی كورد بەرجەستە بكات و بیخاتە سەر رووبەری سینەمایەك.

# تەوەری یازدەیەم

# شار و شارستانییەت لە فەلسەفەدا

## ١-١١- پارادۆکسی چەمکی شار لەفەلسەفەدا:

لە بەشەکانی پێشوترا چەند باس و لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازمان لەمەڕ پرسگەلی کولتووری و فەرهەنگی باسکردەوە. لەنێو ئەو چەمك و بابەتانەی تاوتوێ کران پرسی گۆڕان و پێشکەوتن، هەلی مێژوویی، فەلسەفەی ئازادی، بە کێشەکردنی ئایین و تیۆری رەخنەسازی و رۆڵی زانکۆ و فەلسەفە بو. هەڵبەت تێکڕای ئەو باسوخواسانە دەرژێنە یەك رێژنەوە ئەویش: شار و شارستانییەت و ژیارییە. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەو پرس و کێشانەی پێشوو لەسەر دێڕی ئەم وتارەدا بگەیەنینە ئەنجام کە فەلسەفەی شار و چەمکەکەی دەگرێتەوە. هەوڵی ئێمە لێرەدا دیاریکردنی پێناسەیەك نییە بۆ شار، بەڵکو لەژێر رۆشنایی چەمکی (شار) بە درێژایی مێژوو لە دیدێکی فەلسەفییەوە دەتوێژینەوە.

### ١- رۆمانسییەت و ئەفسانەی دروستبوونی شار:

بێگومان هیچ کاتێك رۆمانسییەتی شار لە رۆمانسییەتی سروشت کەمتر نەبووە. هەر وەك چۆن لە نووسینە کلاسیکی و بگرە مۆدێرنەکانیشدا بانگەشەی گەڕانەوە بۆ باوەشی بێ تاوانی سروشت و پیرۆز کردنی ژیانی سەرەتایی وەك ژیانێکی بێ گەرد و پاك کراوە، ئاوەهاش رۆمانسییەت و ئەفسانەی دامەزراندنی شارێکی باڵا و بێ وێنە، شارێکی نموونەیی کە خەون و ویست و تاوانەکانی مرۆڤ تێیدا بێتەدی ئامادە بووە. هەر وەك چۆن سروشت سەرەتا و رەگی ژیانی زیندەوەرەکانە بە گشتی، ئاوەهاش شار بەشوێنی ئازادی بەرهەم هێنان، دروستکردن و گۆڕان، زانست و خوێندن و لانکەی شارستانییەت و پێشکەوتن پێناسە کراوە. هەربۆیە ساتێك شاعیر و نیگارکێش و فەیلەسووف و بیرمەندەکان هەستیان بەدڵتەنگی و بێزاری کردووە لەژیانی شار، یەکسەر لایان داوەتەوە بەلای سروشت و جوانییە ناکۆتاییەکانیدا.

ئیدی ئیرۆسیەتی سروشت بۆتە شیعر و بیرکردنەوە و شوێنی حەوانەوەی دڵی ماندوو، جێگای تێڕامان و ورد بوونەوە. هەر بۆیە زۆرێك لەوان ژیانی ناو سروشتیان لە شار پێ باشتر



بووە و کۆچیان کردووە بۆ ناو چیا و دوڵ و پێدەشتەکان. هاوکات لادێنشین و گوندییەکان ئاواتەخواز بوون ساتێك لەشار و خۆشییەکانیدا رابوێرن. چونکە شار نەك جێگایەکی لەبارە بۆ گوزەران بەڵکو مەتەڵێکی دەستکردی مرۆڤە، کە تەلسمێکی ئەندێشەیی لای ئەوان هەبووە. هەر بە گەڕانەوەی لادێنشین لەشارەوە بۆ هەواری خۆی، چیرۆکی شاریان لەگەڵ کەلوپەل و دیارییەکانیان بارکردووە و بەرەوماڵەوەیان بردۆتەوە.

ئیدی ئەفسانەی شار دنەی بە کۆچکردنی لادێ بۆ شاریش داوە. چونکە شار شوێنی خۆ پێشخستن و پێشکەوتنە لەسەر هەموو ئاستێك. کەچی بە پێچەوانەشەوە بیرمەند و خاوەن بەهرەکان ژیانی شار بە میکانیکییەتی ماشێن و مردنێکی لەسەرخۆ دەزانن، ئەوشوێنەی رۆح و سروشت و بەها ناسك و جوانەکان لە بیردەکرێت و هیچ پەنایەك نامێنێتەوە هانای بۆ بەریت جگە لە هەواری سروشت نەبێت. بۆدلێری شاعیر و روسۆ و نیشتە و هایدەگەر و چەندانی تر شار و تەکنۆلۆجیایان بەشوێنی نامۆبوون و تڕۆبوون و نابوتی بوون زانیوە. دەشێ ئەمان راست بن، چونکە دەکرێ مرۆڤ لە شاردا بگات بەزۆر پلەی بەرزی پێشکەوتن و شارستانییەت، بەڵام دواجار خەون و ئەندێشە کاتێ لەوێدا بڕستیان لێ ببڕێت و هەموو ئاوات و چرایەك گۆڕەوشار بێت. کەواتە لەناو شارەکاندا گەڕانەوە بۆ سروشت و خۆرسك بەهێزە و هاوکات لە گوند و لادێکانیشدا خەوی شارێتی هانی کۆچکردن بدات.

بەڵام شار چییە و مرۆڤی شاری کێیە؟ راستییەك هەیە کە دەبێت بیزانین، ئێمە ناتوانین لەمرۆدا لەبەر خێرایی گۆڕانی شار و فراوانبوونیدا، یەك پێناسەی گشتگیر بەسەر چەمکی شار و کۆمەڵگەی شاردا دابڕین. چونکە شار یەك پێکهاتە و خسڵەتی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی جیاواز و دژبەیەکی هەیە و هەر بەشەش بۆ خۆی پێناسەیەك پێودانگ و بەهایەکی هەیە بۆ شارێتی. ئەمەش وادەکات چە مکی شار چەمکێکی پارادۆکس بێت. لەبەر ئەمە ئێمە ناتوانین لەیەك رستە و گوزارشتدا چەمکی شار بخەینە نێو یەك دوو پێناسەوە. باشتر بڵێین شارە گەورەکانی ئەمڕۆ، کۆی یاخود سەرجەمی چەندین وردەشارن کە خۆیان لە دوو توێی پانتایەکی گەورە و کراوەدا دەبیننەوە. بە واتایەکیتر، شاری ئەمڕۆ هێشویەکی گەورەیە کە لەچەندین بۆڵی جیاواز پێك دێت. لێرەوە ئێمە چەقێك، پنتێکی ناوەندیی لە شار دەسێنینەوە: ئیتر یەك پنت کە پێناسەی شارمان بداتێ. هەر ئەمەشی دەبێتە خاڵێکی گرنگ لە جیاوازیی نێوان شاری هاوچەرخ و شارە دێرینەکاندا. شارەکانی ئەمڕۆ هەڵگری یەك راستی، یەك سیستەم و بەها و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن نین. چونکە

سەنتەرێك، چەقێك نییە کە سالار و پێناسەی هەموو بەشەکانی تر بکات، بەڵکو لەشار و هاوچەرخەکانی ئەمڕۆدا چەندین راستی و بەها و پێودانگ شێوەی ژیان و تێگەیشتن لە جیاواز لەپاڵ یەکدان.

گەر جاران مەیدانێك، یاخود مزگەوت و بازاڕێکی کۆن و زانکۆ و فێرگەیەك پێناسەی شارێکی بکردایە، ئەمڕۆ لەشاردا چەندین بازاڕ و سێنتروم هەیە. هاوکات شوێنەوارە دێرین و کۆنەکان بوونەتە مۆزەخانە و بەشێك لە شاری نوێ. هەڵبەت هەندێك رژێم ویستوویان لە بیناسازی و ئەندازەی شاردا، شار وەك یەك رستی چنراو لە دەوری بینایەك یان مۆنەمێنتێك خڕ بکەنەوە. دیارە ئەم شێوازە تۆتالیزمە باوی نەماوە لە بیناسازی و نەخشەی شاردا، چونکە شار یەك چەمك و یەك شورای داخراوی نییە، کەچی ئەو رژێمە داخراوانە ویستوویانە لە شارێکدا یەك گۆڕەپانی میللی بەشوێنی خڕکردنەوەی جەماوەر دابنێن و لێوەی دزە بکەنە هۆش و هەستیانەوە. ئیدی شاری ئەمڕۆ شارێکی پەرش و بڵاوە، بە هەموو لایەکدا درێژ بۆتەوە. ئیدی دەنگێکی هارمۆنی و یەك ئاواز و میلۆدی نییە کە ژیان ببات بەڕێوە، بەڵکو چەندین دەنگی هەمە جۆری ناسازیش هەن.

پێش ئەوەی بێمە سەر باسکردنی خسڵەتە گرنگەکانی شار، پێم خۆشە ئاماژە بە چەند نووسینێکی نایاب بدەم کە لەسەر چەمکی شار دواون. لە یەك دوو وتاری بەنرخدا فەیلەسووفی فەڕەنسی پاول ریکور لەسەر شار و شارێتی بەدواچوونێکی شیاوی هەیە کە دواجار ئەمە بەڕای من دەبێتە هەوێنی نووسینێکی بەناو بانگی فەیلەسووفی فەڕەنسی ژان - لوك نانسی بەناوی «شار لەدوورەوە» لە ساڵی (١٩٨٧) لەسەردانیدا بۆ لۆسئەنجلس و پاشان بەشی دووەمی لە ساڵی (١٩٩٠)دا چاپکراوە. دیارە ژان - لوك نانسی لە هیچ شوێنی نووسینەکەیدا ئاماژەی بە وتارەکەی پاول ریکور نەکردووە کە لە ساڵی (١٩٦٧)وە بڵاو کراوەتەوە، وەلێ نووسینەکەی ریکور بەسەرچاوەی نووسینەکەی نانسی دەزانم و لە زۆر شوێنەوە لێکچوونی هەیە، گەرچی وتارەکەی نانسی لەوەی ریکور کەمتر نییە.

ئەوەی جێی باسکردنە ئەوەیە کە فەیلەسووفی فەڕەنسی ماوریس بلانشۆ لە ساڵی (١٩٨٣)دا بەدواداچوونێکی لەسەر هەندێك تێزی ژان - لوك نانسی لەمەڕ کۆمەڵگا و پێکەوە ژیان لە نووسینەکانی پێشوویدا و هەروەها لە وتاری «شار لە دوورەوە» کە تێیدا نانسی ئاماژەیەك بە ژیانی کۆمەڵایەتیی شار دەدات و جیاوازی نێوان پێکەوە بوون، پێکەوە



ژیان لە شاردا دەدات، بلانشۆ ویستوویەتی ئەو جیاوازییە بکات بە هەوێنی نامیلکە بەناوبانگەکەی «کۆمەڵگای گوزارش لێنەکراو یاخود نەوتراو».

با بگەڕێینەوە سەر هێڵی سەرەکیی بابەتەکە و بزانین خسڵەتەکانی شار چین. ریکور چەند خسڵەتێك دەستنیشان دەکات [1].

(١)- کۆمنیوکەیشێن: دیاردەیەکی گرنگی شار هەبوونی چروپڕی تۆڕی پەیوەندی و هاتن و گواستنەوەیە شار وەك یەك شانەی بەیەکەوە گرێدراو گەیەنراو وایە کە هیچ شوێنێك سەنتەر نییە لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر بە ئاسۆیی و ستونی هێڵی پەیوەندییەکان و هاتوچۆ دێن و دەچن.

(٢)- بێ ناسنامەیی و نەناسراوی (Anonimity): مرۆڤی شار بێ ناسنامەیە پێویستی بەخۆ جیاکردنەوە نییە لە ئاپۆڕەی خەڵکەکاندا، بەڵکو مرۆڤێکی بێ ناو و پێناسەیەکی دیارە.

(٣)- جموجووڵ و بزۆزی: لە شاردا هاتوچۆ و جووڵە و بزووتن بە لێشاوە و بەردەوام لە ورژم و برەودایە کە گیانی نەسرەوتی و نائارامی دەبەخشێت بەشار. شار ناخەوێت و ئیدی مرۆڤەکانیشی دەبنە رەوەندێکی کۆچەری لەناو شاردا، کەلە هەموو لایەك و بە هەموو ئاراستەیەکدا جووڵان هەیە.

(٤)- چڕ بوونەوەیەکی رێکخراو کە خۆی لە پرۆگرامی پەیوەندی و نەخشەی شار و دابەشکردنی کار و بەڕێوەبردندا هەیە.

کەواتە ئەم خسڵەتانە شاری مودێرنی هاوچەرخ بە تەواوەتی لە شارە دێرینەکان جیا دەکاتەوە و کۆمەڵگای ئەم شارە نوێیانەش ئەو کۆمەڵگایە نییە بە واتا سۆسیۆلۆجییەکەی کە چارەنووس و پێکەوە ژیان لەرێی دابەشکردنی بەها و واتاکانەوە دەبێت، بەڵکو کۆمەڵگەیەکە کە بەیەکەوە دەژین نەك پێکەوە خاڵی هاوبەش و لێکچوون یان هەبێت، گەر بەزمانی بلانشۆ بدوێین. واتە ئێمە رۆژانە لە شارەکاندا بە تەنیشت یەکەوە رێدەکەین، دادەنشین و دەدوێین بێ ئەوەی چاومان بەریەکتری بکەوێت و پەیوەندی تەواو بکەین کە ژیانی کۆمەڵایەتی دەیخوازێت، بەڵکو هەر یەکێك لە ئێمە سەرقاڵی خۆی و بۆخۆی دەژی.

جاران شارێك بەشاری جوانی و خۆشەویستی، یاخود زانست و زانین، یاخود شاری خودا و پیرۆزەکان دادەنرا، وەلێ شاری ئەمڕۆ ئەو شوێنە نییە کە ماڵی خودا بێت ئەمڕۆ شار شاری مرۆڤ خۆیەتی! وەك پییێر مانێت لە پەرتووکی «شاری مرۆڤدا» پرسیارە بەناوبانگەکەی سانت ئۆگستینۆس کە لە «شاری خوداوەندا» هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر کردوویەتی: ئایا کام شار هەڵبژێرین: شاری خوداوەند یان شاری مرۆڤ؟ دیارە بە پێچەوانەی ئۆگستینۆسەوە مانێت

به راشکاوی دان بەوەدا دەنێت کە مرۆڤی مودێرنی خۆرئاوایی بۆ هەتا هەتایە «شاری مرۆڤی» هەڵبژاردووە [٢].

ئەو شارە مێژووییانەی وەك بابل و ئورشەلیم و کوێ کوێ شارانێکی ئەفسانەیی بوون کە بەشاری خوداوەند و پیرۆزەکان ناو دەبران، بەلاّم شاری ئەمڕۆ کە ناتوانێ رەهەندە پیرۆز و ئایینییەکەی لەبەر هەژموونی گۆڕانە خێراکاندا بپارێزێت. چونکە شاری مودێرن یان بەشار بوون و بەشاری کردن (urbanzation) بۆخۆی بەرهەمی مودێرنەیە کە زیاتر لە دوو سەد ساڵ وەك پرۆسەیەکی سێکولار بەڕێوە چووە و پیشەسازی تەکنەلۆجیا تیایدا بالاّ دەستە ئیدی شار ئەوشوێنەیە بالاّدەستیی ئایینی تێدا لاواز دەبێت لەژێر فشاری بیرۆکەی ئازاد بوون و بەشاربوونی مرۆڤدا. هەر ئەمەش وا دەکات شارە کۆنەکان دوچاری گۆڕان یاخود لەبیرچوونەوە بن. هەر لە شێوازی خانووبەرە و بیناسازی تا خواردەمەنی و کەلوپەل و کالاّ. دەکرێت رۆژێك بێت کە زۆر بە دەگمەن لەشارێکی کوردیدا خانوویەکی گڵ ودار بەدی بکەین، یاخود خۆراکێکی کوردی لەوێدا بخۆین!

لە یادمان نەچێت کە واژەی شاری نوێ یەك شتی گرنگمان بۆ ئاشکرا دەکات: دوور کەوتنەوە و دەرچوون لە سروشت و ژیانی سەرەتایی و بیرکردنەوەی پێش مێژوو. هەر ئەمەش راستییەك بەرجەستە دەکات کە شار بەرهەمی پرۆسەی مودێرنەیە. هەڵبەت یەکێك لە رەهەندە گرنگەکانی مۆدێرنەش سێکۆلاریزمە. جێی خۆیەتی لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ تێزێکی گرنگی پاول ریکور لە نووسینەکەیدا، ئەویش گرێبەندی چەمکی شار و سێکۆلارە پێکەوە. ئەو پێیوایە گرێبەندییەکی ناوەکی لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە. هەڵبەت سێکۆلارێتی بە دوو واتە لێك دەدرێتەوە: بە واتای یەکەم بوونی دەزگایەکی سیڤیل، مەدەنی دەگرێتەوە کە کاروباری بەڕێوەبردنی و سیاسی دوور یاخود لە دەرەوەی دەسەلاّتی ئایینی بگرێتە ئەستۆی خۆی. بە واتای دووەمیش سێکۆلار بەوە ناسراوە کە سنووری نێوان کایەی پیرۆز و ناپیرۆز تێك دەشکێت و هیچ سنوور و دابڕانێك نامێنێتەوە بۆیان.

دیارە ئەمە شەقڵێکی گرنگی ئەقڵی مۆدێرنەیە و شاریش بەرئەنجامی سێکولاریزمە، چونکە مرۆڤ لە شاردا ئازاد و دوور لە دەسەلاّتی ئایینی و چاودێری کۆمەلاّیەتی ژیانی تاکی خۆی بەڕێوە دەبات دوور لە چاو و دەستی و نوێنەران ئایینی لە ئاپۆڕەی شاردا [٣]. کەواتە پەیوەندی و نزیکبوونەوەکان لەشاردا لەسەر بنەمای ئایینی یاخود رەچەڵەك و خزمایەتی نییە،



بەڵکو مرۆڤ دەخوازێت تێیدا بێ ئاستەنگ و رێگری بەند و باوەکان و ئایین بجووڵێتەوە. دیارە ریکور ئەم شەقڵەی شار بە (تیۆلۆجیای شاری سێکۆلار) ناو بردووە.

ئیدی شار ئەو شوێنە پیرۆزە نییە کە ئایین تێدا بالاّدەست و قەڵەمڕەو بێت، بەڵکو شوێنێکە کە بابەت و بەهاکان لە پیرۆزی دەخرێن و مرۆڤیش خۆی لە ئامێزی ئایین دادەڕنێت. بە واتایەکی تر مرۆڤی شار لە ئایین و ئارامی رۆحی دادەبڕێت و دەکرێ ئەم بۆشاییە کە لە نەبوونی هەستی رۆحی و ئایینداریییەوە دروستدەبێت، جێگە بۆ ترس و بیم و دڵتەنگی چۆڵبکات. ئیدی بۆ زاڵبوون و لە بیرچوونەوەی ترس و ونبوون و بۆشایی و کلۆرییەکانی دەروون، مرۆڤ پەنادەباتەبەر بەسەربردنی کات لەو شوێنانەی جێگەی رابواردن و تێپەڕاندنی رۆژگارن، هەر لە گەمە و وەرزش و موزیکەوە بگرە تا وەکو ماددە بێهۆشکەرەکان. چۆن مرۆڤی شار ترسی نەبێت کە پێویستی بە پارە و پوولە بۆ خەرجکردن و دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیان، کە هەموو ژیان و چارەنووسی پێوەی گرێدراوە. بوونەوەرێك کە وابەستەی ئابووری و بازاڕ کالاّ و کەلوپەل و شوێنی حەوانەوەیە.

لێرەوە تەنها تێرکردنی ئەو پێویستییە کورت و رۆژانەییانە و رابواردنی ساتەکان بۆ خۆیان دەبنە شادەماری درێژەدان بە ژیان. وەك گەی دەبۆر نووسەری فەرەنسی لە ساڵی (١٩٥١)دا بە باشترین شێوە وەسفی کۆمەڵگای هاوچەرخی بە «کۆمەڵگای سپێکتاکل (Spectacle) کردووە. واتە کۆمەڵگەیەك کە لە سێرکێکی گەورە دا شەو و رۆژ دەکاتەوە. ئەو پێی وایە ئابووری سەرمایەداری کۆمەڵێك بەناو پێداویستیی بۆ مرۆڤی شار دروستکردووە کە لە راستیدا جگە لە پڕوپاگەندە و ریکلام بۆ ساغکردنەوە کەلوپەل و کالاّی دروستکراو نەبێت هیچی تر نییە. مرۆڤ لێرەدا هەڵەوگری ئەم بازاڕە ئابوورییە کە هەژموونگەریی لەسەر هۆش و حەز و خولیای مرۆڤ دیارە و بە هەموو شێوەیەك دەبێتە بەکاربەرێکی ئابووری. شار وردە وردە بەرەو بێگیانی دەچێ و دابڕانێکی قووڵ لەنێوان مرۆڤەکان و خودی ناخی مرۆڤدا دێتە ئاراوە بەوەی مرۆڤی شار بەرەو گیانلەبەرێکی تێر و رۆح برسی دەرون تینو بۆ واتا و ئامانجەکانی ژیان و بوون.

## ٢- ناسنامەی شار و مرۆڤەکانی:

دەبێت ئاماژە بە راستییەك بدەین کە شاری هاوچەرخ فرە رەهەند و سیمایە، ئاوێتەیەکی جیاواز و ناوێکچووە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە شاری هاوچەرخ لەچاو شارە

دێرینەکاندا ناسنامەی راستەقینەی خۆی ونکردووە. ئیدی ئەوەی باسی لێدەکەین شار نییە بە واتا باوەکەی، بەڵکو پێکهاتەیەکی ترە کە دەکرێت ناوێکی تر هەڵبگرێت [٤]. بۆیە شار یەك ئۆرگان نییە، بەڵکو جەستەیەکی گەورەیە کە لە چەندین پەلوپۆی ناجۆر و ناوێکچوو و پێك هاتووە، ئەمەش وادەکات کە هەر لق و پۆیەکی شار پێناسەیەکی خۆی هەبێت [٥].

لێرەوە دەبینین چەمکی شار گۆڕانی بەسەردا هاتووە و تەواو جیاوازە لەشاری دێرین وەك ئەسینا بۆ نموونە کە بە شارەدەوڵەت (Polis) ناسراوە. دینامیکییەتی شار گوڕوتینی تەواوی بەسیما و ناسنامەی شار داوە و جووڵە و بزاوتن و گۆڕان بۆتە ناسنامەی شار. فراوانبوونی بەردەوامی شار، جوگرافیا و سنووری شاری گۆڕیوە لەرێی فراوانبوونی ئاسۆیی و ستونییەوە. فراوانبوونێکی ستونی کە لە باڵەخانە بەرزەکانی شاردایە و شار دەخاتە باوەشی هەورەکانەوە، فراوانبوونێکی ئاسۆیی کە شار درێژ دەبێتەوە بەناو سروشتدا و پەرژین و شورا نامێنێت. ئیتر شار فۆرم و قەبارەیەکی چەسپاوی نییە، بەڵکو لە شلەیەکی هەمیشە جووڵە دەچێت [٦].

کە دەڵێین گۆڕان، مەبەستمان لەسەر هەموو ئاستێکە. بۆ نموونە گەر زمان وەربگرین، زمانی شار یەك زمان نییە و ئەو دیالێکتە سەرەکییەی خەڵکی پێی دەدوێت لەژێر فشاری دیالێکتەکانی ناوچەکانی تردایە لەسەر شەقام و بازاڕەکاندا. ئیتر دیالێکت و زمان، خاڵی جیاکەرەوەی نییە لەنێوان شاری و ناشارییەکاندا، پاشان جلوبەرگ و پۆشاکیش تەواو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەڵام ئاخۆ مرۆڤی شار کێیە و چ گۆڕانێك بەسەریدا هاتووە؟ کام مرۆڤە؟

ئەو مرۆڤەی نامۆیە بەخۆیی و دەوروبەری. مرۆڤێك کە نەناسراو و ونە لەئاپۆڕەی مرۆڤەکانی تردا و مۆڵەتی ژوانێکی نییە لە شارێکدا کە نەك جیهانێکە، بەڵکو کۆسمۆسێکە کە لە چەندین جیهان و ژیانی جیاواز پێك هاتووە. دەکرێت لە گەڕەکێکی شاردا دەسەڵاتی بەڕێوەبردن هێندە لاواز بێت کە چەند رێکخراوێکی مافیایی و باندی دزیی دەست بەسەر ژیانی شارنشینەکاندا بگرن. بە واتایەکی تر شار ئەو شوێنەیە کە سەرەڕای هۆکاری گواستنەوە و پەیوەندیی بە خێرا، هیچ شتێك مرۆڤەکانی بەیەکەوە نابەستێتەوە و ئەو رایەڵە زمانەوانی و ئایینی و کولتووری خزمایەتییانەی کە لە شاری دێریندا هەبوون، هیچیان کاریگەریی ئەوتۆیان نییە لە درێژ کردنەوەی پەیوەندی و دروستکردنی پردێکی گشتی بۆ کۆمەڵگای شار.

کەواتە شار نەك تەنها کۆمەڵگانییە، بەڵکو بازدانە بەسەر رەچەڵەك و نەژاد و پەیوەندیی خوێنەوە. شار زێد و نیشتمان نییە، بەڵکو مۆڵگە و شوێنێکی بەرفرەیە بۆهەموو شتێك.



لێرەوە شار و کۆمەڵگای شار واتا سۆسیۆلۆجییەکەی خۆی لەدەست دەدات و رێگە نادات لە رێی سۆسیۆلۆجیای شارەوە شارەوە بیتوێژینەوە. شاری مودێرن و تا هەناوی هەڵگری دابەشبوون و جیاوازییە و مرۆڤی شار دابەشبووە لە خۆیدا لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا و دابڕاو لە کۆمەڵ و سروشت. هەروەها لەبەرئەوەی شار لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی مودێرنەیە، دەبوایە بەردەوام بنکەی زانست و شارستانییەت و پێشکەوتن بوایە لە هەموو روویەکەوە. هاوکات شار هەڵگری نامۆییەکی ریشەییە چ لە بیناسازی و رێگاوباندا، چ لە ئاقار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانیشیدا.

لە لایەکی ترەوە شار نامۆگەیەکە، چونکە دالدەی نامۆکان دەدات. لەوانەیە شاری هاوچەرخ مرۆڤی تا رادەیەك ئازاد کردبێت و لەکۆت و بەندوباوی کۆمەلایەتی و ئایینی دایبڕیبێت و مرۆڤی کردبێتە خاوەنی حەز و ویستەکانی خۆی، بەڵام لە لایەکی ترەوە شار مرۆڤی بچووك کردۆتەوە و کردوویەتە بوونەوەرێکی نەناسراو و ون لەکۆی ئەوانی تردا.

مرۆڤی شار ناسنامەیەکی ون و نادیار و ناچەسپاوی هەیە، چونکە لەشاردا مرۆڤەکان بێ جیاوازی وەك گشتێك سەیردەکرێن کە ناسنامەی شار وەردەگرێ و دەبنە هاوشاری وەك هەموو کەسێکی ئاسایی کە درێژە بەژیانی دەدات. لەوانەشە مرۆڤی شار هەرگیز هەستی بەیەکەوە بوون و هاوچارەنووسیی نەبێت و چاویان بە یەکتری نەکەوتبێت، مەگەر بە رێکەوت یاخود بە بەرنامە بێت یاخود کەسێك چاوی لەویتر هەڵبەکەوێت، کە ئەمەش بەیەکگەیشتن و یەکترناسینەوە نییە و واتایەکی ئەوتۆشی نییە. نیگاکان لە شاردا بەریەك ناکەون، بەڵکو بەلای یەکتریدا جرتە دەکەن. هەر بۆیە مرۆڤی شاری بەردەوام یەکتری دەبینن و لە هەمان کاتدا هەوڵئەدەن یەکتری تێپەڕێنن و رەتبن.

واتە مرۆڤی شار لە راستیدا هاوشاری و هاووڵاتی نین، بەڵکو رێبوارێکی نەناسراو و بێ مەبەست لەسەر شوێنی کار و بازاڕ بە دەزگاکاندا دێن و دەچن. بە واتایەکیتر مرۆڤی شار موسافیرێك نییە کە شوێنی نادیار و نەناسراو بەسەر بکاتەوە، بەڵکو کەسێکە دێت و دەڕوا (٧). هەموو ئەوانەش کە لە شاردان یاخود بۆ شار دێن کەسانێکن کە رێیان کەوتۆتە شار، نەك لە خودی شارەوە هاتوون. ئیتر شار شوێنی گوزەران و بەڕێکردنی کاروبار و پێداویستییەکانە. هەربۆیە ئەم کەسانە بەیەك نامۆن و نامۆشن بە ناسنامەی شار. لێرەوە دەبینین کە گۆڕانێکی ئۆنتۆلۆجی لەشاردا هاتۆتە ئاراوە کە بوونیاد و پێکهاتەی شاری گۆڕیوە. مرۆڤی مودێرن خۆی لەکۆی کەشێکی ئازادی وەك شاردا دەبینێتەوە کە دواجار

پێناسەی مرۆڤ دیاری دەکات، و مرۆڤی شار بەهۆشیاری شارەکەی ناناسێت و خۆشی ناناسێتەوە کێیە. ئەم ونبوونەش لە بوونی شار و مرۆڤ وادەکات ناسنامەی مرۆڤی شاری مۆدێرن بە ئاسانی دەستنیشان نەکرێت.

ئێدی مرۆڤی شار لە شاردایە چونکە فڕێدراوەتە ناو شار نەك لەبەر ئەوەی خەڵکی شارە. بە واتایەکیتر: شار، شاری ئەو کەسانە نییە کە شارین و شار زێدی باوباپیرانیان بێ، بەڵکو شار شاری ناشارییەکانە. شار گشتێکی لێکهەڵوەشاوە لەبوونیادا و پێکهاتەیەکی جیاواز و نایەکانگیرە. بەڵام لە ڕێی هۆکاری گەیاندن و پەیوەندییەوە پێکەوە گرێدراوە، ئەگینا هیچ گرێبەندی وابەستەبوونێك نییە لەنێو مرۆڤەکانیدا نیە لە بنەڕەتدا [٨]. ئەوەی ئەمڕۆکە لە شاردا دەبینرێ، زۆری دەزگا و فێرگای زانستی و هونەری و کولتووری نییە، بەڵکو هەبوونی بازاڕێکی سەرتاپاگیرە کە لە هەموو سووچ و قوژبنێکی شاردا ئامادە و کارایە. ئێدی شار بازاڕێکی گەورە یاخود شوێنێکە کە بازار تێدا سالارە و و کڕین و فرۆشتن و ئاڵوویر بەسەر ئاکار و هەڵسوکەوتەکاندا زاڵە [٩]. هاوکات دەنگ و رەنگ و بۆنی شار گۆڕدراوە. ئەمڕۆ دەنگی شار دەنگێکی ناشاز و ناساز و پڕ لە ژاوەژاوی ئامێر و ماشێنەکانە. هاوکات دەنگی مزگەوت و زەنگی کلێسا و سەمفۆنی، لەتەك دەهۆڵ و زوڕنا و زەماوەندا، لەگەڵ هاواری بێنەوایان و لانەوازان و هەژار و سکبرسی و شین و شەپۆڕی قوربانییەکاندایە! و رەنگی شار یەك رەنگ نییە. لە جل و بەرگ و خانووبەرە و سیمای دەموچاوەکاندا، ئەمڕۆ رەنگی ئەسفالت و چیمەنتۆ و ئاسن زاڵە بەسەر سروشت و سەوزاییدا. لە تەنیشت دیمەنە دەستکرد و سروشتە کۆلاجکراوەکاندا، پیسی خاشاك و خۆڵی مرۆڤی شار دەبینین. هاوکات بۆنی شار ئەو بۆنە رەسەن و خۆشەی نەماوە کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە لە خواردەمەنی و بۆن و بەرامە و بوخورد و بەهارات و چی و چی دێت. بەڵکو بۆنی زێراب و دوکەڵ و ئەو وزەیەی لە ماشێن و ئامێرەکاندا ئاسمانی شاری تەنیوە.

کەواتە شار بەدیوێکدا رێك و پێك و جوان دەنوێنێت، بە دیوێکی تردا مۆڵگەی تاوان و دزی و کوشتن و سۆزانی و بێ دەرەتانییە. لە پاڵ باڵەخانە بەرز و گرانەکاندا، خەڵکی هەژار و رووت لەسەر شۆستەکان لەناو کارتۆندا شەو بە رۆژ دەکەنەوە. چیتر شار ئۆرگانێکی هارمۆنی نییە، بەڵکو جەستەیەکی پەرت و بڵاوە کە نامۆیی و پەرتەوازەیی دەبێتە مۆزاییکی روخساری [١٠]. گەر جاران شار بەوە بناسرایەتەوە کە شوێنی کەسانی ماقووڵ و خانەدان و بەهرەدارە، شوێنێکە یاسا و رێك و پێکی و بیرکردنەوەی کراوە سیمای شارستانییەتی و بە



زمانێکی پێشکەوتوو دوان و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا بەپێی بەهای شارستانێتی و مەڵبەندی فەلسەفە و کولتووری و هونەر و وێژەیە، ئەوا ئەمڕۆ ئەو رەهەندە گرنگانە بەشێکی بچووکن لە پێکهاتەی شار، گەر وەك خۆی مابن. لێرەدا وەك وتمان دەبێت چەمکێکی تر بۆ شار دابنێین. چونکە جاران شار جیهانێك بووە کە مەبەستی پێشکەوتن و دروستکردن ئامانجی سەرەکیی بووە. بەڵام ئەمڕۆ لە شاردا چەندان حەز و ویستی جیاواز ئامانج و مەبەستی لاوەکی و تایبەتی و هەریەك بە ئاراستەی خۆی ئەندێشە و ئاواتەکانی لە شاردا بە ئاکام دەگەیەنێت [١١].

لەبەر ئەوەی لە شاردا تەکنۆلۆجیا و بازاڕ سالارە، چەمکی کات و شوێن تەواو لەژێر کاریگەریی ئەواندایە. ئیتر کات ئەو چەمکە میتافیزیکییە چەسپاو و نەگۆڕە نییە کە رەهەندێکی هەتا هەتایی و بێسنوورە لە پەیوەندی و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەدا، بەڵکو کات و رەنجی مرۆڤ بەپارە و مادده مەزەندە دەکرێت. هاوکات شوێن بە پانتایی (Space) میتافیزیکی رەها پێناسە ناکرێت. شوێن ئەو جێگە دیاریکراو و سنووردارەیە کە بە پێی پلان و نەخشەی شار بۆ بیناسازی و رێگاوبان تەرخان کراوە. ئەگەر بەزمانی هایدەگەر لە بوونێتیی شار بکۆڵینەوە، ئەوا خودی شار دەبێتە بوونەوەرێك، جێگەیەك کە تەنها شمەك و کەلوپەل خۆیان تێدا دەبیننەوە.

بەواتایەکی تر: شار و هەبوونی شار، بوونێکی ماددی و بێ ناسنامەیە و ناسنامەی بوون لە مرۆڤیش دەسەنێتەوە و دەیکاتە یەکێك لە بوونەوەکانی خۆی. کە واتە ئەمڕۆکە شار زیاتر بیناسازی و بازاڕ و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو دەگرێتەوە تا وەکو ئەو رەهەند و خسڵەتە گرنگانەی کە لە شاری دێریندا هەبوون. هەر بۆیە شار ناسنامەی رەسەنی خۆی ون دەکات و ناسنامەیەکی تریش دەبەخشێت بە مرۆڤەکانی شار. گەر پەیوەندییە رۆحی و دەروونییەکانی وەك سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی و گیانی هاوکاری و ئەوینی (intimicy) تەواو بەرەو کزی و سستی چووە و بەرژەوەندی و خۆویستی جێگەی گرتوونەتەوە. چونکە مرۆڤی شار چیتر پەیوەست نییە بەسۆز و خۆشەویستیی ئەویترەوە، لە بەر ئەوەی بەیەکەوە بوونی شارییەکان یەك چارەنووس و دابەشکردنی واتای هاوبەشی نییە [١٢]. ئەوەی کە گرنگە بە پلەی یەکەم: خودی بەرژەوەندی تاك خۆیەتی!

هەڵبەت شار یەك روخسار و سیماشی نییە، بەڵکو لە چەند شێوە و دەرخستنی جیاواز کە بەردەوام لە گۆڕاندایە دەردەکەوێت [١٣]. پوختەی قسان ئەوەیە کە شار رۆمانێکی قەبەی

نەبڕاوەیە و چەندین کاراکتەر و پاڵەوان و قوربانی و رووداو و چیرۆك رۆڵیان لە پێکهێنانیدا هەیە و ئیدی شار گشتێکی ناکۆك و نامۆ پێکدەهێنێت لە خۆیدا. مرۆڤی شاریش کەسێکی ناهوشیار و هوشیارە لەیەك کاتدا، هوشیارە بەوەی کە لە شاردا ژیانی بەشێوەیەك دەگوزەرێنێ، بەڵام ناهۆشیارە بە ناسنامەی خۆی و شارەکەی و پێناسەی خۆی لەوێوە ناکات کە «من کێم»، بەڵکو کە «من لە کوێم» گوزارش لە خۆی دەکات. باشتر بڵێین: مرۆڤ ناپرسێت «من کێم» چونکە دواجار ئەو خۆی نامۆیە و لە شارەوە نایەت، بەڵکو رێبوارێکە رێی کەوتۆتە شارەوە.

مرۆڤی شار خۆی وەك سوبژەیەکی پێناسە ناکات، بەڵکو پێناسەی خۆی بەو شوێنە دەکات کە تێیدا دەژی. لێرەوە شار مەڵبەند و زێدی شارییەکان نییە، بەڵکو شوێنی کۆبوونەوەی هەر کەسێکە کە رێی تێدەکەوێت بە هەموو جیاوازییەکانییەوە بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییانەش وەك خۆی بپارێزێت. ئەم فرەیی و جیاوازییەی نێو شار و شارییەکان رەوتێکی تر دەدات بەشار کە بەردەوام لە گۆڕاندا بێت و بەردەوام مرۆڤەکانی لە جووڵە و جێگۆڕکێدابن تا ئەو رادەیەی شار پڕدەبێت لە نامۆ و مرۆڤ لەسەر هەموو سووچ و کۆڵانێکدا هەستی نامۆیی و تەنیایی و ترس داگیری دەکات.



## ٢-١١- دەمامکەکانی مرۆڤی شار:

دەشێت ئەم تێزی دەمامك بە دوو واتای جیاواز لێکبدەینەوە: وەك دیاردەیەکی نەگێتیڤ و وەك لایەنێکی جوانی خەڵکی شار. ئایا هونەر و جوانی لەوەدایە کەشارنشینێ ماسك بپۆشێ و خۆی نیشان نەدات؟ من پێم وایە یەکێك لە جوانییە نائاساییەکانی شار هەبوونی دەمامکەکانە.

دەشێت هەریەکێك لە ئێمە دەمامکێکی هەبێت. سیفەتێکی سەرەکی مرۆڤی شاریش لە رۆژانەیدا دەمامککردنە بەئەنقەست یان نا وەك رەوشێکی دووبارە لە بۆ پەردەپۆشکردنی دیوە دزێوەکانی. مرۆڤی شار بەتایبەت لە شارە پێشکەوتووەکان دا خاوەنی روویەك نییە کە هی خۆی بێت. ئەو هەڵگری دەمامکگەلێکە کە نایەڵێت دیو و روخساری راستەقینەی بەدی بکەین. ئەو سەر بەشارستانییەتێکە کە هونەری خۆشاردنەوە بەشێکە لێی. شارستانییەتیش لە بچووکترین پێناسەدا هەبوونی شێوازێکی دیکۆرئامێز و ناسروشتییە کە سەوداکردن دەگەیەنێت لەگەڵ هاومرۆڤەکاندا.

دەشێت شارنشینی کوردی هیچ پێشکەوتوو نەبێت، وەلێ وەك زۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهان مرۆڤی شاریی تێدا خاوەنی کۆمەڵێك دەمامکە کە ناوی خۆونەریت و مۆراڵی ئایینی و بیروباوەڕ و ویژدان و چی و چییە. رۆژ نییە ئێمە بڕیار لە سەر کۆمەڵێك دیاردە و رووداوێك یا بەرپرس و کارمەندێك یا هەر رەفتارێك نەدەین کە دووڕوو و درۆزن و هۆقەباز و هتد..!

وەلێ مرۆڤی ساختە و دەستکرد ئەوە نییە کە روخساری دەردەخات، بەڵکو "گورگێکە و چۆتە پێستی مەڕەوە". بەڵام ئەم کەسە خۆپەرستی و چڵێسی و چەپەڵییەکەی بەکۆمەڵێ دیکۆری شارستانی پەردەپۆشکردووە! هەزاران ساڵە هەرچی یاسا و باوەڕ و فەلسەفە هەبوون ویستوویان ئادەمیزاد بکەنە بوونەوەرێکی باش لە رێی گۆشکردنی بە هەندێك لایەنی رۆحی (ئایین)و هزری وەك فەلسەفە و ئەدەب و زانست. بەڵام مرۆڤ هەر خۆیەتی وەلێ بە پێستی جیاوازەوە.

مرۆڤی شارستانی واتە رامکراو و دەستەمۆ بەهەندێك پێوەری شار هەرگیز نەیتوانیوە سروشتە سەرەتاییەکان چارەبکات. بۆیە مرۆڤی شار پۆشینی ماسك دەکاتە بەڵگە لەسەر لاوازی گۆڕانی نەك بنەبڕکردنی سروشتی راستەقینەی خۆی! کەواتە لەشاردا هونەری خۆشاردنەوە و لەیەك شاردنەوە هەیە. گەرچی شار ئازادە و مەڵبەندی ئازادی بیروباوەڕی نوێیە، بەڵام مرۆڤی هێندە ئازاد نییە کە بوێرێ دیوی راستەقینەی خۆی نیشاندات. ئیدی

راستگۆیی و نیشاندانی لاوازی خۆت لەوێدا جۆرێکە لە ساویلکەیی و گێلی. مرۆڤی ساویلکە و سادەش ژیانی تاریکە لە شاردا، چونکە هەر زوو لەگەمەکە دەکەوێتە دەرەوە و دەستی دەبینرێت.

هەر بۆیە ئاساییشە کە مرۆڤی شار رقی لەخۆی و هاوشارییەکانی بێتەوە یا لە هاوشارییەکان هەڵبێت و خۆی بدزێتەوە بە دەمامك و درۆ. لەبەرئەوەی کۆمەڵێك پێوەر هەن کە شارییەکان پیادەی دەکەن لە هەڵسوکەوتدا کە زۆربەی کات بوار بۆ جیاوازی ناهێڵێتەوە. یەکێك لەو دەقە کاریگەرانەی کە باس لە قێزهاتنەوە لە کولتوور و بەندوباوی گشتی دەکات نۆڤلێتی میسۆنترۆپی (Le Misanthrope) مولێری فەرەنسییە (١٦٦٦). گەرچی ئەو باس لە کۆمەڵگای ئەریستۆکراسی چەرخی هەڤدە دەکات، وەلێ قێزهاتنەوەیە لە چارەنووسێ کە دەبێت مرۆڤ لەگەڵ شارییەکاندا هەڵبکات.

ئیدی شاری دەمامك دەپۆشێت بۆئەوەی لەگەڵ هاوشارییەکاندا بتوانێت بژی بەبێ سڵکردنەوە لەخۆیی و لاوازییەکانی. بۆیە ژیاریی جۆرێکە لە دەمامك کە هیچ هەناسەیەك بۆ یاخی بوون و لادان لە پێوەرەکانی نییە تاوەکو مرۆڤ بەسروشتی خۆی هەڵسوکەوت بکات! تەنها لە ڕێی ڕوخسار پۆشینی دەمامکەکانەوە نەبێت.

## شاری کوردی و ئەزموونی شارێتی:

لەوانەیە زیادەرەوی بێت کە بڵێین شارێکی نموونەیی و مێژوومان نیە. کوردی وەك نموونەیەکی مێژوویی نەبوبێت، بەڵام بەدەگمەن نەبێت ئێمە هێچ زانیارییەکی وەهامان لەبەردەمدا نییە کە شارێکی کوردی بە واتای شار و مەڵبەندی شارستانی و کولتووری کوردی هەبووبێت. گەرچی هەندێك دڵسۆز و لێکۆڵەر هەوڵیان داوە چەند شارێك بسەلمێنن، بەڵام هێشتا ئەو زانیارییانەش تینوێتی ئێمە ناشکێنن تا بۆمان دەربخەن کە شارێکی دێرینی کوردی بە هەموو واتایەك هەبووبێت. هاوکات ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە شوێنەواری دێرین و ڕەسەنمان نییە، بەڵکو کوردستان بە تانوپۆیدا پڕە لە ئاسەواری دێرین هەر لە قەڵاوقشڵە و قەیسەری و حەمام و تاق و کۆشك و تەلارەوە بگرە تاگۆڕستان و چی و چی. سەرەڕای ئەمەش ئێمە دەتوانین قۆناغی ئەمڕۆی زۆربەی شارە گەورە کوردییەکان بەقۆناغی بەرە و شاربوون دابنێین و هەندێك شار گەر هەموو خسڵەتەکانی شاری تێدا نەبووبێت، ئەوا هەڵگری هەندێك لایەنی گرنگە کە بیکات بە شار. بۆ نموونە شارێکی وەك «سلێمانی» کە



شاری میرنشینییەتی کوردی بووە، لە سەرەتاوە دەکرا ببوایە بە شارەدەوڵەتێکی تەواو گەر تەمەنی میرنشینەکە درێژتر بوایە و دوچاری جەنگ و ململانێی ناوخۆیی نەبوایە.

سەرباری ئەمەش سلێمانی لە مێژووی دووسەد ساڵەی خۆیدا وەك شارێکی نموونەیی لەسەر بنەما و بیرۆکەی شارێك دامەزراوە کەببێتە مەڵبەند و سەنتەر بۆ ناوچەکانی تری میرنشینەکە. هەر بۆیە زۆرترین شاعیر و نووسەر و رووناکبیر و زانا و پیاوماقوڵ و خێزانی خانەدار و ناودار روویان تێکردووە. لە لایەکی دیکەوە گۆڕان و پێشکەوتن یەکێکە لەو پایانەی شاری لەسەردامەزراوە و ئاکامی ئەم گۆڕانە بەردەوامە تا ئەم ساتەوەختەو هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی هەندێك رەهەندی رەسەن لە بوونیادی شار. گەرچی سلێمانی لەچاو هەندێك شاری دێرینی کورد نوێیە و خاوەنی بینا و تەلاری وەها نییە، بەڵام بۆ خۆی شێوازێکی تەلارسازیی هەبووە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاردا کە بەرەو لەناو چوون دەچن. هاوکات شارەکە کەوتۆتە بەر شاڵاوی کۆچکردنی ناوخۆیی لە ناوچەکانیترەوە و زۆرێك روویان کردۆتە شارەکە و دیمۆگرافیی شار بە تەواوەتی گۆڕا و لە زیاد بووندایە. پاشان لەئەنجامی زیادبوون و گەورە بوون ستروکتور و بوونیادی شار گۆڕاوە هەندێك سیمای شارستانی بەڕای من لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و ژیانی رۆژانەدا نەماوە. باشترین نموونە لێرەدا بۆ ئەم راستییە ئەزموونی سەردانەوەی هاوشارییەکە لە هەندەرانەوە بۆ شار و زێدی کە بەرەوڕووی نامۆیی و نەناسینەوە دەبێت، دەبینێت هەموو شتێك گۆڕاوە هەر لە دیمەنی شەقام و بینا و گەڕەکەکانەوە تا سیمای خەڵکەکان.

ئیتر شار تەنها لە بیرەوەرییە کولاوەکاندا هەیە و ئەوەی دەیبینێت تەواو شوێنێکی ترە. لێرەوە شار پێشوازی و بەخێرهاتنی تۆ ناکات وەك رۆڵەی خۆی، بەڵکو وەك هەزاران نەناس و نامۆ داڵدەت دەدات. ئەمەش وا دەکات تۆ نامۆ و تەنیا بیت لەزێدی خۆتدا! کە واتە شار ناشوێنە، چونکە جێگەی بێ شوێنەکانە، شوێنی ئەوانەیە بەرێکەوت هاتوونەتە ئێرە. ئیدی چۆن مرۆڤ لە شارێکی دا جەنجاڵ و لێوانلێو لە چیرۆکی سەیر هەستی نامۆیی نەیکرۆژێت؟ هەست بە بچووکی و بێکەسی و دووری نەکات، چۆن ئاشنا بێت بەوانەی کە ئاشنا نین بە شار و مێژووەکەی؟

کەواتە ئەو شارە چیتر ماڵێکی پەرژینکراو و گەرم نییە بۆ خودی ئەندام و رۆڵەکانی. ئەمڕۆ شار نامۆیە بە خۆی و بە بەها و جوانی و ئیدیاڵەکانی! هەر ئەمەش هەستی ساردی و نائینتیمابوون بۆ شار دروستدەکات. واتە تۆ بەرەوڕووی شارێك دەبیتەوە کە بێ رۆح و گیانە،

دووره لەیەك سەرباری هۆکارەکانی گەیاندن و ڕێکخستن. شارێك کە لە چەندین دورگەی لێکدابڕاو و پەرتکراو دەچێت. ئەمەش دۆخێکی ترسناکە کە ناسنامەی شار بکەوێتە بەر شاڵاوی گۆڕانێکی بێ سەروبەر کە بەرەو وێڵبوون و نادیاری دەچێت و دوور کەوتۆتەوە لەو بیرۆکەیەی کە شار لەسەری دامەزراوە.

ئیدی تۆ لەبەردەم بۆچوونێکدا بیت لەسەر شارێ بەتایبەت شاری سلێمانی، بەڵام واقیعی شاری سلێمانی ئەمڕۆکە تەواو جیاوازە لە بیرۆکەی شارەکە خۆی. ئەمەش وا دەکات کە شاری سلێمانی ئەفسانەیەك بووبێت و ئێستا ببێتە واقیعێکی دزێو!

لە کۆتاییدا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم گۆڕانانە تەنها لایەنی دەروونی و ڕۆحی و ماددی ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەهەندە کولتووری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکەی بە ئاقارێکی تردا دەچێت. وەلێ ئاکامی تایبەتیشی هەیە بۆ فەلسەفە، گەرچی فەلسەفە لەڕووی مێژووییەوە گرێ بەند و هاولفی شار بووە. باشتر بڵێین، فەلسەفە کوڕی شارە! فەلسەفە تەنها لەنێو ئەقڵی شاردا توانیویەتی جێی خۆی بکاتەوە و ببێتە ڕابەری بیرکردنەوە و تێڕوانین. ئەگەری ئەوەی کە فەلسەفە لە شارەوە دەرنرابێت، ئەگەرێکی دوور نییە، ئەگەر فەلسەفە نەبێتە جەستەیەکی سڕ و نامۆ و بێکار.

دیارە فەیلەسووفەکان هەندێك جار ناهەقیان نەبووە لەبێزاندنی شار و نەفرەت کردن و سڵەمینەوە لە شار. چونکە شار شوێنی نوێ و ونبوون و نامۆبوونی مرۆڤە. جێگەی سەرقاڵی و سەرنەپەرژانە سەر پرسیار و توێژینە و سۆراغکردنی ڕاستی. هەر بۆیە مرۆڤی شار، کەسێکە کە توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ دەوروبەر و ڕووداوەکان و شێوەی ژیاندا. فەلسەفە ناتوانێت هەڵبکات لەگەڵ ژیانێکی وەهادا مەگەر خۆی دەستەمۆ بکات و ببێتە فەلسەفەی ڕۆژانە بۆ زۆرترین خەڵك. لێرەشەوە شار دەبێتە تاراوگەی فەلسەفە و ئیتر ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت فەلسەفە بگەڕێتەوە بۆ باوەشی سروشت!



**ژێدەر و سەرچاوەکان:**

1. P. Ricoeur, pp.117-120
2. P. Mannet. P.20
3. P. Ricoeur ،p. 121
4. J. Nancy ،p. 31
5. Nancy،p. 61
6. Nancy ،p. 45
7. Nancy ،p. 45
8. Nancy ،p. 75
9. Nancy ،p. 59
10. Nancy ،p. 64
11. Nancy ،p. 61 ،65
12. Nancy ،p. 69
13. Nancy ،p. 70
14. Nancy ،p. 74


1- M. Blanchot " De onuitsprekelijke gemeenschap" Ver. J. Buntinx ، A. Classens en A. Vincenot. Holderling. 1985

2- Jean-Luc Nancy "De Indringer" Ver. Joost de Loois. Boom/2000

3. P. Ricoeur "Politiek en Geloof". Ver. Ad Peperzak. Ambo ،1968

# تەوەری دوازدەیەم

# تراجیدیای مەرگەساتی ئەنفال و هەڵەبجە

## ١-١٢- فەلسەفە و تراجیدیا:

### سەرەتا:

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەی ئەم کۆستە گەورەیە تارادەیەك باسکردنیشە لەئایدۆلۆجیای کوشت و کوشتاری مرۆڤ و واتاکان، پاشان تێکشکاندنی مرۆڤبوونە. دیارە من لێرە باسم لەم لایەنە نییە، چونکە ئەوساکە دەبێت بگەرێینەوە بۆ شیکردنەوەی رژێمی سەرنگونکراو هەڵدانەوەی پەڕەی خوێناوی تەکنۆلۆجیای کوشتن.

هەڵەبجە و ئەنفال (بێجیاکردنەوە) زۆر لاوێنراونەتەوە و بەچەندین شێوەش گوزارشیان لێوەکراوە کەزیاتر لەرێگای دۆکومیونێتەکردنی رووداوەکان و قوربانییەکان (چونکە تائیستاش کارەساتەکە گەرم و برینەکانی کراوەیە)، یاخود لە شێوەیەکی دروشمئامێز کەتەنها چەوساندنەوەو ژێردەستەیی نیشان دەدات لە گوتاری سیاسی و رۆشنبیری و وێژەیی دا. بەڵام ئایا تاچەند لێتوێژینەوەکی فەلسەفی لەسەر رەهەندەکانی رووداوەکان دامەزرێنراون؟ ئایا گەر باس لەم تراجیدیایە بکەین لە کوێوە و لەچییەوە دەستپێبکەین؟ تاچەند لە تواناماندایە بیکەینە هەوێنی دارشتنی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی؟

گەر ئێمە پرسیار نەکەین لەواتا و رەهەندەکانی ئەم کارەساتە، ئەوانەی قوربانی جەستەییمان داوە، بەڵکو قوربانییەکی رۆشنبیری و فەلسەفی و زانستیمانداوە دەرهەق بەگەورەیی کارەساتێك کەناکرێت (ناشتوانین) بەسەریدا تێپەرین، راستە کارەساتەکە گیانی هەزارانی ریشەکێشکرد، بەڵام هەزاران پرسیاری بەجێهێشت. هەربۆیە پرسیار نەکردن، لێنەکۆڵینەوە لەهەموو رەهەندەکانی قوربانیدانێکی ترە بەکێشەکە و بەئایندە. هەروەها لەدەستدانی هەوڵێکی پێویستە بۆ بەرهەم هێنانی هەزاران پرسیار و ئەندێشەی فەلسەفی. ئێمە چۆن بتوانین دوای ئەنفال و هەڵەبجە گوتاری بوونمان (مرۆڤبوونمان) لە گوتارێکی رەشبین و پرسە ئامێز و تراجیییەوە بگوازیینەوە بۆ دامەزراندنی هۆشیاری نەتەوەیی. لە فرمێسکەوە



بگوێزینەوە بۆ خەندەیەکی ژیانبەخش بەنەوەکانی دوارۆژ؟ لە کسپەی کۆستەوە بۆ ئەقڵی بیرکردنەوە و چەند پرسیارێکی تر کەلەبارتەقای یەکدوو نووسیندا نییە.

دیارە ناونیشانی نووسینەکە بەپرسیار دەسپێدەکات کەئەویش زیاتر پرسیارێکی فەلسەفییە لەخوێدا کەچۆن لەرووداوێك، لە مەرگەساتێك تێگەین. کاتێك دەپرسین چۆن لەتراجیدیا تێبگەین، تێگەیشتن دەبێتە ئامرازێك، رێگایەك بۆ توێژینەوەو نزیك بوونەوە لەهەقیقەتی بابەتێك، رووداوێك. گەر لەگۆشە نیگای هێرمێنۆنتیکاوە بۆ رووداوەکە، دیاردەکە بروانین ، دەبێت خۆمان پابەندبکەین بە کۆنتێکستی رووداوەکە (شوێن، کات و ئەوانەی پێی هەڵساون و تێیدا تیاچوون) و پاشان روودانی دیاردەکە ، لەرێی دۆزینەوەی واتاکانی و بەمەبەست و ئاکامەکانی ئەو پەیوەندییە هاوبەشە نێوان دیاردە و کۆنتێکستی رووداوەکە. دیارە ئەمەش نەك خوێندنەوی دۆکۆمێنیتەکان و ئەو تێکسانەی لەسەری نووسراون (دەزانین تائیستاش تراجیدیایەك لەسەر ئەم رووداوە نەنووسراوە). ئاشکرایە دۆکۆمینتی زۆر هەن کەلەبەر دەستدانین و زیاتریش ئەمە شایەنی ئەوانەن کەدەیانەوێت لێکۆڵینەوەی سیاسی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و دەوروبەرناسی بکەن.

لەبەرئەمە من هەڵناسم بەخوێندنەوەی تێکست و دەقە رۆژنامەیی و وێژەییەکان، هەروەها بەدوی ئامار و دۆکۆمینتەکانیشدا ناچم. لەمرووەشەوە نووسینەکەی من لەوانەیە زۆر جیاواز نەبێت لەو نووسینانەی کەلەم بارەوە نووسراون بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنو وروژاندی پرسیارە کە دەمەوێت لەسەرەتادا لەرێگای سەرەتایەکی مێژووییەوە بگەرێینەوە تراجیدیای یۆنانی و سەرهەڵدانی فەلسەفە، پاشان چارەنووسی فەلسەفە و هونەروێرە دوای هەزاران ساڵ لەفەلسەفەی یۆنانەوە تارووادنی هۆلۆگۆست. لەدواییدا دەگوێزمەوە بۆ تراجیدیای ئەمرۆمان، ئەویش ئامادە نەبوونی پرسیارکەرە، لەبەرهەمهێنەری واتا و نووسین، لەلایەکی ترەوە تراجیدیای سیاسەتی کوردی پاش ئەم کارەساتە.

### ١- دەروازەیەکی مێژوویی:

لێرەدا دەمەوێت راهێلێك بەرەو قوڵایی مێژوو درێژبکەمەوە، تاکو بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەسینای سەردەمی پلاتۆ بەرجەستە بکەین و بۆ ئەوەی کەم تازۆر لەگەڵ بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان بەراوردی بکەین. مەبەست لەم بەراوردکردنە ئەوەنییە لێکچوون لە نێوان ئەسینا و ئەمرۆی خۆماندا بکەین، بەڵکو هەندێك رەهەند هەن کەدەکرێت هاوشێوە

بن بەهەموو جیاوازییەکەوە. بارودۆخی ئەوسای دیموکراسی ئەسینا پڕبوو لەکێشمەکێشی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و جەنگی نێوان شارەکان و بەهاکان و خوداکان کەهەموویان دەسەڵاتی دیموکراسییان تەواو لاواز کردبوو [١].

دیارە جەنگ تەنها لەگەڵ شاری ئەسپارتا نەبوو، بەڵکو جەنگێکی ناوخۆیی و کولتووری هاتنی سۆفیستەکان و مشتومڕی فەلسەفی کە هۆکارێك بۆ لێکترازانی شیرازەی ئەسینا و، پاشان فەرمانی کوشتنی سۆکرات بەبریارێکی دیموکراسی کەهەموویان هۆکاربوون بۆ لاوێکی وەك پلاتۆ بۆ دارشتنەوەی فەلسەفەیەکی سیاسی کەبتوانێت دەسەڵاتی ناکۆکی ناوخۆیی لەدووبەرەکی ژیانی سیاسی رزگار بکات. دیارە پاشا گەردانی و هاتنی مقومقوی سۆفیستەکان لەسەر حیسابی فەلسەفەبوو. و سەرهەڵدانی زۆرترین راوبۆچوونی بێبناغە بوونە هەوێنی شاکارەکەی کۆمار (Politeia) بۆچارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی ئایدیالیستییانە. دیارە دیموکراسی بۆپلاتۆ (بەواتای ئەوسەردەمە) تەنها قووڵکردنەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی و خستنی ئامڕازی دەوڵەت لەرێگەی زۆرینەیەك خوازیارن بەویست و ئارەزوویان جۆرە سیاسەتێك پیادەبکرێ، کەدوور لەماریفە و فەلسەفە. دەوڵەت بەڕێوەبردن کاری فەرمانڕەوایە، فەرمانڕەواش دەبێت فەیلەسووف بێت، ئەوچینە زانستی و خوێندەوارە بێت کەئاگاداری شتەکانە و بریاریان لەسەر دەدات . نەك ویست و رای زۆرینەی جەماوەر و دانیشتوانی ئەسینا. فەرمانڕەوایی و کارگێری سیاسی، شارەزایی و پسپۆڕی دەخوازێ. ئەمەش لەزۆرینەدا نییە. دیارە نەخۆشکەوتنی دیمکراسی ئەسینا واتایەکی تراجیدیدی هەبوو لای پلاتۆ، بەتایبەتی پاش مردنی سۆکرات.

لەهەمان کاتدا جەنگ و ململانێ و ژیانی دووری پەرتەوازەی جێگەیەکی گەورەیان هەبوو لە سەرهەڵدانی دراما و تراجیدیا و کۆمیدیا و شانۆنامە و چەندین هونەری جیاواز و داستانی وەك هۆمیرۆس و ئودێسە و ئەفسانە . پلاتۆش وەك هاوسەردەمانی خۆی ویستی تراجیدیایەك بنووسێ، بەلاَم دواجار نووسینەکە دەسووتێنێ و دەست دەداتە دارشتنی فەلسەفەیەکی سیاسی لەدیالۆگەکانیدا. لێرەوە پلاتۆ جیاوازییەکی گەورە و لەنێوان را و ماریفەدا،پەخشان و لێکۆڵینەوە، دیالۆك و تراجیدیا و کۆمێدیاو هونەر. ئەوەی من لەم گێڕانەوەیەدا دەمەوێت جەختی لەسەربکەم ئەوەیە کەسەرنجی کۆنتێکستی مێژووی سەرهەڵدانی فەلسەفەیەکی سیاسییە کە لەتراجیدیایەوە سەرهەڵدەدات و بوونێکی سیستماتیکی بۆبیرکردنەوە رەگ دادەکوتێت. دیارە ئەمەش خاڵی بەراوردکردنی منە لەگەڵ تراجیدیای ئەنفال و هەڵەبجە و



رەنگدانەوەی لەهونەر و نووسین و بیرکردنەوەدا، بەلاَم تاچەند ئەم رووداوە دەبێت بەسەرهەڵدانی فەلسەفەی هۆشیاری و سیاسی و تاکەکەسی؟

### ٢- چارەنووسی فەلسەفە دوانی تراجیدیا

دیارە تێگەیشتن لەتراجیدیای هەڵەبجە و ئەنفال تێگەیشتنە لەمەرگ، لەکۆتایی بوون، لەداڕووخانی بەهاو رەوشتە مرۆییەکان. تێرامانە لەقڕکردن و ئەو ئارەزوویەی لەپشتیەوە کاردەکات. تراجیدیای مەرگەسات و رووداوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە هێنانی ترسێکی گەورەیە لەمانەوە و، دارشتنی مەرگێکی سەپێنراوە کەهیچ دەرفەتێك بۆ دەربازبوون ناهێڵێتەوە. لەبەرئەوە ئەوکارە کۆمەڵکوژییە تەنها ترساندن و تۆقاندنی نییە، بەڵکو نەهێشتن و سرینەوە ئاوەزێکە کەبیر لەمانەوە، لەخود، لەداهاتووی بکاتەوە. لێرەوە ئازادی، سەربەخۆیی مرۆڤ دەخورێت لەماشێنی کوشتوکوشتاریدا لەپێناو دەسەلاَت و مانەوەی هێزێك کەهەموو جیابوون و سەربەخۆبوونێك لەدەرەوەی خۆی تەریك دەکات.

لەهەمان کاتدا بوونی ئەویتر وەك هەرەشە و ترس دەبینێت لەسەر پاوانەکانی دەسەلاَت. هەربۆیە مەرگی کەسێکی ژێردەستە واتا دەبەخشێتە مانەوەوی کەسێکی سەرکەوتوو بەدەسەلاَتێکی گشتگیر. لێرەوە وروژاندنی باسگەلێك و پرسیارگەلێك دەربارەی کۆمەڵکوژی کورد، پرسیارێکە بۆخۆی لەبوونێتی مرۆڤ و لەواتای ژیان و مافی مانەوە. پرسیارێکە لەسەربەخۆیی و مافی چارەنووس. لێرەوە ئەم مەرگەساتە پرسیارێك زەق دەکاتەوە بەرەورووی ئەقلی کوردیدا کە دەربازبوون ئەستەمە لێی، کە مرۆڤبوونی کورد تێدەگەیەنێ لەمیانەی پەیوەندی و هاوسێیەتی لەتەك مرۆڤگەلانی تردا ؟

هەروەك سەرەتادا ئاماژەم پێدا، بۆئەوەی پایە و داهاتووی فەلسەفە و وێژە و هونەر دوای هۆلۆکۆست تێبگەین، دەبێ بگەرێینەوە بۆئاشڤێز و جەنگی خوێناویی دووهەمی جیهانی، تاوەکو بزانین ئەم رووداوە چ کارێکی لەهونەر و وێژە و فەلسەفە کرد. ئاشکرایە دوای تەواوبوونی جەنگ بێهیوایی و بێمانایی ژیان، باڵی شومی بەسەر ئەوروپادا کێشابوو. بەتەواوەتی نیهلیزمییەت لە کولتوور و ژیانی خەلکیدا دەبینرا. دیارە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دیاردەی نیهلیزم دەگەرێتەوە بۆنیوەی سەدەی نۆزدە کەتیایدا نیهلیزم وەك دیاردەیەکی کولتووری (لەهونەر و نووسینو وێژەدا) خۆی بەرجەستە دەکات و پاشان دەبێتە بەشێك لەکولتوور[٢].

نیهلیزم وەك جۆرێك لەجیهانبینی، دیدێکی تەماوی و گوماناوییە کەپرسیار، لەبوون و مرۆڤ و چارەنووسی و بوونی راستبتی دەکات. کەئیتر لەم قۆناغە نیهالیزمەدا نەقلّ و کولتوور و دەگەنە گومانی تەواو سەبارەت بەبەها کولتووری و میتافیزییەکان. ئەوەی بەناوی راستەقینێتییەوە دەبینران لەپلەی پیرۆزی و راستییان کەم دەبنەوە، وەچیتر واتای ژیان و مرۆڤ ناتوانێت دەستنیشان بکەن. وەك چۆن ئەقلّ و بیرکردنەوە لەرۆشنگەریدا جێی بەچەمکی خودا و ئایین و تێکست چۆڵدەکەن ئاوەهاش ئەقلّ و ئاوەز دەکەونەبەر ئەشتەری گومان و لێپرسینەوە و کێشەی بوون دەهێننە بەردەمان. کاتێك مرۆڤ ترسی ژیان و مەرگ دەکەوێتە کەللەوە مانەوەیش دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی جەنگ و کوشتن و هەژاری. ئیتر هیچ واتایەك نییە کەمرۆڤ بۆی بژی کە بوونە. لێرەوە بوون و ژیان دەبنە کێشەیەکی فەلسەفی و مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێدەربازبکات. دیارە کێشەی بوون و پرسیارەکانی دەتوانرێت بگەرێتەوە بۆ گیرگەکارد، نیشتنە، هایدەگەر و سارتەر لەفەلسەفەدا.

پاشان لە وێژە و رۆمان و چیرۆك نووسیندا دەتوانێت بەتایبەت لەلای نووسەرە رووسەکان (دسیتۆڤێسکی و تۆلستوی پوشکین و چەنداتی تر) گەڕانەوەیەکی خێرای پرسیاری سەرەکی مرۆڤ کەلە سۆکراتەوە بە واژەیەك دەستپێدەکات "خۆت بناسە" و پاشان ئەم ناسینە لەڕێی ئاوەزەوە بەرجەستە دەبێت و پلە وپایەی مرۆڤ لەبوون دا لەچاو بوونەوەرەکانی تردا دیاری دەکات.کەواتاپاش تراجیدیای جەنگ کێشەی بوون و مرۆڤ و موراڵ و بەهاکان جارێکی تر دەبێت لێیان بکۆڵدرێتەوە. چونکە ئەم کارەساتە بێنرخکردن و بێواتاکردنی هەموو هیواکە بە مرۆڤ و دەستکەوتە ئەقلّی و زانستییەکانی، هەربۆیە باسکردنی تراجیدیا و مەرگەسات نەك تەنها دواندنێکی فەلسەفییە بەڵکو ئاخاوتنیشە لەفەلسەفە و پلەوپایەی. دیارە ئەمە گەورەترین و ترسناکترین پرسیارە کەیەخەی فەیلەسووفێکی وەك ئەدۆرنۆ و چەندانی تر دەگرێتەوە، کەداخۆ ئاشڤیتز و هۆلۆکۆست بۆ؟ ئایا چیتر فەلسەفە، میتافیزیکا و هونەر و وێژە ئەگەری مانەوە و واتا بەخشینیان ماوە؟ ئایا پاش ئەم کۆمەڵکوژییە پەخشان، شانۆ، هونەر و شیعر و میتافیزیکا چ واتا و سوودێکیان هەیە؟ ئایا ئەمە کۆتایی مرۆڤ نییە کەبەم شێوەیە ئەقلی کاردەکات؟ ئەدۆرنۆ لەم میانەوە دەیەوێت رەخنەیەکی ریشەیی لە میتافیزیکا بگرێت.

دیارە ئەم رەخنەیەش لەسەر ئەزموونی تاڵی شۆوا (Shoa) و مەرگەساتی ئاشڤیتز بنیات دەنێت. بەلای ئەدۆرنۆوە میتافیزیکای کلاسیك، میتافیزیکای مەرگ و مراندنە



(Todemetaphisik). بیرکردنەوەیەکی تیۆرییە کەتەنها پراکتیزەکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵ دەگرێتەوە. کەدواجار ئەم پراکتیکە لەهۆڵۆکۆستدا خۆی دەبینێتەوە و بەتەواوەتی خۆی بەرجەستە دەکات. کاتێك میتافیزیکا بیرکردنەوەیەکە کە تەریککردن و پەڕاوێزکردنی ئەویتر دەکاتە بناغەی ناسنامە. ئەویتر، ئەوی جیا لەپرۆسەیەکدا دێتە کایەوە لەدەرەوەی خودێك کەهیچ مەوداو بوار بۆ جیابوون، جیاوازی ناهێڵێتەوە و بێئەوەی ئەم شێوە میتافیزیکە پرسیار و رەخنە لەخۆی بگرێت[٣].

هەروەك چۆن میتافیزیکا بەو ئاکامە تاریکە و مرۆڤکوژییەی ئەویتر دەگات و دواجار دەگاتە رادەی بێواتایی، ئاوەهاش پەخشان و شیعر و هونەر بێمانا دەمێنێنەوە، چونکە چیتر وێژە و هونەر ناتوانن باس لە قوڵایی و ترسناکی ئەوکارەساتە سامناکە بکەن کەلەکاتێکدا ئەقل پەشۆکاوە، زمان کول دەبێت دەرهەقی. چونکە ئەقلێك کەتەنها پابەندە بە خودێك کەلەسەر وێکچوون ناسنامە و رێکەوتن و بەندبێت و هەرجیاوازییەك بەدژە ئەقل و بیرکردنەوە بژمێردرێت، ئەوا جگە لە ناوبردن و وێرانکردنی هەموو ئەوێکیتر و جودا لەخۆی نەبێت روونادات.

لێرەوە جارێکی تر دەگەرێمەوە بۆ پلاتۆ کەکاتێك دەستنووسەکەی لەسەر تراجیدیا لەناو دەبات و هەوڵدەدات بیرکردنەوە بخاتە فۆرمێکی تیۆری فەلسەفییەوە و لەهەموو جۆرە را و بۆچوونی سەرزارەکی جیابکاتەوە، بۆئەوەی بتوانێ ئەسینا رزگاربکات. ئەمە تارادەیەك هەماهەنگە لەگەڵ تێزی رەخنەیی ئەدۆرنۆ کەشیعر و پەخشان لەوئاستەدا نابێننەوە کەگوزارش لە رووداوەکان بکات و ئەو ئاوەزەش کەلەپشتیەوەتی شیبکاتەوە بتوانێ لەمەرگ و کوشتنی واتاکانی فەلسەفەبوون بگات و بەرجەستەیان بکات.

لەبەر ئەوەش ئەدۆرنۆ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پەخشان و شیعر و میتافیزیکا چیتر واتایان نییە و دوای ئەم رووداوە نرخیان نامێنێ گەر نەتوانن ئەم کارە بکەن، دیارە ناشتوانن. لەبەر ئەوەی رووداوەکە گرانە لەبەر ئەقلّ و بیرکردنەوە و لەوە دەردەچێت وێژە و هونەر بتوانن رەهەندەکانی لێکبدەنەوە و دەربخەن. دیارە ئەم هۆکارە (لەوانەیە لای پلاتۆش) ئەوەبێت کە هونەر ئیفلیج بێت لەگوزارشکردنی راستەقینە لەکارەساتەکە. هەربۆیە بەڕای من مەبەست لەم دەستنیشانکرانەی ئەدۆرنۆ بۆ پلە و پایەی وێژە و هونەر تەنها ئەگەرێك بێت، گەڕانێك بێت بەدوای پرۆژەیەکی ڕەخنەیی فەلسەفی کە سەرلەنوێ چاو بەخۆی و کۆمەڵ و مرۆڤ دا بخشێنێتەوە، رەخنە لەمۆدێرنە و رۆشنگەری دیوە تاریکەکەی کە وێرانخوازی و پێچەوانە

کاردەکات و ئەقلی کوشتار و داهێنانی ئامراز و ماشێنی مەرگ دەبێت بەهاوکاری زانست و تەکنۆلوجیایەکی پێشکەوتوو.

دیارە من نامەوێت ئەوە بڵێم کەهەموو پرۆژەیەکی ئەقڵی و زانستی بەکارەسات و کۆمەڵکوژی مرۆڤ کۆتاییدێت، بەڵام جینۆساید بەرهەم و زادەی شەقڵی مۆدێڕنە و ڕۆشنگەرییە. دیارە ئەدۆرنۆ لێرەوە ڕەوایەتی و پایەی میتافیزیکا دەخاتە ژێر پرسیارێکی مێژووییەوە کاتێك میتافیزیکا خەریکی دارشتنی بیرکردنەوەیەکە کە لەسەر یەکبوون ناسنامەتان نەك جیابوون بەندە و ئەوەی لەخۆی نییە (self-identik) تڕۆ بکات.

دیارە هەمان شت ڕاستە دەرهەق بەئەنفال و هەڵەبجە بووترێ، کەناشیاوە ئێمە تەنها بتوانین و بمانەوێت لەڕێگای دەقی شیعری و پارچە میوزیك و شانۆنامەوە واتا ترسناکەکانی بەرجەستە بکەین، یاخود گوتارێکی قوربانی ئامێز و شکستە خواز، کەسەری خۆمان دەربڕێت بەرهەم بهێنین. چونکە نەك لەبەرئەوەی هەڵەبجە و ئەنفال زۆرترین نووسین و کار و وتار هەڵدەگرێت (مەبەست چەندایەتی)، بەڵکو چۆنایەتی و چڕوپڕییەتی بەرهەمهێنانی پرسیار لەسەر مان و مرۆڤبوون، لەسەر چارەنووس. ئەمەش پابەندە بەهۆشیاری، بەبوونمان بەئازادی و سەربەخۆیی.

تراجیدیا تەنها دراما و شانۆ هتد نییە. بەڵکو باسکردنە لەفەلسەفەی بوون، مرۆڤیبوون، کەتۆ وەك مرۆڤگەلێك تاچەند لەدید و نیگای دەوروبەرەوە دەبینرێیت، دانت پێدانراوە و مافەکانت سەلمێنراوە. پاشان گەر بگەڕێینەوە بۆ تراجیدیای نووسراوی یۆنان کەباس لەجەنگ و بەها و مەرگ و تاراوگە و پرسیاری ژیان و سۆراخی مانەوەیە. بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە تراجیدیاکان جیاواز نین لە کۆمیدیاکانی یۆنان، چونکە کومیدیاکانیش (نەك بەهەمان شێوە) بەهەمان پرسیار و سۆراخ و باس لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی جینایەتی دەکەن لەبەرگێکی کۆمیك و نەستەقدا بەشێوەیەکی جوان. ڕاستە گاڵتەئامێزن بەڵام بێناوەڕۆك نین. دەشزانین کە داهێنانی هونەری نووسینی تراجیدیا و شانۆنامە لەودەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی کولتووری و ڕۆشنبیری، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای پلاتووە ئەمە بەس نییە بۆ دیموکراسی، بۆ دەسەڵات کارگێری و بەڕێوەبردن، کەگیرۆدە بووە بەزۆرینەی بیروڕای جیاواز و سەرزارەکییەوە کەدوورە لەفەلسەفە و زانستی تەواوەوە.

لێرەوە دەبێت ئەنفال و هەڵەبجە لەزمانێکی سادەی کۆست و پرسنامەیی و قوربانیتی بگوێزرێتەوە بۆ بنج و بناوانی فەلسەفی بوون، دارشتنی ناسنامەیەك کەمافی خۆی



لەتراجیدیای مەرگە و داناتاشێت، بەڵکو لە بوونێنی خۆی، لەمافەکانی خۆیەوە ڕەوایەتی و مانەوەو دەردەگرێت. چونکە داتاشینی ڕەوایەتی کێشەی کورد بەتەنها لەتراجیدیاوە، لەهەڕەشەی ژیانەوە جۆرە مەرگدۆستی یەك دەخاتە ویژدان و بیرکردنەوەمانەوە.

تراجیدیا کەتەنها هەڕەشەیەك نەبووە لەبوونمان لەساتەوەختی ڕوودانیدا، بەڵکو مەترسییە لەسەرمانەوەمان، لەسەرشوێن و جوگرافیای بیروو ژیانمان. لەهەمان کاتدا مەترسیشە لەسەر داهاتوومان کاتی خۆشمان نەزانین چیبکەین و لەسەر چ پرۆژەیەك بڕۆین. هەربۆیە ئەم کۆمەڵکوژییە پرسیارێکی سەختە لەسەر بچووککردنەوەی مرۆڤیتی و داواکانمان، لەبەهەندگرتنی خواست و مافەکانمان، مافی بوون، مافی ئازادبوون، مافی مانەوە و ژیان، بەواتایەکی تر شوێنبوونمان. چونکە بوون بەستراوەتەوە بەکات، بەمێژوو، بەداهاتوو و ئەمڕووە. شوێن تەنها جێگایەك نییە کەبوونمان بپارێزێت. بەڵکو پانتاییەکە بۆ بیرکردنەوە و بیرلێکردنەوە دوور لەتەلبەند و فۆزاخەی سەرپێزاو. کەدیارە داننان و سەلماندن لەخودی خۆمان، بەرامبەری یەکترییەوە دەستپێدەکات وپاشان هەڵبژاردنێکە بۆ شێوازی کوردبوون و ژیان .

لێرەوە واتا سیاسییەکان ئازادی و سەربەخۆیی مافی مرۆڤ سەرچاوە دەگرن. کەواتە سەربەخۆیی و ئازادی بوونێکی سەربەخۆ، شوێنێکی سەربەخۆ و ئازاد دەگەینێت لەناو خودی مرۆڤدا، لەسەر دەوروبەرێکی جوگرافی. مشورخواردنی ئەم ڕەهەندە گرنگانە تەنها بەدەربڕینی خەم و پەژارەنییە و ناشبێت لەو بەرگەدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بگوازرێتەوە بۆ ئەقڵییەتێکی دارشتن و بنیاتنان تیۆری لەجیاتی ئەقلییەتێکی بەرەنگاری و بەرهەڵستکار (کورتکراو) کەتوانای پلان و نەخشەی دوارۆژی پێیە. چونکە ئەقلییەتێك کەتەنها لەسەر ململانێ مانەوە کاردەکات، کوردبوونێتی دەخزێنێتە چێوەیەکی سەپێندراو لەدەرەوە، کە کورتکردنەوە و داخستن دەگرێتەوەو ئازادی هەڵسوران بیرکردنەوەی دەبەستێتەوە بەچەند مەترسییەکی ڕاستەوخۆوە.دیارە هۆشیاری (بەهەموو جۆرەکانیەوە) هۆشیاربوونەوەیە سەبارەت بەخود، بەرامبەر بەبوون، کەئەمەش بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی مانەوەدا.

دەگەڕێمەوە بۆ پرسیاری سەرەکی و ئەگەری مانەوەی بوونی ئێمەی مرۆڤ کە تاچەند لەلایەنی خۆمانە جەختی لەسەر کراوە لەکاتێك ئەم ئەگەرەمان مسۆگەر کرد، دەکرێ ئەگەری داهێنان و نووسین و لێکۆلینەوەش بەهەموو جۆرەکانیەوە مسۆگەر بکەین. کەواتە پرسیارمان لەوەنییە کەئێمە چەندان هۆنراوە و پەخشان بنووسین سەبارەت بەئەنفال و هەڵەبجە، بەڵکو لەوە

زیاتر و گەورەتر هەڵدەگرێن ئەم کارەساتە بەوەی بکرێتە کێشەیەکی فەلسەفی، تێزێکی زانستی کەباس لەکێشەی ئەقل و مرۆڤە. سەرەداوەکانی پەیوەندییە دژەکانی ئێمە و دەوروبەرمان دیاریدەکات، واتای بوونمان دەستنیشان دەکات. لەلایەکی ترەوە ئەم کۆمەڵکوژییە پلانی ئەقلییەتێکی وێرانکەر و لەناوبەر کەپێی هەڵساوە، ئەقلییەتێکی ئامرازی (کەدەبێتە ئامرازی لەناوبردن). دیارە بەرەنگار بوونەوەی ئەقڵییەت و بیرکردنەوەیەکی ئاوەها پێداویستیی بە ئاوەزێکی هۆشمەند و قوڵ هەیە کەبتوانێت رەهەندە ترسناك و کوشندەکانی ئەقڵی وێرانخوازی لە ئەنفال و هەڵەبجەدا دەربخات چونکە ئەو ڕووداوە بەرجەستەکردنی بیرۆکەی مەرگ و کۆتایهێنان، سنووردارکردنی ژیان و ئاواتی مانەوەیە، کەهەمووشتێك بەترس لەبەرامبەر دەستپێدەکات و بەمەرگی خودی مرۆڤ (ئەویتر) کۆتایی پێدێت.

ئەمەش کۆتایهێنانە بەهیوا و ئایدیای سەربەخۆی ئەقل و بیرکردنەوە دوور لەترس و بەرژەوەندییە کتوپڕەکان و، پاشان دەبنە چنینی تەونی تراجیدیایەکی دڵتەزێن لەلایەك. ولەلایەکی ترەوە تراجیدیا دەکرێت ببێتە زیندەچالاککردنەوەی کولتووری، پاشئەوەی کاری خۆی لەسەر هۆش و هەستی مردن دەکات. تائەمرۆش ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە شەرمەزارە بە لێکۆلینەوەی تراجیدیا و دانانی چێوەیەکی رەخنەیی بۆی. چونکە نەیتوانیوە کێشەی بوون و مەرگ بتوێژێتەوە لەم کارەساتەدا. هەربۆیە بەلای ستانلی کەڤێل (Stanley Cavell) فەیلەسووفی ئەمریکی، ئەم شەرمەزاری و بێدەسەڵاتی ئەپستبمولۆجیا بۆخۆی دەبێتە تراجیدیایەك کەتێدا فەلسەفە واتای خۆی وندەکات و ژیان لەدەستدەدات، بەوەی هەمیشە فەلسەفە ئاخاوتن دەبێت لەسەر بیرکردنەوە نەك ئاکارەکانی بیرکردنەوە.(٤)

### ٣- تراجیدیای ئەمڕۆمان و چی فێربووین لێی و توانای گۆڕانمان چەندە؟

وەك وتم باسکردنی مێژووی دوو دەهە لەمەوبەر ناچارمان دەکات باس لەمڕۆشمان بکەین، چونکە ئەوەی روویدا لەئەنفال و هەڵەبجەدا ساتەوەختێك نەبوو لەسالێکدا. بەڵکو دەکرێت رووبداتەوە (بەشێوەی جیاواز)و پاشان ئێمەش درێژکراوەی ئەو رووداوەین تاهەنوکە، تائێستاش گوتاری سیاسی رۆشنبیری لەحاڵەتی بەشۆکاو و شۆکی رووداوەکە قورتارنەبووە. کەدیارە من ئەمە بەبێدەنگییەك ناودەبەم، بێدەنگیش ئەوەنییە کەزۆر ناووترێت دەربارەی تراجیدیاکە، بەڵکو مەبەستم لەئامادەنەبوونی سیاسی و رۆشنبیری لەئاستی ویستراوی



تراجیدیاکەدا، کەبتوانێت مامەڵەیەکی تەواو بۆتێگەیشتن و پرسیارکردن لەسەری. دیارە جێگەی پرسیارە کە تادوای چارەکە سەدەیەك لەقڕکردنی بەرنامەرێژکراو، هێشتا دەرنەچووبین لە حەپەساوی لەپرسەیەکی درێژخایەن کە تەنها بێدەنگی و ماتی و خەمباری بدرەوشێنێتەوە و زمان گۆنەکات تەنها باسکردن لەقوربانیتی و لێقەوماوییەتیدا بخولێتەوە.

واتە نەك ئەم تراجیدیایە بکاتە وانەیەك بۆ ژیاندنەوە و کولانەوەی برینەکانمان، بەڵکو بۆ بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەقل و رۆشنبیری و شوێنە وێرانکراوەکان. واتە کۆمەڵکوژی لەمەرگی مرۆڤەوە بگوێزینەوە بۆ مرۆڤبوون. لەسڕینەوە و لەکوشتنی ژیانەوە بۆ کوشتنی دۆستی. ئیدی ئەوەی کەدەبێت لەم تراجیدیایە بگەین کۆتایی ئەقڵیەتی مەرگە نەك ژیان، کەئەمەیش بەکارێکی ئەقلی و ژیریانە دەبێت کەوێرانکردن و کوشتن بەدژەکاری بوون و مان دابنێت. بەواتایەکی تر کوشتنی مەرگدۆستی و قەدەغەکردنی مرۆڤ کوشتنە بەدەستی هەرکەسێك بێت.

بێگومان نائامادەیی ئەم بۆچوون و شیتەڵکردنە بۆ مەرگەساتی ئەنفال و هەڵەبجە داخێکە برینەکانی چەند ساڵی رابردووی شەڕی ناوخۆیی دەکۆڵێنێتەوە. کە تراجیدیایەکی هێندە گەورەرە نەیتوانی ترسی کوشتن لەبەرامبەر ترسی مانەوەدا سەربخات و جەنگ‌وکوشتار بەهۆکارێکی باش نەزانێت بۆ وەلاخستنی ململانێ و کێشە ناوخۆییەکان. لەلایەکی ترەوە ئەمەش پرسیار و بەرپرسیاریتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەخاتە بەردەم هەڵبژاردنێکی ترسناکەوە: کەئایا کو رێگاچارەی تر هەیە جگەلەکوشتن و جەنگی وێرانکەر و دووبارەکردنەوەی شەڕخوازی کە هاوکۆکە بەئەنفال و ئەقڵییەتی جینۆساید، کەتەنها پابەندە بە سڕینەوە و بنەبڕکردنی ئەویتر؟ ئەمە گەورەترین و گرنگترین وانەیە کەلە پرۆسەی ئەنفال دا فێربین، دیارە سڕینەوەی شوێنەواری ئەنفال و هەڵەبجە لەدروستکردن و پاراستنی مرۆڤی کوردە دەبێت لەناوەخۆ و لەدەرەوە نەك تەنها بەدروشم و خەون.

مرۆڤگەلی کورد لە سوبجێکتێکی پێکراوەوە. بۆ کردەیەکی چالاك و دیدێکی چارەنووسساز و دوارۆژبین. ئەزموونی ئەم چەند ساڵانە تارادەیەك ئازادی لەماڵی کورددا کە لەدروستبووندایە (دیارە ئازادی بەوپێناسە نەگێتیڤە نا کە ئازادی تەنها بەو رزگاربوون لەدەستی چەوسانەوە و داگیرکردن دەبینێت) بەهەموو کەموکوڕییەکانەوە هەڵگری ویست و ئەگەرێکی باش لەزۆرینەی تاکی کورددا بەرەو دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی سیڤیل دا. دیموکراسی پرۆسەیەکی رۆشنبیری و ئەقلانیی و هۆشیاری لەپشتیەوە. بەڵام دەبێت پرسیاریش

بکەن: ئایاسیستەمی دیموکراسی (دروشم بێت یان راستی) چیدەگەیەنێت، ئایا سیاسەتی کوردی تەنها هێندە دیموکراسی بێت کەمافی دەسەلاّت و زۆرینە بێت لەبەرامبەر دەسەلاّتی ناوەندی ئەمرۆ و رای جیهانیدا، بەلاّم لەناوەوە بەرامبەر مرۆڤی کورد و رێکخراوەکان و سیڤەلەکان نادیموکراسی و چەپێنەر بێت؟ ئایا دیموکراسی لەم بارەدا تەنها رۆڵی نەهێشتنی راو بۆچوونی جیاوازە؟ یەکبوونە نەك جیاوازی، دەسەلاّتێکی سەپێنەرە لەسەرەوە بۆخوارەوە نەك بەپێچەوانەوە؟ یاخود دیموکراسی ئەوسیستەمە کارامەیە کە بتوانێت جیاوازی و ململانێ سیاسی و کۆمەلاّیەتی و رێکخراوەیی بەشێوەیەکی ئاشتی و ئاقلاّنە بەلاوەنێت و، بتوانێت بەشێوەیەکی یاسایی و دەستووری ماف و ئازادییەکان سنووردار بکات.

پاشان بەشێوەیەکی ئاسایی و ئاشتییانە هەل بۆجێگۆرکێی دەسەلاّت بدات لەرێی هەلّبژاردنەوە، ئەمەش گەورەترین و باشترین خالە کە رژێمی دیموکراسی لەنا دیموکرات جیادەکاتەوە بەوەی کە کەسانی دەسەلاّتدار و کارگێرانی دەولّەت کاتێك گەندەلّن و کاری خۆیان باش ناکەن، بەئاسانی و بەشێوەیەکی یاسایی خانەشین دەکرێن و لادەبرێن وەك کارل پۆپەر ئاماژەی پێداوە. هەربۆیە رژێمی دیموکراسی رژێمێکی ناسك و زۆرجاریش دەکرێت دوچاری کێشەی یاسایی و ئابووریش بێت بەلاّم ئەمەش وادەکات دینامیکییەت و نەرمی و ئاشتی و لەدیموکراسییەتدا برەسێت. لێرەدا ناکرێت و نەشیاوە بۆسیاسەتی کوردی کە باس لە ئازادی و سەربەخۆیی دەسەلاّت و مافی جیابوون بکەن بەلاّم لەناوخۆدا بەرامبەر کۆمەلّگا و مرۆڤی کورددا وانەبن. کاتێت پارتەکان دیموکراسی و کۆمەلّگای سیڤیلّ، ئازادی بیروڕادەربرین و پرینسیبە گرنکەکانی مافی مرۆڤ تەنها بەڕووی دەرەوەدا بەرز دەکەنەوە.

ئەمەش ئەو وانە زێرینەیە کە لەئەنفال و هەلّەبجەوە وەردەگیرێت. کاتێك ئێمە بۆ ئازادی مرۆڤی کورد لەکۆت و داگیرکردن و لەناوبردن و پێشێل کردن و مافەکانی بەرەو رێزداری و گێرانەوەی مافەکانی کاردەکەین، لەژێردەسەلاّتێکی خۆمالّییدا جارێکیتر مافەکانی بکەونە ژێر مەترسی و هەرەشەوە. چونکە حەسانەوە و مافخواردن لەمرۆڤخستنە بەدەستی هەرکەسێك بێت. ئەمە ئەو حالّەتەیە کەدواجار خەبات و بەرەنگاری دەستپیدەکات. دیارە ئازادی ئوتوماتیکی ناچەسپێت، بەلّکو لانیکەم پێویستی بە زانیاری هەیە سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی وەك هاوولاّتییەك تەنها وەرگرتن و بانگەشە نییە و دانانی شێوەیەکی یاسایی، چۆارچیۆەیەکی فەلسەفی هاوشانی بێت.



لەبەرئەمانە پێم وانییە سیاسەتی کوردی هەروا بەئاسانی لەلێپرسینەوە و وتار بێت سەبارەت بەو دروشم و پرەنسیپانەی بانگەشەی بۆدەکات، چونکە هەلّگرتنی دروشم دەکرێت کارێکی ئاسان بێت. بەلام لە دەرئەنجامەکانی دەرباز ناکرێت. دلّنیام پارتەکان لەئاستیکی باشدا ئەم راستییە پێدەزانن، بەلام دەسەلاّتی رۆشنبیری و هۆشیاری لەو ئاستەدا نییە کەدەسەلاتی بەرێوەبردن بەگیر بهێنیت و دەزگا سیڤل و ریکخراوەکانیش ئۆتۆنۆمییەتی وەهایان نییە کەبتوانن لە ویستی دەسەلاّت دەربچن. لەوانەیە لەسەرئاستی لاف و دروشم پارتەکان کەموکوڕی ئەوتۆیان نەبێت، هەر لەبەرئەمەش ملی خۆیان دەدەنە بەر مقەستێك کە کاتێك ئەوەی بانگەشەی بۆدەکەن، لە واقیعدا پێشێلی دەکەن. دیارە پارتەکان مافی خۆیانە چ پرەنسیپ و دروشمێك هەلّدەگرن (لەشێوەیەکی دیموکراسی یاساییدا) بەلاّم ئازادنین لەپێشێلکردن و پشتگوێخستنی ئەرك و فەرمان و بەرپرسیاری گشتی.

خالێکی گرنگ کەدەمەوێت ئاماژەی پێبدەم ئەوەیەکە بەرەنجامی داگیرکردن و قڕکردن و داپلۆسین لەلایەن رژێمی سەرنگونکراوە و شکستی خواردن و شۆرش و بزاڤی کوردی لەقۆناغێکدا لە بەر بەدیهێنانی مافەکانی کورددا (دیارە زیاتر مەبەستەم راپەرینە) لەلایەك، لەلایەکی ترەوە جەنگی ناوخۆ کەورە و ئاواتی پاش راپەرین کەخەونێك بوو زۆر سست و بەرەونادیاری بردووین. ئەمەش هۆکارێکی گرنگە (داپلۆسین بزاڤی کوردی و جەنگی ناوخۆیی) بۆدروستبوونی نیهلیزمیەتێکی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی و، بەتایبەتی لای نەوەکانی ئەمرۆ دروست کرد.

دیارە من نیهلیزمییەتی سیاسی بەتەنها ناگەڕێنمەوە بۆدوای راپەرین، دەکرێت لەدوای هەرەسی گەورە لەحەفتاکانەوە چەکەرەی کردووە و بەتەواوەتی لەشەڕی ناوخۆدا و بەرجەستە دەبێت. ئاکامی کۆچڕەوێکی بێشومار، خۆکێشانەوە لە سیاسەت و باوەڕنەبوون و هەلّقۆزینەوە ئەمە لەلایەن کەسانێکی گەندەل کەسیاسەت بکەنە ئامرازیکی خۆژێنەر و خۆپیگەیاندن. تەناتەت لە هەندەرانیش قۆزینەوەی هەلەکان تەنها لەسەرئاستی سیاسی و بازنەکان نەبوو، بەلّکو هەموو روویەکی ژیانی رۆشنبیری و کۆمەلاّیەتیی گرتەوە. هەرلەتالاّن و ئاودیوکردنەوە تادیاردەی قاچاخچێتی هتد.

دیارە ئەمە بە نیهلیزمییەت ناودەبەم نەك تەنها لەبەرئەوەی مرۆڤ باوەڕی بەسیاسەت و خەبات و ئازادی نامێنێ، بەلّکو مرۆڤ دەگاتە دۆخێك کەدەشۆرێتەوە لەبەرپرسیاری و پرەنسیپەکان و هەموو شتێك بەباش و چاك دەزانێت گەر لە بەرژەوەندی خودی خۆیدابێت.

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دیاردەی نیهلزمی لەکولتووری کوردیدا دەبینرێت. لەوانەیە بەتەنها هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و لەپشتیەوەیە نەبن، بەڵکو هۆکاری دەروونی و پەروەردەییش رۆڵی بەرچاوبگێریت تێیدا. لەلایەکی ترەوە دەکرێت ئەم نیهلزمییەتە خۆی لەهونەر و وێژە و نووسیندا بەرجەستەبێت بەرەو بەرچاوتەنگی بەرەو رەشبینی، تەکینەوە لەهەمووشتێك بێت، یان بەپێچەوانەوە بەرەو رادیکال بوون و توندوتیژی بیرکردنەوە و سیاسی بروات و خەڵکانێك لەدەرئەنجامی چەوسانەوە و داپڵۆسین و سەرکوتکردن بەرەو دژەکۆمەل و بەرهەڵستکاری هەموو دەسەڵات و پرنسیپەکان ببنەوە و شوێن ئایدیای توندوتیژی بکەون. دەکرێت لەژێررۆشنایی ئەم دیاردەیەوە بتوانین تارادەیەك یەکێك لەهۆکارەکانی ئیسلامیزمی توندرەو توندوتیژی بدۆزینەوە، کەلە ئەنجام داپڵۆسین وێران کردنی ناوچە شار و گوند و وەدەرنراوان لەلایەن کەسانی توندوتیژەوە بقۆزێرینەوە و بکرێن بەسەربازی توندوتیژی.

دیارە نیهلیزمییەتێك لەسەرئاستی تاکەکەس دەکرێت ببێتە ماتۆڕێکی داهێنەر لەهونەر و نووسیندا. بەلاّم لەسەرئاستی کۆمەڵایەتی، کاتێك چینێك، نەوەیەك ئامادەباشی تێیدا دروست دەبێت لەئەنجامی ئەوەی دەسەڵات مافەکان و ژیانیان مسۆگەرناکات بەرەو کەنارگیری و بێباوەربوون، بەهای پێکەوەژیان لەدەستبدەن و توخنی سیاسەت ناکەون بەڵکو دژی سیاسەت دەوەستنەوە. نەوەیەك بێهیوابێت، بێئاسۆ و ناسنامە دەمێنێتەوە. نەوەك وندەبێت لەململانێی سیاسی و دەربەدەری و وێرانکاری و شەڕوشۆر کەلەلایان نەوەکانی پێشووە بەسەریدا سەپێنراوە، چیتر هیوا و جیهانبینییەك نامێنێتەوە بۆ دوارۆژ. جائیتر ئەم بێهیوایە ئاکامی دیکتاتۆری و رژێمی تۆنالیتاری بێت، یان هەرهێز و دەسەڵاتێکی ناوخۆ، ئاکامێکی زۆر ترسناکی لێدەبێتەوە. بەواتایەکیتر، ئەنفال و هەڵەبجەو رووداوەکانیتر تەنها تراجیدیایەك نەبوون دژبەکورد، بەڵکو هەوڵدانێکی سەرلێشیوێنەرانەش بوو بۆ لەمرۆڤخستن و سرینەوەی مرۆڤبوونێتی کورد.

**کۆتایی:**

لەم نووسینەدا هەوڵدرا رۆلی تراجیدیا لە پێکهێنانی فەلسەفەدا لەرێگەیەکی مێژوویی و هەروەها خوێندنەوەیەکی فەلسەفەئامێز بۆ تراجیدیای ئەنفال و هەڵەبجە وەك سەرەتایەکی گرنگ بۆ بەرهەم هێنانی پرسیارگەلێکی فەلسەفی چارەنووسساز لەمەڕ ئەمڕۆی سیاسی و ئایندەی کولتوورمان. هەر بۆیە لەم دەرفەتەدا دەمەوێ سەرنج بۆچەند خاڵێك رابکێشمەوە.



دیارە کۆتایی پرۆسەی لەناوبردن و لەمرۆڤخستنی لە ئەنفال و هەڵەبجەدا تەنها بەکۆتایی هاتنی رۆژی رووداوەکە ناگات. وابزانین پاش حەڤدەساڵ و رووخانی رژێمی تۆمەتبار هەموشتێك دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، بەڵکومەترسییەکە هەرلەوێدا ناوەستێتەوە کەرۆژێك لەڕۆژان ئێمە دوچاری ئەوکۆستە گەورەیە بووین، بەڵکو درێژبوونەوەی شوێنەوار و کاریگەری رووداوەکان لەهەناو هۆشی مرۆڤی کورددا ئامادەیە. نەوەیەك لەداهاتوودا و لەمرۆدا لەدایکدەبن کەبەشدارنەبوون لەدەمی رووداني کارەساتەکەدا، بەلاّم دەکەونە ژێرکارتێکردن و بەرپرسیارییەك کەبەویستی خۆیان نییە.

لەنێوان کارەساتەکە و ئێستاماندا نزیکەی دوودەهە، دوو جەنگ و راپەرین هەیە. کەنەوەیەك لەدایکبووە لەقۆناغی ئامادەباشدایە بۆهەمووشتێك، مافی هەیە لەدیاریکردن و دەستنیشانکردنی چارەنووسیدا. لەبەرامبەر ئەمەش نەوەیەك، تەمەنێك هەیە کەلەخەبات و شۆڕشدا ژیانی سواوە و دەکرێت بەزەرەرمەندترین نەوە دابنرێت کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداربووە لەخەباتی سیاسی و چەکداریدا و لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا جەنگاوە.

بەلاّم: دەشێت ئەم چینەش بۆخۆی لەمپەرێك بێت لەبەرامبەر دیموکراسی و چەسپاندنی سەقامگیری و ئاسوودەیدا، بەوەی کە نەتوانێت و دڵنیانەبێت و متمانەی نەبێت بەنەوەکانی دوای خۆی لەهەڵسوراندنی سیاسەت و جێگرتنەوەی خۆیدا. دیارە مەبەستم ئەوەنییە کەنەوەکانی پێش ئەمرۆمان دژبەئازادی و مافە مرۆڤایەتییەکەی بوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەکرێت لەئەنجامی ترس و لەدەستدانی دەسکەوت و رەنجیان باوەر نەهێنێ بەهەموو گۆڕان و بەسەرچووی دەمێکی چاوەروانەکرا و لەخەباتدا لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ترس لەبەرەوڕووکردنەوەی هەندێك بەرپرسیاری بەرامبەرهەندێك هەلەی ستراتیژی و سیاسی کەکراون. هەرلەبەرئەوە دەبێ دان بەماندووبوون و خەباتی نەوەیەکی خەباتگێردا بنرێت کەتەمەنێکیان بەسەربردووە. بەلاّم ئەمەش هەروا بەئاسانی تەواونابێت و نایەتەدی بەڵکو لەگەڵ خۆیدا ململانێ و ناکۆکی نێوان چین و نەوەی دوێنێ و ئەمرۆ دەهێنێت. دڵنیام لەم چەندساڵانەی دواییدا بەتەواوەتی خۆی زەقتردەکاتەوە لەسەر هەموو ئاستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و خوێندن هتد.

ئەمەش بۆخۆی جێگۆڕکێیەکی ئاساییە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا کەجەنگ و جینۆسایدی بەسەرابێت، بەتایبەت لەئەوروپا بەتایبەت لەئەڵمانیا پاش جەنگی جیهانی دووەم تائەمرۆ ئەم ململانێیە تەواو ئاشکرایە [٥]. بەلاّم گرنگ ئەوەیە ئەم ململانییە، ئەم جێگۆڕکی نەوەکان

بەشێوەیەکی ئاشتی و لە سنووری ڕەوادا بێت و نەبێتە هۆی پچرانی شیرازەی هاوژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مافخواردنی هەرنەوەیەك. دەبێت ئەمەش وەڵامێك بێت بۆئەوەی کەئێمە چی لەئەنفال و هەڵەبجە فێربووین.

دووبارە باسکردنی هەڵەبجە و ئەنفال مەلەکردنێکی ترسناکە لەفرمێسکاو و خوێناوی کۆستێکی بێئەندازەدا کە جوامێرترین کەس لەپەژارەیی و خەمیدا هۆش و بیری خۆی لەدەست ئەدات. لەوانەیە تائێستاش ئێمە لەگەرماوگەرمی ڕووداوەکاندا بژین و برینەکان بەتەواوەتی سارێژنەکراون و نەتوانین زۆر بەشینەیی لەکوشندەیی و ئاکامەکانی جینۆسایدەکە بگەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە چەندین پرسیار و تیۆری لێکۆڵینەوە دابرێژین بۆ شیکردنەوەی ئاکام و شوێنەوارەکانی، کە لەوانەیە نەوەکانی داهاتوومان بتوانن ببنە خاوەنی هۆش و ڕۆشنبیرییەکی ئەقلانی کەلە مرۆڤبوون و واتای بوون تێبگات لە ڕێی تیۆریزەکردنی واتا و مەبەستەکانی ئەنفال و هەڵەبجە.



## سەرچاوەکان:


1- Plato. R. M. Hare. Oxford University press New York. 1982

2- Nihilisme en Cultuur ،J. Goudsblom. Aula. 1997

3- Theodor Adorno. Negative Dialektik ،frankfurt am Main. 1988 ،P. 400.

Uit "Adorno over de mogelijkheid van de Metafysica" Saskia Wendel in de

Tijdschrift voor Filosofie. 2004 ،p627-648

4- Stanley Cavell ،Dit nieuwe maar onbereikbare Amerika ،essays over ،Emerson na Wittgenstein ،parresia ،1998

5- Rob Hartmans "Schandalen maken mensen dommer" ،Een interview met Peter Sloterdijk. De Groene Amsterdammer ،03-05-2000.

# تەوەری سێزدەیەم

# دیکتاتۆر و شۆڕشگێڕ

### دەروازە:

پرسی ستەمکاری و توێژینەوە لە ئاسەوارەکانی ستەم و زۆر لەسەر مرۆڤی کورد بەتەنها وەڵامدانەوە نیە لەسەر ئەوە کێ و چۆن ستەم و ناهەقی بەرامبەر کردووە، بەڵکو سەرەداوێکیشە لە تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی ئەو هۆکارو فاکتەرانەی کە بۆچی مرۆڤی ئێمە بەو ئەندازەیە لەمێژوو و ئیستاشدا ئالودەکراوە بە ستەم و بەمانایەکیش خۆشە بووە پێی.

بۆیە شرۆڤەکردنی رەهەندو بەرکەوتەکانی مرۆڤی کورد لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا دەگاتە ئەو رادەی گومان و بیزاری کە ئاخۆ بۆچی ئەم مرۆڤ هێندە قبوڵی ئەو هەموو ناهەقی و بێ دادیانەی کردووە بەدرێژایی مێژووی؟

زۆرێك خۆیان لەکەڵکەی پرسیارو گومان بە سادەوەڵامی ئامادەکراو دەربازدەکەن کە ترس و تۆقاندن و چی وچی لەپشت ئەو دەستەوسانییەوە. بەڵام بۆ نەپرسین داخۆ ترس بەرئەنجام و دەرکەوتیستەمە، نەك هۆکارێك بۆ ملکەچکردن لێی. دەنا ئەو هەموو مرۆڤ بەجەرگ و گیانفیداو پاڵەوانانەی کورد هەیبوون کە دەگەنە رادەی ئەفسانە لەکوێ بوون. دەبێ جارێکی تر سەری پرسی ستەم و چەوسانەوە هەڵدەینەوە بەدوی وەڵامی قایلکەردا بگەڕێن، ئەگینا هەر بە باسکردنی لێقەوماوی و بێ بەشی هیچ دانابیەکمان چنگ ناکەوێ. بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدەم قەتماغە لەسەر ئەوپرسە لەرێی چەند دەقێك و کۆمەڵێك پرسیارەوە هەڵدەمەوە.

## ١-١٣- شۆڕشگێڕ کێشەیە یا دیکتاتۆر؟

دەشێت بەلامانەوە سەیربێت کە مرۆڤی ئازادیخواز و چەلەنگ لەپێناوی گەیشتن بە ئازادی و مافی مرۆڤدا بەدیوێکی تردا خۆشی دیکتاتۆرێك بێت و ئازادی زەوت بکات لەوانی تر. من ناخوازم باسی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتار وەك نموونەیەکی زەقی ئەو تێزە کەوەك قۆناغێ لە



نێوان بۆرجوازی و کۆمۆنیزمدا وەك زەرورەتێکی شۆڕش سەیردەکات بکەم، چونکە ئەو چەمکە لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی مارکسیزمدا بەڕوونی و راشکاوی بەهانەی بۆ داتاشراوە. گەرچی ئەم بۆچوونە مارکسیزمە بۆخۆی شایەتیدەر و سەلمێنەری تێزەکی منە بۆ کە شۆڕشگێڕ کێشە و مەترسییە بۆ سەر ئازادییەکان.

لەوانیە هیچ لێکچوونێك سەرباری جیاوازی لە کارو ئیشکردندا، هێندەی لێکچوونی نێوان شۆڕشگێڕو دیکاتۆردا نەبێت. دیارە ئەمەش دەمانخاتە بەردەم پارادۆکسێکی سەرئێشهێنەر: کە چیدیکە ئامانج و دروشمی رازاوە بە ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی بەس نیە بۆئەوەی داوەری لەسەر دیاردەیەکی وەك شۆڕشگێڕیی ئازادیخواز لەدژ دیکتاتۆریەت بکەین، بەڵکو شێوازو رێگاکانی جێبەدێکردن و پراکتیزەکردنی ئەو دروشم و ئامانجانەش بۆخۆیان جیانین لە ناوەڕۆك. شتێکی دیکەش کە دەبێت باسی بکەین، میتۆدی نووسین و لێکۆڵینەوەیە لەم دیاردەیە کە ئەوپەیوەندیە دیالێکتیەی نیوان دیکتاتۆر، زۆردار یا ستەمکارو ستەملێکراو نیە.من ئەو میتۆدە، بۆچوونە لێرەدا بەگونجاو نازانم، چونکە دەمانخاتە چێوەیەکی فەلەسەفی دیکەوە کە بۆ ئەم نووسینە پێویست نەکات.

ئاخۆ بۆ شۆڕشگێڕ و دیکتاتۆر هەردوو دیوی دراوێکن؟ وەك وتم ئەوە هەر ئامانج و دروشمەکان نییە کەجیاوازییەکان تۆخ دەکاتەوە، بەڵکو چۆنیەتی گەیشتن پێیان بۆخۆی و ئەو کەسانەی جێبەجێی دەکەن مەرجێکە بۆ جیاکاری نێوان ئەو دوو کایەیە. لەکوێدا شۆڕشگێڕ دیکتاتۆرییەتییەکی پەنگخواردی لەخۆیدا هەڵگرتووە؟ ئیدی بۆ ئاکامی ئەو مرۆڤە پاش خەبات و وچان دەبێتە قوربانی ئایدۆلۆجیای شۆڕشگێڕی و لادەدات لە پرەنسیپ و ئامانجەکانی کە بۆی تێکۆشیوە؟

پێش ئەوەی بیر لەو پرسیارانە بکەینەوە، دەبێت ئەو دیوە دیکتاتۆرەی شۆڕشگێڕ بخەینە ژێر پرسیارەوە. زۆرجاران وەك چۆن خۆشەویستی مرۆڤ کوێردەکات لە ئاست راستییەکاندا، بەهەمان شێوەش ستەم وا لە مرۆڤ دەکات دیکتاتۆر بە مرۆڤێکی نەك تەنها شۆراوە لە پرەنسیپە مرۆییەکان بەڵکو لە مرۆڤبوونیش دادەبڕردرێت. بەو مانایەی دیکتاتۆر تەنها دیوێکی تاریکی هەیە کە خوێن رشتن و زۆردارییە. واتە لە ژیانیا دیکتاتۆر تەنها خراپەی هەیە بە رەهایی و هیچی دیکە!

بەڵام ئایا هەڵگێڕانەوەی هەمان دید و پێناسە بۆ شۆڕشگێڕ راستە، واتە یەکڕەهەندی سەیری بکەین و بە مرۆڤێکی چاکەخواز و ئازادیخواز و مرۆڤدۆست سەیریبکەین؟ وەك چۆن

ئیمه هه‌میشه به‌تایبه‌ت له رابردوودا شۆڕشگێڕ وه‌ك مرۆڤێكی سه‌رڕاست و ده‌ستپاك داناوه، ئاوه‌هاش دیکتاتۆرمان به هه‌موو دیویکیه‌وه به ناپه‌سه‌ند داناوه. به‌مه‌ش ده‌بێت ئێمه پێناسه‌یه‌کی دیکه بۆ مرۆڤ دابرێژین وه‌ك چۆن فه‌یله‌سووفه‌کان پێی هه‌ستاون. هۆبز مرۆڤ وه‌ك گورگێکی خۆپه‌رستی برسیی ده‌زانێت. لای روسۆ به پێچه‌وانه‌وه مرۆڤ به سروشتی باشه، به‌ڵام ژیانی کۆمه‌ڵ ده‌یگۆڕێت. ئیدی ناسنامه‌ی مرۆڤ به چاك یا به چاپ ده‌ستنیشانکراوه، به‌ڵام شتێك هه‌یه که ده‌که‌وێته نێو ئه‌و کایه‌وه. باشه گه‌ر ده‌رکه‌وت دیکاتۆر شتی باشی هه‌بێت، ده‌شێت بڵێین ئه‌و دیکتاتۆره مرۆڤدۆسته یا گه‌ر شۆڕشگێڕ شتی ناپه‌سه‌ندی دژ به‌مرۆڤی هه‌بوو، چی بڵێین؟

## ٢-١٣- جوانییه‌کانی دیکتاتۆر: کاریزما

له‌وانه‌یه به‌لامانه‌وه سه‌یربێت گه‌ر بڵێین مرۆڤی دیکاتۆریش به دیوێکدا دڵبه‌ر و سه‌رنجڕاکێشه وه‌ك که‌سێکی کاریزمی له هه‌ڵسوکه‌وت و ئاخاوتن و کاراکته‌ردا به تایبه‌ت لای که‌سانی لاواز و ژێرده‌سته. ئه‌مه نه‌ك ته‌نها لای خه‌ڵکانی ساده، به‌ڵکو بۆ یاخی و شۆڕشگێڕه‌کانیش سیحرێکی هه‌یه که چاو له کاراکته‌ری دیکتاتۆرێك ده‌که‌ن و جۆری هه‌ڵسوکه‌وتی ده‌گرنه‌به‌ر. ده‌شێت زۆرێك له دیکتاتۆره‌کانی دونیا هاوبه‌ش بن له‌و خسڵه‌ته‌دا وه‌ك ئه‌وه‌ی هه‌موویان په‌روه‌رده‌ی یه‌ك ئه‌قڵیه‌ت بن: مرۆڤی دیکتاتۆر ده‌بێت سیحر و کاریگه‌ریی هه‌بێت. ده‌بێت ده‌سه‌ڵات و هێز و شکۆ له نێوچاوان و ره‌فتاریدا بدره‌وشێته‌وه. ئه‌مه‌ش میکانیزمی خۆی هه‌یه که‌چۆن که‌سێکی هه‌ژموونی ده‌روونی ده‌خاته سه‌ر خه‌ڵکی. بۆنموونه کولتوسی "سه‌رۆك په‌رستی" ره‌چاوده‌کرێت لای زۆر دیکتاتۆره ناسراوه‌کان. کولتوسی که‌له کۆریای باکوور و وڵاته سۆشیالیسته‌کان به‌رێوه ده‌چێت نموونه‌ی ئه‌م مه‌زنکردنه‌یه.

کاریزما و سه‌رنجڕاکێشی، واته چارم (charme) ره‌گه‌ز یا توخمێکی پێکهێنه‌ری گه‌وره دیکتاتۆره‌کانه. بۆیه یه‌کێکی وه‌ك سه‌ددام ته‌نها له‌به‌ر روخسار و رواڵه‌تی جێی سه‌رسامی نه‌بووه، به‌ڵکو له‌به‌رئه‌وه‌ی توانای قۆرخکردنی ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌تێکی ده‌وڵه‌مه‌ند و ستراتیجی هه‌بووه به زه‌بر. هه‌ر لایه‌ن و ده‌وڵه‌ت و که‌سێك به‌رژه‌وه‌ندی له‌گه‌ڵدا هه‌بوایه، ده‌که‌وته به‌ر سامی ئه‌م مرۆڤه. سه‌ددام باشترین ئایدۆڵی چیرۆکه‌کانی هه‌زارویه‌ك شه‌وه بووه و هه‌میشه شاعیر و پێداهه‌ڵده‌ره‌کانیش ئه‌ویان به‌و که‌سێتییه کاریزماییه وێناکردووه. دیاره ده‌زگا پرۆپاگه‌نده‌چییه‌کانیش توانیبوویان به‌پرۆسه‌ی شۆردنه‌وه‌ی مێشکی کۆمه‌ڵ بکه‌ن و له‌وێدا



مرۆڤێکی ناوازه بچێنن به‌شێوه‌یه‌ك که په‌رستن و پیرۆززراگرتن و قوربانی بۆ ئه‌نجامدراوه. زۆربه‌ی ئه‌و پێداهه‌ڵدانه‌ش له‌به‌ر کاریگه‌ری که‌سێتی سه‌ددام نه‌بووه به‌ڵکو بێده‌سه‌ڵاتی گه‌لێك بووه که هیچی تری له‌به‌رده‌مدا نه‌بووه.

ماس میدیای فریوده‌ر رۆڵی باشی له گه‌وره‌کردنی پاڵه‌وانێتی سه‌رۆکی فه‌رمانده‌دا هه‌بووه. رۆژانه ئه‌و پیاوه به رۆیشتن و دانیشتن و ئاخاوتن و مه‌له‌کردن و ئه‌سپسواری و حه‌ج و نوێژکردن و چییه‌وه ئه‌خرایه دڵی خه‌ڵکییه‌وه. هاووڵاتی که‌سێکی دیکه‌ی نه‌ده‌بینی جگه‌له ئه‌و بته. چونکه میدیا بیست و چوار سه‌عات له‌وێدا ملکه‌چی به‌رهه‌مده‌هێنا و به‌و وێنه‌کانی دیکتاتۆر خه‌ڵکی ناچاری ده‌کرد شایه‌تمانی پێ بێنن. وێنه‌کان له‌سه‌ر شه‌قام نێو ده‌زگا و ماڵان و کوێدا هێنده به‌روه‌کردنه‌ویه‌ك بوو که هاووڵاتی چیدیکه چاره و هه‌ڵبژاردنی تری نییه. له‌یادمه که‌منداڵ بووم له‌ساڵی وابزانم ١٩٨٧ دا بوو مه‌نعته‌جه‌ول کرا و هاتنه ماڵمان دوایی پرسیاری پێناس و زانیاری لێکردن، وتیان به‌من و خوشکه‌که‌م ئه‌وه بۆ وێنه‌ی بابه سه‌ددامان هه‌ڵنه‌واسیوه!

دیاره دیکتاتۆر نه‌یده‌ویست ته‌نها له‌سه‌ر ته‌ختی فه‌رمانڕوایی که‌سی یه‌که‌م بێت، به‌ڵکو له ژووری ماڵان و هزر و بیری خه‌ڵکیدا بێت. جا هه‌ر دیکتاتۆرییه‌تێك بگاته ئه‌و قۆناغه‌ی که داگیری هزر و بیرکردنه‌وه‌کان بکات، ده‌گاته ئاستێکی زۆر ترسناك و قۆناغێکی ته‌واو دڕندانه که تیرۆری ئه‌قڵ و ویژدانه. هه‌ڵبه‌ت ده‌زگاکان له‌رێی تۆقاندن و چاوسورکردنه‌وه له‌لایه‌ك و رووسورکردن سه‌ددامیان ده‌خسته دڵی خه‌ڵکه‌وه.

کولتوسی په‌رستن وای کرد سه‌ددام یه‌که‌م پیاو و باوکی هه‌موو عێراقییه‌کان بێت که مافی هه‌موو شتێکی هه‌بێت وه‌ك باوکێکی سالار و زاڵ که بڕیار له حورمه‌ت و ژیانی ئێمه بدات. هه‌روه‌ها کاتێك که وه‌ك سه‌رکرده‌ی گه‌لی عه‌ره‌ب ناساند، ویستی جیهانی عه‌ره‌بیش بکاته شوێنکه‌وته‌ی خه‌ونه‌کانی. ته‌نانه‌ت هه‌وڵی دا ببێته سه‌رکرده‌ی مسوڵمانانی دونیا و شمشێری جیهادی به‌رزکرده‌وه. دیاره ده‌زگا پروپاگانده‌چییه‌کانیش ئه‌میان وه‌ك سه‌رکرده‌ی ئه‌فسانه‌یی ده‌ناساند، که‌سێك که ته‌نها له ئه‌فسانه‌کاندا باسی داستانی ئه‌مری کراوه که ئه‌مرۆ ئه‌و وێنانه له چیرۆکێ ده‌چێت. که‌واته پیشه‌سازی پرۆپاگه‌نده له ته‌ك ماس میدیادا هه‌ماهه‌نگ ئه‌مه‌یان ده‌کرد و خۆڵیان ده‌کرده چاوی خه‌ڵکییه‌وه و له‌خشته‌یان ده‌بردن به هه‌ڕه‌شه و به‌رات و خه‌ڵات.

یەکێك لە گاڵتەجاڕییەکانی ئەو پرۆپاگەندەیە ئەوەیە کە خودی دیکتاتۆریش بروای بەو هێما درۆینەی کە بۆ کاراکتەری کێشرابوو هەبێت وەك ئەکتەرێکی لێهاتوو دەبوو ڕۆڵی دیکتاتۆرێك ببینێ. خۆشی پێی وابوو بەڕاستی خەڵکی خۆشیان دەوێت و سەرکردەی خۆشەویستی گەلە بەبێ هاوتا. دواجار ئەم دیدە بووە دێوەزمە کاتێك کەبۆی دەرکەوت وانییە و نەیاری هەیە لە ناو دەزگاکانی خۆیدا کەبووە هۆی تیاچوونی، چونکە چیدیکە بەباشی بەرچاوی خۆی نەدەبینی.

چونکە کەسێتی ئەو پفدراو و بەرزەفڕبوو هۆکارێك بوو بۆ سۆراخکردنی نەمری و دەسەڵاتی هەتاهەتایی بخوازێ. سەددام بەدەست "وێنەی باڵایی" خۆیەوە دەیناڵاند. ئەوەتا لەکاتی دادگایی و گرتنیشیدا پاش رووخانی، خۆشی شۆك و باوەڕی نەدەکرد کە ئەو بێت لە خانەی دادگا و بەرزێتی و قارەمانێتی بڕوشێت. دواجار ئەو مرۆڤە لە دواساتەکانیشدا هەوڵی چاو بەستی خەڵکی دەکرد کە بە ئازایی و چاونەترسانەوە پەتی قەنارە دەخرێتە گەردنی و شایەتمان دێنێت وەك بڵێت سوورە لەسەر بەڵێن و پەیامەکانی تا دواهەناسە. دیارە دیمەنی کاریکاتۆری سێدارەدانی پەیامێکی باش نەبوو بۆ بینەر  کە سیحرێکی دیکەی دایەوە بەو مرۆڤە!

## ٣-١٣ دیکتاتۆر و زۆردار و کێشەیەکی کۆن بۆ پرسێکی ترسناك:

لەوانەیە هەمیشە ستەمکار  یەك کەسی دیاری کراو نەبێت، بەڵکو هەموو مرۆڤێ بێ کە تۆی ستەمکاری تێدابێت و بیەوێت چ خۆی یا کەسانی دیکە بچەوسێنێتەوە لە رێگەی ستەمکردنەوە. دەشێت تاکە دیالۆگی تایبەت لەمەڕ ئەو گرفتە دێرینەوە  تێکستەکەی زێنەفۆن بێت بە ناوی ستەمکارەوە. دیارە دەتوانین ئەمە بە سەرەتای بیرکردنەوە لە دیاردەی ستەمکاری دابنێین. شایانی باسە لیۆ شتراوس ئەم تێکستەی خویندۆتەوە و وەریگێڕاوە. لەوێدا ئەو خوازیارە گلەیی و رەخنە لەزانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بگرێت کە کەمتەرخەم و کورتبین بوون لەمەڕ ئەو دیاردە ترسناکە دژبەمرۆڤەوە کە لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە پیادە دەکرێت.

سەرەتای دیالۆگەکە کە لە نێوان سایمۆندیسی شاعیر و هیرۆدا، شاعیر هیرۆ بە ستەمکار (تیران) ناوزەدەکات و واش پرسیاری لێدەکات. ئەمەش شتێکی سەیرە کەهێشتا ئەو سیفەتە واتای نەگێتیڤی نییە لەو سەردەمەدا نابێتە مایەی ئەوەی هیرۆ هەڵشاخێ و تووڕەبێت لە



شاعیر. دیارە ستەمکارەکەش سیفەتی ئەوەی ستەمکارە پێناخۆش نییە، چونکە دەسەڵات و باڵاهێزی دەردەخات و جۆرێك پاساوی خۆی هەیە. لێرەوە ئەم تێکستە گەرچی بەرکوڵ و سەرەتاییە بۆ تێگەشتن لە دیاردەکە، بەڵام دەمانخاتە بەردەم دووڕانێك کە چەمکی سیاسی مۆدێڕن بۆ تیران جیاوازترە لەهی کلاسیك و سەردەمانی گریك و رۆمان. چونکە وتار و رەهەندەکانی جیاوازە.

وەلێ ئێمە دەتوانین چەند پەندو وانە لەو دایەلۆگە هەڵبهێنجین:

١-   ستەمکار ستەم لەخۆی دەکات و خۆی بێبەش دەکات لەشتە سادە و بچووکەکانی ژیان. ئەوەتا لە ئاخاوتنی (١:١١) کە چەند بێبەشە لەدیتن و چەشتنی زۆر دیمەن کە بۆ مرۆڤی ئاسایی رێپێدراوە، بەڵام ئەم لەقۆزاخەیەکدا ناتوانێت بەرچاوی بکەوێت.

٢-   ترس ئامێرە بۆ تۆقاندنی ژێردەستەکان و فاکتەرێکە بۆ جوڵە و رەفتار. لێرەوە ترس و دەسەڵات پێکەوە گرێدراون، چونکە دەسەڵات لەسەر ترس دەڕوێت و هەر لەسەریشی دەلەوەڕێت ( ١٢ :١). هێندەی دەسەڵات ترس بەرهەمدەهێنێت، هێندەش مۆتەکەیەکە کە خەوی لێدەزڕێنێت (٢: ١٠). ترس لەدەرەوەی خۆی و ترس لەخۆی کە پایەکەی لەدەست بدات. هەرەشە و مەترسی هۆیەکە بۆ لەدەستدانی خۆی. کەواتە ترس میکانیزمێکە دەسەڵات راگیردەکات، وەلێ دواجار بنکۆڵ و لاوازیشی دەکات.

٣-   بێئاگایی و دوورکەوتنە لەواقیعی خەڵك. دەسەڵات لە ئەشکەوتەکەی پلاتۆدادەژیی(١٣: ١).

٤-   یەك رەهەندی و بێئاگایی ستەمکار لەدید و بۆچوون و رای خەڵکی سەبارەت بەخۆی(١٤: ١). چونکە ئەو تەنها گوێی لە پێداهەڵدانی مرۆڤی پفدەر و مەراییکەرە. گوێی لە راستییەکان نییە کەس بەراشکاوی کەموکوڕییەکانی باس ناکات، بۆیە دەبێت بەنهێنی و دەزگای سیخوڕی زانیاری لە بارەی ئەوەی کە تا چەند خەڵك خۆشی دەوێت. ئیدی ستەمکاری دابڕانێکە لە راستی، بۆیە دەسەڵاتی ساویلکە زوو خۆڵ دەکرێتە چاوانی.

٥-   بێبەشبوون لەخۆشەویستی بێجگەلە دەربڕینی دەستکرد. ستەمکار خۆشەویست نییە، بەڵکو دەیەوێت خۆی شیرین و خۆشەویشت بکات بەڕقهەستانی ئەوانی تر لەخۆی. ئیدی نەبوونی خۆشەویستی هۆیەکیشە بۆ گومانکردن لەنزیکترین کەس تەنانەت خودی خۆیشی.

٦- متمانەکردن بەکەسە نزیککەکان پێش دوژمن و دوورەکەسەکان دەکەوێت. ئەمەش مەودایەکی دەروونی دروست دەکات و کەسێتییەکی دۆنکیشۆتی دەڕسکێنێت کە لە قۆزاخەیەکدا ستەمکار بەند دەکات بەتایبەت لە ناو بیر و جوغزی خۆیدا.

٧- زەوتکردنی ماڵ و سامان و شت بۆئەوەی بژی و برەو بەدەسەڵات بدات. دیارە ئەمەش سنوور نازانێت،چونکە تێربوون لەو رووەوە نییە.

## ٤-١٣- کێ دیکتاتۆر درووستدەکات: زەڕوورەت و گەڕەلاوژێ؟

دیکتاتۆر لەدایك نابێت، بەڵکو هەندێك هەلومەرج هەن بۆ لەدایکبوونی یا باشتر بڵێم سەرهەڵدانی. دەشێت هەلومەرجەکانی دروستبوونی دیکتاتۆرێك تا دیکتاتۆرێك بگۆڕێت و پەیوەست بێت بە کولتوور و پەروەردە و باری دیکتاتۆرەکەوە. بەڵام هیچ دیکتاتۆر و ستەمکارێك بێ هاوکاری سەردەم و کۆمەڵی خۆی، ناتوانێت ببێتە ئەو کەسە گەر زەمینەی لەبار نەبێت. باشە ئەو زەمینەیە کامەیە و چییە کە واداکات کەسێك ئەبێتە دیکتاتۆر؟

ئەمە پرسیارێك نییە بۆ وەڵامدانەوە چونکە ئازادی و کولتووری کراوە قەبووڵی دیکتاتۆرییەت ناکات. بۆیە باشترین و لەبارترین هەلومەرج بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆر پشێویی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە دەروازیەك بەڕووی ئەو مرۆڤەدا ئاوەڵادەکات هەل بقۆزێتەوە و سواری لافاوی کێشەکان بێت. بێگومان هەموو کۆمەڵگایەك دیکتاتۆرێك بۆخۆی دروست دەکات، جا سیستمی سیاسی بێت یا شا یاخود کێبرکێکی ئایینی. دەشێت پێویستییەك هەبێت لەپشت دروستبوونی دیکتاتۆرەوە: ئەویش نالەباری سیاسی و کەشی وێرانەیی و بێسەروبەرە. یاخود باشتر بڵێین هەبوونی قەیرانە لە هەموو رووەیەکەوە. بەمەش ناڵێم ستەمکار فریادڕەسە، بەڵام بەزۆر خۆی دەکاتە فریادرەس کە کاتێك کەلێن و بۆشاییەك دەبینێتەوە لەسیستمی سیاسدا.

باشە بۆ کورد بەخۆی دیکتاتۆرەکی نەبووە لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ ئەم هەموو پشێویی و وێرانەییدا؟ دەزانین ستەمکاری لە نێو ژیانی گوند و دەرەبەگ و ئاغاکاندا هەبووە. ئەوەی نەبووە دورستبوونی دیکتاتۆرێك کە توانایەکی تەکنیکی و بەربڵاوی هەبێت و دەسەڵات و هێز قۆرخ بکات لە دەستی خۆیدا و سەرچاوەکانیشی چڕبکاتەوە لە بەکارهێنانی هەندێك خەون و ئامانجی سیاسی و کەسی خۆیدا. من ناڵێم سیاسەتمەدار و دەسەڵاتداری کورد ستەمکار و دیکتاتۆرە یا بووە، وەلێ نیشانەکانی ستەمی تێدا بەرجەستە بووە.



دیارە پێناسەی دیکتاتۆر یارمەتیمان دەدات لەواتای ئیتیمۆلۆجی واژەکە تێبگەین، بەڵام باشترین شت هێنانەوەی نموونەی زیندووە لە ژیانی سیاسیدا. بۆ ئێمەش ئەمە کارێکی گران نییە، چونکە زۆر نییە ئەزموونێکی بەرجەستەی دیکتاتۆرییەت لە کرۆك و جەستەی ئێمەدا کاری وێرانکەری ئەنجامداوە.

دیکتاتۆر ئەوتۆریتەیەکی رەها فەرمانڕەواوە جا تاکەکەسێ بێت کە بەخۆی بێ گەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی یاسایی و راوێژ فەرمانداری بکات و هێز و دەسەڵات بەکاربهێنێت یا دەزگایەك بێت. وشەکە لەبنەڕەتدا وشەی دیکتاتۆری رۆمانیە لە دیکتاتۆریاوە هاتووە کە لەدەمی قەیران، تەنگەژەدا لە رێگەی سیناتەوە کەسێکی بەهێز و دەسەڵاتدار هەڵدەبژێرێت کە توانای تەواوی بەسەر هاوولاتییاندا بشکێت بەدرێژایی ئەو ماوەی کە قەیرانەکە دەخایەنێت. دیارە لای رۆمانەکان ماوەکە شەش مانگی خایاندووە بێئەوەی دیکتاتۆر سامان و پولی لەژێردەستدا بووبێت. بۆنموونە سیزار بێئەوەی سنووری دەسەڵاتی هەبووبێت حوکمڕانی کردووە لە هەموو روویەکەوە.

شایانی باسە لێرەدا رەهەندێکی گرنگ هەیە لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆردا ئەویش تەنگەژەیە کە بڕیاردەرێکە لەسەر درووستبوونی دیکتاتۆرێك. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە دەبێتە مایەی تێڕامان و لێخوردبوونەوە. دەشێت نموونەی وەك هیتلەر کە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراسی هاتە سەرتەختی دەسەڵات هاوشان بووبێت لەگەڵ تەنگەژەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی پاش جەنگی جیهانی یەکەم. ویستی بنیاتنانەوە و دروستکردنەوەی وڵات پاش وێرانی و جەنگ هۆکارێك بوو کە ئەو مرۆڤە خەڵکی فریو بدات لە خۆی کۆ بکاتەوە ببێتە دیکتاتۆرێکی جەماوەری و پشت و پەنای هەبێت.

دیارە دیکتاتۆر گەرچی رەوایەتی مەرجدار بووە لە سەردەمی رۆماندا، وەڵی دیێ فاکتۆشە واقعێکی سەپاوە کە لەدۆخێکدا هانای بۆ براوە. چونکە وەك لە زاراوە رۆمانییەکەدا ماجیسترات لەڕێی سێناتەوە دەستنیشان دەکرێت لە کاتێکی هەستیار و ناسکدا. بۆیە گرنگە جیاوازییەك دەربخەین کە وشەی دیکتاتۆری ئەمڕۆ هەمان واتای ستەمکاری نییە، بەڵکو بە بەراورد لێی نزیکە. ئەوەتا وشەی ستەمکار لەدیالۆگەکەدا هێندە واتایەکی نەگێتیڤی نەبووە کە شاعیرەکە هیرۆ بە ( تیران) ستەمکار بانگدەکات. بەڵام تێرمەکە لە بنەڕەتدا رەگێکی گریکی هەیە، **بۆیە کەمتر بۆ** تاکگەرایی کەسێك لەهێزبەکارهێنان و زێدەرەویدا بەکارهاتووە.

بەڵام لە مۆدێرنەدا دیاردەی دیکتاتۆر قورساییەکی زێتری وەرگرت گەرچی فەلسەفە و زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بایەخی پێوستی بەم دیاردە نەداوە .(Strauss23:2000)چونکە دیکتاتۆر میکانیزمی نوێی بەکارهێنا لە شێوازی داپڵۆسین و سەرکوتکردندا کە تەکنەلۆجیای نوێیە (Strauss23:2000). ئیدی واتای وشەکە سەرکردەیەك دەگرێتەوە کە قۆرخی دەسەلآتی کردبێت و بەخراپ بەکاری بهێنێت، بەتایبەت دەسەلآتی بۆ قانون دروستکردن و رەوایەتی بەکاری خۆی بخاتەکار. بۆیە نیشانەکانی دیکتاتۆری دەکرێت ئەمانەبن: گومان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، نەهێشتنی ئازادی سیڤل و بانگەشەی دەوڵەتی نائاسایی ( ئیمێرجنسی)، و بەزۆر فەرمانڕەوایی کردن و چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی نەیار و ئۆپزسیۆنەکان، پاشان تاکڕەوەی حیزبی و کولتوسی سەرکردەپەرستی و ماس میدیای چێواشەکەر (سەیری فەرهەنگی بریتانیکا بکە لەبارەی وشەکەوە).

واتە بەرجەستەکردنی رۆحی دەسەلآت و هێز و درەوشانەوەی هێز لە خودی کەسی دیکتاتۆردا.

ئیدی دیکتاتۆرییەت جۆرێکە لە نەخۆشی میگالۆمانیا (Megalomania (شکۆمەندی و هێز و دەسەلآت و پایەبەرزی خاوەنشکۆیی. شایانی باسە ئەمە جێگەی گاڵتەجارییە کە دیکتاتۆر هێندە زێدەڕەوەی بکات لە هەڵبڕینی ئیگۆی خۆیدا تا ئەو رادەی بەرپێی خۆی نەبینێت. لە شاکارێکی نەمری وەك "کۆمیدیای دیکتاتۆری مەزن" چارلی چاپلن لە ١٩٤٠ دا ئابڕوی نازیزمی هیتلەر و دەست و پێوەندەکەی دەکات کە چۆن دەسەلآتی سەربازی و میلتاری زەبر و هێز بەکاردەهێنن لە پێناو بەرزڕاگرتنی رژێمەکەیاندا کە ئەمەش مایەی پێکەنین و تەوسە بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە.

### ٥-١٣- لابۆتی و تێوریزەکردنی ستەمکار:

ئەگەرچی ئەو دەقە وتارئامێزەی ئایتن دولابۆتی فەرەنسی"خۆبەکۆیلەکردن" کە نزیکەی چوارسەدساڵ لەمەوبەر نووسیویەتی، بەڵام هێشتا هاڵاوی رۆحی سەردەمێکی لێدێت کە سیخناخە بە رژێمی چەوسێنەرو ستەمکار(دو لابۆتی: ٢٠٠٥). هەربۆیە نوسینەکەی ئەو هێندەی قسەکردنە لەسەر هۆکاری خۆبەدەستەوەدان و خۆبچوکردنەوەو خۆبەکۆیلەکردن و ملکەچی بۆ رژێمێکی ملهوڕ، هێندە توێژینەوە نیە لەسەر چییەتی و پێناسەی ستمکار. پرسیاری سەرەکی لابۆتی پشکنینی ئەو فاکتەرو هۆیایانە کەوادەکەن مرۆڤ بەدەستی خۆی



سەردانەوێنیٚ بۆ ستەمکارێك. هۆکارەکەش ئەوە نییە کەلای زۆربەمان باوە، ئەویش فاکتەری ترس. بەڵکو خۆبەکۆیلەکردن سەردانەواندێکە، نەبوونی ویستی ئازادییە کەوا دەکات مرۆڤ خۆی بخاتە ژێر رکێفی زۆردارێك. هەروەها گێلی و گەمژەیی و نەزانی مرۆڤە کەوادەکات کلیلی چارەنووسی بخاتە مشتی زۆردارێکەوە. ئەگسنا چۆن ستەمکارێکی تاکڕەو دەتوانێت هەزاران کەس بتۆقێنیت و هیچ یەکێك دژی رانەپەڕێت.

بۆیە لە میانەی باسکردنی جۆرەکانی زۆردارو ستەمکارەکاندا کەسیٚ جۆرن: لەرێی هەڵبژاردنەوە دەبنە ستەمکار، بۆ نمونە رژێمی هیتلەر، ئەو زۆردارانەی لەرێی کودەتاو شۆڕشەوە، وە ئەو ستەمکارانەی بەمیراتگری فەرمانڕەواییەتیان لە بنەماڵەکەیەوە بۆ دەمێنێتەوەو خەڵکیش وەك موڵك وسامانی بەنەماڵە بەهی خۆی دەزانیٚ.

ئەوەی زێتر پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، جۆری دووەمە. کەسانێك لەرێی کودەتاو شۆڕشەوە جڵەوەی فەرمانڕەوایەتی دەگرنە دەست و دواجار هەرخۆشیان دەبنەوە بەو ستەمکارەی کە خۆیان بەرهەڵستی و جەنگاون دژی! ئاخر چۆن مرۆڤێك کەبەخۆی کوشتەو قوربانی چەوسانەوە بێت، دواجار خۆی ببێتەوە بەداپڵۆسێنەرێك؟ دیارە لابۆتی راستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە. چونکو ئەمە ئەو پارادۆکسە چاوەڕوانکراوەیە کە هیچ سەیر نیە بە تێگەیشتنی من. هەروەك لابۆتی بۆی چووە"ئەوانەی بەکۆیلەیی لەدایك دەبن، هەر کۆیلەن گەرچی فەرمانڕەواش بن"(لابۆتی:١٠٢).

دەشێت بڵێن کە مەبەست لەم ووتەیە ئەوە بێت کە کەسی شۆڕشگێڕ چونکە خۆی ئازادنەکردووە لە پاشماوە ئەقڵییەتی دیکتاتۆری، کاتێك هاتە سەرتەختی دەسەلآت دریژە ئەدات بە ستەمکاری. چونکو ئازادی نەبووە و لەسەر ستەم راهاتووە. بەواتایەکی تر: بیرەوەری و پاشخانی ئەزمونکردنی سیاسەت پڕە لە زۆرداری و چەوسانەوە و بیٚ حورمەتی، دواجاریش خۆی پیادەی ئەو سیاسەتە دەکات. ئەو نازانیٚ ئازادی و رێزی مافی مرۆڤ چییە، بۆیە ناشتوانێت بەئاسانی ئەو پێوەرو بەهایانە بەرجەستە و پیادەبکات. هەربۆیە ستەم خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە جارێك تر لەسەر دەستی دەستەو بیروباوڕێکی تر. بێگومان ئەمە ئەرکی فەیلەسوف و بیرمەندەکانە کە هزرو رۆشنبیری خەڵکی لەسەر بیری ئازاد و دژ بەچەوسانەوە رابهێنن.

رەسەنایەتی لابۆتی لەوەدایە کەهەر باس لەستەمکاران ناکات، بەڵکو هۆکارەکانی ئامادەگی مرۆڤی ژێردەستە بۆ چەوسانەوە و خۆبەدەستەوەدان. بۆیە ئێمە ناتوانین

لەستەمکاری تێبگەین گەر لە رەهەندەکانی خۆبەکۆیلەکردن تێ بگەین. ئیدی لابۆتی لە دووتوێی قسەکانیدا ناراستەوخۆ ئاماژەئەدات کە کەسی کۆیلە جگەلە ستەمکارێك هیچی دیکە نییە، چونکو بۆخۆی قبولّی ستەمی لەرێی ملکەچبوونەوە کردووە. بۆیەگەرچی ستەمکار وەك فەرمانڕەواو و رژێمێك لەدەرەوە کۆنترۆلّی مرۆڤێ دەکات، ئەوا چەوساوە بۆخۆی پێشتر خۆی خەسەاندووە و ئامادەیی دەستەمۆییی دەربڕیوە.

دیارە بیرمەندێکی وەك هانا ئارندتیش لە دەقە "تۆتالیتاریزم" دا دووپاتی هەمان بۆچوون دەکاتەوە کە هیچ رژێمێکی سەرتاپاگیر کەرچی تاکرەویش بێت، بەتەنیا خۆی ناتوانێ کۆنترۆلّی ئاپۆرەیەك بکات، بۆیە سەرلەبەری کارەکەی ئاردنت دەشێت وەلاّمدانەوی پرسارێك بێت چۆن ئاوها رژێمێگی وەك نازی ئەو هەموو تاوان جینۆسایدەی بۆچووە سەر. گەر بیرمەندێکی وەك تۆماس پاینەی ئینگلیزیی (Thomas Paine) لە وەلاّمی بیرمەندی کۆنسەرڤاتیڤی ئینگلیز ئیدمۆند بورکە (**Burke**) دا کە دژایەتی بیرۆکەی شۆڕشی فەرەنسی کردۆتەوە، پێی وابووە کە هێزوتوانای دیکتاتۆر و چەوسێنەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ترسیان لەبەربەرەکانی و داکۆکی هەبێت لەمافەکانی خۆیان. ئەگینا زۆردار هێندە بەدەسەلاّت نییە.

هەلّبەت پاینە بەپێچەوانەی لابۆتییەوە ترس دەکاتە فاکتەرێك بۆ بەهێزی ستەمکار، بەلاّم هاوکات هاوڕاشە لەگەلّییدا کە ستەمکار بەخۆی ئەو هەژموون و دەسەلاّتەی نییە کە وا بکات هەموو یەکێك بخاتە ژێر رکێفی خۆییەوە. دیارە لابۆتی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە چۆن ئەو هەموو خەلّکە بەرچەکردارێکیان نیە و فزەییان لێوە نایەت؟ واتە جێی سەرسوڕمانە هەزارەها و بگرە ملوێنەها بەرگەی بێحورمەتی و سوکایەتی و چەوسانەوبگرن، وەلێ نەتوانن بەرامبەری رژێمێك ببنەوە! بێباکی و نەبوونی ویستی ئازادی و هۆکاری تر کە هیچ ناگەڕێتەوە بۆترسنۆکی. ئەگەرنا بۆچی ستەمکاری و لەکوێ ئەو هەموو توانای زالّبوونەی لەکوێیەوە وەرگرتووە گەر پشتیوانی لێنەکرێ(لابۆتی: ٨٨)؟

دیارە ئەمەش بەدیوێکی تردا کاتێك ئاپۆرەی بێدەنگ و وورەبەزیبو نقەی لّی نایەت، ستەم و زۆرداری دەبێتە خوو و نەرێتێك کەخەلّکی پێی رادێن. جگەلەوەی چەند چینێك بەرژەوەندیخواز لە دەسەلاّتی ستەمکاریدا پەیدادەبن، کە ئەمانیش دەبنە ماتۆرێکی تری برەودان بە ستەم، وەك چینی گەندەلّ و هەلپەرست، چینی فریودراو سادە کەزۆرینە پێکدەهێنن، و چینێکی تر کە رێگەی رزگاری پێی نازانن. دیارە یەکێك لەو هۆکارانەی کە



لابۆتی بە خۆبەدەستەدانی دادەنێت، ئەوەیە کە "یەکێك لە تایبەتمەندییە سپلّەکانی چەشنی مرۆڤ ناچاربوونیەتی بۆ ملکەچی و خۆبەدەستەوەدانیەتی لەبەرامبەر ستەمدا. ئێمە ناچارین خۆبەدەستەوەبدەین، چونکە ناتوانین بەهێزترین !"(لابۆتی: ٧٦).

## ٦-١٣- دیکتاتۆرییەتی چاکەخواز (The benevolent dictator)

*"When you have an efficient government، you have a dictatorship".*
"Harry Truman (1884-1972).

ئەم تایپە دیکتاتۆرە مۆدێرنە کە واتاکەی تارادەیەك نزیکە لەو جۆرە دیکتاتۆرە کلاسیکییەی کە بە (enlighteneddespot) ناسراوە کەئەمە دەگرێتەوە: دەسەلاّتێك خالّی بێت لە بڕیاری لەپێشدراو و نەزانی بەلّکو لەسەر بنەما بیرۆکە و باوەڕێك بەرێوە دەچێت. ئیدە دیکتاتۆری چاکەخواز دیکتاتۆرێکە کە "خۆنەویست" خۆلە پێش دانەر نەبێت، بەلّکو بەرژەوەندی گشتی و خەلّکی بکاتە بناغەیەك بۆ کردەوەکانی. بە واتایەکی تر کەسێك دەگرێتەوە کە دەسەلاّت زەوت بکات و بەرەهایی لەپێناو خەلّکیدا نەك خۆیدا بەکاری بهێنێت.

دیارە ئەم چەمکە کێشەدار و سەبجێکتیڤە وەك زۆرێك لەچەمکە سیاسییەکانی تر. چونکە دەشێت کەسێك بێت بەناوی بەرژەوەندی جەماوەر و گەلەوە هاوولاّتییان بچەوسێنێتەوە و مافی ئازادی زەوتبکات. بۆیە ئەم پۆلێنکردنە بەو مانایە ناکە ئەم شێوازە لەفەرمانڕوایی باشترە لەوانی تر، بەلّکو دەکرێت بلّێین جیاوازییەکی بچووکی هەیە و تۆزێك زێتر بەرژەوەندی گەلی تێدایە. لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی ئەم دیکتاتۆرە خودی خۆی و خێلّ و تیرە و پارتەکەی نییە. بەهەر حالّ دەبێت ئاگاداریش بین لەوەی کە سیستمی دیکتاتۆری سۆشیالیزمی هەمیشە بەناوی گەل و بەرژەوەندی گشتییەوە رەوایەتی بە کاری داپلۆسین داوە و خراوەتە بەرچاو کە جلّەوەی دەسەلاّت و فەرمانڕەوایی هیێ گەل و پارتە، وەلێ هەمیشە سەرکردەیەکی خۆسەپێنەر لەسەرەوە هەموو شتێك بووە. نموونەی ئەم جۆرە دیکتاتۆرە وەك پۆلێن کراوە ئەنوەرسادات و ئەتاتورك، ناپلیۆن و هتد.. شایانی باسە زۆرێك لەمانە بەشێوەیەکی دیموکراسی وەك ئەتاتورك هەلّبژێراوە. ئیدی رەوایەتی بە بەرنامە و پلانەکانی بەناو گەلەوە دراوە.

## ئەنجام:

لەو چەند پەڕەی رابردوودا ویستم سەرنجی خوێنەر بۆ دیاردەی ستەم و دیکتاتۆر رابکێشم، ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەکەم، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد بەرکەوتێکی تەواوی هەبووە لەتەك ئەو دیاردەدا. دووەم، لەبەرئەوەی زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەشێت بە ئاڕاستەی سەرهەڵدانی سیستم و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆردا بڕوات. لەبەرئەوەی لە نێو کولتووری کوردیدا بیرکردنەوەی سەرتاپاگیر و نالیبراڵ و چیکڵدانە بچووك کە رەگوڕیشەی ئایینی و خێلایەتییان تێدا هەیە. پاشان قەیرانی سیاسی و ئابووریش ریخۆشکەرن بۆ دەرکەوتنی ئەو هێزە چاوبڕیوانە لە دەسەڵاتێکی بێسنوور و زۆردار. هەروەها پشێوی و بێزاری مرۆڤی کورد لە نەبوونی دەسەڵاتی یاسا کە بتوانێت داکۆکی لەمافەکانی بکات. بیریشمان نەچێت کە ستەمی کۆمەڵایەتی لەپاڵ هی سیاسیدا لە نێو کورددا مێژینەی خۆی هەیە. بەومانایەی کە کۆنیرۆڵی تاك لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا بەشێکە لەهی ستەمکاری کە لە تاك دەکرێت کە پلەی دووەم دێت دوای زۆرداری رژێمێکی سەرکوتکار.

هاوکات مرۆڤی کورد زۆر لەچاوەڕوانی فەرمانڕەوایەتییەکدا ژیاوە تا رادەی ناهومێدیشی لێی. ئەزموونکردنی ئەو بۆ دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتێکی سیاسی هەژمونگەر کە دەستی خستبووە بینی هەناسەی ئازادەوە. وەلێ ئەو رژێمە توانای بەڕێوەبردن و بڕیاری هەبووە و یاسا و فەرمانی باش سەپاندووە. لەبەرامبەری ئێمە دەسەڵاتێکی ناوخۆیی شاش و کلۆر و خاڵی لە ئەزموونی بەڕیوەبردن لە ناوخۆدا و لاواز بەرەوەڕووی دەرەوەدا. هاوکات گیانی چەوساندنەوە و زەوتکردنی سامان و ماڵی تێدایە. بۆیە کۆمەڵگایەك لەو دۆخەدا ئەزموونی دەسەڵاتێکی وای کردبێت، دەشێت ئامادەیی هەبێت و شوێن لێشاوێك بکەوێت کە بانگەشەی ژیانێکی باشتری بداتێ گەرچی لەسەر حیسابی ئازادیش بێت.

سەرئەنجام ئەبێت ئەو راستییە دووپات بکەینەوە کە دیکتاتۆر لەدایك نابێت، یاخود کەسێك نییە کە بەتەنها و تەنیا بێت لەسەرتەختی دەسەڵاتی رەها. بەڵکو کەسێکە دواجار خۆی بەتەنها جڵەوی دەسەڵات توند دەکات و تاکڕەودەخوڕت و حوکمڕانی دەکات. ئیدی کەسانێك هەن کە یاخود کۆمەڵێك هەن کە گیانی ملکەچی و کۆیلەیەتییان تێدایە و ئامادەشن ئەو ویستی کۆیلەکردنە بخەنە خزمەت کەسێکەوە کە ئازا و چاونەترس و زەبردار و بەهێزە چونکە خۆیان لاواز و ترسنۆك و داڕوخاون. ئیدی بەخزمەتکاری و گوێ لە مشتی دیکتاتۆر هەستی لاوازی خۆیان لەیاددەچێت و هەست بە پەناوپشتێك دەکەن. بۆیە هەر



کۆمەڵگایەك کەڵەگایەکی توند و زۆرداری تێدابوو، بزانە کۆمەڵە مرۆڤێکی بێهێز ویست مردوو گەنۆڵن. چونکە مرۆڤی دیکتاتۆر لەو شوێنەدا بە توانایە کە مرۆڤ ناتوانێت بەرگری لەمافەکانی خۆی بکات و ئامادەباشی ژێر چەپۆکەیی و سەردانەواندنی تێدایە.

## سەرچاوەکان:


- Britannica Concise Encyclopedia: dictatorship Britannica Concise Encyclopedia. Britannica Concise Encyclopedia. © 2006 Encyclopædia Britannica ،Inc. All rights reserved.
- Political Dictionary. The Concise Oxford Dictionary of Politics. Copyright © 1996 ،2003 by Oxford University Press. All rights reserved.
- . The New Dictionary of Cultural Literacy ،Third Edition Edited by E.D. Hirsch ،Jr. ،Joseph F. Kett ،and James Trefil. Copyright © 2002
- www.answers.com/political dicionary
- Leo Strauss; *On Tyranny* ،including the Strauss-Kojeve Correspondence. Edit by Victor Gourevitch & Michael S. Roth. The University of Chicago ،2000
- شایانی ئاماژەیە کە فاروق رەفیق لە پەرتووکی "ستەمکاری" دا چۆتەوە سەر ئەو دایالۆگەی کە لیۆستراوس ئامادەی کردووە و شیکردۆتەوە. فاروق هاتووە دایالۆگەکەی کردۆتە کوردی لەبەرئەوە خۆێنەر دەتوانی بۆ تەواوی دەقەکە بگەڕێتەوە بۆ پەرتووکی "ستەمکاری": فاروق رەفیق، رەنج – سلێمانی ٢٠٠٣.

## سەرچاوە ئینگلیزی و هۆڵەندییەکان


Blom: The closing of the American Mind. Vert. 1999

Ryzard Rapuscinski: de Ander، vert. 2008

I. Kant; De religie binnen de grenzen van de rede. Boom. 2004

I. Kant: Wat is de Verlichting. Boom

A. Huxely; The new Brave World، p.19

Alain Finkelkraut ´2004´ Dubbelzinnige Democratie´. Damon

Amaryta Sen: Development as Freedom، New York: Random House 1999.

- Barry .A. (2001 “Demonstration; Sites and Sights; in” Political Mechines. The Athlone press. London، pp. 175-196.
- Benjamin Barbar. In 11 september het keerpunt . Atlas . 2001
- Bernard Williams: Ethic and the limit of Philosophy: Fonton Press Collins 1985.
- Britannica Concise Encyclopedia. All rights reserved 2006.
- Bruno Lutour; We zijn nooit modern geweest. Van Gennep Amsterdam. 1994
- Charles Taylor; Wat betekent religie vandaag? uitgeverij klement. 2003
- D. Fellemon “Dictionary of the history of ideas”. PP. 9-1. 1976.
- Een interview met Jalloun: *Filosofie magazine*.nr. 10 / 2006
- Encyclopedie van de Filosofie;Th.van.Kosten.Tirion .
- Enrique Dussel: Philosophy of Liberty، trans. From spanish 1980
- Fareed Zakaria ´2003´ The Future of Freedom. Norton. New York
- G. Vattimo; De Transparante Samenlevins p.58 .Boom.1998
- Gorge Ritzer; Classical Sociological Theory
- Graham Fuller: "The Future of Political Islam". Foreign Affairs March April 2002
- H. Achterhuis، p. 23
- H. Achterhuis; Utopie en de erfenis van، p. 16 1999
- H. Arendt; Oordelen، Lezeningen over Kants politiekefilosofie، p. 66. krisis en paresseia 1996.





- Harry Wllemseni; Woordenboek filosoie. P.466. 1992. and dr.ferd Sassen: kerngedachten van Spionoza. P-152. 1967
- Het International Status van de Recht van demens . Verenigde Naties. Newyork ، 1978
- Ibrahim Selman: *Dapper hart gezocht*، meulenhof bv.Amesterdam 2007
- Inleiding in Filosofie . P. Pekelharing، Universiteit van Amsterdam 2000.
- Interview met M. Heidegger، vertaald op 2002
- J. Habermas; Onoverzichtelijkheid، pp. 28-54، Boom
- J. Orwel; 1984، p. 19
- J. Rachels: The element، of Moral Philosophy، P.46. 1944.
- J. Rawls; The law of People، p. 11. 2001
- J. Stuart Mill: on Liberty; P.22. 1859.
- Jean-Luc Nancy، “De Indringer” Ver. Joost de Loois. Boom/2000
- John Rawls: The Theory of Justice. 1990- chp 4
- K. Vinteges; De terugkeer vna het engagement، pp. 89-92. Boom. 2003
- Kant: Wat is de Verlichting. Boom
- Kant: Kritiek der Reine Vernuft. [vert] deel 3، p. 13، Boom، Amsterdam 2003.
- Karin Vinteges; De terugkeer van het engagement.Boom.2003
- L.Wittgenstein:Tractatus logicus. Vertaald door W. Hermans، Boom، 2000
- Leo Strauss; *On Tyranny*، including the Strauss-Kojeve Correspondence. Edit by Victor Gourevitch & Michael S. Roth. The University of Chicago ، 2000
- Leviathan. Thomas Hobbes. Boon 1997
- Lezek Kolakowski: een interview in *Filosofie magazine*،Nr. 6/2006، door Patrik van ijzendoorn
- LoLa Nauta:Kritische Knoppunten in normatieve ethiek:
- Ludwig Wittgenstein; Filosofische onderzoekingen. Boom. R. F. Beerling
- M. Blanchot ” De onuitsprekelijke gemeenschap” Ver. J. Buntinx، A. Classens en A. Vincenot. Holderling. 1985
- M. Boenik; Schipperen met verbeelding، *Krisis*: nm: 45، 1991
- M. Foucault، Parresia، vert: Ineke van der Berg. De Balie، p.14، 2004

- M. Kelly، Critique and Power; Recasting the Foucault/Habermas debate، pp.366-392. Cambridge، Massachusets، 1998
- M. Korthals; Kritiek van de Maatschappelijke kritische rede، pp.11-16، continbo، 1986
- M. Lezenberg and G.de Vris:Wetenschapfilosofie University Pres Amsterdam 2000.
- M. lezenberg en Gerard de Vries; Wetenschapfilosofie، Universiteit van Amsterdam، 2000
- M. Plattel; Rode morgen in het denken van Ernst Bloch، p. 49
- M. Plattel; Utopie en Kritische denken،pp. 7-19
- M. Plattel; Utopie en Kritische denken،pp. 7-19
- M.Leezenberg en G. de Vries “Wetenschapfilosofie voor de geestenwetenschappen”. . Universiteit van Amsterdam.2000
- Marianne boenink: *Schipperen met traditi*; Salman Rushdie، De duivelsverzen، krisis، nr.43 pp. 5-19-1991.
- Martin Heidegger Zijn en Tijd،p.158-174. Sun، 1999
- Martin Heidegger Zijn en Tijd،p.158-174. Sun، 1999
- Maurizio Viroli ´1997´ For Love of Country. Oxford
- Metaphysics. Acontemporary Inttroduction” NewYork 1991 “John Post
- Michael Ignatieff “Mensenrechten en terreur” Damon 2002
- Michel Focoualt، “What are the Iranians dreaming? Translated by Michiel Leezenberg vanuit Le Nourel obser vateur no 727. October. 16-22. 1978
- Milan Kundera: *Ontwetenhaid*، ambo، P.25.2002
- Nihilisme en Cultuur، J. Goudsblom. Aula. 1997
- P. Pekelharing college citaten van Internationale Rechtvaardigheid en Kosmopolitisme، jaargang 2005
- P. Ricoeur “Politiek en Geloof”. Ver. Ad Peperzak. Ambo، 1968
- Peter Sloterdijk; Media Tijd. p.41،87. Boom Essay، Amsterdam. 1999
- Plato. R. M. Hare. Oxford University press New York. 1982
- Poltica dictionary. The Concise Oxford Dictionary of Politics. Copyright1996، 2003 by Oxford University Press. All rights reserved.





- Pr. A. Kocleman. P.9 4; in : Martin Heideger. Den Haag، 1964.
- Rob Hartmans “Schandalen maken mensen dommer”، Een interview met Peter Sloterdijk. De Groene Amsterdammer، 03-05-2000.
- S. Benhabib، The claims of Culture; Equality and Diversity in the Global Era. Princeton University Press. 2002
- S. Benhabib; Situating the self. Gender، Community and postmodernism in ethics، p-52. Black well publishers، Oxford.1992
- S. Hungton ; De Bootsende beschaving. P 22g. 2001
- Salman Rushdie: De duivelsverzen، p. 191، 1998
- Samuel Huntington ´2004´ Wie zijn wij?´ Ambo-Amsterdam
- Schopenhauer، De kunst van gelijk krijgen، p. 13. Sun.1999
- Stanley Cavell، Dit nieuwe maar onbereikbare Amerika، essays over، Emerson na Wittgenstein، parresia، 1998
- Tahir ben Jelloun: *Weggaan*.vert. Truus Boot en Rosalien van Witsen. de bezig Bij. Amsterdam 2006.
- The New Dictionary of Cultural Literacy، Third Edition Edited by E.D. Hirsch، Jr.، Joseph F. Kett، and James Trefil. Copyright © 2002 by
- The Pimlico History of western philosophy. Richard. Popkin
- Theodor Adorno. Negative Dialektik، Frankfurt am Main. 1988، P. 400. Uit “Adorno over de mogelijkheid van de Metafysica” Saskia Wendel in de Tijdschrift voor Filosofie. 2004، p627-648
- www.answers.com/political dictionary
- wordenboek Filosofie: Harry Willemse(red) Van Gorcum، Assen/Maastrich 1992

## سەرچاوە کوردییەکان


١. خوێندنەوەیەك بۆ مافی مرۆڤ لە دەقە ئیسلامیی و مرۆڤیەکانەوە، بەکر حمە سدیق . ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی ٢٠٠٢.

٢. سەیری بۆچوونەکەی د. ئیحسان فواد بکە لە پێشەکی دیوانی حاجی قادر لە لێکدانەوەو پێداچونەوەی محەمەد مەلاکەریم. لە بلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری کوردی. بەغدا ١٩٨٩ .

٣. بروانە رۆژنامەی "الاتحاد" ژمارە ٤٧٣ ساڵی ٢٠٠٢/٥/١٧ د. جەمشید حەیدەری: لەسەر ئەدەبی تاراوگە.

٤ . سەیری فەرهەنگی هەژار بکە لە بارەی واتکانی سەربەستی و ئازادی و رزگاری.

٦. رەخنەو هەقیقەت: رۆلان بارت، و: ئیسماعیل زارعی، دەزگای وەرگێڕان ٢٠٠٧.

٧. گوفاری شێوەکاری قەرەنی جەمیل ز:٢ .

٨. ستەمکاری: فاروق رەفیق . چاپخانەی رەنج – سلێمانی٢٠٠٣.

٩ . رەسول هەمزەتۆڤ: داغستانی من، کتێبی یەکەم، وەگرێرانی عەزیز گەردی، ١١٤-١٩٧٩).

١٠. "دوو تەقەلای بێسوود" سەرجەمی بلاوکراوەکانی ئەمین زەکی، بنکەی ژین ٢٠٠٥

١١. ئیشکالیەتی مێژوو و ناسنامە لە فەلسەفەی نیتشەو گادامەردا، نەوزاد جەمال خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٨ .

١٢. ئاتین دو لابۆتی: خۆبەکۆیلەکردن، نامەیەك لەبارەی سیاسەتی ملکەچییەوە، وەرگێڕانی رێبوار سیوەلی & مرادحەکیم- دەرگای موکریانی ٢٠٠٥.




## سەرچاوە عەرەبییەکان


١. الايدولوجيا محمد سيبلا. ل٢١

٢. فوكو :"نظام الخطاب" و" حفريات المعرفة"٨

٣. مفهوم الايدءلوجيا: د. عبدالله عروى

٤. الفلسفة فى المعركة الايدولوجية: ناصيف نصار

٥. الايدءلوجية على المحك: ناصيف نصار

٦. معجم علم الاجتماع ، ديكن ميشيل

٧. مدخل الى حقوق الانسان في كوردستان العراق ، د . صلاح محمد عزيز . ٢٠٠٠

٨. فرانس فوكوياما نهاية التاريخ والانسان الخير ١٩٩٣*

٩. نصوص و حوارات فى الفلسفة و الآدب، ت. حسونة المصباحى و ماجعة د. قدامة الملاح. ص٨٠، بغداد ١٩٩٠

١٠. افاق النقد التشكيلى: عباس الصراف، دار الرشيد ١٩٧٩

١١. النقد الفنى: دراسة جمالية و فلسفية، جيروم ستولنيتز، ترجمة د. فؤاد زكريا الطبعة الثانية، بيروت

١٢. حرية التعبير الخطيرة: توريل بريكة، بيتر نورمان و وغة برنت هاغتفيت، عن النرويجية: نزار آغري ئاراس- ٢٠٠٧.

١٣. موسوعة لالاند الفلسفية: بيروت ٢٠٠٨.

١٤- ت. د. حسن حنفى، مراجعة د. فؤاد زكريابيروت- ١٩٩٧.

Tractatus Theologico Politicu Spinonza.